

دانتی ئەلیگییێری

# کۆمیدیا

## بەرگی دووەم-بەرزەک

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

2

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە


WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



دانتی ئەلیگیێری

# کۆمیدیا

بەرگی دووەم ـ بەرزەک

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٣٦)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ کۆمیدیا ـ بەرزەخ

نووسینی: دانتی ئەلیگێری
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
بابەت: داستان
دیزاینی ناوەوە: رەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠ هەزار دینار، سێ بەرگ
چاپی یەکەم: چاپخانەی (تاران) ساڵی ٢٠١٥
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٩٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە
■ مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە©

دانتی ئەلیگییّری

# کۆمیدیا

## بەرگی دووەم ـ بەرزەخ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە و پەراوێز و
بەراوردی لەگەڵ وەرگێڕانی چەند زمانێکی تردا:

عەزیز گەردی

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| سروودی یەکەم ........................ | ٩ |
| سروودی دووەم ........................ | ٢٥ |
| سروودی سێیەم ........................ | ٣٧ |
| سروودی چوارەم ........................ | ٥٣ |
| سروودی پێنجەم ........................ | ٦٧ |
| سروودی شەشەم ........................ | ٨٣ |
| سروودی حەفتەم ........................ | ١٠١ |
| سروودی هەشتەم ........................ | ١١٥ |
| سروودی نۆیەم ........................ | ١٢٩ |
| سروودی دەیەم ........................ | ١٤٥ |
| سروودی یازدەم ........................ | ١٥٧ |
| سروودی دوازدەم ........................ | ١٧١ |
| سروودی سێزدەم ........................ | ١٨٥ |
| سروودی چواردەم ........................ | ٢٠١ |
| سروودی پازدەم ........................ | ٢١٧ |
| سروودی شازدەم ........................ | ٢٢٩ |
| سروودی حەڤدەم ........................ | ٢٤٣ |
| سروودی هەژدەم ........................ | ٢٥٧ |
| سروودی نۆزدەم ........................ | ٢٧١ |
| سروودی بیستەم ........................ | ٢٨٣ |
| سروودی بیستویەکەم ........................ | ٣٠١ |

سروودی بیستودووەم ........................ ٣١٣
سروودی بیستوسێیەم ........................ ٣٢٧
سروودی بیستوچوارەم ........................ ٣٣٩
سروودی بیستوپێنجەم ........................ ٣٥٥
سروودی بیستوشەشەم ........................ ٣٦٧
سروودی بیستوحەفتەم ........................ ٣٨١
سروودی بیستوهەشتەم ........................ ٣٩٣
سروودی بیستونۆیەم ........................ ٤٠٧
سروودی سییەم ........................ ٤٢١
سروودی سیویەکەم ........................ ٤٣٣
سروودی سیودووەم ........................ ٤٤٥
سروودی سیوسێیەم ........................ ٤٦١



# کۆمیدیا

بەرزەک

# سروودی یەکەم[1]

## سەرەتای بەرزەک

دانتی و ڤیرجیلیۆ گەیشتنە قونتاری چیای بەرزەک. دانتی لە خێوبانووانی شیعر پاڕایەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن بۆ باسکردنی شینی و سافیی ئاسمان کە دوای دەرچوونی لە دۆزەخ چاوی زاخاودایەوە و ڕوونی کردەوە. زوهرەی بینی ڕۆژهەڵاتی بە تیشکی پرشنگداری خۆی ڕووناک کردبووەوە. دانتی چوار ئەستێرەی بینی لە ئاسماندا دەدرەوشانەوە. ڕەمزی چوار چاکە بوون، ئینجا دانتی کاتۆنی پاسەوانی بەرزەکی بینی ڕیشی درێژ و قژی سپی بوو. کاتۆن بە دیتنی شاعیرەکان واقی وڕما. لێی پرسین بۆچی هاتوونەتە ئێرە؟ ڤیرجیلیۆ بە دانتی-ی گوت چۆک دابدا و سەر دابنەوێنێ. لە هەمان کاتدا بۆ کاتۆنی باس کرد کە خاتوونی لە ئاسمانەوە -بیاتریچی- داوای لێ کردووە فریای دانتی بکەوێ و یارمەتیی بدا. بۆ ئەوە دانتیی هێناوە تا ڕۆحەکانی پێشان بدا. ڤیرجیلیۆ گوتی دانتی بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ و ژیانی بەبێ ئازادی ناوێ، هەروەها پێی گوت کە دانتی مرۆڤێکی زیندووە و خۆیشی سەر بە ئەڵقەی لیمبۆیە. داوای لە کاتۆن کرد بەشقی مارتسیای خێزانی داواکەی ڕەت نەکاتەوە. کاتۆن وەڵامی دایەوە ئێستا مارتسیا بەپێی یاسای بەرزەک هیچ کاریگەریی بەسەر ئەوەوە نییە. ئینجا کاتۆن داوای لە ڤیرجیلیۆ کرد ناردینێکی ناسک لە پشتی دانتی ببەستێ کە ڕەمزی خاکێتی و ملکەچییە. سپێدەدەم دانتی گریا و فرمێسکی سەر ڕوومەتی ڕەنگی پێشووی بۆ گێڕایەوە کە لە ناو دۆزەخ لەدەستی دابوو. ڤیرجیلیۆ ناردینێکی لە پشتی دانتی بەست. ئەو ناردینە ڕەوشتی وا بوو کە دەیانبڕی، دووبارە دەڕوایەوە.



ئێستا کەشتیی بیرم چارۆکەکەی هەڵدەدا[٢]،
بەسەر ئاوێکی ئارامدا دەڕوا و
دەریایەکی بە فەرتەنە دوای خۆی جێدێڵێ[٣]
سروود بۆ وڵاتی دووەم[٤] دەهۆنمەوە
کە مرۆڤ ڕۆحی تێدا پاکدەبێتەوە و
شایستە دەبێ بۆ هەڵکشانە ئاسمان[٥].
ئەی پەرییانی پیرۆز[٦]، من هی ئێوەم[٧]،
وا بکەن شیعری مردوو زیندووبێتەوە!
با (کاللیۆپی) نەختێ هەستێتەوە[٨]
با گۆرانیی من بە ئاوازەی خۆش[٩]
کە (پیکا)[٩] بەختەوەرەکان ئومێدیان پێ نەماوە[١٠]،
یاوەری بکا.
ڕەنگێکی ناسکی یاقووتی[١١] لە ڕۆژهەڵات
تا ئەڵقەی یەکەم[١٢] ڕوون و ساف
لە ڕووی ئاسمان دەرکەوتووە.
چاوم زاخاو دەداتەوە و ڕوونی دەکاتەوە.
کە لە هەوای مردوودا هاتمە دەرەوە[١٣]،
کە دڵ و سینگی گوشیبووم،
ئەو ئەستێرە جوانەی[١٤] دڵ خۆش دەکا
سەراپای ڕۆژهەڵاتی خستبووە پێکەنین[١٥] و
ئەو ماسییانەی داپۆشیبوو[١٦] کە لەگەڵ ئەوان
بۆ دەستەڕاستە وەرچەرخام[١٧] و بە وردی
سەیری جەمسەرەکەی دیم کرد[١٨]، چوار ستێرم دی[١٩]
مرۆڤی یەکەم نەبێ[٢٠]، کەس چاوی پێ نەکەوتوون!
ئاسمان گڕی لە ستێرەکان سەند
ئەی خاکی باکوور، چەند بێوەژنی[٢١]
کە لە دیتنی ئەم گڕانە بێبەشی[٢٢]!
دەستم لەم دیمەنە بەردا و

نەختێ ئاورم لە جەمسەرەکەی دی[٢٣] دایەوە
کە تازە ورچی گەورەی[٢٤] تێدا بزربووبوو! (٣٠)
پیرەمێردێکی[٢٥] تەنیام لە نزیک خۆمەوە بینی
دیمەنی، شایەنی ڕێزێکی وا بوو
هیچ کوڕێ ناتوانێ بۆ باوکی دەریببڕێ[٢٦]. (٣٣)
ڕیشی درێژ بوو، چەند داوێکی سپیی تێدا بوو
وەکو قژی سەری وا بوو[٢٧]
بە دوو چەپک ڕژابووە سەر سینگی. (٣٦)
تیشکی چوار ستێرەی پیرۆز[٢٨]
ئەوەندە نووریان لە ڕوخساری دەدا
دەتگوت لە بەرامبەر ڕۆژ وەستاوە!(٣٩)
پیرەمێرد پەڕوباڵی پیاوانەی[٢٩] ڕاوەشاند و گوتی:
(ئێوە کێن لە زیندانی جاویدان٣٠ ڕاتانکردووە و
لەم ڕووبارە تاریکەدا[٣١]، دژی تەوژم، هەڵدەکشێن.[٣٢] (٤٢)
کێ ڕێنمایی کردن؟ کێ چراتان بوو؟
بۆ ئەوەی لەو شەوە قووڵە بێنە دەرێ
کە تم و تم دۆڵی دۆزەخ نوقمی تاریکی دەکا[٣٣] (٤٥)
ئایا یاسای خوارەوە شکاوە، یان
ئاسمان دەستووری تازەی دەرکردووە
کە ئێوە، بە تاوانباری بێنە ئەشکەوتی[٣٤] من؟ (٤٨)
ڕابەرەکەم شانی گرتم[٣٥].
بە دەست و بە نیگا و بە ئاماژە حاڵیی کردم
بە چاو و چۆکدادان ئەدەبی بۆ بنوێنم[٣٦] (٥١)
ئینجا گوتی: (من لەخۆمەوە نەهاتووم
خانمێ[٣٧] لە ئاسمان دابەزییە خوارێ
لەسەر تکای وێ هاتمە هانای ئەم پیاوە[٣٨] و بووم بە هاوڕێی. (٥٤)
ئەگەر دەخوازی
ڕاستەقینەی خۆمانت زیاتر بۆ دەربخەم

ناتوانم داواکەت ڕەت بکەمەوە!(٥٧)
ئەم پیاوە هێشتا دوا ئێوارەی خۆی نەدیوە[٣٩]،
بەڵام بە شێتاتی زۆر لێی نزیک بووەتەوە[٤٠]،
ماوەیەکی زۆری لە ژیاندا نەماوە[٤١]!(٦٠)
وەکو گوتم: (من ڕەوانەی لای ئەو کراوم
بۆ ئەوەی چەپاڵە و نەجاتی بدەم[٤٢].
جگە لەو ڕێیەی گرتوومەتە بەر، هیچ ڕێگەی ترم نەبوو٤٣! (٦٣)
هەموو گوناهکارەکانم نیشانداوە.[٤٤]
ئێستایش دەمەوێ ئەو ڕۆحانەی نیشان بدەم
کە لەژێر سەرپەرشتیی تۆدا پاک دەبنەوە[٤٥]!(٦٦)
چۆن هێناومەتە ئێرە؟ ئەمە باسێکی درێژە!
هێزێ لە سەرەوە دەهات و یارمەتیی دەدام
تا بیگەیەنمە لای تۆ، بۆ ئەوەی بتبینێ و گوێت لێ بگرێ!(٦٩)
هیواداریبن قبووڵی بفەرمووی و بەخێری بێنی.
هاتووە بەدوای ئازادیی بەرز و بەنرخدا دەگەڕێ.[٤٦]
ئەوەی لەم پێناوەدا ژیانی خۆی بەخشی بێ، دەزانی چییە[٤٧]!(٧٢)
تۆ دەزانی[٤٨]، چونکە تۆ کاتێ لە (ئوتیکا)[٤٩]، جلت فڕێ دا،
مردنت بەلاوە تاڵ نەبوو.
ئەو جلەی[٥٠] لە ڕۆژی مەزندا لە بەرت دەدرەوشێتەوە.[٥١] (٧٥)
ئێمە یاسای ئەزەلیمان نەشکاندووە[٥٢]!
ئەم پیاوە زیندووە و منیش (مینۆس)٥٣ زنجیری نەکردووم!
ئەوەتا هی ئەو ئەڵقەیەم[٥٤] کە چاوە پاکەکانی(٧٨)
(مارتسیا)[٥٥]ی تۆی تێدایە و ئێستایش لێت دەپاڕێتەوە
ئەی ڕۆحی پیرۆز، کە لای خۆت بیهێڵیتەوە![٥٦]
بەشقی وێ بەدەممانەوە وەرە!(٨١)
ڕێمان بدە، بەناو حەفت ئیقلیمی تۆدا تێبپەڕین[٥٧]،
کە چوومە لای پێی دەڵێم سوپاسگوزاری تۆم
ئەگەر ڕێ بدەی، لەوێ ناوت ببەم)(٨٤)

گوتی: (تا لەولا بووم،
(مارتسیا) ئازیزی بەر دڵم بوو،
هەر خزمەتێکی داوای لێ کردبام، بۆم دەکرد!(٨٧)
ئێستایش، کە لەوبەری ڕووباری ئەشکەنجەدا[٥٨] دەژی،
ناتوانێ، کارم تێ بکا و بمبزوێنێ.
بەپێی ئەو یاسایەی[٥٩] دوای دەرچوونی من داندراوە! (٩٠)
بەڵام مادەم وەک خۆت دەڵێی، خاتوونی ئاسمان
دنەت دەدا و ڕێنماییت دەکا، مەرایی پێ ناوێ
چی گەرەکتە بە ناوی ئەوەوە داوام لێ بکە!   (٩٣)
بڕۆ، ئەم پیاوە ببە! کەمەربەندێکی ناردینی[٦٠] ناسکی
لە پشت ببەستە و دەموچاوی بشۆ
بۆ ئەوەی لە هەموو لەکەیەک پاک بێتەوە!  (٩٦)
ڕەوا نییە، بە چاوی تەمومژاوی
لە بەهەشتدا! بچێتە
بەردەم سەروەری گەورە و بەرز[٦١].   (٩٩)
ناردینێکی زۆر لەسەر لمی نەرم ڕواوە
لە دامێنی کەنارەکانی دەوری ئەم دوورگە بچووکە
کە شەپۆلی دەریا دێ و دەیکوتێتەوە،   (١٠٢)
هیچ ڕووەکێکی دی کە گەڵا دەر بکا و وشک ببێ
ناتوانێ لەوێ بژی و بەردەوام بێ،
چونکە نازانێ بەدەم شەپۆل، لار بێتەوە[٦٢]! (١٠٥)
کە ڕۆیشتن، بێرەدا مەگەڕێنەوە
ڕۆژ، ئێستا لەسەر هەڵاتنە،
هەورازێکی کەمترتان نیشان دەدا پێیدا سەرکەونە سەر چیا.[٦٣])(١٠٨)
ئەو بزربوو و من بە کپی هەستامەوە
خۆم بە ڕابەرەکەمەوە نووساند و
بە وردی چاوم تێ بڕی!(١١١)
ئەویش گوتی: (ڕۆڵە، شوێن هەنگاوی من هەڵگرە!

با بکشێینەوە دواوە بۆ ئەم دەشتە[٦٤]
کە تا ئەوپەڕی نزمی، دادەکشێتە خوارێ.(١١٤)
سپێدەدەم[٦٥] بەسەر ئەڵنددا زاڵ بوو.
کە لەبەری هەڵدەهات و لە دوورەوەیش
لەمەلەمی ڕووی دەریام بینی[٦٦]! (١١٧)
بەناو دەشتێکی چۆڵدا کەوتینە ڕێ[٦٧]
وەک یەکێ بگەڕێتەوە سەر ڕێگەیێ بزری کردبێ[٦٨]
تا دەگاتەوە سەر ڕێگە، بێهوودە دەڕوا!(١٢٠)
تا گەیشتینە ئەو شوێنەی
خۆر و شەونمی بەیانی دەکەونە شەڕ و[٦٩]
شیبا ڕەوانەوەی شەونم دوادەخا(١٢٣)
مامۆستا هەردوو دەستی درێژکرد و
زۆر بە نەرمی لەسەر گیای دانا.
تێگەیشتم مەبەستی چییە!(١٢٦)
هەردوو ڕوومەتی پڕ فرمێسکی خۆمم بۆ ڕاگرت[٧٠]
ئەویش ئەو ڕەنگەی دامەوە
کە دۆزەخ لێی سەندبووم [٧١]!(١٢٩)
گەیشتینە کەنارێکی چۆڵ
هەرگیز مرۆڤی لەسەر ئاودا نەدیبوو
بە کەشتی ڕۆیشتبێ و گەڕابێتەوە[٧٢]! (١٣٢)
لەوێ، وەک داوای لێ کرابوو[٧٣]، کەمەری بەستم
ئای لەو سەیرە! هەرچەندە ناردینێکی ناسکی دەقرتاند،[٧٤]
ناردینێکی دی دووبارە سەری هەڵدەدایەوە !(١٣٥)
لەو شوێنەی کە قرتابوو!(١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سروودی یەکەم

١. سروودی یەکەم پێشەکییە بۆ (بەرزەک).

٢. (دانتی) بیر و بلیمەتیی خۆی بە بەلەمێک دەچوێنێ دوای ئەوەی لە ناو دۆزەخ دێتە دەرە و بەرەو بەرزەک دەچێ، بە ناو ئاوێکی مەندا دەسووڕێتەوە.

٣. واتە دوای ناخۆشی، دۆزەخی لە دوای خۆیەوە جێهێشتووە.

٤. مەبەست دونیای بەرزەکە، کە دەکەوێتە بەرامبەر دۆزەخ. چیایەکی بەرزە دەوراندەوری ئاوە، بۆیە زۆر جار وەکو دوورگە باسی دەکرێ. دەروازەیەک و حەفت ئەڵقەی هەیە و سەرەوەی بەهەشتی زەمینییە.

ئەم دەستەواژەیە هەر لەم سروودەدا و لە (د:٦٦)دا دووبارە دەبێتەوە.

٦. پەریی پیرۆز: Muse: ئەو نۆ پەرییەن کە لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئیلهامبەخشی چینە جیاجیاکانی هونەرمەند و زانایانن. (دانتی) لە سەرەتای دۆزەخدا (س٢: د٧)، داوای یارمەتییان لێ دەکا بۆ هۆنینەوەی شیعر.

٧. واتە (دانتی) سەر بە پەرییەکانی شیعرە و ئیلهام لەوانەوە وەردەگرێ.

٨. کالیۆپی –Calliope: گەورەترین پەرییە لە نۆ پەرییەکەی ئەفسانەی یۆنانی و تایبەتە بە چاودێری و سەرپەرشتیکردنی شیعری داستانی. دەڵێن دایکی (ئۆرفیۆس)ە.

٩. le piche: (پیک)ەکان: ئەمانە حەفت کچی پیروس (PIERUS)ی پاشای مەکدۆنیای یۆنان بوون. گۆرانیی خۆشیان دەگوت. لەخۆبایی بوون و بڵاویان کردەوە لە پەرییە ئیلهامبەخشەکان باشتر گۆرانی دەڵێن. (کالیۆپی)ی گەورەی پەرییان بۆیان چووە مەیدان و لە پێشبڕکێیەکدا، یەک یەک کچەکانی بە ئاواز و گۆرانیی خۆی بۆڕدا. لە ئەنجامدا ئەو کچانە بەپێی ئەو مەرجەی قبووڵیان کردبوو، بە دەستی (ئاپۆلۆن)ی خودانی مۆسیقا و هونەر، بوون بە قەلەباچکە (Pica)

١٠. دەشتی دۆزەخ کە مردووی جاویدانی تێدایە.

١١. Orientalo zaffiro: زەفیری ڕۆژهەڵاتی، یاقووتی شین. ئاماژەیە بە جۆرە لەعلێک کە یەکێکە لە بەردە بەهادارەکان و کاتی خۆی لە باکووری ڕۆژاوای ئێرانەوە دەناردرایە ئەورووپا. جونتراین ڕەنگی لەعلی هەیە. کاتێ دانتی لە تاریکستانی دۆزەخەوە هاتە دەرەوە بۆ بەرزەک، دیتی ئاسمان ڕەنگی وەکو ڕەنگی یاقووتی شین وایە.

١٢ primo giro: ڕەنگە مەبەست لە ئەڵقەی یەکەمی ئاسمانی مانگ بێ کە یەکەمین ئاسمانی سەرزەوییە. هەندێ بە (ئاسۆ) و هەندێ بە دوا ئاسمانی ئاسمانان (بزوێنەری یەکەم)یان داناوە.

١٣. دانتی بە هەستێکی شاد و بەختەوەرەوە دەچێتە ناو بەرزەک، بە پێچەوانەی چوونی بۆ ناو دۆزەخ.

١٤. مەبەست ئەستێرەی (ڤینوس)، یان (زوهرە)یە، واتە: کات دەوری سەعات دووی پێش ڕۆژهەڵات بوو، ڕۆژی یەکشەممەی (١٠)ی نیسانی (١٣٠٠).

١٥. زوهرە، ڕۆژهەڵات شاد و خەندان دەکا. ئەمە تێکەڵکردنی سیفاتی مرۆڤ و ئەستێرەیە.

١٦. ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە ئەستێرەی بورجی (نەهەنگ)، وەک لە سەرەتای دۆزەخدا باسی کراوە. لە کاتی گەشتی خەیاڵیی دانتیدا، خۆر لە بورجی (کاوڕ)دا بوو کە ڕاستەوخۆ دوای بورجی (نەهەنگ) دێ.

١٧. بە پێچەوانەی ناو دۆزەخ، دانتی و ڤێرجیلیۆ لەناو بەرزەک هەمیشە بە لای دەستەڕاستدا دەسووڕێنەوە. ئەمە لە ڕووی خوازەییەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە گوناهکار دەوری ئاشنابوونی بە گوناە و ترسانی لە گوناە بڕیوە و ئێستا ڕێگەی ڕاستی تۆبە و پەشیمانیی گرتووەتە بەر.

١٨. سەرجەمی باشوور.

١٩. ئاماژەیە بۆ چوار ئەستێرەکەی کۆمەڵەی (چەلیپای باشوور) کە تەنیا لە نیوەگۆی باشووری زەوی دێنە دیتن. لە ڕووی خوازەییەوە ئەم چوار ئەستێرەیە ڕەمزی چوار چاکەی سەرەکین: دادپەروەری و دانایی و توندی و خۆڕاگری. لە سروودەکانی دواوەی بەرزەکدا بە دوورودرێژی باسیان کراوە.

٢٠. مرۆڤی یەکەم: مەبەست ئادەم و حەوایە. کە تەنیا مرۆڤ بوون ماڵیان لە بەهەشتی زەمینی، واتە لەسەر کێوی بەرزەک بوو کە تیشکی (چەلیپای باشوور)ی لێ دەدا.

٢١. مەبەست لە (زەویی بێوەژن) دۆزەخە کە دەکەوێتە نیوەگۆی باکوور و لە ڕووناکیی ئەم چاکانە بێبەشە.

٢٢. مەبەستی نیوەگۆی باکووری زەوییە، کە لە دیداری ئەستێرەکانی کۆمەڵەی (چەلیپای باشوور) بێبەشە.

٢٣. جەمسەری باکوور.

٢٤. il carro: کۆمەڵە ئەستێرەی (ورچی گەورە)یە. لەگەڵ هاتنی بەیانی لە ئاسۆ دەچێتە خوارەوە. تەنیا لە نیوەگۆی باکوورەوە دێتە دیتن.

٢٥. ئەو پیرەمێردە کە یەکێکە لە قارەمانە سەرەکییەکانی (بەرزەک). پیاوێکە بە ناوی مارکوس پۆرچیوس کاتۆن Marcus porcius caton، 46 – 95) پ. ز). سیاسییەکی گەورەی ڕۆمانیی سەردەمی قەیسەر بوو. لایەنگری (کۆمارخوازەکان) بوو. لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان (پۆمپیۆس) و (قڕال)دا بوو بە لای پۆمپیۆس و دژی قڕال شەڕیکرد. دوای شەڕی (فارسالیا)، کە قڕاڵ سەرکەوت و پۆمپیۆس بەزی، ڕایکرد بۆ ئەفریقیا و لەوێ خۆی کوشت، بۆ ئەوەی بە دیلی نەکەوێتە بەردەستی دوژمن و ئازادیی خۆی لە دەست نەدا. کە کۆمیدیا بۆ یەکەمین جار بڵاو بووەوە، تۆژەرەوان زۆریان بە لاوە سەیربوو چۆن دانتی ئەو پیاوەی کردووە بە پاسەوانی بەرزەک؟ کەچی ئەو جۆرە پیاوە کە هەم مەسیحی نەبوو و هەم خۆی کوشتبوو، دەبوایە لە تەبەقەی حەفتەمی دۆزەخدا بێ کە جێگەی خۆکوژەکانە، بەڵام دانتی بۆیە کردوویەتی بە پاسەوانی بەرزەک، چونکە هاوولاتییەکی دڵسۆز و داکۆکیکەرێکی سەرسەخت بوو لە ئازادی. لە (دۆزەخ)دا باسی هاتووە. (دۆزەخ، س١٤، د١٥).

٢٦. ئەمە وێنەیەکی وردی ڕێزگرتنی پیران و باوکانە، لە ژیانی ڕاستەقینە وەرگیراوە.

٢٧. لە ڕاستیدا (کاتۆن) کاتێ خۆی کوشت، ئەوەندە بەساڵدا نەچووبوو.

٢٨. لە ڕووی خوازەییەوە، مەبەست ئەوەیە: (کاتۆن)، کە ڕەمزی خواپەرستی خۆڕسکە، پاکێتیی هەرچوار ڕەگەزی خواپەرستی سەرەکیی تێدا بووە (بەرزەک، س١، د٢١).

٢٩. oneste plume: ئاماژەیە بۆ مووی دەموچاو و قژی (کاتۆن) کە دانتی بە پەڕوباڵی پیاوانەی دادەنێ. دانتی جارێکی تریش لە دۆزەخ ئەم دەستەواژەیەی بەکار هێناوە: (دۆزەخ، س٢٠، د٤٥).

٣٠. دۆزەخ

٣١. ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووبارەی لە دوا سرووودی دۆزەخدا باسی کراوە: (دۆزەخ، س ٣٤، د١٣٠). دانتی و ڤیرجیلیۆ بەدەم ئەم ڕووبارەدا دەڕۆن تا لە چەقی گۆی زەوی تێدەپەڕن و لەولاوە دەردەچن و دەگەنە دوورگەی (بەرزەک).

٣٢. کاتێ (کاتۆن) چاوی بە ڤیرجیلیۆ و دانتی کەوت، واقی وڕما! وایزانی ئەمانە لە دۆزەخ ڕایانکردووە. بە سەرسامی و توورەیی قسەی لەگەڵ کردن.

٣٣. ئاماژەیە بۆ نووسراوی ئاسراوی سەر دەروازەی دۆزەخ: (دۆزەخ، س، د١٩).

٣٤. ئاماژەیە بۆ پەناگەی قونتاری چیای بەرزەک کە (کاتۆن) پاسەوانەتیی دەکا.

٣٥. ڤرجیلیۆ دانتیی گرت وەکو زۆر جار لەناو دۆزەخ ئاوها دەیگرت.

٣٦. ئەمە نیشانەی ڕێزنواندنە بۆ (کاتۆن).

٣٧. مەبەست (بیاتریچی)یە: (دۆزەخ، س٢، د٧٠)

٣٨. ڤیرجیلیۆ ناتوانێ داوای (کاتۆن) ڕەت بکاتەوە. بە شێوازێکی ناسک وەڵامی دەداتەوە.

٣٩. واتە دانتی هێشتا نەمردووە.

٤٠. یانی ئەوەندەی نەمابوو دانتی تووشی گوناهی خۆکوشتن ببێ.

٤١. واتە ڤیرجیلیۆ (دانتی)ی لە گوناهی خۆکوشتن ڕزگار کرد. ئەمە لە دۆزەخیش ئاماژەی پێ دراوە: (دۆزەخ: س١،د٦١/ س٢، ٦١ – ٦٦).

٤٢. (بیاتریچی) ڤیرجیلۆی ناردبوو دانتی ڕزگار بکا (دۆزەخ، س٢، د٥٨).

٤٣. ئەمە تاکە ڕێگەیەک بوو بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی دانتی: (دۆزەخ: س١، د٩١).

٤٤. یانی دۆزەخییەکان.

٤٥. یانی بەرزەکییەکان.

٤٦. یانی ئازادبوون لە هەواوهەوەسی نەفس کە دیلی کردبوون.

٤٧. ئاماژەیەکی لابەلایە بۆ (کاتۆن) کە بۆ خاتری ئازادی، دەستی لە ژیان هەڵگرت.

٤٨. ئەمە ئاماژەیە بۆ هەوڵی ئاسمان و (بیاتریچی) بۆ ڕزگارکردنی دانتی.

٤٩. Utica: شارێکی کۆنی ئیمپراتۆری ڕۆما بوو، کەوتبووە نزیک قەرتاجە (توونسی ئەمڕۆ). کاتۆن پاش بەزینی لە شەڕی ناوخۆی دژی قڕاڵدا، هەڵات و لەوێ خۆی کوشت.

٥٠. جل: واتە جەستە.

٥١. واتە ڕۆژی پەسڵان جەستەی دەدرەوشێتەوە، چونکە لەگەڵ پیاوچاکاندا دەبێ.

٥٢. دانتی مرۆڤێکی زیندووە، هێشتا نەمردووە، بۆیە یاسای بەرزەکی نەشکاندووە.

٥٣. منیۆس Minos: پاسەوان و دادوەری دۆزەخ: (دۆزەخ، س٥، د٤).

٥٤. واتە (لیمبۆ) کە جێگەی ڤیرجیلۆیە (دۆزەخ: س٤، د٣٩).

٥٥. مارتسیا Marzia: ژنی (کاتۆن) بوو. مێردەکەی، ئەو ژنەی بە برادەرێکی خۆی بەخشی، بە ناوی (هۆرتنسیوس) و کە (هۆرتنسیوس) کوژرا، گەڕایەوە لای مێردی پێشووی، تا مرد لای ئەو مایەوە. ئەم جۆرە بەخشین و ئاڵوگۆڕەی ژن لە ڕۆمای کۆندا باوبوو.

٥٦. ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی مارتسیا بۆ لای مێردی یەکەمی.

٥٧. مەبەست ئەڵقەکانی بەرزەکە.

٥٨. ilmal fime ئاماژەیە بۆ یەکەمین ڕووباری دۆزەخ (ئاکیرۆنتی) کە بە دەوری دۆزەخدا دەسووڕێتەوە: (دۆزەخ س٣، د١٢٢/ س١٤، د٢٦).

٥٩. یاسا: هەندێ کەس بە یاسای قەدەغەکردنی ئاڵوگۆڕی هەست و سۆز لە نێوان دۆزەخییان و بەرزەکییان لێکی دەدەنەوە. ڕەنگە ئاماژەبێ بۆ ئیرادەی خوا دەربارەی دەرچوونی (کاتۆن) لە تەبەقەی یەکەمی دۆزەخ کە کاتی خۆی کاتۆن لەگەڵ ڤیرجیلیۆ و مارتسیا و ئەوانی تر لەوێ بوو. هەندێ توێژەرەوەی تر دەڵێن مەبەست لەم (یاسا)یە دەرچوونی (کاتۆن)ە لە دونیای زیندووان، واتە مەبەست مردنیەتی.

٦٠. ناردین، یان زەل: گیایەکی وەکو قامیشە و لە قامیش باریکترە. قاتۆرەکەی سێ سووچ و سەرکەکەی چەترییە، بۆ دروستکردنی حەسیر بەکار دێ. ڕەمزی خاکێتی و ملکەچی و بێفیزییە.

٦١. مەبەست فریشتەی پاسەوانی بەر دەروازەی بەرزەکە. (بەرزەک، س٩، د٧٣، ١٣٢)

٦٢. یانی بەرزەک جێگەیەکە دەبێ ڕۆحەکان سەری تۆبە و پەشیمانیی تێدا دابنوێنن و بە ملکەچی و سەرکزی و مەلوولی ڕێگەی پاکبوونەوە بگرنە بەر.

درەختی پڕ گەڵا و چڵ (کە ڕەمزی خۆدەرخستن و خۆڕانانە) بە سەرسەختیی خۆی (کە ڕەمزی بایبوون و لووتبەرزییە) دەکەوێتە بەر شەپۆلی گەورە و دەشکێ، کەچی ناردین، کە نەرم و شلکە لەگەڵ زەبری شەپۆل دەهەژێتەوە و لار دەبێتەوە و ڕاست دەبێتەوە. بەمەوە مانەوەی خۆی مسۆگەر دەکا.

٦٣. ئاماژەیە بۆ کێوی بەرزەک. کە لە دامێنەوە تا ماوەیەک هەڵەتوپەڵەتە. پاشان حەفت ڕەوەز یان تەبەقەی بەرزەک دێ و ئینجا بەهەشتی زەمینی لە ترۆپکدایە.

٦٤. دانتی پێشتر باسی کردووە کە ڕووی لە تەوەری باشوور بووە و پاشان بە لای دەستە ڕاستدا وەرچەرخاوە و ئینجا ڕووی کردووەتەوە تەوەری باکوور. لەو کاتەدا، لە (کاتۆن) ڕاست هاتووە. جا ئێستا دانتی و ڤیرجیلیۆ ناچارن بگەڕێنەوە دواوە بۆ ئەوەی دووبارە بەرەو تەوەرەی باشوور بڕۆن و بگەن بە کەناری دەریا.

٦٥. ئەمە شیعرێکی گرنگی کۆمیدیایە. شیعرەکە ئەمەیە

Lalba vinceva Lora Mattutina Che Fuggia Innanzi...

دیارە مەبەست ئەوەیە لەگەڵ هاتنی سپێدەدەمدا، دواساتی شەو، کە تایبەتە بە دوعای شەو، نەماوە و بەسەرچووە. تۆژەرەوان وشەی (ora) لێرەدا بە دوو مانا لێکدەدەنەوە: (تاریکی) و (شیبا). بەمەوە ئەم شیعرە چەند لێکدانەوەیەکی جیا هەڵدەگرێ.

٦٦. بەیانی دەبێ بە هۆی بزوانی هەوا، بۆیە دانتی شڵەژانی دەریای دیوە. ئەمە وێنەیەکی سروشتییە دانتی کێشاویەتی.

٦٧. کە (کاتۆن) بزربوو، ڕێگە چۆڵبوو، تەنیا دوو شاعیرەکەی تێدا ما و بەس!

٦٨. ئەمە وەسفێکی ورد و جوانە بۆ باری دەروونیی ئەو کەسەی وێڵ دەبێ. تووشی نیگەرانی و هەراسانی دەبێ تا ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوسا باری دەروونیی هێور و ئاسایی دەبێتەوە.

٦٩. ئەمە وێنەیەکی بەرز و جوانی هەڵاتنی ڕۆژ و کەوتنی خوناو و هاتنی کزەبای بەیانییە.

٧٠. کە دانتی لە ئارەزووی ڤیرجیلۆ گەیشت، گریا. ئەمە گریانی تۆبە و شادییە.

٧١. واتە ڕەنگی دەموچاوی پێشووی خۆمی دامەوەکە لەبەر تاریکیی دۆزەخ گۆڕابوو.

٧٢. ئاماژەیە بۆ هاروهاجیی دەریا و سەختیی کەشتیرانی. دەڵێن (ئۆلیس – ئۆدیسە) و هاوڕێکانی تا داوێنی کێوی بەرزەک کەشتییان هاژوا، بەڵام لەوێ کەشتییەکەیان تێکشکا.(دۆزەخ، س ٢٤، د ١٣٣).

٧٣. (کاتۆن) داوای لێ کردبوو.


٧٤. لە ڕووی خوازەییەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێ ڕێگەی خاکێتی و بێفیزیی بگرێتە بەر بۆ ئەوەی خۆی لە قڕێژی فیز و لووتبەرزی پاک بکاتەوە، هەر ملکەچییەک، پێشکەوتن و ملکەچییەکی تری، لە ڕێی پاککردنەوەی دەروونیدا بۆ دێنێ.

***

# سروودی دووەم[1]

## بەلەمی ڕۆحان

لە ئۆرشەلیم شەو داهات و لە بەرزەک ڕۆژ هەڵات. ڕەنگی ئاسمان زەرد هەڵگەڕا. شاعیرەکان لەسەر کەناری دوورگەی چیای بەرزەک بوون. دانتی تیشکێکی بینی زۆر بە خێرایی دەریای دەبڕی و دەهات. کە نزیککەوتەوە زانیی فریشتەیەکی ئاسمانە. ڤیرجیلیۆ بە دانتیی گوت چۆک دابدا و ئیکلامی بۆ بکێشێ. دانتی لەبەر هێزی شەوقەکە چاوی دانەواند. فریشتەکە بە بەلەمێکی خێرا هات. بەلەمەکە ڕۆحی بەختەوەری تێدا بوون. سروودی دەرچوونی ئیسرائیلیان لە میسر دەخوێند. ڕۆحەکان نائاشنابوون بەو کەنارە چۆلە. لە شاعیرەکانیان پرسی ڕێگەی بەرزەک کامەیە؟ ڤیرجیلیۆ وەڵامی دایەوە گوتی ئێمەیش وەکو ئێوە نەشارەزاین. لە ڕێیەکی سەخت و دژوارەوە هاتووین. کە ڕۆحەکان زانییان دانتی مرۆڤێکی زیندووە، دەوریان لە دانتی دا و چوونە بەرزەکیان لە بیر چووەوە. ڕۆحێک جیابووەوە و ویستی دانتی بگرێتە باوەش، دانتیش ویستی ئەو بگرێتە باوەش، بەڵام کە باوەشی پێدا کرد بازووەکانی گەڕانەوە سەر سنگی خۆی. دانتی زانیی ئەمە ڕۆحی کازێلای سازندەی فلۆرەنسایییە. دانتی داوای لێکرد گۆرانییەکیان لە شیعری خۆی بۆ بچڕێ. کازێللا گۆرانیی چڕی و هەموو بە وردی گوێیان لێ ڕاگرت. کاتۆنی پاسەوانی بەرزەک هاواری لەسەر کردن و داوای لێکردن تەمبەڵی نەکەن. زوو بچنە سەر چیای بەرزەک و خۆیان پاکبکەنەوە. هەموو وازیان لە گوێدانە گۆرانی هێنا و ڕوویان کردە چیای بەرزەک. دانتی و ڤیرجیلیۆیش ڕوویان کردە بەرزەک.



ڕۆژ دەگاتە سەر ئاسۆ
بازنەی نیوەڕۆ، لە بڵندترین شوێندا
ئۆرشەلیم [٢] دادەپۆشێ[٣]!
شەو لە بازی پێچەوانەدا دەخولێتەوە،
دەست بە تەرازوو لە ناوگەنجە [٤] دێتە دەرێ و
کە شەو ڕادەشکێ، تەرازووکەی لە دەست بەردەبێتەوە.
بەم جۆرە، دوو گۆنای سپیی سووربووی سپێدەدەم
لەو شوێنەی من وەستا بووم
لەبەر درەنگی، ڕەنگیان بوو بە نارنجی[٥]،
هێشتا لە کەناری دەریاوە نزیکبووین[٦]
وەک یەکێ بیر لە ڕێگەی بەردەمی بکاتەوە
کە بە دڵ دەڕوا و بە جەستە دەمێنێتەوە[٧]!
یان وەک دەبینین بەیانی
مەریخ لەسەر ڕووی دەریا،
لەناو تەمی چڕدا سوور هەڵدەگەڕێ[٨].
لەو ساتەدا دیم، خۆزگە ئێستایش بمدیبایە،
شەوقێکی زۆر خێرا لەسەر دەریاوە هات،
هیچ باڵندەیەک ناتوانی وا تیژ بفڕێ[٩].
کەمێ چاوم کەلەلا کرد
بۆ ئەوەی لە ڕابەرەکەم بپرسم. ئەمە چییە!
کە دووبارە سەیرم کرد، گەورەتر و گەشتر بووبوو [١٠].
لە هەردوو لای شەوقەکەوە
سپیاتییەکم[١١] دی، نازانم چی بوو[١٢]،
سپیاتیی تریش لە ژێر ئەو سپیایەتییەدا، هاتە دەرەوە[١٣].
مامۆستام هیچ قسەی نەکرد[١٤]!
تا دوو سپیاتی هەوەڵ، وەک دوو باڵ دەرکەوتن.
کە فریشتەی بەلەموانی بینی[١٥]
هاواری لە من کرد: (چۆکدادە چۆکدادە!.

ئەمە فریشتەی خوایە. دەستونەزەر بوەستە[16].
لەمەودوا، فەرمانبەرداری ئاوها دەبینی! (٣٠)
دەبینی، ئەمە هەموو ئامێری بنیادەمی بەلاوە هیچە،
بۆ هاتوچۆی ناو ئەم کەنارە دوورانە[17]
جگە لە باڵی خۆی، نە سەوڵی گەرەکە و نە چارۆکە!(٣٣)
چاو دێ، چۆن باڵەکانی بەرەو ئاسمان قیت کردووەتەوە،
چۆن پەڕوباڵی نەمریی لە هەوا دەدا[18]
کە هەرگیز وەکو قژی مرۆی مردۆخ، ناگۆڕێن!(٣٦)
باڵندەی یەزدانی، تا زیاتر لێمان نزیکدەکەوتەوە.
گەشتر و بەشەوقتر دەبوو.
وای لێهات لەبەر نزیکیی چاوم لەبەر هەڵنەدەهات(٣٩)
چاوم داگرت. فریشتەکە بەرەو کەنار هات،
بەو بەلەمە سووک و خێرایە،
کە هیچ لە ئاودا نەدەچووە خوارێ[19].(٤٢)
بەلەمەوانی ئاسمانی[20] لە کلکەی دواوەی بەلەمەکە وەستابوو،
شاد و ڕووخۆش و خەندان بوو،
بەلەمەکە سەد ڕۆحی زیاتر تێدابوو.(٤٥)
هەموو بە یەک دەنگ ئەم سروودەیان دەچڕی:
(کە ئیسرائیل لە میسر دەرچوو!)[21]
لەگەڵ دێڕی تری ئەم سروودەدا! (٤٨)
نیشانەی خاچی پیرۆزی بۆ کێشان،
هەموو خۆیان هەڵدایە سەرکەنار،
بەڵام ئەو چۆن خێرا هات، ئاوا خێرا ڕۆیشت.(٥١)
ئەو حەشیمەتەی مانەوە، نائاشنابوون بە شوێنەکە،
بە حەپەساوی سەیری دەوروبەری خۆیان دەکرد،
وەک یەکێ سەیری شتێ بکا پێشتر نەیدیبێ.(٥٤)
خۆر، دوای ئەوەی بە تیری دووخ
کەلووی (نێری)ی لە جەرگەی ئاسمانەوە ڕاو نا[22]،

تیشکی به هەموو لایەکدا بڵاوکردەوە.(٥٧)
خەڵکەکە[٢٣] چاویان بڕییە لای ئێمە،
گوتیان: (ئەگەر شارەزان،
ڕێگەی چوونە سەر چیامان نیشان بدەن!)[٢٤] (٦٠)
ڤیرجیلیۆ وەڵامی دانەوە: (ڕەنگە ئێوە
بە شارەزا و ڕێزان و ئاشنا لە ئێمە بگەن،
بەڵام ئێمەیش وەکو ئێوە لاییدە و ڕێوینگین! (٦٣)
تاوێ پێش ئێوە گەیشتینە ئێرە،
بە ڕێیەکی سەخت و فەلاکەتدا هاتین[٢٥]،
ئێتر سەرکەوتنی چیامان بە لاوە گاڵتەیە!)(٦٦)
ڕۆحەکان، بە هەناسەدانی من زانییان
من هێشتا زیندووم.
لە سەرساميیان ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا[٢٦]! (٦٩)
چۆن قاسیدی چڵەزەیتوون بە دەست[٢٧]
حەشیمەتی خەڵک بۆ خۆی ڕادەکێشێ،
کە بۆ بیستنی دەنگوباس، یەکتر پاڵەسوو دەدەن،(٧٢)
ئەم ڕۆحە بەختەوەرانە بەم جۆرە
وەک ئەوەی لە بیریان نەبێ بچن خۆیان پاکبکەنەوە
خڕ چاویان بڕییە دەموچاوی من!(٧٥)
دیم یەکێ خۆی هەڵکوتا و بۆم هات
بۆ ئەوەی زۆر بە سۆزەوە باوەشم پێدا بکا،
هانی دام، منیش ئەو بگرمە باوەش(٧٨)
ئای لە ڕۆحی بێشکڵ!
سێ جار دەستم لە کەمەری وەرهێنا،
هەرسێ جار دەستم دەگەڕایەوە سەر سینگم٢٨!(٨١)
دیارە، ساویلکەییم بە ڕووەوە دیاربووە[٢٩]
ڕۆحەکە بزەی هاتێ و کشایەوە.
خێرا چوومە پێش و کەوتمە شوێنییەوە!(٨٤)

به لوتف و میهربانی داوای لێکردم، بوەستم!
ئەوسا ناسیم و تکام لێکرد
نەختێ بسەنگرێتەوە و قسەم بۆ بکا.(٨٧)
وەڵامی دایەوە: (چۆن لەناو جەستەی مردەنیما خۆشم دەویستی،
که له جەستەیش ڕەهابووم، هەر خۆشم دەوێی.
دەوەستم، بەڵام پێم بڵێ: (هاتووی عەودالّی چی؟!)(٩٠)
پێمگوت: ((کازێللا)[٣٠]کەم، ئەم گەشتەم بۆ ئەوەیە
دووبارە بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی تێیدام
بەڵام تۆ ئەم هەموو ماوەیەت بەهەدەر دا؟) (٩٣)
گوتی: (من هەرگیز زیانم پێ نەگەیشتووە،
مادەم ئەوەی هەر کاتێ و هەر کەسێکی بیەوێ
هەڵیدەگرێ، چەند جار ڕەتی کردووەتەوە بمپەڕێنێتەوە!(٩٦)
ئەمە، خواستی لە خواستێکی دادپەروەرەوە هاتووە[٣٢]
سێ مانگە[٣٣]، هەر کەسێ بیەوێ سواری بەلەمەکەی ببی،
بە ئاشتی و ئارامی هەڵیدەگرێ.(٩٩)
من لەسەر ئەو کەنارە دەڕۆیشتم
لەو شوێنەی ئاوی (تیڤیری)[٣٤] سوێر دەبێ،
زۆر بە ڕووخۆشی هەڵیگرتم.(١٠٢)
ئێستا باڵی بەسەر ئەو ڕێژگاوەدا کێشاوە،
پێشوازی لە هەموو ئەوانە دەکا
کە لە ئاوی (ئاکیرۆنتی)دا نقووم نابن.)(١٠٥)
گوتم: (ئەگەر یاسای تازە
لە یاد و بەهرە و گۆرانیی دڵداری بێبەشی نەکردووی،
کە هەموو جارێ غەمی منت پێ دەڕەواندەوە،(١٠٨)
کەرەم کە، نەختێ ڕۆحم بڵاوێنەوە[٣٥]
کە بە جەستەوە هاتووەتە ئێرە و
ئەوەندەی تەنگانە دیوە باس ناکرێ.)(١١١)
ئەوسا، بە سەدا و ئاوازێکی ناسک

که ئێستایش نەوای شیرینی لە ڕۆحمدا دەزرنگێتەوە:
(ئەو ئەشقەی لە دڵمدا دەزرنگێتەوە)[٣٦](١١٤)
من و مامۆستام و ئەو ڕۆحانەی لەگەڵ (کازێللا)دا بوون،
ئەوندە ڕازی و ئارخەیان بووین
دەتگوت کەس غەمی تری لە دڵدا نییە.(١١٧)
هەموو ڕەق ڕاوەستاین و گوێمان دایە گۆرانییەکە.[٣٧]
لەپڕ پیرەمێردی سەنگین بانگی کردین:
ئەوە چییە؟ ئەی ڕۆحی تەوەزەلینە!(١٢٠)
ئەم سستی و ئەم وەستانە چییە؟
ڕاکەن بۆ سەر چیا. ئەم پەردەیە٣٨ لەسەر خۆتان لادەن،
کە نایەڵێ خواتان لێ دەربکەوێ.[٣٩](١٢٣)
چۆن کوتر لە دەورەی دان کۆدەبنەوە،
بێ غەم و خەیاڵ، بە هێمنی و ئارامی
گەنم و هەرزن چینە دەکەن[٤٠](١٢٦)
کە شتێکی ترسناک دەبینن
لەپڕ واز لە دانخواردن دێنن و
دەکەونە بەر شالاوی نیگەرانی و پەلەپرووزێ (١٢٩)
ئەوانەیش کە تازە هاتبوون بەم جۆرە
دەستیان لە گوێدانە گۆرانی هەڵگرت و بەرەو چیا بەڕێکەوتن!
وەک یەکێ ڕابکا و نەزانی دەچێتە کوێ، (١٣٢)
ئێمەیش لەوان سستر نەبووین! [٤١] (١٣٣)

***

## پەراوێزەکانی سروودی دووەم

١. سەرەتای دەروازەی بەرزەک لە کەناری دوورگەکەوە، لەم سروودەوە دەست پێدەکا و تا سروودی هەشتەم بەردەوام دەبێ.

٢. دانتی لای وایە (ئۆرشەلیم) چەقی نیوەگۆی باکووری زەوییە و لەگەڵ بەرزەک دەکەونە سەر یەک هێڵی درێژ کە دەکەوێتە نیوەگۆی باشووری زەوی. بەلای دانتییەوە ئاوەدانیی سەر ڕووی زەوی دەکەوێتە باکووری هێڵی ئیستیواوە، نێوان ڕێژگاوی ڕووباری گەنجەی Ganjeی هیند لە ڕۆژهەلات و (قادش)ی سەر کەناری ڕۆژئاوای ئەسپانی، لە ڕۆژئاوا. گەنجە و قادش، لە سنووری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە، دەکەونە ناوەڕاستی ماوەی نێوان (ئۆرشەلیم) و بەرزەک. جا ئێستا کە لە (ئۆرشەلیم) سەعات شەشی ئێوارەیە و تازە خۆر ئاوابووە، لە بەرزەک، تازە ڕۆژ هەڵاتووە. (لە (گەنجە) نیوەشەوە و لە قادش نیوەڕۆیە.

٣. لە سەرەتای وەرزی بەهاردا، واتە لە کاتی گەشتی خەیاڵیی دانتیدا، خۆر لە بورجی (کاوڕ)دایە و شەو کە ڕێک دەکەوێتە خاڵی بەرامبەری، لە بورجی تەرازوودایە.

٤. گەنجە، ڕووبارێکی بەناوبانگی هیندە. ڕێژگاوەکەی لە سەردەمی دانتیدا، بە سنووری ڕۆژهەلاتی کۆتایی ئاوەدانی سەر ڕووی زەوی دادەنرا.

٥. ئاماژەیە بۆ ئەوەی سپێدەدەم وردەوردە دەکشێتەوە و جێی خۆی بۆ خۆر جێدێڵێ. ڕەنگی سووری سپی پاتی (لە ئەنجامی پیربووندا) شێوەی نارنجی وەردەگرێ کە پێشباریی خۆر و خۆرهەڵاتە.

٦. یانی کەناری کێوی بەرزەک.

٧. ئەمەیە حاڵیان، چونکە ئاشنای ڕێگەکە نین.

٨. ئاماژەیە بۆ ڕەنگی سووری مەریخ. دانتی لە کتێبێکی تردا (بانگێشت) دەڵێ گەرمیی مەریخ وەکو گەرمیی ئاگر وایە، لەبەر ئەوەیشە ئەم ئەستێرەیە سووراتییەکەی هەندێ جار زۆر و هەندێ جار کەمترە. ئەمە پەیوەندیی بە کەم و زۆریی خەستبوونەوەی هەڵمەوە هەیە.

٩. ئەمە یەکێکە لە دیاردەکانی سروشت کە دانتی بە وردبینیی خۆیەوە تێبینیی کردووە.

١٠. چونکە لەو کاتەدا لەوان نزیکترە.

١١. ئەمە ئەو فریشتەیەیە کە لە دەرەوە دێ.

١٢. ئەمانە دوو باڵی فریشتەکەن.

١٣. مەبەست لە سپێتیی یەکەم باڵەکانی فریشتەکە و لە سپێتیی دووەم جلەکەیەتی.

١٤. ڤیرجیلیۆ بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەو شتەی کە دەیبینێ.

١٥. ئەمە قاسیدی ئاسمانە کە پێشتر هاتبووە خوارێ بۆ ناو دۆزەخ. (دۆزەخ، س٩، د٧٩) لێرەدا بۆ بەلەموان، لە باتی وشەی (Nocchiero)، وشەی (Galeotto) بەکار هاتووە. ئەم وشەیەیش دوو مانای هەیە: مانای دروستی بەلەموانە و مانای خوازەیی گەوادە، بۆیە ئەم بەندە مانایەک زیاتر هەڵدەگرێ.

١٦. ڤیرجیلیۆ بە دانتیی گوت دابێتەوە و هەردوو ناولەپی بخاتەسەر یەک بۆ ئەوەی رێز بۆ ئەو فریشتەیەی ئاسمان بنوێنێ.

١٧. ئاماژەیە بۆ ماوەی نێوان رووباری تیڤیرە –Tevere و دوورگەی بەرزەک. دوای کەمێ روونکردنەوەی زیاتر لە دەقەکەدا دێ.

١٨. واتە وەکو پەڕوباڵی باڵندەی سەر رووی زەوی.

١٩. پێشتر باسی بەلەمێک کراوە کە لە ئاودا نقووم نابێ (دۆزەخ، س٣، د ٩٣).

٢٠. بەلەموانی ئاسمان لێرەدا بەرامبەر (کارۆنتی)ی دۆزەخ هاتووە (دۆزەخ، س٣، د٨٢ – ١١١).

٢١. رستەکە لە ئەسلدا بە لاتینییە: (In exitu Israel de Eegypto) ئەمە سەرەتای زەبوورێکە و دانتی ئاماژەی بۆ سەرەتا و کۆتاییەکەی کردووە. مەبەستی دانتی لە ئاماژەکردن بەو زەبوورە ئەوەیە کە ئەو رۆحانەیش وەکو میللەتی ئیسرائیل لە دیلیی رزگاربوون و رێگەی ئازادی و بەختەوەرییان گرتووەتە بەر. لە دونیای کاتۆلیکدا، کاتێ جەنازەی مردوویەک لە شوێنی مردنییەوە بۆ کڵێسە دەبرێ، ئەم سروودەی لەسەر دەخوێنرێ.

٢٢. واتە بورجی نێری (capricorno) کە دەکەوێتە نێوان دوو بورجی (کەوان) و (دەولک). لە کاتی خۆرهەڵاتندا، کە بورجی (کاوڕ)، رێک لە ناوەندی ئاسمان بووە، لەو کاتەدا لەوێ وەدەرنراوە. ئیتر خۆر، لانی کەم دە پلە بۆ ئاسمان هەڵکشاوە. ئەو کاتە بەرامبەر سەعات شەش و نیو و سەعات حەفتی بەیانی دەوەستێ.

٢٣. واتە ئەوانەی بەم دواییە هاتن و گەیشتنە کەناری کێوی بەرزەک.

٢٤. ئەوانە زۆر بە ناسکی پرسیاری رێگەی چوونە سەرچیایان کرد.

٢٥. واتە رێگەی دۆزەخ.

٢٦. ئەوانە کە دیتیان دانتی زیندووە، واقیان وڕما و رەنگیان زەرد هەڵگەرا.

٢٧. چڵەزەیتون رەمزی ئاشتییە. لە سەردەمی دانتیدا رەمزی دەنگوباسی خۆش بوو. لە یۆنان و رۆمانی کۆندا، ئەگەر قاسیدێک لە شەڕگە، یان لە شارێکی دوورەوە بهاتایە و چڵەزەیتوونێکی بە دەستەوە بوایە، نیشانەی خێروخۆشی بوو.

٢٨. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە رۆح لەناو بەرزەکدا رووتە و قاڵبی جەستەیی نییە.

٢٩. دانتی بەداخەوە بوو کە نەیتوانی برادەرەکەی بگرێتە باوەش، چونکە تارماییەکە تەنیا ڕۆح بوو و قاڵب و جەستەی نەبوو.

٣٠. کازێللا casella: مۆسیقار و دەنگبێژێکی شاری (پیستۆیا) بوو. برادەرێکی نزیکی دانتی بوو. ئاوازی بۆ چەند شعرێکی دانتی داناوە. لە (سیێنا) غەرامەیان لێ سەند، چونکە شەو بە مۆسیقاکەی خەڵکی نیگەران دەکرد. لە ئاخرو‌ئۆخری سەدەی سێزدەدا مرد.

٣١. واتە کازێللا دوای ئەوەی لە بەندی جەستە ڕزگاری بوو. چۆن لە دونیادا دانتی خۆشدەویست، ئێستایش ئاوها خۆشی دەوێ.

٣٢. ئاماژەیە بۆ ئەو بەلەموانەی کە ڕۆحەکان دەباتە بەرزەک.

٣٣. ئاماژەیە بۆ سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٠٠ی مەسیحی، کە کڵێسە بە ساڵی (یۆبیل)، واتە بە ساڵی (لێبووردن و بەزەیی)ی تایبەتی یەزدانیی داناوە، (دۆزەخ س١٨، د٢٩). ئەو سێ مانگە، لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی دا١٢٩٩، کە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحە، تا دەستپێکردنی گەشتی خەیاڵیی دانتی بۆ ئەو دونیا، دەگرێتەوە.

٣٤. ئاوی (تیڤیری) بە ڕژانە ناو دەریا سوێر دەبێ. ڕێژگاوی تیڤیری دەکەوێتە بەندەری (ئۆستیا) کە بە بەندەری ڕۆما دادەنرێ. ڕۆحی بەرزەکی و بەهەشتییان دەبێ لە ڕێژگاوی (تیڤیری) کۆببنەوە بۆ ئەوەی لەوێوە ڕەوانەی بەرزەک بکرێن، کەچی ڕۆحی دۆزەخییان لە کەناری ڕووباری (ئاکیرۆنتی)ی دۆزەخ کۆدەبنەوە.

٣٥. واتە دانتی دوای گەشتی دۆزەخ شەکەت بووە و ئێستا دەیەوێ بە گۆیدانە مۆسیقا، پشوویەک بدا.

٣٦. ئەمە سەرەتای سروودێکی دڵداریی دانتییە و لە سەرەتای نامەی سێیەمی (بانگێشت)دا گوازراوەتەوە، ئیتر و زۆر لە گوینە (کازێللا) کە لە ژیاندا بووە، ئاوازی بۆ ئەم سرووودە دانابێ.

٣٧. ئاماژەیە بۆ (کاتۆن)ی پاسەوانی بەرزەک کە زۆر سوورە لەسەر پاکبوونەوەی دەروونیی خەڵکەکە، بۆیە نایەوێ بوەستن و گوێ لە مۆسیقا بگرن، چونکە بەمەوە پاکبوونەوەکەیان دوادەکەوێ.

٣٨. مەبەست پەردەی گوناهە کە بەری چاو دەگرێ.

٣٩. یانی تا دەوسی گوناه مابێ، ناتوانن خودا ببینن.

٤٠. دانتی زۆر بە وردی وێنەی کۆتر دەکێشێ کە لە کاتی چینەکردنی دانەدا، کتوپڕ مەترسییەکی لێ دەردەکەوێ و لە شەققەی باڵ دەدا و دەفڕێ.

٤١. بەم جۆرە هەردوو شاعیر بە پەلە ڕوویان کردە چیا.


# سروودی سێیەم[1]

## ناوچەی پێشەکیی بەرزەک

## دەستەی یەکەم

## ئەوانەی بە بێباوەڕی مردوون

دانتی و ڤیرجیلیۆ نەختێ تووشی داخ و پەشۆکان هاتن کە لەبەر گوێدانە گۆرانیی کازێللا نەختێ دواکەوتن. دانتی تەماشای چیای بەرزەکی کرد، تەنیا سێبەری خۆی لە سەر چیادا دی. وایزانی ڤیرجیلیۆ جێی هێشتووە. ڤیرجیلیۆ ترسی ڕەواندەوە و گوتی ئەوەتا لەگەڵتدام و ڕێنماییت دەکەم. شاعیرەکان گەیشتە بناری چیا. ڤیرجیلیۆ بە دوای ڕێگەیەکدا گەڕا بەسەر چیای زەرد و ڕک و ماهی بکەون. دانتی کۆمەڵە ڕۆحێکی بینی زۆر بە هێدی دەڕۆیشتن، چونکە تا دوا چرکەساتی ژیانیان لە تۆبە دواکەوتبوون. وەکو ڕانە مەڕێک دەڕۆیشتن کە لە هۆر بێتە دەرەوە. ڤیرجیلیۆ گوتی دانتی مرۆڤێکی زیندووە و بە ئیرادەی خوا هاتووە بەسەر ئەو چیایە بکەوێ. یەکێ لە ڕۆحەکان مانفرێد بوو. مانفرێد دانتی ناسییەوە و بۆی باسکرد چۆن لە شەڕی بنیڤنتۆ بریندار بوو. ددانی پێدا نا گوناهی زۆر گەورەی هەبووە، بەڵام خوا زۆر بەڕەحمە. ئەوەی ڕووی تێ بکا نائومێدی ناکا، هەروەها گوتی ئوسکوف کوسنتزا جەنازەکەی گواستەوە دەرەوەی ناپولی کە ئەوانەی تێدا نێژراوە کە پاپا بێبەشی کردوون، بەڵام نەفرەتی کڵێسە بۆی هەیە بە تەوبە و پەشیمانی لەناو بچی. ماوەی پاکبوونەوەیش بە دوعای خێر کەم دەبێتەوە. مانفرێد داوای لە دانتی کرد کە گەڕایەوە سەر دونیا مەسەلەکە بە ڕاست و دروستی بۆ کۆستانتسای کچی بگێڕێتەوە.



لەم ڕاکردنە کتوپڕەدا، ڕۆحەکانم[2] بینی
لەو دەشتەدا بڵاو بووبوونەوە.
ڕوومان کردە چیا – هۆشمان ئازاری دەداین.(٣)
چاوم بۆ ڕابەری دڵسۆزم گێڕا.
چۆن دەتوانم بێ وی هەنگاو هەڵێنم[3]؟
کێ ڕێنماییم دەکا بۆ سەر چیا؟(٦)
دیم سەرزەنشتی خۆی دەکرد:
(ئەی ویژدانی پاک و ناسک،
کە بچووکترین گوناە چزوویەکی تاڵت تێ دەچەقێنێ[4])(٩)
کە هەنگاونانی پەلەی نەما،
ئەو پەلەیەی شکۆمەندیی هەموو کارێ دەبا،
بیرم، کە زۆر گرژ و بەنگ بووبوو[5]!(١٢)
بەوپەڕی ئارەزوو، کرایەوە.
چاوم بەرەو چیا وەرگێڕا
کە لەناو ئاو هاتبووە دەرێ و بەرز هەڵکشابوو بۆ ئاسمان[6](١٥)
ڕۆژ لە دوامانەوە بڵێسەی سووری دەگڕگرا[7]،
بەڵام لە بەردەم جەستەی مندا دەشکایەوە[8]،
چونکە بەری تیشکم گرتبوو. (١٨)
ئاوڕم لە لای دەستەڕاست دایەوە،
ترسام بەجێمابم[9]، چونکە دیم
تەنیا زەویی پێش من ڕەش بوو و بەس.(٢١)
ڕاوێژکارەکەم، بە دڵ و داو ئاوڕی لێ دامەوە و
گوتی: (بۆچی قرقراوی و دەترسی؟
نابینی، ئەوەتا لێرەم و ڕێنماییت دەکەم!)[10] (٢٤)
ئێستا ئێوارە باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا[11] کێشاوە
کە جەستەی بە سێبەری منی لێ ڕاکشاوە.
(ناپۆلی) قۆستوویەتییەوە و (براندیتسیۆ) دۆڕاندوویەتی[12](٢٧)
ئەگەر هیچ سێبەرم لە بەردەمدا نەبێ

لەوە زیاتر سەرسام مەبە
کە دەبینی ئاسمانەکان تیشکی یەکتر ناگێڕنەوە! [13] (٣٠)
دەسەڵاتی یەزدانی جەستەی وەک هی من دروست دەکا
ئازاری گەرمی و ساردی دەچێژێ[14]،
بەڵام نهێنیی کاری خۆیان بۆ ئاشکرا ناکا. (٣٣)
شێتە، ئەوەی وابزانێ، ئاوەزی ئێمە
دەتوانێ ئەو ڕێگە بێکۆتاییە ببڕێ
کە سێ گەوهەر دەکا بە یەک![15] (٣٦)
ئەی بنیادەم، ڕازی بە بە زانینی ڕووکاری شت[16]
ئەگەر بتتوانیایە هەموو شتێ ببینی،
پێویستی نەدەکرد، مێرەم منداڵی ببێ[17]. (٣٩)
خەڵکانێکت دەدی بێهوودە بەتەمابوون
ئارەزووی گەورەیان بێتە دی، بەڵام
تەنیا غەمی جاویدانییان بۆ مایەوە! (٤٢)
مەبەستم ئەرستۆتل و پلاتۆ و زۆری ترە. [18]
لێرەدا، سەری دانەواند و متەقی لێوە نەهات.
بە پەشۆکاوی و مێشکبڵاوی مایەوە!(٤٥)
گەیشتینە قونتاری چیا و دیمان
چیا ئەوەندە لات و ڕک و ماهی بوو
قاچمان هەرگیز سەختیی وای نەدیوە. (٤٨)
چۆڵترین و سەختترین بزنەڕێی
نێوان (لێریچە) و (توربیا)[19]
لەچاو ئەمە، پلیکانەیەکی خۆش و بەرینە!(٥١)
مامۆستام هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی:
(کێ دەزانێ ئەم چیایە لە کام لا ڕکاتی کەمترە
بۆ ئەوەی بێ باڵی پێدا سەری کەوێ)(٥٤)

سەری دانەواندبوو،
بیری لە ڕێگەیەک دەکردەوە[20]،
منیش سەیری تۆپکی چیا و دەوروبەرم دەکرد.(٥٧)
کۆمەڵە ڕۆحێکم لە لای دەستەچەپەوە بینی،
بەرەوە لامان دەهاتن، بەڵام ئەوەندە هێدی!
دەتگوت لە جێی خۆیان ناجووڵێنەوە![21] (٦٠)
گوتم: (مامۆستا، چاو هەڵبڕە
ئەوەتا ئەوەی ڕێمان نیشان دەدا.[22]
ئەگەر تۆ خۆت هیچ ڕێت بۆ نادۆزریتەوە!) (٦٣)
سەیریکردن و بە زانایی، پێی گوتم:
(زۆر بە هێدی دێن. با ئێمە بچینە لایان.
تۆیش، کوڕی ئازیزم، ورەت بەرز بێ!)(٦٦)
هەزار هەنگاو چووینە پێش
حەشیمەتەکە هێشتا بەرداوێژی بازوویەکی بەهێز
لێمانەوە دووربوون!(٦٩)
هەموو خۆیان بە چیای سەختەوە نووساند
لە کەناری ڕک و بەرز، پاڵیان بە یەکەوە دا و خۆیان توند کرد،
وەک یەکێ هەست بە شتێ بکا و بە وشتی سەیری دەوروبەری بکا (٧٢)
ڤیرجیلیۆ دەستی بە قسەکرد: (ئەی ئاخیرخێرینە[23]!
ئەی ڕۆحی بەربژارینە! بەو ئاشتییە سوێندتان دەدەم
کە هەمووتان چاوەڕێی دەکەن!(٧٥)
پێمان بڵێن چیا لە کوێ ئەوەندە نزم دەبێتەوە
کە سەرکەوتنی خۆش و ئاسان بێ؟
چونکە ئەوەی زیاتر بزانێ، کاتی کەمتر بە فیڕۆ دەدا!)[24] (٧٨)
چۆن مەڕ، یەک یەک و دوو دوو و سێ سێ،
لە هۆر دێنە دەرێ و هەندێ دەمێننەوە،

بە ترسەوە، سەرولمووز دادەژەنن! (٨١)
یەکەمیان چی بکا، ئەوانی تریش وا دەکەن
ئەگەر یەکەم بوەستێ، ئەوانی تر بە هێمنی و ساویلکەیی
پەنگ دەدەنەوە، بێ ئەوەی بزانن هۆی چییە! (٨٤)
ئاوها سەردەستەی ئەو ڕەوە ئاخیرخێرەم دی[٢٥]،
بە سیمای ناسک و ڕەوتی سەنگین و ویقار،
جوولا و بەرەو ڕوومان هات.(٨٧)
کە ئەوانی پێشەوە دیتیان
ڕووناکی، لە لاتەنیشتی ڕاستەمدا شکابووەوە سەر زەوی و[٢٦]
سێیبەرم کەوتبووە سەر چیا (٩٠)
وەستان و نەختێ کشانەوە.[٢٧]
ئەوانەی دوای ئەوانیش وایان کرد،
بێ ئەوەی بزانن بۆ!(٩٣)
(بێ ئەوەی ئێوە داوام لێ بکەن، ئاگادارتان دەکەمەوە،
ئەوەی دەیبینن جەستەی مرۆڤێکی زیندووە
بەری ڕووناکی ڕۆژ لەسەر زەوی دەگرێ! [٢٨] (٩٦)
مەپەشۆکێن، بە یەقین بزانن،
ئەگەر خوا ئیرادەی لەسەر نەبێ،
ناتوانێ بەسەر ئەم دیوارەدا هەڵگەڕێ!)[٢٩](٩٩)
مامۆستام ئەمەی گوت و ئەو خەڵکە سەنگینە[٣٠]
بە پشتەدەست ئاماژەیان بۆ کردین و گوتیان:
(بگەڕێنەوە دواوە[٣١] و بە پێش ئێمە مەکەون!) (١٠٢)
یەکێکیان گوتی: (تۆ هەر کێی!
بەدەم ڕۆیشتنەوە، ئاوڕم لێ بدەوە و سەیرم بکە.
بیر بکەرەوە ئاخۆ هەرگیز منت لەولا[٣٢] دیوە!)(١٠٥)
ئاوڕم لێ دایەوە و لێی نزیک بوومەوە.[٣٣]

سیس و قژزەرد و ڕووناسک بوو،
برۆیەکی بە زەبری شیر شەق بووبوو! [34](١٠٨)
کە بە خاکی وەلامم دایەوە پێشتر نەمدیوە.
گوتی: (ها ئێستا سەیرم کە!)
جێبرینێکی لەسەر سنگی نیشان دام. (١١١)
بە بزەیەکەوە گوتی: من (مانفرێدی)م[35]
نەوەی (کۆنستانتسا)ی قرالیچەم![36]
تکایە کە چوویتەوە(١١٤)
برۆ لای کچە نەشمیلەکەم،[37]
دایکی دوو کەسی[38] جێی شاناری (چیچیلی) و (ئاراگۆن)،
ڕاستی پێ بڵێ، نەوەک بە شێوەی تر بۆی باس کرابێ[39]. (١١٧)
من دوای ئەوەی جەستەم
بە دوو زەبری کوشندە[40] شەق بوو، بە گریان.
ڕادەستی ئەوە بووم کە لە گوناهان دەبووری. (١٢٠)
گوناهم زۆر گەورە بوو
بەلام کەرەمی بێپایان، باوەشی ئەوەندە گەورەیە،
هەرچی ڕووی تێ بکا، دەیگرێتە خۆی!(١٢٣)
ئەگەر قەشەی (کۆزێنتسا)[41]،
کە (کلیمینچ)ی ڕایسپارد ڕاوم بنێ،
ئەم لاپەڕەیەی کتێبی خودای بخوێندایەوە، (١٢٦)
ئێستایش، ئێسکوپرووسکم
لای پردەکە و لە نزیک (بنیڤێنتۆ)[42]،
لە ژێر ڕەحمی غەرەبەردێکی سەنگیندا بوو!(١٢٩)
باران دەیشووشتەوە و با دەیسووڕاند،
لە دەرەوەی ولات و لە نزیک ڕووباری (ڤیردی)،
کە لەبەر چراوگی کوژراوەدا[43] بردییە ئەوێ!(١٣٢)

ئەوینی جاویدان، کە زیندووبێتەوە،
بە نەفرەتی ئەوان لەناو ناچێ[٤٤]،
مادەم، هیوا شکۆفەی سەوز دەر بکا.(١٣٥)
ئەوەی بە هەڵگەڕاوەیی لە کڵێسەی پیرۆز بمرێ،
ئەگەر ئاخیری تۆبەیش بکا،
لە دەرەوەی ئەم کەنارە دەمێنێتەوە!(١٣٨)
سی (٣٠) هێندەی ئەو ماوەی لە هەڵگەڕانەوەدا بەسەری بردووە،
ئەگەر ماوەی حوکمەکە
بە نزای پاک و پیرۆز کەم نەکرێتەوە[٤٥]. (١٤١)
پێم بڵێ داخۆ دەتوانی شادم بکەی
بەوەی بۆ (کۆنستانتسا)ی نازدارم ڕوون بکەیتەوە،
منت لە چیدا دی و حوکمەکە چییە (١٤٤)
چونکە ئێمە زۆر خێر لەوانەی ئەوێ دەبینین.[٤٦] (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سێیەم

١. ئەمە سروودی ئەو کەمتەرخەمانەیە کە درەنگ تۆبەیان کردووە و کڵێسە لە لێبووردن بێبەشی کردوون.

٢. مەبەست ئەو ڕۆحانەیە کە فریشتەکەی ئاسمان هێنانی بۆ کەناری بەرزەک.

٣. بەم جۆرە دانتی بەبێ یارمەتی ڤێرجیلۆ نەیدەتوانی هیچ بکا.

٤. واتە دادپەروەریی یەزدانیی بە ئەشکەنجە پاکمان دەکاتەوە.

٥. یانی ڤێرجیلۆ لەوە نارەحەتە کە لەگەڵ ڕۆحەکان دواکەوت بۆ گوێدانە گۆرانیی (کازێللا).

٦. ئاماژەیە بۆ کێوی بەرزەک کە وایان دەزانی لە هەموو چیاکانی سەر ڕووی زەوی بەرزترە (دۆزەخ، س٢٦، د١٣٥).

٧. دوو شاعیرەکە پشتیان کردە دەریا و ڕوویان کردە لای چیا.

٨. واتە: لەشی دانتی تیشکی ڕۆژی دەگێڕایەوە و سێبەری لە سەر زەوی دەردەکەوت.

٩. ڤێرجیلۆ، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕۆح بوو و جەستەی نەبوو، سێبەری نەدەکەوتە سەر زەوی. دانتی لەبەر پەشۆکانی خۆی ئەمەی لە بیر نەمابوو، بۆیە کە هیچ سێبەری ڤێرجیلۆی نەبینی، ترسا نەوەک ڕۆیشتبێ و بە تەنیا جێی هێشتبێ.

١٠. بەم جۆرە ڤێرجیلۆ هەوڵ دەدا بەتەواوی دانتی دڵنیا بکاتەوە.

١١. ئەو کاتە شەو بوو.

١٢. ڤێرجیلۆ، ساڵی ١٩ی پ.ز، لە کاتی گەڕانەوەی لە گەشتی ڕۆژهەڵاتدا، لە بەندەری (بریندیزی)، لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیادا، کۆچی دوایی کرد، بەڵام بە فەرمانی ئیمپراتور (ئۆگوست) جەنازەکەیان بردەوە (ناپۆلی) و لەوێ، لە نزیک دەریا، بە خاکیان سپارد.

١٣. ئاماژەیە بۆ نۆ ئاسمانەکان، کە بەپێی باوەڕی پێشینان، وەکو تۆپ کەوتوونەتە ناو یەکتر، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوونن، سێبەر لە یەکتر ناکەن.

١٤. ئاماژەیە بۆ ئەشکەنجەی دۆزەخ (دۆزەخ: س٣، د٨٧).

١٥. مەبەست خوداوەندە کە بە باوەڕی مەسیحیان لە سێ وێنەی: باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز جیلوە دەکا، لەبەر ئەمەیشە بە ئایینی مەسیحی دەگوترێ ئایینی سێینە.

١٦. دانتی وشەی (quia)ی بە مانای (شت) بەکار هێناوە وەکو بە دیمەن چۆنە، ئاوها. مانای ئەم دەستەواژەیە ئەمەیە: تەنیا بە زانینی (چۆنە؟) ڕازی بن، هەوڵ

مەدەن بزانن (بۆچی وایە؟). پێویستە بزانین لێرەدا ڤیرجیلیۆ کە قسە دەکا، ڕەمزی ئەقڵ و ژیریی مرۆڤە.

١٧. بە پێی باوەڕی مەسیحی، ئادەم و حەوا، لە باغی بەهەشت بوون، خودا ڕێگەی دان هەر میوەیەکی حەزی لێ دەکەن بیخۆن، تەنیا بەری درەختی (زانینی چاکە و خراپە) نەبێ، چونکە مرۆڤ بە خواردنی ئەم میوەیە چاوی دەکرێتەوە و دەتوانێ چاکە و خراپە لێک بکاتەوە و ئەمەیش بەرەو گوناهی دەکێشێ، بەلام ئادەم بە حەوا تەفرەی خوارد و بەری ئەو درەختەی خوارد و گوناهکار بوو و لە بەهەشت وەدەرنران. مرۆڤ لە گوناهکاریی ڕەهادا مایەوە تا عیسا هات و بە ڕشتنی خوێنی خۆی گوناهی مرۆڤی پاککردەوە، واتە: مانای ئەم بەندە بەم جۆرەیە: ئەگەر خودا بیویستایە مرۆڤ تەواو شارەزای چاکە و خراپە بێ و نهێنیی خەلقی بزانێ، ڕێگەی خواردنی میوەی درەختی زانینی چاک و خراپی لێ نەدەگرت تا بە هۆی گوناهبارببوونەوە پێویستی بە هاتنی عیسا بێ، یانی ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی بزانیایە، پێویستی بە هاتنی مەسیح نەدەکرد. لە ڕووی خوازەییەوە، مانای ئەوەیە ئەگەر ئەقڵ بیتوانیایە پەی بە هەموو شتێ ببا، پێویستی نەدەکرد باوەڕ (ئیمان) بۆ مرۆڤ بێتە خوارێ.

١٨. ئاماژەیە بۆ فەیلەسووفانی دێرین: ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و زۆری تر، کە ئەگەر مرۆڤ ئەقڵ و ژیریی بەس بوایە، ئەوان دەیانتوانی بە ئەقڵی تەواوی خۆیان پەی بە نهێنییەکان ببەن، بەلام ئەوانە هەرچەندە هەوڵیان دا لە وجود و نهێنیی یەزدانی بگەن، هیچیان بە هیچ نەکرد، تەنیا داخ و خەفەتیان بۆ مایەوە و لە شەوق و ئارەزوویەکی بێئومێددا دەژین (دۆزەخ، س٤، د٤٢).

١٩. (لیریچی Lerici) شارێکی بچووکە لە (لیگوریا Liguria)، لە کەناری ڕۆژئاوای ئیتالیا.

توربیا –Turbia: گوندێکە لەوپەڕی ڕۆژئاوای (لیگوریا). دەکەوێتە هەوراز (مۆناکۆ)، لە (نیس)، لە خاکی فەرەنسا. بورجێکی کۆنی ڕۆمانی لێ بوو. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دانتێدا ناوچەیەکی شاخاویی سەخت بوو، ڕێگەی خۆشکراوی تێدا نەبوو. (نێوان لیریچی و توربیا) ئاماژەیە بە کەناری لیگوریا لە باکووری ڕۆژئاوای ئیتالیا. ئەو دوو شارە سنووری ئەملا و ئەولای ناوچەکەن.

٢٠. یانی بیری لە ڕێگەیەکی باش دەکردەوە: ئایا ڕوو بکاتە لای باکوور؟ یان باشوور؟

٢١. ئەم هێواشییە ڕەمزە بۆ ئەو گوناهکارانەی لە دواساتدا پەشیمان بوونەتەوە و تۆبەیان کردەوە، بۆیە پاکبوونەوەیان دواکەوتووە.

٢٢. یانی بە هیوای وەرگرتنی شیرەت و ئامۆژگاری.

٢٣. ben finit: ئاخیرخێر! ئەوانەی خوا تۆبەی قبووڵ کردوون، ئەوسا مردوون و ئاخیریان بە خێرا گەڕاوە.

٢٤. واتە ئەوەی خاوەن زانست و تاقیکردنەوە بێ، سووی دەبێتەوە کات بەفیرۆ بدا. دانتی یەکێ بوو زۆر ڕێزی کاتی دەگرت و نرخی دەزانی.

٢٥. ئاماژەیە بۆ ڕۆحەکانی بەرامبەر دانتی.

٢٦. ئاماژەیە بەوە کە دانتی و ڤێرجیلیۆ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆحەکان، بە لای دەستەڕاستدا وەچەرخان. ڕۆژ لە پشتەوەیان بوو، کەوتە لای دەستەچەپیان و چیا کەوتە دەستەڕاستیان، ئیتر سێبەری دانتی لە لای ڕاستە و لەسەر چیا دەرکەوت.

٢٧. بۆیە وایان کرد، چونکە سەریان لە بینینی مرۆڤێکی زیندووی وەکو دانتی سوڕما.

٢٨. ڤێرجیلیۆ خێرا ڕاستییەکەی بۆ ڕۆحەکان ڕوونکردەوە بۆ ئەوەی سەرسامییان بڕەوێنێتەوە.

٢٩. مەبەست کێوی بەرزەکە.

٣٠. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەو ڕۆحانە لە دواساتی ژیاندا تۆبەیان کردووە و تۆبەکەیان لێ وەرگیراوە. ئەمانە، وەکو پاشان دەردەکەوێ، کەسانێکن لە لایەن کڵێسەوە بێبەش کراون و بە یاخی و سەرکێش داندراون و کە لە دواساتی ژیاندا تۆبەیان کردووە، کڵێسە پێی نەزانیوە، بۆیە حوکمی بێبەشبوونی ئایینیان هەر لەسەر ماوە.

٣١. واتە: دیسان بە لای دەستەڕاستدا بسووڕێن، چونکە ڕێگەی بەرزەک و بەهەشت لە لای چەپ نییە. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لێرە، دەبێ هەمیشە ڕوویان لە پاکی و خواپەرستیی بێ.

٣٢. (di la– لەولا) مەبەست دونیای زیندووانە.

٣٣. ئەمە (مانفرێد)ە و دانتی هێشتا نایناسێتەوە.

٣٤. ئەمە نیشانەی (مانفرێد)ە.

٣٥. مانفرێد (بە ئەڵمانی 1266 – 1232) (manfired) کوڕی زۆڵی (فریدیکی دووەم)ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو. دایکی، (بیانکا)ی کچی (کۆنت بۆنیفاتزیۆ لانتزیا) بوو. نەوەی ئیمپراتۆر (هێنری چوارەم) و شاژن (کۆنستانتسا)ی سەقلیەیی بوو. ئەو مانفرێد ژنێکی هێنا بە ناوی (بیاتریچی دی ساڤۆیا) و کچێکی لێ بوو ناویان نا (کونستانتسا)، شووی بە پیێترۆی سێیەمی پاشای ئاراگۆن (ئەسپانیا) کرد. دوای مردنی فریدریکی دووەم، ساڵی ١٢٥٠، کۆنرادی چوارەمی برای بوو بە جێگری

عەرش و ئینجا لە ١٢٥٨دا، بوو بە پاشای سەقلیە. بە هۆی بەرهەلستیکردنی تەماعکاریی کلێسە، پاپا ئەسکەندەری چوارەم و پاپا ئوربانی چوارەم سالی ١٢٥٩ بڕیاری بێبەشکردنیان لە دژ دەرکرد و بە یاخی و سەرکەشیان دانا. پاپا تاجی سەقلیەی دایە شارل دانژووی فرەنسی و ئەویش لە فرەنساوە هات و بە فەرمانی پاپا کلیمانتۆی چوارەم هێرشی کردە سەر سەقلیە. لە شەڕی بەناوبانگی (بنیڤێنتۆ)، لە ١٦ی شوباتی ١٢٦٦دا، مانفرێد شکا و پاش شەڕێکی توندوتیژ کوژرا. ئەمە زەبرێکی گەورە بوو بە مەسەلەی گیبیللینییەکان کەوت.

٣٦. بۆیە دەلێ نەوەی ئیمپراتورە (کونستانتسا)م، چونکە نایەوێ ناوی باوکی بێنێ، لەبەر ئەوەی کوڕێکی زۆڵ بوو. کۆنستانتسا کچی ڕۆجییرۆی پاشای سەقلیە و دایکی فریدریکی دووەم و یاکۆمۆی دووەم بوو، کە یەکەم بوو بە پاشای سەقلیە و دووەم بوو بە پاشای ئاراگۆن. لە کاتدرائییەی پالیرمۆ نێژراوە و دانتی لە بەهەشتی داناوە (بەهەشت، س٣، د١١٨).

٣٧. واتە کۆنستانتسای کچی مانفرێد کە شووی بە پێتەری سێیەمی پاشای ئاراگۆن کرد.

٣٨. مەبەست دوو کوڕەکەی کونستانتسایە: فریدریکی دووەم و یاکۆمۆ.

٣٩. واتە وەکو گوترا بە هۆی بڕیاری بێبەشیکرانی لە لایەن پاپاوە، نەفرەتی لێ کراوە.

٤٠. لە شەڕی بنیڤێنتۆدا، مانفرێد دوو زەبری بەرکەوت، یەکێ لە دەموچاوی و ئەوەی تر لە لای سەرەوەی سینگی.

٤١. کۆزێنتسا–Cosenza: شارێکە دەکەوێتە کالابریای ژۆری. لەسەر لقێکی ڕووباری (کراتی) و لە نزیک دەریای تیرانی. مەبەست لە شوانی کۆزێنتسا، کاردینال بارتۆ لۆمیۆ پینیاتلییە (یان تۆماسۆ داینی)ی دوای ئەوە. ئەوەبوو جەنازەی مانفرێدی لە شوێنەکەی خۆی، لای پردی بنیڤێنتۆ، ڕاکێشایە دەرێ.

٤٢. مانفرێد، لەبەر ئەوەی لە کاتی مردنیدا لە لایەن کلێسەوە بێبەش کرابوو، لە گۆڕستانی ئاسایی نەنێژرا. جەنازەکەیان لەسەر پردی (بنیڤێنتۆ)، کە مەیدانی شەڕەکە و شکانی ئەو بوو، فڕێی دایە ناو قۆرتێک و لەوێ هەر سەربازێک پەلەبەردێکی تێگرت و یەک گرد بەردی لەسەر کۆبووەوە. دوای ماوەیەک پاپا ڕایگەیاند، لەبەر ئەوەی سەقلیە بەشێکە لە خاکی پیرۆزی کلێسە و قەلەمڕەوی ڤاتیکان، پێویستە ئێسکوپرووسکی مانفرێد دەربێنن و فڕێی بدەنە ناو ڕووباری (ڤیردی) کە زۆر پێدەچێ (گاریلیانۆ)ی ئەمڕۆ بێ. ئەمە ئەوە بوو کە لە لایەن پاپا (کلیمێنتی

clemente)ی چوارەمەوە (١٢٦٤ – ١٢٦٨)، بە (بارتۆ لۆمێۆ پینیاتلی)ی ئوسقوفی (کۆزێنتسیا) سپێردرا.

٤٣. چراوگی کوژاوە: نیشانەیە بۆ ئەوە کە هەڵدانەوەی گۆڕەکە بە شەو بووە و بەپێی ڕەوشی ئایینی ئەوسا، لە کاتی دەرهێنانی ئێسکوپرووسکەکە، چراوگەکان کوژانراونەتەوە، چونکە ئەو کەسەی بڕیاری کڵێسەی لە دژ دەرچووبایە، بێ داگیرساندنی مۆم و چراوگ جەنازەیان دەگواستەوە.

٤٤. مرۆڤ تا مابێ دەتوانێ هیوای بە تۆبە هەبێ و نەفرەتی پاپا و کڵێسە ناتوانێ ڕێگەی ئەو تۆبەیەی لێ بگرێ کە لە ئەنجامی عیشقی خوداییەوە دەچێتە دڵییەوە.

٤٥. باوەڕی وا بوو ماوەی پاکبوونەوە بە دوعای چاکی زیندووانی سەر زەوی کەم دەبێتەوە.

٤٦. ئەمە یاسای تایبەتی بەرزەکی دانتییە. بۆی هەیە ئەمەی لەم شیعرەی ڤیرجیلیۆ وەرگرتبێ (ئەنیوس، کتێبی شەشەم، دێڕی ٣٢٩):

Cetum errant annos volitanque haec litora circum.

***

# سروودی چوارەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی دۆزەخ

## دەستەی دووەم

## کەمتەرخەمان

دانتی لەبەر قسەکانی مانفرێد ئاگای لە وەخت نەما تا هەندێ لە ڕۆحەکان ئاماژەیان بۆ شوێنی سەرکەوتنی چیا کرد. دانتی ئەو ڕێگە سەختەی لەگەڵ هەندێ ڕێگەی سەختی چیاکانی ئیتالیادا بەراورد کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بە شەوق و ئارەزووەوە سەرکەوت. بە هەر چوارپەل بەسەر چیادا هەڵگەڕا. کە گەیشتنە شوێنێکی زۆر ڕک، ویستی ڕابوەستێ، بەڵام ڤیرجیلیۆ پێی گوت هێز و گوڕ بداتە بەر خۆی تا دەگەنە ڕەوەزێکی نەختێ بەرزتر. دانتی خورتی لە خۆی کرد تا شوێنەکە سەرکەوت و بە یەکەوە لەوێ دانیشتن. دانتی سەری سوڕما کە دیتی ئەو ڕێگە سەختەیان بڕیوە، سەری لەوەیش سوڕما کە خۆری لە لای دەستەچەپەوە بینی. ڤیرجیلیۆ تێی گەیاند ئەوە لەبەر ئەوەیە، چونکە لە نیوەگۆی خوارووداین. ئەو کاتە خۆر لە بورجی کاوڕدا بوو نەک لە بورجی جمک.

شاعیرەکان گوێیان لە دەنگێ بوو گوتی پێویستە بەر لەوەی بگەنە سەر چیا، پشوویەک بدەن. ڕۆحی ئەو تەمبەڵانەیش لەوێ بوون کە لە دونیادا درەنگ تۆبەیان کردبوو.

دانتی بیلاکوای فلۆرەنسایی وەستای ئامێری مۆسیقیی بینی. لە تەمبەڵ تەمبەڵتر بوو. سەری بە ئەژنۆکانی کردبوو. بیلاکوا گوتی چەند لە تۆبەکردن دواکەوتم، دەبێ ئەوەندە لە شوێنی خۆم بمێنمەوە. تەنیا ئەگەر دوعای خێرم لە پیاوچاکێکەوە بۆ بێ.

ڤیرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد تێهەڵبچنەوە و سەرکەون، چونکە درەنگیان بەسەردا هاتووە.



کاتێ کاریگەریی شادی، یان ئازار
دەکەوێتە سەر هەستێکمانەوە
ڕۆح سەرانسەر لەسەر ئەو هەستە چڕدەبێتەوە.[٢]
ئەو ڕۆحە لە خۆی زیاتر هەست بە هیچ هێزێ ناکا.
ئەمە پێچەوانەی ئەو هەڵەیەیە کە دەڵێ
لە ناخی ئێمەدا دوو هێزی ڕۆح یەک لەسەر ئەوەی تر دێ![٣]
کە شتێ دەبیسین، یان دەبینین،
ئەو شتە زۆر بە توندی ڕۆح بۆ خۆی ڕادەکێشێ،
کات دەڕوا و ئێمە هەستی پێ ناکەین!
هێزێ دەرک بە شتەکە[٤] دەکا
هێزەکەی دی سەرنجمان دادەگرێ.[٥]
یەکەم بەندە و دووەم ئازادە!
من تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەم لەگەڵ ئەمەدا هەیە.
گوێم لە ڕۆحێ بوو، بۆی کشام و پێی سەرسام بووم
ڕۆژ پەنجا پلەی تەواو هەڵکشابوو.[٦]
من هەستم پێ نەکردبوو!
کە گەیشتینە شوێنی ڕۆحەکان، بە یەک دەنگ هاواریان کرد:
(ئەوەتا ئەوەی ئێوە دەتانەوێ!)[٧]
کە ترێ دێ ڕەش ببێ[٨]
باخەوان شەنەدرکێک دێنێ و
کونێکی گەورەتری پێ دەگرێ
ڕابەرەکەم تەنیا کەلێنێکی بۆ سەرکەوتن
گرتە بەر و منیش بە دوایەوە.
گشت ڕۆحەکانمان جێهێشت
مرۆڤ لە (سان لیۆ)[٩] سەرکەوێ و لە (نۆلی)[١٠] دابەزێ
یان بە (کاکومی)[١١] و ترۆپکی (بیسمانتۆڤا)[١٢] هەڵزنێ
هەر بە پێ دەڕوا، بەڵام لێرە پیاو دەبێ بە فڕین بفڕێ![١٣]
دەبوایە بە دوو باڵی تیژ و پەڕی خێرای[١٤]

ئارەزوویەکی گەورەوە، لە دوای ڕابەرەکەم[١٥] بڕۆم،
کە ئومێدی پێ دەبەخشیم و ڕێی بۆ ڕوون دەکردمەوە! (٣٠)
بەناو شکێر و گابەرددا سەرکەوتین
دیواری لێوار لە هەردوو لا تەنگیان پێ هەڵچنین.
زەویی ژێرمان ویستی دەست و پێ بخەینە کار! (٣٣)
کە گەیشتینە سەر لێواری بەرزی چیا
لای گۆڕایی و پانتاییەکی کراوە،
گوتم: (مامۆستا، ئێستا کام ڕێگە بگرینە بەر؟) (٣٦)
پێی گوتم: (ئیتر مەگەڕێوە دواوە،
دوابەدوای من سەرکەوە بۆ سەر چیا!
تا ڕێزانێکی هۆزانمان لێ پەیدا دەبێ.) (٣٩)
گوپیتکی چیا ئەوەندە بەرز بوو، لە مەودای چاودا نەبوو
لێواری زۆر ڕک و ماهی بوو
لە هێڵی نێوان چارەکی بازنە و چەقەکەی ڕکتر بوو.[١٦] (٤٢)
زۆر شەکەت بووم، گوتم:
(ئەی باوکی میهرەبان، ئاوڕێکم لێ بدەوە،
سەیر کە، ئەگەر چاوەڕێم نەکەی، جێدەمێنم!) (٤٥)
پێی گوتم: (ڕۆڵە، تا ئەوێ لاقت لە دوو خۆت ڕاکێشە.)[١٧]
نەختێ لە سەرەوە، تیشە شاخێکی نیشان دام
بە دەوری چیادا دەسووڕایەوە. (٤٨)
قسەکەی بە جۆرێ دنەی دام
تەقەللام دا، لەسەر دەست و پێ، چوومە پێش[١٨]
تا پێم نایە سەر ئەو تیشە شاخە بازنەییە. (٥١)
لەوێ، هەردووکمان دانیشتین و ئاوڕمان دایەوە
بۆ لای ڕۆژهەڵات[١٩] کە لەولا سەرکەوتبووین
مرۆڤ حەز دەکا سەیری ئەو لایە بکا کە لێیەوە هاتووە! (٥٤)
یەکەم جار چاوم بڕییە هەڵدێری خوارەوەمان
ئینجا چاوم هەڵبڕی بۆ ڕۆژ. زۆرم پێ سەیربوو

که دیم له لای چەپەوە تیشکی لێ دەداین! (٥٧)
شاعیر، زۆر چاک زانیی، زۆرم پێ سەیرە
گالیسکەی ڕووناکی[٢٠] دەبینم
بە نێوان ئێمە و بای باکووردا[٢١] تێدەپەڕێ! (٦٠)
پێی گوتم: (ئەگەر (کاستۆری) و (پۆلوچی)[٢٢]
لەگەڵ ئەو ئاوێنەیەدا[٢٣] بان،
که ڕووناکی بە سەرەوەوە و خوارەوە دەدا، (٦٣)
لای داگیرساوی ناوچەی کەلووەکانت[٢٤] دەدی
لە شوێنێکی نزیک دوو ورچەکە چەرخ دەدا
ئەگەر خۆر لە خولگەی خۆی دەرنەچووبێ (٦٦)
بۆ ئەوەی بزانی ئەمە چۆن ڕوودەدا،
مێشکت بگوشە و بیر بکەوە
ئەم چیایە و چیای زایۆن[٢٥] (٦٩)
یەک ئاسۆیان هەیە و لەدووی نیوەگۆی زەویدان.
ئەگەر ورد بڕوانی دەبینی
ئێستا (فیتۆن)[٢٦] گالیسکەی لەو ڕێیەدا باش دەهاژوا (٧٢)
ئەگەر بە ئەقڵ وردیی لێ بکەی،
لە لایەکەوە بەرەو ئەم چیایە دەچێ و
لە لاکەی تر بەرە و خاڵی دووەم.
پێم گوت: (دڵنیام، مامۆستام!
بیرم کول بوو بەرامبەر تێگەیشتنی
هەرگیز وەکو ئێستا بە ڕوونی نەمدیوە. (٧٨)
ئەڵقەی ناوەڕاستی ئاسمانی باڵا
که لە زانستی خۆیدا[٢٧] پێی دەڵێن ئیستیوا،
هەمیشە لە نێوان زستان و هاویندایە! (٨١)
لەبەر ئەو هۆیەی پێت گوتم
لەم شوێنەدا[٢٨] بەرەو باکوور دووردەکەوێتەوە
کە عیبرییەکان دەیبینن بەرە و ناوچەی گەرم دەچێ. (٨٤)

ئەگەر حەز دەکەی، پێم خۆشە بزانم
دەبێ چەند بڕۆین؟ چونکە چیا زۆر بەرزە
لە ڕادەی مەودای چاوی من بەرزترە!) (٨٧)
وەڵامی دامەوە: (ئەم چیایە، سروشتی وایە.
سەرەتا، دامێنی زۆر سەختە،
مرۆڤ، تا زیاتر سەرکەوێ، کەمتر ماندوو دەبێ. (٩٠)
کە چیات بە لاوە خۆش و دڵگر بوو،
وەک شۆڕبوونەوەی بەلەم بەدەم تەوژمی ئاوەوە،
سەرکەوتنت لا سووک و ئاسان دەبێ. (٩٣)
دەگەیتە کۆتایی ڕێ و
لەوێ ماندووت دەحەسێتەوە!
لەوە زیاترت پێ ناڵێم، ئەوەیە ڕاستی). (٩٦)
هەر هێندە ئەم قسانەی کرد،
گوێم لێ بوو دەنگێ لە نزیکەوە هات:
(ڕەنگە پێش کۆتایی پێویستت بە دانیشتن بێ) (٩٩)
کە ئەم قسەیەمان بیست، هەردووک ئاوڕمان دایەوە،
شاخێکمان لای دەستەچەپی خۆمانەوە دی،
پێشتر هەستمان پێ نەکردبوو! (١٠٢)
ڕوومان کردە ئەولا. هەندێ کەسمان دی
لەبەر سێبەری پشت شاخەکە پاڵکەوتبوون،
وەک یەکێ لە تەمبەڵییان پاڵبکەوێ! (١٠٥)
یەکێکیان لە بەرچاوم شەکەت و کەشەنگ بوو
دەستەوئەژنۆ دانیشتبوو،
سەری خستبووە بەینی ئەژنۆکانی. (١٠٨)
گوتم: (ئەی گەورەی میهرەبانم،
سەرنجێ لەم پیاوە بدە، ئەوەندە خاو و سست دیارە.
دەڵێی لە تەمبەڵ تەمبەڵترە.) (١١١)
کابرا ئاوڕی لێ داینەوە و بە وردی تێمان ڕاما،

سەری لەسەر کەشکەژنۆی هەڵبڕی،
پێی گوتم: (ئەگەر ئازای لێرە زیاتر سەرکەوە!) (١١٤)
ناسیمەوە کێیە! ئەو شەکەتییەی
هێنکەهێنکی پێ خستبووم
ڕێی چوونە لای لێ نەگرتم. (١١٧)
کە گەیشتمە لایەوە، هەر ئەوەتە سەری بەرزکردەوە،
گوتی: (باشت دی خور [٢٩]چۆن
گالیسکەی لای دەستەچەپ دەهاژوا!؟) (١٢٠)
بە شێوەی تەوەزەل و قسەی کورتی
بزەیەکی سووکم کەوتە سەر لێو، گوتم:
(سووم لە تۆ نییە، بیلاکوا [٣٠] (١٢٣)
بەڵام پێم بڵێ: (تۆ بۆچی لێرە دانیشتووی؟
ئایا چاوەڕێی هاوڕێیەک دەکەی؟
یان گەڕاویتەوە سەر خووی جارانت؟) (١٢٦)
وەڵامی دامەوە: (برام، سەرکەوتن سوودی چی هەیە؟
باڵندەی یەزدانی[٣١] لەبەر دەروازە[٣٢] دانیشتووە،
لێناگەڕێ بچمە مەیدانی ئەشکەنجە! (١٢٩)
ئاسمان، لە ژیانمدا چەند جار سووڕاوەتەوە،
دەبێ لێرەیش ئەوەندە بە دەورمدا بسووڕێتەوە[٣٣].
چونکە تا دوامینی عومرم پەنام بۆ تۆبە و پەشیمانی نەبردا (١٣٢)
ئەگەر پێشتر نزایەک فریام نەکەوێ[٣٤]
لە دڵێکی پڕ نیعمەتی خوداوە هاتبێ.
نزای تر سوودی چییە؟ کە لە ئاسمان گوێی پێ نەدرێ! (١٣٥)
شاعیر بەپێشم کەوت و بە چیادا هەڵگەڕا
گوتی: (وەرە سەیر کە چۆن ڕۆژ
لە بەرزایی نیوەڕۆ وەستاوە، کەچی لە کەناری ڕۆژئاوا، (١٣٨)
شەو پێی ناوەتە سەر مەراکش[٣٥] (١٣٩)

## پەراوێزەکانی سروودی چوارەم

١. ئەمە سروودی ئەو کەمتەرخەم و تەمبەڵانەیە کە درەنگ تۆبەیان کردووە. پێیشی دەگوترێ:
سروودی (بیلاکوا).

٢. واتە: کاتێ کاریگەریی شادی، یان ئازار لەسەر هێزێکی دەروونی مرۆڤ خەستدەبێتەوە، دەروون بایەخی زۆری خۆی دەخاتە سەر ئەو کاریگەرییە.

٣. ئاماژەیە بۆ ئەو تیۆرە فەلسەفییە کە ڕۆحی بنیادەم خاوەنی سێ هێزی جیایە: گەشە و هەست و ژیری، کە بە سێ شێوە دەردەکەون: ڕووەکی و هەستەوەری و ئەقڵی. (ڕووەکی لە جگەر و هەستەوەری لە دڵ و ئەقڵی لە مێشکدایە.) کاتێ هێزێک لەو سێ هێزانەی ڕۆح دەکەوێتە ژێر شادی، یان ئازارێکی زۆرەوە، ڕۆح (شۆڕدەبێتەوە ناوەخۆی) و هەموو توانای خۆی دەخاتە سەر ئەو هێزە و بە شێوەیەکی کاتی دوو هێزەکەی تر لە بیر خۆی دەباتەوە، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەیە بۆ تیۆری (مانەوی). (ئەوسا پێڕەوکەری مانەوی لە ئەورووپادا ژمارەیان زۆر بوو). ئەم ئایینە لەسەر بنەمای دوو هێزی چاکە و خراپە (ڕووناکی و تاریکی) (ئەهرومەزدا و ئەهریمەن) دامەزراوە. پاپا زۆر لە بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە دەترسا. ناوی نابوو (خراپترین بیدعە). یەکێ لە جەنگەکانی خاچپەروەران ئامانجی سەرکوتکردنی مانەوییەکانی باشووری فەرەنسا بوو. کاتۆلیکەکان وایان بڵاو دەکردەوە گوایە مانەوی بڕوایان وایە مرۆڤ دوو ڕۆحی هەیە.

٤. واتە: هەستی بیستن.

٥. واتە: کاتێ هەستی بیستن دەکەوێتە کار، ئەقڵ لە کارکردن دەوەستێ، مەبەست ئەوەیە ئەگەر خەریکی کارێکی گرنگ بێ، هەست بە دەوروبەری خۆی ناکا.

٦. ئێستا خۆر (٥٠) پلە لە ئاسۆ بەرز بووەتەوە و ڕۆژ سەعات شەشی بەیانی هەڵدێ. کەواتە ئێستا سەعات چەندە؟ دیارە خۆر بە ٢٤ سەعات، (٣٦٠) پلە دەبڕێ، یانی بە سەعاتێک ١٥ پلە تەی دەکا. هەر پلەیەک بە چوار دەقیقە... ٥٠x4= 200 دەقیقە ٢٠٠٠÷٦٠= ٣,٢٠ واتە سێ سەعات و ٢٠دەقیقە. بەم پێیە ئێستا دەق سەعات نۆ و بیست دەقیقەیە.

٧. یانی ئەمە ئەو کوێرەڕێیەیە کە بە دوایدا دەگەڕان و دەیانباتە سەر کێوی بەرزەخ.

٨. واتە: ئەو کاتەی ترێ پێدەگا و ڕەزەوان دەبێ زیاتر وریای ڕەزەکەی بێ.

٩. سانلیۆ –sanleo قەڵایەکی سەختە لە نزیک کۆماری (سان مارینۆ). لە سەردەمی دانتیدا کەوتبووە دۆکنشینی (ئۆربینۆ)ی چیایی.

١٠. نۆلی –Noli: قەڵایەکە لە لیگوریا. لە کەناری باکووری ڕۆژاوای ئیتالیا. بەشیکە لە (دیڤییرا)ی ئیتالیا. دەکەویتە نیوان ساڤۆنا و فینالی، لەسەر شاخیکی سەخت ڕۆنراوە.

١١. کاککومی – caccume: قوللدیەکی بەرزە لە زنجیرەچیای (ئاپیننینۆ)، لە نزیک فرۆسینۆنی لە ناوچەی ڕۆما. قەدپاڵەکانی زۆر لات و ڕکە.

١٢ بیسمانتۆڤا –Bismantova: گوندیکە لە قەدپاڵی چیایەکی زۆر سەخت، لە باشووری ڕجیانۆ، لە دۆکنشینی (میدنا)

١٣. واتە: کێوەکە، لێرە، لە شوێنەکانی دی، زەرد و لات و ڕکترە، بەبێ باڵ ناتوانی بەسەری بکەوی.

١٤. واتە دوو باڵی (هیوا و باوەڕ) کە مرۆڤ بەرەو پایەی شادی و بەختەوەریی باڵا بەرز دەکاتەوە.

١٥. مەبەست ڤیرجیلیۆیە.

١٦. بازنە ٣٦٠ پلەیە. چواریەکی بازنە دەکاتە ٩٠ پلە و نیو چواریەک دەکاتە ٤٥ پلە. مەبەست ئەوەیە چیا لەو شوێنە زۆر ڕک بوو.

١٧. واتە کێوەکە ئەوەندە سەخت بوو دەبوایە لەسەر چوارپەل بڕۆن، ئینجا دەیانتوانی سەرکەون.

١٨. دانتی لەسەر دەست و پێ دەڕوا بۆ ئەوەی بگاتەوە ڤیرجیلیۆ.

١٩. سەیری ڕۆژهەڵاتی کرد. ئەمە ڕەمزی نوێژ و خواپەرستییە.

٢٠. واتە خۆر.

٢١. بای باکوور –aquiline: بایەکی توند و ساردە. دانتی مەبەستی باکوورە.

٢٢. کاستۆری –castore و پۆلوچی –polluce دوو ئەستێرەی جمکی بورجی (جەوزا)ن. لەو کاتەی ساڵدا، نەختێ لە بورجی (کاوڕ) زیاتر بە لای باکووردان. لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئەمانە جمکی (ڕیوس) و (لیدا)ن، پارێزەری کەشتیی ناو دەریان. بە ئازا بەناوبانگن. دانتی مەبەستی ئاماژەکردنە بۆ بورجی (جەوزا)، ئەمەیش وا دەگەیەنێ کاتێ خۆر لە بورجی جمکدا بێ – حوزێران و تەمموز- ئەو ناوچەیەی لە ئەڵقەی بورجەکان خۆری تێدایە، زیاتر لە ورچی گەورە و ورچی بچووک نزیک دەکەوێتەوە. واتە زیاتر بەرەو باکوور دەجووڵێن.

٢٣. مەبەست لەو ئاوێنەیە خۆرە.

٢٤. ناوچەی بورجەکان (زادیاک –zadiaco) ئەڵقەیەکی گریمانەییە، ئەو دوازدە بورجەی تێدایە کە خۆر لە سووڕانەوەی ساڵانەی خۆیدا پێیاندا دەڕوا. (تەواوە): ئاماژەیە بەو بەشەی ناوچەی بورجەکان کە خۆری تێدایە و خۆر بە گەرمی خۆی

دەیتوێنێتەوە. مەبەست لە دوو ورچەکە، ورچی گچکە و ورچی گەورەیە. مانای گشتیی ئەم دوو بەندە ئەمەیە: ئێستا خۆر، هەرچەندە لە بەرچاوی تۆدا، بە لای باکووردا دەبزوێ، لە ڕاستیدا لە بورجی (کاوڕ)دایە. کە بگاتە بورجی (جمک)، کە لە بورجی کاوڕ زیاتر بە لای باکووردایە، لەوەیش زیاتر لە کۆمەڵەی ورچی گەورە نزیک دەکەوێتەوە کە لە تەوەری باکوور نزیکترە. یانی زیاتر بە لای باکووردا دەجوولێ. لە ڕووی زانستی ئەستێرەناسییەوە، گۆشەی ئەستێرەکانی (جمک)۳۲ و گۆشەی (کاوڕ) ۲۳ یەکە.

۲۵. زایۆن –sion: یەکێکە لەو دوو چیایەی (بیت المقدس)ی لەسەرە و بووەتە ڕەمز بۆ بیت المقدس. لێرەدا مەبەست ئەوەیە شوێنی چیای زایۆن لەگەڵ بیت المقدس و کێوی بەرزەک بەراورد بکە کە ئێستا ئێمە لە داوێنیداین. پێشتر گوتمان لە جوگرافیای دانتیدا، بیت المقدس (ئۆرشەلیم) کە بەپێی باوەڕی مەسیحی، عیسای تێدا شەهید کرا، بڵندترین پنتی نیوەگۆی باکووری ئاوەدانی زەوییە، ڕێک دەکەوێتە پنتی بەرامبەر دوورگە و کێوی بەرزەک، بۆیە (بیت المقدس) و (بەرزەک) ئاسۆیان تەواو وەکو یەک وایە. ئەوەندە هەیە یەکێ لە باکوور و یەکێ لە باشوورە.

۲٦. فیتونی –Fetone: کوڕی خودانی خۆرە لە ئەفسانەی یۆنانیدا. ویستی ببێ بە عارەبانچیی خۆر و پەڕوباڵی سووتا. (دوزەخ، س۱۷، د۱۰٦)

۲۷. واتە زانستی ئەستێرەناسی.

۲۸. واتە: لە (بیت المقدس). مەبەست ئەوەیە: ئەگەر دانتی بە چاکی وردبێتەوە، دەزانێ بزووتنی خۆر لە باکووری خولگەی قرژاڵدا – واتە لە بیت المقدس، وا دەردەکەوێ لە چەپەوە بۆ ڕاستەیە، لە هەمان کاتدا، لە باشووری خولگەی (نێری)دا، (واتە لە کێوی بەرزەک)، وا دەردەکەوێ لە ڕاستەوە بۆ چەپە دەبزوێ.

۲۹. هێلی ئیستیوا، لە هەردوو نیوەگۆی زەویدا هاوین و زستان لێک جیادەکاتەوە. مەبەستی دانتی لە وشەی (خۆر)، هاوینە.

۳۰. (بیلاکوا –Belaqua: مۆسیقارێکی فلۆرەنسی بوو. بە دروستکردنی چەنگ و سێ تار ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد. بە گاڵتەبازی دەورگێڕی کومێدیا ناسرابوو. زۆر تەوەزەل بوو. برادەری دانتی بوو. دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێ دانتی لێی پرسی: (بۆچی ئەوەندە حەز لە تەمبەڵی دەکەی؟) ئەویش لە وەڵامدا، ڕستەیەکی ئەرەستۆی بۆ هێنایەوە کە دەڵێ: (پیاو بە دانیشتن و پشوودان لە گۆشەیەکدا، دەتوانێ ببێ بە پیاوێکی ئاقڵ.) دانتیش گوتی: ئەگەر ئاقڵبوون بەوەندە بێ، تۆ گەورەترین پیاوی ئاقڵی دونیای.

٣١. باڵندەی ئاسمانی واتە فریشتەی پاسەوان. دەروازەی بەرزەک تەنیا بۆ ئەوانە دەکاتەوە، کە شیاوی چوونە ژوورەوەن. (بەرزەک، س٩: د٧٦ – ٧٨).

٣٢. دەروازەی سەرەکیی بەرزەک.

٣٣. ئەمە یاسایەکی تازەی ترە لە یاساکانی ئەو دونیای دانتی. بەپێی ئەو یاسایە، ئەو کەسانەی چاوەڕێیان کردووە لە کۆتایی تەمەنیان تۆبە بکەن و ئەوسا تۆبەیان کردووە، دەبێ بەقەد ماوەی ژیانی سەر زەویی خۆیان، بێ ئەرک لە دۆزەخ بمێننەوە، ئەوسا چوونە دەورانی پاکبوونەوەیان پێ دەدرێ.

٣٤. لە دوعا و نوێژ بەولاوە هیچ شتێ ماوەی پاکبوونەوەی (بیلاکوا) کەم ناکاتەوە، بۆیە (بیلاکوا) هیچ ناجووڵێتەوە، چاوەڕێی تەواوبوونی ئەو ماوەیە دەکا کە بۆی داندراوە، ئەمەیش لەگەڵ تەمبەڵی و تەوەزەلیی خوێدا دەگونجێ لە دونیادا، ئەمە جۆرە داخ و لە هەمان کاتدا ڕازیبوونێکی تێدایە بە حوکمی چارەنووس.

٣٥. واتە کات لە بەرزەک نیوەڕۆیە، کەچی ئێستا لە (مەراکش)، کە سنووری ڕۆژئاوای دونیای ئاوەدانە، شەو داهاتووە.

***

# سروودی پێنجەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی بەرزەک


## دەستەی کەمتەرخەمان

دانتی لە دوای ڕابەرەکەی دەڕۆیشت. ڕۆحەکان زانییان ئەمە مرۆڤێکی زیندووە، چونکە سێبەری کەوتبووە سەر شاخ. بە واقی وڕ تەماشایان کرد. ڤیرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد لێگەڕێ ڕۆحەکان بە چپەدوو بدوێن و گوێ بە قسەیان نەدا. وەک بورجێ کە هەرگیز ترۆپکەکەی لەبەر ڕەشەبادا ناجوولێ. دوو ڕۆح بەلەز لە شاعیرەکان نزیککەوتنەوە بۆ ئەوەی بزانن کێن. زانییان دانتی مرۆڤێکی گۆشت و خوێنە. ڕۆحەکان دەوریان دان و داوایان کرد نەختێ بوەستن بۆ ئەوەی دانتی دەنگوباسیان بۆ سەر دونیا بباتەوە. ئەو ڕۆحانە ڕۆحی ئەو کەسانە بوون کە کوژرابوون و تا دواساتی ژیانیان بۆیان نەلوابوو تۆبە بکەن. دانتی ئامادەیی دەربڕی هەرچی بتوانێ بۆیان بکا.

یاکۆپۆ دیل کاسسێرۆ داوای لێ کرد بە خەڵکی فانۆ بڵێ دوعای بۆ بکەن تا لە گوناهەکانی پاک بێتەوە. باسی بریندارییی خۆی بۆ کرد، گوتی ئەگەر بۆ میرا ڕام بکردایە لە ئۆریاکۆ نەدەکوژرام.

بونکونتی دی مۆنتفلترۆ گوتی لەسەر دونیادا کەس منی لە بیر نییە، تەنانەت جیۆڤانای کچیشم. باسی کوژرانی خۆی کرد لە شەڕی کامپالدینۆ. باسی کرد چۆن باران هات و بوو بە لەهی و تەرمەکەی فڕێدایە ناو ڕووباری ئارنۆ.

پیا دا تۆلۆمبی داوای لە دانتی کرد کە گەڕایەوە سەر دونیا باسی بکا. باسی کرد کە لە سیێنا لە دایک بووە و لە ماریمما مردووە.



ڕۆحەکانم جێهێشت[2] و
شوێن هەنگاوی ڕابەرەکەم کەوتم
ڕۆحێ لە دواوە پەنجەی بۆ ڕاداشتم[3] (٣)
هاواری کرد: (سەیر کەن! تیشکی خۆر
لای چەپی ئەو پیاوەی دواوە ڕووناک ناکاتەوە.[4]
هەر دەڵێی زیندووە و هەنگاو دەنێ.) (٦)
لەگەڵ ئەم قسانەدا، چاوم لە دواوە گێڕا
دیم بە حەپەساوی سەیریان دەکردم
تەنیا سەیری من. من و تیشکی داشکاوە. (٩)
مامۆستا گوتی: (بۆچی وا چوویتە ژێری و
هەنگاوت سست بووە؟
چرپەی ئەمانە چ کارێکت لێ دەکا؟ (١٢)
تۆ وەرە دووم، لێیان گەڕێ، چ دەڵێن با بڵێن!
وەک ئەو بورجە بە ٥ کە ترۆپکی پتەوی
هەرگیز بەدەم باوە ناچەمێتەوە! (١٥)
ئەوەی مێشکی، بیر لەسەر بیری لێ هەڵبقوڵێ
لە ئامانجی خۆی دووردەکەوێتەوە
چونکە هەر بیرە و گوڕی بیرەکەی تر کەم دەکاتەوە.) (١٨)
چی وەلام بدەمەوە؟ هەر توانیم بڵێم: (وا هاتم)!
وام گوت و پەردەیەکی ئەو ڕەنگەم کەوتە سەر ڕوو[6]
کە وا لە مرۆڤ دەکا شایەنی بوردن بێ. (٢١)
لەو کاتەدا هەندێ کەس
لە هەوراز ئێمەوە، لە کەنارەوە قەدبڕ دەهاتن و[7]
دێڕ دێڕ سروودی (خودایە ڕەحممان پێ بکە)[8]یان دەچڕی. (٢٤)
کە دیتیان لەشی من
تیشکی خۆر دەگێڕێتەوە
بە (ئۆ)یەکی کەرخ و درێژ، سروودەکەیان بڕی! (٢٧)
دوویان، وەکو تەتەر،

به ڕاکردن بەرەو لامان هاتن و پرسییان:
(پێمان بڵێن ئێوە چین؟) (٣٠)
مامۆستام گوتی: (بڕۆن،
بەوانە بڵێن کە ئێوەیان ناردووە:
ئەم پیاوە بەڕاستی لەشی گۆشت و خوێنە! (٣٣)
ئەگەر وەستاون تا سەیری سێبەری بکەن
ئەوەندە وەلامەم بەسە!
با بێن ئیکلامی بۆ بکێشن. بۆ خۆیان باشە!)٩ (٣٦)
هەرگیز نەمدیوە هەڵمی گڕگرتووی ئێوارە[١٠]
یان هەوری کاتی زەردەڕپەڕی ئاب[١١]
ئاوها خێرا هەوای ڕوون و ساف شەق بکا. (٣٩)
وەک ئەم دووە، کە خێرا سەرکەوتن و
کە گەیشتنە ئەوێ، وەک ڕەوەی بێ ڕەوەوان
لەگەڵ ئەوانی کە هاتنەوە لامان [١٢](٤٢)
شاعیر گوتی: (ئەم شەماتە زۆرە
بە غار دێن ئیکلامت بۆ بکێشن. تۆ بڕۆ و
بەدەم ڕۆیشتنەوە گوێ لە قسەیان بگرە! (٤٥)
هاتن و هاواریان کرد: (ئەی ئەو ڕۆحەی بەو جەستەی
لەوەتی بووی تێیدای، بەرەو بەختەوەری دەچی
نەختێ پێت گران کە! (٤٨)
سەیرکە داخۆ پێشتر کەست لە ئێمە نەدیوە.
بۆ ئەوەی خەبەری بۆ ئەو دونیا ببەیتەوە[١٣]،
ئاخ! بۆ دەڕۆی؟! داخ! بۆ ناوەستی؟! (٥١)
ئێمە هەموو بە مەرگی خوێناوی مردین[١٤]
تا دواسات، گوناهبار بووین،
لە دواساتدا، نووری یەزدانی چاوودڵی ڕوون کردینەوە. (٥٤)
بە تۆبە و بوردن، لە ژیان دەرچووین
لەگەڵ خوا ئاشتبووینەوە.

ئێستا بە بلێسەی تاسەی بینینی خوا دەسووتێین!) (٥٧)
گوتم: (ئەوندەی لێتان ورد دەبمەوە
کەستان ناناسم، بەڵام ئەگەر شتێکتان دەوێ
بە من بکرێ، ئەی ڕۆحە نەجیبزادەکان،[١٥] (٦٠)
پێم بڵێن بۆتان دەکەم، سوێندم بەو ئاشتییەی
دنەم دەدا، شوێن ڕابەرێکی گەورەی وەک ئەمە بکەوم و
ئەم دونیایە و ئەو دونیای بەدوادا بگەڕێم.) (٦٣)
یەکێکیان[١٦] هاتە دەنگ: (هەمووومان متمانەمان
بە کردەوەی چاکی تۆ هەیە، پێویست بە سوێند ناکا،
چی لە دەستت بێ دریغی ناکەی! (٦٦)
تکایە، من، کە پێش ئەوانی دی
قسەت لەگەڵ دەکەم، ئەگەر ڕۆژێ ڕێت کەوتە
وڵاتی نێوان خاکی ڕۆمانیا و مولکەکانی (کارلۆ)، (٦٩)
لوتف بکە و لە (فانۆ)[١٧] داوایان لێ بکە
نزا و دوعای خێرم بۆ بکەن
بۆ ئەوەی لە گوناهە گەورەکانم پاک ببمەوە! (٧٢)
من لەوێ لە دایکبووم، بەڵام ڕۆڵەکانی
(ئانتینۆرا)[١٨] برینێکیان لە سینگ کردم
خوێنی[١٩] ژیانی لە لەش بەتاڵ کردم! (٧٥)
لەوێ، وامدەزانی لە هەموو شوێنێ ئەمینترم![٢٠]
کابرایەکی (ئێستی)ی[٢١] ئەو زەبرەی لێدام،
لە هەقی خۆم زیاتر لێم بە ڕک بوو!٢٢ (٧٨)
کاتێ، لە (ئۆریاکۆ)[٢٣] گەیشتنە سەرم،
ئەگەر بەرەو (میرا)[٢٤] ڕامکردبا،
ئێستایش لەو شوێنە مابووم کە هەناسەی تێدا دەدرێ.[٢٥] (٨١)
حەیف! بەرەو زەلکاو[٢٦] ڕام کرد و
لە ناو قوڕ و زەڵ چەقیم و بەربوومەوە،
دیم، یەک گۆمە خوێنم لە سەر زەوی کۆبووەتەوە! (٨٤)

ڕۆحێکی کە گوتی: (هیوادارم ئەو ئارەزووەی بۆ سەر چیا ڕاتدەکێشێ،
لەسەر چیای سەرکەش بۆت بێتە دی
تۆش بە نیازی پاک، وا بکە من ئارەزووم بێتە دی! (٨٧)
من (بۆن کۆنتی دا مونتی فیلترۆ)م[٢٧]
نە (جیۆڤاننا)٢٨ و نە هیتر، بە خێر یادم ناکەنەوە،[٢٩]
بۆیە سەرشۆڕی ناو ئەمانەم![٣٠]) (٩٠)
پێم گوت: (چ هێزێ، یان چ چارەنووسێ،
لە (کامپالدینۆ)٣١ دووری خستیتەوە و
کەس بە گۆڕەکەی نەزانیت؟[٣٢]) (٩٣)
وەڵامی دایەوە: (ئاخ! ڕووبارێ بە ناوی (ئارکیانۆ)[٣٣]
بە دامێنی (کازێنتینۆ)[٣٤]دا دەڕوا، سەرچاوەکەی لە چیای (ئاپێننینۆ) و[٣٥]
لە هەوراز (ئێرمۆ)[٣٦] هەڵدەقوڵێ (٩٦)
بە گەروو بڕاوی، بە پێ ڕامکرد
تا ئەو شوێنەی ڕووبارەکە ناوی نامێنی.[٣٧]
هەموو دەشتودەرم بە خوێن ڕاگیرا. (٩٩)
لەوێ، سۆمای چاوم نەما و ساردبوومەوە.
لەگەڵ ناوی مێرەم[٣٨] زمانم بڕا و بەربوومەوە.
تەنیا جەستەم لەوێ مایەوە. (١٠٢)
ڕاستیت پێ دەڵێم تا بە زیندووانی بڵێی:
فریشتەی ئاسمان بردمی، بەڵام فریشتەی دۆزەخ[٣٩]
هاواری کرد: (ئەی نێردەی ئاسمان بۆ لێمی دەڕفێنی؟!)[٤٠] (١٠٥)
تۆ لەتە جاویدانەکەی ئەم پیاوە[٤١]
بۆ دڵۆپە فرمێسکێکی بچووک ڕادەپسکێنی،
من ئیشێکی ترم بە لەتەکەی تر هەیە. (١٠٨)
خۆت دەزانی چۆن هەڵمی تەڕ لە هەوادا کۆدەبێتەوە،[٤٢]
کە بەرزدەبێتەوە، سەرما هەڵیدەپێچێ و
دووبارە دەبێتەوە بە ئاو. (١١١)
ئەوسا نیازی پیس، کە تەنیا لە بەدکاری دەگەڕێ،

لەگەڵ ئاوەز یەکی گرت و بەو هێزەی لە سروشتی خۆیدایە،
(با) و (تەم)ی جوولاند (١١٤)
لەگەڵ ڕۆژئاوا، سەراپای دۆڵەکەی
لە (پراتۆمانیۆ)[٤٣]وە تا چیای سەرکەش[٤٤] بە تەم داپۆشی و
ئاسمانی لە سەرەوە قورس کرد! (١١٧)
هەوای پڕ هەڵمی کرد بە ئاو و دایکردە باران،
ئەو ئاوەی زەوی پێی قووت نەدرا،
بۆ زەلکاوەکانی برد![٤٥] (١٢٠)
ئاوەکە تێکەڵ ڕووباری شاهانە[٤٦] بوو و
بە خوڕ ڕژایە ناو شاڕووبار
کە بەری بە هیچ شتێ ناگیرێ.(١٢٣)
(ئارکیانۆ)[٤٧]ی خوڕڕەم لەدەم ڕێژگەکەیدا
گەیشتە سەر جەستەم و
فڕێیدامە ناو (ئارنۆ) و خاچەکەی لە سنگ کردمەوە. (١٢٦)
کە بەدەم ئازارەوە بە جەستەی خۆم دروستم کردبوو
ئاو لە هەردوو کەنار و لە بنەوە ڕایماڵیم.
ئینجا داپۆشیم و لە چەوی خۆی پێچام.) (١٢٩)
دوای ڕۆحی دووەم، ڕۆحێکی تر هەڵیدایێ:
(تۆ! کە گەڕایەوە سەر دونیا و
لە ڕەنجی ئەم سەفەرە سەختە حەسایتەوە، (١٣٢)
یادم بکەوە![٤٨] من (پیا)م[٤٩].
لە (سیێنا) لە دایکبووم و لە (مارێمما )کوژرام.
ئەو کەسە باش بەمە دەزانێ کە یەکەم جار (١٣٥)
ئەلقەی بەنگینی لە پەنجە کردم و زەماوەندی لەگەڵ سازدام. (١٣٦)

## پەراوێزەکانی سروودی پێنجەم

١. ئەمە سروودی کەمتەرخەمەکانە لە تۆبەکردن کە بە مردنێکی سەخت مردوون. پێشی دەگوترێ سروودی (یاکۆپۆ دیل کاسێرۆ)، یان سروودی (بونکونتی دی مونتیفێلترۆ)، یان سروودی (پیا دا تۆلۆمبی).

٢. واتە لە (بیلاکوا) و هاوڕێکانی دوورکەوتەوە.

٣. بە پەنجە ئاماژە دەکا بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوانی دی بۆ دانتی ڕابکێشێ کە سێبەری هەیە.

٤. ڕۆحەکان، کە دیتیان دانتی مرۆڤێکی زیندووە، واقیان وڕما.

٥. ڤیرجیلیۆ داوا لە دانتی دەکا وەکو بورجی بەرز و پتەو وا بێ کە خۆی بەرامبەر ڕەشەبا ڕادەگرێ. ڤیرجیلیۆ، یان دانتی لەسەر زمانی ڤیرجیلیۆ لە چپەدووی ڕۆح و خەڵکەوە بۆ قسە و ژاوەژاویان دەچێ. ئەو پێی وایە نابێ قسە و مقۆمقۆی خەڵک ڕێگە لە مرۆڤی خاوەن ئیلهام بگرێ لە گەیشتنە ئامانجی خۆی. لەسەر زمانی ڤیرجیلیۆیش گوێمان لە دەنگی دانتی دەبێ گوزارشت لە تەقینەوەی ئەو دەروونە دەکا کە لە تەنیاییدا بەرز ڕاهاتووە و بە ورەیەکی پۆلایینەوە بەرهەڵستیی ژاوەژاو دەکا، ئیتر ڤیرجیلیۆ داوا لە دانتی دەکا شوێنی بکەوێ و گوێی لێ نەبێ خەڵک چی دەڵێن با بڵێن.

٦. واتە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا کە ڕەمزی شەرمکردنە.

٧. ئەمانە هەر بەتەمابوون تۆبە بکەن، کەچی لەپڕ وادەی مەرگیان هات، بۆیە لە دواساتی ژیانیاندا، بە گوناهبار مانەوە و ماوەیەکی زۆر لێرە لە پێشەکیی بەرزەکدا دەمێننەوە.

٨ ئەم ڕستەیە: miserere (ڕەحممان پێ بکە) سەرەتای زەبووری پەنجاویەکەمینە لە زەبوورەکانی داود. یەکێکە لە حەفت زەبووری تۆبەکردن. زەبوورەکە بەم جۆرەیە: (ئەی خوداوەند، بە ڕەحمی خۆت، بەزەییت پێمدا بێتەوەتە!. بە میهرەبانیی فراوانی خۆت، گوناهەکانم بسڕەوە. بە تەواوی لە سەرکەشییەکانم پاک پاک بمشۆرەوە و لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە. من ددان بە گوناهی خۆمدا دەنێم، هەمیشە گوناهەکانم لە بەرچاوە. تەنیا دەرهەق بە تۆ گوناهم کردووە و ئەو خراپەیەم بەرامبەر بە تۆ کردووە...)

بەندبەند ئەم زەبوورەیان دەخوێندەوە. یانی وەکو سروودخوانانی ئایینی کڵێسە. دەستەیەک بەندێکیان دەخوێندەوە و دەستەکەی دی بەندەکەی تریان دەخوێندەوە.

٩. واته دانتی دەچیتەوه سەر دونیا و دەتوانی لەوێ باسیان بکا و داوا لە کەسوکاریان بکا دوعا و خێریان بۆ بکەن و بەمەوە چاکەیەکی گەورەیان لەگەڵدا دەکا.

١٠. مەبەست شەهاب، یان برووسکەیە کە هاوین لە هەودا دەردەکەوێ. ئەو کاتە وایان زەن دەبرد ئەمە بە بەرزەبوونەوەی هەڵمدوو بۆ ئاسمان پەیدا دەبێ.

١١. هەوری ئاب –nuvole d'agosto: کە بە زاراوەی ئەستێرەناسی بۆ کۆمەڵە ئەستێرەیەک بەکار دێ پێیان دەگوترێ (پرسی).

١٢. ئەوانەی کوژران و لە دواساتی ژیانیاندا تۆبەیان کرد، لە پێشەکیی بەرزەکدا، لە هەموو ڕۆحەکان ئەشکەنجەیان گرانترە. ئەو بزۆزییەی هەیانە نیشانەی ئارەزووی زۆریانە بۆ ڕزگاری.

١٣. یانی خەبەری بۆ کەسوکاری بباتەوه سەر دونیا.

١٤. واته به مەرگی کتوپڕی خوێنین (per forza morti).

١٥. یانی ئەو ڕۆحانەی پاک دەبنەوه و بەرز دەبنەوه بۆ بەهەشت. دانتی زاراوەی (ben nati- شەریفزادە)ی بەرامبەر (mal nati– بەدزادە) بەکار هێناوە کە پێشتر بۆ دۆزەخییان بەکاری هێناوە (دۆزەخ، س٥، د٧).

١٦. جاکۆپۆ دێل کاسسێرۆ دافانۆ –Ja copo del cassero da fano ): خەڵکی (مارکا دانکۆنا) بوو، کە دەکەوێتە نێوان هەرێمی (ڕۆمانیا Romgna) و (ناپۆلی Nopoli)، ئەوکاتە شازادەی فەرەنسی (شارل دانژوو) پاشای ناپۆلی بوو کە ناوەکەی بە ئیتالی دەبێ بە (کارلۆ). لەبەر ئەوەیە دانتی ناوچەی ناپۆلی بە وڵاتی کارلۆ ناودەبا. ئەمە یەکێ بوو لە سەرکردەی گەلفەکان لە (فانۆ)! ساڵی ١٢٨٨، لەگەڵ هێزی فلۆرەنسا لەگەڵ (گیبیللینی)یەکانی هەرێمی (ئارێتسۆ) جەنگا و ساڵانی ١٢٩٦ – ١٢٩٧ بوو بە یەکێ لە سەرکردەکانی بۆلۆنیا. لەو ناوچەیەدا بوو کە لەگەڵ (ئاتسودا ئێستی)ی ناسراو بە ئاتسۆی هەشتەم، کە فەرمانڕەوای شاری (فێرڕارە) بوو، کەوتە جەنگ. ساڵی ١٢٩٨، بوو بە سەرۆکی دادوەرانی (میلان) و لە ڕێگەی (ڤنیسیا) و (پادوا)وە ڕووی کردە میلان بۆ ئەوەی ناچار نەبێ بە هەرێمی فێرڕارەی ژێر فەرمانڕەوای (ئاتسۆ)دا بڕوا، بەڵام (ئاتسۆ) خەڵکی نارده سەر ڕێگە و لای گۆلی (ئۆریاگۆ oriago)، لە کەناری ڕووباری (برێنتا –Brenta) کوشتیان و پاشان جەنازەکەیان بردەوە شاری (فانۆ Fano) و لە کڵێسەی (سان دۆمینیکۆ)ی ئەو شارە ناشتیان.

١٧. (فانۆ –Fano) دەکەوێتە نێوان ڕۆمانیا و قەڵەمڕەوی ناپۆلی کە لەژێر فەرمانڕەوای شارل دانژۆی فەرەنسیدا بوو. (دۆزەخ، س٢٨،د ٧٦).

١٨. (ئانتینۆری –Antenore): قارەمانێکی ئەفسانەی تەروادە بوو. ڕۆمانەکان بڕوایان وایە ئەو شاری (پادوا –Padva)ی ئیتالی دروستکردووە. خەڵکی ئەو شارە خۆیان بە نەوەی ئەو پیاوە دەزانن، بۆیە (زێدی نەوەکانی ئانتینۆری) ئاماژەیە بۆ شاری (پادوا). لێرەدا مەبەست ئەوەیە خەڵکی (پادوا)، کە (یاکۆپۆ)یان لەناو کوژرا. نەوەی ئانتینۆریی تەروادەیین کە ئەڵقەی سێیەمی ناوچەی کۆچیتۆس لە دۆزەخدا بە ناوی ئەوەوە کراوە. (دۆزەخ: س٣٢، د ٨٨).

١٩. لە زەمانی کۆندا خوێنیان بە ڕۆح داناوە.

(٢٠) ئاماژەیە بۆ ئەوە، ڕێگەکەی گۆڕیوە و دووری خستووەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دوژمن تێک نەگیرێ.

٢١. مەبەست ئاتسۆی هەشتەمە (١٢٩٣ – ١٣٠٨) کە فەرمانڕەوای (فێرڕارە) بوو.

٢٢. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەم دوانە دوژمنی یەکتر بوون، بەڵام نەدەبوو بیگەیەننە ڕادەی یەکترکوشتن.

٢٣. ئۆریاکۆ –Oriaco: گوندێکە دەکەوێتە نێوان (پادوا) و (ڤینیسیا). لە ڤینیسیا نزیکترە. لە نزیک ئەو گوندەدا بوو یاکۆبۆ دیل کاسسیرۆ، لە نزیک گۆلاوی برێنتا، کوژرا.

٢٤. (میرا –Mira) گوندێکە دەکەوێتە نێوان شاری (پادوا) و گوندی (ئۆریاکۆ). (یاکۆبۆ) لەباتی ئەوەی بە لای یەکەمدا بڕوا، بە لای دووەمدا ڕۆیشت.

٢٥. یانی ئەگەر بۆ لای (میرا) ڕایبکردایە، نەدەکوژرا.

٢٦. ئەو ناوچەیە پڕ بوو لە گۆل و زۆنگاو و قامیش و زەل و ناردین.

٢٧. (بوۆنکۆنتی دا مۆنتی فێلترۆ –Buon conte da Monte feltro) کوڕی (گویدۆ دا مۆنتی فێلترۆ) بوو (دۆزەخ، س٢٧، د ٦١– ١٢٦). ساڵی ١٢٨٧ دەورێکی گرنگی لە دەرکردنی گەلفەکان هەبوو لە ئارتسۆ. ساڵی پاشی لەگەڵ هێزەکانی (سیێنا) جەنگا و ساڵی دوای ئەویش (١٢٨٩) سەرکردایەتیی (گیبیللینی)یەکانی شاری ئارتسۆی کرد دژی هێزەکانی فلۆرنسا و لە حوزێرانی هەر ئەو ساڵەدا لە شەڕی بەناوبانگی (کامپالدینۆ) (campaldino–) کوژرا. (دۆزەخ، س١٣، د٦٠).

٢٨. جیۆڤاننا –Giovanna: ژنی (بوۆنکۆنتی) بوو. لەبەر ئەوەی یادی مێردەکەی خۆی نەدەکردەوە، مێردەکەی ئێستا ناچارە لەناو بەرزەکییەکانی تردا سەر دابنەوێنێ و بەڕێی خۆیدا بڕوا و بە تەنیا باری سەرشانی خۆی هەڵبگرێ.

٢٩. یانی: کەس دوعای بۆ ناکا. مەبەستی لە (گالاسیۆ دی مونتی فێلترۆ) و خزمەکەیەتی کە ساڵی ١٢٩٠ بوو بە فەرمانڕەوای ئاریتزۆ، هەروەها مەبەستی

فریدیکۆی برایەتی کە ساڵی ١٣٠٠ فەرمانڕەوای ئاریتزۆ بوو، هەروەها (مانتنیسا)ی کچی.

٣٠. بۆیە سەری دانەواندووە، چونکە غەمبار و شەرمەزارە لەبەر ئەوەی ئەوانەی کاتی خۆی خۆشی دەویستن و خزمەتی کردبوون، کەس باکی پێ نییە داخۆ ئەم چارەنووسی بە چ گەیشتووە و کەس دوعای خێری بۆ ناکا، بۆیە دەبێ ماوەیەکی زۆر لە پێشەکیی بەرزەکدا بمێنێتەوە.

٣١. کامپالدینۆ–Campaldino: دەشتێکە لە ناوچەی (کازێنتینۆ) لە دۆڵی ئارنۆی سەروو، لە نێوان (پۆپی) و (ببیینا). ڕۆژی ١١ی حوزیرانی ١٢٨٩ شەڕە بەناوبانگەکەی نێوان گەلفەکانی فلۆرەنسا و گیبیللینییەکانی ئاریتزۆ لێرە ڕووی دا. (دانتی) و (بوۆنکۆنتی) هەریەکە لە بەرەیەکەوە بەشداریی ئەم شەڕەیان کرد.

٣٢. کەس جەنازەی (بوۆنکۆنتی)ی نەدۆزییەوە.

٣٣. (ئارکیانۆ –Archiano): لقێکە لە ڕووباری (ئارنۆ). ناوچەی کازێنتینۆ لە ناوچەی ببیینا جیادەکاتەوە.

٣٤. کازێنتینۆ –casentio: گەلییەکە لە هەوراز ڕووباری (ئارنۆ). (دۆزەخ، س٣٠، د ٦٥).

٣٥. ئاپێننینۆ –Appennino: زنجیرەچیایەکی بەناوبانگە لە سەرتاسەری ئیتالیا.

٣٦. ئێرمۆ: ئاماژەیە بۆ (Ermo di camaldoli) کە دێرێکی بەناوبانگە، لە سەرەتای سەدەی یازدەدا، (سان ڕوموالدۆ) لە شوێنێکی بەرزی ناو جەنگەڵێکی چڕ دروستی کرد.

٣٧. ئاماژەیە بۆ شوێنی یەککرتنی دوو ڕووبارە بەناوبانگەی (ئارکیانۆ) و (ئارنۆ). دوو میل لە خوار (کۆمپالدینۆ).

٣٨. مەبەست حەزرەتی مریەمی دایکی حەزرەتی عیسایە کە لە سەدەکانی ناوەراستدا، باوەڕێکی سەیریان بە دەسەڵاتی ڕۆحی هەبوو. ئەم باوەڕە ئێستایش لەناو کاتۆلیکەکاندا ماوە.

٣٩. واتە: شەیتان.

٤٠. شەیتان بە مریدی خۆی دەزانی، بۆیە دەیەوێ ڕۆحەکەی ببا. جارێکی تریش کە کێشمەکێشمێکی ئاوها لە نێوان (سان فرانچیسکۆ سیزی)ی قەشەی گەورەی مەسیحی و فریشتەی دۆزەخ، لە بارەی ڕۆحی (گویدۆ دا مۆنتی فیلترۆ)ی باوکی ئەم ڕۆحە بەرزەکییە، ڕووی داوە. (دۆزەخ، س٢٧، د١١٢). لەوێ مشتومڕەکە بە بەرژەوەندیی شەیتانی دۆزەخ کۆتایی هاتووە و لێرە فریشتەی ئەشکەنجە شکستی خواردووە.

٤١. ئاماژەیە بۆ ڕۆحی (بوونکۆنتی).

٤٢. دانتی بەم جۆرە وێنەی بارانبارینەکە دەکێشێ. وێنەکەی لە باو و بارانی ڕۆژی شەڕی (کۆمپالدینۆ)وە وەرگرتووە.

٤٣. پراتۆمانیۆ –pratomagno: چیایەکە لە زنجیرەچیای نێوان ڕووباری (ئارنۆ) و هەرێمی (تۆسکانا).

٤٤. ئاماژەیە بۆ کێوی پۆجیۆسکالی Poggioscali، کە چیایەکە لە زنجیرە چیای (ئاپێننینۆ).

٤٥. ئاماژەیە بۆ جۆگە و بەست و شیوەکانی دەوروبەری (کازێنتینۆ).

٦٦. ڕووباری شاهانە: (lo fume real): ئاماژەیە بۆ ڕووباری گەورەی (ئارنۆ) کە لەناو ئەو جۆگە بچووکانە وەکو شا خۆی دەنوێنێ.

٤٧. یانی: پێش مردن، بازووەکانی بە نیشانەی (خاچ)، لەسەر سینگی خستبووە سەر یەک، بەڵام (ئارکیانۆ)، کە بە دەستی شەیتان هەڵچووبوو و ئامێری دەستی شەیتان بوو، دوای مردنی خاچەکەی پچڕاند.

٤٨. داوای شتێکی زەحمەت ناکا. ئەو ڕۆحە هەر ئەوەندەی لە دانتی دەوێ لە دونیادا ناوی بێنێ و باسی بکا، باسیش ناکا لە کوێ و لای کێ باسی بکا، چونکە هیچ برادەری ڕاستەقینەی لە دونیادا نییە. ئەو ئەوەندەی بەسە کە دانتی خۆی یادی بکاتەوە، یان لای کەسانی وا باسی بکا ئەگەر بزانن لە چ ئەشکەنجەیەکدایە، بەزەییان پێدا دێتەوە و دوعای بۆ دەکەن و بەمەوە ماوەی ئەشکەنجە و پاکبوونەوەی کەم دەبێتەوە.

٤٩. مەبەست (پیا)یە کە ژنێکی بنەماڵەی ناسراوی (تۆلۆمی)ی شاری سیێنا بوو. ژنی (نیلۆ، پاگانیلۆ دی پانۆکسکی) بوو کە سەرکردەی گەلفەکان و خاوەنی قەڵای پیێترا. Castellodi pietra بوو، لە ناوچەی ماریمما، کە دەکەوێتە نۆ میل ڕۆژاوای ماشا، لەسەر دەریای تیران. (پاگانیلۆ) بوو بە فەرمانڕەوای چەند شارێک، وەکو ڤۆلتێرا (١٢٧٧) و لوکا (١٣١٢) و ساڵی (١٢٨٤) بوو بە سەرکردەی گەلفەکان. ساڵی ١٣٢٢ کۆچی دوایی کرد. ئەم پیاوە ژنەکەی خۆی کوشت بۆ ئەوەی بتوانێ بێوەژنی (گی دو مۆنفۆرت)ی فەرمانڕەوای فەرەنسایی (تۆسکانا) بێنێ. هەندێکی تر دەڵێن: ڕەنگە (پاگانیلۆ) دڵی لە ژنەکەی خۆی پیسبووبێ، یان ویستبێتی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ژنێکی تر بێنێ کە (مارگریتا دی ئاندۆبراندسکی) بوو. ژنێکی دەوڵەمەند بوو. سێ جار تەڵاقدرابوو. دەڵێن (پاگانیلۆ)، (پیا)ی ژنی خۆی بەوە کوشت تووشی شوێنێکی کرد مەلاریای تێدا بڵاوبووبووەوە، ئەویش مەلاریای گرت و پێی مرد. هەندێکیش دەڵێن، ئەو ژنە (ساڵی ١٢٩٧) لەتەک پەنجەرەی ژووری خۆی

وەستابوو کە بەسەر گەڵی (ماریمما)دا دەیڕوانی. (پاگانێلۆ) یەکێ لە پیاوەکانی خۆی تێگەیاند چوو لە پشتەوە لاقی گرت و بڵندیکرد و لە قەڵاوە فڕێی دایە خوارێ. کەس جەنازەکەی نەدیتەوە. ئەم بەندە بە جۆرێ ناوبانگی (پیا)ی لە ئیتالیادا بڵاوکردەوە، ئیستایش کاتێ یەکێ داوا لە برادەرەکەی دەکا لە بیری نەکا، دەڵێ (لە بیرم مەکە، من پیام!)

(پیا) لە دڵسۆزی و هەستناسکییەوە زۆر لە (فرانچیسکا دا ڕیمینی) دەکا لە دۆزەخ. بەڵام (پیا) وەکو فرانچیسکا لە خۆشەویستیدا خۆی تووشی گوناه نەکرد. گوێی بەو غەدرە گەورەیە نەدا کە لێی کرا. شانازی بە بیرەوەریی خۆی دەکا لەگەڵ میردەکەی و یادی گۆڕینەوەی ئەڵقەی دەزگیرانیی دەکاتەوە. تەنیا بایەخ بە یادەوەریی چاک دەدا و هەموو هیوای ئەوەیە خەڵکانێک دوعای خێری بۆ بکەن بۆ ئەوەی ماوەی پاکبوونەوەی کورتببێتەوە و بەرەو بەهەشت هەڵبکشێ. (پیا) زۆر میهرەبان و دڵگەورە بوو. لەو تاوانانە خۆشبوو کە لەگەڵیان کرد. قیژەقیژ و هاتوهاوار ناکا، چونکە لە ئیشوئازاری خەڵک دەگا. نە دەگری و نە واوەیلا دەکا، چونکە هەستی ناسکە و نایەوێ خەڵک زیاتر ئەزیەت بدا. بە کپ و بێ دەنگیی ئازار دەخوا و بە بێدەنگی و بێ فرمێسکڕشتن دەگری.

***

# سروودی شەشەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی بەرزەک

## دەستەی کەمتەرخەمان

ئەوەی لە یاری نەرد دەباتەوە چۆن هاوڕێکانی دەوری دەدەن و ئەویش هەوڵ دەدا خۆیان لەدەست دەرباز بکا، دانتی ئاوها خۆی لەو ڕۆحانە ڕزگار کرد کە تێی وەرهاتن. هەندێ خەڵکی کازێنتینۆ و برێ خەڵکی ئەریتزۆ و کەمێ خەڵکی فرەنسا بوون. دانتی لە ڤیرجیلیۆی پرسی چۆن لە ئەنیادەدا نکوولی دەکا دوعا حوکمی ئاسمان بگۆڕێ؟ ڤیرجیلیۆ ویستی بۆی ڕوون بکاتەوە و گوتی بیاتریچی ڕوونکردنەوەکەت بۆ تەواو دەکا، چونکە بۆی دەبێ بە نووری نێوان هەق و ئەقڵ. دانتی کە ناوی بیاتریچیی بیست ماندووی حەسایەوە و بە چوستی کەوتەوە ڕێ. شاعیرەکان ڕۆحێکی گۆشەگیریان بینی، وەکو شێر پاڵی دابووەوە، بەفیزەوە تەماشای دەکردن. ڤیرجیلیۆ لە ڕۆحەکەی پرسی خۆشترین ڕێ بۆ سەرکەوتنی چیا لە کوێیە؟ ئەویش لە ڤیرجیلیۆی پرسی خەڵکی کوێیە؟ ڕۆحەکە ڕۆحی سوردێللۆی شاعیری تروبادور بوو. کە گوێی لە وشەی مانتوا بوو، هەر ڕایکرد بۆ لای ڤیرجیلیۆ و یەکتریان گرتە باوەش. دانتی کە دیتی ئەم دووە لەگەڵ بیستنی ناوی نیشتمان بە گەرمی باوەشیان بە یەکدا کرد، ئەویش سۆزی بۆ نیشتمانەکەی هەستا کە لە ناوەخۆ لە ناکۆکیدا بوو. وای دەدی کەشتییەکی بێ کەشتیوانە و

کەوتووەتە بەر گەرداو. تووک و نەفرەتی لە ئیمپراتۆری ئەڵمانی کرد کە فلۆرەنسای تووشی ئەم ئاژاوەیە کرد. داوای لێ کرد بێتە ئیتالیا و برینەکانی سارێژ بکا.

دانتی گاڵتەی بە فلۆرەنسا کرد کە گەلەکەی بە زمان باسی دادپەروەری دەکەن، کەچی لەسەر پلەوپایە تێک بەردەبن. زووزوو یاسا و ڕەوشتیان دەگۆڕن. فلۆرەنسا وەکو ئافرەتێکی نەخۆشە لە ناوجێ کەلەکان دەگۆڕێ.



کە غامێکی یاری (زار)[2] تەواو دەبێ
دۆڕاوەکە بە داخ و خەفەتەوە
دووبارە زار داوێ تێهەڵبێنێتەوە !
کەچی هەموو حەشیمەکە دوای براوەکە دەکەون
یەکێ پێشی دەکەوێ، یەکێ لە دواوە ڕایدەکێشێ،
یەکێ لە تەنیشتەوە سەرنجی ڕادەکێشی[3].
کەچی ئەو بێ وەستان، گوێ لە هەموویان دەگرێ،
ئەوەی دەستی دەگوشێ، چیدی پێگیری ناکا[4].
بەم جۆرە خۆی لەم تەنگایە ڕزگار دەکا[5].
منیش لەناو ئەم ئاپۆرە چڕەدا ئاوها بووم
چاوم بەملا و بەولادا دەگێڕا،
بە هەرێ و بەڵێن خۆم لە دەست دەردەهێنان.
ئەمە، (ئاریتین)[6]ە
کە (گین دی تاککۆ)[7]ی دەسترەش کوشتی،
ئەمەیش٨ ئەوەیە لە ڕاو، بەدەم ڕاکردنەوە، لە ئاودا خنکا.
ئەمەیش (فیدیریگۆ نۆڤێللۆ)[9]ی خەڵکی (پیزا)یە
کە بوێریی (مارتسوککو)[10]ی مێرخاسی نیشان دا[11]
بە پاڕانەوە دەستی درێژ کردووە.
کۆنتی (ئۆرسۆ) و[12] ئەو ڕۆحەم بینی
کە خۆت گوتەنی[13]: لەبەر ڕق و ئێرەیی،
نەک بە هۆی تاوان و گوناه، لە لەش جوودا بووەوە.
مەبەست (پییێر دێلا برۆچیا)[14]یە
خانمی (برابانتی)[15] تا لەوێیە،
تۆبە دەکا، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو تاقمێکی خراپتر
کاتێ لەم ڕۆحانە ڕزگار بووم
کە دەپاڕانەوە خەڵک دوعایان بۆ بکا،
تا زوو پاک ببنەوە،
گوتم: (وا دیارە، ئەی سۆمای چاوم،

له دەقیکتدا نکوولّی دەکەی، نزا و پاڕانەوە[16]
بڕیاری ئاسمان بگۆڕێ! (٣٠)
ئەم خەڵکە تەنیا بەو هیوایە دوعا و نزا دەکەن.
ئایا ئەمانە سەراپا ئومێدیان پووچە؟
یان من قسەی تۆم لا ڕوون نییە؟) (٣٣)
پێی گوتم: (نووسینەکەم زۆر ڕۆشنە.
ئەم خەڵکە هیوایان تراویلکە نییە[17]،
ئەگەر بە وردی بیری لێ بکەیتەوە. (٣٦)
ترۆپکی دادی یەزدانی ناچەمێتەوە.
ئەوەی دەبێ ئەوانەی ئێرە بیکەن،
ئاگری ئەوین بە یەک چرکە جێبەجێی دەکا! (٣٩)
لەوێ، کە ئەمەم گوت
گوناه بە دوعا نەدەسڕایەوە
چونکە دوعا نەدەگەیشتە حزوور خودا.[18] (٤٢)
بەڵام خۆت مەخەرە گومانێکی وا سەخت،
ئەو خانمە[19] بۆت ڕوون دەکاتەوە
کە دەبێ بە نووری نێوان هەق و ئەقڵی تۆ (٤٥)
نازانم تێمدەگەی؟ یان نا؟ مەبەستم (بیاتریچی)یە
لەسەر ترۆپکی ئەم چیایە،
چاوت پێ دەکەوێ! شادە و پێدەکەنێ.) (٤٨)
گوتم: (گەورەم، با خێرا کەین
من ماندوویێتیم نەما. تەواو سامەوە.[20]
خۆت دەبینی، سێبەری چیا درێژ بووەتەوە.) (٥١)
وەڵامی دامەوە: (هەر ئێستا دەڕۆین،
تا بتوانین بە ڕۆژی ڕووناک هەڵدەکشێین[21]
بەڵام ڕاستی جیایە لەوەی تۆ بۆی چووی! (٥٤)
بەر لەوەی بگەیتە سەرەوە[22]، ئەو ستێرە دەبینی
دەگەڕێتەوە کە ئێستا قەدی وای داپۆشیوە

جەستەت تیشکی ناگێڕێتەوە! (٥٧)
بەڵام تۆ سەیری ئەم لایە بکە، ئەم ڕۆحە گۆشەگیرە[٢٣] ببینە
چاوی بڕیوەتە لای ئێمە.
ئەمە ڕێگەی هەرە نزیکمان پیشان دەدا. (٦٠)
ڕوومان تێکرد: (ئەی ڕۆحی لومباردی[٢٤]
دیمەنت چەند بایی و بەفیزە!
چاوت چەند هێمن و سەنگینە!)(٦٣)
هیچ قسەی لەگەڵ نەکردین
ڕێی دا بڕۆین، وەک شێرێکی پاڵکەوتوو
تەنیا چاوی تێبڕین. (٦٦)
ڤێرجیلیۆ لێی نزیککەوتەوە و تکای لێکرد:
(خۆشترین ڕێمان بۆ سەر چیا نیشان بدە.)
ئەو وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە! (٦٩)
بەڵکو لە وڵات و ژیانی ئێمەی پرسی.
ڕابەری گەڕناس و جوامێرم گوتی:
((مانتوا...). ڕۆحەکە، کە داچۆڕابووەوە ناوەخۆ (٧٢)
لە شوێنی خۆیەوە دەرپەڕیو بەرەو ڕووی هات،
گوتی: (ئەی مانتوایی! من (سۆردێللۆ)م،
خەڵکی شاری تۆم!) و یەکتریان گرتە باوەش.[٢٥] (٧٥)
حەیف! ئەی ئیتالیای کۆیلە و زەلیل، ئەی ئەشکەنجەخانە،[٢٦]
ئەی کەشتیی بێ کەشتیوانی ناو گەرداوی هاروهاچ!
تۆ ئیتر شاژنی وڵاتان نییت! فاحیشەخانەیت، فاحیشەخانە! (٧٨)
ئەو ڕۆحە شکۆمەندە، هەر خێرا،
کە ناوی خۆشی شارەکەی خۆی بیست،
بە گەرمی پێشوازیی هاووڵاتییەکەی خۆی کرد. (٨١)
(ئێستا ڕۆڵە زیندووەکانت بێ جەنگ و جیدال نین،
ئەگەرچی لەناو یەک شوورە و لە باوەش یەک خەندەقدا دەژین[٢٧]
بە چڕنۆک و ددان یەکتر دەدڕێنن! (٨٤)

ئەی ڕۆحی بەدبەخت، کەنار و دەریاکانت بپشکنە
ئینجا سەیری ناو سنگ و دەروونت بکە
بزانە داخۆ هیچ شوێنێکی لە ئاشتی و خۆشیدایە؟![28] (٨٧)
چ فایدەیە (یوستینیانۆ)[29] لغاوت چاک بکاتەوە،
کە زین سواری بەسەرەوە نەبێ!
ئای لەو شەرمەزارییە! (٩٠)
وای لە خۆتان، ئێوە دەبوو گوێڕایەڵ بن و
لێبگەڕێن قڕاڵ بچێتە سەر خانەی زین،
ئەگەر باش تێگەیشتبان خودا چیی بۆ نووسیون! (٩٣)
سەیر کەن، لەوەتی ئێوە جڵەوتان گرتووە،
ئەم ئەسپە[30] سەرکێشی دەکا و
بە مامزە و[31] ڕکێب ڕاست نابێتەوە[32]. (٩٦)
تۆیش ئەی (ئالبێرتۆ)[33]ی ئەڵمانی
کە ئەم ئەسپە چەموش و سەرکەشەت بەرهەڵداوە،
دەبوایە پێ بخەیتە سەر ڕکێب و خۆت هەڵدەیتە سەر خانەی زین. (٩٩)
دەک نەفرەتی دادپەروەرانە، لە ئەستێرانەوە،
بە شرقژن و گرمژن، بەسەر نەوە و زاروزیچتدا بڕژێ[34]
جێنشینت [35] بتۆقێ و زیلکی بڕژێ! (١٠٢)
تۆ و باوکت چۆن بەرووەست هاتن [36]
بەو تەماعە لێرە دوور بکەونەوە،
باخی ئیمپراتۆر[37] بکەن بە وێرانە خاک؟(١٠٥)
وەرە سەیر کە، ئەی غافڵ، سەیری بەرەبابی (مۆنتێککی)[38] و
(کاپپێللێتتی)[39] بکە! سەیری بەرەبابی (مۆنالدی) و (فلیپپێسکی) بکە،
چۆن ئەوان تازیەدار و ئەمان تۆقیون! (١٠٨)
وەرە، ئەی دڵڕەق! وەرە، بزانە نەجیبزادەکانت!
لە قەهران، چییان لێهاتووە! وەرە برینیان تیمار کە!
سەیر کە (سانتافیۆر)[40] چەند تاریکدا هاتووە. (١١١)
وەرە سەیر کە چۆن (ڕۆما)ت بە بێوەژنی دەگری،

شەو و ڕۆژ بە تەنیایە ، هاوار دەکا:
(قرالەکەم ، چت لێ هات؟ بۆ جێت هێشتم؟ (١١٤)
وەرە[٤١] سەیر کە چۆن خەڵک یەکتریان خۆش دەوێ،
ئەگەر بەزەییشت بە ئێمەدا نایەتەوە،
شەرم لە ناوبانگی خۆت بکەوە! (١١٧)
ئەگەر بتوانم دەڵێم: ئەی جۆپیتەری٤٢ مەزن
تۆ لەسەر دونیادا، لە پێناوی ئێمە، لە خاچ درای،
ئایا چاوی دادپەروەریت بریوەتە شوێنێکی تر؟ (١٢٠)
یان ئەمە کارێکە لە نووری دانایی تۆ
بۆ چاکە و ئامانجێکی خێر،
کە ئێمە دەرکی پێ ناکەین؟ (١٢٣)
هەموو شارەکانی (ئیتالیا) پڕن لە ستەمکار
هەر دەشتەکییەک دەچێتە پارتێکەوە و
خۆی بە (مارچیل)ێک[٤٣] دەزانێ (١٢٦)
ئەی فیۆرێنتزاکەم ، شاد و بەختەوەر بە،
لە سای گەلە تێکۆشەرەکەت،
ئەم هەڵوێستە تۆ ناگرێتەوە! (١٢٩)
زۆر کەس لە دڵەوە دادپەروەرن،[٤٤]
بەڵام درەنگ تیر دەهاوێژن تا بە چوێری نەچێتە ناو کەوان
گەلی تۆ هەمیشە دادپەروەرییان لەسەر زارە! (١٣٢)
کەچی زۆرن ئەوانەی پایە و ئەرکی گشتیی ڕەت دەکەنەوە!
تەنیا گەلی پەرۆشی تۆ نەبێ، بێ ئەوەی داوای لێ بکەن،
خۆی هاوار دەکا: (ئەم کارە بە من گەیشت!)١٣٥)
شاد و بەکەیف بە، تۆ هەقت بەدەستە:
سامان و ئاشتی و ئەقڵت هەیە،
ئەوەی دەیڵێم ڕاستە و کەتوار بۆم دەسەلمێنێ. (١٣٨)

(ئاتینی) [٤٥] و (لاچیدیمۆنا)[٤٦]، که یاسای کۆنیان داهێنا و
ڕژێمی شارستانییان دامەزراند،
نموونەیەکی بچووکی ژیانی خۆش بوون. (١٤١)
لەچاو تۆ، که به شارەزایی یاسا دادەنێی،
به جۆرێ ئەوەی له تشرینی یەکەم[٤٧] دەیڕێسی
تا نیوەی تشرینی دووەم دەوام ناکا. (١٤٤)
لەوەتەی به بیرت دێ، چەند جار
پارە و یاسا و ئیدارە و نەریتت گۆڕیوە؟ و
چەند جار ئەندامانی خۆتت تازەکردووەتەوە؟[٤٨] (١٤٧)
ئەگەر باشت له یاد بێ و به وردی سەیر بکەی،
خۆت وەکو نەخۆشێک[٤٩] دەبینی،
لەسەر نوێنی پەڕوتووک ئۆقرە ناگرێ، (١٥٠)
لەبەر ژان و ئازار هەر کەلەکان دەگۆڕێ. (١٥١)

***

## پەراوێزەکانی سروودی شەشەم

(١) ئەمە سروودی (سۆردێللو)یە.

(٢) zara: زار. یارییەک بوو لە سەردەمی دانتیدا باو بوو. لە ماڵان و لە جادە و گۆڕەپانەکان دەکرا. بردنەوە و دۆڕاندنی بەو جۆرە بوو: ئەو دوو کەسەی یارییەکەیان دەکرد، هەر یەکە ژمارەیەکی دەگوت و سێ زاری هەڵدەدا. کامەیان ژمارەکەی گوتبووی، لە کۆی ژمارەکانی سێ زارەکە نزیکتر بوو، ئەو دەیبردەوە و ئەوەی تر دەیدۆڕاند. لەو یارییەدا هەمیشە دۆڕاوەکە هەقی هەبوو غامێکی تر بکا و جارێکی تر لەگەڵ بەرامبەرەکەی زار هەڵبدا، ئەگەر ئەم جارە بردییەوە، دۆڕانەکەی دەسڕایەوە.

٣. یانی هەموو لەگەڵیدا دەچن بۆ ئەوەی دەستخۆشانەی لێ وەربگرن.

٤. یانی ئەوەی دەستخۆشانەی لێ وەربگرێ، وازی لێ دێنێ و دەچێتە دوای کاری خۆی.

(٥) دانتی لەناو ئەو ڕۆحانەدا وەکو یەکێ وایە خەڵک دەورەی بدەن و شوێنی بکەون و داوای دەستخۆشانەی لێ بکەن. دانتی بە بەڵێن ئەو ڕۆحانە لە خۆی دەتەکێنێ. بەڵێن دەدا کە چووەوە سەر دونیا باسیان بکا و دوعای خێریان بۆ بکا.

٦. ئاماژەیە بۆ (بینینکا لا تیرینا Beninca la Terina. خەڵکی دۆڵی (ئارنۆ)ی سەروو بوو. لە ئاخروئۆخری سەدەی سێزدەدا بوو بە دادوەری شاری (ئارێتزۆ). هەندێ لە خزمەکانی (گینۆ دی تاکۆ)، کە نەجیبزادەیەکی شاری (سیێنا) بوو، قەڵای (تیرینا)یان لە (ماریمما) داگیرکرد و ئەوەی بەو ناوەدا دەهات تاڵانیان دەکرد. ئەو دادوەرە حوکمی مەرگی بەسەر ئەو کەسانەدا سەپاند و (گینۆ) ویستی تۆڵەی خزمە کوژراوەکانی لێ بکاتەوە. هەندێ دەڵێن لە کاتی چوونی بۆ ڕۆما، لە ڕێگە کوشتیان، هەندێکیش دەڵێن لەناو دادگا و لە کاتی دادگاییکردندا کوشتیان. بۆکاچیۆ لە کتێبەکە بەناوبانگەکەیدا (دی کامیرۆن) بە دووروودرێژی باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە. (ڕۆژی دەیەم، چیرۆکی دووەم).

٧. گینۆ دی تاککۆ Ghino di tacco: لە بنەماڵەی (فراتا) و لە نەجیبزادەکانی سیێنا بوو. لە نیشتمانی خۆی دەریانپەڕاند. قەڵای (ڕادیکۆفانی) (Radicofani) لە (ماریمما)، لە دەست پاپا دەرهێنا. شۆڕەسوارێکی ناودار بوو. خەریکی ڕاووڕووت بوو. لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا لەگەڵ بۆنیفاچۆی هەشتەم و حکومەتی سیێنا ئاشتبووەوە.

٨. مەبەست (گوچیۆ دی تارلاتی –Guccio dei Tarlati)یە. یەکێ بوو لە نەجیبزادەکانی شاری ئارێتزۆ. سەرکردەی گیبیللینییەکان بوو لە ئارێتزۆ. مردنەکەی

بە زۆر جۆر باس دەکەن: هەندێ دەڵێن کەوتووەتە ناو ڕووباری ئارنۆ و خنکاوە. هەندێ دەڵێن لەبەر سوارەکانی بنەماڵەی (بۆستۆلی)ی گەلفی دوژمنی ڕایکرد، لە ئەسپەکەی گلا و مرد، هەندێکی تر دەڵێن کاتێ دوای شەڕی کامپالدینۆ، گەلفەکان ڕاوی گبیللینییەکانیان نا، ئەویش لە ڕاکردندا کەوتە ناو ڕووبار و خنکا.

٩. فیدیریگۆ نۆڤێلۆ Federigo Novello: کوڕی (گویدۆ نۆفێللۆ) و یەکێ بوو لە نەجیبزادەکانی شاری (کازینتێنۆ) و بنەماڵەی ناسراوی (گویدۆ). بنەماڵەکەیان بەسەر دووبەرەی دوژمن بە یەکی گەلف و گیبیللینییەکاندا دابەش بوون. فیدیریگۆ لە گیبیللینییەکان بوو. چووە یارمەتیی گیبیللینییەکانی ئاریتزۆ لە دژی هەندێ لە گەلفەکان، کە لە فلۆرەنسا هەڵگەڕابوونەوە. ساڵی ١٢٨٩ لە کازێنتینۆ کوژرا.

١٠. ئاماژەیە بۆ کوڕی مارتسوککۆ کە هەندێ دەڵێن ناوی (فاریناتا) و هەندێ دەڵێن ناوی (گانا) بوو.

١١. ئاماژەیە بۆ ئەم بەسەرهاتە: مارتسوککۆ دێلی سکۆرنیجانی پیاوێکی بەڕێز و ڕووەتی شاری (پیزا) بوو، دکتۆر بوو لە یاسا. جارێکیان لە (ماریمما) لە دەست مارێک ڕزگاری بوو، ئیتر بڕیاری دا ژیانی خۆی دەقەبەر ڕەبەنایەتی تیپی فرنچیسکانی ئەو شارە بکا. ساڵی ١٢٨٧ (کۆنت ئوگۆلینۆ لاجیراردیسکا)ی فەرمانڕەوای شاری (پیزا) فەرمانی لە سەردانی کوڕەکەی دەرکرد. مارتسوککۆ بە هێزی ئیمانی خۆیەوە، سەبری لەسەر مەرگی کوڕەکەی گرت. زۆر ئازایانە لەگەڵ هەندێ ڕەبەن چوو جەنازەی کوڕەکەی هێنایەوە: لە ترسی (ئوگۆلینۆ) کەس نەیدەوێرا شتی وا بکا. دەستی بکوژی کوڕەکەی خۆی ماچکرد. ئوگۆلینۆ پێی گوت: تۆ هێزی ڕۆحت لە توندوتیژیت زاڵترە. ڕێگەی دا جەنازەی کوڕەکەی بباتەوە. مارتسوککۆ ئاخروئۆخری ژیانی خۆی لە دێری (سانتا کرۆچی)، لە فلۆرەنسا بردەسەر و ساڵی ١٣٠١ مرد. بۆی هەیە دانتی لەوێ ناسیبێتی.

١٢. کۆنت (ئۆرسۆ دێلی ئالبێرتی Orso degli Alberti): لە نەجیبزادەکانی (ئالبێرتی) شاری (پراتۆ) بوو. کوڕی کۆنت (ناپۆلیۆنی دێلا چێربایا – Napoleone della cerbaia) بوو. ئالبێرتی برازای ساڵی ١٢٨٦ لە تۆڵەی ئەسکەندەری باوکی خۆی، کوشتی. (ئۆرسۆ) لە سەرەمەرگدا لە تاوانەکانی خۆی پەشیمان بووەوە و لە بکوژەکەی خۆش بوو.

١٣. مەبەستی پییێر دێللا برۆچیایە.

١٤. پییێر دێلا برۆچیا–Pierre della Broccia: پزیشک و نۆژدارێکی فەڕەنسی بوو. لای لویسی نۆیەم و فیلیپی سێیەم پایەیەکی تایبەتی هەبوو. ساڵی ١٢٧٦ کاتێ لویسی کوڕە گەورەی فیلیپی سێیەم مرد، پییێر، (ماری دو برابانت Marie de

Brabant)ی ژنی دووەمی فیلیپی بە کوشتنی لویس بە ژەهر تاوانبار کرد. گوایە ئەو ژنە ویستوویەتی (فیلیپ لوبێل)ی کوڕی خۆی جێی بگرێتەوە. شاژن ئەو قینەی لە دڵ گرت و کاتێ شەڕ لە نێوان فیلیپی سێیەم و ئەلفۆنسۆی دەیەمی پاشای قشتا لە (ئەسپانیا) هەڵگیرسا، شاژن بە خۆ و بە دەستوپێوەندەکانی تاوانی خیانەتیان بۆ هەڵبەست و پاشا ساڵی ١٢٧٨ لە پاریس لە سەری دا. هەندێکی تر دەڵێن، ئەو ژنە بوختانی پێ کردووە گوایە ویستوویەتی پرکێشی نامووسی بکا و پاشا لە سەری دا. دانتی بڕوای وایە ئەم پیاوە بە هۆی ڕق و ئێرەییەوە کوژراوە و بەمەوە لە پیێرۆ دێللا ڤینیای دەرباری فریدریکی دووەم دەکا (دۆزەخ، س٨، د٣١ – ١٠٨). لەبەر ئەوەی دانتی بڕوای بە بێگوناهیی ئەم پیاوە هەیە و دەزانێ بوختانیان پێ کردووە، داوا لە شاژن (ماری دو برابانتی) دەکا، تا ماوە و نەمردووە تۆبە بکا و ڕۆحی خۆی لە چوونە دۆزەخ نەجات بدا.

١٥. ماریا دی برابانتی - Marie de Brabant: کچی هێنری دۆقی برابانتی و ژنی دووەمی فیلیپی سێیەمی پاشای فەرەنسا بوو. ساڵی ١٣٢١ کۆچی دوایی کرد.

١٦. ئاخۆ دوعا و خێری زیندووان سوودی بۆ ڕۆحی مردووان هەیە؟ یان نا؟ دانتی و ڤیرجیلیۆ لەم بارەیەوە ڕای جیاوازیان هەیە. وەکو دیمان دانتی لە زۆر جێگەدا پێشانی داوە کە دوعا و خێری زیندووان ماوەی چاوەڕوانیی ناو بەرزەک بۆ ڕۆحەکان کەم دەکاتەوە، کەچی وەک دانتی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکا، ڤیرجیلیۆ ڕای وایە دوعا و خێری سەر دونیا هیچ سوود بە ڕۆحی مردووان ناگەیەنێ، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆ، کتێبی شەشەم، د (٣٧٦)، کە ژنە غەیبگۆکە بە پالینوریس –Palinures دەڵێ: (بێهوودە بەئومێد مەبە، دوعای تۆ ئەو چارەنووسە بگۆڕێ کە خودان دایناوە.)

١٧. واتە دوعای مرۆڤی زیندووی چاک و پاک و دڵسۆزی سەر دونیا تەنیا ماوەی پاکبوونەوەی ڕۆحەکانی بەرزەک کەم دەکاتەوە، ئەمەیش کار لە دادپەروەریی خوا ناکا و حوکمی ئاسمان ناگۆڕێ.

١٨. لە ئەنیادەدا، (پالینوریس)ی کەشتیوان، کە لەسەر خنکان بوو، دوعای کرد. هیچ مەسیحییەک نەهات بۆ ئەوەی لە ڕووباری (ئەستیکس)ی دۆزەخ بیپەڕێنێتەوە. دانتی لای وایە ئەوەی بتپەرست بێ، دوعای قبووڵ نابێ، بەڵام ئەمانە جیان، چونکە لە دواساتدا پەشیمان بوونەتەوە و تۆبەیان کردووە، بۆیە ئەمانەیش لە بەرزەک پاک دەبنەوە و بەرەو بەهەشت هەڵدەکشێن.

١٩. ئاماژەیە بۆ (بیاتریچی) کە لە بەندی دوای ئەمە ناوی هاتووە.

٢٠. دانتی کاتێ گوێی لە ناوی (بیاتریچی) بوو، ماندوویێتیی نەما، هێز و گوڕی هاتەوە بەر و توانیی دووبارە تێهەڵبچێتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوێ.

٢١. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە بیستنی ناوی (بیاتریچی)، جۆشی پێداوە و هانی داوە بکەوێتە جوولە.

٢٢. ماوەیەکی زۆر لەم پێشەکییەی کێوی بەرزەک مابوونەوە. ئەو ڕۆژەیش نەیاندەتوانی بچنە سەر کێوەکە، دەبوایە ڕۆژێکی تریشی پێ بچێ تا بتوانن ئەو ڕێگەیە ببڕن، واتە: ئێستا خۆر ئەوەندە لە ئاسۆوە نزیک بوو، سێبەری کوێستانیان تەواو بەسەردا کشابوو. ئیتر لەبەر ئەوەی دانتی لە سێبەری چیا بوو، سێبەری نەبوو، ڕۆژی پێ نەدەکەوت تا سێبەری بکەوێتە سەر زەوی.

٢٣. ڕۆحی تەنیا و گۆشەگیر sola soletta، لێرەوە تا کۆتایی ئەم سروودە لەسەر زاری (سۆردێللۆ)یە.

٢٤. ئەو ڕۆحەی لێرەدا دەرکەوتووە یەکێکە لە قارەمانە بەرزەکانی بەرزەک و کۆمیدیا بە گشتی. ڕۆحی پیاوێکە بە ناوی (سۆردێللۆ sordello)، خەڵکی (مانتوا Mantova) بوو. واتە: هاوشاری ڤیرجیلیۆ بوو. یەکێ بوو لە شاعیرە تروبادوورەکان، بەڵام لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادە بوو. ساڵی ١٢٠٠ لە دایک بووە. بە گڕی ئەشقی ڕووجوانێکەوە بوو بە شاعیر، پیاوێکی هەوەسباز بوو. یەکەم نێچیری دڵداریی ژنێک بوو بە ناوی (کونیتسا دا ڕۆمانۆ cunizza da Romano) کە جێگەی لە بەهەشتدایە (بەهەشت، س٩، د٧ – ٣٦) و خوشکی (ئاتسیلینۆ)یە کە جێگەی لە دۆزەخدایە (دۆزەخ، س١٢، د١٠٩). ژنی کۆنت (ڕیتساردۆ دی سان بۆنیفاچیۆ – Rizzardo di san Bonifaccio بوو، لە ڤیرۆنا. ئەو ژنەی هەڵگرت و لە ئیتالیا ڕۆیشت، پاشان زەماوەندی لەگەڵ کچی پیاوێک کرد کە پارێزەر و سەرپەرشتیاری خۆی بوو، پاشان دووبارە بایداوە سەر (کونیتسا)، بەڵام ئەم جارە برای ئەو کچە، بە پێچەوانەی مێردەکەی، پیاوێکی زۆر زیخ و مەرد و بەغیرەت بوو، زۆر لێی توورە بوو. (سۆردێللۆ) ترسا، ناچار بوو ڕایکرد و چووە پرۆڤانس و ئەسپانیا و پورتوگال و فرەنسا. ماوەیەک لە بارەگای کۆنتی پرۆڤانس، (ڕایمۆند بیرینجەر- Raymond Berenger) ژیا. پاش کەمێ لەگەڵ (شارل دانژوو)ی کوڕی پاشای فرەنسا چووە ئیتالیا و لە ١٢٦٦دا لە نۆڤارا زیندانی کرا. پاپا کلیمنتۆی چوارەم ئازادی کرد و ساڵی ١٢٦٩ چووە ڕیزی نەجیبزادەکان و زەویوزار و قەڵایەکی زۆری لە ناوچەی (ئەبرۆتسی) پەیدا کرد. دوای ئەوە کەس نازانێ چارەنووسی بە چی گەیشت. هەرچەندە هەندێ توێژەرەوە بڕوایان وایە ئەم پیاوە ئاخیری بە دەستی (ئاتسولینۆ)ی برای ماشووقەی یەکەمی کوژراوە، هەر بۆیەشە دانتی لە پێشەکیی بەرزەکدا دایناوە.

بەو بیانوویەی گوایە لە سەرمەرگدا تۆبەی کردووە. نزیکەی چل پارچە شیعری لەپاش بەجێ ماوە، هەمووی بە زمانی پرۆڤانسییە. شیعرەکانی لە بارەی کاروباری ئایینی و سیاسین. ڕەخنە لە میرەکانی ئیتالیا دەگرێ و خراپەکانیان بە چاو دادەداتەوە.

٢٥. وەکو دوو هاوشاری، کە شانازی بە یەکەوە دەکەن، یەکتریان گرتە باوەش، بەڵام ئەم باوەش پێکداکردنە لە هەوادا بوو، چونکە سۆردێلۆ و ڤێرجیلیۆ هەردووکیان تەنیا ڕۆح بوون. دانتی خۆیشی کاتی خۆی تووشی هەڵوێستێکی وا بوو کە ویستی کازێللا بگرێتە باوەش، بەڵام نەیتوانی چونکە کازێللا ڕۆح بوو. (بەرزەک، س٢، د ٧٦- ٨٢). ئەم دیمەنە هەستی نیشتمانپەروەریی دانتی جۆشاند و بیری هاتەوە ئیتالیا، چۆن خەڵکەکەی هەموو بەسەر ئەم پارت و ئەو پارتدا دابەشبوونە و چۆن پارتەکان هەریەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕادەکا و چۆن لەپێناوی سامان و دارایی و کورسی و دەسەڵات یەکتر دەخۆن و ئیتالیا لێک دەپچڕێننەوە. پارتەکان یەکتر دەکوژن و شار و هەرێمەکانی یەکتر تالان و کاول و وێران دەکەن، بۆیە دانتی لێرەدا نەفرەت لەو بارە نالەبارە دەکا و ئیتالیا بە نەتەوەیەکی زەلیل دادەنێ. (ئا های! کوڕینە، ئەمڕۆی کوردی کڵۆڵ و نێچیری بەردەستی پارت و گورگە دڕندەکان چەند بە دوێنێی ئیتالیا دەچێ!!)

٢٦. لە سەردەمی دانتیدا ئیتالیا جێگەی گەندەڵی و بەدرەوشتی و دزی و قۆڵبڕی و نامەردی بوو، ئەوەیش هەموو لەبەر بەرەڵلایی و بێیاسایی وا بوو. ئەگەر نا، کاتی خۆی، کە یاسا بەڕاستی سەروەر بوو، دادپەروەری سەقامگیر بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی (گوستنیان)، ئیتالیا شای هەموو هەرێمەکان بوو. لێرەدا دانتی بە ئاشکرا، دەرد و ئازاری خۆی بەرامبەر پێشان دەدا. ئەم بەندە یەکێکە لە بەندە هەرە ناودارەکانی (کۆمیدیا). زۆر جار لە ئەدەبیانی ئیتالیدا ئاماژەی بۆ دەکرێ و تێهەڵکێش دەکرێ. دەقی بەندەکە ئەمەیە:

Ahi serva Italia, di dolere ostello.
Nave senza nocchiere in gran tempesta
Non donna di Provincie, ma bordello.

٢٧. واتە خەڵکی شارەکان لەگەڵ یەکتردا لە جەنگدا بوون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەموو شارەکان خەندەقی ئاو و شوورەی بڵندیان بە دەورەدا دەکرا بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن. نەک هەر ئەورووپا، بگرە ئەمە لە ڕۆژهەڵاتیش باو بوو.

٢٨. یانی لە دەرەوەی ئیتالیا، هەموو شوێنێ ئاشتی و ئارامە، کەچی لەناو ئیتالیادا هەمووی ناکۆکی و دووبەرەکی و ئاژاوەیە.

٢٩. گوستانیانو Gustaniano– (بە لاتینی: 565 – 527) (Justinianus) ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلات بوو. ویستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا پتەو بکا. بە دانانی یاسا بەناوبانگ بوو. کۆمەڵێ لەو یاسایانە بە ناوی خۆی ناسراون. پایتەختی لە بیزەنتە (ئەستەنبوڵی ئێستا) بوو.

مەبەست لە (جڵەو) ڕێکخستنی یاسا و بەرقەرارکردنی ئاسایشە

٣٠. ئەسپ، مەبەستی وڵاغە بە گشتی، مەبەست ئیتالیایە.

مەبەست لە (زینی خاڵی) ئەوەیە ئەسپەکە سواری لەسەر پشت نییە، مەبەستیش لە سوارەکە ئیمپراتۆرە. بە لای دانتییەوە نموونەی بەرزی ئیمپراتۆرێکە بۆ هەموو دونیا.

٣١. مەبەست لە نەقیزە، ئیمپراتۆر و یاسایە.

٣٢. مەبەستی پاپا و پیاوە ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی مەسیحییەتە، کە لە ڕۆحی کڵێسە لایان داوە و ڕوویان کردووەتە دونیا و دەسەلاتیان لە دەست ئیمپراتۆر دەرهێناوە. هەم ژیانی سیاسیی ئیتالیایان تێک داوە و هەم ناشتوانن کاروباری ئایینیی خۆیان بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکەن.

٣٣. ئەلبێرتۆ Alberto 1248 – 1308: ئاماژەیە بۆ ئەلبێرتۆ فن هابسبورگی کوڕی ڕودۆلفی ئیمپراتۆر. ساڵی ١٢٩٨ بوو بە ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانیا. هەرچەندە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و پاشای ڕۆما بوو، بەڵام بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆی، بۆ تاج لەسەرنان نەچووە ڕۆما. پشتی لە کاروباری ئیتالیا کرد. بوو بە ئاژاوە و پشێوی.

٣٤. دانتی تووک و نەفرەت لە ئیمپراتۆر (ئەلبیرتۆ) دەکا، چونکە پشتی لە کاروباری ئیتالیا کرد و تەنیا خوا دەتوانێ سزای دادپەروەرانەی بنەماڵەکەیان بدا. جێی باسە (ڕودۆلف)ی کوڕی ئیمپراتۆر لە سەرەتای سەدەی چواردەدا مرد و (ئەلبرتۆ) خۆشیی کەمێ دوای ئەوە، لە ١٣٠٨ بە دەستی (یوهان)ی برازای کوژرا.

٣٥. مەبەست لە جێنشینەکە هێنری حەفتەمە. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٣٠٨دا بوو بە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ئیتالیا. دانتی تا ماوەیەکی زۆر هیوای پێ هەبوو بتوانێ بە پێچەوانەی باوکی، توندتر بەڕێوەبەرایەتیی ئیتالیا بگرێتە دەست و بیگێڕێتەوە سەر ڕێگەی ئاشتی و تەبایی. ساڵی ١٣١١ لە میلان تاجی ئاسنی لومباردی لەسەر نا، بەڵام هێنری نەیتوانی فلۆرەنسا بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی. نەخۆشکەوت و ساڵی ١٣١٣ کۆچی دوایی کرد.

٣٦. مەبەست ئەلبێرتۆ و ڕودۆلفی باوکییەتی. دانتی پێی دەڵێ: تەماعکاریی سواری ملی خۆت و باوکت بوو. ئەوانە پشتیان کردە ئیتالیا و هەر خەریکی کۆکردنەوەی

سامان و دارایی و زۆرکردنی موڵک و زەویوزار بوون لە باکووری ئیتالیا. (هۆ کوردینۆ، ئای ئێمەی ئێستا چەند بەوانی ئەوسا دەچین!)

٣٧. باخی ئیمپراتۆری: نازناوی ئیتالیا بوو. دانتی خەفەت دەخوا کە ئەم باخە وێران و کاول بووە. لە مردنی فریدریکی دووەمەوە لە ساڵی ١٢٥٠دا تا هەڵبژاردنی هێنریی حەفتەم ١٣٠٨ هیچ ئیمپراتۆرێکی ئەڵمانی سەری لە ئیتالیا نەدا.

٣٨. مۆنتێککی (Montecchi) بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی شاری ڤیرۆنا بوو.

٣٩. (کاپپێللێتتی –Cappelletti) بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی شاری (ڤیرۆنا) بوو. ئەم دوو بنەماڵەیە لە پارتی گیبیللینی بوون، بەڵام هەمیشە لە شەڕ و دووبەرەکیدا بوون. ڕۆمیۆ و جولێت لەو دوو بنەماڵە دوژمن و ناکۆکە سەریان هەڵدا، کە شەکسپیر لە شانۆگەریی (ڕۆمیۆ و جولێت)دا باسیان دەکا و دەیەوەێ وا بکا ئەو دوو بنەماڵە دوژمندارە لە ڕێی ئەو دوو گەنجە (ئاشقە)وە ئاشت بینەوە.

بنەماڵەی مۆنالدی –monaldi و بنەماڵەی فیلیپپێسکی Filippeschi دوو بنەماڵەی شاری (ئۆرڤیێتۆ)Orvieto بوون. ئەمانە هەمیشە ناکۆکییان لە نێواندا بوو. بنەماڵەی یەکەم گەلفی و بنەماڵەی دووەم گیبیللینی بوون. کاتێ هێنریی حەفتەم چووە ئیتالیا، ئەم بنەماڵانە لە شەڕ و ناکۆکیدا بوون.

٤٠. سانتا فیۆرا santo Fiora: کۆنتنشینێکە لە ناوچەی (ماریمما)، سەر بە شاری سییێنایە. بنەماڵەی (ئالدۆبراندی Aldobrandi) حوکمیان دەکرد. لە سەردەمی دانتی و ساڵی ١٣٠٠دا هەندێ دەڵێن لە لایەن شاری (سییێنا)وە و هەندێکی تر دەڵێن لە لایەن ڕێگر و قاچاغەکانی ئەو دەوروبەرەوە تاڵانکراوە.

٤١. دانتی وشەی وەرەی چەند جارێک لە سەرەتای سێیینەکان دووبارە کردووەتەوە. بەمەوە سووربوونی خۆی پێشان دەدا بۆ بانگکردنی ئیمپراتۆر تا بێتە ئیتالیا و داوای لێ دەکا ئیمپراتۆریەتێکی یەکگرتووی جیهانی دروست بکا.

٤٢. مەبەستی خودان، یان مەسیحە و بەو ناوە وەسەنییە (جیۆڤی- جۆبیتەر) ناوی دەبا کە خودانی هەموو خودانەکانی ڕۆمانە و لە ئەفسانەی یۆنانیدا بە (زیۆس) ناسراوە.

٤٣. مارسیلوس Marcellus: ناوی خانەوادەیەکی گەورەی ڕۆما بوو. سەرۆکی زنجیرەی ئەم خانەوادەیە پیاوێ بوو، شاری (سیراکۆز)ی داگیرکرد و لەو شەڕەدا ئەرخەمیدس بە دەستی یەکێ لە سەربازەکان کوژرا. مەبەست لەم (مارسیلۆس)ە، کلۆدیۆس مارسیلۆسی قونسولی ڕۆمانییە. ساڵی (٥٠پ.ز) لەگەڵ پۆمپی دژی قەراڵ ڕاوەستا.

٤٤. لێرەوە تا کۆتایی ئەم سرووودە، هەرچی هاتووە هەمووی تانەوتەشەر و تیز و گاڵتەیە بەرامبەر ئیتالیا و بەتایبەتیش فلۆرەنسا. دانتی لە زۆر جێگەی دۆزەخدا هێرش دەکاتە سەر فلۆرەنسا. هێرشەکەی داخ و تیزی تێدایە و فرمێسک و خۆشەویستیی تێدایە، چونکە فلۆرەنسا خاک و وڵات و نیشتمانی خۆیەتی. هەرچەندە دانتی ماوەیەکی زۆر بە هۆی باری نالەباری سیاسییەوە لەو خاک و نیشتمانە بێبەش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆشی دەوێ و بۆی دەسووتێ. (حاجی کۆیی دەڵێ: ئەوانەی لە دەستیان هەڵاتم بۆیان دەگریم.) ئەو هێرشەی دەکاتە سەریشی لە دڵسۆزییەوەیە نەک لە دوژمنداری.

٤٥. ئاتینی Atene پایتەختی یۆنان بوو. یاسای (سۆلۆن)ی تێدا باو بوو.

٤٦. لاچیدیمۆنا Lacedemona (بە لاتینی لاسیدیمونس) ناوێکی تری (ئەسپارتە) بوو. یاسای (لیکۆرگوس)ی تێدا باو بوو. یاسای (سۆلۆن)ی ئاتینی و یاسای (لیکورگوس)ی ئەسپارتە بەناوبانگترین یاسای نووسراوی کۆن بوون.

٤٧. ئۆتتۆبرا Ottobra (تشرینی یەکەم) (نۆڤێمبرا Novembra) (تشرینی دووەم). واتە: ئەو یاسایەی لە فلۆرەنسا دادەنرێ، مانگێکیش کاری پێ ناکرێ. لێرەدا دانتی ئاماژە بە گۆڕانی خێراخێرای حکومەتی باڵای فلۆرەنسا (ئەنجوومەنی سینیۆریا) دەکا. کە سپییەکان لە ١٥ تشرینی یەکەمی ١٣٠١دا دەسەڵاتیان گرتە دەست و بەپێی دەستووری فلۆرەنسا، دەبوایە تا ناوەڕاستی کانوونی یەکەم لە دەسەڵات بمێنێتەوە کەچی بۆنیفاچۆی هەشتەم دەستی خستە ناو کاروباری ناوەخۆی فلۆرەنسا و شارل دی ڤالوای فرەنسی بۆ نارد و لە ٨ی تشرینی دووەم، دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری هەڵوەشایەوە و سپییەکان لادران و ڕەشەکان هاتنە سەر حوکم. دانتی لە کاتی ئەو گۆڕانکارییەدا چووبووە فرەنسا بۆ ئەوەی پاپا و فلۆرەنسا ئاشت بکاتەوە، ئیتر نەیوێرا بێتەوە فلۆرەنسا و تا مرد لە تاراوگە مایەوە.

٤٨. ئاماژەیە بۆ دوورخستنەوەی هەوادارانی پارتی بەزیو و هێنانەپێشەوەی هەوادارانی پارتی سەرکەوتوو، بەڵام دانتی باس ناکا ئەم بارودۆخە سەخت و نالەبارە بوو بە مایەی سەرهەڵدانی نەوەیەکی بلیمەت و داهێنەر لە ئیتالیا کە ئەو خۆیشی یەکێ بوو لەوان.

٤٩. دانتی، فلۆرەنسا بە ژنێکی نەساخ دەچوێنێ کە لەسەر دۆشەک و بالیفی پەڕ و تووکی نەرم حەجمانی نییە. لە داخی دڵی خۆی و لەبەر ئازاری گیانی هەر کەلەکان دەگۆڕێ. دانتی، کە قسە بە نیشتمانی خۆی دەڵێ لەبەر ڕق و قینی نییە، بەڵکو لە خۆشەویستی و شانازییەوەیە، چونکە هەموو هیوا و ئاواتی ئەوەیە فلۆرەنسا بکەوێتە سەر باردودۆخێکی ئاسایی و ئاشتی و ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێ.

# سروودی حەفتەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی دۆزەخ


## دۆڵی پاشایان

ڤیرجیلیۆ و ڕۆحی سۆردێللۆ چەند جارێک یەکتریان گرتە باوەش، ئینجا سۆردێللۆ گەڕایەوە دواوە و لە ڤیرجیلیۆی پرسی کێیە؟ کە ناسیی سەری سوڕما و زۆر ڕێزی بۆ نواند. لێی پرسی لە چ شوێنێکەوە هاتووە. ڤیرجیلیۆ پێی گوت لە ئەڵقەکانی دۆزەخەوە هاتووە و شوێنی خۆی لیمبۆیە کە شوێنێکی تاریکە، بەڵام هیچ ئەشکەنجەی تێدا نییە. جێگەی منداڵی بێتاوان و ئەو کەسانەیە کە ئاوەمۆر نەکراون. ڤیرجیلیۆ پرسیی بە کوێدا دەتوانن سەرکەون بۆ سەرەتای بەرزەک؟ سۆردێللۆ گوتی من دەبم بە ڕابەرتان، بەڵام شەو سەرکەوتن ئەستەمە.

سێ شاعیرەکە چوونە ناو کەلەنە شاخێک تا ڕۆژ دەبێتەوە. گەیشتنە دۆڵی پاشایان. کە ڕەنگی گوڵەکانی لە ڕەنگی زێڕ و زیو و دوڕ و زمرووت جوانتر بوو. بۆنێکی تا بڵێی خۆشیان لێ دەهات. دانتی هەندێ ڕۆحی بینی سرووودی (سەڵاو ئەی شاژن)یان دووبارە دەکردەوە.

سۆردێللۆ ئاماژەی بۆ ئیمپراتۆر ڕۆدۆلف دی هابسبورگ کرد کە دەمی نەدەجووڵاندەوە سروود لەگەڵ ڕۆحەکانی دی بخوێنی. دەیتوانی برینی ئیتالیا تیمار بکا بەڵام نەیکرد، هەروەها سۆردێللۆ ئاماژەی بۆ ئەدواکری پاشای

بۆهیمیا کرد کە هەر خەریکی بەزم و ڕابواردن بوو. باسی فیلیپی پاشای سێیەمی فرەنسای کرد. باسی هێنریی یەکەمی پاشای ناڤاری کرد. سۆردێللۆ ئاماژەی بۆ پیترۆسی سێیەمی ئەراگۆنی کرد. ئاماژەی بۆ شارل دانژوو و ئەلفۆنسۆی سێیەمی ئەراگۆنی و یاکامۆی دووەم و فیدیریکۆی دووەم و هێنریی سێیەمی پاشای ئینگلتەرە و گۆلیلمۆ دی مۆنتیفیرایی کرد.



ئەم چاک و چۆنی و پێشوازییە ناسک و خەندانە
سێ چوار جار دووبارەبووە و
ئینجا (سۆردێللۆ) کشایەوە و[2] پرسی: (تۆ کێی؟) (٣)
(بەر لەوەی ئەو ڕۆحانەی شایستەی هەڵکشانن
بۆ حزوور خوا، ڕوو بکەنە ئەم چیایە[3]
(ئۆتتاڤیان)[4] ئێسکی منی بە خاک سپارد!) (٦)
من (ڤیرجیلیۆ)م، هیچ گوناهێ ئاسمانی لە دەست نادەم،
تەنیا بێئیمانی نەبێ!)
ڕابەرەکەم ئاوها وەڵامی دایەوە. (٩)
وەک یەکێ لەپڕ شتێ لە بەرامبەر خۆیەوە ببینێ
بپەشۆکێ و سەرسام ببێ،
باوەڕ بکا، یان نەکا: (خۆیەتی؟ یان خۆی نییە!) (١٢)
(سۆردێللۆ) بەم جۆرە بوو. ئینجا چاوی دانەواند و
زۆر بە خاکی گەڕایەوە لای پێشەواکەم،
ئەو شوێنەی ماچ کرد، کە گچکە هی گەورەی ماچ دەکا[5]. (١٥)
گوتی: (ئەی مایەی شانازیی لاتینی[6]،
کە زمانەکەمان بە بەرهەمەکانی تۆ توانای دەرکەوت[7]
ئەی شکۆمەندیی جاویدانی زێد و زادگام![7] (١٨)
چ توانایەک؟ یان چ نیعمەتێک؟ تۆی بۆ هێنام
ئەگەر شایەنی بیستنی قسەی تۆ بم، پێم بڵێ:
(ئایا لە دۆزەخەوە هاتووی؟ لە کام ئەڵقەوە؟) (٢١)
وەڵامی دایەوە: (تا گەیشتمە ئێرە
بەناو هەموو ئەڵقەکانی دونیای ئەشکەنجەدا[8] تێپەڕیم.
بەرەکەتێکی ئاسمانی[9] هانی دام و ڕێنمایی کردم! (٢٤)
نەک بەوەی کردوومە، بەڵکو بەوەی نەمکردووە،
دیداری خۆری بالام[10] لەدەست چوو، کە تۆ بۆی پەرۆشی!
تا کار لە کار نەترازا، نەمناسی و پێم نەزانی! (٢٧)
شوێنێ لەو خوارە هەیە، ناخۆشییەکەی

زادەی تاریکییە و بەس، نەک ئەشکەنجە و ئازار[١١].
گریانی بە هاوار نییە، تەنیا بە هەنسکە! (٣٠)
من لەوێ لەگەڵ ئەو منداڵە پاکانەدام[١٢]
کە بەر لەوەی لە گوناهی مرۆڤانە بشۆردرێن
مەرگ کەڵبەی لێ گیرکردن! (٣٣)
لەگەڵ ئەوانەدام، کە سێ چاکەی[١٣] پیرۆزیان نەکردووەتە بەر
بەبێ گوناهی هەموو چاکەکانی تریان
زانیوە و پەیڕەویان کردووە. (٣٦)
بەڵام ئەگەر تۆ دەزانی و دەتوانی
پێمان بڵێ چۆن دەتوانین بە لەز و بەز
بگەینە دەروازەی ڕاستەقینەی بەرزەک؟) (٣٩)
وەڵامی دایەوە: (ئێمە شوێنێکی تایبەتمان بۆ دیاری نەکراوە
من مۆڵەتی گەڕان و سووڕانم هەیە،
تا پێم بکرێ، لەگەڵتان دەبم و ڕابەریتان دەکەم، (٤٢)
بەڵام سەیر کە، ڕۆژ خەریکە ئاوادەبێ،
شەو، ناتوانین سەرکەوین [١٤]
دەبێ بیر لە داڵدەیەکی شیاو بکەینەوە! (٤٥)
هەندێ ڕۆح لای دەستەڕاستمان، تەنیا و گۆشەگیر دەژین
ئەگەر ڕازی بی دەتبەمە لای ئەوان.
خۆشحاڵ دەبی بیانناسی!) (٤٨)
گوتم: (شتی وا چۆن دەبێ؟
ئەگەر یەکێ بیەوێ شەو سەرکەوێ، ڕێی لێ دەگرن؟
یان ناتوانێ، بۆیە سەرناکەوێ؟) (٥١)
(سۆردێللۆ)ی گەڕناس، بە پەنجە
هێڵێکی لەسەر زەوی کێشا و گوتی: (چاو دێ!
دوای ڕۆژئاوا، ناتوانی لەم هێڵە تێبپەڕی![١٥] (٥٤)
تەنیا تاریکایی شەو، ڕێت لێ دەگرێ
زیاتر سەرکەوی هەر تاریکییە

بە دەستەپاچەیی خواستت دەکوژێ.[١٦] (٥٧)
بەڵام تا ڕۆژ لە زیندانی ئاسۆدابێ،
ڕێت هەیە شۆڕبیتەوە خوارێ،
یان بە قەد چیادا بسووڕێیتەوە!) (٦٠)
ئەوسا سەروەرەکەم، وەک یەکێ زۆر سەرسام بێ،
پێی گوت: (کەواتە بمانبە ئەو شوێنەی دەڵێی
دەتوانین نەختێ بحەسێینەوە و چێژ وەرگرین.) (٦٣)
کەمێ لەوێ دوورکەوتینەوە،
دیتم چیا شەقیبردووە و دادڕاوە
وەک چۆن دۆڵودەرە ڕێی خۆی دادەڕێ! (٦٦)
ڕۆحەکە گوتی: (بێرەدا دەڕۆین
کە قەدی چیا وەکو گەوەڕ داپساوە
لەوێ چاوەڕێی هەڵاتنی خۆر دەکەین.) (٦٩)
بە بەرواریێکیدا بردین، نە لێژ بوو، نە تەخت!
بە قەدپاڵی چیادا دەسووڕایەوە،
گەیشتینە ئەو شوێنەی لێوار تا نیوەی زیاتر نزم بووبووەوە. (٧٢)
زێڕ و[١٧] زیوی[١٨] ساف، قورمز و[١٩] مرواری[٢٠]
داری بریقەدار و هەش و[٢١] زمرووت[٢٢]
کە دەشکێ و گەشتر دەبێ، (٧٥)
هەموو بێ زاخ و ڕەونەق دەنوێنن
ئەگەر بێنە ناو سەوزە و گوڵی ئەم دۆڵە خۆشە.
وەک چۆن بچووک لە بەردەم گەورەدا، بێ شەوق دەنوێنێ! (٧٨)
سرووشت نەک تەنیا مافوورێکی نەخشینی ڕاخستبوو
بەڵکو هەزاران بۆنوبەرامەی بڵاو کردبووەوە
کەس نەیدەزانی چییە و چیی پێ دەڵێن؟ (٨١)
هەندێ ڕۆحم بینی لەسەر گیای سەوز دانیشتبوون،
لە دەرەوەی دۆڵەکە دیار نەبوون. سروودی (٨٤)
(سڵاو، شاژن! Salve Regina)یان دەچڕی!

ئەو مانتواییەی ئێمەی بردە ئەوێ، گوتی:
(تا ڕۆژ بە تەواوی ئاوا نەبێ،
بەتەما مەبن بتانبەمە لای ئەمانە! (٨٧)
لەسەر ئەم گەوەڕ و تیشە شاخەوە
ئەدگار و کردەوەیان باشتر دەبینن
وەک ئەوەی لەناو دۆڵەکە و لەناو خۆیان بین.
ئەوەی لای هەرەسەرەوە دانیشتووە،
ئەوەیە کە ئەوەی دەبوو بیکا، نەیکرد
لەگەڵ سروودخوێندنی ئەوانی دی، دەم لێک ناکاتەوە. (٩٣)
ئەمە قڕاڵ (ڕودۆلفۆ)یە[٢٣]، کە دەیتوانی
ئەو برینانە کوشندانە سارێژ بکا کە ئیتالیایان فەوتاند.
تازە کەسی دی دەرفەتی ڕزگارکردنی نییە. (٩٦)
ئەوەی تر[٢٤] کە دیارە دڵی ئەو دەداتەوە،
فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بوو، ئەو ئاوەی لێ هەڵدەقوڵێ،
کە (مۆلتا)[٢٥] بۆ (ئەلبیا)ی دەبا و (ئەلبیا) دەیڕیژێتە دەریا! (٩٩)
ناوی (ئۆتتاککیرۆ)یە[٢٦] کە تەنانەت بە قونداغەیش
زۆر لە (ڤینچسلاوۆ)ی[٢٧] ڕیشنی کوڕی باشتر بوو
کە لەسەر تەوەزەلی و گەندەڵی دەلەوەڕا. (١٠٢)
ئەو کەپووپانەی[٢٨] دیارە بە وردی ڕاوێژ
لەگەڵ ئەوەی ڕوو ناسک[٢٩] دەکا
لە ڕاکردندا مرد و گوڵەمێلاقەی [٣٠] لە دەست هەڵوەرا (١٠٥)
سەیری کە چۆن سنگی دەکوتێ!
سەیری ئەوەی تر [٣١] بکە چۆن ڕوومەتی
خستووەتە سەر ناو لەپی و هەنسک دەدا (١٠٨)
ئەمانە باوک و خەزووری [٣٢] ئەو کەسەن کە
بەڵا بوو بۆ فرەنسا. دەزانن چەند پەست و گەندەڵە!
ئەشکەنجە و ئازاریان هی ئەوەیە. (١١١)
ئەوەی تۆکمە و تەنگەستوورە [٣٣] و

لەگەڵ لووتزلەکە[٣٤] سروود دەچڕێ
پەتی هەموو چاکەکارییەکی لە کەمەر بەستووە! (١١٤)
ئە و گەنجە[٣٥] دەبینی لە پشتییەوە دانیشتووە
ئەگەر بیتوانیایە دوای ئەو ببێ بە پاشا.
جوامێریی لە دەفرێکەوە دەڕژایە ناو دەفرێکی تر. (١١٧)
ناتوانین ئەمە لەبارەی میراتگرەکانی ترەوە بڵێین.
(یاکامۆ)[٣٦] و (فیدیریگۆ)[٣٧] فەرمانڕەوایی دوو وڵات دەکەن
هیچێکیان باشترین میراتیان بەر نەکەوتووە! (١٢٠)
بە دەگمەن وا دەبێ چاکەی مرۆڤ لە لقەکانی
سەرهەڵداتەوە، بەخشندە وای گەرەکە
بۆ ئەوەی داوا هەر لە خۆی بکەین! (١٢٣)
قسەکەم ئەو لووتزلەش[٣٨] دەگرێتەوە
پیێریش[٣٩] دەگرێتەوە کە سروودی لەگەڵ دەچڕێ و
(پولیا) و [٤٠] (پرۆڤێنتسا)[٤١] لە دەستی وەزالە کەوتوون! (١٢٦)
وا دەبێ ڕووەک لە تۆوی خۆی پەست و نزمتر بێ.
(کۆستانتسا)[٤٢] لە (بیاتریچی) و (مارگریتا)٤٣
زیاتر شانازی بە مێردی خۆی دەکا. (١٢٩)
سەیری هێنری[٤٤] شای ئینگلتەرە بکە کە بە سادەیی ژیا
بە تەنیا لەولاوە دانیشتووە.
وەچەکانی نەوەیەکی باشیان تێدایە! (١٣٢)
ئەوەیش کە لە نزمترین شوێن ڕاکشاوە،
چاوی بڕیوەتە ئاسمان، ئەوە مارکیز گویلیلمۆیە[٤٥]
کە بۆ خاتری ئەو، ئەلێسساندریا و شەڕەکەی (١٣٥)
(مۆنفیرڕاتو) و (کاناڤیز)ی خستە گریان (١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سروودی حەفتەم

١. ئەمە سروودی پاشا کەمتەرخەمەکانە کە ڕوویان کردبووە دونیا و پشتیان کردبووە ئەرکی خۆیان بەرامبەر ڕەعیەتەکەیان و بەرامبەر خۆیشیان.

٢. سۆردێللو کشایەوە دواوە بۆ ئەوەی باش فرجیلیۆ ببینێ.

٣. دەڵێ: بەر لەوەی مەسیح شەهید بکرێ و بە مەرگی ئەو ڕێگەی بەرزەک و بەهەشت بە ڕووی ڕۆحەکاندا بکرێتەوە، من مردبووم، واتە ڤیرجیلیۆ پێش هاتنی مەسیح مردووە.

٤. ئۆتتاڤیانۆ Ottaviano: (ئۆکتاڤیوس) بچووککراوی ناوی (ئاوگوستوس)ە. مەبەست ئیمپراتۆری ناسراوی ڕۆمایە کە جێنشینی قراڵ بوو. ڤیرجیلیۆ لە سەردەمی ئەودا ژیاوە و پایەی (شای شاعیران)ی هەبووە. ڤیرجیلیۆ ساڵی ١٩پ.ز، لە بەندەری بریندیزی کۆچی دوایی کرد و بە دەستووری ئۆگست جەنازەکەی برایەوە ناپۆلی و لەوێ نێژرا.

٥. ئەوکاتە وا باو بوو گەورە ملی بچووکی ماچدەکرد و ئەوانەی ئاوقەرانی یەکتر بوون، شانی یەکتریان ماچدەکرد بەڵام بچووک ئەژنۆ و پێی گەورەی ماچدەکرد. ئەمە ئاماژەیە کە پێی ماچکرد.

٦. لاتینی: واتە خەڵکی وڵاتی لاتین، کە ئیتالیایە.

٧. مەبەستی مانتوایە، شار و نیشتمانی هەردووکیان.

٨. واتە دۆزەخ.

٩. ئاماژەیە بۆ (بیاتریچی). پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە (دۆزەخ، س٢، د ٥٢ – ٧٥).

(١٠) مەبەست لە خۆری باڵا L'alto solo خودایە. ئەم دەستەواژەیە لە دۆزەخیش بەکار هاتووە (دۆزەخ، س١، د ٢٣)، هەروەها لە بەهەشتیش (بەهەشت، س٩، د٨/ س١٠/ د٥٣/ س١٨/ د١٠٥/ س٢٥/ د ٥٤/ س٣٠/ د١٢٦).

١١. ئاماژەیە بۆ بەشی یەکەمی دۆزەخ (لیمبۆ). ڤیرجیلیۆ یەکێکە لەوانەی جێگەیان لیمبۆیە. ڕۆحەکانی ئەوێ، ئەشکەنجەیان تەنیا تاریکی و نائومێدیی جاویدانییە. تا مەسیح نەچووە خوارەوە بۆ ناو لیمبۆ، ڤیرجیلیۆ خوای نەدەناسی (دۆزەخ/ س٤، د١٥٢). ئەو ئاهوناڵەیەی لە دەمی ڕۆحەکانی لیمبۆ دێتە دەرەوە، لەبەر نائومێدییە، نەک لەبەر ئازار و ئەشکەنجە.

١٢. واته ئەو منداڵانەی پێش ئاوەمۆرکران مردوون.

١٣. مەبەست لە سێ چاکەکە باوەڕ و هیوا و بەزەییە، کە سێ پایەی سەرەکیی ئاینی مەسیحین.

١٤. ئەمە یاسایەکی بەرزەکە، لێرەدا، ئەمە یەکەمین جارە ئاماژەی بۆ دەکرێ. یاساکە ئەمەیە: کە تاریکیی شەو داهات، ئیتر ڕۆحەکان لە سەرکەوتنە سەر کێوی بەرزەک دەوەستن، چاوەڕێ دەکەن تا دووبارە ڕۆژ هەڵدێ و دونیا ڕووناک دەبێتەوە. دانتی لە دووزەخیش دوو شەو ئاوها ناچار بوو چاوەڕێ بکا (سرووودی هەژدەم و سرووودی بیستوحەفتەم).

دیارە ئەم بیرە لە ئینجیل وەرگیراوە (ئینجیلی یوحەننا، بابی دوازدەمین): (ئەوسا عیسا پێی گوتن ماوەیەکی کەم ڕووناکیتان لە بەردەمدا ماوە. جا مادام ڕووناکیتان لە بەردەمدا ماوە، بڕۆن بۆ ئەوەی تاریکی شەوتان بەسەردا نەیێ. ئەوەی بە تاریکیی شەو بڕوا، نازانێ بۆ کوێ دەچێ.)

١٥. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە تاریکی ڕەمزی گوناە و پیسییە. ڕێگەی سەرکەوتن و هەڵکشان بەرەو کەماڵ، لە ڕۆح دەگرێ. لە تاریکیدا ڕۆح دەتوانێ بێتەخوارەوە – واتە گوناە بکا – یان بە دەوری چیادا بسووڕێتەوە، بەڵام ناتوانێ بەرەو سەرەوە هەڵبکشێ، چونکە هەڵکشان بۆ سەرەوە ڕەمزی پاکییە و ئەم پاکییە تەنیا بە پەرتووی تیشکی بەرەکەتی خودا دەستدەکەوێ.

١٦. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ڤێرجیلیۆ ئاگاداری یاساکانی بەرزەک نییە، چونکە لە گەشتی پێشوویدا تەنیا تا دوا ئەڵقەی دۆزەخ چووبوو.

١٧. مەبەستی لە زێڕ، ڕەنگی زەردە.

١٨. مەبەستی لە زیو، ڕەنگی سپی بریقەدارە

١٩. قورمز –Coccum: زیندەوەرێکە لەسەر هەندێ ڕووەکدا دەژی. ڕەنگی سوورە. ڕەنگی سووری تۆخ لەو زیندەوەرە وەردەگیرێ. مەبەستی ڕەنگی سوورە.

٢٠. مەبەست لە مرواری، ڕەنگی سپیی سافە.

٢١. مەبەست لە خوم (indico) (نیلج)، شینی تارییە.

٢٢. مەبەستی لە زمڕووت، سەوزییە.

٢٣. ڕۆدۆلفۆ داسبورگۆ- Rodolfo d'Asburgo. ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو. لە بنەماڵەی (هابسبورگ)ی ناودار بوو. باوکی ئەلبێرتۆی نەمساوی بوو. ساڵی ١٢١٨ لە

دایک بووە و ساڵی ۱۲۷۳ تاجی نایە سەر و بوو بە ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی و ساڵی ۱۲۹۱دا کۆچی دوایی کرد. دانتی داخ دەخوا بۆچی ئەو پیاوە پشتی لە ئیتالیا کرد و هەتوانی لەسەر برینەکانی دانەنا.

٢٤. ئەوەی تر: ئاماژەیە بۆ هێنریی حەفتەم کە ویستی ئیتالیا داگیر بکا، بەڵام دانتی بە نۆشداررووی پاش مەرگی دادەنێ!

٢٥. مۆلتا Molta: لە بنچینەدا (مۆلداو)ە. لقێکە لە ڕووباری (ئالب)ی ناوداری ئەورووپای ناوین و ڕۆژهەڵات و لە بۆهیم (چیکۆسلۆڤاکیا)، لە دەریای ڕەش دەکاتەوە.

٢٦. ئۆتتاکیرۆ Ottachero ئاماژەیە بۆ ئۆتتاکیرۆی دووەم کە زۆر باوە تاجی ئیمپراتۆریان پێشکەش کرد، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە. پاشای بۆهیمیا بوو (۱۲۵۳ – ۱۲۷۸) لەگەڵ ڕودۆلفۆ جەنگا.

٢٧. ڤنچیسلانۆ –Vincislano مەبەست ڤنچیسلانۆی چوارەمە. کوڕی ئۆتتاکیرۆی ناوبراو بوو. ساڵی ۱۲٦۸ بوو بە پاشای بۆهیمیا و ساڵی ۱۳۰۰ پۆڵەندای هێنایە سەر بۆهیمیا. ساڵی ۱۳۰۵ کۆچی دوایی کرد. هەمیشە بەدوای بەزم و خۆشی و ڕابواردندا دەگەڕا. مەبەستی دانتی ئەوەیە بڵێ ئۆتتاکیرۆ هێشتا کۆرپەیەکی شیرەخۆرە بوو، لەم کوڕەی باشتر بوو.

٢٨. کەپووپان ئاماژەیە بۆ فیلیپی سێیەمی پاشای فەڕەنسا (۱۲۷۹ – ۱۲۸۵). باوکی فلیپ دو بێل و شارل دی ڤالۆ بوو.

٢٩. ئاماژەیە بۆ هێنری دو ناڤاڕی –Henride Navarre ساڵی ۱۲٦۰، بوو بە پاشا و ساڵی ۱۲۷٤ کۆچی دوایی کرد.

٣٠. ئاماژەیە بۆ ئەوە فیلیپی سێیەم لە جەنگی دژی پیترۆسی سێیەمی پاشای (ئارگۆن)ی ئەسپانیا شکستی خوارد و پاش ئەوەی ساڵی ۱۲۸۵ کەشتیگەلی فەڕەنسی لە کەنداوی دی ڕوساس تێک شکا، (کاتالۆنیا)ی جێهێشت. بەم جۆرە بنەماڵەی دەسەڵاتداری فەڕەنسا، کە نیشانەی ماڵباتیان گوڵەمێلاقە بوو، تووشی ڕسوایی هات.

٣١. ئەوەی تر، مەبەست هێنریی یەکەمی پاشای ناڤاڕییە.

٣٢. مەبەست فیلیپی سێیەمی باوک و هێنریی یەکەمی خەزووری فیلیپ لوبێلە.

٣٣. ئەو تۆکمە و تەنگەئەستوورە، مەبەست پیترۆسی سێیەمی ئاراگۆنییە. لە سەقلیە لە دایک بووە. زەماوەندی لەگەڵ کۆنستانتسای کچی مانفرێد کرد و ساڵی ١٢٨٢ بوو بە پاشای سەقلیە و لە ١٢٨٥دا کۆچی دوایی کرد.

٣٤. مەبەست (شارل دانژوو–Charle d Anjouیە ١٢٧٠ – ١٣٢٥). کوڕی لویسی هەشتەمی پاشای فەرەنسا و برای لویسی نۆیەم بوو. کلیمەنتۆی چوارەم ساڵی ١٢٦٥، بانگی کرد بۆ ئیتالیا. لە جەنگی بنیڤێنتۆدا، مانفرێدی شکاند و دەستی بەسەر ناپۆلیدا گرت. پیاوێکی توند و بەهێز بوو.

٣٥. مەبەست ئەلفۆنسۆی سێیەمی کوڕە گەورەی پیترۆسی ئاراگۆنییە. ساڵی ١٢٨٥ بوو بە جێنشینی باوکی و ساڵی ١٢٩١ کۆچی دوایی کرد. دانتی مەبەستی ئەوەیە ئەگەر ئەم گەنجە ماوەیەکی زۆر پاشایەتیی بکردایە، توانا و لێهاتوویی باوکی بە تەواوی لێ دەردەکەوت.

٣٦. یاکۆمۆ. جیاکۆمۆ Giacomی دووەمی ئاراگۆنی، نازناوی (دادپەوەر) بوو. کوڕی دووەمی پیترۆسی ئاراگۆنی بوو. ساڵی ١٢٨٦ بوو بە پاشای سەقلیە و پاش ئەلفۆنسۆی برای، بوو بە پاشای ئاراگۆن و ساڵی ١٣٢٧ کۆچی دوایی کرد.

٣٧. فیدیریگۆی دووەم (Federigo)، کوری سێیەمی پیترۆسی ئاراگۆنی بوو. ساڵی ١٢٩٦ بوو بە پاشای سەقلیە و ساڵی ١٣٣٧ کۆچی دوایی کرد. دانتی مەبەستی ئەوەیە ئەم دوو کوڕە هەرچەندە میراتگری خاک و قەڵەمڕەوی باوکیان بوون، بەڵام نەبوون بە میراتگری سیفەت و کردەوە چاکەکانی.

٣٨. (لووت زل) مەبەست شارلی یەکەم شارل دانژوویە

٣٩. یانی پیترۆسی سێیەمی پاشای ئاراگون.

٤٠. پولیا Puglia هەرێمێک بوو لەژێر دەسەڵاتی شارلی دووەمی کوڕی شارل دانژوودا بوو.

٤١. پرۆڤێنتسا Provenza: ئەمەیش هەرێمێک بوو لە ژێر دەسەڵاتی شارلی دووەمی کوڕی شارل دانژوودا بوو.

دانتی باس دەکا ئەو دوو هەرێمە زۆر بەدەست ئەم پاشایەوە بە زەلالەت بوون.

٤٢. کۆستانتسا Costanza ژنی پیترۆسی سێیەمی پاشای ئاراگۆن بوو.

٤٣. بیاتریچی Beatrice و مارگریتا Marguerita ژنی یەکەم و دووەمی شارلی یەکەم (شارل دانژوو) بوون.

٤٤. ئارِیگۆ دینگلیتێرِا (Arrigo d'inghliterra) (بە ئینگلیزی Henry of England) واتە هێنریی سێیەمی پاشای ئینگلتەرە (١٢١٦ – ١٢٧٢). لە کڵێسەی وێست منستەر، لە لەندەن نێژراوە. ژیانێکی سادە و بێوەی ژیا. حاکمێکی بێهێز بوو، رەنگە هۆی بێهێزییەکەی ئەوە بێ لە پێناوی ئەرکی ئایینیدا، ئەرکی فەرمانڕەوایی و پاشایەتیی پشتگوێ دەخست.

٤٥. مارکیز (گولیلمۆی حەفتەم –1292 – 1254) (Gulielmo vll). مارکیزی مۆنفیرِاتۆ بوو. یەکێ بوو لە سەرکردەکانی گیبیللینییەکان لە باکووری ئیتالیادا. لە رووی شارل دانژوو راوەستا و ساڵی ١٢٩٠ شاری (ئەلیسساندریا Alessandria)ی باکووری ئیتالیا لە رووی هەستان. ویستی سەرکوتیان بکاتەوە، بەڵام بەزی. گرتیان و لەناو رکەوێک بەندیان کرد. تا مرد دەریاننەهێنا. جیۆڤانی کوڕی ویستی تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە. هێرشی کرد سەر ئەلیسساندریا و زیانێکی زۆری لە مۆنفێرِاتۆ و کاناڤیزی دا. یەکەم کەوتبووە سەر کەناری دەستەڕاستی رووباری (ئالپۆ) و دووەم لەسەر کەناری دەستەچەپی بوو.

# سروودی هەشتەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی دۆزەخ

## دۆڵی پاشایان

ڕۆژ ئاوابوو. لەو کاتەدا ڕێبوارانی دەریا تاسەی گەڕانەوەی نیشتمان دەکەن. ڕۆحەکان کپبوونەوە و دانتی هیچ دەنگی نەبیست. دانتی ڕۆحێکی بینی هەستایەوە و داوای کرد گوێی لێ بگرن. هەموو بە یەک دەنگ سروودێکیان دووبارەکردەوە و لە خوا پاڕانەوە لە شەیتانی شەو چەپاڵەیان بدا. دانتی دوو فریشتەی جلسەوزی بینی کۆمەڵە ڕۆحێکیان گرتبووە خۆ. هاتبوون بۆ ئەوەی دۆڵەکە لە ماری ڕەمزی گوناه و خراپە بپارێزن. دانتی ترسا و خۆی بە ڤیرجیلیۆوە نووساند. سۆردێللۆ داوای لێ کردن دابەزن بۆ دۆڵی پاشایان. دانتی ڕۆحێکی بینی چاوی تێ بڕیبوو. ئەمە ڕۆحی نینۆ ئوگلینۆ ڤیسکۆنتی بوو. دانتی شادبوو کە دیتی ئەمە لەگەڵ نەفرەت لێکراواندا نییە. زۆر بە گەرمی چاک و خۆشییان لەگەڵ یەک کرد.

دانتی تەماشای ئاسمانی کرد، ئەستێرەی پرشنگداری بینین کە ڕەمزی چاکەی یەزدانین. مارەکە بۆ ناو گیاوگۆڵ و گوڵەکان خشی. دوو فریشتەکە خێرا بۆی دابەزین. مارەکە ڕایکرد و دوو فریشتەکە فڕینەوە بۆ شوێنی خۆیان.

کوڕڕادۆ مالا سپینا داوای لە دانتی کرد بڕوا بۆ سەر ترۆپکی پرشنگداری چیا کە بەهەشتی زەمینییە، ئینجا باسی دەنگوباسی دۆڵی ماگرای لێ پرسی. دانتی گوتی ناوبانگی دونیای گرتووەتەوە. سوێندی خوارد گەلەکەی شەرەفی سامان و شیریان لەدەست نەداوە و ڕەوشتی بەرزی خۆیان نەدۆڕاندووە.

کوڕڕادۆ پێشبینیی ژیانی تاراوگەی بۆ دانتی کرد.



ئێستا ئەو کاتەیە[2] کە غەریبیی دەریاوانەکان
هەڵدەسێنێ و سۆزیان دەبزوێنێ، بە یادی
ئەو ڕۆژەی[3] بە خۆشەویستانیان گوتووە: (ماڵئاوا!) (٣)
ئێستا ئەو کاتەیە کە تیری عیشق لەو ڕێبوارە دەدا،
یەکەم گەشتی بێ. کاتێ لە دوورەوە گوێی لە زەنگ دەبێ[4]
بۆ نەمانی ترووسکەی ڕووناکی دەگری[5]. (٦)
چیدی گوێم نەگرت.
سەیری ڕۆحێکم کرد[6] هەستایەوە سەر پێ[7]،
بە دەست ئاماژەی کرد گوێی لێ بگرین. (٩)
هەردوو ناولەپی خستە سەر یەک و
بەرزی کردەوە و ڕووی کردە ڕۆژهەلات[8].
وەک ئەوەی بە خوا بڵێ: (لە تۆ زیاتر باکم بە کەس نییە.) (١٢)
ئەوەندە بە ملکەچی و بە ئاوازێکی ئەوەندە شیرین
سروودی (پێش کۆتایی ڕۆژ)ی چڕی،[9]
ئاگام لە خۆم و دەوروبەرم نەما! (١٥)
ڕۆحەکانی تریش چاویان بڕییە ئەڵقە باڵاکان و
بە خاکی و شیرینی، سروودەکەیان
پێکەوە لە دوای ئەو گوتەوە. (١٨)
¬ئەی خوێنەر، بە وردی چاوی ناخت بکەوە
ڕاستی ببینە، ئێستا پەردەکە زۆر تەنکە و[10]
دەتوانین ئەو دیوی ببینین. (٢١)
ئینجا ئەو کۆڕە شایستەیەم بینی،
خەڵکەکە بە بێدەنگی سەیری ئاسمانیان دەکرد.
بە خاکی و ڕەنگزەردی، وەک ئەوەی چاوەڕێی شتێ بکەن. (٢٤)
دوو فریشتەم[11] بینی لە ئاسمان هاتنە خوارێ،
دوو شمشێری ئاگرینی شکاویان پێبوو،
سەری نووکیان پەڕی بوو![12] (٢٧)
جلیان سەوز[13] وەک گەڵای تازە وا بوو.

باڵی سەوزیان لەسەر جل لێک دەدا.
با لێی دەدا و لە دواوە دەشەکایەوە! (٣٠)
یەکێ هات نەختێ لە هەورازی ئێمە نیشت و
ئەوەی تر چووە کەناری بەرامبەر.
بەو جۆرە کۆڕەکەیان گرتە بەینی خۆیانەوە! (٣٣)
زۆر چاک سەری سیسی[١٤] هەردووکیانم بینی،
بەڵام کە سەرنجم لە ڕوویان دا، چاوم تێکچوو[١٥].
چونکە هەستمان لە زێدەڕەویدا دەشلەژێ! (٣٦)
(سۆردێللۆ) گوتی: (ئەمانە هەردووکیان
لە ئاسمانی مێرەمەوە[١٦] هاتوون تا ئەم دۆڵە بپارێزن
لەو مارەی[١٧] کە هەر ئێستاکە دێ! (٣٩)
من نەمدەزانی بە کام ڕێگەدا دێ
چاوم لە دەوروبەرم گێڕا[١٨]، گیانم وەک شەختە ڕەقهەلات،
خۆم بە دوو شانی دڵسۆزەوە نووساند![١٩] (٤٢)
(سۆردێلۆ) دووبارە گوتی: (با ئێستا بچینە دۆڵی خوارێ،
بۆ ناو ڕۆحە مەزنەکان[٢٠] و بیاندوێنین،
بە دیدارت شاد و گوشاد دەبن! (٤٥)
تەنیا سێ هەنگاو شۆڕبوومەوە خوارێ
گەیشتمە خوارەوە. یەکێکم دی
مێزەی کردم، وەک بیەوێ بمناسێتەوە! (٤٨)
ئێستا خەریکە دونیا تاریک دادێ[٢١]
بەڵام ئەوەندە نا، ئەوەی پێشتر دەمدی،
لە بەرچاوم بزر ببێ! (٥١)
ئەو بەرەو ڕووی من هات و منیش بۆ لای ئەو چووم.
ئەی دادوەری جوامێر، ئەی (نین)[٢٢]، چەند شادم
کە دەبینم لەگەڵ دۆزەخییاندا نییت! (٥٤)
چاک و چۆنیی گەرم نەما نەیکەین،
لێی پرسیم: (کەی بە ناو ئەو ئاوە فراوانەدا

هاتی و گەیشتیتە بناری چیا؟)[٢٣] (٥٧)
گوتم: (ئەمڕۆ بەیانی لە ئەڵقە شوومەکانەوە هاتم[٢٤]،
من هێشتا لە ژیانی یەکەمم دام.[٢٥]
گەشتم بەرەو دونیای ئاخیرەتە!) (٦٠)
کە بە خۆ و بە (سۆردێللۆ) گوێیان لە وەڵامەکەم بوو[٢٦]،
یەکسەر هەنگاوێ کشانەوە پاش.
وەک یەکێ لەپڕ تووشی حەپەسان بووبێ! (٦٣)
یەکێ[٢٧] ڕووی کردە ڤیرجیلیۆ و ئەوەی تر [٢٨]
ڕووی کردە ڕۆحێ لەولاوە دانیشتبوو و هاواری کرد:
((کوڕڕادۆ) هەستە، بڕوانە کەرەمی خودا!) (٦٦)
ئینجا ئاوڕی لە من دایەوە: (بە ناوی ئەو کەرەمە بێوێنەیە[٢٩]
کە قەرزاری ئەو کەسەیە هۆکاری کارەکانی دەشارێتەوە
وامان لێ دەشارێتەوە دەرکی پێ ناکەین! (٦٩)
کە ئەم دەریا گەورەیەت بڕی و گەڕایتەوە
بە (جیۆڤاننا)ی[٣٠] کچم بڵێ دوعام بۆ بکا
دوعای بەری و پاکان لە قاپی خوا قبووڵە (٧٢)
باوەڕ ناکەم دایکی[٣١] ئیتر منی خۆش بوێ
لەو ساتەوە کە سەرپۆشی سپیی فڕێداوە٣٢.
حەیف! هەمیشە پێویستی پێ دەبێ[٣٣]. (٧٥)
بە ڕەفتاری ئەوەوە، بە ئاسانی دەزانین
گڕی عیشق چەند لای ژن دەمێنێتەوە.
ئەگەر سەرنج و دەستلێدان گڕی خۆش نەکا. (٧٨)
ئەو مارەی[٣٤] لە (میلانۆ) دەچێتە شەڕگە
گۆڕی وا جوانی بۆ دروست ناکا.
وەک دیقلی (گاللورا)[٣٥] دەیتوانی دروستی بکا. (٨١)
وای گوت و ئەو ڕق و سۆزەی لە ڕوو دەرکەوت
کە لە کاتی وادا بەپێی پێویست
لە دڵدا گڕدەگرێ! (٨٤)

دوو چاوی زەقم هەر ڕوو لەو شوێنە بوون
کە ئەستێرە زۆر بە هێواشی دەڕۆن.[٣٦]
وەک چەرخێ لە نزیکی چەق! (٨٧)
ڕابەرەکەم گوتی: (ڕۆڵە، سەیری چ دەکەی لەو بەرزاییە؟)
گوتم: (سەیری ئەو سێ بڵێسەیە دەکەم
کە سەراپای جەمسەری کردووەتە گڕ!) (٩٠)
گوتی: (ئەمانە بەرزبوونەوە ئەو شوێنەی
ئەو چوار ئەستێرە[٣٧] پڕشنگدارەی
ئەمڕۆ بەیانی دیت بۆی چوون) (٩٣)
کە قسەی دەکرد، (سۆردێللۆ)ی ڕایکێشایە لای خۆیەوە،
پێی گوت: (بڕوانە ئەوەتا دوژمنەکەمان.)
بە پەنجە ئاماژەی بۆ کرد سەیری بکا. (٩٦)
لەو لێواری دۆڵە کە بەربەستی نییە
مارێکم بینی[٣٨]، ڕەنگە هەر ئەو مارە بێ
میوەی تاڵی[٣٩] دەرخواردی حەوا دا(٩٩)
خشۆکی بەدکار بەناو گوڵ و گیادا خشی و هات
سەری وەردەسوڕاند و خۆی دەلستەوە.[٤٠]
وەک چۆن ئاژەڵ پشتی دەلێسێتەوە! (١٠٢)
نەمدی، نەخێر ناتوانم بڵێم دیم،[٤١]
چۆن ئەو دوو بازە ئاسمانییە[٤٢] لە شەققەی باڵیان دا
بەڵام لە حانی فڕیندا هەردووکم بینی. (١٠٥)
مارەکە، هەر هێندە گوێی لە ورشەی باڵی سەوزیان بوو،
قوچاندی و هەڵات[٤٣]. دوو فریشتەکەیش
خولیان دا و شانبەشانی یەک سەرکەوتنەوە جێی خۆیان (١٠٨)
ئەو ڕۆحەی دادوەر بانگی کرد و چووە لای،
بە درێژایی ئەم هەموو پەلامارە،
چرکەیەک چاوی لەسەر من کەلەلا نەکرد! (١١١)
گوتی: (یاخوا ئەو چراوگەی[٤٤] ڕێت ڕۆشن دەکاتەوە

ئەوەندە مۆمی ویست و ورەت پێ بدا
بتوانی پێی بگەیتە ترۆپکی لازوەردی! (١١٤)
ئەگەر خەبەری ڕاستی دۆڵی (ماگرا) و[٤٥]
ناوچەی دوورت لە لایە، پێم بڵێ.
من کاتی خۆی خاوەن دەسەڵات بووم لەوێ. (١١٧)
من ناوم (کورڕادۆ مالا سپینا)یە.[٤٦]
(کورڕادۆ)ی دێرین[٤٧] نیم. نەوەی ئەوم!
خزمەکانی خۆم خۆشدەویست. لێرە لە پاکبوونەوەدام.) (١٢٠)
گوتم: (ئاخ! من خەڵکی ولاتی تۆ نیم، ولاتی تۆم نەدیوە!
بەڵام ئایا لە ئەورووپا، کەس هەیە
ناوبانگی گەورەیی ئێوەی پێ نەگەیشتبێ؟ (١٢٣)
ناوبانگی گەورەی بنەماڵەکەتان
یادی گەورەکانتان گەورەتر دەکا و ناوبانگی خاکتان زیاتر دەکا،
ئەوەی نەشیدیبێ، دەیناسێ! (١٢٦)
من ڕەنگە بگەمە ترۆپک، سوێندت بۆ دەخۆم،
گەلی سەرفرازی ئێوە هەرگیز
شکۆمەندیی دەستکەوتی زەڕ و شیری لەدەست نەداوە.[٤٨] (١٢٩)
ئێوە ڕەوشت و سروشتی تایبەتیتان هەیە.
سەرەڕای گەندەڵبوونی دونیا بە سەری پیس[٤٩]
تەنیا ڕێگەی ڕاست دەگرن، نەک خراپ![٥٠] (١٣٢)
پێی گوتم: (برۆ، چونکە خۆر حەفت جار
لەناو ئەو نوێنە ڕاناکشێ، کە (کاوڕ)[٥١]
دایگرتووە و چوارپەلی بەرزکردووەتەوە. (١٣٥)
ئەگەر ئەم ڕایە ناسکە، بە مێخ
لە گوتاری خەڵک پتەوتر،
لەناو مێشکت دانەکوترێ! (١٣٨)
ئەگەر چارەنووسی یەزدانی لە ڕەوتی خۆی نەوەستێ! (١٣٩)

***

چووه فلۆرەنسا ناسیویەتی و دۆستایەتییان لە کاتی ئابڵووقەدانی (کاپرۆنا) پتەوتر بوو. ساڵی ١٢٩٦ لە سەردینیا مرد.

٢٣. واتە: کەی لە ڕێژگاوی ڕووباری (تیڤیری) سواری بەلەم بووی و بە ناو دەریای بێ پەی و سنووردا هاتیتە بەرزەک؟

٢٤. ئاماژەیە بۆ دۆزەخ.

٢٥. واتە هەرچەندە هاتوومەتە ئێرە، هێشتا زیندووم و نەمردووم.

٢٦. واتە کاتێ سۆردێلۆ و نینۆ زانییان دانتی زیندووە و هێشتا نەمردووە.

٢٧. مەبەست کورڕادۆ مالا سپینایە.

٢٨. مەبەست نینۆ فیسکۆنتییە.

٢٩. مەبەست خوایە.

٣٠. جیۆڤاننا –Giovanna کچی تاقانەی نینۆ بوو. ساڵی ١٣٠٠ تەمەنی ٩ ساڵ بوو. کە باوکی مرد، پاپا بونیڤاچۆی هەشتەم وەکو کچی سەرکردەیەکی گەلف گرتییە خۆی و بەخێوی کرد. شووی بە ڕیتساردۆ دا کامینۆی نەجیبزادەی تریڤیزۆ کرد و پاش مردنی مێردی ساڵی ١٣١٢ هەر لە فلۆرەنسا مایەوە. ساڵی ١٣٢٣ باروبوویەکی دارایی باشی کرا. ساڵی ١٣٣٩ کۆچی دوایی کرد. نینۆ زۆر بە خۆشەویستی و میهرەبانی باسی کچەکەی دەکا وەک ئەوەی بیەوێ بیگرێتە باوەشی خۆی. نینۆ بە ئاواتەوەیە کچەکەی دوعای بۆ بکا، چونکە منداڵێکی بێگوناهە و خودا دوعای قبووڵ دەکا.

٣١. مەبەستی لە (دایکی)، (بیاتریچی)ی ژنی قازییە. پاش مردنی مێردی لە ساڵی ١٣٠٠دا شووی بە گالیاتسۆ ڤیسکۆنتی کرد کە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی گیبیللینییەکان لە میلانۆ. خوشکی (ئۆبیتسۆ دا ئێستی Obizzo de Este) بوو کە دانتی بە تاوانی ستەمکاری خستوویەتییە دۆزەخ (دۆزەخ، س١٢، د١١٠).

٣٢. ئەو کاتە ڕەوشت وا بوو بێوەژن جلێکی ڕەشی لە بەر دەکرد و لەچەکێکی سپیی دەبەست، واتە جلی بووکی (کە سپییە) دادەکەند تا مێرد بکاتەوە.

٣٣. ئاماژەیە بۆ ئەوە مێردی دووەمی ئەم خانمە (گالیاتسۆ ڤیسکۆنتی – Galeazzo Visconti) بە خاوخێزانەوە لە میلانۆ دەردەکرێ و لە ئاوارەییدا دەمرێ. ئەمە ساڵی ١٣٠٢ ڕووی دا.

٣٤. مار نیشانەی میلانۆ بوو، لە کاتی شەڕدا لەسەر زرێ دروستیان دەکرد، لە هەمان کاتدا نیشانەی بنەماڵەی خانەدانی ڤیسکۆنتی مێردی دووەمی بیاتریچی بوو.

٣٥. دیقل دروشمی پیزا بوو لەسەر چەکی شەڕ. لە هەمان کاتدا نیشانەی بنەماڵەی خانەدانی (گالولورا)ی مێردی یەکەمی ئەم خانمە بوو. مەبەست ئەوەیە ئەم خانمە ئەگەر بە بێوەژنی مێردی یەکەمی بمردایە، کە لە گەلفەکان بوو، کەڵەشێری دروشمی گەلفی پیزایان لەسەر گۆڕی دادەنا. ئەمە زیاتر جێگەی شانازی بوو لەوەی کە بە بێوەژنیی (فیسکۆنتی) سەرکردەی گیبللینییەکان بمرێ و لە کاتی مردندا وێنەی ماری دروشمی میلانۆی گیبیللینیی لەسەر گۆڕ دابنێن، بەڵام کە ساڵی ١٣٣٤ مرد، هەردوو حاڵەتەکە هاتنە دی. هەم دروشمی مار و هەم دروشمی کەڵەشێریان لەسەر کێلی گۆڕی هەڵکەند.

٣٦. واتە دانتی کە سەیری ئەستێرەکانی تەوەری باشووری دەکرد، لەبەر ئەوەی لە چەقی سووڕانەوە نزیک بوون، دەیدی هێدیتر دەخولێنەوە.

٣٧. چوار ئەستێرە: ئاماژەیە بۆ ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خاچی باشوور، کە ڕەمزی ژیانی چالاکی و کاری (ڕۆژ) بوون و ئێستا جێگەی خۆیان بۆ سێ ئەستێرە چۆل کردووە کە ڕەمزی ژیانی دەروونی و مەعنەوی (شەو)ن. پێشتر باسی ئەم چوار ئەستێرەیە کراوە (بەرزەک، س١، د٢٥).

٣٨. مار ڕەمزی شەیتان و تەفرەدانە. مار لە هەموو زیندەوەر و گیاندارانی دەشتودەر ئاقڵتر بوو. چووە لای حەوا و پێی گوت: ئایا ڕاستە خودا گوتوویەتی بەری هەموو دەرختێک مەخۆن؟ حەوا گوتی: بەری هەموو درەختێک دەخوێن، خودا تەنیا بەری یەک درەختی لێ قەدەغە کردووین کە لە ناوەڕاستی بەهەشتدایە. خودا پێی گوتووین نزیک ئەو دارە نەکەوینەوە و دەستی لێ نەدەین و بەرەکەی نەخۆین، نەوەک دەمرین. مار بە حەوای گوت: دڵنیا بن بە خواردنی بەری ئەم دارە نامرن، بەڵام خودا دەزانێ ئەگەر ئێوە بەری ئەو دارە بخۆن، چاوتان دەکرێتەوە و چاکە و خراپە لێک دەکەنەوە. حەوا کە زانیی ئەو درەختە بۆ خواردن باشە و دیمەنێکی جوانی هەیە. میوەکەی لێکردەوە و خواردی و دەرخواردی مێردەکەیشی دا. ئەو درەختە لای جوولەکە و مەسیحیان دارسێوە و لای موسڵمانان گەنمە.

٣٩. میوەی تاڵ: مەبەست ئەو میوەیەیە کە حەوا لێی کردەوە و تاڵی و بەدبەختیی بۆ خۆی و بۆ مێردی و بۆ هەموو مرۆڤایەتی هێنا.

٤٠. مارەکە پشتی دەلێستەوە، واتە تێرە و نیازی خراپەی لەگەڵ کەس نییە.

٤١. دانتی نەیدی فریشتەکان چۆن فڕین، چونکە خەریکی سەیرکردنی مارەکە بوو.

٤٢. باز زۆر تیژباڵە و دوژمنی مارە. مەبەست لە دووباز دوو فریشتەیە.

٤٣. هەڵاتنی مارەکە ڕەمزی سەرکەوتنی چاکەیە بەسەر خراپەدا.

٤٤. چراوگ: مەبەست لوتفی خودایە کە ڕێگە بۆ مرۆڤی پاک ڕووناک دەکاتەوە.
٤٥. (دۆڵی ماگرا Val di Magra)، ناوچەیەک بوو لە هەرێمی (لونیجانا) کە قەڵای پتەوی (فیللا فرانکا –Villafranca)ی بارەگای فیدیریگۆی باوکی کورڕادۆی لێ بوو. ساڵی ١٢٩٤ کورڕادۆ لەوێ وەسیەتنامەکەی نووسی.
٤٦. کورڕادۆ مالاسپینای دووەم Currado Malaspinaii، یەکێ بوو لە نەجیبزادەکانی لونیجانا. کوڕی فیدیریگۆی یەکەم بوو. مارکیزی فیللافرانکای هەرێمی (لونیجانا) بوو. دانتی لە ماوەی ئاوارەبوونیدا، شەش ساڵ لە ژێر سێبەر و پارێزگاریی کوڕی ئەم پیاوەدا ژیا. ساڵی ١٢٩٤ کوچی دوایی کرد. ئەم کورڕادۆ مالا سپینایە نەوەی کورڕادۆ مالاسپیناکەی تر بوو کە لێرە بە (دێرین) ئاماژەی بۆ کراوە.
٤٧. (دێرین) یان (پیر): مەبەست کورڕادا مالا سپینای یەکەمە کە باپیری کورڕادۆ مالا سپینای دووەم و باپیری مۆرێلۆ بوو (دۆزەخ، س٢٤، د ١٤٢) و هەروەها باپیری فرانچیسکینۆ بوو کە دانتی ساڵی ١٣٠٦ لە لونیجانا سەردانی کرد.
٤٨. شانازیی زەڕ و شمشێر: واتە شانازیی جوامێری و دلاوەری و شانازیی کەرامەت و بەخشندەیی.
٤٩. سەری پیس: ئایا دانتی مەبەستی لە سەری پیس و گەندەڵ چییە؟ ڕای جیاواز لەم بارەیەوە هەیە: هەیە دەڵێ مەبەست شەیتانە کە دونیا بەرەو خراپەکاری دەبا، هەیە دەڵێ مەبەست ئیمپراتۆرە کە ئەرکی خۆی بە چاکی بەجێ ناهێنێ و هەیشە دەڵێ مەبەست پاپا و دەزگای کڵێسەیە کە گەندەڵبوونە. زیاتر لەوەدەچێ دانتی مەبەستی ئەوەی دواوە بێ، چونکە ساڵی ١٣٠٠ بۆنیفاچۆی هەشتەم پاپای گەورە بوو، ئەوەش بوو دیمان دانتی خستبوویە دۆزەخ. (دۆزەخ، س١٩، د١٨).
٥٠. ناوبانگی بنەماڵەی (مالا سپینا) گەیشتبووە هەموو ئەورووپا، تەنانەت شاعیرانی تروبادووریش بە چاکە و مێرخاسی و بەخشندەییان هەڵگوتووە.
٥١. واتە بەر لەوەی خۆر حەفت جار بێتەوە بورجی (کاوڕ) کە ئێستا لەوێدایە، واتە بەر لەوەی حەفت ساڵ پێ بچێ. لە بەهاری (١٣٠٠)ەوە کە دانتی دەستی بە گەشتەکەی کرد تا ١٣٠٦ کە سەردانی دۆڵی ماگرای کرد لە هەرێمی (لونیجانا).

***

# سروودی نۆیەم[1]

## لە ئەڵقەی پێشەکیی بەرزەکەوە تا بەرزەکی ڕاستەقینە


ڕۆژ ئاوا بوو و شەو داهات و بورجی دووپشک لە ئاسۆ تێپەڕی. دانتی خەو بردییەوە. پێش بەیانی، کە مرۆڤ مێشکی ساف دەبێ و دەکەوێتە سەر باری خەونی یەزدانی، دانتی خەونێکی بینی. لەو خەونەدا هەڵۆیەکی بینی وەک برووسکە لە ئاسمان کووزەی کرد و دابەزی. دانتیی گرت و بەرزیکردەوە بۆ ئاسمان. دانتی بەئاگا هات. زۆر ترسا. ڤیرجیلیۆ لاواندییەوە و غەمی دڵی ڕەواندەوە. پێی گوت ئێستا گەیشتووەتە بەرزەک. لوچیا لە ئاسمانەوە هات هەڵیگرت و بردیە سەرەوە و ئەویش بەدوویدا هات. ڤیرجیلیۆ دەرگای بەرزەکی بینی. دانتی ورەی هاتەوە بەر و بەدوای ڤیرجیلیۆدا ڕۆیشت.

شاعیرەکان لە دەرگای بەرزەک نزیککەوتنەوە. دانتی سێ پایەی بینی. فریشتەی پاسەوانی بینی بە تیشکێکی گەش دەبریقایەوە. نەیتوانی سەیری بکا. فریشتەکە پرسیی حاڵیان لە چیدایە و ئاگاداری کردنەوە لەوە زیاتر هەوراز نەچن، بەڵام کە ڤیرجیلیۆ گوتی لوچیا سەری خستوون، فریشتەکە بەخێری هێنان و دەرگای نیشان دان. دانتی لەسەر پایەکانی پلیکانەکە دانیشت. سێ پایەکە: یەکەم ڕەمزی دەروونپاکیی و دووەم ڕەمزی ددان بەگوناهدانان و سێیەم ڕمزی خۆشەویستیی پاک بوو. دانتی داوای لە فریشتەکە کرد دەرگایان

بۆ وەکا. فریشتەکە حەفت (گ)ی لەسەر تەوێڵی نەخشاند کە ڕەمزی حەفت گوناهە و دەرگای بەرزەکی بە دوو کلیل کردەوە: یەکی زێڕ و یەکی زیو.

فریشتەکە ئاگاداری کردنەوە ئاوڕ لە دواوە نەدەنەوە بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە سەر گوناهەکانی پێشوو.

دانتی لە ژوورەوە گوێی لە سروودێک بوو بە ئاوازی خۆش و شیرین دەخوێنرایەوە. دانتی لە هەندێ وشە گەیشت، بەڵام لە هەموو سروودەکە نەگەیشت.



دۆستی (تیتونی)ی[2] دێرین
لە بانێژەی ڕۆژهەڵات، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە
کە لە هاونوێنی[3] دڵداری شەیدایدا دەردەچێ! (٣)
دوور لە باوەشی ئاشقی شەیدای.[4]
هەنیەی بە گەوهەر دەدرەوشێتەوە.
زیندەوەری بە شێوەی مەگەسی خوێنسارد[5]
بە کلک بە خەڵکییەوە دەدا. (٦)
شەو، لەو شوێنەی لێی بووین،[6]
دوو هەنگاو بۆ سەرەوە هەڵکشابوو،
باڵیشی بۆ هەنگاوی سێیەم شۆڕ کردبووەوە. (٩)
من، هێشتا سروشتی بنیادەمم پێوە مابوو.[7]
کاتێ خەو زۆری بۆ هێنام،
لە کوێ هەرپێنجمان[8] دانیشتبووین، لەسەر گیا ڕاکشام (١٢)
لەگەڵ گەردەلوولی بەیانی، کە پەڕەسێلکە[9]
تێهەڵدەکاتە چریکەی غەمگین،
- لە یادی کارەساتەکانی پێشووی - (١٥)
کاتێ ڕۆحمان بە ڕوانینی یەزدانی دەچێتە گەشت،[10]
زیاتر لە جەستە دووردەکەوێتەوە و
کەمتر بە بیر دەبەسرێتەوە! (١٧)
لە خەودا هەڵۆیەکم[11] بینی
بە پەڕی زێڕینی بە ئاسمانەوە بوو
باڵی لێک کردبووەوە، دەهاتە خوارێ![12] (٢١)
وامزانی لەو شوێنەم
کە (گانیمیدی)[13] لە هاوڕێکانی دابڕا.
ئەوەبوو بەرزیان کردەوە بۆ کۆڕی باڵا! (٢٤)
لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، ڕەنگە ڕاهاتبێ

لێرە ڕاو بکا، لەوانەیشە پێی شەرم بێ،
لە شوێنی تر نێچیر بە چڕنۆک بڕفێنێ و ببیا. [١٤]
دیم نەختێ خولایەوە
ئینجا وەک هەورەبرووتریشقەیەکی ترسناک کووزەی کرد
پڕی پێدا کردم و تا ناوچەی ئاگراویی بردم[١٥]!
هەستم کرد هەردووکمان سووتاین.[١٦]
ئەو ئاگرەی لە خەودا دیم ئەوەندە بەسۆ بوو
لە سفتوسۆی، بەئاگا هاتم
(ئاکیللی)[١٧] قەت وا نەترساوە کە هاتەوە هۆش خۆی،
دوو چاوی زەقی بە دەوری خۆیدا گێڕا و
نەیزانی لە کوێیە!؟
کە دایکی لە (کیرۆن)[١٨] هێنایەوە،
بە خەوتوویی لە باوەشی کرد و بردی بۆ
(سکیرۆ)[١٩] و پاشان گریک لەوێ ڕفاندیان
منیش ئەوها، وەخۆ هاتمەوە و خەوم ڕەوییەوە
ڕەنگم پەڕی و ڕووم زەرد هەڵگەڕا.[٢٠]
وەک یەکێ لە ترسان ڕەق هەڵاتبێ!
تەنیا هۆگرەکەم لە تەکمەوە بوو.
دوو سەعات زیاتر بوو ڕۆژ هەڵاتبوو.[٢١]
ڕووم بۆ دەریا وەرگێڕا.
سەروەرەکەم گوتی: (مەترسە!
دڵنیا بە، سەرکەوتووین.
ورە بەرمەدە. زاتت هەبێ!
ئێستا گەیشتوویتە بەرزەک.[٢٢]
گەوەڕە شاخ لە هەموو لاوە دەوری داوە.
سەیری دەرگای بکە لەو شوێنەی چیا شەقیبردووە!

ئێستا، لەگەڵ تاروباری بەیانی، پێش ڕۆژهەڵات
کە ڕۆحت لە ناخەوە کەوتبووە خەو
لەناو ئەو گوڵانەی دۆڵیان[٢٣] نەخشاندووە، (٥٤)
خانمێک هات، گوتی: من (لوچیا)[٢٤]م
ڕێم بدە ئەم نووستووە ببەم،
ڕێگای سەرکەوتنی بۆ خۆش و ئاسان دەکەم![٢٥] (٥٧)
(سۆردێل) و ڕۆحە نەجیبەکانی دی بەجێمان
دونیا بنی ڕوون کردبوو، خانمەکە تۆی برد.[٢٦]
سەرکەوت و منیش کەوتمە شوێنییەوە![٢٧] (٦٠)
لەوێ دایناى[٢٨]، بەڵام سەرەتا
بە دوو چاوی جوانی، دەرگا کراوەکەی نیشان دام.[٢٩]
ئینجا خۆی و خەونی تۆ بە یەکەوە ڕۆیشتن. (٦٣)
وەک یەکێ ڕاستیی بۆ دەربکەوێ
گومانی دەبێ بە یەقین و
ترسی دەبێ بە دڵنیایی. (٦٦)
کە ڕابەرەکەم منی بینی ئاوها گۆڕام،
لەسەر تیشە شاخەکەوە بەڕێکەوت،
منیش بۆ سەرەوە شوێنی کەوتم! (٦٩)
ئەی خوێنەر، ئەوەتا باشی دەبینی
چۆن تێهەڵدەکەمە چریکەی گۆرانی و
سەیرت نەیێ، کە بە هونەرێکی بەرز دەیچڕم. (٧٢)
نزیککەوتینەوە. ئێستا لەو شوێنەین
کە یەکەم جار چیام لێ دەرکەوت شەقی بردبوو
وەکو دیوار درزی بردبێ و شەق بووبێ. (٧٥)
دەرگایەکەم بینی، لە خوارەوە سێ پایەی بۆ دەچوو
ڕەنگیان جیاجیا بوو!

پاسەوانێکی لێبوو متەقی لێوە نەدەهات! (٧٨)
کە زیاتر چاوم کردەوە، دیم
پاسەوانەکە لەسەر پایەی سەرەوە دانیشتبوو.
نەمتوانی سەیری بریقەی ڕوخساری بکەم. [٣٠] (٨١)
شمشێرێکی ڕووتی[٣١] بە دەستەوە بوو.
تیشکی بەرەو ڕوومان دەبریقایەوە.
چەند جار بێهودە سەیرم کرد[٣٢]! (٨٤)
هاتە قسە: (لە جێی خۆتان نەیەنە پێش!
پێم بڵێن چیتان دەوێ و ڕابەرتان کێیە؟
ئاگاداربن: بێنە سەرەوە، زەرەر دەکەن!) (٨٧)
مامۆستام وەڵامی دایەوە: (خانمێکی ئاسمانی
کە شارەزای ئەم شتانەیە، تازە پێی گوتین:
بڕۆنە ئەوێ، دەرگا لەوێیە!) (٩٠)
پاسەوانی بە ڕوومەت، هەمدیس گوتی:
(بەرەو خێر ڕێنمایی کردوون!
وەرنە پێش بۆ سەر پایەکانمان[٣٣]، وەرنە پێش!) (٩٣)
چووین. پایەی یەکەم مەرمەڕێکی سپی بوو[٣٤].
ئەوەندە لووس و بریقەداربوو،
وەک ئاوێنە وێنەی خۆم تێدا بینی! (٩٦)
پایەی دووەم[٣٥] زیاتر ڕەش بوو تا سووری تار
لە بەردێکی دڕ و سووتاو دروستکرابوو
بە درێژایی و بەرینایی شەقی بردبوو! (٩٩)
پایەی سێیەم[٣٦] لەوانی دی بە بارستتر بوو،
بە ڕدێکی سماقی ئاگرین بوو
وەکو خوێنێ لە دەمار فیچقە بکا. (١٠٢)
فریشتەی خوا لەسەر کۆسپەی دەرگا دانیشتبوو.

که دەتگوت لە ئەڵماس[٣٧] دروستکراوە.
هەردوو پێی لەسەر ئەم پایەیە دانابوو. (١٠٥)
ڕابەرەکەم ڕایکێشام و بەوپەڕی ئارەزوو
بەسەر سێپایەکانی خستم و گوتی:
(بە ملکەچی[٣٨] داوای لێ بکە، قوفڵی دەرگا بکاتەوە) (١٠٨)
بە ملکەچی خۆم فڕێدایە بەر پێی پیرۆزی.[٣٩]
داوام کرد سکی پێ بسووتێم و دەرگام بۆ بکاتەوە
یەکەم جار سێ جار لە سینگی خۆمم دا[٤٠]. (١١١)
بە نووکی شمشێر، حەفت نیشانی پیتی (گ – p)ی[٤١]
لەسەر هەنیەم کرد و پێی گوتم:
(لە بیر مەکە، کە چویتە ژوورەوە، ئەم برینانە بشۆ!) (١١٤)
ڕەنگی جلی خۆڵەمێشی بوو.[٤٢]
یان لە ڕەنگی زەوییەکی وشکەکێڵ بوو.
دوو کلیلی[٤٣] لە ژێر جلی دەرهێنا: (١١٧)
یەکێ زێڕ و٤٤ یەکێ زیو[٤٥] بوو.
یەکەم جار سپییەکە و[٤٦] ئینجا زەردەکەی خستە سەر قوفڵەکە[٤٧]،
شاد و دڵخۆش بووم. (١٢٠)
پێی گوتین: (ئەگەر یەکێ لەم دوو کلیلە
وەک پێویست کار نەکا و بە چاکی لە ناو قوفڵەکە نەسووڕێ،
ئەم دەرگایە ناکرێتەوە[٤٨]. (١٢٣)
یەکێکیان بە نرخترە و[٤٩] ئەوەی تر
هونەر و شارەزایی زیاتر دەوێ تا دەرگا دەکاتەوە،
چونکە ئەویان گرێکە دەکاتەوە![٥٠] (١٢٦)
ئەمانەم لە (پیێر)[٥١] وەرگرتووە! پێی گوتم:
کە خەڵک لەبەر پێم بە چۆکدا هاتن،
لە کردنەوەدا هەڵە بکەم باشترە، نەک لە داخستندا! (١٢٩)

ئینجا دەرگای دوودەریی پیرۆزی کردەوە و گوتی:
(برۆنە ژوورەوە! پێتان دەڵێم:
ئەوەی ئاوڕ بداتەوە[٥٢]، دەبێ بێتە دەرەوە!) (١٣٢)
کاتێ هەردوو لاشیپی ئەو دەرگا پیرۆزە
لەسەر سیو سیوە سوڕاو دەرگا کرایەوە،
لەبەر ئەوەی لە ئاسنی پتەو و زرنگەدار دروست کرابوو، (١٣٥)
هاڕەیەکی وای لێوە هات، (تارپێیا)[٥٣] وا هاڕەی نەهاتووە
کە (مێتێللو)ی مێرخاسیان لێ سەند و
بە بەتاڵی مایەوە! (١٣٨)
ئاوڕم لە زرنگەی دەنگی یەکەم دایەوە.[٥٤]
دەنگی (خودایە سوپاس)م[٥٥] کەوتە بەر گوێ.
تێکەڵ بە زرنگەی خۆشی دەرگا بووبوو! (١٤١)
ئەوەی بیستم، ئەو وێنەیەی هێنایەوە بەر چاوم
کاتێ بەدەم (ئۆرگۆن)[٥٦]ەوە سروود دەچڕین،
هەستی پێ دەکەین. (١٤٤)
هەندێ جار لە وشەکانی دەگەین و هەندێ جار، نا![٥٧] (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی نۆیەم

١. ئەمە سروودی (لوچیا)، یان سروودی فریشتەی پاسەوانە. سروودی گواستنەوەیە لە پێشەکیی بەرزەکەوە بۆ بەرزەک.

٢ مەبەست لە (تیتۆنی –Titone)ی ژنی تیتۆنوسە. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کوڕی (لاومیدون) و برای پریامۆیە (بە لاتینی: پریاموس)ی پاشای تەروادەیە. شەڕی دە ساڵەی نێوان یۆنانەکان و تەروادییەکان، لەسەر هێلانەی ئەسپەرتی لەو شارەدا قەوماوە. خودانبانووی سپێدەدەم –ئاورۆرا– حەزی لێکرد و ڕفاندی و بردییە ئەسیوپیا و لەوێ زەماندی لەگەڵ کرد. بە بۆنەی ئەو زەماوەندەوە خودانی گەورەی هەموو خودانەکان واتە (زیۆس) نەمریی بە دیاری پێشکەش کرد، بەڵام گەنجێتی جاویدانیی پێ نەبەخشی، بۆیە (تیتۆنی) بەردەوام پیر دەبوو و گەنج دەبووەوە. لەبەر ئەوەیە لە سەرەتای ئەم سروودەدا نازناوی (دێرین)ی وەرگرتووە، کەچی (سپێدەدەم)ی ژنی هەمیشە هەر جاویدانە. هەندێ تۆژەرەوە، لەباتی (تیتۆنی)، بە (تیتان) دەیخوێننەوە. لەو حاڵەتەدا مانای سەرلەبەری شیعرەکە دەگۆڕێ. (تیتان) لە ئەفسانەی یۆنانیدا دێو بوون، بەر لە خودانەکان ئەوان فەرمانڕەوایی زەوییان دەکرد. تیتانی دێرین ئاماژەیە بۆ (خۆر)، کە ئەوسا هاونوێنەکەی (تێتیس) بوو.

٣. هاونوێن: دانتی بۆ (سپێدەدەم)ی ژنی (تیتۆنی)ی بەکاری هێناوە. ئەمە شتێکی دەگمەنە کە لەباتی (ژن)، یان (هاوسەر)، وشەی (هاونوێن)ی بەکار هێناوە.

٤. دوور لە باوەشی یەکتر: واتە کاتێ ئەو ژن و مێردە (ئاورۆراو تیتۆنی) لە تەک یەک نەبوون، چونکە مێردەکە هەموو شەو پیر دەبوو و ئاورۆرا هەر گەنج بوو.

٥. ئەو زیندەوەرە لەشساردە: زۆربەی تۆژەرەوان ڕایان وایە ئاماژەیە بۆ (دووپشک). لە سەرەتای شەودا کۆمەڵە ئەستێرەیەک، لە ئاسمانی بەرزەکدا دەردەکەون بە ناوی (بورجی دووپشک)، کەچی هەندێ تۆژەرەوە بە (ماسی) دەزانن و بەمەوە مەبەست (بورجی نەهەنگ)ە. لە سەرەتای بەهاردا، کە کاتی دەستپێکردنی گەشتەکەی دانتییە، شەو و ڕۆژ مەیلەو بەقەدەر یەک درێژن، واتە (شەو) ماوەی شەش سەعات سەرهەوراز دەڕوا و شەش سەعات سەرنشێو بۆ ئەوەی بگا بە ئاسۆ و جێی خۆی بۆ بەیانی جێبێڵێ. جا کە دەڵێ دوو هەنگاوی سەرهەوراز نابوو و دەیەویست هەنگاوی سێیەم باوێ، مانای وایە دوو سەعات لە شەو ڕۆیشتووە و سەعات سێی شەو داهاتووە، واتە: ئەو کاتەی دانتی باسی دەکا،

له بەرزەک سەعات سێی شەوە بۆیە لە بیت المقدسدا، کە بەرامبەر بەرزەکە سەعات سێی ڕۆژە و لە ئیتالیا کە چلوپێنج خولەک لەگەڵ (بیت المقدس) جیاوازیی هەیە، تازە ڕۆژهەڵدێ و خودانبانووی سپێدەدەم (ئاورۆرا) لە باوەشی مێردی پیری هاتووەتە دەرەوە. هەندێ تۆژەرەوە (سپێدەدەم) بە سپێتیی مانگ دادەنێن کە مانگ ئەوسا لە کێوی بەرزەک هەڵاتبوو.

٦. ئاماژەیە بۆ بەرزەک.

٧. مەبەستی جەستەکەیەتی، واتە ناچاربووم، بە پێچەوانەوەی ڕۆحەکانی تر، کە ڕووت و بێجەستە بوون، جەستەکەم لەگەڵ ڕۆحم هەڵبگرم.

٨. هەر پێنج ئەمانەن: ڤیرجیلیۆ، سۆردێللۆ، نینۆ ڤیسکۆنتی، کوڕڕادۆ مالا سپینا و دانتی خۆی.

٩. پەڕەسێلکە: بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، پەڕەسێلکە سەرەتا پەری بوو، ناوی فیلۆمیلا Filomela بوو. تریۆسی پاشای ئەسینا، کە هەندێ بە شووبرای و هەندێ بە مێردی خوشکی دەزانن، عەشقبازیی لەگەڵ کرد و مێردەکەی لای زیۆس شکاتی لێ کرد و ئەم پەرییە گۆڕا و بوو بە پەڕەسێلکە و لەوساوە هەموو سبەینان بە یادی بەدبەختیی خۆی دەناڵێنێ.

١٠. واتە ئەقڵ توانایەکی خودایی دەبێ بۆ بینینی دوارۆژ. ئاماژەیە بۆ خەونی بەیانیان کە وا باوە خەونێکی ڕاستە.

١١. هەڵۆ ئاماژەیە بۆ (لوچیا)، ڕەمزی نیعمەت و بەرەکەتی خودا.

١٢. یانی لەسەر چیای ئیدا ida– لە (فریجیا)، لە ئاسیای بچووک، ئەمە جیایە لە چیای (ئیدا)ی دوورگەی کریت.

١٣. گانیمیدی –Ganymede: لە ئەفسانەی یۆنانیدا، گەنجێکی قۆز بوو. کوڕی پاشای ئیلیوم بوو. لە چیای (ئیدا) شوان بوو، پەرییەکان، یان هەندێ دەڵێن هەڵۆیەک، بە فەرمانی (زیۆس) ڕفاندی و بردییە ئاسمان و لەوێ بوو بە مەیگێڕی خودانەکان. دانتی لە خەودا دەبینێ کە ئەویش وەکو گانیمیدی لەسەر چیایەکی وەکو چیای ئیدا بەرزکراوەتەوە و بەرەو سەرەوە دەڕوا.

١٤. واتە ئەم هەڵۆیە ڕەنگە لە چیای ئیدا زیاتر، لە هیچ کوێ ڕاو نەکا.

١٠. ناوچەی ئاگراوی. ئەو کاتە بڕوا بوو دەکەوێتە ژێر ئاسمانی مانگ و سەر زەوی.

١٦. دانتی لە خەودا وایزانی ئاگری تێبەربووە. دەرپەڕی.

١٧ئاکیللی Achille: ئەخیل – ئەخیلۆس، قارەمانی ناوداری یۆنانییە. سەردەمی منداڵی خۆی لای (کیرونی –Chirone)ی سەنتۆر بەسەر برد. فێری سوارچاکی و

ڕمهاوێژی و جەنگاوەری بوو... کە باسی لەشکرکێشی بۆ سەر تەروادە هاتە پێشەوە، (تیتیس –Thetis)ی دایکی، کە ژنی خودانی ئۆقیانوس بوو، ئەخیل کوڕی زۆلی بوو، چوو لە مالی کیرونی پڕی پێداکرد و هەروا بە خەوتوویی هەلیگرت و بردییە بەندەری (سکیرۆ –Seyros) (Schiro)، لە دەریای ئیجە و لەوێ جلی ژنانی کردە بەر بۆ ئەوەی لەگەل لەشکری یۆنان نەچێتە شەڕی تەروادە، بەلام پاشان دۆزییانەوە و بردیانە شەڕ.

١٨. کیرۆنیی سەنتۆر بوو. ئەخیلی لا بوو فێری مەشق و ڕاهێنانی شەڕی دەکرد. تیتیسی دایکی ئەخیل، ئەخیلی لێ وەرگرتەوە و بردییە بەندەری سکیرۆ و جلی ژنانی کردە بەر.

١٩. سکیرۆ: دوورگەیەکە لە دەریای ئیجە.

٢٠. ئاماژەیە بۆ شیعرێکی (ستاتیوس statius)ی شاعیری ڕۆمانی لە (ئەخیلنامە) بەناوبانگەکەیدا، دەلێ: ئەخیل لە سکیرۆس، لەپڕ بەخەبەر هات و تووشی حەپەسان و واقوڕمان هات.)

(٢١) یانی سەعات دەوری هەشتی بەیانیی ڕۆژی ١١ی نیسانی ١٣٠٠ بوو، دانتی هەستی کرد دەوری دوازدە سەعات خەوتووە.

(٢٢) دوو شاعیرەکە گەیشتنە بەر دەرگای بەرزەک.

(٢٣) دۆلی پاشا و میرەکان.

(٢٤) لوچیاLucia: سانتا لوچیا، قدیسەیەکی مەسیحی بوو. سەدەی چوارەم لە دوورگەی سەقیلە شەهید کرا. لە کۆمیدیادا، ڕەمزی لوتف و یاری و مهرەبانیی خودایە. وەکو هەلۆ چووبووە خەونی دانتی، جارێکی تریش مێرەمی پیرۆز ئەرکێکی تری پێ سپاردبوو. داوای لێ کردبوو (بیاتریچی) هان بدا بچێتە یارمەتیی دانتی. کە لەناو جەنگەلی تاریکدا سەرگەردان بووبوو. (دۆزەخ ، س ٢ ، د ٩٧).

(٢٥) نیشانەی ئەوەیە خەونی دانتی ڕاستبووە. بەڕاستی لە خەودا هەلۆیەک هەلیگرتووە و بەرزی کردووەتەوە.

(٢٦) واتە بەرلەوەی ڕۆژ هەلێ، لوچیا دانتی بردە سەر چیا.

(٢٧) واتە لۆچیا ڕۆیشت و دانتی بەئاگا هات.

(٢٨) لوچیا، دانتیی لەسەر ئەلقەیەکی نزیک دەروازەی بەرزەک دانا.

٢٩. دەرگای کراوە: دەرگای بەرزەک. دەرگای بەرزەک و دەرگای دۆزەخ جیاوازییان ئەوەیە: یەکەم چوونە ناو دونیای ڕزگاری و دووەم چوونە ناو دونیای ئازار و ئەشکەنجەیە.

٣٠. واته دەموچاوی ئەوەندە گەش و بریقەدار بوو نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ چاوی تێ ببڕم.

٣١. شمشێری ڕووت ڕەمزی دادپەروەریی خودایە.

٣٢. مەبەست لوچپیایە.

٣٣. ئەم پایە و دووپاکەی تر ڕەمزی سێ قۆناغی تۆبە و لێبووردنن: واتە پەشیمانبوونەوە لە گوناه و دداننان بە گوناه و بەخشینی گوناه.

٣٤. پایەی یەکەم لووس و بریقەدار وەکو ئاوێنە وایە. ڕەمزی پەشیمانبوونەوە و پاکی و سافیی دڵە.

٣٥. پایەی دووەم ڕەش و زبرە. نیشانەی دداننانە بە گوناه. لە کاتی ددان بە گوناهداناندا، فیز و دڵڕەقی دەشکێ، دوو درزەکەی درێژی و پانیی ئەم پایەیە ڕەمزی ئەم شکانەیە.

٣٦. پایەی سێیەم ڕەنگی سوورە و ڕەمزی خۆشەویستییە کە بە تۆبە و پەشیمانی دڵی گوناهکاران پاکدەکاتەوە.

٣٧. ئەڵماس کە زۆر توندوتیژە، ڕەمزە بۆ ئیرادەی قەشە و گوێدانە دداننپێدانانی گوناهکاران.

٣٨. ملکەچی و نەفسکوشتن بنچینەی تۆبەکردنە.

٣٩. کردنەوەی قوفڵی دەرگای بەرزەک، ئاماژەیە بۆ کرانەوەی دەرگای تۆبە و پەشیمانی لە ڕووی دڵی گوناهکاران کە هەستیان بە گوناهی خۆیان کردووە.

٤٠. چوونە سەر چۆک و سێ جار دەست لە سینگ دان، دابێکی ئایینی کاتۆلۆکییە لە کاتی ددان بە گوناهناندا. ڕەمزی تۆبەیە لە گوناه.

٤١. (p) پیتی یەکەمی (Peccato)یە، واتە گوناه. ئێمە لە کوردیدا پیتی یەکەمی وشەی (گوناه)مان داناوە(گ). فریشتەکە بە نووکی شمشێر حەفت نیشانەی (گ) لەسەر نێوچەوانی دانتی دەکێشێ کە ڕەمزی حەفت گوناهی گەورەن: لووتبەرزیی، حەسوودی، ڕق، تەمبەڵی، ڕژدی، زگۆنی، ئالۆشی. بەرزەک حەفت ئەڵقەیە. دانتی وەکو هەر یەکێکی تر، لە هەر ئەڵقەیەکدا، لە چڵک و پیسایی گوناهێکی لەم گوناهانە پاک دەبێتەوە و هەرجارەی کە پاک دەبێتەوە، فریشتەی ئەو ئەڵقەیە نیشانەیەکی (گ)ی لە نێوچەوان دەسڕێتەوە.

٤٢. ڕەنگی خاکی، نیشانەی بێفیزییە. بێفیزیی قەشە کاتێ دداننپێدانان لە گوناهکاران وەردەگرێ. ئەرک و کەسێتیی قەشە تەنیا ئەوەیە وەکو فەرمانبەرێکی خودا کارەکەی دەکا، خۆی هیچی لەدەست نایێ.

٤٣. دوو کلیلی ئاسمان ڕەمزی دەسەڵات و زانستە. ئەمانە کلیلی ئاسمانن، واتە کلیلی بەهەشتن. لە ڕاستیدا ئەمانە ڕەمزی کردنەوەی دەرگای پاکبوونەوەن لە گوناە. ئەم قسەیە لە بنچینەدا لە قسەکەی عیسا وەرگیراوە بۆ پیترۆس (ئینجیلی مەتتا، بابی شازدەم): (بە تۆ دەڵێم، کە پیترۆسی، من کڵێسەکانی خۆم لەسەر ئەم شاخە ڕۆدەنێم. دەرگای دۆزەخیان بەسەردا ناکرێتەوە. کلیلەکانی وڵاتی ئاسمانت پێ دەسپێرم بۆ ئەوەی چی تۆ لە سەر زەمین قوفڵی بدەی، لە ئاسمان قوفڵ بدرێ و چی لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسمان بکرێتەوە.

٤٤. کلیلی زێڕ ڕەمزی دەسەڵاتی ئایینی قەشەیە.

٤٥. کلیلی زیو ڕەمزی زانست و زانیاریی قەشەیە.

٤٦. واتە یەکەم جار بە زانستی خۆی دەرگاکەی کردەوە.

٤٧. واتە ئینجا بە دەسەڵاتی خۆی دەرگاکەی کردەوە.

٤٨. واتە: ئەگەر قەشە زانست و دەسەڵاتی ئایینی نەبێ، دەرگای بەرزەکی پێ ناکرێتەوە و دەرفەتی لێبوردن نامێنێ.

٤٩. کلیلی زێڕ بەنرخترە، چونکە ڕەمزی دەسەڵاتی ئایینی قەشەیە.

٥٠. کلیلی زیو ڕەمزی زانستی قەشەیە. پێویستی بە کارامەیی و شارەزایی هەیە بۆ ئەوەی دەرگای بەرزەک بکاتەوە و گوناهکار لە گوناهەکەی پاک بێتەوە.

٥١. لە ئینجیلدا (ئینجیلی مەتتا، بەشی ١٦) هاتووە کە عیسا کلیلی بەهەشتی داوە بە پیترۆسی یاوەری، بۆیە بە پیترۆسی کلیکدار ناسراوە. لێرەدا پیترۆس ئەرکی کلیلداریی بە فریشتەی پاسەوان داوە. ئەمە لە دۆزەخیش ئاماژەی بۆ کراوە (دۆزەخ، س ١٩، د٩٢).

٥٢. فریشتەکە ئاگاداریان دەکاتەوە ئاوڕ لە دواوە نەدەنەوە، واتە نەگەڕێنەوە سەر گوناهکردن.

٥٣. شاخی تارپیا Tarpeia. ئەو شاخە بوو گەنجینەی دەوڵەتی تێدا لە تەک (کامپیدۆلیۆ)، لە پەرستگەی ساتۆرن هەڵگیرابوو. قڕاڵی ڕۆما، لە ڕووباری (بیکۆن) پەڕییەوە و هێرشی کردە سەر ڕۆما. سەنای ڕۆما ئەرکی پاسداریی ئەم گەنجینەیەی بە (کایسیلیۆس مەتیلۆس)ی نوێنەری ئەنجوومەنی گشتی سپاردبوو. کە قڕاڵ ویستی دەست بەسەر ئەم گەنجینەیەدا بگرێ، مەتیلۆس بەرگریی کرد، بەڵام نەیتوانی ڕێ لە قڕاڵ بگرێ. ئاخیری، بە فەرمانی قڕاڵ دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی گەنجینەکە دەربێنن، گرمەیەکی گەورەی لێوەهات. لەمە بەدواوە چیدی گەنجینەیان لێ دانەنا.

٥٤. ئاماژەیە بۆ یەکەم دەنگ کە دانتی لە ناو بەرزەک گوێی لێ بوو.

٥٥. ئەم ڕستەیە لە بنچینەدا بە لاتینی هاتووە: Te Deum Laundamus. ئەم ڕستەیە سەرەتای سروودێکی ئایینیی بەناوبانگە، بە سروودی (Tedeum) ناسراوە. سان ئیمپرۆزیۆ بۆ سان ئۆگستینی گوتووە. ئەم سروودە، سروودی لێبووردنە. لە بەرزەکی دانتیدا، هەمیشە کە ڕۆحێکی تازە دێتە ناو بەرزەک. ڕۆحەکانی بەرزەک ئەم سروودە دەخوێننەوە. دانتی لە بەهەشتیش گوێی لەم سروودە دەبێ (بەهەشت، س٢٤، د ١١٣)

٥٦. ئۆرگانی Oragni: ئەرغەنوون. ئامێرێکی ناسراوی مۆسیقایە. بە تایبەتی لە کلێسەدا بەدەم سروودی ئایینییەوە لێدەدرێ.

٥٧. هەندێ جار دەنگی سروود و گۆرانی دەهات و هەندێ جار دەنگی چەنگ.

# سروودی دەیەم[1]


## ئەڵقەی یەکەمی بەرزەک

## باییبووان

دانتی گوێی لە دەنگی داخرانی دەرگای بەرزەک بوو، بەڵام ئاوڕی لە دواوە نەدایەوە. شاعیرەکان بە باریکەڕێیەکی خواروخێچی ناو شاخاندا سەرکەوتن. سەعات لە نۆ و نیوی بەیانی تێپەڕیبوو. چوونە سەر ڕەوەزە شاخی یەکەم کە شوێنی لەخۆباییان بوو. دانتی تەماشای ئەملا و ئەولای خۆی کرد. دیوارێکی مەڕمەڕی بینی، هەندێ وێنەی لەسەر دەرهێنرابوو. وێنەی یەکەم هاتنەخوارەوەی جبرائیل بوو مزگێنیی لەدایکبوونی عیسای بە مریەم دەدا. وێنەیەکی تر دیمەنی گواستنەوەی تابووتی پیرۆز بوو بۆ ئۆرشەلیم. داود پاشا لە پێشەوە دەڕۆیشت و لەخۆشیان سەمای دەکرد. میکاییل بە غەمباری لە پەنجەرەی کۆشکی خۆیەوە تەماشای دەکرد. وێنەی سێیەم بریتی بوو لە چیرۆکی ئیمپراتۆر تراگان و ئەو بێوەژنەی کوڕەکەی لەدەست دابوو و هاتبوو داوای تۆڵەی دەکرد.

ڤیرجیلیۆ سەرنجی دانتیی بۆ حەشیمەتێک ڕاکێشا، لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن. دانتی کە سەیری کردن چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد. لە ئەحواڵی پرسین. ئەوانە کۆمەڵەی بایی تۆبەکار و پەشێمان بوون. دانتی سەرکۆنەی کردن لەسەر لووتبەرزی و گوتی بنیادەم وەکو کرمێک وایە تەواو پێنەگەیشتبێ. دانتی دیتی ئەمانە بەردی قورسیان لەسەر پشت هەڵگرتووە.

ئەوەی لە هەموویان بەحەوسەڵەتربوو گوتی تەواو لەوە زیاتر بەرگە ناگرم!



کە پێمان لە کۆسپەی دەرگا ئاودیو کرد
کە ڕێگەی گومڕایی بە ڕاست نیشان دەدا و
خۆشەویستی زادەی ڕۆحی پیس پێی ناگا[2] (٣)
لە سیڕەی دەرگاوە زانیم دەرگامان لە دوا داخرایەوە
ئەگەر ئاوڕم بدابایەوە و چاوم تێڕیبایە[3]،
چ بیانووم بۆ گوناهەکەم دەهێنایەوە؟ (٦)
بەسەر چیایەکی داپساو کەوتین
بەملا و بەولایدا دەبردین
وەک شەپۆلی کە بێ و بچێ![4] (٩)
ڕابەرەکەم هەڵێدایێ: (لێرە دەبێ وریا بین،
هەمیشە خۆمان بدەینە ئەوبەرەی
بەرەوخوارەوە لار دەبێتەوە! (١٢)
ڕۆیشتنمان سست و خاوبووەوە،
دیمان، مانگ ڕووی لە خوارەوە بوو،
لەسەر نوێنی خۆی ڕاکشابوو تا پشوو بدا[5] (١٥)
بەر لەوەی لەم کەلێنە وەک کونی دەرزییە دەربچین،
قەدپاڵی چیا بەرەو دواوە کشابووەوە،
لەوێ ئازاد و ڕەها بووین. (١٨)
شەکەت بووبووم، هیچ متمانەمان بەو ڕێگەیە نەبوو
لەسەر گۆڕاییەکی فراوان وەستاین
لە ڕێی بیابان تەنیا و چۆلتر بوو (٢٠)
لەو لێوارەوە کە بەسەر بۆشاییدا دەیڕوانی
تا بناری ئەو چیا بەرزەی هەوراز دەبووەوە،
ماوەکە سێ بەژنەزەلام[6] زیاتر بوو. (٢٤)
ئەوەندەی سەرنجم لە شەققەی باڵی دەدا
بۆ لای چەپە و بۆ لای ڕاستە،
هەر شاخ و چیا بوو لێک دەکشایەوە. (٢٧)
هێشتا هەنگاومان زۆر هەڵنەکشابوو

زانیم ئەو لێوارە بەردینە
ڕک و لات و بێ و بوار و دەرەیە (٣٠)
مەڕمەڕێکی سپی بوو، نەخشێکی جوان و ڕازاوەی
لێ دەرهێنرابوو. نەک پۆلیکلیتۆ[٧]
سروشتیش بەرامبەری شەرمەزار دەبوو[٨]! (٣٣)
ئەو فریشتەی[٩] ئاشتیی[١٠] بۆ سەر زەوی هێنا
کە دەمێ بوو خەڵک بە پەرۆشەوە چاوەڕێیان دەکرد[١١]
دوای دارخرانێکی زۆر، دەرگای ئاسمانی کردەوە. (٣٦)
بە زیندوویی لە بەردەممان دەرکەوت،
بە شێوەیەکی ناسک و نەخشێکی وەستایانە،
هەستت نەدەکرد وێنەیەکی لاڵ و بێدەنگە[١٢] (٣٩)
سوێند دەخۆم هاتە دەنگ و گوتی: سڵاو!
وێنەی ئەو کەسەی لەسەر کێشرابوو
کە کلیلی بادا بۆ ئەوەی دەرگای ئەوینی باڵا بکاتەوە.(٤٢)
ئەم وشانەی لە دەموچاو دەخوێنرایەوە:
(سەیری کەنیزەی خوا بکەن!)
ڕوون دەتگوت وێنەی سەرمۆرە! (٤٥)
مامۆستای خۆشەویستم پێی گوتم:
(سەرنج بدە تەنیا یەک شوێن و بەس!)
لەو تەنیشتەی وەستابووم کە دڵی تێدایە[١٣]! (٤٨)
ڕووم وەرگێڕا و تەماشام کرد
لە پشت مێرەم و لەو شوێنەی
ڕێنماییکەرەکەم وەستابوو،[١٤] (٥١)
دیمەنێکی ترم دی لە شاخ هەڵکەنرابوو!
لە ڤیرجیلیۆ ڕەت بووم و لێی نزیککەوتمەوە
بۆ ئەوەی وێنەکە باشتر ببینم! (٥٤)
وێنەی گا و گالیسکەیەک لەسەر مەڕمەڕ هەڵکەنرابوو،
تابووتی پیرۆزی[١٥] ڕادەکێشا.

ترس ئەرکێک لای مرۆڤ دەورووژێنێ پێی نەسپاردراوە![١٦] (٥٧)
حەشیمەتێک لە پێشەوە سروودیان دەچڕی
کرابوونە حەفت دەستە. وایان لێ کردم
هەستێکم بڵێ (نا) و ئەوەی تر بڵێ (ئا)![١٧] (٦٠)
وێنەیەکی دووکەڵی بخوور کێشرابوو،
بەو شێوەی چاو و لووت
شەڕیانە لەسەر (ئا) و (نا)! (٦٣)
زەبوورخوێنی ملکەچ،[١٨] چاکی کردبوو بە لادا،
بە سەماکردن لە پێش تابووتی پیرۆز دەڕۆیشت[١٩].
کەم و زۆر لە پاشای دەکرد! (٦٦)
لە بەرامبەر ئەویشەوە، وێنەی (میکۆل)[٢٠] بوو
لە پەنجەرەی کۆشکێکی گەورەوە،
بە تووڕەیی و غەمگینی[٢١]، سەیری دەکرد! (٦٩)
لەو شوێنە وەستابووم، هەنگاوم هەڵێنا
لە نزیکەوە وێنەیەکی ترم لە بەردەممدا بینی
لە پشت (میکۆل) سپی سپی دەبریقایەوە! (٧٢)
چیرۆکی شکۆی بەرزی میری ڕۆمانی
دەگێڕایەوە کە بە کردەوە چاکەکانی،
(گریگۆریۆ)ی[٢٢] گەیاندە سەرکەوتنی گەورە! (٧٥)
مەبەستم قڕاڵ (ترایانۆ)یە[٢٣]
لە وێنەکەدا بێوەژنێ جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو،
هەموو گیانی ئازار و ژان و فرمێسک بوو. (٧٨)
سەلەفە سوارێکی لە دەورە بوو،
ئەسپەکان سمکۆڵیان دەکرد و هەڵۆی[٢٤]
سەر زەمینەی زێڕیش بەسەر سەریانەوە لەبەر (با)دا دەخولایەوە. (٨١)
ژنەی کڵۆڵ لەناو ئەم هەموو پیاوانەدا، دەیگوت:
(خوداوەندا، تۆڵەی کوڕەکەمم بکەوە[٢٥].
بە ناحەق خوێنیان ڕشت و جەرگیان کون کردم.) (٨٤)

وەڵامی دایەوە: (چاوەڕێ بکە تا دێمەوە!)
ژنەیش وەک یەکێ ئازار قامچیکێشی بکا، گوتی:
(ئەی ئەگەر نەگەڕایتەوە: سەروەرەکەم؟) (٨٧)
وەڵامی دایەوە: ئەوەی دێتە جێی من، تۆڵەت بۆ دەکاتەوە).
ژنەکە گوتی: (یەکێکی تر چاکە بکا، بۆ تۆ چیی تێدایە؟
ئەگەر تۆ خۆت بە دەستی خۆت چاکە نەکەی؟!) (٩٠)
وەڵامی دایەوە: (خاترجەم بە بەرلەوەی بڕۆم،
دەبێ ئەرکی خۆم بەجێ بێنم.
دادپەروەریی وای دەوێ، بەڵام میهرەبانی ڕێم نادا! (٩٣)
ئەوەی هەرگیز، هیچ شتێکی بە لاوە نوێ نییە[٢٦]،
وێنەی ئەم دیمەنە بەرچاوەی کێشاوە
کە بۆ ئێمە نوێیە، چونکە شتی وا لەسەر زەوی نییە! (٩٦)
لە وێنەکان وردبوومەوە و چێژم لێ وەرگرتن،
بە دەستی نیگارکێشێکی گەورە کرابوون
سۆزێکیان تێدا بوو دڵ شانازیی پێوە دەکا. (٩٩)
شاعیر بە چرپە گوتی: (ئەوەتا حەشمەتێکی زۆر
بە هەنگاوی شێنەیی لەولاوە دێن.[٢٧]
بۆ پلیکانەی بەرز ڕێنماییمان دەکەن! (١٠٢)
یەکسەر ئاوڕم لێ دایەوە
بەو دوو چاوەی، بە پەرۆش و بە مەراق
حەز لە بینینی شتی نوێ دەکەن! (١٠٥)
ئەی خوێنەر، نامەوێ تۆ
زاتت بەرامبەر بڕیار و نیازەکانت بڕووخێ،
گەر پێت بڵێم: خوا چۆن دەیەوێ قەرز بدرێتەوە! (١٠٨)
گوێ بە جۆرەکانی ئەشکەنجە مەدە!
بیر لەوە بکەوە چیی بە دوادا دێ[٢٨].
بە هیچ ئاوایەک لە ڕۆژی خۆی[٢٩] تێناپەڕێ. (١١١)
هەڵمدایێ: (مامۆستام، ئەوانەی دەیانبینم بۆ لامان دێن،

به بنیادەم ناچن[٣٠]! نازانم چین؟
کە سەیریان دەکەم، چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکا!) (١١٤)
پێی گوتم: (ئەمانە، لەبەر ئەشکەنجەی سەخت
پشتیان چەماوە و سکیان گەیشتووەتە سەر زەوی![٣١]
یەکەم جار منیش چاوم بەوانە تێکچوو! (١١٧)
بەڵام تۆ باش سەیریان بکە و بیانبینە،
ئەوانە کێن لەژێر ئەو شاخەوە دێن،
چاو دێ چۆن لە سنگی خۆیان دەدەن![٣٢] (١٢٠)
ئەی گاورانی بایی، ئەی کڵۆلانی بێنەوا،
ئەی بێبەشان لە سۆمایی بینایی،
کە بڕواتان بە هەنگاوی کشانەوەی خۆتان هەیە،٣٣ (١٢٣)
نابینن ئێمە کرم و گەراین و[٣٤] بۆ ئەوە تەقاوین
پەپوولەی فریشتەوەش[٣٥] دروست بکەین
کە بێ بەرگری[٣٦] بەرەو دادپەروەری دەفڕێ (١٢٦)
بۆچی ڕۆحتان وا بەرز دەفڕێ
مادەم ئێوە تەنیا کرمێکی کاڵ و نەگەییون
کرمێ تەواو گەشەی نەکردبێ!؟ (١٢٩)
وەک چۆن هەندێ جار بۆ ڕاگرتنی بانێ، یان ساپیتەیێ،
کوڵەگەیەکی وەک پەیکەری دەدەنە بەر
چۆکی بە سنگییەوە دەنووسێنێ![٣٧] (١٣٢)
ئازاری ڕاستەقینە لە ناڕاستەقینە دەورووژێنێ
لەو کەسەی دەورووژێنێ کە دەیبینێ.
دیم، ئەمانە بەم جۆرە داڕژابوون. (١٣٥)
بەپێی کەم و زۆریی باری سەرشانیان
کەم و زۆر چەمابوونەوە[٣٨]،
ئەوەی لە هەموویان بە سەبر و سەمیانتر (١٣٨)
بە گریان دەیگوت: تەواو! تاقەتم نەما! (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی دەیەم

١. ئەمە سروودی لەخۆباییەکانە لە بەرزەک. لێرەدا ئەڵقەی یەکەم دەست پێدەکا.

٢. واتە خۆشەویستی شتی پیس و نیگریسی دونیایی مرۆڤ تەفرە دەدا و لە ڕێگەی ڕاست لایدەدا.

٣. واتە ئەگەر ئاوڕ لە دواوە بداتەوە و بگەڕێتەوە، لە بەرزەک دەچێتە دەرەوە.

٤. یانی لەبەر تەسکیی ڕێگەکە، هێدی هێدی هەنگاویان دەنا.

٥. لە سەرەتای دۆزەخدا هاتووە، ئێوارەی پێنجشەممە، واتە شەوی هەینی ٧ی نیسان، مانگ لە چواردەدا بوو (دۆزەخ س، ٢، د ١٢٧). بۆ ڕۆژی دووشەممەی (پاک)، واتە سێ ڕۆژی دوای گەشتەکەی دانتی، مانگ چوار سەعات دوای ڕۆژئاوا هەڵات.

٦. سێ بەژن: واتە پانایی ئەڵقەکە نزیکەی پێنج مەتر دەبوو.

٧. پۆلیکریتو Policreto (بە یۆنانی: پۆلیکلیتۆس): پەیکەرتاشێکی یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پایەیەکی بەرزی لای شیشرۆن و نووسەرە گەورەکانی ڕۆمانی هەبوو. بەناوبانگترین پەیکەری سەربازێکی هەخامەنشییە بەناوی (پاسداری پاشا)یە، کە شاکاری پەیکەرتاشیی یۆنانییە.

٨. ئاماژەیە بۆ ئەو بۆچوونەی پێشتر لە دۆزەخدا هاتووە (دۆزەخ، س١١، د١٠٥) واتە خودا سروشتی دروست کردووە، یان هونەرمەندی دروست کردووە، سروشت، یان هونەرمەندیش بەرهەمی هونەری دروست کردووە. واتە: بەرهەمەکە نەوەیە.

٩. مەبەست جبرائیلە.

١٠. مەبەست لە بڕیاری ئاشتی، مزگێنیدانی مێرەمە بە لەدایکبوونی عیسا. مەبەست لە ئاشتیی نێوان خودا و بەندەکانییەتی.

١١. واتە: لەبەر ئەوەی مەسیح بە خوێنی خۆی گوناهی بنیادەم بشواتەوە، بنیادەم کەوتە بەر لوتف و ڕەحمەتی خودا و خودا دەرگای بەهەشتی لە ڕووی بنیادەم کردەوە. دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ، بەپێی باوەڕی مەسیحی، کاتێ ئادەم بە هۆی ئەو گوناهەی کردی لە بەهەشت دەرکرا، دەرگای بەهەشت لە ڕووی هەموو بنیادەمێک داخرا تا عیسا شەهیدکرا و بە خوێنی خۆی گوناهی بنیادەمی شوشتەوە، ئەوسا خودا دەرگای بەهەشتی لێ کردنەوە.

١٢. واتە: پەیکەرەکە ئەوەندە ورد بوو، واتدەزانی جبرائیل خۆیەتی.

١٣. واتە دانتی لە دەستەچەپی ڤیرجیلیو وەستابوو.

١٤. واتە: لای دەستەڕاست.

١٥. ئاماژەیە بۆ تابووتی پیرۆزی جوولەکان کە پێی دەگوترێ: (تابووتی یەهوەسەبایوت). داود کۆمەڵی گرەگرەی ئیسرائیلییەکانی کۆکردەوە و هەموو چوون

تابوونی خودایی بێتن. تابووتەکەیان خستە سەر گالیسکەیەک و لە ماڵی ئەبیناداب، لە (جیعە)، بردیانە بیت المقدس. عەززە و ئەخیوی کوڕانی ئەبیناداب گالیسکەکەیان دەهاژوا.

١٦. ئاماژەیە بۆ عەززەی کوڕی ئەبیناداب، دیتی تابووتی پیرۆز دەلەرێتەوە، ویستی بیگرێ تا بەرنەبێتەوە، خوا سزای دا و کوشتی، چونکە جگە لە پیاوی ئایینی، کەس هەقی نییە دەست لە تابووتی پیرۆز بدا.

١٧. یانی دوو هەستی بینین و بیستن لەگەڵ یەکتر لە کێشمەکێشدا بوون. بینین دەیگوت ئەمە وێنەیەکە و هیچی تر، کەچی هەستی بیستن ئاوازی سروودخوێنەکانی دەهێنایە مێشکم. ئەوەبوو هەستی بینینم دەیگوت نا، (گۆرانی ناڵێ) و هەستی بیستنم دەیگوت: با گۆرانی دەڵێ. ئەمە هەمووی ئاماژەیە بۆ توانا و بلیمەتیی ئەو کەسەی وێنەکەی کێشاوە.

١٨. ئاماژەیە بۆ داود، خاوەنی زەبوور. پێشتریش ئاماژەی پێدراوە (دۆزەخ، س٤، د٥٨/ س٢٨، د٩٥ – ٩٦).

١٩. بەم شێوەیە لە پاشا زیاتر بوو، چونکە جلی ئایینی لە بەردا بوو، لە پاشایش کەمتر بوو، چونکە لەبەر بێفیزیی خۆی سەمای دەکرد و سەما کاری پاشایان نییە.

٢٠. میکۆل- Micol: کچی شائوول و ژنی یەکەمی داود بوو.

٢١. خودا سزای نەزۆکیی بەسەر میکۆلدا سەپاند، چونکە بەفیز و لەخۆبایی بوو.

٢٢. مەبەست ئیمپراتۆر (تراجان Trajanus)ە.

٢٣. ئاماژەیە بۆ (ترایانۆ Traiano) (بە لاتینی تراجانۆس)ی ئیمپراتۆری بەناوبانگی ڕۆما و (گریگۆریۆ –Gregorio) (بە لاتینی گریگۆریۆس). بەپێی ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست: ترایانۆ پاشایەکی باش و دادپەروەر بوو، بەڵام تا مرد نەبوو بە مەسیحی، ئیتر دەبوایە بچێتە دۆزەخ. گریگۆریۆ لە قاپیی خوا پاڕایەوە دووبارە ڕۆحی بخاتەوە بەر جەستە. خوا زیندووی کردەوە. ئەم جارە ترایانۆ بوو بە مەسیحی و ئاوەمۆر کرا و دوای مردن بە بەهەشت شاد بوو (بەهەشت، س٢٠، د٤٣).

٢٤. ئاماژەیە بۆ دروشمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی کە هەڵۆیەکی ڕەش بوو لەسەر زەمینەیەکی زێڕین و بەو جۆرە لەسەر ئاڵای ئیمپراتۆری دەکێشرا. ئەمە لە سەردەمی دانتی وا بوو، ئەگەر نا دروشمی کۆنی ئیمپراتۆریەت هەڵۆی برۆنزی بوو.

٢٥. بێوەژنی غەمبار داوا دەکا تۆڵەی کوڕەکەی لە بکوژەکەی بکرێتەوە.

٢٦. مەبەست خودایە کە هەموو شتێ خۆی دروستی کردووە و هیچ شتێ نییە نەیزانێ و بە لایەوە نوێ بێ.

٢٧. ئەوانە لووتبەرزەكانن كە لەم ئەڵقەیەدا بە دەوری كێوی بەرزەكدا دەسووڕێنەوە.

٢٨. واتە: تەنیا بیرت لەسەر ئەوە نەبێ ئەوان لە چ ئەشكەنجەیەكدان، ئاگاداری ئەوەش بە كە دوای ئەو ماوەیە دەگەنە ڕەحمەتی خودا. كە ئەنجامی ئازاركێشان و پاكبوونەوەی بەرزەكە.

٢٩. مەبەست ڕۆژی پەسڵان و ژیانەوەیە.

٣٠. لێرەدا لە خۆباییەكان بە مرۆڤ ناچن، چونكە لە ژیاندا خۆیان لە خەڵك بە گەورەتر دەزانی.

٣١. واتە باری لووتبەرزییان لەسەر پشت بوو كە بریتی بوو لە چەند بەردێكی گەورە. ئیدی ناچار بوون كووڕ ببنەوە و ڕوویان لە زەوی بكەن، بۆیە دانتی دەڵێ هەرچەندە بە وردی تەماشایان بكەم، نایانناسمەوە.

٣٢. هەردووكیان لە سنگی خۆیان دەدەن، وەكو نیشانەی پەشیمانی.

٣٣. یانی لە ڕێگەی تەقوا و خواپەرستی دوور دەكەونەوە و بەرەو پاش دەكشێنەوە. لە هەمان كاتدا ئەوە هەڵدەگرێ ئەوانەی وایاندەزانی بایەخدان بە كاروباری دونیا پێشیان دەخا، لێرەدا كەوتوونەتە دواوە.

٣٤. كرم ڕەمزی مرۆڤ و ماددەیە.

٣٥. فریشتەوەش: فریشتەیی: ڕەمزی ڕۆحە كە سیفەتی فریشتەی هەیە. نەمرە و بە جەستە نەبەستراوەتەوە.

٣٦. بێ بەرگری: ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕۆح، بێ ئەوەی هۆی پەردەپۆشی و شاردنەوەی گوناهی هەبێ، بە ڕووتی دەچێتە بەرامبەر خودا. مانای ئەم بەندە بەم جۆرەیە: ئێمەی مرۆڤ لە ڕاستیدا وەكو كرمی ئاوریشم واین. دەبێ ئەو پەروانەیەی بەرهەمی وجود و ئامانجی بوونمانە (ڕۆح) لە ناو دەروونی خۆماندا پەروەردەی بكەین و ڕەوانەی دەرگانەی خودای بكەین.

٣٧. پەیكەرەكە چۆكی دەگاتەوە سەر سنگی. ئەمە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا باو بوو. لێرەدا وێنەكە لەو ژنە (كارباتی)یانەی لاكۆنیا وەرگیراوە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نیمچەدوورگەی پیلیپۆنیز، كە بە دیلی كەوتبوونە دەست گریكەكان.

٣٨. ئاماژەیە بۆ ئەوە كە هەموو ئەم بەرزەكییانە پشتیان كووڕ بووبووەوە، بە جۆرێ هەندێ سەریان گەیشتبووە سەر زەوی. ڕادەی پشتكووڕییان بە پێی ڕادەی فیز و لووتبەرزیان بوو.

***

# سروودی یازدەم[1]

## ئەڵقەی یەکەمی بەرزەک


## بوغراکان

ڕۆحی بوغراکان دەستیان بە چڕینی سروودێک کرد لە دوعا و نوێژی ڕۆژی یەکشەممە وەرگیرابوو. لە خوا دەپاڕانەوە نانی ڕۆژانەیان بدا و لێیان خۆش بێ و لەدەست لوچیفیرۆ نەجاتیان بدا. ڕۆحەکان لەسەر ڕەوەزی یەکەم (ئەڵقەی یەکەم) دەڕۆیشتن بەردیان لەسەر پشت هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان پاک ببنەوە.

دانتی گوتی پێویستە خەڵکی سەر دونیا و ئەوانەی سەر کێوی بەرزەک هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی هەموو لایەک ڕزگار ببن. دانتی لە ڕۆحێکی پرسی چ ڕێگەیەک لە هەمووی نزیکتر و ماتترە بۆ ڕەوەزی دووەم، ڕەوەزی حەسوودان. ئۆمبێرتۆ ئەلدۆبرانسکیی سەرکردەی گیبیللینیی ئاماژەی بۆ ڕێگەیەک کرد مرۆڤی زیندوو دەتوانێ پێیدا سەرکەوێ. ئۆمبێرتۆ باسی ڕەچەڵەکی دێرینی خۆی کرد. باسی باییبوونی خۆی کرد کە خۆی و هەموو خزمەکانی تووشی فەلاکەت کرد. گوتی بۆیە ئەو بەردانەم هەڵگرتووە، بەڵکو خوا لێم خۆش بێ.

دانتی قسەی لەگەڵ ئۆدێریزیدا گوبیۆی نەخشەسازی دەستنووسان کرد کە دەیەویست لە دونیا سەرکەوتووبێ. ئۆدێریزی گوتی ناوبانگی دونیا وەکو کزەبایەک وایە تاوێ لێرە دێ و گاوێ لەوێ و بەپێی ئاراستەکەی ناوی دەگۆڕێ. هیچ جیاوازی لە نێوان مردنی بە پیری و مردنی بە منداڵی نییە.

هەزار ساڵ بەرامبەر ئەزەل و ئەبەد لە چاوترووکانێک زیاتر نییە. گوتی ناوبانگ وەکو گیا وایە. گیا سەوز دەبێ و هەر زوو وشک دەبێ. ئۆدیریزی بۆ دانتیی باس کرد چۆن پروڤێنتزان سالڤانی لەوپەڕی شکۆمەندیدا چوو لە مەیدانی شاری سییێنا دەستی پانکردەوە و دەرۆزەی کرد بۆ ئەوەی پارە کۆبکاتەوە و برادەرێکی دیلی پێ ئازاد بکا. بەمەوە بوغرایی و لووتبەرزیی خۆی شکاند.



(ئەی باوکە[٢]، تۆ کە جێگەت لە ئاسمانە،
نەک لەبەر ئەوەی لەوێ بە شتێ ئەڵقەدراوی
بەڵکو بۆ خاتری خۆشەویستیی گەورەت بۆ یەکەم کاری ئەو بەرزاییەت (٣)
با هەموو کەس ستایشی ناو و دەسەڵاتت بکەن.[٣]
هەقیانە سوپاس و ستایش
بۆ ڕۆحی خۆشەویستت بنێرن (٦)
وا بکە ئاشتی وڵاتی تۆمان بەسەردا بڕژێ.
ئەگەر خۆی بۆمان نەیێ،
هەرچەندە هەوڵ بدەین، ناتوانین خۆمان پێی بگەین! (٩)
وەک چۆن فریشتەی تۆ قوربانی بە خواستی خۆیان دەدەن و
سروودی (هوسەننا)[٤] دەچڕن،
دەبێ مرۆڤیش قوربانی بە خواستی خۆی بدا بۆ تۆ! (١٢)
ئەمڕۆ گەزۆی[٥] ڕۆژانەمان بدەرێ،
وا نەبێ، ئەوانەی لەم بیابانە چۆلەدا خۆیان
بۆ پێشەوە هەڵدەکوتن، بۆ پاشەوە دەکشێنەوە! (١٥)
چۆن ئێمە هەرکەس خراپەمان لەگەڵ بکا، لێی خۆش دەبین.
تۆش بە ڕەحمەتی خۆت لە ئێمە خۆش بە
بە کردەوەی خۆمانمان لەگەڵ مەکە! (١٨)
هێزی بەزۆکمان بە دوژمنی دێرین
مەخە بەر بەردی مەحەک.
ڕزگارمان کە، لەدەست ئەوەی نەقیزەمان دەدا. (٢١)
خودای خۆشەویست! ئەم دوعایە بۆ خۆمان ناکەین.
ئێمە پێویستمان پێ نییە،
بۆ ئەوانەی دەکەین دوای ئێمە ماونەتەوە! (٢٤)
بەم جۆرە، ئەم ڕۆحانە، دوعایان بۆ ئێمە و
بۆ خۆیان دەکرد. بارێکیان هەڵگرتبوو

وەک ئەوەی هەندێ جار لە خەودا دەیبینین! (٢٧)
بە شەکەتی، بەدەم سزای جیاجیاوە
بەسەر گەوەڕی یەکەمدا دەخولانەوە
بۆ ئەوەی لە تەمی پیسی دونیا، پاکببنەوە! (٣٠)
ئەگەر لەوێ هەمیشە دوعا و خێرمان بۆ بکەن
ئەوەی نیازی باشی هەبێ،
لێرە دەتوانێ بۆ ئەوان بکا و بڵێ (٣٣)
دەبێ یارمەتییان بدەین لەکەکانیان بسڕنەوە
کە لەسەر زەوییەوە پێیانەوە نووساوە،
تا بە سووکی و بە پاکی بەرزببنەوە بۆ بازنەی گەردوون! (٣٦)
یاخوا داد و میهرەبانیی زوو لەو بارە ڕزگارت بکا
تا بتوانی بە کەیفی خۆت باڵ بکەیتەوە و
بفڕی بۆ ئاسمان! (٣٩)
پێمان نیشان بدە، کامە کورتترین ڕێیە بۆ پلیکانە
ئەگەر زۆر ڕێگەیش هەن،
پێمان بڵێ کامە لە هەموویان ڕکترە! (٤٢)
ئەوەی لەگەڵمدایە هێشتا لە جەستەی خۆیدایە
بە هۆی ئەو جەستە مرۆڤانەوە،
بێ دەستی خۆی، سەرکەوتنی سەخت و بە ئازارە! (٤٥)
نەمزانی کێ بوو ئەم قسانەی کرد
لە وەڵامی قسەکانی ئەو کەسەی
من بە شوێنییەوە بووم.) (٤٨)
یەکێ هاتە دەنگ: (لەگەڵمان وەرنە دەستەڕاست،
بۆ سەر لێوار، ڕێگەکە دەرەیەکە
مرۆڤی زیندوو دەتوانی پێیدا بڕوا. (٥١)
ئەگەر ئەو بەردە پەکی نەخستبام

که ئەستۆی پتەوی کەچکردووم و
ناچاری کردووم سەر دابنەوێنم، (٥٤)
سەیری ئەو پیاوە زیندووەم دەکرد
کە ناوی خۆی نالێ، تا بزانم دەیناسم، یان نا؟
بەڵکو وا بکەم ڕەحمم پێ بکا! (٥٧)
من لاتینی بووم، کوڕی توسکانییەکی گەورە و مەزن!
باوکم ناوی (گولیلمۆ ئالدۆبراندسکی)[٦] بوو
نازانم ئێوە ناوتان بیستووە یان نا؟ (٦٠)
خوێن و ئەژداد و کردەوەی خانەوادەکەم بوو
کردمی بە مرۆڤێکی بوغرا و بایی،
بێ ئەوەی بیر بکەمەوە یەک دایکمان هەیە.(٦٣)
ئەوەندە ڕقم لە هەموو کەس دەبووەوە،
بەو ڕقەوە مردم. هەموو خەڵکی (سیێنا) و
هەموو منداڵێکی (کامپانیاتیکۆ)[٧]یش دەیزانێ. (٦٦)
من (ئۆمبێرتۆ)م[٨]. بوغرا و بایی بوون
نەک هەر زەبری لە من دا و بەس
هەموو خزمەکانیشی[٩] لە نەهامەت هەڵکیشام! (٦٩)
بۆیە لێرە، ئەم بارە قورسە هەڵدەگرم
کە بە زیندوویی هەڵم نەدەگرت،
بەڵکو خوا لە ناو مردووان لێم ڕازی بێ! (٧٢)
بەدەم گوێگرتنەوە سەرم دانەواند[١٠].
ئەوە نا کە قسەی دەکرد، یەکێکی تر
لە ژێر باری قورسدا قەپی لە لێوی گرتبوو. (٧٥)
منی بینی، ناسیمی و بانگی کردم.
زۆر هەوڵی دا چاوی لەسەر من بچەسپێنێ
کە بە کووڕەکووڕ لەناو برادەرانی دەڕۆیشت. (٧٨)

لێم پرسی: (ئایا تۆ (ئۆدیریزی)ی شانازی
(ئاگوبیۆ)[11] و شانازیی ئەو هونەرە نییت
کە لە پاریزی[12] پێی دەڵێن (ڕەونەقدان)؟) (٨١)
گوتی: (برام، کاغەز، کە قەڵەمی (فرانکۆ)[13]ی بۆلۆنی
پێ دەکەوێ، گەش و خەندان دەبێ.
هەموو شانازی هەر بۆ ئەوە، کەمێکی بەر من دەکەوێ. (٨٤)
تا لە ژیاندا بووم، میهرەبان و بەویژدان نەبووم.
ئەوەندە بە ڕوومەت نەبووم، چونکە زۆرم حەز دەکرد
لەم هونەردا یەکەم بم کە دڵم لەسەر بوو. (٨٧)
سزای ئەو باییبوونەیە لێرە دەیدەمەوە،
ئەگەر کاتێ توانای گوناهکردنم هەبوو،
ڕووم بکردایەتە خوا، ئێستا لێرە نەبووم. (٩٠)
ئەی شکۆی پووچی دەسەڵاتی مرۆڤ
چەند کورتە ئەو ماوەی تاجی سەوزت لەسەرە!
- ئەگەر چاخی تاریکیی بە دوادا نەیە - (٩٣)
(چیمابوی)[14] وایدەزانێ خۆی لە نیگارکێشاندا
سەری مەیدانی گرتووە. ئێستا ناو هەر ناوی (جیوتتۆ)[15]یە
ناوی ئەم شکۆی ئەوی داپۆشیوە! (٩٦)
بەم جۆرە! یەکێ لە دوو (گویدۆ)[16] شانازیی زمانی،
لەوەی تر ڕاپسکاند. لەوانەیشە یەکێکی تر لە دایک ببێ،
ئەم دوانە لە ئاشیانە توریدی بکا. (٩٩)
ناوبانگ لە جیهاندا، (با)یەکە و هیچی تر
گاوێ لێرە هەڵدەکات و تاوێ لەوێ،
ناویشی بە گۆڕانی ئاراستەکەی دەگۆڕێ. (١٠٢)
ئەو کاتەی بە پیری ڕۆحت لە جەستەت جیا بێتەوە،
وەک یەکە لەگەڵ ئەو کاتەی کە

وشەی (پاپۆ) و (دیندی)ت[17] لەسەر زارە؟ (١٠٥)
هەزار ساڵ لەچاو ئەبەدییەت
چاوتروکانێک نابێ، بەرامبەر خاوترین
خولگەی خولاوەی گەردوونی بەرین.[18] (١٠٨)
ئەوەی بە هەنگاوی سست لە پێش من دەڕوا،
ناوێکی هەبوو[19] هەموو (توسکانا)ی دەهەژاند،
ئێستا بە دەگمەن یەکێ لە (سیێنا)[20] ناوی دەچرپێنێ! (١١١)
خۆی سەروەر و سەرداری ئەوێ بوو،
ئەو بوو هەوا و قینی
فلۆرەنسای تێکشکاند!
ئەو کاتە چەند بوغرا بوو و ئێستا چەند جندەیە! (١١٤)
ئەی بنیادەمینە، ناوبانگ وەکو گیایەکە
خێرا دێ و دەڕوا. ئەوەی لە جەرگەی خاک
چەکەرەی پێ دەکا، هەر ئەویش دەیشەمزێنێ!) (١١٧)
پێم گوت: (قسەکەت ڕاستە، دڵم پڕ دەکا لە خاکێتیی جوان.
دوومەڵی زەردبووی باییبوونم دەردەکا!
بەڵام ئەوە تازە باسی کێت دەکرد؟) (١٢٠)
وەڵامی دایەوە: (باسی (پرۆڤێنتزان سالڤانی)م[21] دەکرد.
بۆیە لێرەیە، چونکە ڕۆژێ بەتەمابوو
هەموو (سیێنا) بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە! (١٢٣)
بەم جۆرە ڕۆیشت و ئێستایش لەوەتی مردووە،
بێ وەستان هەر دەڕوا!
ئەمە سزای ئەو کەسەیە پێ لەبەڕەی خۆی زیاتر ڕابکێشێ (١٢٦)
گوتم: (ئەگەر ڕۆحی چاوەڕێ بکا تا دووامێنی عومری
ئەوسا ژێوان بێتەوەو تۆبە بکا،
شوێنی هەرخوارەوە دەبێ و بەرز نابێتەوە سەرێ! (١٢٩)

ئەگەر دوعای خێر فریای نەکەوێ،
دەبێ تا دوو هێندەی تەمەنی لێرە بێ.
چۆن توانیویەتی بگاتە ئێرە؟) (١٣٢)
وەڵامی دامەوە: (کاتێ لە هەرەتی شکۆمەندیدا بوو،
بە ئارەزووی خۆی چووە مەیدانی گشتیی (سییێنا)،
شەرمی بە دەرۆزە نەبوو. بە ئاشکرا (١٣٥)
خوێنی لە دەمارەکان دەجۆشا. دەستی پانکردەوە
بۆ ئەوەی برادەرێکی لە ئەشکەنجەی
ناو زیندانی (کارلۆ) ڕەها بکا. (١٣٨)
لەوە زیاترت پێ ناڵێم، قسەکەم ئاڵۆزە،
بەڵام زۆری پێ ناچێ،
دراوسێکانت[٢٢] بۆت ڕوون دەکەنەوە! (١٤١)
ئیتر بەم چاکەیە سنووری ئێمەی بۆ کرایەوە. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی یازدەم

١. ئەمە سروودێکە لە سروودەکانی بابیبووەکان و پێی دەگوترێ سروودی ئۆمبێرتۆ ئالدۆبراندسکی و ئۆدیریزی دا گوبیۆ و پرۆفێنتزان سالڤانی.

٢. ئەم ڕستەیە بەندی یەکەمی سروودی ئایینیی ڕۆژی یەکشەممەی کڵێسەکانە. پێی دەگوترێ (باوکمان –Pater noster). لێرەدا بابی و لووتبەرزەکان دەیخوێننەوە. دێڕی سەرەتا بەم جۆرەیە: Pater noster quies in caelis.

٣. ئەمەیش ڕستەیەکی تری سروودەکەیە. بە لاتینی هاتووە.

٤. وشەی عیبری (هوشیعانە) واتە: (درووود و سڵاو) لە لاتینی و ئەو زمانانەی لە لاتینی وەرگیراون، بووە بە ئۆسانّنا (Osanna–Hosanna).

٥. ئاماژەیە بۆ خوانی ئاسمانی کە لە بیاباندا، بە شێوەی گەزۆو شێلاقە (المن والسلوى) بۆ میللەتی مووسا هاتە خوارەوە. لێرەدا مەبەست بەش و ڕوزی هەر کەسێکە. مەسەلەکە بەم جۆرە بوو: هەموو بەنی ئیسرائیلییەکان لە ئیلیم کۆچیان کرد بۆ بیابانی سین کە دەکەوێتە نێوان ئیلیم و سینا. لە ڕۆژی پازدەی مانگی دووەمی دەرچوونیاندا لە میسر گەیشتنە ئەوێ. هەموو شلوشەکەت و برسی و بێوەزع بوون. چوونە لای مووسا و هارون و گازاندەیان کرد، گوتیان: خۆزگە لە میسر، تێر نان و گۆشتمان بخواردایە و بمردباین، نەک بێینە ئەم بیابانە و لە برسان بمرین. خودا بە مووسای گوت: من خواردنتان لە ئاسمانەوە بۆ دەنێرمە خوارەوە. با میللەتەکەت هەموو ڕۆژێ ڕۆزیی خۆیان وەربگرن. ئێواران تێر گۆشت و سبەینان تێر نان دەبن. خانەدانەکان ئەم نانەیان ناو نا (المن)، گەزۆ، دەتگوت هەنگوینە.

٦. گیلیلمۆ ئالدۆبراندیسکی GuilelmoAldobrandeschi، یەکێ بوو لە بنەماڵەی گیبیللینییە ناودارەکانی شاری (مارێما). لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەدا، بە هاندانی پاپا، لە دژی سیێنا جەنگا. لە نێوان ١٢٥٣ – ١٢٥٦دا مردووە.

٧. کامپیانیاتیکۆ - camagnatico قەڵایەکە لە خاکی سیێنا، ئۆمبێرتۆ لە نزیک ئەو قەڵایە کوژرا.

٨. ئۆمبێرتۆ ئالدۆبراندسکی: کۆنتی سانتافیوری بوو لە (مارێما)ی سیێنا. یەکێ بوو لە سەرکردەی گیبیللینییەکان. زۆر لووتبەرز و لەخۆبایی بوو. نەجیبزادەکانی تر لەو لووتبەرزییەی وەتەنگ هاتن و کوشتیان. هەندێ دەڵێن سووکایەتیی بە خەڵکی سیێنا دەکرد، لێی ڕاستبوونەوە و کوشتیان. دەڵێن هەندێ نەجیبزادە بە بەرگی ڕەبەنان و بە ناوی داوای یارمەتی چوونە لای و ساڵی ١٢٥٩ لە قەڵای کامپانیاتیکۆ کوشتیان.

٩. خزمەکانی ئۆمبێرتۆ وەکو بنەماڵەی (سۆوانا) و بنەماڵەی (سانتافیۆری) کە بە هۆی لووتبەرزیی ئۆمبێرتووە تووشی زۆر نەهامەتی هاتن.

١٠. دانتی کە ئەم قسەیەی بیست، سەری دانەواند، چونکە نەختێ لووتبەرزیی تێدا هەبوو.

١١. ئۆدیریزی دا گوبیۆ OderisidaGubbio: میناتوریستێکی ئیتالی بەناوبانگ بوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەدا، لە بۆلۆنیا دەژیا. ساڵی ١٢٩٩ لە ڕۆما کۆچی دوایی کرد. گوبیۆ Gubbio شارێکە لە ناوچەی ئومبریا.

١٢. دانتی وشەی (پاریس)ی بە شێوەی توسکانی بەکار هێناوە (پاریزی)، کە ئەمڕۆ بە ئیتالی پێی دەڵێن (پاریجی).

١٣. فرانکۆ خەڵکی بۆلۆنیا (Bologna) بوو: نیگارکێش و منیاتۆریستێکی کۆتایی سەدەی سێزدە و سەرەتای سەدەی چواردە بوو. ماوەیەک لە کتێبخانەی پاپا، لە ڕۆما ئیشی کردووە.

١٤. چێننیدی پێپی دێتۆ چیمابوی (١٢٤٠ – ١٣٠٢ Cennidei peppi ditto Cimabue: نیگارکێشێکی فلۆرەنسایی بوو. ئەوسا بە باوکی هونەری نوێ دادەنرا. یەکەم کەس بوو لە دەستوورەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لایدا و هەوڵی دا هەندێ لایەنی دەروونی لە نیگارەکانی پێشان بدا.

١٥. ئامبرۆ جیۆتتۆ دی بۆندۆنی دیتتۆ (١٢٦٦ – ١٣٣٧ Ambro giotto dei Bondone ditto) بە جیۆتتۆ ناسرابوو. نیگارکێشێکی فلۆرەنسایی بوو، قوتابیی (چیمابوی) بوو. برادەری دانتی بوو. وێنەیەکی دانتیی لە سەردەمی گەنجێتی کێشاوە. لە کۆشکی (بارجلۆ)یە لە فلۆرەنسا. سیمۆر کیرکوب، ساڵی ١٨٤٠ ئەم وێنەیەی دۆزییەوە. ئەم وێنەیە ئێستایش ماوە و زۆربەی وێنەکانی دانتی لەسەر ئەوەوە وەرگیراون.

١٦. (یەکێ) لە گویدۆکان شکۆمەندیی زمانی لەدەست ئەوەی تر ڕاپسکاند: مەبەست لە (یەکێ) گویدۆ کاڤالکانتی (١٢٥٥ – ١٣٠٠ Guido cavalcanti)یە. کە شاعیر و سیاسییەکی فلۆرەنسایی بوو، یەکێ بوو لە شاعیرانی قوتابخانەی شیعری فلۆرەنسا، برادەری دانتی بوو.

مەبەست (لەوەی تر) گویدۆ گوینیتسێللی (١٢٣٢ – ١٢٧٦ CuidoGuinizelli)یە. شاعیرێکی بۆلۆنی بوو، سەر بە قوتابخانەی شیعری بۆلۆنی بوو. دانتی دەڵێ (کاڤالکانتی لە گوینیتسێللی) باڵادەستتر بوو.

١٧. لە فەرهەنگی زمانی منداڵانی فلۆرەنسادا، پاپێۆ pappo یانی (نان) یان (خواردن) و دیندی dindi یانی (پارە)، یان (زرنگە). دانتی مەبەستی ئەوەیە

جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مردنی مرۆڤدا نییە، چ لە تەمەنی پیریدا بێ و چ لە تەمەنی منداڵی.

١٨. ئاماژەیە بۆ هەسارە جێگیرەکان کە لە هەموو هەسارەیەک خێراتر بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە، بەڵام لە سووڕانەوەیاندا لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، لە هەموویان هێدیترن. بەپێی ئەستێرەناسیی سەدەکانی ناوەڕاست، لە سەد ساڵدا تەنیا یەک پلە دەجووڵێنەوە، واتە بە ٣٦٠٠٠ ساڵ یەک جار دەسووڕێنەوە.

١٩. مەبەست (پرۆڤێنتزان سالڤانی)یە. ئەمە یەکێ بوو لە گەورەپیاوانی سییێنا، لە سەرکردە سیاسییەکانی گیبیللینییەکان بوو. ساڵی ١٢٦٩ لە جەنگی دژی فلۆرەنساییەکاندا، لە (کولەدی والدسا) کوژرا و هێزەکانی فلۆرەنسا سەریان بە سەری نێزەوە کرد و بە سەرانسەری ئۆردووگادا گێڕایان.

٢٠. کامپو دی سییێنا: campo di siena گۆڕەپانی سەرەکیی سییێنایە.

٢١. ئاماژەیە بۆ ئەوەی (ڤینیا ئۆمینۆ دی مینی) برادەرێکی سالڤانی بوو، ساڵی ١٢٦٨ لە شەڕی (تالیا کۆتسۆ)ی نێوان سییێنایی و فلورەنساییەکان، بە دیلی کەوتە دەست شارل دانژووی سەرکردەی فەرەنسی. شارل دانژوو داوای لێکرد١٠,٠٠٠ فلۆرینی زێڕ بدا بۆ ئەوەی ئازادی بکا. سالڤانی کە ئەو کاتە لەوپەڕی دەسەڵات و شکۆمەندیدا بوو، بێ ئەوەی بە خورتی پارە لە خەڵک بسەنێ، چووە سییێنا و لەسەر سەکۆیەک دانیشت و بە ملکەچی و زەلیلی دەستی دەرۆزەی لەبەر خەڵک پانکردەوە بۆ ئەوەی پارە بۆ ڕزگارکردنی برادەرەکەی کۆ بکاتەوە. کە خەڵکی سییێنا بەمەیان زانی، لە هەموو لایەکەوە پارەیان بەسەردا باراند.

٢٢. مەبەستی لە دراوسێ گەلی فلۆرەنسایە، کە دانتی دەردەکەن.

# سروودی دوازدەم[1]
## ئەڵقەی یەکەم
## بابیبووان

دانتی شانبەشانی ئۆدیریزی دەڕۆیشت. کە ڤیرجیلیۆ داوای لێکرد پێ هەڵێنێ، لە ئۆدیریزی دوورکەوتەوە. دانتی هەندێ وێنەی وردی بینی لە زەوی هەڵکۆڵرابوون، وەکو وێنەی سەر قەپاغی گۆڕ وا بوون. وێنەی لوچیفیرۆی دی وەک برووسکە لە ئاسمان دەهاتە خوارێ. بریاریۆی بینی یەک بە لاتی لەسەر زەوی ڕاکشابوو. تیمبریۆ و پاللادی و مارتی دی دەوریان لە جۆپیتەر دابوو. نەمروودی لەژێر بورجی بابلدا دی. نیۆبی لەناو کوڕ و کچە مردووەکانی بینی. شاولی بینی بەسەر شیرەکەیدا کەوتبوو و مردبوو، ئەراگنای وەکو نیوە داپیرۆچکەیەک بینی. ڕەحبوعامی لە سواری گالیسکەیەک بینی بێ ئەوەی کەس ڕاوی بنێ. ئەلکمایون و ئۆلۆفێرنی بینی. کوڕەکانی سەنحاریبی لە پەرستگە بینی. تامیریی بینی کە کۆرشی کوشت. تەروادەی بینی سووتابوو و بووبوو بە کۆی زوخاڵ. ئەمە هەموو وێنەی سزای لەخۆباییبووان بوو. ئەوەندە بە وردی کرابوون دەتگوت ڕاستن و دوێنێ ڕوویان داوە. دانتی بەدەم بیرکردنەوەوە دەڕۆیشت. ڤیرجیلیۆ داوای لێکرد سەری بەرزکاتەوە و سەیری ئەو فریشتەیە بکا کە جلی سپیی لە بەر بوو وەک ئەستێرەی بەیانی دەدرەوشایەوە. فریشتەکە باڵەکانی لێک کردەوە و داوای لە شاعیرەکان کرد هەڵبکشێن بۆ سەرەوە. باڵێکی لە ناوچەوانی دانتی دا. دانتی هەستی کرد ڕێگە ئەوەندە ڕک نییە. وەکو ئەو ڕێگەیە وایە کە

دەچێتە کڵێسەی سان منیاتۆ کە بەسەر فلۆرەنسادا دەڕوانێ. دانتێ گوێی لێبوو فریشتەکە هەندێ پارچەی کتێبی پیرۆزی خوێندەوە. دانتێ هەستی کرد لە سەرکەوتندا لەشی سووک بووە. فرجیلیۆ مەسەلەکەی بۆ ڕوونکردەوە. گوتی ئەمە هۆی ئەوەیە گوناهی باپیبوونت سڕاوەتەوە. دانتێ پەنجەی لە ناوچەوانی خۆی دا، زانیی نیشانەی باپیبوونی سڕاوەتەوە. ڤیرجیلیۆ بزەی خۆشیی هاتێ.



ئەوەندەی لەلەی مهرەبانم ڕێی دام،
وەک دوو گای ژێر یەک نیر
شانبەشانی ئەو ڕۆحە بارگرانە ڕۆیشتم!
بەلام کە پێی گوتم: (واز لەوە بێنە و بڕۆ،
وا چاکە، لێرە هەرکەسە تا دەتوانێ
بە سەوڵ و چارۆکە، بەلەمی خۆی باژوا.)
دووبارە بە پێی پێویستیی ڕۆیشتین
بەژنم قیت کردەوە، هەرچەندە هێشتا
نیشانەی پەستی و بێهوورەییم لە بیروبۆچووندا بوو!
بەڕێ کەوتم و بە دڵخۆشی
شوێن هەنگاوی مایسترۆم[٢] هەڵگرت،
هەردووکمان پێمانەوە دیار بوو هەنگاومان چەند سووکە!
پێی گوتم: (چاو لە زەوی ببڕە!
وا چاکە سەیری بەرپێی خۆت بکەی،
بۆ ئەوەی لە ڕێی خۆت دڵنیا بیت!)
چۆن مردوو، وێنەی سەردەمی ژیانی
لەسەر کێلی گۆڕی دەکێشرێ
بۆ ئەوەی لە یاد و بیرەوەریدا بمێنێ.
زۆر جار خەڵک بۆیان دەگری
لە سۆنگەی ئازاری یادەوەری
کە تەنیا لە دڵی بەسۆزدا دەچزێ!
بە درێژایی ڕێگەی دەرچوونی قەدچیا،
وێنەی زەق و دەرهاتووم بینی،
نیگارکێشێک بە وردی و جوانی خستبوونییە بەرچاو!
لە لایەکەوە ئەوەم بینی کە لە هەموو شتێ
بەرز و تەواوتر خەڵقکراوە
وەک برووسکە لە ئاسمان دەهاتە خوارێ!
لە لاکەی ترەوە، (بریاریۆ)[٣]م بینی

تیری ئاسمان ئەنگاوتبووی،
سارد وەک مەرگ، بە سەنگینی لەسەر زەوی ڕاکشابوو! (٣٠)
(تیمبریۆ)م[٤] بینی (پاللادی) و[٥] (مارتی)م[٦] بینی،
بە چەکەوە لە دەوری باوکیان[٧] بوون،
سەیری کەلە و پارچەی لاشەی دێوەکانیان دەکرد! (٣٣)
(نێمبرۆت)م[٨] لە داوێنی بورجی گەورە[٩] بینی،
بە حەپەساوی سەیری خەڵکەکەی دەکرد،
کە لە (سێنناڕ)دا[١٠] هاوبەشی بۆغرایی بوون! (٣٦)
ئەی (نیۆبی)[١١]، تۆم لەسەر ڕێگە بینی
بە چ چاوێکی پڕ غەم وێنەت کێشرابوو!
لەتەک هەفت منداڵ، حەفت منداڵی کوژراوتدا! (٣٩)
تۆیش ئەی (ساوول)[١٢]، تۆم چۆن بینی؟
لە (جیڵبۆوێ)[١٣]، لە سەر شمشێری خۆت مردبووی،
کە دوای ئەوە نە شەونمی پێکەوت و نە باران. (٤٢)
ئای (ئاراگنی)ی[١٤] سەرشێت، تۆم دی دەگریای!
نیمچە جاڵجاڵۆکەیەکی غەمبار بووی لەسەر پارچەی تەونەکەت
کە بۆ دەردەسەری خۆت چنیبووت. (٤٥)
ئەی (ڕۆبۆئام)[١٥]، ئەوەتا وێنەکەت
بە هەڕەشە نییە، بەڵام پڕە لە تۆقان
سواری گالیسکەیەکی کەس ڕاونانێ! (٤٨)
ئەم ڕێچکە بەرد درێژ و سەختە پێمان دەڵێ
چۆن (ئالمیۆن)[١٦] وای لە دایکی کرد،
گرانترین نرخ بە خشڵی قەڵپ و شووم بدا. (٥١)
هەر لەسەر ڕێگە دەبینین کوڕەکانی (سێنناکیریب)[١٧]
لەناو پەرستگە، خۆیان بەسەر باوکیان دادا و
چۆن بە کوژراوی جێیان هێشت!(٥٤)
ئەوەی تر ئەوە دەردەخا کە (تامیری)[١٨] بە (چیرۆ)ی[١٩] گوت
چ قڕان و کاولکارییەکی دڕندانەی هێنا. گوتی:

(تۆ تینووی خوێن بووی، تێر خوێنت دەکەم!) (٥٧)
ئەوێهێش پێمان دەڵێ: ئاشوورییەکان چۆن
دوای مەرگی (ئۆلۆفێرنی)[٢٠] ڕایانکرد و
چۆن لاشەی بێخێر کراوی لەوێ بەجێما! (٦٠)
(ترۆیا)[٢١]م بینی، کامباخ و سووتمان!
ئەی (ئیلیۆن) [٢٢]، لەم وێنە دڵبزوێنەدا
چەند پەست و زەلیل و ڕسوای! (٦٣)
کام مامۆستای فڵچە و پەڕ
دەتوانێ هێڵ و تەنکە سێبەری وا بکێشێ
کە بەرزترین ئەقڵ واقی لێ وڕ دەمێنێ (٦٦)
مردوو وەک مردوو و زیندوو وەک زیندوو بوون.[٢٣]
ئەوەی خۆی ڕووداوەکانی دیبێ، لەوە باشتری نەدیوە[٢٤]
کە من کاتێ بە کووڕی دەڕۆیشتم لەبەر پێی خۆمدا دیم! (٦٩)
ئەی ڕۆڵەکانی حەوا،[٢٥] ورەتان بەرز و پتەو بکەن و
بە سەرفرازی برۆن، سەر دامەنەوێنن
بۆ ئەوەی ئەو باریکەڕێیە[٢٦] ببینن کە گرتووتانە بەر. (٧٢)
ڕۆیشتین و بە دەوری چیادا سووڕاینەوە،
خۆر، ماوەیەکی لەوە زیاتری بڕیبوو
کە بە مێشکی خەریکی مندا دەهات. (٧٥)
ئەوەی لە پێش من دەڕۆیشت و هەرتم
وریا و ئاگادار بوو، گوتی: (سەرت قیت بکەوە،
کاتی ئەوە نییە، بەدەم داڵغەوە برۆی! (٧٨)
سەیری ئەولا کە، فریشتەیەک[٢٧] خۆی تەیار دەکا
بێتە لامان! سەیر بکە چۆن کەنیزەی شەشەم [٢٨]
لە خزمەتی ڕۆژانەدا دێتەوە. (٨١)
ڕووکار و ڕەفتارت بە سەنگینی بڕازێنەوە
بۆ ئەوەی ڕازی بێ ڕێنمایی هەورازترمان بکا.
باش بیر بکەوە، ئەم جۆرە ڕۆژە هەرگیز نایەتەوە!) (٨٤)

هەرگاف وریای دەکردمەوە، کات بەفیڕۆ نەدەم
بە جۆرێ نەیدەتوانی ئیتر
بە پێچوپەنا لەم بارەیەوە قسەم بۆ بکا! (٨٧)
بوونەوەرێکی جوان بەرەو ڕوومان هات
بە بەرگێکی سپی و[٢٩] ڕوخسارێکی
وەک ئەستێرەی جریوەداری بەیانی. (٩٠)
بازووی درێژکرد و باڵی لێککردەوە و گوتی:
(فەرموو، وەرن! پلیکانە لەم نزیکانەیە،
دەتوانن بە سانایی سەرکەون! (٩٣)
دەگمەنن ئەوانەی بەدەم بانگەوازەوە دێن
ئەی بنیادەم، تۆ لە دایک بووی تا بەرەو ئاسمان بفڕی،
بۆچی بە دەم کزەبایەکەوە، بەردەبیتەوە!) (٩٦)
ئێمەی بردە شوێنێ چیا شەقی بردبوو،
باڵەکانی بە هەنیەم داهێنا و
مزگێنیی دامێ ڕێگە ئەمین و سەلامەتە! (٩٩)
چۆن بۆ سەرکەوتنە سەر چیا و چوونە
ئەو کڵێسەیەی[٣٠] لەولای پردی (ڕوباکۆنتی)وە[٣١]
بەسەر شاری خاوەن دەسەلاتداری خاسدا دەڕوانێ (١٠٢)
لای دەستەڕاست، ڕکایی لات و زەرد و ماهی
وەک پێبلکە داشکاوە. ئەو سەردەمە دروستکراوە
تۆمار و پێوەر قەڵپ نەکرابوون و جێی متمانە بوون.[٣٢](١٠٥)
ئەو لێوارەیش بەم جۆرە بە ڕکی لە ئەڵقەکەی دی
دێتە خوارێ و تا دێ ماتتر دەبێ.
لە هەردوو لاوە، تەپکە شاخ سەریان هێناوەتە یەک! (١٠٨)
کە پێچمان کردەوە بۆ ئەولا، دەنگی سروودی
(خۆشی لە ڕۆحە کڵۆڵەکان!)
ئەوەندە خۆش دەهات، بە قسە باس ناکرێ. (١١١)
ئای، دەرگای ئێرە و دەرگای دۆزەخ چەند جیان!

لێرە بە سروود پێشوازیت لێ دەکەن و
لەوێ، بە قیژە و ناڵەی جەرگبڕ! (١١٤)
بەسەر پلە پیرۆزەکاندا هەڵگەڕاین
هەستم کرد، باری لەشم زۆر سووکترە
لەو کاتەی لەسەر گۆڕاییە پانەکە بووم. (١١٧)
گوتم: (مامۆستا، پێم بڵێ:
چ بارێکی قورسم لەسەر شان لاکەوتووە،
کە دەڕۆم، هەست بە هیچ ماندووبوونێک ناکەم!) (١٢٠)
وەڵامی دایەوە: (کاتێ هەموو نیشانەکانی (گ)ت
لە نێوچەوان سڕایەوە،
وەکو ئەوەی نیشانەیەکت سڕاوەتەوە،[٣٣] (١٢٣)
هەنگاوت بە جۆرێ سووک و خێرا دەبێ
نەک هەر هەست بە شەکەتی ناکەی،
بەڵکو لەززەت لە سەرکەوتن وەردەگری!)(١٢٦)
وەک ئەو کەسەم لێهات،
دەڕوا، شتێکی بەسەر سەرەوەیە و[٣٤] پێی نازانێ،
کە خەڵک ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوسا دەکەوێتە گومان! (١٢٩)
دەست بۆ سەری دەبا تا بزانێ چ هەیە،
دەستی دەکوتێ، تێدەگا چییە.
ئەو کارەی دەست دەیکا، بە چاو ناکرێ. (١٣٢)
پەنجەی دەستی ڕاستەم درێژکرد و دەستم لێدا
هەستم کرد تەنها شەش پیتی (گ) ماون
کە کلیلدارەکە٣٥ لەسەر تەوێڵی نەخشکردم! (١٣٥)
مامۆستام سەیری کردم و بزەی هاتێ. (١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سرووودی دوازدەم

١. ئەمە سرووودی سێیەم و دوا سرووودی تایبەتە بە لووتبەرزەکان.

٢. ئەمە نازناوێکی تازەیە دانتی بۆ ڤیرجیلیۆ بەکاری دێنێ. ئەو کاتە بۆ مامۆستای زارۆکان بەکار دەهات.

٣. بریاریۆ-Briareo (بە یۆنانی: بریاروس Briarus). لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: ئەم بریاروسە لەندەهۆر بوو هێرشی کردە سەر خودانەکان و ئۆلمپ لەبەر هێرشەکەی کەوتە لەرزین. کوڕی ئاسمان و زەوی بوو. سەد دەستی هەبوو. جۆپیتەر هەورە تریشقەیەکی حەواڵەکرد و بانگەرۆزی کردەوە و کوشتی.

٤. تیمبریۆ (Timbreoبە یۆنانی: تیمبرایوس Tymbraeus). یەکێ بوو لە نازناوەکانی ئەپۆللۆ-Apollo بە (یۆنانی فۆیبوس Phoebus) کە خودانی هونەر و مۆسیقا و ڕووناکی بوو. ئەم نازناوەی بە هۆی پەرستگەی گەورەی ئەو خودانەوە لێ نرابوو کە لە شاری تیمبریا بوو.

٥. پاللادە Pallade (بە یۆنانی پالاداس): منێرڤای خودانی ژیری و دانایی بوو لای ڕۆمانەکان.

٦. مارتی Marte (بە یۆنانی ئاریس Ares واتە مارس) - (مەریخ) خودانی جەنگ بوو لای ڕۆمانەکان.

٧. باوکیان: ئاماژەیە بۆ جیۆڤی Giove (بە ڕۆمانی جۆپیتەر و بە یۆنانی زیۆس). سێ کوڕەکەی، تیمپراوس و پاللاداس و مەریخ، لە بەرگریکردن لە ئۆلمپیادا دژی دێوەکان خزمەتێکی گەورەیان بە باوکیان کرد.

٨. نیمبرۆتتۆ Nembrotto واتە نەمروود Nimrod. پاشای ئەفسانەیی بابل (دۆزەخ، س٣١،د٧٧) (بەهەشت، س ٢٦، د ١٢٦).

٩. مەبەست بورجی بابلە کە نمروود دروستی کرد بۆ ئەوەی بۆ ئاسمان هەڵبکشێ.

١٠. سینعار Sennaar: دەشتی شینعار. دەوروبەری بابل. لە باسی بورجی بابل و دەشتی شینعاردا هاتووە:

سەراپای دونیا یەک زمان بوو. وا ڕێکەوت خەڵکەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان کرد گەیشتنە دەشتی شینعار، شوێنەکەیان بەدڵ بوو. لەوێ دامەزران. گوتیان وەرن

شارێک بۆ خۆمان ئاوا بکەین و کۆشکێک دروست بکەین سەری بگاتە ئاسمان بۆ ئەوەی ناوێک بۆ خۆمان پەیدا بکەین، نەوەک بەسەر زەویدا پەرت و بلاو دەبینەوە و بێ هێز دەبین. خۆدا ئەو شار و بورجەی دەستکردی بنیادەمی دی و گوتی ئەم خەڵکە هەموو یەکن و هەموویان بە یەک زمان دەدوێن، وا بڕوا دەتوانن بەرۆکی من بگرن و لێم هەڵبگەڕێنەوە. خودا فەرمانی دا بورجەکەیان لێ تێکدان و بە سەرانسەری دونیادا پەرت و بلاویان کردنەوە و ئەو هەموو زمانە جیاجیایەیان لێ پەیدابوو کە تێکناگەن و ناتوانن یەک بگرن.

١١. نیۆبی- Niobe. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کچی تانتالوس و ژنی ئامفیونی پاشای تیبی بوو. ئەو ژنە لە خۆبایی بوو، شایی بە جوانی و هێز و سامان و کچ و کوڕەکانی دەهات. دوازدە منداڵی (کوڕ و کچی) هەبوو. خۆی لەسەر لاتۆنا-Latonaی دۆستی زیۆس هەڵدەکێشا. لاتۆنا دوو کوڕی لە زیۆس هەبوو. ئەپۆلۆی خودانی شیعر و مۆسیقا و ڕۆشنایی و دیانای خودانی ڕاووشکار. ئەم دووە لە تۆڵەی دایکیان، هەر دوانزدە منداڵی نیۆبییان کوشت. نیۆبی لە داخان شێت بوو. بێ سەر دەگەڕا و دەسووڕا تا بوو بە پەیکەر.

١٢. شاووڵ-Saul دەوری ١٠٢٠-١٠٠٠ پ ز. یەکەم پاشای ئیسرائیلییەکان بوو. بە هۆی باییبوونی خۆیەوە، کەوتە بەر ڕق و قینی (یەهوە). لە داوێنی چیای جیلبۆوێ (جەلبووع)، لە فەلەستین، لەگەڵ فەلەستینییەکان کەوتە جەنگ. فەلەستینییەکان هۆزێک بوون لە جوولەکە، بەڵام دوژمنی هۆزی ئیسرائیل بوون. لەم جەنگەدا ئیسرائیلییەکان بەرامبەر فەلەستینییەکان شکان، فەلەستینییەکان هەرسێ کوری شاوولیان کوشت: یوناتان و ئەبیناداب و مەلکیشووع. کاتێ شاوول دیتی کوڕەکانی کوژراون و دوژمن زۆری بۆ هێنا، شمشێری خۆی قیت چەقاند و خۆی بەسەردا دا و خۆی کوشت بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی دوژمن.

١٣. جیلبوێ: جەلبووع. چیایەک بوو لە فەلەستین. فەلەستینییەکان لە شەڕی چیای جەلبووعدا بەسەر شاولدا سەرکەوتن. ئەوەبوو شاول کە دیتی سێ کوڕی کوژران خۆی بەسەر شیرەکەیدا دا و خۆی کوشت.

١٤. ئارگنیی- Argne (بە یۆنانی ئاراکنای- Aracnae) لیدی بوو. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی کچێ بوو لە چنیندا زۆر شارەزا بوو. لە خۆی باییبوو و گژنێی

ئاتنا (منێرڤا)ی خودانی ئەقڵی کرد. ئاتنا لێی لە ڕک ڕاچوو و کردی بە جاڵجاڵۆکە کە بەردەوام خەریکی تەونکارییە. (دۆزەخ، س١٧،د١٨).

١٥. ڕۆبۆئامۆ Roboamo (ڕەحبعام): کوڕی حەزرەتی سلێمان بوو. (لە سەدەی دەیەمی پ.ز) ژیاوە. شانازیی دەکرد کە لە باوکی توندوتیژ ترە و هەڕەشەی لە ئیسرائیلییەکان کرد. ئیسرائیلییەکان ڕاویان نا. بە سواری گالیسکەکەی هەڵات بۆ بیت المقدس. تا ئەمڕۆیش ئیسرائیلییەکان دژی بنەماڵەی ئەوانن.

١٦. ئالمیۆنی Almeone (بە یۆنانی: Alcmaeon) کوڕی ئەمفیاراوسی غەیبگۆ بوو لە (ئیریفیلای Eryphylae). یەکێ بوو لەو حەفت پاشایەی هێرشیان کردە سەر تیبی. سەرەتا نەیویست بچێتە جەنگی تیبی، چوو خۆی شاردەوە، بەڵام ئیریفیلای ژنی بۆ خاتری گەردانەیەکی زێڕ جێگەی مێردەکەی بۆ برای ئاشکرا کرد. بەم جۆرە چووە شەڕ و لەوێ کوژرا، بەڵام ئەمفیاراوس پێش مردنی، ئەلکمایونی کوڕی ڕاسپارد و هانی دا تۆڵەی بکاتەوە و دایکی خۆی بکوژێ. ئەویش کوشتی.

١٧ (سەنحاریب Sennacherib 705- 681 پ.ز) پاشایەکی بەناوبانگی ئاشووری بوو. لە پەیمانی کۆندا ناوی بە (سخاریب) هاتووە. لە بەرامبەر حەزقیای پاشای جوولەکان شکا و کوڕەکانی (ئەدەر مەلیک) و (شەراسەر)، لە کاتی نوێژکردندا کوشتیان.

١٨. تامیری Tamiri (بە یۆنانی: تۆمیریس Tomyris): شاژنی (ماساگیت)ەکان بوو (کە لە سەردەمی کۆندا لە باکووری ئێران دەژیان). کوروش (٥٦٠- ٥٣٠ پ.ز Cyrus) هێرشی کردە سەری و کوڕەکەی کوشت. شاژن لە ڕووی کوروش ڕاوەستا و پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی، کوروش کوژرا. بە فەرمانی شاژن جەنازەکەیان دۆزییەوە. شاژن دەفرێکی پڕ خوێن کرد و سەری کوروشی لەناو نا و ڕووی لە سەرەکە کرد و گوتی: (من زیندووم و تۆم لە جەنگدا شکاند و تۆم کوشت، تۆ بە کوشتنی کوڕەکەم لەناوت بردم، بەڵام من غەدرت لێ ناکەم، تا تێروپڕ دەبی خوێنت دەرخوارد دەدەم.)

١٩. چیرۆ. کوروش. پاشای بەناوبانگی فارس (٥٦٠ – ٥٣٠ پ ز).

٢٠. ئۆلۆفێرنۆ Oloferno (بە یۆنانی: هۆلۆفێرنیس Holofernes). یەکێ بوو لە سەرکردەکانی لەشکری (نەبوخودنەسر)ی پاشای ئاشووری کە لە سەدەی شەشەمی پ.ز-دا جوولەکەکانی بەدیل برد. (یەهوودیت)، کە ڕەمزی پاکی و جوانی و ئازایەتی

بوو، خستییە داوەوە و لەناو نوینی نووستنی کوشتی و لە ئەنجامدا هێزەکانی ئاشووری لە فەلەستین کشانەوە.

٢١. ترۆیا Troia: شاری ناوداری تەروادە. ڕەمزی بابیبوون بوو. گریکەکان وێرانیان کرد. (ئیلیادەی هۆمیروس باسی هۆی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە و دە ساڵ ئابڵوقەدانی تەورادە و چۆنیەتیی داگیرکردن و تێکدانی دەکا.

٢٢. ئیلیۆنی Ilione: (بە لاتینی : ئیلیوم Illium) ناوی ئەو شاخەیە کە شاری تەورادەی لەسەر دروستکراوە و زۆر جار بە شارەکەیش دەڵێن ئیلیۆن (دۆزەخ، س١، د٧٥).

٢٣. یانی وێنەکە ئەوەندە ڕاستەقینە بوو. ئەوەی بە مردوو وێنەی کێشابوو، دەتگوت مردووە و ئەوەی بە زیندوو وێنەی کێشابوو، دەتگوت زیندووە.

٢٤. ئاماژەیە بۆ ملکەچی و سەرکزی و خاکێتی کە دانتی لە بینینی بارودۆخی بابیبووەکان وەری گرتبوو. دانتی زۆر جار خۆی بە بابیبوو تاوانبار دەکا.

٢٥. کوڕانی حەوا... بۆی هەیە دانتی مەبەستی ئەوە بێ حەوا یەکەم کەس بوو فیز و بابیبوونی پێشان دا بەوەی چوو بەری درەختی قەدەغەی خوارد. لەوانەیشە مەبەستی ئەوە بێ مرۆڤ کە هەموویان منداڵی حەوان، نابێ خۆیان لەسەر یەکتر هەڵبکێشن.

٢٦. کوێرەڕێ، یان بزنەڕێ mal sentero، ئاماژەیە بۆ ڕێگەی گوناە کە بابیبووەکان گرتوویانەتە بەر.

٢٧. ئەمە فریشتەی خاکێتییە. یەکەمین فریشتەیە لە پاسەوانەکانی بەرزەک. لە خوارەوەی ئەو پلیکانەیە وەستاوە کە بۆ ئەڵقەی دووەم دەچێ. ئەرکی ئەوەیە نیشانەیەکی گوناە (گ) لە ناوچەوانی پاکبووەوەکان دەسڕێتەوە، چونکە ئەڵقەکەیان بڕیوە و لەو گوناهە پاکبوونەتەوە. ئەم فریشتەیە نیشانەیەکی (گ) لە تەوێڵی دانتی سڕییەوە.

٢٨. واتە شەش سەعاتە ڕۆژ هەڵاتووە کە دەکاتە سەعات دوازدە.

٢٩. ڕەنگی سپی، ڕەمزی پاکی و خاکێتییە.

٣٠. کڵێسەی سان مینیاتۆ San miniato کە بۆ سەدەی یازدە دەچێتەوە و بەسەر فلۆرەنسادا دەڕوانێ، لەسەر ئەم تەپۆڵکەیە دروستکراوە.

٣١. پردی ڕوباکۆنتی Rubaconte بۆ سەدەی یازدە دەچێتەوە. ئێستا لە فلۆرەنسا، پێی دەگوترێ پردی خێر و بەرەکەت.

٣٢. دانتی ئاماژە بۆ سەردەمی نیکۆلۆ ئاکیائۆلی Nicolo Achiaoli دەکا کە ساڵی ١٢٩٩ حاکمی فلۆرەنسا بوو. ئەو ساڵە هەندێ بەڵگەیان بۆ بەرژەوەندیی هەندێ کەس و هەندێ لایەن شاردەوە کە لە کێشانە و پێوانەدا ساختەیان کردبوو. ئاخیری شتەکە بەسەر نیکۆلۆدا ساغبووەوە.

٣٣. واتە کە نیشانی (گ) دەسڕێتەوە، ڕۆحەکە هەست دەکا لەشی سووکتر بووە و چێژ لە سەرکەوتن وەردەگرێ.

٣٤. ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی شتێکی لەسەر سەر بێ و خۆی نەیبینێ، بەڵام بە خەندە و گریشمە و جووڵەی سەر و دەستی خەڵک، کە سەرنجی یەکتر بۆ شتەکە ڕادەکێشن، پەی پێ دەبا کە شتێکی لەسەر سەرە و دەست درێژ دەکا بۆ ئەوەی لایبەرێ.

٣٥. کلیلدار: مەبەست فریشتەی کلیلدارە.

# سروودی سێزدەم[1]

## ئەڵقەی دووەم


## حەسوودان

شاعیرەکان سەرکەوتن بۆ ڕەوەزی یان ئەڵقەی دووەم. شوێنەکە چۆڵ و قاقڕ وەکو شاخی ڕەشی تاری وا بوو کە ڕەمزی بەخیلییە. ڤیرجیلیۆ بەپێی جووڵانەوە و تیشکی خۆر ڕێگەی دۆزییەوە و ڕۆیشت. دانتی هەندێ ڕۆحی بینی بە نەرم و ناسکی دوعایان دەکرد. دوعاکە بریتی بوو لە قسەی ماریا و ئۆریستیس و مەسیح. دانتی بە وردی تەماشای کرد هەندێ تارمایی بینی بەتیەی وەک بەردیان لەبەر بوو. بەزەیی پێدا هاتنەوە و چاوی پڕ فرمێسک بوو. ئەوانە وەکو ئەو کوێرانە وا بوون کە بە کزی و مەلوولی بۆ دەرۆزە لە بەردەم کڵێسەدا دەوەستن و سەر بۆ لای یەکتر لار دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک بەزەیی پێدا بێنەوە. ڕووناکییان نەدەدی، چونکە وەکو باز پێلووی چاویان بە سیم دروابوو. دانتی هەستی کرد باش نییە لەناو ئەو کوێرانە بڕوا، چونکە ئەو ئەوان دەبینی و ئەوان ئەو نابینن. ڤیرجیلیۆ زانیی دانتی چیی لە دڵدایە، هانی دا قسە بکا. دانتی دوعای بۆ کردن کە خودا تەمی ویژدانیان بڕەوێنێتەوە بۆ ئەوەی زەینیان ڕوونبێتەوە. لێی پرسین داخۆ کەسی لاتینییان تێدا نییە؟

دانتی ڕۆحێکی بینی وەکو کوێر چەناگەی بڵند کردبوو. ئەمە ڕۆحی ساپیای سیێنایی بوو. ئەوەبوو کە لە خوا پاڕایەوە هاووڵاتییانی خۆی لە

شەڕی کولی بشکێن. کە شکان و پشتیان دا و ڕایانکرد تا حەز کەی شاد و کەیفخۆش بوو. لە دوامینی عومری تۆبەی کرد و گەڕایەوە. کە زانیی دانتی مرۆڤێکی زیندووە، لێی پرسی کێیە؟

دانتی ئامادەیی خۆی دەربڕی چی ساپیا داوا بکا بۆی جێبەجێ بکا. ساپیا داوای کرد دانتی دوعای خێری بۆ بکا و دەنگوباسی خۆشی بۆ خزمان بباتەوە.



گەیشتینە کۆتایی ئەو پلیکانەی
بۆ دووەم جار چیا شەقدەبا و[2]
خەڵک بە سەرکەوتنی پلیکانەکان پاکدەکاتەوە. (٣)
لێرەدا، گەوەرێک بە دەوری چیادا دەسوورێ،
وەکو گەوەری یەکەم وایە، ·
بەڵام چەمانەوەکەی بەرینترە! (٦)
ئێرە، نە ڕۆحی لێیە و نە وێنە
چیا و ڕێگە هەردووکیان ڕەقوتەقن،
ڕەنگی تاری[3] بەردیان پێوەیە! (٩)
شاعیرەکە گوتی: (ئەگەر چاوەڕێی خەڵک بکەین
ڕێمان نیشان بدەن، دەترسم
هەڵبژاردنی ڕێگەمان زۆر دوابکەوێ!) (١٢)
ئینجا پڕ بە چاو لە خۆر نز بووەوە،
تەنیشتی ڕاستەی کردە تەوەری جووڵانەوە و[4]
لای چەپی لەشی وەرسووڕاند. (١٥)
گوتی: (ئەی ڕووناهیی پیرۆز، بە چاوەدێریی تۆ
دەچمە ئەم ڕێگە تازەیە
ڕێنماییمان بکە، لێرە چۆن بڕۆین![5] (١٨)
تۆ[6] گەرمی و ڕووناکی بە دونیا دەبەخشی[7]
ئەگەر هۆیەکی تر بە هەڵەتەمان نەبا
پێویستە هەردەم تیرێژی تۆ[8] بکەین بە ڕێنما) (٢١)
ئەو ماوەیەی لێرە بە میلێک[9] مەزەندە دەکرێ،
لەوێ بە ماوەیەکی کورت بڕیمان[10]
بە هۆی ئەو ئارەزووە بەجۆشەی دنەی دەداین. (٢٤)
ڕۆحی ناسک[11]، بە ناسکی بانگیان دەکردین
بۆ سەر خوانی خۆشەویستی
گوێمان لە ورشەی باڵیان بوو دەهاتن، بەڵام نەماندەدین! (٢٧)
یەکەم دەنگ، کە بە دەم فڕینەوە تێپەڕی،

زۆر بە قایمی دەیگوت: (شەرابیان نییە!)[12]
تا لێشمان تێپەڕی هەر دووبارەی دەکردەوە![13] (٣٠)
بەر لەوەی لەبەر دووری، دەنگی لەبەر گوێمان ببڕێ
یەکێکی تر تێپەڕی و هاواری کرد:
(من (ئۆرێستی)م...) و[14] ئەویش تێپەڕی.(٣٣)
پرسیم: (ئۆی! باوکە[15]، ئەم دەنگانە چین؟)
کە ئەمەم پرسی سێیەمیان تێپەڕی و گوتی:
(ئەوەی خراپەی لەگەڵ کردوون، خۆشتان بوێ!)[16] (٣٦)
مامۆستای میهرەبان گوتی: (ئەم ئەڵقەیە[17]
سزای تاوانی بەخیلی تێدایە،
بۆیە داوی قامچییەکەی لە ئەوینەوە وەرگیراوە![18] (٣٩)
بەڵام ئاوازی لغاوی جیایە
باوەڕ کەم گوێت لێ دەبێ
کە پێ دەخەیتە سەر کۆسپەی (بوردن) (٤٢)
بەڵام تۆ چاو ببڕە ئەو هەوایە
خەڵکانێ دەبینی لە بەرامبەرتا دانیشتوون
بە درێژایی چیا لێی پاڵکەوتوون.) (٤٥)
چاوەکانم پتر زەقکردەوە و لە پێش خۆم ڕامام
چەند تارماییەکم بینی، باڵاپۆشی
لە ڕەنگی بەردەکانیان لە بەر بوو. (٤٨)
کە نەختێ چووینە پێشتر،
گوێم لە هاوارێ بوو: (ئەی مێرەم دوعامان بۆ بکە!)[19]
لەگەڵ هاواری: میکاییل![20] پیێترۆ[21]! پیر و پیاوچاکینە!) (٥١)
باوەڕ ناکەم ئەمڕۆ کەس لە دونیادا هەبێ،
ئەوەندە دڵڕەق بێ، ئەوەی کە لەوێ دیم
دڵی هەلاهەلا دەکرد! (٥٤)
کە زۆر لێیان نزیککەوتمەوە و
بە ڕوونی بارودۆخم بینین،

له شروان فرمێسکم ڕانەدەوەستا (٥٧)
دیم هەموویان جلی مووی دڕیان لە بەر بوو،[٢٢]
سەریان لار بووبووەوە بۆ سەر شانی یەک.[٢٣]
هەموویان پشتیان بە دیواری چیاوە دابوو. (٦٠)
حاڵیان وەک ئەو کوێرە نەدار و بێبژێوانە وا بوو
کە (ڕۆژی بوردن) دادەنیشن و سواڵدەکەن[٢٤].
سەر بۆ لای یەکتر لار دەکەنەوە. (٦٣)
بۆ ئەوەی خەڵک بەزەییان پێدا بێنەوە.[٢٥]
نەک تەنیا بە زرنگەی وشە، بەڵکو بە دیمەنی بەرچاو[٢٦]
کە کاریگەریی لە گوێ کەمتر نییە! (٦٦)
وەکو چۆن ڕووناکیی خۆر سوودی بۆ کوێران نییە
ئاوایش ڕووناهیی ئاسمان، لێرە،
بەو ڕۆحانە ناکەوێ کە باسیان دەکەم. (٦٩)
هەموو داوی سیمیان لە پێڵوودایە، پێڵوویان درواوە.[٢٧]
وەکو چۆن پێڵووی بازی کێوی دەدوورن
بۆ ئەوەی کەیی و دەستەمۆیان بکەن. (٧٢)
دەڕۆیشتم، من ئەوانم دەدی و ئەوان منیان نەدەدی!
هەستم دەکرد بەمەوە خراپەیان لەگەڵ دەکەم.
ئاوڕم لە ڕاوێژکاری ڕێزانم دایەوە.(٧٥)
ئەو باش دەیزانی بێدەنگیی من یانی چی،
بۆیە ڕانەوەستا تا پرسیاری لێ دەکەم،
پێی گوتم: (بێژە، لێ بە کورتی و بە وردی! (٧٨)
ڤیرجیلیۆ لەگەڵمدا دەڕۆیشت، لەو لایەی لێوارەکە [٢٨].
کە ترسی هەڵدێرانی مرۆڤی تێدایە،
چونکە لێوارێکی بێ شوورە و مێردڕەو بوو. (٨١)
لاکەی ترم، تارمایی زەرد و ماهی بوو.
ئەوەندە بە کوڵ، لەبن ئەو دیوارە ڕک و لاتانە دەگریان[٢٩]
هەموو گۆنایان تەڕ بووبوو. (٨٤)

ئاورم لێ دانەوە و گوتم: (ئەی ڕۆحینە،
ئێوە دڵنیان کە پەرتووی باڵا دەبینن
کە تاکە هیوا و ئارەزووتانە. (٨٧)
یاخوا هەر زوو بەرەکەتی خوا بێ و
کەفی ویژدانتان ڕابماڵێ، بە جۆرێ
ڕووباری یادەوەریی بە ڕوونی لێ بێتە خوارێ. (٩٠)
پێم بڵێ پێ شادو گوشاد دەبم
ئایا هیچ ڕۆحی لاتینیتان لەناودایە،
بۆخۆی باشە، من بیناسم!) (٩٣)
(برام، ئێمە لێرە هەمووومان هاووڵاتیی شاری ڕاستین،
دەشێ مەبەستت ئەوە بێ
کە بە بێگانەیی لە ئیتاڵیا ژیاوە!) (٩٦)
هەستم کرد، وەڵامەکەم لە شوێنێکی پێش
ئەو شوێنەی لێی وەستابووم، بۆ دەهات.
نەختێ چوومە پێش تا گوێیان لە دەنگم بێ. (٩٩)
تارماییەکم لەناو دیتن،
هەستم کرد لە چاوەڕێدایە! ئەگەر دەپرسن چۆن؟
دەڵێم وەکو کوێران چەناگەی بەرز ڕاگرتبوو. (١٠٢)
گوتم: (ئەی ڕۆحێ کە ئاوها خۆت پاک دەکەیتەوە
بۆ ئەوەی بچیتە سەرێ، ئەگەر تۆ بووی وەڵامت دامەوە،
ناو و وڵاتی خۆتم پێ بڵێ! (١٠٥)
پێی گوتم: (من سیینایيم. لەگەڵ ئەمانەدا،
ژیانی کەیلی گوناهی خۆم پاک دەکەمەوە.
لە قاپی ئەو کەسە دوعا دەکەم کە هەموومان بەهیواین بیبینین! (١٠٨)
ناوم (ساپیا)یە[٣٠]، بەڵام خۆم ئاقڵ و سەرڕاست نەبووم،
چێژم لە بەدبەختیی خەڵک وەردەگرت،[٣١]
تا لە خۆشبەختیی خۆم. (١١١)
بۆ ئەوەی وا تێنەگەی فریوت دەدەم،

سەیر کە، بۆت باس دەکەم، چۆن
کە لە ترۆپکی تەمەن شۆڕبوومەوە،[٣٢] شێت بووم! (١١٤)
هاووڵاتییەکانم، لە نزیک (کۆللی)،[٣٣]
لەگەڵ دوژمن کەوتنە شەڕ. لە خوا پاڕامەوە[٣٤]
خۆی چی بە چاک دەزانێ وایان بۆ بکا. (١١٧)
هاووڵاتییەکانم بەزین و بە هەنگاوی تاڵ هەڵاتن،
کە ڕاوەدوونانی ئەوانم بینی،
ئەوەندە شاد بووم، نەبێتەوە! (١٢٠)
وەک ڕیشۆڵە[٣٥]، لە کاتی خۆشی و ئارامیی دەریادا،
بەبێ چاووڕوویی سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی،
هاوارم بۆ خوا کرد: (ئیتر باکم بە تۆ نییە! (١٢٣)
ئینجا کەوتمە ناو ساڵان و ویستم لەگەڵ خوا
ئاشتببمەوە، بەڵام قەرزم ئەوەندە قورس بوو! (١٢٦)
بە تۆبە و پەشیمانی سووک نەدەبوو!
ئەگەر (پییر پێتتینایۆ)ی[٣٦] شانەدار نەبایە
کە دوعای خێر و چاکەی لە قاپیی خوا بۆ کردم،
بە چاکەی خۆی خەمی لێ خواردم![٣٧] (١٢٩)
بەڵام تۆ کێی؟ هاتوویتە ئێرە و لە ئەحواڵی ئێمە دەپرسی؟
وا بزانم بە دوو چاوی کراوەوە،
بەدەم قسەکردنەوە هەناسە دەدەی![٣٨] (١٣٢)
وەڵامم دایەوە: (منیش لێرە چاوەکانم لەدەست دەدەم،
بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم، چونکە گوناهی
سەیرکردنی حەسوودیم، زۆر کەمە! (١٣٥)
ترسی ئەشکەنجەی ئەڵقەی خوارەوەم لەبەرە
ترسێکی قورسە و ڕۆحم دەهەژێنێ.
ئێستایش لەبەر بارگرانیی ئەوێ، شانم داکەوتووە! (١٣٨)
لێی پرسیم: (کێ تۆی هێنایە سەرێ بۆ ناومان،
مادەم بڕوات وایە دەگەڕێیتەوە خوارێ؟)

وەڵامم دایەوە: (ئەمە[٣٩]، کە لەگەڵمدایە و هیچ قسە ناکا! (١٤١)
من هێشتا زیندووم، ئەی ڕۆحی بژاردە،
چیت دەوێ داوا بکە،
لەسەر دونیا بۆت جێبەجێ دەکەم. (١٤٤)
وەڵامی دایەوە: (ئای، ئەمە شتێکی تازەیە!
نیشانەیەکی گەورەیە کە خوا تۆی خۆشدەوێ!
جاروبار بە دوعا بەسەرم بکەوە! (١٤٧)
تۆی سەری ئەوەی لە هەموو شتێ بۆی پەرۆشتری،
ئەگەر دووبارە پێت بە (توسکانا)[٤٠] کەوتەوە،
لای خزمەکانم، بە چاکی یادم بکەوە! (١٥٠)
لەناو ئەو خەڵکە بێهوودە دەیاندۆزیتەوە
کە ئومێدیان بە (تالامۆنی)[٤١] هەیە و لەمەودا،
لە دەستکەوتنی (دیانا)[٤٢]، زیاتر بێهیوا دەبن. (١٥٣)
بەڵام دەریا سالارەکان گەورەترین زیانیان٤٣ لێ دەکەوێ! (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سرووودی سێزدەم

١. ئەمە یەکەم ئەڵقەی حەسوودانە، پێی دەگوترێ ئەڵقەی ساپیا.

(٢) ئەمە پێچەوانەی ئەڵقەی یەکەمە لە سرووودی دوازدەدا.

٣. ڕەنگی خۆڵەمێشی، ڕەمزە بۆ حەسوودی.

٤. کات لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە. دانتی و ڤیرچیلیۆ لە لای دەستەچەپی کێوەکەن، بۆیە ڕۆژ کەوتووەتە دەستەڕاستیان.

٥. ڤیرچیلیۆ ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی بپرسێ ڕێگەکە لە کوێیە.

٦. ڤیرچیلیۆ قسە لەگەڵ خۆر دەکا کە ڕەمزی ڕەحمەتی خودایە.

٧. واتە خۆر سەرچاوەی ژیانە.

٨. دانتی مەبەستی دونیایە.

٩. مەبەستی بەرزەکە.

١٠. دوو شاعیرەکە لەسەر پلیکانە و ڕوو لە ڕۆژئاوا وەستاون. ڤیرچیلیۆ پێی ڕاستەی بۆ لای چەپە سووڕاندووە بۆ ئەوەی بەپێی دەستووری (کاتۆنی) بە لای ڕاستەدا بسووڕێنەوە.

١١. واتە ئەو ڕۆحانە بە ناسکی بانگی خودانی خۆشەویستییان دەکرد کە دەروون لە گوناهی ڕژدی و حەسوودی و چەکووسی پاکدەکاتەوە.

١٢. شەرابیان نییە: ئەمە ڕستەیەکە، لە پەیمانی نوێدا، لەسەر زمانی مریەمی دایکی عیسا گوتراوە. لە جەلیل زەماوەند بوو. دایکی عیسا و عیسا و شاگردەکانیشی لەوێ بوون. ڕۆژی سێیەم، شەراب نەما. مریەم بە عیسای گوت: شەرابیان نییە. شەش دەفری بەردین لەوێ بوون، عیسا پێی گوتن ئاویان تێبکەن. دەفرەکانیان پڕ ئاو کرد. عیسا گوتی : ئێستا بۆ سەرۆکی کۆڕی ببەن. کە بۆیان برد، ئاوەکە بووبوو بە شەراب. شەرابەکەی چەشت، زۆری بەلاوە خۆش بوو. ڕووی کردە زاوا و گوتی: هەموو کەس لە سەرەتادا شەرابی چاک پێشکەش دەکا، کە خەڵکەکە سەرخۆش بوون، ئەوسا شەرابی خراپیان بۆ دێنێ، کەچی تۆ شەرابی چاکی خۆت تا ئێستا هەڵگرتووە، تازە بە تازە پێشکەشی دەکەی.

١٣. دووبارەکردنەوەی قسەکە بۆ ئەوەیە خۆشەویستیی لە دڵی پاکبووەوەکان بورووژێنێ بۆ ئەوەی لە حەسوودی پاک ببنەوە. ئەمە لەگەڵ حەسوودەکان دەگونجێ کە تەنیا خۆیان خۆش دەوێ.

١٤. ئۆریستیس Orestes: کوڕی ئاگامەمنوون و کلیمێنترا بوو، کە دایکیان پلانی کوشتنی لە ئاگامەمنوون دانایەوە، ئیلێکترای خوشکی ڕزگاری کرد. لەگەڵ

(پیلادیس)ی کوڕی پاشای فوسیا بوون به برادەر. برادەری زۆر دڵسۆز بوون. ئۆریستیس تۆڵەی باوکی خۆی کردەوە و شێت بوو. بۆ ئەوەی چاک بێتەوە، دەبوایە پەیکەری ئەرتەمیس بدۆزێتەوە. جەماوەر ویستیان بیکوژن. پیلادیسی برادەری چوو گوتی من ئۆریستیسم بۆ ئەوەی برادەرەکەی نەجات بدا، واتە ویستی خۆی بکا بە قوربانی برادەرەکەی. ئەم فیداکارییە ئەوپەڕی پێچەوانەی حەسوودییە. کە ویستیان لە سەری بدەن، ئۆریستیس هات و خۆی ناساند، ئاخیری هەردووکیان نەجاتیان بوو. مەبەست ئەوەیە ئەم دووە ئەوەندە یەکتریان خۆش دەویست، ئامادەبوون لە پێناوی یەکتردا بکوژرێن.

١٥. دانتی بە وشەی (باوک) بانگی ڤیرجیلیۆ دەکا. ئەمە لە زۆر شوێنی تریشدا هاتووە.

١٦. ئەمە قسەیەکی عیسایە لە ئامۆژگارییە بەناوبانگەکەیدا لە سەر کێو گوتوویەتی: پێتان دەڵێم دوژمنی خۆتان خۆش بووێ، داوای نیعمەت و بەرەکەت بۆ ئەو کەسانە بکەن کە نەفرەتتان لێ دەکەن. چاکە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە خراپەتان دەرهەق دەکەن و دوعای خێر بۆ ئەو کەسانە بکەن کە جوێنتان پێ دەدەن و ئازارتان دەدەن.

١٧. واتە شوێنی ئەو پلیکانەیەی دەچێتە ئەڵقەکەی تر.

١٨. تانوپۆی لیسی سزادانی گوناهکاران لە خۆشەویستی دروستکراوە بۆ ئەوەی نەک تەنیا سزایان بدا، بەڵکو ڕێنماییان بکا.

١٩. حەسوودەکان سروودی قدیسەکان دەخوێننەوە و داوا لە ماریای شاژنی ئاسمان دەکەن بۆ ئەوەی دوعایان بۆ بکا.

٢٠. میکائیل Michele: فریشتەیەکی لە خوا نزیکە. حەسوودەکان هاواریان بۆ دەکرد و داوای یارمەتییان لێ دەکرد.

٢١. پێترۆ Pietro: پیترۆس. یەکێ بوو لە یاوەرە ناودارەکانی عیسا و کلیلداری بەهەشت بوو. حەسوودەکان هاوار دەکەنە پیترۆس. مەبەست ئەوەیە هانا بۆ ڕەحمەت و بەرەکەتی خودا دەبەن بۆ ئەوەی لە حەسوودی پاکیان بکاتەوە.

٢٢. قوماشێکی درە لە تووکی ئەسپ دروست دەکرێ. گرنێ تێدایە ئازاری پشت دەدا و کونی تێدایە سەرما ناگێڕێتەوە، ئەمە لەگەڵ حەسوودان دەگونجێ کە کەسیان خۆشناوێ.

٢٣. خۆیان بە شانی یەکترەوە گرتووە. ئەم شان دانە شانی یەکە لە بەرزەک پێچەوانەی حەسوودییە لە دونیادا. ئەمانە لە دونیادا حەزیان لە چارەی یەکتر نەدەکرد و هاوکاری یەکتریان نەدەکرد.

٢٤. له کاتێکدا که پسوولەی لێبووردەیی دەفرۆشرا و کڵێسه پارەیەکی زۆری بەسەردا دەڕژا، له ڕۆژانی جەژندا، هەژار و نەدارەکان دەچوون لەبەر دەرگای کڵێسەکان دەرۆزەیان دەکرد.

٢٥. واته دەرۆزەکەری کوێر به دیمەن و به قسه کار له خەڵک دەکا.

٢٦. حەسوودەکان به چاو شتیان دیوه و حەسوودییان پێ بردووه، بۆیه خودا له بەرزەکدا، له بینین بێبەشی کردوون.

٢٧. حەسوودەکان پێڵووی چاویان به سیم دروواوه بۆ ئەوەی شت نەبینن. ئەمه لەوەوه وەرگیراوه که له سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو بۆ کەوی و دەستەمۆکردنی باڵندەی هاروهاچ، پێڵووی چاویان به سیمێکی زۆر باریک دەدووری. ئەم ڕەوشته، ئیستایش له هەندێ ناوچەی باشووری ئەورووپادا ماوه.

٢٨. دوو شاعیرەکه بەرەو لای دەستەڕاست دەڕۆیشتن. دانتی له لای دیواری ناوەوه بوو، واته کەوتبووه لای شاخەکه و ڤێرجیلیۆ له لای لێوارەکه دەڕۆیشت که هەڵدێر بوو. ڤیرجیلیۆ به ئەنقەس خۆی دابووه لای هەڵدێر و دانتیی دابووه لای شاخەکه بۆ ئەوەی دانتی هەڵنەدێرێ.

٢٩. ئاماژەیه بۆ کوڵی گریان و فرمێسکی زۆر، چونکه سەرەڕای دروانی چاویان به سیم، فرمێسکیان بەسەر گۆنادا دەباری.

٣٠. ساپیا داسیێنا Sappia da seana. ژنێکی نەجیبزاده بوو له بنەماڵەی بیگۆتسی Bigozzi. شووی به گینیبالدۆ دی سارچینی Ghinibaldo dei Sarcini- کرد که نەجیبزادەیەکی فەرمانڕەوای (کاستیلیۆن چێللۆ Castiglion cello)ی نزیک مۆنتریجیۆنی Mohtreggioni بوو. پووری پرۆڤینتسانۆ سالڤانی بوو (بەهەشت س ١١، د ١٢١). دەڵێن له فلۆرەنسا دەریانکرد، بۆیه دڵی پڕ قین و حەسوودی بوو بەرامبەر هاونیشتمانەکانی خۆی.

کاتی گەلفه فلۆرانسییەکان له (کۆللی) بەسەر گیبیللینییەکانی سیێنادا زاڵ بوون، به ئاشکرایی، خۆشی و شادیی خۆی پێشان دا. که لەم شیعرەدا دەڵێ هەرچەنده ناویان نابووم ساپیا، بەڵام من ژیر و دانا نەبووم، ئاماژەیه بۆ ئەوه که ناوی (ساپیا) لەگەڵ وشەی (ساڤیا) که ژیری و دانایی دەگەیەنێ، زۆر له یەک نزیکن، تەنیا له یەک دەنگ جیان، واته ڕەگەزدۆزی ناتەواویان له نێودایه. دێره شیعرەکه ئەمەیه: Savia non fui,avvegnachesapiafossichiamata..

٣١. ئەوەنده حەسوود بوو، ئەوەندەی له حەسودییان، هەوەسی به زەرەرو نەهامەتی خەڵک دەهات، ئەوەنده هەوەسی به خۆشی و بەختەوەریی خۆی نەدەهات.

٣٢. واته تەمەنی سیوپێنج ساڵ زیاتر بوو.

٣٣. کۆللی دی ڤالیلسا Colle di Valelsa: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە سەر گردێک لە نزیک سیێنا، لە دۆڵی (ئیلسا)دا. لە ١٢ی حوزیرانی ١٢٦٩، لێرەدا شەڕێکی گران قەوما لە نێوان گیبیللینییەکانی سیێنا بە سەرکردایەتیی سالڤانی و پشتگیریی هێزەکانی ئەڵمانیا و ئەسپانیا، لەگەڵ گەلفەکانی فلۆرەنسا بە پشتگیریی فرەنسا. بە شکستی سیێنایییەکان کۆتایی هات.

٣٤. ساپیا دوعای دەکرد خوا سیێنایییەکان بشکێنێ. کە شکان، زۆر بە خۆشی باسی شکان و هەڵاتنی سەربازانی سیێنای دەکرد. ئەمە ئەوپەڕی حەسوودییە

٣٥. ڕیشۆڵە لە سەرما دەترسێ. ئەگەر هەوا هەر نەختێ خۆش بێ، بە شادی لە لانەکەی دێتە دەرەوە، وا دەزانێ زستان تەواوبووە. ئەفسانەیەک هەیە دەڵێ: ڕیشۆڵە بە سەرمای زستان بێدەنگ دەبێ، کە لە سێیەم مانگی زستاندا هەوا خۆش دەکا، شاد دەبێ و ڕوو دەکاتە ئاسمان و گۆرانی دەچڕێ، هەر دەڵێی دەڵێ ئاخیری خودا لە ناوی نەبردم، ئێستایش لە هەرێمی (لومباردیا)، بە ڕۆژانی سەرەتای گەرمی بەهار دەگوترێ ڕۆژانی ڕیشۆڵە، چونکە لەو ڕۆژانەدا هەوا خۆش دەبێ.

٣٦. پییر پێتتیانۆ Pier Pettiano: پیترۆسی شانەکەر. (پییترۆ داکامپی)ی خەڵکی کیانتیChianti بوو لە باکووری سیێنا. خەریکی دروستکردن و بازرگانیی شانە بوو. بە دەستپاکی و سەرڕاستی بەناوبانگ بوو. زۆر کەس بە قدیسیان دادەنا. (١٠٩) ساڵ ژیا و ساڵی ١٢٨٩ لە سیێنا کۆچی دوایی کرد. گۆڕێکی شکۆمەندیان بۆ لە سیێنا دروستکرد. بوو بە مەزار و خەڵک ڕووی تێدەکەن. ساپیا هەموو جارێ یارمەتیی دەدا.

٣٧. یانی ساپیا بە دوعای پییر پێتتیانۆ لە ئەڵقەی یەکەمی بەرزەکەوە چووە ئەڵقەی دووەم.

٣٨. ساپیا- کە کوێر بووبوو- گوێی لە هەناسەی دانتی بوو لە کاتی قسەکردندا، زانیی ئەمە زیندووە و بۆ ئەشکەنجەکێشانی پاکبوونەوە نەهاتووەتە ئێرە.

٣٩. واتە ڤێرجلیۆ.

٤٠. تۆسکاناtoscana ناوچەیەکی ناوداری ئیتالیای ناوەڕاستە.

٤١. تالامۆنی talamone: بەندەر و قەڵایەکی بچووک بوو. ساڵی (١٣٠٣) سیێنا کڕی و پارەیەکی زۆری خەرج کرد بۆ ئەوەی بیکا بە قەڵا و بەندەرێکی بەسوود لەسەر کەناری مارێما. ئەم هەوڵە سەرەتا بە هۆی بڵاوبوونەوەی مەلاریا، سەری نەگرت، بەڵام پاشان بوو بە بەندەرێکی بەسوود.

٤٢. دیانا Diana: ڕووبارێکی ژێرزەوی بوو. خەڵکی سیێنا باوەڕیان وا بوو کە شتی وا هەیە. هەوڵێکی زۆریان دا و پارەیەکی زۆریان مزاخت بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە

و شاری پێ تێراو بکەن. ڕووبارەکە بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونکە دەڵێن لە کۆنەوە پەیکەرێکی دیانا لەو گۆرەپانە هەبووە. پاش مردنی دانتی ڕووبارێک دۆزرایەوە و خەڵکی سیێنا سوودیان لێ وەرگرت. ئێستا بیرێک لە دێری سانتا ماریا دێل کارمینی هەیە لە سیێنا هەندێ تۆژەوەرە ڕایان وایە دانتی مەبەستی دیانا خۆیەتی، نەک ڕووباری دیانا، چونکە دیانا خودانبانووی کانی و سەرچاوە و ئاوە بە گشتی.

٤٣. هەندێ تۆژەرەوە زیانەکە بەوە دادەنێن کە زۆر میر و گەورەپیاوی دەریایی بە مەلاریا لەناوچوون. هەندێکی تر دەڵێن زیانەکە ئەوەیە دەریاوانەکان هیوایان نەهاتە دی بۆ دروستکردنی کەشتیگەلێکی بەهێز تا بەرگریی پێ لە وڵاتەکەیان بکەن.

***

# سرروودی چواردەم[1]

## ئەڵقەی دووەم

## حەسوودان

دانتی گوێی لێ بوو دوو ڕۆح باسیان دەکرد کە بە زیندوویی هاتووەتە بەرزەک. یەکەم گویدۆ دێل دوکا و دووەم ڕینییێری دا کالبۆلی بوو. گویدۆ لێی پرسی کێیە و بۆچی هاتووە؟ دانتی گوتی من خەڵکی کەناری ئەو ڕووبارەم کە بەناو تۆسکانادا تێدەپەڕێ (مەبەستی ڕووباری ئارنۆ بوو.) ڕینییێری پرسیی بۆچی ناوی ڕووبارەکە ناهێنی؟ گویدۆ لەباتی دانتی وەڵامی دایەوە و باسی کرد ئەو ڕووبارە شۆڕدەبێتەوە و خەڵکی هەردوو کەنارەکانی ئەوەی چاکە بێ نایکەن. گوتی ڕووبارەکە هەردوو کەناری پڕە لە بەرازی دزێو (خەڵکی کازێنتینۆ). ئینجا سەگ دێن کە لە ڕادە بەدەر دەوەڕن (خەڵکی ئەریتزۆ). ئینجا سەگەکان دەبن بە گورگ (خەڵکی فلۆرەنسا). کە زیاتر شۆڕدەبێتەوە تووشی ڕێوی فێڵباز دەبێ (خەڵکی پیزا).

گویدۆ گوتی: نەوەی ڕینییێری (فۆلچییێری) لەسەر کەناری ڕووباری هاروهاچی ئارنۆ ڕاوەگورگ دەکا. بە زیندوویی لاشەی فلۆرەنسییەکان دەفرۆشێ. خەڵتانی خوێن لەو لێرە ماتەمبارە دەردەچێ کە تا هەزار ساڵی دی درەختەکانی سەوز نابنەوە. ڕینییێری خەموخەفەت دایگرت و شڵەژا. دانتی وورووژا و تکای لێ کرد ناوی خۆیانی پێ بڵێن. گویدۆ دێل دۆکا ناوی خۆی پێ گوت و گوتی ئەوەندە لەوجڕ و دڵ پڕلەقین بووم بە من بوایە کەس بە شادی و بەختەوەری نەبینم. ناوی ڕینییێری دا کالبولیشی ئاشکرا کرد کە

مایەی شانازیی خانەوادەکەی خۆی بوو، بەڵام کەس نەبوو جێگەی بگرێتەوە. باسی ناوچەی نێوان ئالپۆ و ئەپیننین و دەریای ئەدریانی و ڕووباری ڕینۆی کرد کە پڕە لە گیاکەڵەی ژەهراوی و تازە تێپەڕیوە بتوانن بژاری بکەن و زەوییەکەی دابچێنن.

ئینجا پرسیاری کرد کوا پیاوە چاکەکانی وەکو ئارڕیگۆ ماناردی و پییر تراڤرساری و برناردینۆ دی فۆسۆ و فیدیریگۆ تینیۆزۆ.

گویدۆ داوای لە دانتی کرد لە کنی بڕوا، چونکە زیاتر حەز لە گریان دەکا تا قسەکردن.

دانتی و ڤیرجیلیۆ ڕۆیشتن. دەنگی هەندێ لەو ڕۆحانەیان بیست کە سزایان دەخوارد بۆ ئەوەی لە گوناهی حەسوودی پاکببنەوە.

ڤیرجیلیۆ سەرکۆنەی ئەو کەسانەی کرد کە تەماشای زەوی دەکەن، نەک ئاسمان، ئیتر خوا سزایەکی توندیان دەدا.



(ئەمە کێیە بەر لەوەی مەرگ ڕۆحی ئازاد بکا[2]
بە دەوری چیاکەماندا دەسووڕێتەوە و
بە کەیفی خۆی، چاوی دەکاتەوە و دایدەخا؟) (٣)
(نازانم! بەڵام دەزانم بە تەنیا نەهاتووە.
لێی بپرسە، تۆ لێی نزیکتری.
باش بەخێری بێنە تا قسەمان بۆ بکا.) (٦)
بەم جۆرە، دوو ڕۆح[3]، لە لای ڕاستەوە،
لار بووبوونەوە سەر یەک و قسەیان دەرهەق من دەکرد.
سەریان هەڵبڕی، تا قسەم لەگەڵ بکەن! (٩)
یەکێکیان[4] گوتی: (ئەی ڕۆحێ کە هێشتا لە جەستەی خۆتدای و[5]
خۆت بۆ ئاسمان هەڵدەکوتی،
بە کەرەمی خۆت، دڵمان خۆش بکە و پێمان بڵێ (١٢)
لە کوێوە هاتووی و خۆت کێی؟
بەو کەرەمەی لەگەڵت کراوە[6]، سەرسامت کردووین،
شتێکە و پێشتر شتی وا ڕووی نەداوە!) (١٥)
گوتم: (ڕووبارێک[7] بەناو (تۆسکانا)دا دەڕوا
لە (فالتیرۆنا)[8] هەڵدەقوڵێ و
بە سەد میل ئۆخەی داناکەوێ. (١٨)
ئەم جەستەیەم لەسەر ئەو ڕووبارەوە هێناوە،
بێهوودەیە ناوی خۆتان پێ بڵێم،
چونکە زایەڵەی ئەوەندە بەرز نییە!) (٢١)
ئەوەی یەکەم جار قسەی کرد، گوتی:
(ئەگەر لە کرۆکی قسەکەت گەیشتم،
تۆ باسی ڕووباری (ئارنۆ)[9] دەکەی!) (٢٤)
ئەوەی تر[10] گوتی: (ئەمە بۆچی لە قسەکەیدا،
ناوی ڕووبارەکەی نەهێنا،
وەک یەکێ باسی شتێکی ترسناک بکا؟) (٢٧)
ئەو ڕۆحەی پرسیارەکەی لێ کرابوو[11]، وەڵامی دایەوە:

(نازانم، بەڵام زۆر بەجێیە
ناوی ئەم جۆرە دۆڵە لەناو بچێ! (٣٠)
چونکە لە سەرچاوەوە، کە ترۆپکێکی زۆر بەرزی[١٢] چیای
(ئەلب)ە و شاخی (پیلۆرۆ)ی[١٣] لێ دادەپسێ و
کەم ترۆپکی لەو بەرزتری هەیە، (٣٣)
ئەو ڕووبارە تا ڕێژگاوەکەی، کە دەڕوا،
چی ئاوی ئاسمان لە دەریای هەڵمژیوە[١٤]
دەیداتەوە ڕووبارەکان و ئەوانیش
دەیدەنەوە ئەو! (٣٦)
خەڵکی کەنارەکانی وەک دوژمن، وەک مار، ڕاوی چاکە دەنێن،
بە هۆی شوومی و بەدیوومیی شوێنەکەوە،[١٥]
یان لە سۆنگەی چرووکی و بەدڕەوشتییەوە! (٣٩)
خەڵکی ئەم دۆڵە دزێوە،
سروشتیان کەوتووەتە سەر بارێکی دی.
دەڵێی (چیرچی)[١٦] بردوونی بۆ لەوەڕ. (٤٢)
یەکەم جار ڕێڕەوی باریکی دەگاتە
ناو ئەو بەرازە پیس و دزێوانە[١٧]
کە خۆراکیان زیاتر (بەڕوو)ە، تا خواردنی ئاسایی مرۆڤ! (٤٥)
لەوێ دەڕوا، دەگاتە ئەو گوجیلە سەگانەی[١٨]
حەپەیان لە تاقەتی خۆیان زیاترە.
بە قینزەوە لمووزیان لێ وەردەگێڕێ! (٤٨)
ئەم ڕووبارە کڵۆڵ و نەفرەتییە
قەڵبەز قەڵبەز دادەکشێ و گەورە دەبێ
تووشی ئەو سەگانە دەبێ کە دەبن بە گورگ [١٩](٥١)
ئەوسا بە شیوی قووڵدا دەچێتە خوارێ.
تووشی ڕێویی فێڵباز[٢٠] دەبێ و
ناترسێ ببێ بە نێچیری ترس و تەفرە! (٥٤)
هەموو شتێ دەڵێم، چونکە ئەوەی تر گوێی لێمە

بۆ خۆی وا چاکە، یادی ئەوە بکاتەوە[21]
کە ڕۆحی ڕاستەقینە ئیلهامی بۆ دەکا. (٥٧)
برازات دەبینم، بووەتە ڕاوکەری
ئەو گورگانەی[22] لەسەر ڕووباری هاروهاچ[23]
ترس دەخەنە دڵی هەموانەوە. (٦٠)
بە زیندوویی گۆشتیان دەفرۆشێ.[24]
ئینجا وەک جانەوەرێکی کەترە، بە مەرگیان دەسپێرێ.
ئەوان لە ژیان و خۆی لە سەربەرزی، بێبەش دەکا.[25] (٦٣)
خەڵتانی خوێن، لەناو جەنگەڵی تاریک دێتە دەرێ.
بە جۆرێ جێی دێڵێ، لە نووکەوە تا هەزارساڵی تر
درەختەکانی وەک جاران سەوز نابنەوە.[26] (٦٦)
چۆن، کە خەبەرێکی دڵتەزێن دێ،
ئەوەی بیبیسێ، ڕەنگی دەبزڕکێ،
جا مەترسییەکە لە هەر لایەکەوە پەلامار بدا. (٦٩)
ڕۆحەکەم[27] بینی، ئاوڕی دابووەوە و گوێی گرتبوو
دیم، کە ئەم قسانەی بیست،
شڵەژا و پەشۆکا و بزڕکا. (٧٢)
قسە و دیداریان جیایە.
حەزدەکەم ناویان بزانم. بزانم کێن.
بە پاڕانەوە پرسیارم لێکردن. (٧٥)
ئەو ڕۆحەی یەکەم جار قسەی کرد[28]، دووبارە هەڵیدایێ:
(یانی دەتەوێ من بێمە ئەو ئاستە،
ئەوەت بۆ بکەم کە تۆ ناتەوێ بۆ منی بکەی! (٧٨)
مادەم خودا ئەو قاس پەرتووی
لوتفی خۆی بەسەردا ڕشتووی، من ڕەزیلیت لەگەڵ ناکەم!
بزانە، من (گویدۆ دێل دوکا)م. (٨١)
خوێنم ئەوەندە بە گڕی بەخیلی لە جۆشدا بوو،
ئەگەر یەکێکم بدیبایە شاد و بەکەیف و بێخەمە

شین و مۆر [29] هەڵدەگەڕام. (٨٤)
ئەوەتا ئەوەی چاندوومە پووشی لێ دەدوورمەوە.
ئەی بنیادەم، بۆچی خۆت دڵ بە شتێ دەبەستی
ناتەوێ ئەو شتە بۆ خەڵکی تریش بێ. [30] (٨٧)
ئەمە (ڕینێر)ی شانازیی بنەماڵەی (کالبۆلی)یە،
مایەی سەرفرازی و پڕشنگی خانەوادەکەیانە٣٠،
بەڵام کەسیان نەبووەتە میراتگری شایستەی. (٩٠)
زاروزێچ و نەوەکانی [31]
لە نێوان (پۆ) و[32] چیا، لە نێوان کەناری دەریا و[33] (ڕینۆ)[34]دا،
بەدوای خێروخۆشیدا دەگەڕێن! (٩٣)
ئەو ناوچەیە[35] لە ڕووەکی ژەهراویدا[36] خنکاوە.
تازە ڕۆیشت، جارێکی تر
بتوانی بیکێڵی و دووبارە دایبچێنی! (٩٦)
کوا (لیتزیۆ)ی[37] مێرخاس و (ئارڕیگۆ ماینارد)ی؟[38]
کوا (پییێر تراڤێرسارۆ)[39] و (گویدۆ دا کارپینیا)؟[40]
هەموو ڕۆڵەکانی ڕۆما بوون بە زۆڵ! (٩٩)
کەی جارێکی تر (فابرۆ)یەک[41] لە (بۆلۆنیا) لە دایک دەبێ و
(برناردین دی فۆسکۆ)یەک[42] لە (فلۆرەنسا)؟
وەک چووزەرەیەکی بەرز لە تووێکی بچووک سەرهەڵدەدا! (١٠٢)
ئەی (تۆسکانی)، سەرت سوڕنەمێنێ
ئەگەر لە یادی (گویدۆ داپراتا)[43] و (ئوگۆلین داتسۆ)دا [44] بگریم
کە لەگەڵ ئێمەدا دەژیان. (١٠٥)
هەر واش کە (فیدیریگۆ تینیۆزۆ) و[45] هاوڕێکانی و
ماڵباتی (تاڤێر سارا) و[46] خانەوادەی (ئاناستاجی)م[47] بیر دەکەوێتەوە،
ئەمڕۆ هەردوو بنەماڵە وجاخکوێرن.[48] (١٠٨)
یادی ئەو خانم و شۆڕەسوارانە،
ئەو خۆشی و نیگەرانییانە دەکەمەوە
کە لەوێ دڵڕەق بوون و ئێرە ناسکی و جوامێرییان پێ دەبەخشی. (١١١)

ئەی (بریتینۆرۆ)[٤٩]، تۆ بۆ ڕاناکەی
کە خانەوادەکەت[٥٠] و زۆر کەسی دی ڕایانکردووە
تا نەبن بە گەندەڵ و تاوانبار. (١١٤)
(بانیا کاڤال)[٥١] چاک دەکا چیدی منداڵ ناهێنێتە دونیا
(کاسترۆ کارۆ)[٥٢] خراپ دەکا و لەو خراپتر (کۆنیۆ)یە[٥٣]
کە خۆیان بە هێنانە دنیای ئەم جۆرە کۆنتانە سەخڵەت دەکەن! (١١٧)
خۆشی لە پاگانەکان![٥٤]
کە شەیتان جێیان دێڵێ، بەڵام تازە ڕۆیشت
یادێکی پاکیان لێ جێبمێنێ! (١٢٠)
ئەی (ئوگۆلین دی فانتۆلین)[٥٥]
ناوت سەلامەتە، چونکە چاوەڕێی کەس ناکەی
بە خراپەی خۆی ناوت ڕەش بکا. (١٢٣)
ئێستا بڕۆ، ئەی (تۆسکانی)،
دڵم ئەوەندە بە گفتوگۆکەمان گوشراوە،
پێم خۆشە بگریم، نەک بدوێم.) (١٢٦)
دەمانزانی ئەم ڕۆحە چاکانە
گوێیان لە دەنگی پێمانە کە دەڕۆین،
دڵنیایان کردین کە ڕێگەکە ئەمینە! (١٢٩)
کە نەختێ چووینە پێش، خۆمان تەنیا بینی
دەنگێ، وەک چەخماخەیەک هەوا شەق بکا،[٥٦]
لە بەردەممان دەنگی دایەوە، گوتی:[٥٧] (١٣٢)
هەر کەسێ بمبینێ، دەمکوژێ،
ئینجا کشایەوە و وەک برووسکەیەک ڕایکرد
کە دوای شەقکردنی هەور، لەپڕ بزردەبێ! (١٣٥)
کە گوێمان نەختێ لەو گرمەیە حەسایەوە،
گرمەی تەقینەوەیەکی گەورەتر هات،
دەتگوت هەورەتریشقەیەکی ترە دەگرمێنێ: (١٣٨)
(من (ئاگلاورۆ)م[٥٨]، کە بووم بە بەرد.)

ئەوسا لەباتی چوونە پێش، چوومە لای ڕاستە و
خۆم بە شاعیرەکەوە نووساند. (١٤١)
دونیا لە هەموو لایەکەوە کپبووەوە. پێی گوتم:
(ئەم دەنگانە قەڕاسەی توندن
خەڵک لە سنووری خۆیان ڕادەگرن! (١٤٤)
بەڵام ئێوە قەپ لە چەش[٥٩] دەگرن،
قولابی دوژمنی دێرین[٦٠] ڕاتاندەکێشێ
نە جڵەو دادتان دەدا و نە هاوار![٦١] (١٤٧)
ئاسمان بە دەورەتاندا دەخولێتەوە و
بە دەرخستنی جوانیی جاویدانی خۆی بانگتان دەکا.
لێ ئێوە چاوتان تەنیا بڕیوەتە زەوی، (١٥١)
بۆیە ئەوەی هەموو شتێ دەبینێ،[٦٢] ئەشکەنجەتان دەدا. (١٥٢)

***

## پەراوێزەکانی سروودی چواردەم

١. ئەمە سروودی دووەمی تایبەت بە حەسوودانە، پێی دەگوترێ سروودی (گویدۆ دێل دۆکا) و (ڕینییری دا کالبۆلی).

٢. یانی مردن، ڕۆح لە بەندی جەستە ئازاد دەکا و ڕۆحەکە دەفڕێ بۆ ئەودونیا.

٣. مەبەست ئەو دوو ڕۆحەیە کە باسی دانتییان دەکرد و هەوڵیان دەدا ئەو مرۆڤە زیندووە بناسن کە نەختی پێش ئەوسا گوێیان لێ بوو لەگەڵ ساپیادا دەدوا و بە دەورەی کێوی بەرزەکدا دەسووڕایەوە. دوو ڕۆحەکە، یەکێکیان ڕۆحی گویدۆ دێل دۆکا دی بریتینۆرۆ بوو. خەڵکی ڕۆمانیا و سەر بە بنەماڵەی ئۆنەستی بوو لە ڕاڤنا. لەو گیبیللینییانە بوو کە ساڵی ١٢١٨ گەلفەکانیان لە ڕاڤێنا دەرپەڕاند، بەڵام گەلفەکان گەڕانەوە و گیبیللینییەکانیان دەرکرد. لە ساڵی ١٢٢٩ بە دواوە، گویدۆ هیچ دەنگوباسی لە ڕاڤێنادا نەما.

دووەمیان ڕۆحی ڕینیێری دی کالبۆلی بوو. یەکێ بوو لە گەلفەکانی فۆرلی. شۆڕەسوارێکی بەناوبانگ بوو. سەرۆکی شاری فاینتسا و پارماو ڕاڤینا بوو. ساڵی ١٢٧٦ گەلفەکان پەلاماری شاری فۆرلییان دا، بەڵام شکان و ڕینیێری خۆی بە دەست گویدۆ دا مونتیفیلترۆ دا، ئەویش لێی خۆش بوو. ڕێنیێری قەڵای کالبولیتۆی سووتاند. قەڵای کالبۆلیتۆی دەکەوێتە ناوچەی کالبۆل کە ناوچەیەکی بچووکە لە دۆڵی ڕووباری مولتۆنی کە لە دەریای ئەدریاتیک دەکاتەوە. بنەماڵەی کالبۆلی ناوەکەیان لەم قەڵا و لەم ناوچەیەوە هاتووە. لەگەڵ گەلفەکان چووە شەڕی میرەکانی ڕۆما لە فلۆرلی و بە سەریاندا زاڵ بوو، بەڵام گەلفەکان شکان و پاشان سەرکەوتن و ئاخیری ساڵی ١٢٩٦ شکان و ڕینییری لەو شەڕەدا کوژرا.

دانتی ئەم دوو پیاوەی بە یەکەوە کۆکردووەتەوە. ئەوانە لە دونیادا، لە دوو شوێنی جیاواز دەژیان و سەر بە دوو پارتی سیاسیی دوژمن بوون، بۆیە وای کردووە تا پێشانی بدا ئەمانە لە بەرزەکدا حەسوودی و دوژمنداریيان نەماوە و پاکبوونەتەوە.

٤. ئەمە گویدۆ دێل دۆکایە.

٥. واتە هێشتا زیندووی.

٦. گویدۆ زانیی ئەمە زیندووە، خودا ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیوە بە زیندوویی هاتووەتە بەرزەک.

٧. مەبەستی ڕووباری (ئارنۆ)یە کە بەناو تۆسکانادا دەڕوا.

٨. فالتیرۆنا Falterona: یەکێکە لە قوللە هەرە بەرزەکانی چیای ئاپیننینۆ، دەکەوێتە نێوان تۆسکانا و ڕۆمانیا. ڕووباری ئارنۆی لێ هەڵدەقوڵێ.

٩. ڕووباری ئارنۆ، بەڵام مەبەست فلۆرەنسایە.

١٠. یانی گویدۆ دێل دۆکا.

١١. واتە ڕینییری دا کالبۆلی.

١٢. چیای بەرز: مەبەست چیای ئالپە و چیای ئالپیش ئاماژەیە بۆ زنجیرەچیای ئاپیننینۆ کە بە درێژایی نیمچەدوورگەی ئیتالیادا درێژ دەبێتەوە و دەگاتە سەر کەناری دەریا. لە کۆنەوە بڕوا وا بوو چیای سەرەکیی ناو دوورگەی سەقلیە (کە کاتی خۆی لە ئیتالیا بوو و پاشان ئاوی دەریا جیایکردەوە) درێژەی ئەم زنجیرە چیایەیە.

١٣. پیلۆرۆ peloro بە لاتینی (پیلۆرۆس) لمووزە شاخێکە لە دوورگەی سەقلیە لە سەردەمی چاخی جیولوجی سێیەم بە ئیتالیاوە لکابوو. بەرامبەر ناوچەی کالابۆرۆ Calaloro. پێی دەگوترێ سەری فەنەر

١٤. واتە خۆر ئاوی دەریا دەکا بە هەڵم، یانی ئەو هەڵمەی خۆر لە دەریای بەرز دەکاتەوە، دەبێ بە باران و بارانەکە ڕووبارەکان پڕ ئاو دەکا و ڕووبارەکان ئاوەکە دەبەنەوە ناو دەریا. ئەمە ئاماژەیە بۆ سووڕی ئاو لە سروشتدا.

١٥. یانی لە سەرچاوەی (ئارنۆ)وە تا ڕێژگاوەکەی، هەموو ناوچە و شارەکانی ئەو دەوروبەرە پڕن لە مرۆڤی گەندەڵ و ناپاک. لەوانەیە شوومی و بەدیوومیی شوێنەکە بێ وا بکا خەڵکەکە بە کاریگەریی ئەستێرەکانەوە گوناه بکەن، لەوانەیشە ڕەوشتی خراپ بێ وا لە خەڵکەکە بکا گوناه بکەن، بۆیە (چاکە) وەکو و دوژمن لەبەریان ڕادەکا، واتە لە سەرچاوەی ئارنۆوە تا ڕێژگاوەکەی، کەس حەز لە چاکە ناکا.

١٦. چیرچی –Circe: ژنێکی جوانی جادووکەر بوو. ئۆدیسە و هاوڕێکانی کاتێ لە تەروادە دەگەڕانەوە، گەیشتنە دوورگەی ئەو ژنە جادووکەرە، ئەویش هەمووی کردن بە چوارپا، تەنیا ئۆدیسەی هێشتەوە بۆ ئەوەی عشقبازیی لەگەڵدا بکا. دانتێ کە دەڵێ: دەڵێی چیرچی بردوونی بۆ لەوەڕ، مەبەستی ئەوەیە خەڵکی ئارنۆ بوونەتە چوارپێ و خووی چوارپێیانیان گرتووە.

١٧. بەرازی دزێو و چرووک ئاماژەیە بۆ خەڵکی کازێنتینۆ Casentio کە ناوچەیەکی خۆشە و دەکەوێتە دۆڵی ڕووباری ئارنۆ، لە نێوان بورچانۆ و ڕومینا، زیاتریش ئاماژەیە بۆ بنەماڵەی گویدی دا ڕۆمینا GuidiDa Romena کە گەورەی

شار و خاوەنی قەڵای ناوداری پۆچیانۆ (Pociano) بوون. ناوی قەڵاکە و وشەی بەراز (Porci)، لە زمانی ئیتاڵیدا، لە یەک ڕیشەوە هاتوون.

١٨. گوجیلە سەگی عەوعەوکەرە. وشەکە لە زمانی ئیتالیدا، بەو سەگە دەگوترێ کە حەپەحەپێکی زۆر دەکا، بەڵام بە کردەوە هیچ ناکا، واتە دەخوڕێ، بەڵام نابڕێ. لێرەدا مەبەستی دانتی خەڵکی (ئارتسۆ)یە کە لە کێشەی سیاسیدا زۆر دەخوڕن، بەڵام هیچیان پێ ناکرێ. هەر قسەیان هەیە. دانتی دەڵێ ئەمانە کەس بە هیچیان نازانێ، تەنانەت (ئارنۆ)یش، کە بەناو ئەو سەگانەدا دەڕوا، لمووزیان لێ وەردەگێڕێ و بەرەو باکووری ڕۆژئاوا وەردەسووڕێ. واتە لەناکاو وەکو سووکایەتی پێکردنێک ڕاڕەوی خۆی دەگۆڕێ.

١٩. واتە خەڵکەکە تا دێ خراپتر دەبن، ئەوانەی تر وەکو سەگ بوون، ئەمانە وەکو گورگن، مەبەستی خەڵکی فلۆرەنسایە. گورگ لە کۆمیدیادا ڕەمزی تەماع و چڵێسییە. ئەمە ئاماژەیە بۆ جەنگی بەردەوامی نێوان فلۆرەنسا و شارەکانی دەوروبەری کە بەزۆری بە هۆی تەماعی فلۆرەنساوە هەڵدەگیرسان.

٢٠. ڕێوی: ئاماژەیە بۆ خەڵکی شاری پیزا.

٢١. ئاماژەیە بۆ فۆلچیێری دا کالبۆلی Folcieri Da calboli: دادوەری میلانۆ و پارماو مۆدینا بوو، پاشان ساڵی ١٣٠٤ بوو بە دادوەری فلۆرەنسا و زۆر حوکمی سیاسیی بۆ بەرژەوەندیی (ڕەشەکان)، لە دژی گەلفە سپییەکان و گیبیللینییەکان دەرکرد.

٢٢. مەبەست لە گورگەکان، خەڵکی فلۆرەنسایە.

٢٣. بە هاروهاج وەسفی ڕووباری ئارنۆ دەکا، چونکە زۆر تاوانی لەسەر کەنارەکان کراوە.

٢٤. واتە بەرامبەر بە چەردەیەک پارە خیانەتی لە گەلفە سپییەکان کرد و ڕادەستی دوژمنەکانی کردن.

٢٥. مەبەستی لە جەنگەڵی تاریک و غەمبار فلۆرەنسایە.

٢٦. واتە فلۆرەنسا بە جۆرێ تێکچووە، بە هەزار ساڵ وەکو خۆی لێ نایەتەوە.

٢٧. مەبەستی ڕینیێری دا کالبۆیە.

٢٨. مەبەست گویدۆ دێل دۆکایە.

٢٩. ڕەنگی شین، ڕەمزی ڕژدی و حەسوودییە.

٣٠. بۆچی دڵ بە شتێ دەبەستن کە ناکرێ تێیدا بەشدار بن؟ مەبەست ماڵی دونیایە کە ناکرێ هەموو کەس تێیدا بەشدار بێ، واتە دڵ بە دونیا و ماڵی دونیا

مەبەستن. وا چاکە مرۆڤ بە دوای چاکەی ڕۆحیدا بگەڕێ کە هەمووک کەس تێیدا بەشدارە. ئەمە نیشانەی تۆبەکردن و پاکبوونەوەی ئەو ڕۆحەیە لە حەسوودی.

٣١. خوێن: مەبەست منداڵ و نەوە و تۆرەمەیە.

٣٢. پۆ- Po: ڕووبارێکی بەناوبانگە لە باکووری ئیتالیا.

٣٣. مەبەست لە (دەریا)، دەریای ئەدریاتیکە.

٣٤. ڕینۆ- Reno: ڕووبارێکی بچووکە بە نزیک بولونیادا تێدەپەڕێ و لە ڕووباری پۆ دەکاتەوە.

٣٥. ئاماژەیە بۆ هەرێمی ڕۆمانیا- Romagna کە دەکەوێتە ئەو ناوچەیەی دیاری کردووە.

٣٦. گیای ژەهراوی: مەبەست خەڵکی ڕۆمانیایە.

٣٧. لیتسیۆ دا ڤالبۆنا- Lizio da valbona: نەجیبزادەیەکی ڕۆمانیا بوو. یەکێ بوو لە لایەنگرەکانی ڕینیێری دا کالبۆلی. هەرچەندە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی گەلفەکان، دوای شەڕی مۆنتاپرتی، خۆی دایە پاڵ گیبیللینییەکانی فلۆرەنسا و ساڵی ١٢٧٦ چووە پاڵ ڕینیێری بۆ هێرش کردنە سەر فۆرلی. دوای ساڵی ١٢٧٩ کۆچی دوایی کرد.

٣٨. ئارڕیگۆ مانیاردی Arrigo maniardi: هاونیشتمانێکی (بریتینۆرۆ)ی نزیک فۆرلی بوو. یەکێ بوو لە نەجیبزادە گەورەکانی ڕۆمانیا. دۆستێکی نزیکی گوێدۆ دێل دۆکا بوو. زەماوەندی لەگەڵ کاتارینای کچی لیتسیۆ کرد. یەکێ لە چیرۆکەکانی دی کامیرۆن (ڕۆژی پێنچەم، چیرۆکی چوارەم) بۆ ئەمە تەرخانکراوە.

٣٩. پییێر تراڤێرسارۆ Pier Traversaro. لە بنەماڵەیەکی گیبیللینییەکان بوو لە ڕاڤێنا. یەکێ بوو لە لایەنگرانی فریدریکی دووەم. لە ماوەی١٢١٨– دا،١٢٢٥ سەرۆکی شاری ڕاڤێنا بوو. ساڵی ١٢٢٥ کۆچی دوایی کرد. دوای خۆی، پاولۆی کوڕی بوو بە گەلفی و بنەماڵەکەیان تێکشکا و لە ڕاڤێنا دەرکران. بنەماڵەی پۆلینتا جێگەی گرتنەوە. ئەم بنەماڵەیە باوەشیان بۆ دانتی کردەوە لە ئاخروئۆخری ژیانیدا و خزمەتێکی زۆریان کرد.

٤٠. گوێدۆ دا کارینیا Guildo da Carigna: جوامێری لقێکی بنەماڵەی مۆنتیفیلترۆ بوو. لەگەڵ گەلفەکاندا بوو. ساڵی ١٢٥١ بوو بە سەرۆکی شاری ڕاڤێنا. دژی فریدریکی دووەم جەنگا. ساڵی ١٢٨٨ کۆچی دوایی کرد.

٤١. فابرۆ دی لامبێرتاتسی Fabbro dei lambertazzi. یەکێ بوو لە نەجیبزادەکانی بنەماڵەی لامبێرتاتسی. لە گیبللینییەکانی بۆلۆنیا بوو. سەرۆکی شاری فاینتسا و پستۆیا و ڤیتربۆ و پیزا بوو. ساڵی ١٢١٧ سەرکردەی

خاچپەوەرەکانی بۆلۆنیا بوو لە دمیات. لەگەڵ مۆدینا و ڕاڤینا جەنگا و ساڵی ۱۲۵۹ کۆچی دوایی کرد و دوای ئەو بنەماڵەکەیان هەڵوەشایەوە.

٤٢. بێرناردینۆ دی فۆسکۆ: Bernardino di Fosco. لە بنەماڵەیەکی ئاسایی و مامناوەندی بوو، بەڵام بە هۆی چاکیی خۆی و بەرگریکردنی مەردانەی لە شاری خۆی، دژی فریدریکی دووەم بوو، ساڵی ۱۲٤۰ بوو بە دیارترین پیاوی شاری فاینتسا. ساڵی ۱۲٤۸ بوو بە سەرۆکی شاری پیزا.

٤٣. گویدۆ دا پراتا Guido da Prata: یەکێ بوو لە پیاوە گەورەکانی شاری پراتا کە دەکەوێتە نێوان فورلی و فانتساو ڕاڤینا، لە هەرێمی ڕۆمانیا. گوێدۆ لە شاری ڕاڤینا دەژیا، چونکە زەویوزارێکی زۆری لەو شارە هەبوو.

٤٤. ئوگۆلینۆ داتسۆ دیلی ئوبالدینی ugolino d,azzo degli ubaldini: لە گرەگرەکانی فلۆرەنسا بوو. بە نەژاد خەڵکی فاینتسا بوو. زەویوزارێکی زۆری لە فاینتسا هەبوو. ساڵی ۱۲۹۳ کۆچی دوایی کرد.

٤٥. فیدیریگۆ تینیۆزی- FederigoTignose: نەجیبزادەیەکی خەڵکی ڕیمینی بوو. قژێکی سیسی زۆر جوانی هەبوو، بۆیە بە گاڵتە پێیان دەگوت تینیۆزۆ، واتە ڕەنگ کراو، یان ڕەنگین.

٤٦. مەبەست بنەماڵەی (تراڤێرسارۆ)یە.

٤٧. ئاناستاجی - Anastage: بنەماڵەیەکی گیبیللینی بوون لە ڕاڤینا. ساڵی ۱۲٤۹ بەشداریی دەرپەڕاندنی گەلفەکانیان کرد لە ڕاڤینا. پاشان خۆیان لەوێ دەرکران، دواتر لەگەڵ دوژمنەکانیان ئاشتبوونەوە و گەڕانەوە ڕاڤینا، بەڵام ساڵی ۱۳۰۰ بنەماڵەکە شیرازەی پچڕا و نەمان.

٤٨. هەم ئەم و هەم ئەوەوجاخکوێر بوون: یانی منداڵی نێرینەیان لە پاش بەجێ نەماوە، یانی هیچ تەقوا و خواپەرستییان لەناودا نییە.

٤٩. برێتتینارۆ- Brettinaro: شارۆچکەیەکە لە نێوان فورلی و چیزنا.

٥٠. ڕەنگە مەبەستی بنەماڵەی (مانیاردی)، یان بنەماڵەی کاڤالکانتی بێ کە ڕۆیشتن و هیچ میراتگریان لە پاش بەجێ نەما و موڵکوماڵیان بۆ بنەماڵەی گویدۆ مایەوە.

٥١. بانیاکاڤاللۆ-Bagnacavallo: شارۆچکەیەکە لە نزیک ڕاڤینا. بنەماڵەی (مالڤی چینی) ئەم شارە هیچ منداڵی نێرینەیان لە پاش بەجێ نەما.

٥٢. کاسترۆکارۆ-Castrocaro: قەڵایەک بوو لە دۆڵی ڕووباری مۆنتۆنی و مۆڵکی بنەماڵەی ئۆردیلای بوو لە فۆرلی.

٥٣. کۆنیۆ-Conio: قەڵایەک بوو لە نزیک ئیمۆلا. هی بنەماڵەی دا باربیانۆی گەلفی بوو. ئەم دوو قەڵایە لە ناوچەی ڕۆمانیا بوون. خاوەنەکانیان بە پێچەوانەی بنەماڵەی (مالڤی چینی) منداڵیان زۆر بوو.

٥٤. مەبەست مانیاردۆ پاگانۆیە Maniardo pagano: نەجیبزادەیەکی ناسراوی شاری فاینتسا بوو. بەردەوام ئەم پارت و ئەو پارتی دەکرد. توندوتیژ و زۆردار بوو. (دوزەخ، س٢٧، د٥٠).

٥٥. ئوگۆلینۆ دا فانتۆلینی-ugolino da Fantolini : شۆڕەسوارێکی دلێر و نادارى تۆسکانا بوو. دوو کوڕی هەبوو، هەردووکیان بە گەنجی جوانەمەرگ بوون. ساڵی ١٣٠٠ هیچ منداڵی نەمابوو، بۆیە دڵنیایە کەس نییە بە خراپەکردن ناوی بزڕێنێ.

٥٦. لە ئەڵقەکانی بەرزەکدا، هەمیشە نموونەی بوردن و نموونەی سزادان، شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. لە سەرەتای ئەم ئەڵقەیەدا، دەنگی لێبووردن لە هەوادا دەنگدەداتەوە، کەچی لێرە دەنگێکی تر دەزرنگێتەوە، ڕەمزی سزایە.

٥٧. ئەمە قسەی قابیلە، ئەو ڕۆحەی لە بەرزەک دەیکا. ئەمە نموونەی سزادانی حەسوودانە. لە پەیمانی کۆندا هاتووە: قائین واتە: قابیل بە خودای گوت سزام لە تاقەتی خۆم زیاترە. ئەوەتا تۆ ئەمڕۆ لەسەر زەویی خۆت دەرتکردووم، لە ڕووی تۆدا بزر بووم، لە دونیادا پەرێشان و ئاوارە دەبم، هەر کەسێ بمبینێ، دەمکوژێ.

٥٨. ئاگلاورۆس-Aglauros: لە ئەفسانەی یۆنانیدا: کچێکی (سایکرۆپس)ی پاشای ئەسینا بوو. حەسوودی بە ئێرە (بە یۆنانی: هێرسی)ی خوشکی برد کە گراوی عەتاردی خودانی گەشت و تەتەری خودانەکان بوو و لێنەگەڕا ئەم دوو دڵدارە بە یەک بگەن. زیوس، بە هۆی ئەم تاوانی حەسوودییەوە، کردی بە بەرد. ئەمە نموونەیەکی ترە لە سزای حەسوودان.

٥٩. چەش: ئەو خواردنەیە ماسیگران لە نووکی قوڵابی دەبەستن بۆ ئەوەی ماسی بە نیازی خواردن قەپی لێ بدا و قوڵابەکە لە دەمی گیربێت. مەبەست لەو (چەشە)، ئەو شتانەیە کە شەیتان بۆ تەفرەدانی خەڵک بەکاری دێنێ.

٦٠. دوژمنی دێرین: مەبەست لوچیفیرۆ- شەیتان-ە کە بنیادەم تەفرەدەدا و تووشی حەسادەتی دەکا.

٦١. واتە نە ئاگادارکردنەوە کارتان تێدەکا و نە هاندان. لە هەردوو باردا، لە گوناهی خۆتان بەردەوام دەبن.

٦٢. مەبەست خودایە کە هەموو شتێکی ئاشکرا و نهێنی دەزانێ.

***

# سروودی پازدەم[1]

## ئەڵقەی دووەم حەسوودان
## ئەڵقەی سێیەم توورەکان


سەعات سێی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی نیسانی ١٣٠٠ بوو کە شاعیرەکان ڕوو لە تیشکی خۆر و بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن. دانتی هەستی کرد تیشکێکی بەهێزی بە ناوچەوان دەکەوێ، دەستی لەسەر برۆی دایە بەرچاوی بۆ ئەوەی تیشکەکە لە چاوی نەدا. ڤیرجیلیۆ پێی گوت ئەمە فریشتەیەکی قاسیدی ئاسمانە و هاتووە بانگیان دەکا بچنە سەرەوە.

فریشتەکە بەخێرهاتنی کردن. دانتی گوێی لە خوێندنەوەی هەندێ پارچەی کتێبی پیرۆز بوو. دانتی پرسیاری لەبارەی قسەکانی گویدۆ دیل کارۆی سروودی پێشوو کرد کە لای ڕوون نەبوو. ڤیرجیلیۆ گوتی: خۆشەویستیی ماڵ و سامانی دونیا حەسادەت دروست دەکا، ئەمەیش کاری خێر و چاکە کەمدەکاتەوە. بە پێچەوانەی بایەخدان بە کاروباری ئاسمان کە خێروبەرەکەتی بۆ هەموو عالەم تێدایە. ڤیرجیلیۆ بە دانتیی گوت ئەوەی لای ڕوون نییە، پاشان بیاتریچی بۆی ڕوون دەکاتەوە.

شاعیرەکان گەیشتنە ڕەوەزی سێیەم. دانتی کەوتە حاڵەتی نەشە و مەستی. سێ خەونی بینی: ماریای بینی بەدوای مەسیحدا دەگەڕا کە لە پەرستگە دواکەوتبوو. ژنی پسیسترانۆی ستەمکاری ئەسینای بینی داوای لە مێردی دەکرد

تۆڵە لەو گەنجە بکاتەوە کە بە ئاشکرا باوەشی بە کچەکەیاندا کرد و ماچی کرد، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو ئەوە سزا بدا کە کچەکەی ماچ کردبوو، هەروەها دانتی جوولەکەکانی بینی پیر ستیفانۆیان بەردەباران دەکرد، ئەویش تەماشای ئاسمانی دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە لە بکوژەکانی خۆش ببێ، چونکە نەزانن.

دانتی هاتەوە هۆش خۆی. ڤیرجیلیۆ لێی پرسی چییەتی وەکو یەکێکی خەواڵوو یان سەرخۆش دەڕوا و لەتر دەبا. شاعیرەکان ڕۆیشتن و دانتی چرەدووکەڵێکی ڕەشی بینی بەری چاوی گرتبوو.



وەکو چۆن لە پاش سەعات سێ تا ڕۆژهەلات،[2]
گومەزی ئاسمان دەردەکەوێ و
هەمیشە وەک زارۆ وازی دەکا. (٣)
ئاوهایش ئەو ماوەیە دیاربوو
کە دەبێ خۆر ببڕێ تا دەگاتە ئێوارە.
لێرە نیوەشەو و لەوێ ئێوارە بوو[3]. (٦)
تیشکی خۆر لە زینی کەپووی دەداین.[4]
ئەوەندە بە دەوری چیادا سووڕابووینەوە
ئێستا، یەکەوڕاست بەرەو ڕۆژ دەچووین! (٩)
هەستم کرد، تیشکێکی گەش[5] لە هەنیەی دام
لەوەی پێشوو بەهێزتر بوو،
نهێنییەک گیانی پڕ کردم لە حەپەسان! (١٢)
دەستم خستە سەر ئەبرۆم
کردم بە چەتری چاوەکانم
تا ئەو تیشکە بەهێزە لە دوڕ چاوم نەدا. (١٥)
چۆن تیشک بە چ شێوەیەک لە ئاو، یان لە ئاوێنە بدا و
بشکێتەوە، بە هەمان شێوە
بەرەو سەرەوە دەگەڕێتەوە.[6] (١٨)
بە هەمان گۆشەی هاتنە خوارەوە،
لە هێلی ستوونی کەوتندا،[7] بەرز دەبێتەوە
وەک بە زانست و زموون دەرکەوتووە. (٢١)
بەم جۆرە تیشکێکم بە دەموچاو کەوت،
شکایەوە بەر پێم،[8]
خێرا چاوی خۆم لێ لادا. (٢٤)
گوتم: (باوکی خۆشەویست، ئەم شتە چییە؟
چاوم لەبەر هەڵنایە و
خەریکە بەرەو ڕوومان دێ.) (٢٧)
وەڵامی دامەوە: (واقت وڕ نەمێنێ،

له کردەوەی ئاسمان مەحەپەسێ.
ئەمە قاسیدە، دێ، داوەتمان دەکا بۆ سەرەوە!(٣٠)
هەر بزانە وای لێ دێ، دیتنی ئەم شتانە
نەک ئازارت نادا، بەڵکو تا سروشت ڕێ بدا
چێژت پێ دەبەخشێ، (٣٣)
که له فریشته پیرۆزەکه نزیککەوتینەوە،
به دەنگێکی زەلال پێی گوتین: (بەو پلیکانەیەدا سەرکەون!
بەقەد ئەوانی دی ڕک و لات نییە!) (٣٦)
ئەو شوێنەمان جێهێشت و بەرەو سەرەوە هەڵکشاین،
ئەم ویردەمان له دواوه کەوتە بەر گوێ:
(خۆشی له میهرەبانان! هەر شاد بی، ئەی زاڵ و سەرکەوتوو!) (٣٩)
من و مامۆستاکەم، به تەنیا، بەرەو سەرەوە ڕۆیشتین،
له سەرکەوتندا، وام به خەیاڵدا هات،
دەبێ سوود له قسەکانی وەربگرم. (٤٢)
ڕووم تێکرد و پرسیم:
(ئەو ڕۆحە ڕۆمانییە[9] مەبەستی چی بوو
که باسی (قەدەغە) و (هاوپشکی)ی دەکرد؟ (٤٥)
وەڵامی دامەوە: (ئەو دەزانێ، گوناهی گەورەی
ﭺ زیانێکی لێداوە، سەرت نەسوڕمێ، هەڕەشەتان لێ بکا،
تا کەمتر بۆی بگرین! (٤٨)
ئێوەی زیندوو، ئارەزووتان لەسەر شتێ قەتیس دەبێ
ئەگەر بەش بکرێ، کەم دەبێتەوە، [10]
بۆیه بەخیلی فوو له مووشەدەمەی هەنسکتان دەکا. (٥١)
بەڵام ئەگەر عیشقی گۆی زێڕینی چەرخ[11]
ئارەزووتان بۆ سەرەوە بەکێش بکا
ئەم ترسەتان له دڵدا نابێ. (٥٤)
تا ژمارەی ئەوانە زیاتر بێ که دەڵێن: (هی من)
هەریەکە زیاتر خێری پێ دەبڕێ و

خۆشەویستی لەو وڵاتە بەجۆشتر دەبێ. (٥٧)
پێم گوت: (ئەگەر سەرەتا بێدەنگ بوومایە و
زیاتر گومان و دڕدۆنگم لەسەر کۆببایەوە،
دووربووو بە وەڵامەکەت ڕازی بم. (٦٠)
خێرێک، بەسەر زۆر کەسدا دابەش بکرێ
چۆن پێی دەوڵەمەندتر دەبن،
لەوەی بەسەر ژمارەیەکی کەمدا دابەش بکرێ) (٦٣)
وەڵامی دامەوە: (لەبەر ئەوەی تۆ ئێستایش
بیرت بە شتەکانی سەر زەوییەوە خەریکە،
تەنیا تاریکی لە پەرتوویی ڕاستەقینەوە وەردەگری![12] (٦٦)
خێروبەرەکەتی بێپایان و لەگوتن نەهاتوو
لە سەرەوەیە. بەرەو خۆشەویستی دەچێ.
وەک چۆن تیریژی ڕووناکی بەرەو تەنی بریقەدار دەچێ. (٦٩)
تا زیاتر سەرگەرم بێ، زیاتر خۆی بەخت دەکا،
بە جۆرێ، ئارەزووی خێر تا بڵێسەدارتر بێ، زیاتر دەبێ!
خێرایی جاویدانیی تێدا پەرەدەسێنێ. (٧٢)
تا لە سەرەوە، ئاشق زیاتر بێ، ماشووق زیاتر دەبێ،
مرۆڤی زیاتریش ئاشق دەبێ،
وەک ئاوێنە یەک یەکێکی تر پێشان دەدا. (٧٥)
ئەگەر بەم گوتارەی من دڵت دانەکەوێ
لەوێ (بیاتریچی) دەبینی.
ئەو، بۆت ڕوون دەکاتەوە و هەموو ئارەزوویەکت دێنێتە دی. (٧٨)
تێبکۆشە، زوو، ئەو پێنج برینەی ماوتە سارێژ ببن
وەک پێشتر دوو برینت سارێژ بووە.[13] (٨١)
برینت تەنیا بە ئەشکەنجە سارێژ دەبێ).
گەیشتمە ئەوە بڵێم: (بڕوات پێ دەکەم!)

کەچی لە ئەڵقەیەکی تردا [14]
دیم چاوی پەرۆشم بێدەنگی کردم. (٨٤)
لەوێ، لەپڕ خۆمم بینی،
لە خەونێکی مەست نقووم بوویم،
کۆمەڵێ خەڵکم لە پەرستگەیەکدا دی! [15] (٨٧)
خانمێک لەسەر کۆسپە دەچووە ژوورەوە،
بە شێوەی ناسکی دایکێکی میهرەبان [16]، گوتی:
(کورِم، بۆچی وات پێی کردین؟ (٩٠)
سەیر کە، من و باوکت، زۆر بەداخەوە، بە دواتدا دەگەڕێین.)
هەر هێندە کە بێدەنگ بوو،
چی پێشتر دەرکەوتبوو، هەمووی بزربوو! (٩٣)
ئەوسا ژنێکی ترم بینی [17]، گۆنای بەو ئاوە تەڕ بووبوو
کە ڕەنجی زادەی ڕقێکی ئەستوور،
لە چاوی دەجۆشێنێ. (٩٦)
گوتی: (ئەگەر تۆ گەورەی ئەو شارەی
ناوت تووی دووبەرەکیی لەناو خودانەکان دەوەشێنێ و
پەرتووی هەموو زانستێکی لێ دەدرەوشێتەوە! (٩٩)
خۆت تۆڵە لەم دوو بازووە نیگریسانە بکەوە
کە بە ناهەق باوەشیان بە کچەکەماندا کرد، ئەی (پزیستراتۆ) [18]!)
بە چاوی خۆم دیم ئەم پیاوە نەرم و هێمنە (١٠٢)
بە ڕوویەکی نەرم و ناسک وەڵامی دایەوە:
(ئەگەر سزای ئەو کەسە بدەین کە ئێمەی خۆشدەوێ!
ئەدی چ لەوە بکەین کە خراپەمان لەگەڵ دەکا؟ (١٠٥)
ئینجا کۆمەڵێ کەسم بینی بە ڕق و قینێکی ئەستوورەوە
گەنجێکیان [19] بەردەباران دەکرد و بە تووڕەیی،
یەکتریان هان دەدا: (بیکوژە، بیکوژە!) (١٠٨)

گەنجەکە لەژێر قورسایی مەرگدا، داڕمابوو.
بەڵام دوو چاوەکانی
دوو دەروازە بوون ڕوو لە ئاسمان! (١١١)
لەگەڵ ئەم ئەشکەنجە سەختەیشدا
لە خوا دەپاڕایەوە، لە بکوژەکانی ببووریّ،
ئومێدی گیرابوونی دوعاکەی بە سیماوە دیاربوو. (١١٤)
کە خەونەکەم هەڵبرینگا و هاتمەوە سەرخۆ
گەڕامەوە ژیانی ڕاستەقینەی دەوروبەر،
دیم بەهەڵەدا نەچوویم و فریوم نەخواردووە. (١١٧)
ڕابەرەکەم دیتی هەڵسوکەوتم وەک یەکێکە
پەردەی خەواڵووی لەسەر لا کەوتبیّ، گوتی:
(چیت بەسەر هاتووە؟ ناتوانی خۆت بەرزەفت بکەی! (١٢٠)
بە چاوی کەوتوو و قاچی لەتر بردوو
نیو قۆناغ زیاترت بڕیوە
وەک یەکیّ سەرخۆش بیّ، یان خەوی بەسەردا باریبیّ![20] (١٢٣)
گوتم: (باوکی خۆشتڤی، ئەگەر گوێم لیّ بگری،
بۆت باس دەکەم، کاتیّ قاچم لەتری دەبرد،
بە چاوی خۆم چیم دی!) (١٢٦)
گوتی: (ئەگەر ڕووت، بە هەزار نیقاب بپۆشی
هیچ بیرێکت لە من بزر نابیّ
هەرچەندە ورد و بچووکیش بیّ! (١٢٩)
ئەوەی تۆ بینیت بۆ ئەوە بوو، بیانووت نەبیّ
دڵت بۆ ئاوی ئاشتی بکەیتەوە[21]
کە لە کانیاوی جاویدانی[22] هەڵدەقوڵیّ!)(١٣٢)
نەمپرسی: (چیت بەسەر هاتووە؟)
وەک ئەو جەستەیەی بەبیّ گیان کەوتبیّ

به چاو سەیر بکا، بەڵام نەبینێ. (١٣٥)
بۆیە لێم پرسییت تا دنەت بدەم هەنگاو بنێی.
دەبێ ئاوها پیاوی زەغەڵ ڕاهەژێنین،
کە کاتێ هۆشیار دەبێتەوە سستی لە هۆشیاری دەکا!) (١٣٨)
ئێوارە بوو، بە وریایی دەڕۆیشتین،
تا چاومان بڕی دەکرد سەیری پێشەوەمان دەکرد.
ڕووەو تیشکی درەوشاوەی زەردەپەڕ. (١٤١)
چڕەدووکەڵێکی ڕەش[٢٢] وەکو شەو،
وردەوردە لە بەردەممان پەیدا بوو..
هیچ داڵدەیەک نەبوو پەنای بۆ بەرین (١٤٤)
لە هێزی بینین و هەوای پاک بێبەشی کردین (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی پازدەم

١. ئەمە سروودی پەڕینەوەیە لە ئەڵقەی حەسوودەکانەوە بۆ ئەڵقەی ڕکۆنییەکان.

٢. واتە سەعات نۆی بەیانی.

٣. واتە سەعات سێی پاشنیوەڕۆیە. سێ سەعات ماوە بۆ ڕۆژئاوا کە لە سەعات شەش ئاوادەبێ.

سەعات سێی دوانیوەڕۆ بوو لە بەرزەک کە دەکاتە سێی بەیانی لە (بیت المقدس) و لە ئیتالیادا، کە دەڵێ ئێرە، سەعات دوازدەی شەوە.

٤. دوو شاعیرەکە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن، بۆیە خۆر لە دەموچاوی دەدان.

٥. دانتی هەستی بە تیشکێکی زۆر بەهێز کرد لە تیشکی خۆر بەهێزتربوو. سەری لەو تیشکە سوڕما و نەیزانی ئەمە لە فریشتەیەکەوە دێ تەتەری ئاسمانە.

٦. دانتی باسی تیۆری ئیقلیدس دەکا، کە تیشک ئەگەر بە ڕوویەکی لووس بکەوێ، وەکو ڕووی ئاو، یان نەینۆک، بە چ گۆشەیەک بە ڕووەکە بکەوێ، بە هەمان گۆشە لێی دادەشکێتەوە. دانتی وا پیشان دەدا، تیشکی خۆر و تیشکی فریشتەکە، یەک داشکانەوەی ئەوەی ترە.

٧. هێڵی ستوونی بەربوونەوەی بەرد: ئەمە قسەی ئەلبێرتۆی گەورەی فەیلەسووفی سەدەکانی ناوەڕاستە.

٨. تیشکی فریشتەکە ڕاستەوخۆ بە چاوی دانتی نەکەوتووە، چونکە دانتی دەستی داوەتە بەرچاوی. ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ بۆ هاتووە، دوای ئەوەی لە زەویی داوە و بەرەو هەوراز شکاوەتەوە. هەندێ توێژەرەوە دەڵێن ئەم تیشکە تیشکی خۆرە، یان تیشکی نوری خودایە داشکاوەتەوە سەر فریشتەکە و لەویشەوە شکاوەتەوە سەر دانتی.

٩. ئەو ڕۆحەی ڕۆمانیا: ئاماژەیە بۆ گویدو دێل دۆکا.

١٠. ئاماژەیە بۆ سامان و دارایی ماددی کە تا لە نێوان زۆرترین کەس دابەش بکرێ، بەشی هەریەکێ کەمتر دەبێتەوە، کەچی شتی مەعنەوی هەرچەندە دابەش بکرێ، هەر زیاد دەکا.

١١. ئاماژەیە بۆ عشقی خودایی.

١٢. ئاماژەیە بۆ خودا.

١٣. دوو جێبرین: مەبەست سڕینەوەی دوو نیشانەی گوناهە (گ) چونکە دوو ئەڵقەی لە بەرزەک بڕیوە و ئێستا لە ئەڵقەی سێیەمدایە.

١٤. مەبەست ئەڵقەی سێیەمە.

١٥. لێرەدا دانتی سێ دیمەنی خیاڵی و خەوناوی دەبینێ. لە ئەڵقەی یەکەمدا، شتەکانی بە داتاشراوی و بەرجەستەیی بینی لەسەر زەوی و لەسەر دیواری ئەڵقەکە. لە ئەڵقەی دووەمدا، شتەکانی تەنیا بە شێوەی دەنگ پێگەیشت، کەچی لێرە کەوتووەتە قاڵبی خەون.

١٦. مەبەست مریەمی پاکیزەیە.

١٧ ئەم خانمە ژنی پیزیستراتۆیە ئاوها بە کوڵ دەگری.

١٨. پزیستراتۆ-Pisistrato (بە لاتینی- Pisistratus) (605-527)پ.ز سەرۆکی شاری ئەسینا بوو لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا. دەڵێن: ڕۆژێ کوڕێکی گەنج چاوی بە کچەکەی کەوت و هەوەسی هەستا و ماچێکی لێ کرد. کچەکە چوو بۆ دایکی گێڕایەوە و دایکی، واتە ژنی پزیستراتۆ بە سووربوونەوە داوای لە مێردی کرد، سزایەکی توندی ئەو کوڕە بدا، بەڵام ئەو بە بەڵگەی ئەقڵ و ژیریی بۆی سەلماند لەبەر ئەوەی کوڕەکە بە نیازی خراپ ئەوەی نەکردووە، بەڵکو لە هەستی خۆشەویستییەوە ماچی کردووە، شایەنی سزادان نییە.

١٩. گەنجەکە سان ستیفانۆ -san Stefano بوو. پیاوێکی ئایینیی بەناوبانگی مەسیحی بوو. دەڵێن ڕەخنەی لە ئایینی جوولەکە گرتووە و بەردەبارانیان کردووە. چیرۆکەکە بەم جۆرە دەگێڕنەوە:

ستیفان پیاوێکی ئایینیی دیار و ناسراو بوو، هەندێ دەڵێن ڕەخنەی لە ئایینی جوولەکە گرتووە و هەندێ دەڵێن هەر لەبەر ئەوەی پیاوێکی گەورە و ڕابەرێکی ئایینیی دڵسۆز بووە، بیانوویان پێ گرت. گەورە گەورەکانی جوولەکە گرتیان و لیژنەیان لەسەر داناوە و خەڵکی خۆیان هێنا شایەتیی درۆیان لەسەر دا گوایە کفری کردووە. کە ئەمەیان بیست، بە دڵی پڕ قینەوە ددانیان لێ کرۆشت و پەلاماریان دا و لە شار ڕایانکێشایە دەرەوە و بەردەبارانیان کرد. لە کاتی بەردەباراندا، ستیفان دوعای بۆ کردن: خودایە، ئەمانە نەزانن، ئەم گوناهەیان لێ مەگرە. ئەمەی گوت و گیانی سپارد.

٢٠. ئەمە وەسفی یەکێکە خەواڵوو بێ، یان شەراب لە سەری دابێ. ئەمە یەکەم جارە دانتی لە کۆمیدیادا، باسی کاریگەریی شەراب دەکا لەسەر شەرابخۆرەوە.

٢١. واتە بۆ ئەوەی تووڕە نەبێ. تووڕەیی وەکو ئاگر وایە بە ئاو دەکوژێتەوە کە ڕەمزی باوەڕ و ئاشتییە.

٢٢. مەبەست خودایە.

٢٣. چڕەدووکەڵی ڕەش ڕەمزی تووڕەییە کە بەری چاوی مرۆڤ دەگرێ و نایەڵێ ڕاستی ببینێ. ئەو شوێنە پڕبوو لە چڕەدووکەڵ. دووکەڵ لەم سێ سروودەدا (١٦،١٧،١٨) سزایە بۆ مرۆڤی جینگز و ئەوەی لەگەڵ تری خۆی بەشەڕ دێ.

# سروودی شازدەم[1]

## ئەڵقەی سێیەم توورەکان

شاعیرەکان بەناو دووکەڵێکی چڕ و تاریکی وەکو تاریکیی دۆزەخدا ڕۆیشتن. وەک چۆن کوێر لە دوای چاوساغ و ڕابەری دەڕوا، دانتی ئاوها لە دوای ڤیرجیلیۆ دەڕۆیشت. دانتی گوێی لە دوعا و پاڕانەوەی ئەوانە بوو کە پاکدەبوونەوە.

دانتی داوای لە ڕۆحێک کرد لە دوای بڕوا و لێی پرسی کێیە و ڕێگەکەیان لە کام لایە. ڕۆحەکە ناوی خۆی پێ گوت. مارکۆ لۆمباردۆ بوو. پێی گوت ڕێگەی ڕاستیان گرتووەتە بەر. دانتی گومانی لە قسەی گویدۆ دیل دۆکا هەبوو کە لە سروودی چواردەدا گوتی هەندێ کەس گەندەڵیی دونیا بۆ هۆکاری ئاسمانی دەبەنەوە، کەچی هەندێکی تر بۆ هۆکاری دونیای دەبەنەوە. لۆمباردۆ گوتی ئەمە سڕینەوەی ویست و خواستی مرۆڤە، هەروەها گوتی ئاسمان ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێ و ڕووناکیی پێ دەبەخشێ بۆ جیاکردنەوەی چاکە و خراپە. گوتی: هۆی گەندەڵی لە دونیادا لەناو مرۆڤ خۆیدایە. نەفسی مرۆڤ وەکو زاڕۆ وایە، ئەگەر ڕابەری نەبێ و جڵەوی نەگیرێ، دەکەوێتە شوێن سامانی پووچی دونیا، بۆیە پێویستە یاسا هەبێ و دادوەری دادپەروەر دابنرێ. گرنگ هەر یاسا نییە، گرنگ ئەوەیە کە یاساکە جێبەجێ دەکا.

هەروەها گوتی: ڕۆما دوو خۆری هەبوو. پاپا کە ڕێی خوا ڕۆشن دەکاتەوە و ئیمپراتۆر کە ڕێگەی دونیا ڕووندەکاتەوە، بەڵام پاپا نووری

ئیمپراتۆری کوژاندەوە. هەردوو دەسەڵاتەکە کەوتنە دەست پاپا و دونیا کەوتە سەر ڕێی خراپە.

لۆمباردۆ باسی کرد کاتی خۆی میللەتێکی باش لە باکووری ئیتالیا دەژیان، بەڵام ئێستا نەماون. تەنیا سێ پیر و پیاوچاکیان تێدا ماوە. ئەگەر کڵێسە هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی تێکەڵ بکا، لە قوڕدا دەگەوزێ.

دانتی بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ مارکۆ لۆمباردۆ کرد و پێی گوت هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە.

لۆمباردۆ کە دیتی تیشکێک لەناو چڕەدووکەڵەکە دەرکەوت، ڕۆیشت. هەقی نەبوو لە ناوچەی پاکبوونەوەدا لەو شوێنە زیاتر بڕوا.



تاریکیی دۆزەخ و شەوی تاری بێ ئەستێرەی
ئاسمانێکی چۆڵ و نووتەکی
پڕ هەور و هێری تلی چاو[٢] (٣)
هەرگیز پەردەیەکی وا چڕ و ئەستوور و
سەرپۆشێکی مووی وا دڕی بەسەر چاودا نەکێشاوە،[٣]
وەک ئەو دووکەڵەی لەوێ لوولی داین! (٦)
نەتدەتوانی چاو بکەیتەوە،
ئەوسا هاوڕێی دڵسۆز و دانام، لێم نزیککەوتەوە
دەستم لەسەر شانی دانا[٤]. (٩)
وەک چۆن کوێر لەدوو چاو ساغەکەیدا دەڕوا،
نەوەک وێڵ بێ، یان خۆی بە شتێ دابدا،
کە دەشێ بریندار بکا، یان بیکوژێ، (١٢)
منیش ئەوها بەناو ئەو هەوا پیس و گەنییەدا دەڕۆیشتم،
گوێم دابووە ڕابەرەکەم، بەردەوام دەیگوت:
(وریابە، دوانەکەوی و لێم دانەبڕێی!) (١٥)
گوێم لە چەند دەنگێ بوو[٥]، بە ناوی ئاشتی و بەزەیی،
دەپاڕانەوە و داوایان لە (مەڕی خوا)[٦] دەکرد،
گوناهیان بسڕێتەوە و لێیان خۆش ببێ.! (١٨)
هەموو بە یەک دەنگ و یەک ئاواز
دەستیان بە دوعای، (ئەی مەڕی خوا) کرد. [٧]
هاودەنگ و هاوئاهەنگ و هاوئاواز[٨] بوون. (٢١)
گوتم: (سەیدا، ئایا ئەمانە ڕۆحن؟ دەیانبیستم؟)
پێی گوتم: (ڕاستی بۆ چووی،
ڕۆحن، دەچن گرێی ڕقیان خاودەکەنەوە[٩].) (٢٤)
(تۆ کێی؟ ئاوها دووکەڵ شەق دەکەی،
بە جۆرێ باسمان دەکەی، وەک ئەوەی
بە سەرە مانگ[١٠] حیسابی وەخت بکەی.) (٢٧)
دەنگێ[١١] وای گوت.

مامۆستا گوتی: (وەڵامی بدەرەوە و
لێی بپرسە داخۆ لێرە جێگەی سەرکەوتن هەیە!)[12] (٣٠)
گوتم: (ئەی ئەوەی خەریکی خۆت پاکدەکەیتەوە،
تا بە پاکی و جوانی بگەڕێیتەوە لای خودای خۆت،
ئەگەر شوێنم بکەوی، شتی سەیرم لێ دەبیسی!) (٣٣)
وەڵامی دایەوە: (تا ڕوخسەت و ڕێم هەبێ، شوێنت دەکەوم،
ئەگەر لەبەر چڕەدووکەڵ، چاویشمان یەکتر نەبینێ،
بە قسە و بیستن ئاگامان لە یەک دەبێ!) (٣٦)
ئەوسا، هەڵمدایێ: (بەو بەرگەی
مەرگ لە بەرم دەکاتەوە، دەچمە سەرەوە![13]
بەناو ئازار و نەهامەتیی دۆزەخدا هاتووم. (٣٩)
خودا ئەو کەرەم و نیعمەتەی لەگەڵ کردووم
ئیرادەی وا لە سەرە دامودەزگاکەی ببینم،
کە تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە. (٤٢)
لێم مەشارەوە، تۆ بەر لەوەی بمری، کێ بووی؟
پێم بڵێ! ئاخۆ ئەو ڕێگەیەی ژێهەل گرتوومەتە بەر ڕاستە؟
با وشەت ببێ بە ڕابەرم! (٤٥)
(لۆمباردی[14] بووم، ناوم (مارکۆ) بوو.
شارەزای دونیا بووم. حەزم لە چاکەیەک بوو
ئەمڕۆ کەس تیری بۆ ناخاتە بەر کەوان! (٤٨)
ئەو ڕێگەیەی بەرەو سەرەوە[15] گرتووتە، ڕاستە؟)
ئاوا وەڵامی دامەوە. ئینجا گوتی: (تکایە،
کە گەیشتیتە سەرەوە، دوعای خێرم بۆ بکە!) (٥١)
پێم گوت: (بە ئیمانم سوێندت بۆ دەخۆم!
چی داوا بکەی بۆت دەکەم، بەڵام
گومانێکم لە دڵدایە[16]، دەری نەبرم، دەمسووتێنێ! (٥٤)
گومانەکە، سەرەتا سادە بوو، هەنووکە دووچەندانە!
گوتاری تۆ مسۆگەرتری دەکا،

لێره گومانی دیکەشی دەچێته سەر! (٥٧)
ڕاسته، وەکو باسی دەکەی، دونیا سەراسەر
له چاکه بێبەری بووه،
له خراپه و گەندەڵیی نقووم بووه! (٦٠)
تکایه، تۆ هۆکەیم پێ بڵێ
تا تێی بگەم و خەڵکی لێ ئاگادار بکەمەوه.
هەندێ هۆکه بۆ ئاسمان دەبەنەوه و برێ بۆ زەوی![17] (٦٣)
به هەنسکێکی قووڵ، که بەدەم ئازارەوه بوو به ئاخ،
وەڵامی دامەوه گوتی: (برام، ڕاسته
تۆ له دونیای کوێرەوه[18] هاتووی! (٦٦)
ئێوه، ئەی زیندووان، هەموو شتێکی سەر زەوی
هەر تەنێ بۆ سەرەوه، بۆ ئاسمان دەبەنەوه.
وەک ئەوەی هەموو شتێ پەیوەست بێ به ئاسمان! (٦٩)
ئەگەر مەسەله وا بوایه، ئێوه خواستی ئازادتان
لەدەست دەچوو، چونکه دادپەروەری نەبوو،
مرۆڤ به چاکه شاد و به خراپه غەمبار بێ! (٧٢)
ئاسمان یەکەم خورپەتان دەخاته جووڵه،
ناڵێم هەمووی، بەڵام ئەمه گریمانەیه.
ئێوه ئەو نوورەتان پێدراوه که چاکه و خراپه بناسن! (٧٥)
ئێوه ویست و خواستی ئازادتان پێدراوه.
ئەگەر له یەکەم شەڕدا لەگەڵ ئاسمان، شەکەت و شەقی ببن،
هەمیشه دیماهی، دەستبەتاڵ دەبن.! (٧٨)
له ئازادیدا، ملکەچی هێزێکی گەورەتر و
سروشتێکی باشترن! ئەو سروشته بیرێکتان
تێدا دروست دەکا ناچێته ژێر دەسەڵاتی ئاسمان! (٨١)
جا ئەگەر دونیا ئەمڕۆ وێڵ و گومڕا ببێ،

ئێوەن سەدەم، لە خودی خۆتاندا بە دوایدا بگەڕێن.
ئێستا ڕوونی دەکەمەوە: بۆچی؟ (٨٤)
ڕۆح، بەرلەوەێ ببێ، لەدەست ئەو کەسە
دێتە دەرەوە کە خۆشیدەوێ و وردی لێ دەکا.
وەک کەنیلەیەک کە بەدەم گریان و پێکەنینەوە وازی دەکا.(٧٨)
ڕۆح، بە پاکی و سادەیی دێتە دەرەوە، هیچ نازانێ!
ئەوە نەبێ لە گروەندەیەکی پاکەوە دەرچووە،
بە شادی دەگەڕێتەوە لای ئەوەی شادی دەکا. (٩٩)
یەکەم جار، چێژ لە چاکەیەکی کەم وەردەگرێ.
پێی دەخاپێ و بە دوایدا ڕادەکا،
ئەگەر ڕابەرێ، یان لغاوێ، حەزی بەرزفت نەکا! (٩٣)
جا، دەبێ یاسایەک هەبێ ببێ بە جڵەو
پاشایەک[١٩] هەبێ، لانی کەم
بورجی (شاری ڕاستی)[٢٠] دەستنیشان بکا. (٩٦)
یاسا هەس، بەڵام کێ دەیخاتە کار؟ کەس!
ئەو شوانە[٢١]ی ڕاتان دەدا و لێتان دەخورێ،
دەشێ باش کاوێژ [٢٢]بکا، بەڵام سم شەق نییە!٢٣ (٩٩)
خەڵک، کە دەبینن پێشەوایان
تامەزرۆی ماڵ و سامانە و قەت تێر نابێ،
بەوەندە تێر نابن و داوای زیاتر دەکەن! (١٠٢)
ئاشکرایە، سەرکردایەتیی خراپ،
یەکەم هۆی تاوان و گەندەڵیی دونیایە.[٢٤]
ئێوە سروشتی ناوەوەتان گەندەڵ نییە! (١٠٥)
(ڕۆما)، کاتی خۆی کە دونیای چاک کرد
دوو خۆری[٢٥] هەبوو، ڕێگەیان ڕۆشن دەکردەوە:
ڕێگەی دونیا و ڕێگەی خودا. (١٠٨)

ئینجا خۆرەکان یەک ئەوەی تری کوژاندەوە،
شمشێر و گۆچانی شوان[26] یەکیان گرت،
تێکەڵکردنی زۆرەکییان، چووزەرەی خراپەی دەرکرد. (١١١)
که یەک دەگرن، یەک لەوەی تر ناترسیٚ،
ئەگەر باوەڕ ناکەی، لە گوڵەگەنم وردبەرەوە.
ڕووەک بە تۆوی دەناسرێتەوە. (١١٤)
ئەو وڵاتەی (ئادیجی) و (پۆ)[27] ئاوی دەدەن،
(فیدیریگۆ)[28] بەر لەوەی دەستەپاچە دابنیشیٚ،
نەزاکەت و جوامێریی تێدا بوو.
ئەوەی جاران، دەترسا لەگەڵ پیاوە چاکەکان
بدویٚ و خۆیان لیٚ نزیک بکاتەوە، [29]
ئێستا بە سەلامەتی بەناویاندا دەڕوا. (١٢٠)
ڕاستی، هێشتا سیٚ پیرەمێرد ماون،
ڕەمزی گلەیی سەردەمی کۆنن لە ڕۆژگاری نویٚ،
هەموو بەپەرۆشەوەن خوا بیانخاتە ژیانێکی باشتر.[30] (١٢٣)
ئەمانە (کوڕڕادۆ دا پالاتزۆ) و[31] (گیراردۆ)ی[32] مێرخاس و
(گویدۆ دا کاستیل)[33]ن کە شایەنی ئەوەیە بە شێوازی فرەنسی
بە ناوی (لۆمباردیی ساویلکە)[34] ناوی ببەن. (١٢٦)
لەمەودوا بڵیٚ: کاتیٚ کڵێسەی(ڕۆما)،
هەردوو دەسەڵاتەکە[35] تێکەڵ دەکا،
لە قوڕدا دەگەوزیٚ و خۆی و پەیامەکەی پیس دەکا! (١٢٩)
گوتم: ((مارکۆ)ی ئازیز، باشی بۆچووی،
منیش تازە تێگەیشتم بۆچی
ڕۆڵەکانی (لاوی) لە میراتی زەوی بێبەش بوون.[36] (١٣٢)
بەڵام (گیراردۆ) کێیە؟ کە دەڵێی
نموونەیەکە بۆ بەرەبابێکی لەناوچوو،

وەک گلەییەک لەم ڕۆژگارە هۆڤییە!) (١٣٥)
وەڵامی دامەوە: (تۆ بەم قسەیە هەم تەفرەم دەدەی و
هەم ڕامدەکێشی، چونکە هەرچەندە بە (تۆسکانی) دەدوێی،
دیارە هیچ لە (گیراردۆ)ی مێرخاس نازانی! (١٣٨)
من بە هیچ نازناوێکی تر نایناسم
جگە لە وەی لە (گایا)ی[٣٧] کچی بخوازمەوە.
خوا چەپاڵەتان بدا[٣٨]! من چیدی هاوڕێتیتان ناکەم! (١٤١)
سەیری ئەو تیشکە بکە دووکەڵ شەق دەکا،
خەریکە سپی هەڵدەگەڕێ. ئەمە فریشتەیەکە،
بەر لەوەی بمبینێ، دەبێ بڕۆم.
وای گوت و گەڕایەوە و چیدی گوێی لێ نەگرتم. (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی شازدەم

١. ئەمەیش هەر سروودی تووڕەکانە، پێی دەگوترێ سروودی (مارکۆ لۆمباردۆ). ئەمە بە چەقی بەرزەک و سەراپای کۆمیدیا دادەنرێ و مامەڵە لەگەڵ ئیرادەی ئازاد دەکا کە بنچینەی چاکە و خراپەیە لەم دونیایە و لەو دونیادا.

٢. دانتی یادی تاریکیی دۆزەخ دەکاتەوە. ئەمە تێکەڵکردنی دونیای دۆزەخ و دونیای بەرزەکە.

٣. ئاسمانی مانگ ئەستێرەی تێدا دیار نییە، چونکە هەورە و لەبەر هەور دیار نین. ئەوەندە تاریکە چاو چاوی نابینێ، لە تاریکیی دۆزەخ و لە تاریکیی تاریکەشەو تاریکترە.

٤. دانتی لەم تاریکییەدا چاوی نابینێ، خۆی بە شانی ڤیرجیلیۆ دەگرێ. ڤیرجیلیۆ لێرەدا ڕەمزی ئەقڵ و ژیرییە کە دژی ڕق و تووڕەییە. ڤیرجیلیۆ لەبەر ئەوەی لە بەندی ڕق و قین ڕزگاری بووە. بە بێباکیی لەم تاریکییەدا دەڕوا.

٥. ئەمە دەنگی ڕۆحە مردووەکانە داوای لێبووردن دەکەن.

٦. مەڕی خوا: مەبەست مەسیحە.

٧. ئەمە لە ڕووی ڕەمزییەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمانە لەسەر زەوی هەمیشە تووڕە بوون و لەبەر تووڕەیی دەنگیان بڵند دەکرد و دەیاننەڕاند، کەچی لێرە بە پێچەوانە، بە یەکەوە و بە دەنگێکی نزم و نەرم و لەسەرەخۆ سروود دەخوێنن و بە (مەڕی خوا) ناوی عیسا دەبەن کە ڕەمزی ناسکی و ئارامییە.

٨. ڕۆحەکان لێرە تەبا و تفاقن، بە پێچەوانەی سەر دونیا کە بە هۆی ڕق و قین و تووڕەییەوە لە یەک دووربوون.

٩. یانی بەدەم ڕۆیشتنەوە لە گوناه پاکدەبنەوە.

١٠. هیلال Calendi: ئەم وشەیە لە ئیتالیی کۆندا بە مانای ڕۆژەکانی سەرەتایی مانگ دەهات، واتە ڕۆمانەکان بە دەرکەوتنی مانگی نوێ ڕۆژیان حیساب دەکرد. کە دەڵێ تۆ هێشتا بە مانگ ڕۆژگار حیساب دەکەی، واتە هێشتا زیندووی.

١١. مەبەست مارکۆ لۆمباردۆیە.

١٢. واتە ئەو ڕێگەیەی دەچێتە ئەڵقەی چوارەم.

١٣. مەبەست بارەگا و قەڵەمڕەوی ئاسمانی خودایە.

١٤. مارکۆ لۆمباردۆ Marco Lombardo: نەجیبزادەیەکی لۆمباردی بوو. زۆر برادەری دانتی بوو. هەرچیی دەست دەکەوت دەیکردە خێر، بەڵام پیاوێکی توورە و توندوتووش بوو.

١٥. هەندێ دەڵێن مەبەست سەر چیای بەرزەکە، هەندێ دەڵێن مەبەست ئاسمانە و هەندێکیش دەڵێن مەبەست زەوییە. ئاسمانەکە لە هەموویان لەگوێنترە.

١٦. واتە قسەکەی لۆمباردۆ گومانی خستە دڵی دانتی.

١٧. واتە هەندێ کەس هۆی خراپە بۆ ئاسمان دەبەنەوە، بە کاریگەریی ئەستێرەکان و هەندێکی تر بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤی دەبەنەوە.

١٨. دونیای کوێر: مەبەست ئەوەیە، چاوی چاکە و خێر نابینێ.

١٩. مەبەست خودایە.

٢٠. بورجی شاری ڕاستی. بورج: مەبەست دادپەروەرییە و شاری ڕاستی: مەبەست ئاسمان و بەهەشتە. بورج بەرزترین شوێنی شارە کە لە دوورترین شوێن دیارە، دادپەروەریش ئەوها لە هەموو شتێ باشتر دیارە. جێی سەرنجە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەموو شارێک قەڵا و قوللە و بورجی خۆی هەبوو، لە دوورەوە دیاربوو.

٢١. واتە ئیمپراتورێکی جیهانی کە ئاشتی و دادپەروەری لە دونیادا بەرقەرار بکا. دانتی باوەڕی وایە پێویستە یەک تاکە ئیمپراتور بۆ سەرانسەری دونیا هەبێ.

٢٢. کاوێژکردن: ڕەمزە بۆ بیرکردنەوە و لەبەرکردن و هێنانەوە سەر زمانی نووسینی کتێبی پیرۆز، بۆ ئەوەی هەم خۆی هەمیشە لە یادی بێ و ئیشی پێ بکا و هەم فێری خەڵکیشی بکا.

٢٣. دوو سم، یان سم شەق: ڕەمزی کار و تێکۆشانی زۆرە کە بەو هۆیە سمی شەق بووە، یان ڕەمزە بۆ لێک جیاوداکردنەوەی چاکە و خراپە. لە پەیمانی کۆندا هاتووە (یەهوە) ڕێنمایی جوولەکان دەکا گۆشتی کام گیاندار بخۆن و گۆشتی کامەیان نەخۆن. دەڵێ گیانداری دوو سم بێ و کاوێژ بکا گۆشتی بخۆن. ئەوەی تەنیا دووسم بێ، بەڵام کاوێژ نەکا، یان تەنیا کاوێژ بکا، بەڵام دوو سم نەبێ، یان نە کاوێژ بکا و نە دوو سم بێ، گۆشتی مەخۆن، بۆ نموونە دەڵێ ڕەشەوڵاخ و مەڕ و بزن و مامز و بزنەکێوی و....بخۆن، چونکە ئەمانە هەم کاوێژ دەکەن و هەم دوو سمن. وشتر و کەروێشک مەخۆن، چونکە کاوێژ دەکەن، بەڵام دووسم نین. بەراز مەخۆن، چونکە دوو سمە، بەڵام کاوێژ ناکا.

٢٤. واته مرۆڤ به سروشت خراپ نییه. خراپی له فەرمانڕەوای خراپەوه دێ.

٢٥. دوو خۆر: مەبەست پاپا و ئیمپراتۆره.

٢٦. ئاماژەیه بۆ ئەوه که پاپا هەردوو دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی و ئایینیی بەدەستی خۆیەوه گرتووه و مافی دەسەلاتداریتیی دنیای له پاپا سەندووه، واته خاچ (دەسەلاتی ئایینی) و شمشێر (دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی)ی بۆ خۆی قۆرغ کردووه.

٢٧ ئاماژەیه بۆ ناوچەی لۆمباردیا و باکووری ئیتالیا به گشتی.

٢٨. فیدیریگۆ: فیردریکی دووەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ئیتالیا که له ئەنجامی ململانەی توندی لەگەڵ پاپادا، تۆوی دووبەرەکیی بڵاو دەکردەوه.

٢٩. واته: کاتی خۆی بەدکارەکان ڕوویان هەڵنەدەهات بچنه ناو خەڵکه باشەکە. خۆیان دەشاردەوه تا کەس نەیانبینێ، کەچی ئێستا شیرازەی خوو و ڕەوشت به جۆرێ پچڕاوه و خراپه و گەندەڵی وا باوی سەندووه، کەس شەرمی به خراپەکردن نییه.

٣٠. خودا بیانخاته ژیانێکی باشتر، واته خودا بۆ خۆیان بباتەوه، یانی بمرن.

٣١. کوڕڕادۆ دا پالاتسۆ- Currado da palazzo: له گەلفەکانی بیرچیا بوو، به کۆنت کوڕڕادۆی سێیەم ناسراوه. ساڵی ١٢٧٦ نوێنەری شارل دانژوو بوو له فلۆرەنسا. ساڵی ١٢٨٨ بوو به سەرۆکی شاری پیاچیتسا. پیاوێکی سەخی و ئازا و دەستپاک بوو.

٣٢. گیراردۆ دا کامینۆکا دی تریڤیجی Gherard da Camino di trivigi: ساڵی ١٢٨٣ تا ساڵی ١٢٨٨ که مرد، سەرکردەی شاری تریڤیجی بوو. له سەردەمی ژیانی خۆیدا. نازناوی (پیاوه باشەکە)یان پێ دابوو.

٣٣. گویدۆ دا کاستێللۆ - Guido da castello (1233 – 1315) له بنەماڵەی (ڕۆبەرتی) بوو له تریڤیتسۆ. دانتی له شاری (ڤیرۆنا) ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیدا کرد.

٣٤. دانتی ڕوونی دەکاتەوه مەبەستی له (ساویلکه) مانا فرەنسییەکەیەتی، چونکه وشەی (ساویلکه) له فرەنسیدا مانای دڵسۆز و دڵپاک دەدا، کەچی له ئیتالیدا مانای گێل و کەودەن دەدا.

٣٥. هەردوو دەسەلات: مەبەستی دەسەلاتی سیاسی و ئایینییه.

٣٦. واته دانتی باش دەزانێ بۆچی ڕۆڵەکانی (لاوی)ی کاهینی ئیسرائیلی و هەموو کاهینەکان له سامان و دارایی بێبەش کراون.

٣٧. گایا Gaia–: کچی گیراردۆ دا کامینۆ و ژنی ئەلبێرتۆ دا کامینۆ بوو. ساڵی ١٣١١ لە تریفیتسۆ مرد و هەر لەوێش نێژرا، واتە دەیەوێ گیراردۆ بە (باوکی گایا) ناو ببا. ناوبانگی (گایا) لە چییەوە هاتووە؟ هەندێ توێژەرەوە دەڵێن لە جوانی و داوێنپاکییەوە هاتووە. ئەوەندە جوان و داوێنپاک بووە لە سەرانسەری ئیتالیادا بە نموونە باسیان کردووە. هەندێ کەس دەڵێن ناوبانگەکەی لە جوانی و هەڵسوکەوتە عاشقانە و هەوسبازانەکەیەوە هاتووە.

٣٨. دەقە ئیتالییەکە دەڵێ Dio sis con voi: وشە بە وشە واتا: خواتان لەگەڵ بێ. ئەوەندە هەیە ئێمە لە کوردیدا (خواتان لەگەڵ بێ) بۆ خواحافیزی بەکار دێنین، کەچی لێرەدا بە مانای خوا بتانپارێزێ، خوا چەپەڵەتان بدا، هاتووە.

***

# سروودی حەڤدەم[1]

## ئەڵقەی سێیەم

## تووڕەکان

## ئەڵقەی چوارەم

## زەغەل و تەنپەروەران

دووکەڵەکە وردەوردە ڕەوییەوە. دانتی تیشکی زەردەپەڕی لە سەری چیای بەرزەک بینی. هەتاو لە کەنارەکانی خوارەوە نەمابوو. دانتی سێ خەونی بە خەیاڵ بینی: یەکەم جار پرۆکنی کچی پاشای ئەسینای بینی کە بە هۆی تووڕەیی لەگەڵ خزمەکانی بووبوو بە قومری. دووەم جار هامانی بینی لەخاچ درابوو و خشایارشای شای فارس و ئەستێرو مورکای لە تەک بوو. ئەمە ڕەمزی ئەوانەیە کە لە خۆشەویست و بژاردەکانی خوا تووڕەبوون. سێیەم جار لاڤینیای کچی پاشای ڕوتولییەکانی بینی بۆ مەرگی ئەماتای دایکی دەگریا. ئەمە ڕەمزی تووڕەییە لە دوژمنان.


دانتی تیشکێکی گەش لێی دا و بەخەبەر هات. دەنگێکی وەکو دەنگی فریشتەی کەوتە بەر گوێ گوتی: ئێرە شوێنی سەرکەوتنە.

ڤیرجیلیۆ گوتی ئەمە ڕۆحێکی یەزدانییە بێ ئەوەی داوای لێ بکەن یارمەتیی خەڵک دەدا، وەکو خدری زیندەی دنیا.

که بەسەر پایەی یەکەمی پلیکانە کەوتن، دانتی هەستی کرد جبرائیل بە پەڕی باڵی گوناهی تووڕەیی لەسەر تەوێڵی سڕییەوە و پیرۆزبایی لە ئاشتیخوازان کرد.

ڤیرجیلیۆ بە دانتیی گوت خۆشەویستیی سروشتی و خۆشەویستیی ئەقڵیی لە نێوان گروەندە و گرواو واتە خوا و خەڵکدا هەیە. خۆشەویستیی سرووشتی قەت بە هەڵەدا ناچێ، کەچی خۆشەویستیی ئەقڵی، کە لە خواستی ئازادەوە هاتووە، بە خراپەکردن، یان بە ئارەزووی زۆری سامانی دونیا، یان بە لادان لە ڕێگەی خۆشەویستیی خوا، هەڵە دەکا. خۆشەویستیی ئەقڵی ئەگەر ڕوو بکاتە خوا و میانڕۆ بێ، لە خۆشەویستیی دونیادا تووشی گوناه نابێ. ئەمە پێچەوانەکەیشی ڕاستە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ حەز ناکا خۆی ئازار بدا، لانی کەم بە ئەنقەس خۆی ئازار نادا و لەبەر ئەوەی ڕق لە خوا بوونەوەی لە دڵ دەرهێنراوە، ئارەزووی خراپەی ڕوو دەکاتە خەڵکی تر، ئەمەیش لە ئارەزووی بەفیز و بابیەکاندا دەردەکەوێ کە حەز لە زیانی خەڵک دەکەن. لە ئارەزووی حەسوودانداا دەردەکەوێ کە ڕقیان لە گەورەیی و سەربەرزیی خەڵک دەبێتەوە. لە ئارەزووی سووربوونی قین لەدڵان دەردەکەوێ بۆ تۆڵەکردنەوە لەوانەی ڕسوایان کردوون. فیز و حەسوودی و قین لە سێ ڕەوەز، یان ئەڵقەی پێشوو پاکدەبنەوە. کەچی ئەوانەی لە چاکەکردن سستییان کردووە، لەم ئەڵقەی چوارەمینە پاک دەبنەوە. بەخیلیی و تەماع و ئالۆشیی جەستە لە سەرەوە پاکدەبنەوە.

ڤیرجیلیۆ هەندێ شتی بۆ دانتی هێشتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بیانزانێ.



ئەی خوێنەر، لە بیرت بێ ئەگەر ڕۆژێ،
لە چیای ئەلپ[2] کەوتیتە ناو تەم و لەوە زیاترت نەدی
کە جورجەکۆێرە[3] لەژێر پێستەی سەرچاویدا دەیبینێ، (٣)
کە هەڵمی خەستبووەوەی تەڕ
دەستی بە ڕەوینەوە کرد، بێنە بەرچاوت
تیشکی خۆر چۆن بە کزی ڕێگەی خۆی تێدا دەکاتەوە. (٦)
ئەوسا، بە ئاسانی تێدەگەی چۆن بووم
کە دووبارە چۆن خۆرم بینی
شۆڕ بووبووەوە و چووبووە سەر ئاوابوون![4] (٩)
بەم جۆرە هەنگاو بە هەنگاوی متمانەی مامۆستام
ڕۆیشتم. لەناو مژ و مۆران دەرچووم،
بۆ کەناری نزم کە هەتاوی تێدا نەمابوو. (١٢)
ئەی داڵغە، تۆ هەندێ جار وا دەکەی
ئەوەندە لە خۆمان دوورکەوینەوە، ئەگەر هەزار کەرەنامان
لە کن لێ بدەن گوێمان لە هیچ نابێ! (١٥)
ئەگەر هەستت هۆشیارت نەکاتەوە، بە چ دەبزوێی؟
تیشکێ دەتبزوێنێ، لە خۆیەوە، لە ئاسمانەوە دروست دەبێ.
یان ئیرادەیەک دەینێرێتە خوارێ. (١٨)
بە خەیاڵ، سیمای بروانەکردەنیی ئەو ژنەم بینی
کە کەوتۆتە سەر شکڵی باڵندە و
بەوپەڕی شادی دەخوێنێ.[5] (٢١)
ئەوسا، خەیاڵم بە جۆرێ داشکایەوە ناوەخۆ
هیچ شتێ نەبوو بتوانێ
لە دەرەوە بێ و جێی پڕ بکاتەوە. (٢٤)
ئینجا خەیاڵی وردم کەوتە سەر لەخاچدراوێک[6]
ڕق و نەفرەتی لە ڕوو دەباری
بەم جۆرە لەبەر ئاوزینگاندا بوو[7] (٢٧)
(خشایار شا)ی گەورە و (ئەستێر)ی ژنی و[8]

(موردکا)ی[٩] دادپەروەری لە تەک بوو.
کە بە گفتار و ڕەفتار زۆر دڵسۆزانە بوو! (٣٠)
کاتێ وێنەکە لە خۆیەوە، پووکایەوە،
وەک بڵقێ بتەقێتەوە و
ئەو ئاوەی دروستی کردووە، نەمێنێ، (٣٣)
کچێکم لەبەر چاوی خۆم بینی،
بەدەم گریانەوە دەیگوت: ئەی شاژن،
بۆچی لە حانی توورەییدا، بڕیارت دا نەمێنی؟! (٣٦)
خۆت کوشت بۆ ئەوەی (لاڤینا)[١٠] نەفەوتێ،
ئەوەتا منت لەدەست چوو، دایکە،
من بۆ مەرگی تۆ دەگریم، نەک بۆ کەسی تر![١١] (٣٩)
چۆن کاتێ لە پڕ شەوقێکی گەش
دەکەوێتە سەر چاوی نوقاو و خەو هەڵدەبرینگێ،
کە هەڵبرینگا، بەر لەوەی دابمرێتەوە، دەبریسکێتەوە! (٤٢)
بەم جۆرەش من شەوقێکم بە ڕوو کەوت
لە هەموو شەوقێکی دی گەشتر!
خەوم ڕۆیشت و بێداربوومەوە! (٤٥)
ئاوڕم دایەوە، بزانم لە کوێم،
گوێم لە دەنگێ بوو گوتی: (ئێرە شوێنی سەرکەوتنە!)[١٢]
بەمەوە، لە هەموو نیازێکی تر دوورکەوتمەوە. (٤٨)
ئارەزوویەکی گەورەم تێدا بزووت
بۆ ئەوەی بزانم کێیە قسە دەکا،
ئەو ئارەزووە بە بینینی ڕووبەڕوو نەبێ، داناکەوێ! (٥١)
بەڵام چۆن خۆر چاومان ئەزیەت دەدا و
بەو شەوقە درەوشاوەیە چارەی خۆمان لێ دەشارێتەوە،
منیش ئاوها، تاقەتی بینینم نەما. (٥٤)
(ئەمە ڕۆحێکی خوداییە، ڕاماندەکێشێ و
ژێهەڵ ئاراستەمان دەکا و

به تیشکی خۆی، خۆمان لێ دەشارێتەوە! (٥٧)
مرۆڤ چ لەگەڵ خۆی دەکا، ئەو، ئاوامان لەگەڵ دەکا![١٣]
ئەوەی پێویستیی خەڵک ببینێ و دەستەپاچە دابنیشێ،
بە چەتوونی، خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی تەیار دەکا![١٤] (٦٠)
با لەگەڵ! ئەم بانگە پیرۆزەدا، هەنگاو هەڵێنین،
تا شەو دانەهاتووە[١٥]، بە لەز سەرکەوین،
نەوەک تا ڕۆژهەڵات هیچمان بۆ ناکرێ.) (٦٣)
ڕابەرەکەم وای گوت و هەردووکمان بە یەکەوە،
چووینە لای پلیکانەیەک[١٦]،
کە خێرا گەیشتمە سەر پایەی یەکەم! (٦٦)
خشەیەکی وەک خشەی باڵ لە تەکمەوە هات،[١٧]
کزەبایەک لە ڕووی دام و دەنگێ گوتی:
(خۆشیی لە ئاشتیخوازان) کە ڕقی نیگریسیان نییە! (٦٩)
دوای زەردەپەڕی ئێوارە
لەسەر سەرمان هەڵکشایەوە ئاسمان و
ئەستێرە لە هەموو لایەکەوە دەرکەوتن. (٧٢)
لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەی تاقەت و توانا،
بۆچی جێم دێڵی و دەڕۆی؟[١٨]
هەستم کرد، قاچەکانم دەڵێی بەستراون! (٧٥)
گەیشتینە ئەو شوێنەی پلیکانەکە،
چیدی هەورازتر نەدەچوو، لەوێ بەندبووین،
وەک کەشتییەک لە کەنار لەنگەر بگری! (٧٨)
نەختێ وەستام، بزانم گوێم لە هیچ دەنگێ دەبێ،
لەم ڕەوەز و ئەڵقە تازەیەدا،
ئاوەڕم لە مامۆستام دایەوە و پێم گوت: (٨١)
(ئەی باوکی خۆشتڤی! پێم بڵێ ڕۆحەکانی
ئەم ئەڵقەیە، لە چ گوناهێک خۆیان پاکدەکەنەوە؟
ئەگەر لە ڕۆیشتنیش بوەستین، با قسەی تۆ نەوەستێ!) (٨٤)

پێی گوتم: (خۆشەویستیی چاکە،
کە لە ئەرکی خۆیدا کەمتەرخەمە، لێرە تازە دەبێتەوە،
لێرەش سەوڵی سست دەست بە کاری خۆی دەکاتەوە.[19] (٨٧)
بەڵام بۆ ئەوەی ڕوونتر بێتەوە و باشتر تێبگەی
با هەست و هۆشت لای من بێ،
بەم وەستانەی ئێمە هەندێ چاکەت دەست دەکەوێ. (٩٠)
ئینجا گوتی: ڕۆڵە، خۆت دەزانی،
نە گروەندە و نە گرواو، هەرگیز بێ ئەشق نەبوون،
چ ئەشقی سروشتی بێ و چ ئەقڵی! (٩٣)
ئەشقی سروشتی قەت تووشی گوناە نابێ![20]
بەڵام ئەشقی ئەقڵی،[21] دەشێ تووشی گوناە ببێ.
چ لەبەر گراویی خراپ، چ لەدەست زۆر و کەمیی شەیدایی! (٩٦)
ئەم ئەشقە تا تەواو ڕووی لە چاکەی سەرەکی بێ و
لە چاکەی ناسەرەکی میانڕۆ بێ،
چێژی ناشایستەی لێ ناکەوێتەوە.
بەڵام کە ئەشق خۆی بۆ خراپە هەڵکوتێ و
لە ڕادەی خۆی زیاتر، یان کەمتر، لە دوای خۆشی دونیا ڕابکا،
گرواو لە گروەندەی خۆی ڕاست دەبێتەوە. (١٠٢)
بەم جۆرە تێدەگەی کە ئەشق،
تۆوی هەمووی چاکەیەک و هەموو کارێکی
شایەنی سزای لە ناخی ئێوەدا هەیە. (١٠٥)
جا لەبەر ئەوەی ئەشق هەرگیز ناتوانێ
لەوە دووركەوێتەوە کە هەست دەکا لە ناخی خۆیدایە،
زۆر دوورە ڕقی لە خۆی ببێتەوە! (١١٨)
لەبەر ئەوە ئەستەمە تێبگەین، کەس هەبێ
لەخۆیەوە لە وجوودی یەکەم جیابێ و (١١١)
بتوانێ ڕقی لە وجوودی یەکەم ببێتەوە.
سەرەڕای ئەمەیش، ئەگەر باش سەیر بکەین،

خراپەی خۆشەویستی، تەنیا خزم و دۆست دەگرێتەوە.
ئەم خۆشەویستییەیش بە سێ جۆر لە سروشتیان دەردەکەوێ: (١١٤)
هەندێ کەس بەرزبوونەوەی خۆیان
لە پەستی و نزمیی دراوسێکانیاندا دەبینن،
بۆیە خۆزگە بە کەوتنیان دەخوازن! (١١٧)
هەندێ کەس دەترسن، بە بەرزبوونەوەی خەڵکی تر
دەسەڵات و پایە و شەرەف و شۆرەتی خۆیان لەدەست بدەن،
ئەوەندە خەفەت دەخۆن بەوان بێ خەڵک هەر ناگزوور بێ. (١٢٠)
هەیشە ئەوەندە ڕقی لە سووکایەتی پێکرانە،
گڕی تۆڵە هەموو گیانی دادەگرێ،
ناچار دەکەوێتە شوێن ئازاردانی خەڵک! (١٢٣)
ئەم سێ ئەشقە لە خوارەوە سزا دەخۆن.
ئێستا باسی ئەشقەکەی دیت بۆ دەکەم.
کە بە ڕێگەی خواردا، هەوڵی چاکە دەدا!
هەرکەسە و بیری شێواوی چاکەیەک دەکا
ڕۆحی پێ ئارام دەبێتەوە و ئارەزووی دەکا و
هەوڵ دەدا دەستی پێ بگا! (١٢٩)
ئەگەر ئەشقێکی سست هانتان بدا
ئەم چاکەیە بدینن، یان دەستی بخەن،
دوای تۆبە، لەم ئەڵقەیە سزا دەدرێن! (١٣٢)
چاکەیەکی دی هەیە مرۆڤ بەختەوەر ناکا.
خۆی، نە بەختەوەرییە و نە گەوهەری چاکەیە.
بەرهەم و ڕیشەی هەموو چاکەیەکە[٢٢]. (١٣٥)
ئەو ئەشقەی دوای ئەم چاکەیە دەکەوێ،
لە سێ ئەڵقەی سەرەوەدا خەڵک دەخاتە گریان.
بەڵام ئایا چۆن دابەشی سێ جۆر بووە؟ (١٣٨)
من باسی ناکەم، خۆت بەدوایدا بگەڕێ! (١٣٩)

***

## پەراوێزەکانی سروودی حەڤدەم

١. ئەمە سروودی زەغەل و تەنپەروەرانە. سروودی ڕێکخستنی ڕەوشتپەروەریی بەرزەکە.

٢. چیای ئەلپ لە سەردەمی دانتیدا تۆسکانای لە ڕۆمانیا جیا دەکردەوە. هەندێ تۆێژەرەوە دەڵێن مەبەستی هەموو چیایەکی بەرزە.

٣. جورجەکوێرە: گیانداریکی شیردەری بچووکە پێستێکی بەسەر چاودا هاتووە، لە کونێکی بچووکی ئەو پێستەدا شت دەبینێ. مەبەست ئەوەیە تەمەکە ئەوەندە چڕە وەکو پێستەی سەر چاوی جورجەکوێرە بەری چاوت دەگرێ و بە زەحمەت شت دەبینی.

٤. ئەوکاتە دەوری سەعات شەشی ئێوارەی دووشەممەی ١١ی نیسانی ١٣٠٠ بوو. لەبەر ئەوەی کەناری بەرزەک نزمە، بەرەبەری ڕۆژئاوا خۆر لەو کەنارە نادا، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا ڕۆژ ئاوا نەبووە، خۆر لە داوێنی بەرزەک دەدا.

٥. ئاماژەیە بۆ پرۆکنی: Procne کچی پانیدیۆنی پاشای ئەسینا کە شووی بە تیرۆسی پاشای مەکدۆنیا کرد. ڕۆژێ، تیرۆسی مێردی نارد بچێتە ئەسینا و فیلۆمیلای خوشکی بینی ماوەیەک لە لایان بێ. تیرۆس کە چاوی بە فیلۆمیلا کەوت، ئاگری ئەشقی تێبەربوو. دەستدرێژیی کردە سەر فیلۆمیلای خوشکەژنی و دەمیشی دووری بۆ ئەوەی قسە نەکا و تاوانەکە ئاشکرا نەکا، بەڵام فیلۆمیلا توانیی بە ئاماژە شتەکە لە پرۆکنیی خوشکی بگەیەنێ. پرۆکنی زۆر تووڕە بوو. یەک کوڕی لە تیرۆس هەبوو. لە تۆڵەی خوشکی، ئەو کوڕەی سەربڕی و لێی نا و پێشکەشی مێردەکەی کرد. مێردی زۆر بە تام و تاسووقەوە گۆشتەکەی خوارد، پاشان پرسیی کوڕەکەی لە کوێیە؟ پرۆکنیی ژنی وەڵامی دایەوە، گوتی: وا لە ناو ورگی خۆتدایە. کە تیرۆس بە مەسەلەکەی زانی، هەر وەختبوو شێت بێ. شمشێری هەڵکێشا و ویستی ورگی خۆی بدڕێ، بەڵام پاشان بڕیاری دا پرۆکنی و فیلۆمیلا بکوژێ. بە شمشێری ڕووت پەلاماری دان، ئەوانیش هەڵاتن. خودانەکان هەرسێکیان کرد بە باڵندە: پرۆکنی بوو بە بولبول و فیلۆمیلا بوو بە پەرەسێلکە و تیرۆس خۆیشی بوو بە پەپووسلێمانە.

٦. ئاماژەیە بۆ هامانی وەزیری شای فارس(خشایارشا)

٧. خشایارشا: ئەحشویروش AHASUEREUS شای فارس بوو، ڕەنگە مەبەستی دارای یەکەم (٥٢١ – ٤٨٦پ ز)، یان ئیجز ڕەسیس (٤٨٥ – ٤٦٥ پ ز)، یان ئەرتکرەسیس (٤٦٥ – ٣٢٥ پ ز)، بێ.

٨ ئەستێر Esther: کچێکی جوولەکە بوو. شووی بە خشایارشای شای فارس کرد. میللەتی خۆی لە فەوتان ڕزگار کرد. چیرۆکەکە لە پەیمانی کۆندا هاتووە:

خشایارشای شای فارس لە هیندەوە تا کوش، ١٢٧ هەرێمی لە بەردەستدا بوو. لە شاری (سوسە) حوکمی دەگێڕا. ژنێکی هەبوو بە ناوی ڤەشتی. ڕۆژێکیان شا و ڤەشتی، هەریەکە لە لای خۆیەوە داوەتێکی لە ناو کۆشک سازدا. شا چی نەجیبزادە و فەرمانبەری گەورەی فارس و میدیا هەبوو هەمووی بانگێشت کردن، شاژنیش لە لاکەی ترەوە ژنە گەورەکانی داوەتکرد.

ڕۆژی حەفتەمی ئاهەنگەکە، شا مەست بوو، ناردی ڤەشتی بێتە کۆڕی پیاوان و خۆی پێشانی خەڵکەکە بدا، بەڵام ڤەشتی ڕەتی کردەوە. شا تووڕەبوو. ئەنجوومەنی بەست چ بکا؟ گوتیان ئەمە زەبرێکی گەورە لە خۆت و وڵاتەکەت دەدا. ئەمڕۆ ڤەشتی لە تۆ هەڵگەڕایەوە، بەیانی ژنی هەموو میرەکان لە مێردەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە و پیاو هیچ نرخیان نامێنی. ئیدی پاشا ڤەشتی لە هاتنە حزووری خۆی بێبەش کرد. داروودەستەی شا ویستیان کچێکی تر بۆ شا بدۆزنەوە. گەڕان، کۆمەڵێ کچی جوانیان هێنا و لەناو کۆشک تاسولووسیان دان. یەکێ لەوانە کچێ بوو بە ناوی (هەدەسە) و کچی (ئەبی حایل) بوو، پێیان دەگوت: (ئەستێر- Esther). ئەستێر بێ دایک و باوک بوو، (موردکای) ئامۆزای بەخێوی کردبوو. ئەستێریان هێنایە ناو کۆشک و دە دوازدە مانگ خەریکی خزمەتکردنی بوون، ئینجا بردیانە لای شا. شا کەوتە بەر دڵی و کردی بە شاژن.

موردکای کوڕی جایری کوڕی شیمێی کوڕی کیش بوو. لە هۆزی بنیامین بوو. یەکێ بوو لەو جوولەکانەی نەبوخودنەسر دیلی کردبوون. موردکای هەموو ڕۆژێ دەچووە کۆشک بۆ ئەوەی بزانێ چارەنووسی ئەستێر بە چ دەگا. ڕۆژێ موردکای لە پاسەوانان پێ کەوت کە دوو ئەفسەر بەتەمان پلانێک لە شا دابنێنەوە و لەناوی ببەن. موردکای چووە لای ستێر و پێی گوت بچێ شا ئاگادار بکاتەوە. ئەستێر شای ئاگادار کردەوە. دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، دەرکەوت ڕاستە ئەو ئەفسەرانە پیلانیان داناوەتەوە شا بکوژن. ئیتر هەردووکیان بە سزای خۆیان گەیاند. دوای ئەوە شا ڕێزی لە هامان نا و بەرزی کردەوە. هامان کوڕی هامیداتای ئاگاجی بوو.

ئیتر دەبوایە هەموو پاسەوانەکان و پیاوەکانی ناو کۆشک لەبەری هەستن و بۆی بچەمێنەوە، هەموو وایان بۆ دەکرد، تەنیا موردکای نەبێ. هامان زانییەوە، زۆر تووڕە بوو. دەیزانی موردکای جوولەکەیە، بۆیە بڕیاری دا نەک هەر موردکای لە سێدارە بدا، بەڵکو هەموو جوولەکەکانی قەڵەمڕەوی شا قەتلوعام بکا. چووە لای شا و ئیقناعی کرد فەرمانێک بۆ هەموو هەرێمەکان بنێرێ، لە ڕۆژی (١٣)ی ئادار، چی

جوولەکە هەیە بیانکوژن. خۆیشی سێدارەیەکی (٧٠) پێ بەرزی چەقاند بۆ لە سێدارەدانی موردکای. لەو کاتەدا شا بە بیری هاتەوە موردکای ژیانی ئەوی ڕزگار کردووە، و تا ئێستا هیچی بۆ نەکردووە. بە هامانی گوت: ئەگەر شا خۆی بە قەرزاری یەکێ بزانێ و بیەوێ چاکەی بداتەوە، چیی بۆ بکا باشە؟ هامان ئەو کەسە بە خۆی تێگەیشت، بۆیە گوتی وا چاکە عەبای شای بە شانیدا بدەن و سواری ئەسپی شای بکەن و بە ناوشاردا بیگێڕن و جاڕ بدەن کە ئەو پیاوە خۆشەویستی شایە. شا گوتی: من قەرزاری موردکایم، چیت گوت بڕۆ وای بۆ بکە. هامان ناچار بوو عەبای شای بە شانی موردکایدا دا و سواری ئەسپی شای کرد و بە ناو شاردا گێڕای و جاڕی دا ئەمە خۆشەویستی پاشایە. کە موردکای زانیی هامان بەتەمای شتێکی ئاوهایە، لە ژیانی خۆی و لە ژیانی میللەتەکەی ترسا. هەر زوو خۆی گەیاندە لای ئەستێر و مەسەلەکەی تێگەیاند و داوای کرد لای شا شتێکی وا بکا ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەستێر چووە لای شا و داوای لێکرد خۆی و هامان قبووڵ بکا بچنە سەر داوەتی. لەسەر داوەتەکەدا ئەستێر بە پاشای گوت داوایەکم هەیە. شا گوتی هەر داوایەکت هەبێ، ئەگەر نیوەی مەملەکەتیش بێ،، بۆت دێتە دی. گوتی ژیانی خۆم و میللەتەکەم لە مەترسیدایە، دەبێ ڕزگارمان بکەی لەدەست ئەو کەسەی دەیەوێ قڕانمام بۆ بێنێ. شا گوتی: ئەو کەسە کێیە؟ گوتی: هامانە.

شا زۆر تووڕە بوو، بڕیاری دا هامان لە سێدارە بدا و بڕیاری لەناوبردنی جوولەکەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

بە پێچەوانەوە موردکای، هامانی هەر بەو سێدارەیە لە دار دا کە هامان بۆ لەسێدارەدانی ئەمی چەقاند بوو. هامان دە کوڕی هەبوو، هەر دە کوڕیشی کوشت، بۆ هەموو هەرێمەکانیشی نووسی، ڕۆژی (١٣)ی ئادار پیاوخراپەکان بکوژن، بەڵام تاڵانیان نەکەن. ئەو ڕۆژە پێنج هەزار کەس لە پایتەخت و حەفتاوپێنج هەزار کەس لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی شاهەنشادا کوژران و موردکای و ئەستێر بڕیاریان دا بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە ڕۆژی چواردە و پازدە بەڕۆژوو بن و ئاهەنگ بگێڕن.

٩. موردکای: ئامۆزای ئەستێر بوو. چیرۆکەکەی لە سەرەوە باسکراوە.

١٠. کەنیلەکە: مەبەست لاڤینیایە—Laviniaیە. کچی لاتینوسی پاشای لاتیوم بوو لە ئیتالیا. دایکی ناوی ئەماتا Amata بوو. ئەم کچە ژنی (تورنۆس) بوو کە پاشای ناوچەیەکی تری ئیتالیا بوو. ئەم پاشایە لەگەڵ ئەنیاسی قارەمانی ناسراوی تەروادە جەنگا و شکستی هێنا. خەبەریان دایە ئەماتای شاژنی لاتیوم کە زاواکەی کوژراوە و کچەکەی ناچاربووە بەپێی ڕەوشتی ئەو سەردەمە شوو بە ئەنیاسی بکوژی

مێردەکەی بکا. شاژن ئەوەندە توورە بوو، لە توورەییان خۆی کوشت. (دۆزەخ، س٤، د١٢٦)، (بەهەشت، س٦، د٣).

١١. مردنی یەکێکی تر: مەبەستی مێردە کوژراوەکەیەتی.

١٢. فریشتەکە داوا لە دانتی دەکا سەرکەوێ بۆ ئەڵقەی چوارەم.

١٣. واتە: خۆت دەتەوێ خەڵک چیت بۆ بکەن، تۆیش ئەوە بۆ ئەوان بکە.

١٤. ئەوەی بزانێ یەکێ پێویستی بە شتێکە و چاوەڕێ بکا تا داوای لێ دەکا، وەکو ئەوە وایە داواکەی ڕەت بکاتەوە. پێویستە یەکسەر داواکەی جێبەجێ بکا.

١٥. ئەمە یاسایەکی بەرزەکە، دوای ڕۆژئاوا ناتوانن لە سەرکەوتن بەردەوام بن.

١٦. واتە ئەو پلیکانەی بۆ ئەڵقەی چوارەم دەچێ.

١٧. فریشتەکە باڵەفڕەی کرد لە سەر دەموچاوی دانتی بۆ ئەوەی گوناهی توورەیی لە ڕوو بسڕێتەوە.

١٨. یانی بەپێی یاسایی بەرزەک، هاتنی شەو ئاوی پێی ڕۆحەکان دەبا، واتە ناتوانن چیتر بڕۆن.

١٩. سەوڵێدان ڕەمزی هاتنەوەی خۆشەویستیی چاکەیە.

٢٠. خۆشەویستیی سروشتی، ڕووەک و گیاندار و مرۆڤ لە یەک نزیک دەکاتەوە.

٢١. خۆشەویستیی ئەقڵی: یانی خۆشەویستیی بە ئیرادە کە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی و بەپێی بیرکردنەوەی خۆی ڕووی تێدەکا.

٢٢. چاکەی یەکەم: مەبەست خۆشەویستیی ئەقڵییە کە لە ئیرادە و ئارەزووەوە هاتووە. هەندێ دەڵێن مەبەستی خودایە.

# سروودی هەژدەم[1]

## ئەڵقەی چوارەم

## زەغەل و تەنپەروەران

ڤیرجیلیۆ قسەی پێشووی تەواو کرد. دانتی لە بارەی خۆشەویستییەوە پرسیاری کرد. کە سەرچاوەی هەموو کارێکی چاک و پێچەوانەیشە. ڤیرجیلیۆ گوتی: ڕۆح کە خەڵق دەبێ ئامادەیە بۆ خۆشەویستیی خۆڕسک لای مرۆڤ. تا بابەتی خۆشەویستییەکە شادی نەکا، ئارام نابێتەوە. هەموو خۆشەویستییەک خۆی لە خۆیەوە پاک و چاک نییە. دانتی گومانی لە خۆشەویستیی خۆڕسک پەیدا کرد کە لە دەرەوە دێ. دەبێ بە مایەی سەرکۆنە، یان پێداهەڵدانی مرۆڤ.

ڤیرجیلیۆ پێی گوت لە چوارچێوەی ئەقڵدا مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە و لایەنی باوەڕیش لێدەگەڕێ بۆ ئەوەی بیاتریچی بۆی ڕاڤە بکا.

ڤیرجیلیۆ گوتی: ڕۆح لە یەک کات و لە هەمان کاتدا لە مادده دابڕاوە و خۆیشی لەگەڵ لێکداوە. زانست و ئارەزووی سەرەتایی بە خۆڕسک لە ناخی مرۆڤدا هەیە، وەکو چۆن هەنگ بە خۆڕسک هەنگوین دروست دەکا و هیچ هەقی سەرزەنشت یان پێداهەڵدانی نییە.

ڤیرجیلیۆ گوتی: فەیلەسووفەکان بەو ئازادییە خۆڕسکەیان زانیوە و زانستی ڕەوشتناسییان بۆ مرۆڤ داناوە و بیاتریچی نموونەی هێزی باڵای ویستی ئازادە وەکو لە بەهەشتدا دەبینین.

دانتی گومانی نەما و خەوی بەسەردا هات. خەوەکەی ڕەوییەوە و کۆمەڵە ڕۆحێکی زەغەلی بینی بە پەلە بە دوای شاعیرەکاندا دەهاتن. دوویان هاواریان کرد و باسی مارىای پاکیزە و قرالی ئەسپانیایان کرد. ڤیرجیلیۆ پرسیاری لەبارەی کورتترین ڕێگە کرد بۆ سەرەوە. ڕاهیبی دێری سان ئیتزینۆ داوای لێکرد بەدوای حەشیمەتەکەدا بڕوا، چونکە ئەوانە ناتوانن بوەستن. باسی ئەلبێرتۆ دیلا سکالای کرد کە تووشی خەم و ناخۆشی دەبێ، چونکە کوڕە شێواو و گێلەکەی خۆی کرد بە سەرۆکی دێر.

لە کۆتایی حەشیمەتەکەدا دوو کەس هاواریان کرد و باسی دواکەتنی جوولەکە لە جێهێشتنی میسر و دواکەوتنی هاوڕێکانی ئەنیاس لە چوونە سەقلییەیان کرد. هەردوولایان بەبێ شکۆ مانەوە.

دانتی کەوتە بیر و لێکدانەوە و خەوی بە سەردا هات.



داناى مەزن[٢] كۆتايى بە گوتارەكەى هێناو
بە وردى چاوى بڕییە چاوم،
بزانێ داخۆ شادو گوشادم، یان نا؟
منیش كە تینوێتى، هێشتا ئازارى دەدام،
بە زار بێ دەنگ بووم و لە دڵى خۆمدا گوتم:
(دەشێ ئەم هەموو پرسیارەى منى لا قورس بێ!)
بەڵام ئەو باوكە ڕاستەقینەیە،
كە لە نیازى دەرنەبڕاوم گەیشت،
بە قسە زاتى قسەكردنى پێ بەخشیم.
لێرەدا گوتم: (مامۆستام، نوورى تۆ
نیگام زاخاو دەداتەوە، چى دەڵێى و دەرى دەبڕى،
من بە ڕوونى تێى دەگەم.
جا تكات لێ دەكەم باوكى ئازیز و خۆشتڤى
باسى ئەو ئەشقەم بۆ بكە، كە
هەموو كارێكى چاك و خراپ بە زادەى ئەو دەزانى!)
گوتى: (نیگاى تیژى ئەقڵى خۆتم تێ ببڕە،
بە وردى بۆت دەردەكەوێ
ئەو كوێرانە[٣] هەڵەن كە خۆیان دەكەن بە پێشەنگ.
ڕۆحى ئاڵۆشاوى زادەى ئەشقتان[٤]
ڕوو دەكاتە هەر شتێ شادى دەكا و
لەپێناوى چێژ و خۆشى كار دەكا.[٥]
بەهرە و دەركككردنتان،
وێنەیەكى ڕاستەقینە دەردێنێ و لە ناختانەوە
پانى دەكاتەوە، تا ڕۆح ڕووى تێبكا.
ئەگەر بە ئارەزوو بە لاى شتەكەدا چەمایەوە،
ئەو چەمانەوەیە ئەشقە، ئەشقى سروشتى
كە بە هۆى چێژێكى تازەوە خۆى بە ناختانەوە دەلكێنێ.
جا چۆن ئاگر لە هەوادا بەرز دەبێتەوە،

کە بە سروشتی خۆی بۆ بەرزبوونەوە دروستبووە و
لەوێ، لەناو مژاری خۆیدا دەمێنێتەوە، (٣٠)
هەر بەم جۆرەیش، ڕۆحی ئەویندار شەوق دەیگرێ
ئەو شەوقە هەژانێکی ڕۆحییە،
تا تێکەڵ گراوییەکەی نەبێ، ئارام نابێتەوە. (٣٣)
ئێستا ڕەنگە لێتان ڕوون بێ، چۆن ڕاستی
لەو کەسانە بزر دەبێ کە پێ دادەگرن
هەموو ئەشقێک خۆی لە خۆیەوە شتێکی پەسندە، (٣٦)
چونکە دەشێ بابەتەکەی باش و پەسند دیار بێ،
بەڵام مەرج نییە هەموو مۆرێک باش بێ،
هەرچەندە مۆمەکەیشی باش بێ.[٦])(٣٩)
وەڵامم دایەوە: (بە قسەی تۆ و بە لێکدانەوەی بیری خۆم،
نهێنیی ئەشقم بۆ ڕوونبووەوە،
هەرچەندە گومانی زۆری بۆ پەیداکردم، (٤٢)
چونکە ئەگەر ئەشق لە دەرەوەمان بێ و
ئەگەر ڕۆح لەسەر قاچی تر نەڕوا،
لە چاکەی خۆی نییە ڕاست بڕوا، یان خوار!) (٤٥)
پێی گوتم: (چی ئەقڵ دەیگرێ، من ئەوەت بۆ باس دەکەم
بۆ مەسەلەی ئیمان، لە (بیاتریچی) نەبێ،
چاوەڕێی ڕوونکردنەوە لە کەس مەکە.! (٤٨)
هەموو ئەشقێکی بنچینەیی، کە لە بابەتەکە جیایە و
تێکەڵ بابەتەکەیشە،
خۆی لە خۆیەوە توانایەکی تایبەتی تێدایە! (٥١)
تەنیا بە کردەوە هەستی پێ دەکرێ.
بە شوون و دەوسییەوە نەبێ دەرناکەوێ.
وەکو ژیانی ڕووەک کە بە گەڵای سەوزی دەناسرێ.(٥٤)
لەگەڵ ئەوەیشدا، مرۆڤ نازانێ تێگەیشتنی
بیری یەکەم و مەیلی ئەشق و ئارەزووی یەکەمی

له کوێوه بۆ دێ!(٥٧)
ئەمانە لە ناخی خۆتدان وەکو غەریزەی هەنگ وان
بۆ دروستکردنی هەنگوین،
ئەم ئارەزووە بنجییە نە شایەنی ستایشە و نە گازاندە!(٦٠)
بۆ ئەوەی ئەمە لەگەڵ ئارەزووەکانی ترتاندا بگونجێ،
بەهرەی ڕابەریتان تێدا دروستبووە
کە دەبێ هەمیشە لە ئاستانەی ڕەزامەندیدا بێ.(٦٣)
هەر ئەو بەهرەیەشە، ئەشقی باش وەردەگرێ و
ئەشقی خراپ ڕەت دەکاتەوە..
بەمە، توانستی چاکەکاریتان دەخاتە بەردەست!(٦٦)
ئەوانەی[٧] بە لێکدانەوە چوونەتە ناخی ئەقڵ و ژیری
لەم ئازادییە سروشتییە گەیشتوون و
زانستی ڕەوشتناسییان بۆ عالەم جێ هێشتووە.(٦٩)
گریمان، ئاگری ئەو هەموو ئەشقەی
لە ناختانەوە شەوق دەدا، پێویست بێ و
ئێوە دەسەڵاتتان هەبێ سەرکوتی بکەنەوە[٨].(٧٢)
ئەمە ئەو بەهرە و توانا بەرزەیە
کە (بیاتریچی) پێی دەڵێ (خواستی ئازاد).
قسەت لەسەر باوەڕ بۆ دەکا، هەوڵدە تێبگەی (٧٥)
مانگی بەجێماو[٩]، نیوەشەو هەڵات
شەوقی ئەستێرەکانی لە بەرچاو کز کرد.
وەکو دەولکێکی داگیرساو خۆی نواند.(٧٨)
مانگ بەرەو ئاسمان هەڵکشا، ئەو خولگانەی گرتە بەر
کە خۆر دایدەگیرسێنێ، کاتی ڕۆمییەکان
دەیبینن لە بەینی کۆرسیکا و ساردینیا ئاوا دەبێ.(٨١)
ئەم تارماییە ناسکە کە لە هەموو شاری (مانتوا) زیاتر

ناوبانگی به (پیێتۆلا)[10] بەخشی،
باری سەنگینی گومانی لەسەر ئەستۆی من لابرد.(٨٤)
من کە وەڵامی ڕوون و ئاشکرام
بۆ پرسیارەکانم وەرگرت. وەک یەکێ وا بووم
ببۆرژێ و داڵغەی بڕوا!(٨٧)
بەڵام ئەم بۆرژانەم لەپڕ ڕەوییەوە،
به هاتنی ئەو ڕۆحانەی لە دواوە
هاتن و ڕوویان کردە لامان. (٩٠)
وەکو چۆن کەنارەکانی ئیسمینۆ[11] و ئازۆپۆ[12]
کاتی خۆی شەو پڕدەبوو لە حەشیمەتێکی تووڕە
هەر جارەی (تیبی)١٣ هانای بۆ (باکۆ)[14] دەبرد. (٩٣)
بەم جۆرە، وەک من دیم، ئەوانە بە تاقمی گەورر گەورە،
به دەوری ئەم ئەڵقەیەدا دەهاتن، چەمابوونەوە.
خواستی پاک و ئەشقی ڕاستی دنەی دەدان.(٩٦)
خێرا لێمان تێپەڕین و گەیشتنە سەرەوەمان
ئەو حەشیمەتە هەموو بە ڕاکردن دەهاتن.
دوو کەس[15] پێشیان کەوتبوون، دەگریان و هاواریان دەکرد: (٩٩)
(مێرەم زوو ڕایکرد بۆ چیا.[16]
قرالیش بۆ ئەوەی ئیلێردا١٧ داگیر بکا
لە مارسیلیاوە[18] خێرا ڕایکرد بۆ ئەسپانیا(١٠٢)
لەدوو ئەوانیشەوە، ئەوانەی تر دەیانقیڕاند:
(خێراکەن! خێرا! با بە ئەشقی کەم کات بەفیڕۆ نەدەین!
لە بەندە هەرەکەت و لە خوا بەرەکەت! (١٠٥)
خەڵقۆ، ئێوە کە لەبەر خەمساردیتان دەرهەق بە چاکەکردن
سستی و کەمتەرخەمیتان کردووە،
دەشێ ئێستا بە گوڕ و دڵگەرمییەوە تۆڵەی بکەنەوە. (١٠٨)

قەت درۆتان لەگەڵ ناكەم، ئەم پیاوە زیندووە
دەیەوێ لەگەڵ ڕۆژ هەڵات بەرەو سەرەوە بكەوێتە ڕێ،
پێمان بڵێن، نزیكترین ڕێگە و دەرە لە كوێیە؟ (١١١)
ڕابەرەكەم ئەم قسانەی كرد.
یەكێ لە ڕۆحەكان[١٩] گوتی: (بەدوای ئێمەدا وەرە،
دەگەیتە ئەو دەرەیە!(١١٤)
ئێمە بە شەوق و تاسەوە دەڕۆین،
ناتوانین لەمە زیاتر بمێنینەوە.
ببوورن لەبەر ئەشكەنجە ناتوانین ئەدەب بنوێنین!(١١٧)
من لە (ڤیرۆنا)[٢٠]. ڕەبەنی (سان تزینۆ)[٢١] بووم،
لە سەردەمی (باربارۆسسا)ی گەڕناس
كە ئێستایش (میلانۆ) بە داخ و ئازارەوە باسی دەكا٢٢.(١٢٠)
ئەوەیش كە ئێستا پێیەكی لەسەر لێوی گۆڕە[٢٣]
بەم زووانە فرمێسك بۆ ئەم دێرە دەڕێژێ.[٢٤]
داخ بۆ ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو، دەخوا.(١٢٣)
كوڕەكەی خۆی، كە گێل و بە جەستە شێواو بوو،
حەرامزادەیش بوو
لەباتی قەشەی ڕاستەقینە كردی بە سەرۆكی دێر.)٢٥ (١٢٦)
نازانم بێدەنگ بوو، یان بەردەوام بوو لەسەر قسە،
چونكە زۆر لە شوێنەكەمان دووركەوتبووەوە،
بەڵام ئەم قسانەم بیست و لە بەرم كردن.(١٢٩)
چارەسازی هەموو گرفتانم، پێی گوتم:
(ئاوڕ لەو لایە بدەرەوە، وا دوویان دێن.
تەوەزەلییان لە بەر خۆیان دادڕیوە.(١٣٢)
ئەو دووە، لە دواوەی هەموو تاقمەكەوە، دەیانگوت:
(ئەو ئۆمەتەی دەریایان بۆ شەق بوو،[٢٦]

مردن، بەر لەوەی ئوردن[27] میراتگرەکانیان ببینێ.(١٣٥)
ئەوانەیش کە تا دواقۆناغ باری سەختیان
لەگەڵ کوڕی (ئانکیزە) هەڵنەگرت،
خۆیان دەقەبەر ژیانێکی بێ شانازی کرد.[28] (١٣٨)
کە ئەم ڕۆحانە لێمان دوورکەوتنەوە و
لە بەرچاومان بزر بوون،
بیرێکی تازەم بە مێشکدا هات.(١٤١)
هەر زوو بیری تری جۆراوجۆری لێ پشکووت.
خەیاڵم لەم بیرەوە بازی دەدایە سەر ئەو بیرە
تا لە خۆشییان چاوم نووقاو(١٤٤)
بیر و خەیاڵم بوو بە خەون! [29] (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی هەژدەم

١. ئەمە سروودی تەمبەڵ و کەمتەرخەم و ئەوانەیە کە لە کاری چاکە سستی دەنوێنن.

٢. دانای مەزن: ئەم نازناوە جارێکی تریش لە دۆزەخ بۆ ڤێرجیلیۆ بەکار هاتووە.

٣. کوێر: مەبەست ئەو کەسانەیە کە خۆیان ناناسن و لە بارودۆخی ژیان ناگەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دامرکاندنەوەی باییبوون و ئارەزووی خودی خۆیان هەوڵی سەرکردایەتی دەدەن و ئەگەر بەو ئارەزووە بگەن، دەست بە زۆر و ستەم و گەندەڵی دەکەن. هەندێ دەڵێن دانتی مەبەستی بە کوێرەکان، ئەبیکورییەکانە کە چێژ و خۆشی و ڕابواردن بە بنچینەی ژیان دەزانن. مەبەست لە (کوێری چاوساغ) ئەوەیە هیچ نازانێ و خۆی دەکا بەرابەر و چاوساغ. ئەمە لە پەیمانی نوێ وەرگیراوە: لێیانگەڕێن. کوێر ڕابەری کوێرانن و هەر کاتێ کوێر ڕابەرایەتیی کوێر بکا، هەردوو لایان دەکەونە ناو چاڵ..

قەلەڕەشکەمان ڕێنیشاندەر بێ

ئەبێ گەورەمان هەر دەربەدەر بێ

ئەوە دوو جارە ئەکەوینە چاڵ

زەرد ئەهێنین بە ماڵ و بە حاڵ (پیرەمێرد)

٤. واتە عیشق خۆی هێزێکە لەناو ڕۆحی مرۆڤدا هەیە. ئەو کاتە چووزەرە دەردەکا و سەرهەڵدەدا کە چێژێک بیوروژێنێ.

٥. ئاماژەیە بۆ ڕێبازی ئەبیکورییەکان لەبارەی چێژی خۆشەویستییەوە. ئەوان دەڵێن خۆشەویستی، بە هەر شێوەیەک بێ و هۆکەی هەرچی هەبێ، شایەنی ستایشە.

٦. مۆم و مۆر: مەبەست ئەشق و ئامانجی ئەشقە. ئەشق وەکو مۆم خۆی لە خۆیەوە شتێکی باشە، بەڵام مۆر (کە کاتێ خۆی لە مۆم دەدرا) دەشێ باش بێ یان خراپ بێ، ئاوایش ئامانجی ئەشق دەشێ باش بێ، یان خراپ.

٧. مەبەست فەیلەسووفە گەورەکانی وەکو سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆیە کە بە ئەقڵ گەیشتبوونە گەوهەری شت و لە ئەرک و لێپرسینەوەی مرۆڤ گەیشتبوون.

٨. ئاماژەیە بۆ سروودی (٥)ی بەهەشت. لەوێ بیاتریچی لەم بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ دانتی دەکا. (بیاتریچی) لێرەدا ڕەمزی زانستی خودایە. مانای خوازەیی ئێرە وا دەکەوێتەوە کە زانستی خودا لەبارەی مرۆڤەوە (ئیختیار)ی پێداوە و (جبر)ی ڕەهای قبووڵ نییە.

٩. واته مانگ درەنگ هەلات. دانتی گەشتەکەی خۆی شەوی هەینیی پیرۆز دەست پێکرد، ئەوسا مانگ لە چواردەدا بوو. ئێستا شەوی سێشەممەی ١١ – ١٢ی مانگە و دەوری نیوەشەوە.

١٠. پییتۆلا Pietola- لە زمانی کۆن پێی دەگوترا (ئاندیس). گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری مینچۆ لە نزیک مانتوا. زێدی ڤیرجیلیۆ بوو، بۆیە دانتیی بە بەناوبانگترین ئاوەدانی مانتوا ناوی دەبا.

١١. ئیسمینۆس –Isminos: ڕووبارێکە لە ناوچەی بۆیتسیا، لە یۆنان.

١٢. ئازۆپۆ Asopo: ڕووبارێکە لە ناوچەی بۆیتسیا، لە یونان.

١٣. تیبی: پایتەختی ناوداری ئەو ناوچەیە بوو.

٢٤. باکۆ – باکۆس – باخۆس (بە یۆنانی Bacchuso) خودانی شەراب و مەستی و پارێزەری شاری تیبی بوو. لە شەوی جەژنی باکۆسدا، خەڵکی شاری تیبی یەکەو چراوگیان بە دەستەوە دەگرت و تا بەیانی لە کەناری ئەو ڕووربارە خەریکی سەما و شەرابخواردنەوە دەبوون. دوعایان دەکرد باکۆس بارانیان بۆ ببارێنێ بۆ ئەوەی ڕەزیان شین ببێ.

١٥. ئەو دووە ساغنەبووەتەوە کێن.

١٦. ئاماژەیە بۆ سەردانی مێرەمی پاکیزە بۆ ئیلیساباتی دووگیان.

١٧. ئیلێردا Ilerda: ناوی کۆنی (لیریدا) بوو. شارێ بوو لە کەتەلۆنیا، لە باکووری ڕۆژئاوای ئەسپانیا. لە نزیک ئەو شارەدا بوو، یۆلیۆس قەیسەر، ساڵی ٤٩پ. ز، بەسەر لایەنگرانی پۆمپیدا زاڵ بوو.

١٨. مارسیلیا Marsiglia: بەندەرێکی ناسراوە لە باشووری فرەنسا، واتە قراڵ مارسیلیای بە ئابڵووقەدراوی بە سەرکردایەتیی برۆتس جێهێشت و خێرا چووە ئەسپانیا. ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنەکانی قراڵ بەرامبەر سەرکردەکانی پۆمپۆی، کە بە هۆی چوستوچالاکی و بزووتنەوەی خێرای قراڵ هاتنە دی.

١٩. فریدریک باربارۆسا: فریدریکی ڕدێنسوور (١١٢١ – ١١٩٠). ئیمپراتۆرێکی بەناوبانگی ئەڵمانیا بوو. لە گەورەترین شەڕی خاچپەروەراندا گەورەترین فەرماندە بوو. لە پێکدادانێکدا لەگەڵ موسڵمانان، ویستی بە ئەسپەوە لە ڕووبارێک بپەڕێتەوە، دەری نەبرد و خنکا. زۆربەی ئەڵمانەکان ئێستایش بڕوایان وایە ئەم ئیمپراتۆرە نەمردووە، بەڵکو لە چیای کیپ هاوزەر، لە ناو ئەشکەوتێک، لە تەک تاتەبەردێکە. هەر کاتێ ڕیشی ئەوەندە درێژ بوو سێ جار بە دەوری تاتەبەردەکەدا بسووڕێتەوە، لەناو ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە و دووبارە دەست دەداتەوە شمشێر و شەڕ دەکا.

٢٠. ڤیرۆنا Verona: شارێک و هەرێمێکی ناودارە لە باکووری ئیتالیا.

٢١. لەوە دەکا ئەمە گیراردۆی دووەمی سەرۆکی دێری سان تزینۆ بێ.

٢٢. چونکە باربارۆسا فەرمانی دا میلانۆ وێران بکرێ.

٢٣. مەبەست ئەلبێرتۆ دیللا سکالا Aberto della scala یە. نەجیبزادەیەکی گەورەی شاری ڤیرۆنا بوو. لە ١٠ی ئەیلوولی ١٣٠١دا کۆچی دوایی کرد. سێ کوڕی خۆی و کوڕێکی زۆڵی لە پاش بەجێ ما. کوڕە زۆڵەکە ناوی جیوزیپیە Giuseppe (یووسف) بوو. باوکی بە قەشەی گەورەی سان تزینۆی دانا و لە ١٢٩٢ تا ١٣١٣ لەو پایەیە مایەوە. ئەم پیاوە دەلەنگی، بۆیە لێرە بە نوقستان ئاماژەی پێکراوە. ڕۆحی نوقستانتر بوو، واتە گەندەڵبوو.

٢٤. واتە ئەلبێرتۆ خەفەت بۆ ئەو دێرە دەخوا کە سان تزینۆ وێرانی کرد.

٢٥. ئەلبێرتۆ ساڵی ١٢٨٦ یووسفی کوڕی کە شەل و شێواو و زۆڵ بوو کرد بە سەرۆکی دێرەکە.

٢٦. ئاماژەیە بۆ میللەتی جوولەکە کە بە سەرکردایەتیی مووسا لە میسر هاتنە دەرەوە. دەریای سووری (قولزمی)یان بۆ شەق بوو و پێیدا پەڕینەوە. کە ئەوان پەڕینەوە دەریا گەڕایەوە دۆخی جارانی و فیرعەون و سەربازەکانی خنکان.

٢٧. ئوردن: ناوی ڕووبارێکی ناوداری فەلەستین بوو.

٢٨. واتە ئەو جوولەکانەی سەرپێچیی ڕێنماییەکانی مووسایان کرد هەموو سەریان تێداچوو، تەنیا دوو کەسیان ڕزگاربوون: (کالیب) و (یووشەع)

٢٩. واتە خەوی لێکەوت.

***

## سروودی نۆزدەم[1]

### ئەڵقەی پێنجەم

### ڕەزیل و دەستبڵاوان

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٠٠، دانتی لە خەودا ژنێکی شێواوی بینی زمانی دەیگرت و بە لاڵوپتی قسەی دەکرد، بەڵام کە دانتی تەماشای کرد، لاڵوپتییەکەی نەما و دەستی بە گۆرانی کرد، گوتی من بووکی دەریام، دەریاوانەکان گومڕا دەکەم و بۆ خۆمیان کەمەندکێش دەکەم. ئەو ژنە ڕەمزی قرچۆکی و چاوچنۆکی و ئاڵۆشیی جەستە بوو، ئینجا ژنێکی خواناس و قدیسە دەرکەوت. لەوە تووڕەبوو کە دانتی خەریکبوو تەفرە بەو ژنە بخوا. ڤیرجیلیۆ سکی بووکی دەریای ڕووت کردەوە، بۆنێکی زۆر پیسی لێ دەهات. دانتی لە بۆنەکە بەئاگا هات.

ڕۆژ هەڵاتبوو. فریشتەی ڕزگاری داوای لە شاعیرەکان کرد بەرەو سەرەوە بەڕێ بکەون و بە باڵ نیشانەی گوناهی زەغەڵی و کەمتەرخەمی لە کاری چاکەی لە ناوچەوانی دانتی سڕییەوە.

ڤیرجیلیۆ دانتیی هان دا بۆ ئەوەی بڕوا. شاعیرەکان گەیشتنە ڕەوەزی پێنجەم. دانتی ڕژد و دەستبڵاوەکانی بینی دەمەوڕوو کەوتبوون و دەگریان.


ڤیرجیلیۆ ڕێگەی ڕەوەزی شەشەمی لێ پرسین. یەکێ لە ڕۆحەکان پێی گوتن بڕۆن و چیا بدەنە لای دەستەڕاست.

دانتی چووە لای ڕۆحەکە و داوای لێکرد نەختێ لە خۆپاککردنەوە بوەستێ بۆ ئەوەی قسەی بۆ بکا. لە ڕۆحەکەی پرسی کێیە و ئەوانەی خۆیان

پاکدەکەنەوە لە چ حاڵێکدان و ئایا دەیەوێ لەسەر دونیا چ خزمەتێکی بۆ بکا؟ ڕۆحەکە ڕۆحی پاپا ئەدریانۆی پێنجەم بوو. گوتی کە بووم بە پاپا تۆبەم لە ڕەزیلی کرد و زانیم ژیانی دونیا پووچ و بەتاڵە.

ئەو ڕۆحانە سزایان ئەوەیە لەسەر چاو بکەون، چونکە لە ژیاندا تەماشای سەرەوەیان نەدەکرد.

دانتی لە تەک ڕۆحەکە چۆکی دادا، بەڵام ئەدریانۆ داوای لێکرد هەستێتەوە سەر پێ، چونکە هەمووماں بەندەی خواین. ئینجا داوای لە دانتی کرد بە ڕێی خۆیدا بڕوا بۆ ئەوەی لە پاکبوونەوە دوای نەخا. باسی ئالاجیای کچی برای کرد گوتی ئەگەر خانەوادەکەیان تێکیان نەدابێ، ڕەوشتی زۆر بەرزە. هەر تەنیا ئەو لە دونیادا یادی دەکاتەوە و دوعای بۆ دەکا.



ئەو ساتەی[٢] گەرمای خۆر
بەرامبەر ساردیی زەوی و هەندێ جار زوحەل
چیتر ناتوانێ ساردیی مانگ[٣] گەرم بکاتەوە،
کاتێ ڕەملچییان[٤]، ئەستێرەکانی (بەختی گەورە)[٥]
دەبینن، پێش بەیانی[٦] لای ڕۆژهەلات، هەلدێن،
لەو خولگەیەی نەختێ تاریکیی تێدا ماوە،
لە خەودا، ژنێکی[٧] شێواو و لالوپتم بینی،[٨]
چاو خێل[٩]، قاچ چوێر[١٠]، دەست قوتماو[١١] و
ڕەنگ زەرد و بزرکاو[١٢]!
تەماشام کرد. خۆر چۆن لەشی
سارد و تەزیوی شەو گەرم دەکاتەوە،
ئاوها بە سەیرکردنی من زمانی کرایەوە.
پڕ بە بەژنی خۆی قیت کردەوە.
هەر زوو ڕەنگوڕووی زەرد و بزرکاوی
بە ڕەنگی ئەشق و شادی گەشایەوە.
کە گرێی زمانی کرایەوە،
تێی هەلکردە گۆرانییەکی خۆش.
زەحمەت بوو بتوانم سەرنجی لێ کەلا کەم.
دەیچڕی و دەیگوت: (من سیرینای[١٣] ناسکم،
دەریاوانان لەناو دەریادا وێل دەکەم!
هەر کەسێ گوێم لێ بگرێ چێژێکی خۆشی پێدەدەم
من بووم، بە گۆرانی، (ئۆلیسسی)م لە گەشتی دەریادا گومڕا کرد.[١٤]
ئەوەی لە من نزیک بکەوێتەوە، قەت ناتوانێ جێم بێلێ.
تەواو دلی لێ دەسەنم و هەموو ئارەزووی دێنمە دی!)
هێشتا ئەو دەمی دانەخستبوو،
خاتوونێکی[١٥] پیرۆز و وریام لە لا پەیدابوو،
هات تەریقی بکاتەوە و بیتاسێنێ.
بە توندی قیژاندی: (ڤیرجیلیۆ! ڤیرجیلیۆ!

ئەم ژنە کێیە؟) ئەویش کە چاوی.
لەو ژنەی بڕیبوو، هات. (٣٠)
ژنەکەی تری گرت و جلی لە پێشەوە دڕاند،
کراسی دادڕی و ورگی دەرخست.
بۆن بۆگەنییەکی لێدەهات، بێداری کردمەوە! (٣٣)
چاوم بۆ لای ڤیرجیلیۆ وەرگێڕا، مامۆستای خاسم گوتی:
(لانی کەم سێ جار گازم کردی: هەستە، وەرە!
ئەو دەرەیە بدۆزینەوە و پێیدا بچینە سەرەوە!) (٣٦)
هەستام، دیم سەراپای ئەڵقەکانی کۆساری پیرۆز
لە خۆرەتاودا نقووم بووین،
پشت لە خۆری تازە هەڵاتوو[16]، ڕۆیشتین. (٣٩)
شوێنی کەوتم، ڕووم لە ڕووی یەکێکی دەکرد
لەبەر غەم و غایەڵە چەمابێتەوە.
لەشم کردبوو بە نیوەتاقی پردێک! (٤٢)
گوێم لێ بوو یەکێ گوتی: (وەرن، دەرەکە لێرەیە![17])
بە دەنگێکی نەرم و میهرەبانی وا
نموونەی لە سنووری خاکی مردەنیماندا نییە! (٤٥)
ئەوەی وای پێ گوتین
بە دوو باڵی کراوەی وەک باڵی قوو
بە نێوان دوو دیواری بەردینی سەختدا سەری خستین! (٤٨)
باڵەکانی لێکدا[18] کزەبایەکمان بۆ هات، پێی گوتین:
(ئەوانەی دەگرین بەختەوەر دەبن،
چونکە ڕۆحیان کەیلی ئارامی دەبێ!) (٥١)
کە هەردووکمان نەختێ لە فریشتەکە تێپەڕین،
ڕابەرەکەم ڕووی تێکردم و گوتی:
(چیتە؟ بۆچی هەر سەیری زەوی دەکەی؟) (٥٤)
گوتم: (گومانێکی گەورە دایگرتووم.
خەونێکی تازەم دیوە، توند بەگیری هێناوم

ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە.) (٥٧)
گوتی: (ئەو جادووکەرە[١٩] دێرینەت بینی،
فرمێسک بەوانەی سەرەوەمان دەڕێژێ؟
دیتت، پیاو چۆن دەتوانێ لە دەستی دەرباز بێ!(٦٠)
ئەوەندەت بەسە پاژنەت لە زەوی بکوتە
چاو ببڕە ئەو وێنەیەی سوڵتانی ئەبەدی[٢٠]
لە سەرانسەری ئەڵقە گەورەکاندا بڵاوی دەکاتەوە. (٦٣)
باز چۆن یەکەم جار سەیری قاچی خۆی دەکا
ئینجا ڕوو بۆ لای بانگی بازەوان وەردەگێڕێ و
لە شەققەی باڵ دەدا بۆ ئەو نێچیرەی سەرنجی ڕادەکێشێ. (٦٦)
منیش بەم جۆرە ڕۆیشتم تا مەودای شەقبوونی شاخەکە
ڕێی ڕۆیشتنی ڕێدارانی سەر هەوراز دەدا.
تا سەرەتای گەوە و گەڕەکە ڕۆیشتم. (٦٩)
کە لە ئەڵقەی پێنجەم ڕەها بووم
خەڵکانێکم دی، لە پەوڕوو لەسەر زەوی کەوتبوون،
دەکڕووزانەوە و فرمێسکیان دەڕشت. (٧٢)
گوێم لێبوو دەیانگوت: (گیانم بە خاکەوە نووساوە!)
بەدەم نزگرەی ئەوەندە توند وایان دەگوت
دژوار بوو لە قسەیان بگەی!
ئەی هەڵبژاردەکانی خودا، کە بە ئومێد و دادپەروەری (٧٥)
ئەشکەنجە و ئازارتان سووکتر دەبێ،
بەرەو پلەکانی سەرەوە ڕێنماییمان بکەن!) (٧٨)
(ئەگەر هاتوونەتە ئێرە و ناترسن
بە زەوییەوە بلکێن، بەدوای نزیکترین ڕێدا دەگەڕێن،
با هەمیشە چیا لە دەستەڕاستتانەوە بێ) (٨١)
شاعیرەکەم ئاوها پرسیاری کرد و لە بەردەممانەوە، (٨٤)

ئاوها وەڵامیان دایەوە.
زانیم دەنگەکە لە چ ڕۆحێکەوە دێ!
ئینجا چاوم بڕییە چاوی سەروەرەکەم،
چی نیگای پەرۆشم ئارەزووی لێ بوو،
ئەو بە ئاماژەی میهرەبانی قبووڵی کرد. (٨٧)
دەرفەتم وەرگرت چی دەمەوێ بیکەم،
بەپێش ئەو کەسە کەوتم
کە پێشتر بە قسەکانی سەرنجی ڕاکێشام! (٩٠)
گوتم: (ئەی ئەو ڕۆحەی فرمێسک
وات پێ دەگەیەنێ، بتوانی بگەڕێیتەوە لای خودا،
بۆ خاتری من، نەختێ کاری گەورەت ڕاگرە! (٩٣)
پێم بڵێ: (تۆ کێ بووی؟ بۆچی ئێوە هەموو پشتتان لە ئاسمانە؟
ئایا دەتەوێ لە دونیادا شتێکت بۆ بکەم؟
من بە زیندوویی هاتووم و دەگەڕێمەوە ئەوێ.) (٩٦)
پێی گوتم: (زۆر نابا دەزانی
بۆچی بە کاری خوا پشتمان لە ئاسمانە؟
پێشەکی بزانە من جێگری پیر پیترۆس بووم. (٩٩)
ڕووبارێکی جوان[21] بە نێوان (سییستری) و
(کیاڤیری)[22]دا دەڕوا، خانەوادەی من
نازناوی شکۆداری خۆی لە ناوی ئەوەوە وەرگرتووە.[23](١٠٢)
بە ماوەی مانگێک و نەختێ زیاتر، زانیم
جوببەی مەزن چەند قورسە بۆ ئەو کەسەی نەیەڵێ بە قوڕ ببێ،
هەر بارێکی تر، لە چاو ئەم بارە، وەکو پەڕ وایە! (١٠٥)
حەیف، درەنگ تۆبەم کرد،
بەڵام کە بووم بە قەشەیەکی ڕۆمانی
ئەوسا بۆم دەرکەوت ژیان چەند پووچ و بەتاڵە!(١٠٨)

دیتم لەوێ دڵم قەت داناکەوێ،
ناشکرێ مرۆڤ لە چیادا لەوە هەورازتر بڕوا.
بەم جۆرە گڕی ئەشقی دونیام لە دڵ بەربوو(١١١)
تا ئەوسا ڕۆحێکی کڵۆڵ بووم!
بەخیل و لە خوا دووربووم،
ئەوەتا دەبینی لێرە سزای ئەو گوناهە دەخۆم.(١١٤)
ئەوەی بەخیلی بە مرۆڤی دەکا
لێرە، لە پاکبوونەوەی ڕۆحی تۆبەکارانەوە دەردەکەوێ.
لەم چیایەدا، ئەشکەنجە لەوە سەختتر نییە!(١١٧)
لەبەر ئەوەی چاومان هەمیشە لە ماڵی دونیا بوو،
هەرگیز چاومان نەدەبڕییە ئاسمان،
لێرە سزامان ئەوەیە چاومان لە زەوی ببڕین!(١٢٠)
بەخیلی، ئەشقی ئێمەی بەرامبەر هەموو چاکەیەک سڕیوەتەوە.
توانای کاری چاکەمان نەماوە.
بەم جۆرە، لێرە ئەوەتا دادپەروەری دەمانگوشێ. (١٢٣)
دەست و پێمان دەبەستێ و لە جووڵەمان دەخا.
تا خودای دادپەروەر مەیلی لەسەر بێ،
بێ جووڵە لێرە ڕادەکشێین!)(١٢٦)
چۆکم دادا بۆ ئەوەی بیدوێنم،
بەڵام هەر هێندە دەستم پێکرد،
ئەو، تەنیا بە گوێگرتن زانیی چەندی ڕێز دەگرم.(١٢٩)
لێی پرسیم: (بۆچی وا داهاتیتەوە؟)
پێم گوت: (بۆ خاتری گەورەیی تۆ،
ویژدانم ئازارم دەدا، بەرامبەر تۆ لەسەر پێ بوەستم.)(١٣٢)
وەڵامی دایەوە: (برام، پێ بچەقێنە و قیتبەوە،
ئەم هەڵەیەم لەگەڵ مەکە و ئەو گوناهەم پێ مەکە!

من و تۆ و ئەوانی تر بەندەی یەک سوڵتانین!(١٢٥)
ئەگەر لەو قسەیەی کتێبی پیرۆز گەیشتبیت:
(قەت زەماوەند ناکەن)، تێدەگەی
بۆچی ئاوها قسە دەکەم!(١٣٨)
هەنووکە برۆ رێی خۆت، نامەوێ لەوە زیاتر بمێنیتەوە!
بە مانەوەی تۆ فرمێسکم دەوەستێ.
ئەو فرمێسکەیە پاکم دەکاتەوە و دەروونم دەخەملێنێ.(١٤١)
لە دونیادا، کچە برایەکم هەیە بە ناوی (ئالاجیا)[٢٤].
بە سروشتی خۆی کچێکی باشە،
ئەگەر خانەوادەکەمان بە خراپەی خۆی، گەندەڵی نەکا!(١٤٤)
ئەمە تاکە کەسێکە لەوێ ماومە٢٥!(١٤٥)!

***

## پەراوێزەکانی سروودی نۆزدەم

١. ئەمە یەکەم سروودی قرچۆک و دەستبلاوانە. پێی دەگوترێ سروودی ئەدریانۆی پێنجەم.

٢. مەبەست پاشنیوەشەوە کە دەوسی تیشکی خۆر تەواو لەناو دەچێ و لە هەموو کاتێ ساردترە. مەبەست ئەو کاتەیە کە مرۆڤ خەونی ڕاستەقینە دەبینێ. (دۆزەخ، س٢٦، د ٧) (بەرزەک، س١٩، د١٦).

٣. پێشینان بڕوایان وا بوو مانگ ساردە.

٤. ڕەملھاوێژەکان بە ڕەسمکردنی هێڵ و پنت لەسەر ڕەمڵ واتە قوم، بەختیان دەخوێندەوە.

٥. ماجیۆرا فۆرتونا Maggiora Fortuna: واتە بەختی گەورە. کۆمەڵە ئەستێرەیەکە دەکەوێتە کلکەی بورجی دەولک و پێشەوەی بورجی نەهەنگ. ڕەملھاوێژەکان بە نیشانەی بەختی باشی دەزانن. ئەم کۆمەڵەیە لە هەشت ئەستێرە پێکهاتووە.

٦. واتە سەعات دەوری چواری بەیانیی ڕۆژی سێشەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٠٠ بوو.

٧. ئەم ژنەیش وەکو پیرەمێردەکەی دوورگەی کریت کە لە دۆزەخدا باسی هاتووە (دۆزەخ،س١٤)، مانای ڕەمزیی خۆی هەیە. لێرەدا ڕەمزی سێ گوناهە: قرچۆکی و چڵێسی و ئالوشیی جەستە، کە سێ گوناهی سێ ئەڵقەی کۆتایی بەرزەکن. ئەم ژنە لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ناشیرین نییە، مانای ئەوەیە کە چێژی دونیایی، لەگەڵ گەندەڵیی ناوەوەیدا، خۆی بە جوانی دەنوێنێ.

٨. لاڵوپت: دەم تێکئالان: لەبەر قرچۆکی ناتوانێ بە ڕوونی بدوێ.

٩. چاوخێلی: قرچۆکی لێناگەڕێ مرۆڤ شت بە چاکیی ببینێ.

١٠. لاقچوێری: قرچۆکی ڕێ نادا بە ڕاستودروستی حوکم لەسەر شت بدەی و هێزی لاقت دەبا.

١١. دەستقوتماو : ڕەمزی قرچۆکییە کە هیچ نابەخشێ.

١٢. ڕەنگزەرد و بزرکاو: لەبەر یەکێ لەو سێ گوناهە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە.

١٤. سیرینا Serena: پەریی دەریایی. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی ئەمانە ژنی زۆر جوان بوون. نیوەی سەرەوەی لەشیان ژن و نیوەی خوارەوی لەشیان ماسی بوو. دەنگیان زۆر خۆش بوو. بەو دەنگە دەریاوانەکانیان ڕادەکێشا و دەیانکوشتن. ئۆدیسسەی قارەمانی ناوداری یۆنانی، لە کاتی گەڕانەوەیدا لە (تەڕوادە)، بە لای دوورگەیەکی ئەم پەریی دەریاییانەدا تێپەڕی. بۆ ئەوەی دەریاوانەکان گوێیان لە

دەنگی ئەو پەریی دەریاییانە نەبێ مۆمی لە گوێ کردن و فەرمانی دا خۆیشی لە دیرەکی کەشتی ببەستنەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ بە دوای دەنگی پەرییەکاندا بچێ. لێرەدا ئەو پەرییانە ڕەمزی چێژی دونیایین کە بە ڕووکاری هەڵخەڵەتێنی خۆیان مرۆڤ لەخشتە دەبەن و لە ڕێی ڕاست لایدەدەن.

١٤. ڕاستییەکەی پەریی دەریا نەبوو ئۆدیسسەی بۆخۆی ڕاکێشا، بەڵکو چیرچیی جادووکەربوو.

١٥. ئەو خاتوونە ڕەمزی ئەقڵە کە مرۆڤ لە مەترسی ڕزگار دەکا. هەندێ دەڵێن ڕەمزە بۆ مریەمی پاکیزە و هەندێکی تر دەڵێن ڕەمزە بۆ بیاتریچی، یان لوچیا.

١٦. بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن و ڕۆژی تازە هەڵاتوو لە پشتی دەدان.

١٧. ئەمە فریشتەی پاسەوانی ئەڵقەی چوارەمی بەرزەکە، بانگی دوو شاعیرەکە دەکا سەرکەون.

١٨. فریشتەکە، بە لێکدانی باڵەکانی گوناهی تەمبەڵی و کەمتەرخەمیی لە ناوچەوانی دانتی سڕییەوە.

١٩. ژنی کۆنەساڵی جادووکەر، بۆیە کۆنەساڵە، چونکە لەوەتی بنیادەم دروست بووە، چێژی دونیایی لەگەڵدا بووە.

٢٠. سوڵتانی ئەبەدی، مەبەست خودایە.

٢١ ڕووباری جوان: مەبەست ڕووباری لاڤانیا Lavagnaیە. ڕووبارێکی بچووکە لە چیای ئاپیننین هەڵدەقوڵێ و لە دەریای ئەدریاتیک دەکاتەوە.

٢٢ سیێستری siestri و کیاڤری Chiaveri دوو شارۆچکە بوون لە کەناری باکووری ڕۆژئاوای ئیتالیا، لە ناوچەی (لیگوریا).

٢٣. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پاپا ئەدریانۆی پێنجەم یەکێ بوو لە نەجیبزادەکانی فیسکی کە نازناویان کۆنتی لاڤانیا بوو. لاڤانیا شارێ بوو بە ناوی ڕووبارەکەوە کرابوو.

(٢٤. ئالاجیا دی فیسکی algia dei fischi یەکێ بوو لە سێ کچی نیکۆلای برای ئەدریانۆی پێنجەم و ژنی مۆریلۆی مالا سپینا (دۆزەخ، س٢٤، د١٤٥). ژنێکی زۆر بەدین و ڕەوشتبەرز بوو. ساڵی ١٣١٥ بێوەژن کەوت و پاش مێردی تا ساڵی ١٣٤٣ ژیا، ڕەنگە دانتی ئەو کاتەی ساڵی ١٣٠٦ لە ناوچەی لونیجانا دەژیا، ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیدا کردبێ.

٢٥. واتە ئالاجیا تەنیا کەسێکە لە بنەماڵەکە یادی ئەدریانۆ دەکاتەوە و دوعای بۆ دەکا.

***

# سروودی بیستەم[1]

## ئەڵقەی پێنجەم

## قرچۆک و دەستبڵاوان


دوو شاعیرەکە لەسەر ئارەزووی ئەدریانۆی پێنجەم بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن. بە شوێنێکدا ڕۆیشتن پڕبوو لەو ڕۆحانەی لەسەر چاو ڕاکشابوون و لە خۆپاککردنەوەدا بوون. دانتی تووک و نەفرەتی لە پیرەگورگ کرد کە ڕەمزی ڕژدیی و چاوچنۆکییە. دانتی گوێی لە ڕۆحەکان بوو گۆرانییان دەچڕی بە هەژاری و لەدایکبوونی مەسیح لە تەویلە و فابریتسیۆی ڕۆمانی کە هەژاری و چاکەی لە سامان و تاوان پەسندتر کرد.

ڕۆحێک بە دانتیی گوت لە بنچینەدا لە بنەماڵەیەکی کرێتە. ڕایگەیاند کە (ئوگۆ چاپێتا)ی کوڕە قەسابە. کاتی خۆی لە فڕەنسا فەرمانڕەوایی گرتە دەست. میللەتەکەی شەرمیان بە خۆ بوو ئیشی چرووک بکەن، بەڵام دوای ئەوەی دەستیان بەسەر پرۆڤانسدا گرت، دەستیان بە ستەم و تاڵانوبڕۆ کرد. گوتی شارل دانژوو هاتە ئیتالیا و کۆنرادۆ دی هوهنشتاوفنی بەزاند. پێشبینیی هاتنی شارل دی ڤالوای کرد کە دێ و بە ڕمی یەهوودا ورگی فلۆرەنسا دەدڕێ. بەمەوە تووشی تاوان و شەرمەزاری دەبێ. باسی شارل دانژووی دووەمی کرد کە کچەکەی خۆی وەکو کەنیزە بە پارە فرۆشت. پێشبینیی پیلانی فیلیپی جوانی کرد بۆ کوشتنی بۆنیفاچۆی هەشتەم کە دوژمنی دانتی بوو.

(ئوگۆ چاپێتا) گوتی ئەوانەی خۆیان پاکدەکەنەوە شەو ناوی هەندێ نموونەی ڕەزیلی و چاوچنۆکی دێننەوە. وەکو پیگمالیونی پاشای سوور و میدای پاشای فریجیا و ئاکانی جوولەکەو ئیلۆدۆرۆی وەزیری سەلقوسی پاشای سووریا و پۆلی نیستۆی پاشای تراکیا و کراسۆی ڕۆمانی.

دوو شاعیرەکە بە ڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن. دانتی هەستی کرد چیای بەرزەک زۆر بە توندی هەژا و لەرزی. دانتی موچرکی پیدا هات. گوێی لە ڕۆحەکان بوو دوعای (گەورەیی هەر بۆ خوای بانی سەرە!)ی دەخوێندەوە.

دانتی دەیەویست لەم بارەیەوە پرسیار بکا، بەڵام ڤیرجیلیۆ پەلەی لێ کرد بڕوا و دانتیش بە ترس و بیرکردنەوە ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت.



هیچ ئارەزوویەک ناتوانێ ئارەزوویەکی بەهێزتر بۆڕ بدا[2]
بۆ ئەوەی شادیی پێ ببەخشم، بێ خواستی خۆم،
ئەسفەنجی تێراو نەبووم لە ئاو دەرهێنا[3] (٣)
ڕۆیشتم، ڕابەرەکەم پێشم کەوت،
بە درێژایی ڕێگەی چۆڵی شاخەکە
وەک یەکێ بیەوێ بە بندیوارێکدا بڕوا و خۆی پێوە بنووسێنێ، (٦)
چونکە ئەو کەسانەی دڵۆپ دڵۆپ
خراپەیان[4] لە چاو دەتکێ و هەموو دونیا پڕ دەکا
لەو لاوە، زۆر لە نزیک لێواری دەرەوە دەهاتن! (٩)
دەک نەفرەتت لێدا دەڵەگورگی پیر[5].
کە نێچیرت لە هەموو دڕندەیەک زیاترە و
برسێتیت شۆ و سنووری بۆ نییە! (١٢)
ئەی ئاسمان، ئێمە پێمان وایە
بارودۆخی ئەم خوارە بەپێی خول و دەوری تۆ دەگۆڕێ.
کەی ئەم گورگە ڕاودەنێ و دەری دەکا. (١٥)
بە هەنگاوی کورت و بە هێدی دەڕۆیشتین[6]
هۆشم هەر لای ڕۆحەکان بوو
گریانی بەکوڵ وناڵەی جەرگبڕیان دەهات. (١٨)
بە ڕێکەوت، لە پێش خۆمانەوە
گوێم لێ بوو یەکێ وەک ژنێکی ژان گرتوو
بە گریان هاواری دەکرد: (ئای مێرەمی نازدار!)[7] (٢١)
ئینجا بەردەوام بوو: (تۆ زۆر زەبوون و هەژار بووی،
وەک لەو تەویلەیەوە[8] دیارە
کە سکی پیرۆزی خۆت لێ دانا.) (٢٤)
پاشان گوێم لێ بوو: (ئەی فابریتسیۆ)ی[9] مێرخاس،
تۆ چاکەت لەگەڵ هەژاری ویست
نەک خراپە لەگەڵ سامانی زۆر[10]). (٢٧)
ئەو قسانەم ئەوەندە بەلاوە خۆش بوو،

خوم بۆ پێشەوە هەڵکوتا، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆحە بناسم،
کە ئەو قسانەی دەکرد. (٣٠)
باسی ئەو جوامێری و بەخشندەییەی دەکرد
کە پیر نیکۆلا[١١] لەگەڵ خاتوونە هەژارەکانی دەکرد.
بۆ ئەوەی گەنجێتییان بەرەو شەرەفمەندی ببا (٣٣)
گوتم: (ئەی ڕۆح تۆ کە باسی ئەو چاکە گەورەیە دەکەی،
پێم بڵێ تۆ کێ بووی[١٢] و بۆچی هەر تەنیا تۆ
ئەو ستایشە ئاسمانییە تازە دەکەیتەوە؟ (٣٦)
ئەگەر بۆ تەواوکردنی ماوەی کورتی
ئەو ژیانە بگەڕێمەوە کە بەرەو کۆتایی دەفڕێ،[١٣]
قسەکانت بێ پاداشت نابن.) (٣٩)
ئەویش گوتی: (پێت دەڵێم
نەک بۆ هیچ بەرژەوەندییەک کە لەوێ دەستم دەکەوێ،
بەڵکو بۆ ئەو بەرەکەتەی پێش مردن، لە تۆ دەدرەوشێتەوە. (٤٢)
من ڕەگی ئەو درەختە پیسە بووم [١٤]
کە هەموو دونیای گاوراتی تاریک کرد.
بە جۆرێ، بە دەگمەن بەرێکی چاکی دەدا، (٤٥)
بەڵام ئەگەر (دۆواجیۆ) و[١٥] (لیللا) و[١٦] (گوانتۆ) و[١٧] (بروجیا)[١٨]
دەسەڵاتیان هەبوایە، ئەم تۆڵەیە زوو دەکرایەوە.
منیش هەر ئەو داوایەم لە دادوەری هەموو عالەم[١٩] هەیە. (٤٨)
من لەوێ ناوم (ئوگۆ چاپپێتتا)[٢٠] بوو.
(فیلیپی) و (لویجی)[٢١] لە پشتی من بە پاش کەوتوون
کە ئێستا حوکمی فرەنسا دەکەن. (٥١)
کوڕی قەسابێکی پاریس بووم.[٢٢]
هەموو پاشا دێرینەکان لەناوچوون
تەنیا ڕاهیبێک نەبێ کە جوببەی بۆری لەبەر بوو.[٢٣] (٥٤)
خۆمم بینی جڵەوی حوکمی هەموو وڵاتم
توند لەناو دەستدا بوو.

به موڵکی نوێ دەسەڵاتدار و بە برادەی تازە پشتئەستوور بووم (٥٧)
تاجی بێسەرەوەر چووە سەر سەری کوڕەکەم.[٢٤]
ئێسکی پیرۆزی ئەوا پاشایانە
ڕەگوڕیشەیان بۆ ئەو دەچێتەوە. (٦٠)
تا قەڵەنی هەرێمی گەورە[٢٥] ڕەچەڵەکی شەرمەزار نەکردبووم،
ئەم خانەوادەیە بایەخێکی گەورەی نەبوو.
بەڵام خراپەیشیان نەدەکرد. (٦٣)
ئەوسا بە درۆ و دەستدرێژی
کەوتنە تاڵان و چەپاوکردن و لە تۆڵەی ئەمەیشدا
(پۆنتی) و[٢٦] (نۆرماندیا) و[٢٧] (گواسکۆنیا)یان[٢٨] داگیرکرد.[٢٩] (٦٦)
(کارلۆ)٣٠ هاتە ئیتالیا و بۆ تۆڵەکردنەوە
(کۆرڕادینۆ)ی٣١ کردە قوربانیی خۆی.
ئەوسا بۆ تۆڵە (تۆمماسۆ)ی[٣٢] ناردەوە ئاسمان.[٣٣] (٦٩)
سەردەمێکم لەبەر چاوە – زۆر دووریش نییە –
(کارلۆ)یەکی تر[٣٤] لە فرەنسا پەیدا دەبێ
خۆی و کەسانی خۆی زیاتر بە خەڵک دەناسێنێ. (٧٢)
بە تەنیا و بێ چەک دێ[٣٥]، تەنیا ئەو ڕمەی[٣٦] پێیە
کە یەهوودا ڕمبازیی پێ دەکرد.
بە وردی دەیهاوێ و ورگی فیۆرێنتزا دەدڕێ. (٧٥)
شەرم و تاوان نەبێ، هیچی تری دەست ناکەوێ.
خۆی چەند بە سووک تێدەگا
ئەوەندە قورس و گرانە. (٧٨)
ئەوەی تر، ڕۆژێ دێ و وەکو دیل لە کەشتییەکەی دێتەدەرێ.
کچەکەی وەک کەنیزە هەڕاج دەکا و دەفرۆشێ
وەک دزی دەریایی کە ژن دەفرۆشن[٣٧]. (٨١)
ئەی بەخیلی، دەتوانی لەوە زیاتر چیمان لێ بکەی؟
هەموو ڕەچەڵەکی منت تەفرە داوە
بایەخ بە جگەرگۆشەی خۆیان نادەن! (٨٤)

بۆ ئەوەی تاوانی ڕابردوو و ئاینده کەمتربێتەوە
گوڵەمێلاقە[٣٨] دەبینم دەچێتە ناو کڵێسەی (ئالانیا) و[٣٩]
مەسیح دەبینم دەبێ بە دیلی کەسێتیی جێنشینەکەی[٤٠]. (٨٧)
جارێکی تر دەیبینم گاڵتەی پێ دەکەن.
دەبینم ڕووداوی سرکە و زەرەند[٤١] تازە دەبێتەوە و
ئەویش لەناو دوو دزی زیندوودا دەکوژرێ. (٩٠)
(پلاتۆ)ی[٤٢] نوێ ئەوەندە دڵڕەق دەبینم
دڵی بەم هەمووە داناکەوێ
بەبێ یاسایی چارۆکەی چڵێسی خۆی دەباتە ناو پەرستگە.[٤٣] (٩٣)
خودایە، کەی شاد دەبم، ببینم
ئەو تۆڵەیەی لەناو خواستت شراوەتەوە،
ڕقت دەنیشێنێتەوە. (٩٦)
ئەوەی لە بارەی بووکی تاقانەی ڕۆحی پیرۆز[٤٤] گوتم
وای کرد ڕوو بکەیتە من و
هەندێ ڕوونکردنەوەم پێ بدەی (٩٩)
بە درێژایی ڕۆژگار لەگەڵ دوعاکانمان دەیڵێینەوە،
بەڵام کە شەومان بەسەردا دێ
ئاوازێکی تری لەباتی دەڵێینەوە. (١٠٢)
ئەوسا دەگەڕێینەوە سەر پیگمالیۆن.[٤٥]
کە لەبەر تامەزۆریی بۆ زێڕ
بوو بە خایەن و دز و خزمی خۆکوژ (١٠٥)
میدای[٤٦] بەخیل تووشی چ کڵۆڵییەک هات
کە زادەی چاوچنۆکیی بێسنووری خۆی بوو،
پێویستە پێی پێبکەنین (١٠٨)
ئینجا هەموومان (ئاکان)ی[٤٧] شێتمان لە بیرە
چۆن دەستکەوتەکانی دزی
تا ئێستایش لێرە ڕقی یەسووع دەیکرۆژێ (١١١)
(سافیرا)[٤٨] و مێردەکەی تاوانبار دەکەین

ستایشی ئەو شەقانە دەکەین کە (ئیلیۆدۆرۆ) خواردی.[٤٩]
هەموو چیا پڕ بووە لە بەدناوی (١١٤)
(پۆلی نیستۆر)[٥٠] کە (پۆلیدۆرۆ)ی سەر بڕی.
دوای هەموویان هاوار دەکەین:
((کراسسۆ)[٥١]، تۆ هۆزانی، پێمان بڵێ زێڕ تامی چۆنە؟) (١١٧)
هەندێ جار قسە دەکەین: یەکێ بە دەنگی بەرز و یەکێ بە نزمی
بەپێی ئەو ئەنگێزەی هانمان دەدا بدوێین
هەندێ جار بە هێز و هەندێ جار بێ هێز (١٢٠)
ئیتر ئەو چاکەیەی بە ڕۆژ لێرە باسی دەکەین،
هەر تەنیا من نەبووم باسم دەکرد،
بەڵام کەسی تر لە نزیک منەوە دەنگی هەڵنەبڕی. (١٢٣)
لای ڕۆحەکە ڕۆیشتین و
ئەوەندەی شەنگمان لەبەردا بوو
ڕێگەی ژێهەڵمان بڕی (١٢٦)
کە هەستم کرد چیا وەکو بڕووخێ، هەژا و لەرزی.[٥٢]
مووچڕکێکم پێداهات
وەکو ئەو مووچڕکەی بەو کەسەدا دێ لە گیانکەنشتا بێ. (١٢٩)
بێشک، (دیلۆ)[٥٣] وا توند نەهەژاوە،
بەر لەوەی (لاتۆنا) هێلانەی لێ بکا
بۆ ئەوەی نووری دوو چاوی ئاسمانیی[٥٤] ببێ (١٣٢)
ئەوسا لە هەموو لایەکەوە بوو بە هەراوهاوار
مامۆستاکەم هاتە لامەوە و گوتی:
(تا من ڕابەرت بم، تۆ هیچ ترست نەبێ!) (١٣٥)
وەک لەوانەی نزیکم بوون و دەنگم دەبیستن
تێگەیشتم هەموو دەیانگوت:
(گەورەیی بۆ خودای بانی سەر.)[٥٥] (١٣٨)
وەک ئەو شوانانەی پێش هەموو کەس ئەو هاوارەیان بیست،
بێ جووڵە و بە دڕدۆنگی وەستاین

تا لە ڕزینەکە بڕایەوە و سرووودەکە کۆتایی هات. (١٤١)
ئینجا دووبارە ڕێگەی پیرۆزی خۆمان گرتەوە بەر
سەیری ئەو ڕۆحانەمان دەکرد لە سەر زەوی ڕاکشابوون.
دەستیان بە گریان کردبووەوە. (١٤٤)
ئەگەر لە بیرم بێ.
هیچ نەزانینێک تا ئێستا ئاوها
ئارەزووی زانینی نەبزواندووم. (١٤٧)
ئەوسا کە بیرم لەم بابەتە کردەوە
لە تەنگاوییان زاتم نەبوو پرسیار بکەم (١٥٠)
خۆیشم هیچی لێ تێنەدەگەیشتم
بەم جۆر بە شەرم و داڵغەوە بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتم (١٥١)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستەم

١. ئەمە سروودێکی تری تایبەت بە قرچۆک و دەستبڵاوانە. پێی دەگوترێ سروودی (ئوگۆ چیاپێتتا).

٢. واتە: ئارەزووی پاپا ئەدریانۆ، کە دەیەویست قسەکە ببڕێتەوە، لە ئارەزووی دانتی بەهێزتر بوو، کە دەیەویست لە گفتوگۆ بەردەوام بێ، بۆیە دانتی ناتوانێ خۆی لە بەرامبەر ڕابگرێ.

٣. یانی هێشتا قسەم مابوو، وازم هێنا.

٤. خراپە: لێرەدا مەبەست قرچۆکییە. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک دەڕێژن، واتە وردەوردە پاکدەبنەوە.

٥. لێرەدا دیمەنی ڕۆحەکان یادی دەڵەگورگەکەی بیر خستەوە کە ڕەمزی چڵێسییە و لە سەرەتای دۆزەخدا دەرکەوت (دۆزەخ، س١، د٤٩، ٥٠).

٦. چونکە شوێنەکە تەنگ و پڕ ڕۆح بوو.

٧. ژن ئازارێکی زۆر بە منداڵبوونەوە دەخوا، بەڵام کە منداڵەکەی بوو، زۆر کەیفی پێ دێ.

٨. تەویلە (ئاخوڕ): Ospitzio: ئاماژەیە بۆ ئەو تەویلەیەی (بێت لەحم) کە میرەمی پاکیزە عیسای لێ دانا.

٩. فابریچیۆ: کایۆس فابریچیۆس: ساڵ٢٨٢پ ز، قونسوڵی ڕۆمانی بوو. پیاوێکی زۆر سەرڕاست و داوێنپاک و کارڕاست بوو. هەرچەند دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، بە هەژاری و نەبوونی مرد. کاتێ پیترۆسی پاشای ئەپیرۆس هێرشی کردە سەر ئیتالیا، ئەو چوو گفتوگۆی لەگەڵ کرد. ویستیان دەمی چەور بکەن، ڕەتی کردەوە.

١٠. مەشوور بوو فابریچیۆ هیچ دیاری و خەڵاتێکی وەرنەدەگرت.

١١. نیکۆلۆ st. Nicolo: ئوسقوفی میرا بوو لە لیسیا. لە سەدەی چوارەم، لە سەردەمی قوستەنتین ژیاوە. هەردوو کڵێسەی ڕۆمانی و یۆنانی ڕێزیان دەگرت. سان کلۆزۆی منداڵان بوو. پارێزەری پاکیزە و دەریاوان و گەشتیاران بوو. دەگێڕنەوە: ڕۆژێ لە پەنجەرەوە سێ کچی بینی باوکیان لەبەر هەژاری دەیبردن بۆ بازاڕی جندە و حەشەرییان. نیکۆلا، لە هەموو ماڵی دونیادا سێ کیسە پارەی هەبوو، هەرسێ کیسە پارەی دایە کابرا بۆ ئەوەی بیکاتە مارەیی و جیازیی سێ کچەکە و بەشوویان بدا. لە زەمانی دانتیدا، کڵێسەیەکی تایبەتییان لە فلۆرەنسا دروست کرد بە ناوی (سان نیکۆلۆ). جەژنی نیکۆلو لە هەموو جەژنە ئایینییەکانی فلۆرەنسا شکۆدارتر بوو.

١٢. دانتی زۆری مەراق بوو بزانێ ئەوە کێیە باسی ئەو نموونە بەرزانە دەکا.
١٣. بەتەمای هاوکاریی ئەوانەی سەر زەوی نییە چونکە یان هەموو کەسوکارەکەی خراپن و تێیان ڕانابینێ دوعای خێری بۆ بکەن، یان ئەوەندە نەماوە بە یەکجاری پاکبێتەوە، ئیتر پێویستی بە دوعا نییە.
١٤. ئەمە ئوگۆ چیاپێتتایە وا دەڵێ. مەبەستی بنەماڵەکەی خۆیەتی کە چەند سەدەیەک فەرمانڕەوای فڕەنسا بوون (٩٨٧ – ١٣٢٨). پاشاکانیان توانییان بە پەیمان و ژن و ژنخوازی و میرات و داگیرکردن دەست بەسەر ئەورووپادا بگرن. دانتی ڕقی لەم بنەماڵەیە دەبووەوە، چونکە لەگەڵیا خراپ بوون.
١٥. دۆواجیۆ Doagio: شارێکە لە باکووری فڕەنسا.
١٦. لیللا Lilla: شارێکە لە باکووری فڕەنسا.
١٧. گوانتۆ Guanto: شارێکی ناوداری بەلچیکایە، ناوەندی فلاندەری ڕۆژهەڵاتە.
١٨. دروجیا Druggia: شارێکی ناوداری بەلچیکایە ناوەندی فلاندەری ڕۆژئاوایە.
ئاماژەیە بۆ شەڕی فیلیپ لوبێل و شارل دی ڤالوای فڕەنسی لە دژی وڵاتی فلاندەر. گوانتۆ ناچار بوو ساڵی ١٢٩٩ خۆی بەدەستەوە بدا، بەڵام لە شەڕی کورتاری ساڵی ١٣٠٢ دا، فلاندەرییەکان تۆڵەی خۆیان لە فڕەنسییەکان کردەوە.
١٩. ئاماژەیە بۆ خودا.
٢٠. ئوگۆ چیاپێتتا ugo ciappettaی گەورە دۆقی دوفرانس و کۆنتی دوپاری بوو. ساڵی ٩٥٦ کۆچی دوایی کرد. دوای مردنی، نازناوی ئوگۆی گەورەیان لێ نا. ئوگۆ چیاپێتتای کوڕی بوو بەسەر ڕشتەی بنەماڵەی ناوداری چیاپپێتا کە تا شۆڕشی گەورەی فڕەنسا جڵەوی فەرمانڕەواییان بەدەستەوە بوو.
٢١. زۆربەی پاشاکانی فڕەنسا کە لە بنەماڵەی ئۆگۆچیاپێتتا بوون. ناویان فیلیپ، یان لویس بووە، ئەمەیش ناوی پاشاکان، لە دروست بوونی بنەماڵەکەوە لە سەدەی دەیەم تا بڕانەوەی لە سەدەی چواردەمدا:

(١) ئوگۆکاپێچا (٩٨٧ – ٩٩٦)
(٢) ڕۆبێری دووەم- دانا (٩٩٦ – ١٠٣١)
(٣) هێنریی یەکەم (١٠٣١ – ١٠٦٠)
(٤) فیلیپی یەکەم(١٠٦١ – ١١٠٨)
(٥) لویسی شەشەم (١١٠٨ – ١١٣٧)
(٦) لویسی حەفتەم (١١٣٧ – ١١٨٠)
(٧) فیلیپی دووەم (١١٨٠ – ١٢٢٣)

(٨) لویسی هەشتەم (١٢٢٣ – ١٢٢٦)
(٩) لویسی نۆیەم - قدیس (١٢٢٦ – ١٢٧٠)
(١٠) فیلیپی سێیەم– گەڕناس (١٢٧٠ – ١٢٨٥)
(١١) فیلیپی چوارەم – قوز (١٢٨٥ – ١٣١٤)
(١٢) لویسی دەیەم (١٣١٤ – ١٣١٦)
(١٣) حەننای یەکەم (١٣١٦)
(١٤) فیلیپی پێنجەم (١٣١٦ – ١٣٢٢)
(١٥) شارلی چوارەم (١٣٢٢ – ١٣٢٨).

٢٢. ئوگۆ چیاپێتای باوک لە بنەماڵەی کۆنتی پاریس بوو، بەڵام لە سەردەمی دانتیدا وایان بڵاو کردەوە کە کوڕی ڕەشەولاغفرۆشێکە. ئەم قسەیە زۆر جار لە ئەدەبیانی فرەنسیدا هاتووە، بە تایبەتی لە شیعرێکی فرانسوا ڤییۆن Villon. کچی لویسی پازدەمی هێنا کە دوا پاشای کارۆلینجییەکان بوو، ئیتر بوو بە پاشای فرەنسا.

٢٣. ئاماژەیە بۆ بنەماڵەی کارۆلینجی (٧٥١ – ٩٨٦)، کە پێش چیاپێتاییەکان فەرمانڕەوایی فرەنسایان دەکرد.

٢٤. دیارە ئەمەیان ئاماژەیە بۆ فریدریکی سێیەم، دوا پاشای مێرۆفنجییەکان. ساڵی ٧٥٢ بوو بە ڕاهیب، یان دانتی بە دوا پاشای کارۆلینجییەکانی زانیوە، یان ئاماژەیە بۆ ئەفسانەیەکی سەدەی دوازدەم کە دەڵێ ئوگۆچیاپێتا بەرگی ڕەبەنانی لە بەر دوا پاشای کارۆلینجییەکان کرد و لە دێرێکدا بەندی کرد.

٢٥. مارەیی و قەڵەنی پرۆفنسایی ئاماژەیە بۆ ناوچەی کۆنتنشینی پرۆڤانس کە ساڵی ١٢٤٥ کەوتە سەر موڵکی بنەماڵەی چیاپێتا، ئەمەیش بە شەڕ نەبوو، بەڵکو بە زەماوەند بوو. زەماوەندی لویسی نۆیەم لەگەڵ مارگرێت و شارل دانژوو لەگەڵ بیاتریچی. مارگرێت و پیاتریچە دوو کچی ڕایمۆند بیرنجیێری کۆنتی پرۆڤانس بوون. پاش مردنی باوکیان ئەم کۆنتنشینەیان بە میرات وەرگرت و ناوچەکە کەوتە سەر موڵکی بنەماڵەی چیاپێتا. بەمەوە قەڵەمڕەو و دەزگای پاشاکانی فرەنسا فراوان بوو و سامان و داراییان گەشەیکرد و گەندەڵی و خراپەکاریش تەشەنەی سەند.

٢٦. پۆنتی ponti– ناوی کۆنی هەرێمێک بوو لە فرەنسا، ناوەندەکەی شاری (ئابوێل)ی ئێستا بوو.

٢٧. نۆرماندی Normand هەرێمێکی گەورەیە لە باکووری فرەنسا،

٢٨. گواسکۆنیا Guascorggna: هەرێمێکی گەورەیە لە باشووری ڕۆژئاوای فرەنسا.

٢٩. لویسی حەفتەم، ساڵی ١٢٢٠ نۆرماندی لە جۆنی ئینگلیزی سەند و فیلیپ لوبێل ساڵی ١٢٩٥ پۆنتی و گواسکۆنی لە ئیدواردی یەکەمی ئینگلیزی سەند.

٣٠. کارلۆ (شارل دانژوو) کە لە دژی مانفرێد چووە شەڕ و ساڵی ١٢٦٦ لە بنیڤنتۆ بەزاندی.

٣١. کۆرڕادینۆ –Corradino: کوڕی ئیمپراتۆر کۆنرادی چوارەم و لە بنەماڵەی هوهنشتاوفن بوو.

٣٢. تۆماسسۆ Tomasso: ئاماژەیە بۆ پیاوی ئایینیی بەناوبانگ تۆمای ئەکوینی (تۆماداکن) کە پاش مردنی نازناوی (پیرۆز)یان پێ بەخشی، گوایە دکتۆر بە قسەی شارل دانژوو ژەهراوی کردووە، بەڵام وێناچێ شتی وا ڕاست بێ.

٣٣. تۆمای ناردە ئاسمان: واتە کوشتی.

٣٤. ئاماژەیە بۆ شارل دی ڤالوا –Charle de valoisی برای فیلیپ لو بێل کە لە سەرداوای پاپا بۆنیڤاچۆی هەشتەم لە فرەنساوە چووە ئیتالیا بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار بکا، بەڵام کە چوو، پشتی گەلفە ڕەشەکانی گرت دژی سپییەکان. ساڵی ١٣٠١ گەلفە سپیەکان دەرکران و ڕەشەکان هاتنە سەر حوکم و دانتی تووشی ئاوارەیی هات، بۆیە دانتی ئاوارەیی خۆی لەو دەزانێ.

٣٥. شارل دی ڤالو چەند نەجیبزادەیەک و نزیکەی ٥٠٠ سواری لەگەڵدا بوو.

٣٦. ڕمی یەهوودا: ڕەمزە بۆ خیانەت، وەکو خیانەتی یەهوودا لە مەسیح. (دۆزەخ، س٣٢، د١١٨)

٣٧. ئاماژەیە بۆ ئەو دەنگۆیە گوایە شارل دانژووی دووەم (بیاتربچە)ی کچە بچکۆڵەی خۆی بە پارە، بە ژنی دایە ئاتسۆی هەشتەم کە پیاوێکی پیر و بەساڵاچوو بوو.

٣٨. گوڵەمیلاقە: دروشمی ناسراوی بنەماڵەی ئالانیای دەسەڵاتداری فرەنسا بوو.

٣٩. ئالانیا، شارێکی بچووک بوو لە باشووری ڕۆژئاوای ڕۆما. زێدی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بوو. پاپا لەوێ بەندکرا.

٤٠. گیرانی پاپا و بەندکرانی بەم جۆرە باس دەکرێ:

فیلیپ دوبێلی پاشای فرەنسا و پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بەرژەوەندییان نەگەیشتە یەک. فیلیپ کۆڕێکی ئایینیی بەست و پاپای بە لە دین دەرچوون و داوێنپیسی تاوانبار کرد. پاپایش بڕیاری بێبەشکردنی لە دژی فیلیپ دەرکرد. هەرچەندە بڕیارەکە لە ٨ی ئەیلوولی ١٣٠٣ ڕاگیرا، بەڵام فیلیپ دوبێل شارا دی کۆلۆنا و گییۆم دی نوجارێی نوێنەری هان دا هەمان ئێوارە بۆنیفاچۆ لە کڵێسەی ئالانیا، لە باشووری ڕۆژهەلاتی ڕۆما بکوژن. پەلاماری پاپایان دا، کۆشکەکەیان تالانکرد و سێ ڕۆژ

گرتیان. خەڵکی ئاڵانیا ڕاپەڕین و پاپایان لەدەست دوژمنەکانی ئازاد کرد. بۆنیفاچۆ چووە ڕۆما و لەوێ خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە ئامادە کرد، بەڵام ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٣٠٣ لە داخی ئەو ڕووداوە، کۆچی دوایی کرد. دانتی هەرچەند دوژمنی ئەم پاپایە بوو، بەڵام گیران و سووکایەتی پێکردنی بەلاوە ڕاست نەبوو، چونکە پاپا نوێنەری مەسیحە. سووکایەتیکردن بە نوێنەری مەسیح، سووکایەتیکردنە بە مەسیح خۆی. ئەگەر نا دانتی پێی وا بوو ئەم پاپایە گوناهبار و بەرتیلخۆر و خاین و زەلامکوژە. تالانکەری کڵێسە و کاولکەری ئیمپراتۆریەتە، لەکەیەکی شوورەییە بە ناوچەوانی مرۆڤایەتییەوە. لێرەدا دانتی پایەی پاپا و هەڵەکانی لێک جیادەکاتەوە.

٤١. ناوەڕۆکی ئەم بەندە بە هەرسێ حاڵەتەوە، ئاماژەیە بۆ کۆتایی ژیانی مەسیح. مەبەستی ئەوەیە ئەو شتەی بە عیسا کرا، دووبارە بە نوێنەرەکەی، کە پاپایە، دەکرێ. ئەو سێ حاڵەتە لە هەرچوار ئینجیلدا هاتوون: (١) بۆ سووکایەتی تفیان لێکرد، (٢) سرکە و مورپیان دەرخوارد دا، (٣) لەگەڵ دوو دز لە داریان دا. مەسیحییەکان باوەڕیان وایە مەسیح لە خاچ دراوە و شەهید کراوە، کەچی لە قورئاندا هاتووە لە خاچ نەدراوە و نەکوژراوە، بەڵکو خودا بۆ لای خۆی هەڵیکێشاوەتەوە (وما قتلوه وما صلبوه بل رفعه الله اليه).

٤٢. پیلاتۆ pilato (بە لاتینی پیلاتوس): ئەوە بوو کە عیسا لەسەر داوای کاهینی جوولەکان و بە فەرمانی ئەو لە خاچ درا.

پیلاتۆی نوێ: ئاماژەیە بۆ فیلیپ لوبێلی پاشای فەرەنسا بە زۆر پاپای لە ڤاتیکان بردە ئاڤینیۆن. بۆنیڤاچۆی هەشتەمی دایە دەست بنەماڵەی کۆلۆنا کە دوژمنی سەرسەختی پاپا بوون، وەکو ئەوەی کاتی خۆی پیلاتۆسی حاکمی ڕۆمانی، مەسیحی دایە دەست دوژمنە جوولەکەکانی. ئەوە بوو گرتیان و لە سەریان دا

٤٣. پەرستگە: ئاماژەیە بۆ پەرستگەی پاریس و ئەو تیمە ئایینیە ناسراوەی پێیان دەگوت پەرستگەییەکان و لە سەرانسەری فرانسەدا ناوبانگ و دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبوو. فیلیپ لوبێل لە ساڵی ١٣٠٧ تا ١٣١٢ ناوی زڕاندن و سەرکوتی کردنەوە و لەناوی بردن و دەستی بەسەر موڵک و ماڵیاندا گرت.

٤٤. ئاماژەیە بۆ مریەم.

٤٥. پیگمالیۆن- Pygmalion: پاشای سوور و برای دیدۆنەی شاژنی قەرتاجە بوو. پیگماڵا سیکیۆی مێردی دیدۆی کوشت بۆ ئەوەی دەست بەسەر پارەکەیدا بگرێ، کە دیدۆنە بەمەی زانی، گەنجینەکەی برد و چوو بۆ ئەفریقیا و لەوێ قەرتاجەی دروستکرد. باسی دیدۆنە و سیکیۆ لە دۆزەخدا هاتووە. (دۆزەخ، س٥، د٦٢)

٤٦. میدا mida (بە لاتینی: midas) پاشای فریجیا بوو. بەگوێرەی ئەفسانەی یۆنانی: باکۆسی خودانی شەراب بەرامبەر ئەو میواندارییەی بۆ سلینوس کردی، پێی گوت هەرچی داوا دەکا بۆی دێتە دی. میدا زۆر پارەپەرست بوو، داوای کرد دەستی دایە هەر شتێ، ببێ بە زێڕ. داواکەی هاتە دی و وای لێ هات دەستی دەدایە هەر خواردنێک دەبوو بە زێڕ. خەریکبوو لە برسان بمرێ. لە باکۆس پاڕایەوە وەکو جارانی لێ بکاتەوە، ئەویش وەکو خۆی لێ کردەوە.

٤٧. ئاکان acan: جوولەکەیەکی تەماعکار بوو. لە کاتی داگیرکردنی (ئیریکۆ – ئەریحا)، یۆشەعی خەلیفەی مووسا فەرمانی دا بە ناوی خودان دەست بەسەر سامانی شارەکەدا بگرن. ئاکان چاوچنۆک بوو، هەندێ دەستکەوتی بۆ خۆی گلدایەوە، یۆشەع فەرمانی دا خۆی و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بەردەباران بکەن و بیانسووتێنن.

٤٨.سافڤیرا.ساپپیرا sappira و(ئەنانیا)ی مێردی، ژن و مێردێکی فێڵبازی جوولەکە بوون. هەندێ مۆڵکی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی مەسیحییەکانی (بیت المقدس) فرۆشت، بەڵام هەموو پارەکەیان نەدایە یاوەرەکان. پیر پیترۆس هەر یەکە بە جیا سەرکۆنەی کردن و هەردووکیان لەبەر پێی گیانیان دا.

٤٩. ئێلیۆدۆرۆEliodoro (بە لاتینی Heliodorus): ئەپۆ کریفای خەزنەداری سەلۆکسی چوارەمی پاشای سەلووکیا (سوریا) بوو (١٨٧ -١٧٥ پ ز). چووە پەرستگەی (بیت المقدس) بۆ ئەوەی گەنجینە گرانبەهاکانی بدزێ. سوارێک لە ناو پەرستگە هەڵیکوتایە سەریو کوشتی.

٥٠. پۆلینێستۆرpolinestor (بە یۆنانی polymnestores) پاشای تراکیا بوو، پۆلیدۆرسی کوڕی پریامۆی پاشای تەراودە، بە فەرمانی باوکی، لەگەڵیدا چوو گەنجینەی تروادەی پێشان بدا، بەڵام ئەم پۆلیدرۆسی کوشت.

٥١. کراسسۆ. مارکوس لیکینیوس کراسوس Marcus licinius crassus پێیان دەگوت (دەوڵەمەند). ساڵی ٦٠ی پ ز، یەکێ بوو لە سێ ئەندامی فەرمانڕەوای حکوومەت. دووەکەی تر قەیسەر و پۆمپی بوون. ساڵی٥٣ی پ ز هێرشی کردە سەر وڵاتی فارس و لە بەردەم ئەشکانییەکاندا شکا و خۆی و کوڕەکەی کوژران. ئەم پیاوە دەوڵەمەندترین کەسی ڕۆما بوو. زۆر قرچۆک و پارەپەرست بوو. دەڵێن کاتێ سەریان بڕی و سەرەکەیان بۆ (ئەرد)ی پاشای ئەشکانی برد، پاشا فەرمانی دا زێڕ بتاوێننەوە و لە گەرووی بکەن. لەو کاتەدا ڕووی لە سەرەکەی کرد و گوتی: تۆ کە ئەوەندە تینووی زێڕ بووی، ئێستا تا حەز دەکەی زێڕ بخۆ.

٥٢. چیاکە بە جۆرێ لەرزی دەتگوت ئێستا دەڕووخێ. مەبەست ئەوەیە چیا لە خۆشی پاک بوونەوەی ڕۆحێک و ئامادەبوونی بۆ چوونە بەهەشت ئەو مووچڕکەی پێدا دێ و ئەو لەرزە دەیگرێ.

٥٣. دیلۆ Delo (بە یۆنانی: Delos) دوورگەیەک بوو لە کۆمەڵە دوورگەی کوکلادیس Cycladesی دەریای یۆنان. هەمیشە بوومەلەرزە لێی دەدا. تا ئەو کاتەی لاتۆنا Latonaی هاونوێنی زیوس لە ترسی ڕقی یونۆن هەلات، چووە ئەو دوورگەیە و لەوێ (ئەپۆلۆ) و (دیانا)ی بوو. لەو کاتە بەدواوە دوورگەکە ئارامی گرت و چیدی نەلەرزی.

٥٤. دوو نووری چاوی ئاسمان، ئاماژەیە بۆ ئەپۆلۆ (ڕەمزی خۆر) و دیانا (ڕەمزی مانگ).

٥٥. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە: Gloria in excelsis Deo ئەمە ئەو سروودەیە کە فریشتەکان لەگەڵ دیداری مەسیحدا خوێندیانەوە.

***

# سروودی بیستویەکەم[1]

## ئەڵقەی پێنجەم

## قرچۆک و دەستبڵاوان

شاعیرەکان رۆحێکیان بینی لە دوایانەوە دەهات، پێیان هەڵگرت. رۆحەکە هیوای ئاشتیی بۆ خواستن و ڤیرجیلیۆیش هیوای ئاشتیی بۆ ئەو خواست. رۆحەکە پرسیی چۆنە هاتوونەتە ئێرە؟ ڤیرجیلیۆ گوتی: دانتی بنیادەمێکی زیندووە. ئەویش لەگەڵیدا هاتووە بۆ ئەوەی بەپێی توانا رێنمایی بکا. ڤیرجیلیۆ هۆی لەرزینی چیا و هاواری رۆحە خۆ پاککەرەوەکانی لێ پرسی. رۆحەکە گوتی ئەو چیا پیرۆزە بە پێی نیزامێکی ورد دەڕوا. تەنیا بەشی سەرەوەی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئاسمان کە نە باران و تەرزەی لێ دەبارێ و نە خووسی لێ دەکەوێ. هەرگیز هۆکاری سروشتی کاری لێ ناکا، بەڵام کە رۆحێک پاکدەبێتەوە و بە تەهلیلەوە بەرز دەبێتەوە، دەلەرزێ.

رۆحەکە گوتی بنیادەم خۆی رووی لە چاکەیە، بەڵام ئارەزوو رێگەی چاکەکردنی لێ دەگرێ و گوناه دەکا و تووشی ئەشکەنجە دەبێ. گوتی پێنج سەدە زیاترە من لەو ئەشکەنجەیەدام. کە پاکبوومەوە چیا لەرزی و دەنگی ئەو سرووودە هات.

ڤیرجیلیۆ داوای لێ کرد پێی بڵێ کێیە؟ گوتی من لە سەردەمی تیتۆس زۆر بەناوبانگ بووم. لە رۆما ژیام و تاجی موردم لە سەر نا. ناوم ستاتسیۆیە. شیعرم بۆ تیبیو ئەخیل گوتووە. ئیلهامی شیعرم لە ڤیرجیلیۆ وەردەگرت. خۆزگە لە سەردەمی ئەودا ژیابام ئەگەر ساڵێکی تریش لێرە

مابوومایەوە. ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ دانتی کرد دەنگ نەکا، بەڵام نەیتوانی بزەی سەر لێوی بشارێتەوە. ستاتسیۆ هۆی ئەو بزەیەی لێ پرسی. ڤیرجیلیۆ ڕێگەی بە دانتی دا قسە بکا و ئاشکرای بکا. دانتی گوتی ئەوەی بەردەمت ڤیرجیلیۆیە.

ستاتسیۆ داهاتەوە بۆ ئەوەی پێی ڤیرجیلیۆ ماچ بکا، بەڵام نەیتوانی، چونکە هەردووکیان تەنیا ڕۆح بوون و بەس.

ستاتسیۆ هەستایەوە و ڕێز و شانازیی خۆی بۆ ڤیرجیلیۆ دەربڕی.



تینویتی سروشتی،[٢] که بەو ئاوە[٣] نەبێ،
ژنە سامریی کڵۆڵ داوای کرد بەرەکەتی پێ وەربگرێ،
بە هیچ شتێ ناشکێ (٣)
لە ناخەوەم لەزاتی دنەی دەدام، بەناو حەشیمەتەکەدا[٤]
شوێن ڕابەرەکەم بکەوم.
بەزەییم بەو ڕۆحانەدا دەهاتەوە کە سزای دادپەروەرانەیان دەچەشت[٥] (٦)
وەکو لوقا بۆی نووسیوین:
مەسیح لە زارکی گۆڕ هاتە دەرێ.[٦]
دوو کەس دیتیان لە ڕێی خۆیان دەڕۆیشتن (٩)
ڕۆحێکمان[٧] دی، لە دوامانەوە دەهات.
پارێزی دەکرد پێ لە ڕاکشاوەکانی سەر زەوی نەنێ.
تا قسەی لەگەڵ نەکردین، هەستمان پێ نەکرد. (١٢)
گوتی: (براکانم، سڵاوی خواتان لێ بێ!)
بە چوستی ئاوڕمان دایەوە. ڤیرجیلیۆ
بە شێوازی شیاوی خۆی وەڵامی دایەوە. (١٥)
گوتی: (یاخوا دادگای ڕاستەقینە
کە لە تاراوگەی ئەبەدیی بەندی کردووم
لە کۆڕی بەختەوەراندا، ئاشتیت پێ ببەخشێ.) (١٨)
کە بە توندی بە ڕێگەی خۆماندا ڕۆیشتن. گوتی:
(عەجایب: ئەگەر ئێوە دوو ڕۆحی شایەنی سەرکەوتن نەبن،
چۆن و بە چ پلیکانەیەکدا تا ئێرە هاتوون؟) (٢١)
مامۆستاکەم گوتی: (ئەگەر سەیری نیشانەکانی[٨] هەنیەی ئەم پیاوە بکەی،
کە فریشتە بۆی کێشاوە، تێدەگەی
چارەنووسی لەگەڵ چاکەکاراندایە. (٢٤)
لەبەر ئەوەی ئەو ژنەی شەو و ڕۆژ خوری دەڕێسێ
هێشتا ماشەرەکەی تەواو نەکردووە
کە (کلۆتۆ)[٩] شتی وا بۆ هەموو کەس لەسەر لەتەرە بادەدا. (٢٧)
ڕۆحی ئەو، کە خوشکی ڕۆحی من و تۆیە[١٠]

نەیتوانیوە بە تەنیا بێ و سەرکەوێ،
چونکە وەکو ئێمە ڕێگە نابینێ (٣٠)
لە زارکی گەورەی دۆزەخ[١١] هاتمە دەرەوە
بۆ ئەوەی ڕێگەی نیشان بدەم و منیش نیشانی دەدەم
تا ئەو ڕادەیەی بتوانم و ئاگادار بم، (٣٣)
بەڵام ئەگەر دەزانی پێمان بڵێ بۆچی
پێش ئێستا ئەم چیایە ئاوها لەرزی و هەموو شتێ لە سەرەوە
تا کەوری تەڕی خوارەوە بە یەک دەنگ هاواریان کرد؟) (٣٦)
بەم پرسیارە ئارەزووی هێنامە دی و
تەنیا بە پەیداکردنی ئومێد
گڕی تینوێتیی شکاندم
ڕۆحەکە گوتی: (هیچ شتێکی ناڕێک و ناجۆر (٣٩)
یان نامۆ و دوورەباو
کار لە یاسای پیرۆزی چیا ناکا.[١٢] (٤٢)
ئەم شوێنە هیچ گۆڕان و وەرچەرخانی بەسەردا نایێ
تەنیا ئەوەندە ڕوو دەدا کە ئاسمان کاری تێدەکا
لەوە بەلاوە هیچ کاریگەریی تری لەسەر نییە.. (٤٥)
نە بارانی لێ دەبارێ و نە تەزرە و نە بەفر!
نە شەونم و نە خووس لە هەوراز پلیکانەی سێ پایەیی ناکەوێ. (٤٨)
نە هەورێکی لێ دەردەکەوێ، چ تەنک و چ خەست،
نە پلاجەیەک بریسکەدەدا و نە کچی (تاومانتی) [١٣]
هیچ دەوسی دیارە کە زۆر جێی خۆی لەسەر زەوی دەگۆڕێ. (٥١)
هەڵمی وشک لەو سێ پایەیە هەوراز ناچێ.[١٤]
کە جێگری پیر پیێترۆ[١٥] پێی لەسەر داناوە.
ڕەنگە چیاکە زۆر لە خوارتر بلەرزێ (٥٤)
بەڵام نازانم چۆن بەو بایەی لەناو زەوی پەنهانە
هەرگیز لەوسەرەوە نالەرزێ، (٥٧)
تەنیا ئەو کاتە دەلەرزێ کە ڕۆحێ پاکدەبێتەوە و

دەجوولێ و ڕوو دەکاتە سەرەوە،
ئینجا ئەو هاوارەی بەدوادا دێ. (٦٠)
بەڵگەی پاکبوونەوەی ڕۆح تەنیا ئەو حاڵەتەیە
کاتێ کە ئازاد دەبێ بەسەریدا دێ و
ئارەزووییەکی بەجۆشی جێگۆڕینی تێدا دەبزوێنێ. (٦٣)
ڕۆح یەکەم جار[١٦] ڕووی لە چاکەیە،
بەڵام ئالۆشی لێ دەبێ بە لەمپەر و
بەرەو ئەشکەنجە ئاراستەی دەکا، چونکە لە ڕێگە لای دەدا. (٦٦)
من پێنجسەد ساڵ زیاترە لەژێر ئەم ئەشکەنجەیە ڕاکشاوم،
تازە هەست دەکەم ویستێکی ئازادم هەیە
بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ ئاستانەیەکی بەرزتر باوێم. (٦٩)
هۆی ئەوە بوو تۆ هەستت بە بوومەلەرزەی ئەم چیایە کرد و
گوێت لە ڕۆحە پاککەرەوەکان بوو ستایشی خوایان دەکرد.
(خوایە زوو ڕەوانەی سەرەوەیان بکە!) (٧٢)
بەم جۆرە قسەی بۆ کردین و بە دڵ گوێمان لێگرت.
تا زیاتر تینوو بین، زیاتر چێژ لە تینووشکاندن وەردەگرین،
ناتوانم بڵێم چەندم چێژ لێ وەرگرت. (٧٥)
ڕابەری دانام گوتی: (ئێستا زانیم
چ تۆڕێک لێرە بەندی کردوون و چۆن لێی دەرباز دەبن؟
بۆچی چیا دەلەرزێ و بۆچی هەمووتان هەست بە شادی دەکەن! (٧٨)
ئێستایش زۆر حەز دەکەم پێم بڵێی
تۆ کێ بووی، بەڵکو لە قسەکانت تێبگەم
بۆچی ئەو ماوە درێژە لێرە ڕاکشاوی؟) (٨١)
ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە: (لەو کاتەوە کە
(تیتۆ)ی[١٧] مێرخاس، بە پشتیوانی پاشای بانی سەر
تۆڵەی ئەو خوێنەی کردەوە کە یەهوودا فرۆشتی. (٨٤)
هەر بەردەوامە و جێگەی ستایشە.
من مرۆڤێکی بەناوبانگ بووم،

بەڵام هێشتا بڕوام پتەو نەبوو. (٨٧)
هەرچەندە تولوزی[١٨] بووم و دەنگم زۆر خۆش بوو
ڕۆما باوەشی بۆ کردمەوە و بۆ خۆی ڕاکێشام
بووم بە شیاوی ئەوە تاجی مورتکم لەسەر بنرێ (٩٠)
خەڵکی ئەوێ ئێستایش بە ستاتسیۆ[١٩] ناوم دەبە.
من گۆرانیم بە (تیبی) و[٢٠] بە ئاکیللی مەزن هەڵگوت،
بەڵام لەژێر باری دووەمیاندا لە ڕێگەدا کەوتم.(٩٣)
تۆوی ئاگری شاعیرانەی من
لە پرووشکێکی بڵێسەی یەزدانییەوە هاتووە
کە گڕی تێ بەرداوم و هەزار کەس زیاتر بڵێسەی خۆیان پێ داگیرساند. (٩٦)
مەبەستم (ئەنیادە)یە، کە لە شیعرنووسیندا
دایک و دایەن بوو بۆ من.
ئەو نەبوایە درهەمێکم[٢١] نەدەهێنا. (٩٩)
ئامادەبووم ساڵێک زیاتر
لە ئازاری ئاوارەییدا بمێنمەوە
هەر هێندە لە زەمانی ڤێرجیلۆ لە دونیادا ژیابام.) (١٠٢)
ڤێرجیلیۆ کە ئەم قسانەی بیست، ڕووی کردە من و
بە بێدەنگی پێی گوتم: (دەنگ مەکە!)
بەڵام ئیرادەمان هەموو شتێکی لەدەست نایێ (١٠٥)
پێکەنین و گریان ملکەچی سۆزن و
هەردووکیان لە سۆزەوە هەڵدەقوڵێن.
بە دەگمەن فەرمانبەرداریی ویستی ڕاستگۆترین کەس دەبن. (١٠٨)
من تەنیا بزەم هاتێ، وەک یەکێ بە چاو گریشمە بکا.
ڕۆحەکە بێدەنگ بوو، تەماشای ناو چاوی کردم
کە گەورەترین جیلوەگای ڕاستەقینەی ڕۆحە. (١١١)
گوتی: (یاخوا ئەم ڕەنجە گەورەیەی بەرەو چاکەت دەبا
کۆتایی بێ، بەڵام بۆچی تازە برووسکەی خەندەیەکت
لە ڕوو درەوشایەوە؟) (١١٤)

ئێستا دوو هەست لە دوو لاوە ڕایاندەکێشام:
یەکێ دەیگوت بێدەنگ بە و ئەوەی دی دنەی دەدام قسە بکەم
ئاخنکێکم هەڵکێشا. مامۆستاکەم تێگەیشت. (١١٧)
گوتی: (هیچ لە قسەکردن مەترسە.
بە پەرۆشەوە داوای چیت لێ دەکا
بێ سڵەمینەوە پێی بڵێ.) (١٢٠)
ئەوسا گوتم: (ڕەنگە ئەی ڕۆحی دێرین، سەرت سوڕما بێ،
لەو بزەیەی کەوتە سەر لێوم.
حەز دەکەم زیاتر سەرت سوڕبمێنێ (١٢٣)
ئەم پیاوە، کە بۆ سەرەوە ڕێنماییم دەکا
ئەو ڤێرجیلیۆیەیە تۆ هێز و ئیلهامت لێ وەرگرتووە.
بۆ ئەوەی سروود بە خەڵک و خودانەکان هەڵبڵێی. (١٢٦)
ئەگەر وا تێدەگەی هۆی خەندەکەم شتێکی ترە،
وازی لێ بێنە، چونکە ڕاست نییە.
دڵنیا بە هۆکەی ئەو قسەیەی خۆت بوو کە کردت. (١٢٩)
یەکسەر داهاتەوە تا پێی مامۆستاکەم ماچ بکا،
بەڵام مامۆستا گوتی: (برا، وا مەکە!
تۆ خۆت ڕۆحی و بەرامبەریشت هەر ڕۆحە.) (١٣٢)
هەستایەوە و گوتی: (ئێستا تێدەگەی
گڕی خۆشەویستیی تۆم چەند لە دڵدایە
کە ڕاستەقینەی خۆمانم لە بیر کردووە و(١٣٥)
وەکو شتی بەرجەستە مامەڵە لەگەڵ ڕۆح دەکەم). (١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستویەکەم

١. ئەمە سروودی سێیەمە لە سروودی قرچۆک و دەستبڵاوان، پێی دەگوترێ سروودی (ستاتسیۆ).

٢. تینوێتیی سروشتی: تینوێتیی زانین و تێگەیشتنی ڕاستی کە لێرەدا پەیوەندیی بە زانینی هۆی بوومەلەرزەی چیاوە هەیە.

٣. ئاو: ڕەمزی زانینە. ئاوی ژنی کلۆڵی سامری. ئاماژەیە بۆ بەرەکەتی خودا کە سەرچاوەی ڕاستیی ڕەهایە. لە پەیمانی نوێدا هاتووە:

بیری یاقووب لەوێ بوو. عیسا لە سەفەر شەکەت بووبوو، لەسەر بیرەکە دانیشت. نزیکی سەعات شەش بوو، ژنێک هاتە سراوێ. عیسا پێی گوت فرە ئاوێکم بدەرێ. ژنە سامیرییەکە گوتی: تۆ جوولەکەی، چۆن داوای ئاو لە من دەکەی کە ژنە سامیریم. سامیری و جوولەکە میانەیان خۆش نییە. عیسا گوتی: ئەگەر بتزانیایە کێ پێت دەڵێ نەختێ ئاوم بدەرێ، بێ شک تۆ داوات لێ دەکرد ئاوی ژیانت پێ ببەخشێ. هەر کەسێ ئاوی ئەم بیرە بخواتەوە، پاش ماوەیەک دیسان تێنووی دەبێ، بەڵام ئەو کەسەی ئەو ئاوە بخواتەوە کە من دەڵێم، هەتا هەتایە تێنووی نابێ.

٤. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ڕۆحێکی زۆر لەسەر زەوی ڕاکشابوون.

٥. واتە دانتی هەرچەندە دەیزانی ئازاری ئەم ڕۆحانە دادپەروەرانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە ئازار و هاودەردی دەکرد.

٦.... کە چوون دیتیان جەستەی عیسا نەماوە... پیترۆس هەستا بە ڕاکردن چووە لای گۆڕەکە و داهاتەوە تەماشای کرد دیتی تەنیا کفنەکەی ماوە. سەری لەم کارە سوڕما و گەڕایەوە ماڵێ. هەر ئەو ڕۆژە دوو نەفەریان دەچوونە گوندێک شەست تیراوێژ لە بیت المقدس دوور بوو و ناوی (عەمواس) بوو. خەریکی قسەکردن بوون، لەناکاو عیسا لێیان نزیککەوتەوە بەگەڵیان کەوت، گوتی: سەلاوتان لێ بێ!

٧. ئەو ڕۆحە ڕۆحی ستاتسیۆ بوو.

٨. واتە نیشانەکانی گوناە کە فریشتەکە لەسەر ناوچەوانی دانتی کێشابووی. (بەرزەک، س٩، د ١١٢)، هێشتا سێ نیشانەی ماوە.

٩. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە خودای چارەنووس سێ کچی هەبوو: لاکیزیس Lachesis و کلۆتۆ Clotho و ئاترۆپۆس Atropos. ڕشتەی عومری هەموو کەس بەدەست ئەو سێ کچەوە بوو: کاتێ یەکێ لە دایک دەبوو، کلۆتۆ ڕشتەی عومری دەڕست، کە گەورە دەبوو، لاکیزیس وردەوردە ڕشتەکەی خاودەکردەوە و مرۆڤەکە

هەجەلی دەهات. دواجار ئاترۆپۆس بە مەقەس ڕشتەکەی دەپچڕاند. لێرەدا مەبەست ئەوەیە دانتی هێشتا عومری ماوە.

١٠. واتە هەموو کەس خوشک و بران، چونکە یەک کەس دروستی کردوون کە خودایە.

١١. ئاماژەیە بۆ لیمبۆ.

١٢. واتە چیای بەرزەک، هۆکاری سەر زەوی وەکو با و باران کاری لێ ناکا، تەنیا هۆکاری ئاسمان کاری لێدەکا.

١٣. مەبەست لە تاومانتی Taumante یان کچی ئیریس، پەلکەزێرینەیە.

١٤. پێشینان باوەڕیان وا بوو بوومەلەرزە لە هەڵمی وشک پەیدا دەبێ کە لەناو زەوی دێتە دەرەوە و دەبێتە هەور.

١٥. جێنشینی پیترۆس: ئاماژەیە بۆ فریشتەی پاسداری بەرزەک کە لەباتی پیترۆس کلیلی بەهەشتی لە دەستە و لەبەر دەروازەی بەرزەک دانیشتووە.

١٦. ئەم ڕۆحە، ڕۆحی ستاتسیۆیە. ساڵی ٩٦ مردووە، واتە تا کاتی گەیشتنی دانتی (١٣٠٠)، دەوری دوازدە سەدە لە بەرزەک بووە. پێنج سەدە زیاتر لە ئەڵقەی قرچۆک و دەستبڵاوان و حەفت سەدەکەی تر لە ئەڵقەکانی خوارەوە بووە.

١٧. تیتۆ Tito (بە لاتینی (titus). سێ ساڵ ئیمپراتۆری ڕۆما بوو (٧٩ – ٨١). ساڵی (٧٠) لە سەردەمی باوکیدا، کە سەرداری هێزی ڕۆمانی بوو، شاری قودسی وێران کرد و جوولەکەکانی تارومار کرد. لەو کاتەوە سەردەمی سەرگەردانیی جوولەکەکان دەستی پێکرد کە مەسیحی ناویان ناوە سەردەمی تۆڵەکردنەوەی خیانەتی یەهوودا کە عیسای بە دوژمنان فرۆشت.

١٨. تۆلۆزانۆ Tolosano، شارێکی بەناوبانگە لە باشووری فرەنسا.

١٩. پۆبلیوس پاپینیوس ستاتیوس (Pablius papinius statius (45 – 96). گەورەترین شاعیری ڕۆمانی بوو. لە ناپۆلی هاتووەتە دونیاوە و زۆربەی تەمەنی لە ڕۆما ژیاوە. بەناوبانگترین شیعری سروودی (تیبی)یە. کە باسی شەڕی دژی (تیبی) دەکا. لەم شوێنەی بەرزەکدا، ستاتیوس لەگەڵ دانتی و ڤێرجیلیۆ دەڕوا دوای ئەوەی ڤێرجیلیۆ سنووری ڕۆیشتنی لەگەڵ دانتی تەواو دەبێ و دەکشێتەوە، ستاتیوس لە بەهەشتی زەمینیدا یاوەریی دانتی دەکا، واتە جێگەی ڤیرجیلیۆ دەگرێتەوە.

٢٠. ئاماژەیە بۆ سروودی (تیبی).

٢١. درهەم: دراما Dramma: یەکەیەکی کێشی ئیتالیی کۆن بوو. دەوری یەک مسقاڵ دەبوو.

***

# سروودی بیستودووەم[1]

## ئەڵقەی پێنجەم

## قرچۆک و دەستبڵاوان

## ئەڵقەی شەشەم

## زگۆنییان

دانتی بێ ماندووبوون دوای ڤیرجیلیۆ و ستاتسیۆ بەسەر چیا کەوت و گوێی لێ بوو قسەیان دەکرد. ڤیرجیلیۆ گوتی ئەو خۆشەویستییەی چاکە دایدەگیرسێنێ، ئەگەر بڵێسەکەی لە دەرەوە دەربکەوێ، هی تر دەسووتێنێ. گوتی لەوەتی جیۆڤینالیس هاتووەتە خوارەوە بۆ لیمبۆ، من تۆم خۆش دەوێ. لێی پرسی چۆن سەرەڕای دانایی، قرچۆکی جێگەی لەناو دڵیدا دەبێتەوە؟ ستاتسیۆ پێکەنی و گوتی لەمێژە قرچۆکی لای من باری کردووە. تووشی دەستبڵاوی هاتم و چەند سەدەیەک سزام لەسەر خوارد. گوتی قسەی تۆم لە ئەنیادەدا وەرگرتووە کە دەڵێ برسێتیی پیرۆز بۆ زێڕ دەبێ ئالۆشیی مرۆڤ بۆ ماڵ و سامان بەرزەفت بکا. گوتی من وەکو دەستبڵاو لەگەڵ قرچۆکەکان خەریکی خۆ پاککرنەوەم.

ڤیرجیلیۆ بە ستاتسیۆی گوت دیارە تۆ هێشتا بڕوات تەواو پتەو نەبووبوو کە باسی نەهامەتیی جۆکاستات کرد. لێی پرسی چۆن لە بتپەرستی ڕزگاری بوو. ستاتسیۆ بە ڤیرجیلیۆی گوت تۆ بووی ئیلهامی شیعرت پێ بەخشیم و ڕێگەی باوەڕت نیشان دام کە لە (شوانکارە)دا دەڵێی سەردەم تازە دەبێتەوە و


ڕەگەزێکی تازە لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ. گوتی من تێکەڵ گاوران بووم و بۆ دەرد و بەڵاکانیان گریام و ئاوەمۆر کرام، بەڵام ماوەیەکی زۆر ئەمەم شاردەوە.

ڤیرجیلیۆ شوێنی هەندێ شاعیری لاتینیی لە ستاتسیۆ پرسی. وەڵامی دایەوە شاعیرانی وەکو تیرنسیۆ و پلاوتوس و یوریپیدس و ئەگاتون و ئەنتیگۆنی لە لیمبۆدان.

سێ شاعیرەکە گەیشتنە ڕەوەزی شەشەم. سەعات لە یازدەی سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٠٠ لایدابوو. دانتی لەدوای دوو شاعیرەکە دەڕۆیشت. ئیلهامی هونەری شیعریی لێ وەردەگرتن.

تووشی درەختێکی سەراوژێر هاتن. درەختی ژیان بوو، بۆیە سەراوژێر بوو، تا تامەزرۆکان نەتوانن سەری کەون.

دانتی گوێی لە دەنگێ بوو، نموونەی قەناعەتی لە کردەوەکانی مێرەمی پاکیزە و دانیال و یوحەننای ئاوەمۆرکەر دەهێنایەوە.



ئەو فریشتەیەمان[2] هەر لە دواوە بەجێ ما،
ئەو فریشتەیەی بردنییە ئەڵقەی شەشەم و
جێبرینێکی لە ڕوخسارم سڕییەوە.[3] (٣)
پێی گوتین: (ئەوانەی ئارەزوویان لە چاکەکارییە،
پیرۆزکراون) و قسەی خۆی بە (تینوێتی)
کۆتایی پێ هێنا و هیچی تری نەگوت. (٦)
من لە دەروازەکانی تر سووکتر
بێ هیچ ماندووبوونێک ڕۆیشتم
شوێن ئەو دوو ڕۆحە کەوتم بۆ سەرەوە. (٩)
ڤیرجیلۆ گوتی: ئەشقێک بە چاکە داگیرسابێ
ئەگەر بڵێسەی لە دەرەوە دەربکەوێ،
ئەشقی تر دادەگیرسێنێ.[4] (١٢)
لەوساتەوە کە (جیۆڤینالی)[5] دابەزی
بۆ ناو (لیمبو)ی دۆزەخ بۆ لامانەوە و
دڵسۆزیی تۆی بۆ من باس کرد، (١٥)
هەستم بە سۆز و خۆشەویستییەک کرد بەرامبەر بە تۆ
هەرگیز یەکێ کەسێکی نەدی بێ ئەوەندە خۆشی نەویستووە،
بۆیە ئەم پلیکانەیەم بە لاوە زۆر کورتە. (١٨)
بەڵام پێم بڵێ و وەکو برادەر بمبەخشە.
ئەگەر لەبەر دڵنیایی جڵەوم لەدەست بەربووبێ،
ئێستا وەکو برادەر قسەم بۆ بکە. (٢١)
بەخیلی چۆن جێی لە دڵتدا بووەوە
لەناو ئەو هەموو داناییەی
ژیرانە بە ئەرک و خوێندن تێت ئاخنیبوو. (٢٤)
(ستاتسیۆ)[6] یەکەم جار بەم قسانە بزەی هاتێ
ئینجا وەڵامی دایەوە:
هەرچی دەڵێی نیشانەیەکی هێژای خۆشەویستیی تۆیە بۆ من. (٢٧)
ڕاستی، زۆر جار، شت بە قەڵپیی خۆی،

سەبارەت بە هەندێ هۆی ڕاستەقینەی نەپەنییەوە. (٣٠)
گومان و دڕدۆنگی دەورووژێنێ.
پرسیارەکەت وا دەسەلمێنێ
من یەکەم جار لەو دونیا بەخیل بووم،
ڕەنگە بە هۆی ئەو ئەڵقەیەی منی تێدام (٣٣)
بزانی زوو ئەو بەخیلییەم لە لا نەما.
بووم بە دەستبڵاو و لێرە
هەزاران سووڕی مانگ بەو هۆیەوە سزام چەشت. (٣٦)
ئەگەر ئارەزووی خۆم ڕاست نەکردایەوە.
کە لە مانای قسەکەت گەیشتم کاتێ
وەکو مرۆڤێکی تووڕە نووسیبووت: (٣٩)
(ئەی برسێتی پیرۆز بۆ زێڕ،
بۆچی ئالۆشیی مرۆڤی مردوخ ڕاست ناکەیتەوە!)
ئێستا لە خولانەوەدا هەستم بە سەختترین کێشە دەکرد. (٤٢)
ئەوسا تێگەیشتم دەتوانین زیاد لە ڕادەی خۆی
لە خەرجیدا دەستبڵاو بین.
ئیتر لەم گوناهە و لە گوناهەکانی تریش ژێوان بوومەوە. (٤٥)
زۆر کەس بە سەرتاشاوی لە گۆڕ دێنە دەرەوە
چونکە نازانن، دەبێ لە ژیان و لە ڕۆژی پەسڵانیش،
لەم تاوان و گوناهە تۆبە بکەن. (٤٨)
بزانە، هەر گوناهێ ڕاستەوخۆ بەرامبەر گوناهێکی تر بێ،
لێرەدا، لەگەڵ ئەودا،
تەڕوپڕیی خۆی لەدەست دەدا. (٥١)
من بۆ پاکبوونەوە، کەوتوومەتە
ناو ئەو کەسانەی بەوای بەخیلییەوە سزادەدرێن،
چونکە سزای گوناهی پێچەوانەی ئەمەم هاتووەتە سەر. (٥٤)
دەنگبێژی سروودی (شوانکارە)[٧] گوتی:
(تۆ داستانی ئەو کێشە سەختەت چڕی

که دووقات غەمی (جیۆکاستا)ی زیادکرد[8]. (٥٧)
ئەوەی تۆ و (کلیۆ)[9] گێڕاتانەوە
دیارە تۆ بڕوات پێ نەبووە و
بێ ئەمەیش ناتوانی چاکە بکەی[10]. (٦٠)
ئەگەر وابێ، چ خۆرێ، یان چ مۆمێ
تاریکیی بۆ ڕەواندویتەوە و لەوە بەدواوە،
چارۆکەت هەڵدا و شوێن ماسیگرەکە[11] کەوتی؟!) (٦٣)
گوتی: (تۆ یەکەم کەس بووی
منت ڕەوانەی (پارنازۆ)[12] کرد بۆ ئەوەی ئاوی ناو شاخەکانی بنۆشم.
تۆ یەکەم کەس بووی ڕێگەی چوونە لای خوات بۆ ڕۆشن کردمەوە. (٦٦)
تۆ وەکو ئەو کەسەت کرد کە شەو دەڕوا و
چرایەک لەدوای خۆیەوە هەڵدەگرێ.
خۆی سوودی لێ نابینێ[13]. ڕێگە بۆ ئەوانەی دواوە ڕووناک دەکاتەوە. (٦٩)
ئەوە بوو گوتت: (دونیایەکی تازە دەست پێدەکا،
دادپەروەریی دێتەوە و سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە و
وەچەیەکی نوێ لە ئاسمان دێتە خوارەوە.) (٧٢)
بەخێرا تۆ بووم بە شاعیر و بەخێرا تۆیش بووم بە گاور،
بەڵام بۆ ئەوەی باشتر ببینی چ وێنەیەک بە قسە دەکێشم،
دەستی پڕ ڕەنگت بۆ درێژ دەکەم. (٧٥)
ئەو کاتە هەموو دونیا پڕبوو
لە تووی بڕوای ڕاستەقینە[14]
کە پەیامبەرانی مەلەکوتی جاویدان وەشاندبوویان (٧٨)
دیم ئەو قسانەت باس کرد
کە لەگەڵ شیرەتکارە تازەکان دەگونجێ
ئیتر خووم بە سەردانیانەوە گرت. (٨١)
ئەوسا ئەوەندەم لا چاک و پیرۆز بوون
کە (دۆمیتسیان)[15] کەوتە ئەشکەنجەدانیان
فرمێسکم بۆ گریانیان باراند. (٨٤)

تا لەو دونیا بووم، پشتگیریم کردن
لەبەر چاکی و پاکیی ئەوان
هەموو باوەڕێکی ترم لە بەرچاو کەوت. (٨٧)
بەر لەوەی لە شیعرەکەمدا، گرێکەکان
ببەمە سەر دوو ڕووباری (تیبی)[١٦]، ئاوە مۆرکراوم،
بەڵام لە ترسان گاوراتی خۆمم ئاشکرا نەکرد. (٩٠)
ماوەیەکی زۆر وام پێشان دا بێباوەڕم،
بە هۆی سستییەوە چوارسەد ساڵ زیاتر،
لەناو ئەڵقەی چوارەمدا گێژ و خولم خوارد. (٩٣)
تۆ پەردەت لە بەرچاوم لادا،
لە سەر ئەو چاکەیەی باسم کرد.
مادەم کاتمان لەپیش ماوە بۆ سەرکەوتن، (٩٦)
ئەگەر دەزانی پێم بڵێ
(تێرڕێنتسیۆ)ی[١٧] شاعیری دێرین و (چیچیلیۆ) و[١٨] (پلاوتو) و[١٩] (ڤارڕۆ)[٢٠]
لە کوێن؟ پێم بڵێ داخۆ بەر نەفرەتن؟ ئایا لە کام ئەڵقەدان؟!) (٩٩)
ڕابەرەکەم وەڵامی دایەوە: (ئەمانە و (پێرسیۆ) و[٢١]
منیش و زۆری تریش لەگەڵ ئەو گریکییەی
میوز لە هەموو کەس زیاتر شیریان داوەتێ[٢٢] (١٠٢)
لە ئەڵقەی یەکەمی زیندانی تاریکیداین.
زۆر باسی ئەو چیایە[٢٣] دەکەین
کە هەمیشە دایەنەکانمان دەگرێتە خۆی. (١٠٥)
لەوێ، (یوریپیدی) و[٢٤] (ئانتیفۆنتی) و[٢٥] (سیمۆنیدی) و[٢٦] (ئاگاتۆنی) و[٢٧]
زۆر گریکی ترمان لەگەڵدان
کە کاتی خۆی تاجی سەرکەوتنیان لەسەر بوو.[٢٨](١٠٨)
لە خەڵکی تۆیش (ئانتیگۆنی) و[٢٩] (دێیفیلی) و[٣٠] (ئارجیا)[٣١] لەوێن،
(ئیسمینی)[٣٢] لەوێیە.
وەک هەمیشە داماو و غەمگینە.(١١١)
ئەو ژنەیش[٣٣] لەوێیە کە (لانجیا)ی[٣٤] نیشاندان.

کچی (تیریزیا)[35] لەوێیە.
(تیتی) و[36] (دنێدامیا)[37] لەگەڵ خوشکەکانی لەوێن.) (١١٤)
هەردوو شاعیرەکە بێدەنگ بوون.
دووبارە بە وردی سەیری دەوروبەری خۆیان کرد.
ئازاد لە بەندی سەرکەوتن و تێپەڕین لە دیوارەکان. (١١٧)
چوار قەرەواشی ڕۆژ کەوتنە دواوە،
پێنجەمیان لەسەر لمووزی گالیسکەکە بوو.[38]
چراوگێکی داگیرساوی بەرز کردبووەوە. (١٢٠)
ڕابەرەکەم پێی گوتم: (پێم وایە دەبێ
بەسەر ملی ڕاستەدا وەرگەڕێین.
شان بدەینە لای کەنار و وەک جاران بە دەوری چیادا بسووڕێینەوە. (١٢٣)
ڕێزانی ڕابەرمان ئاوها ڕێنمایی کردین.
لەسای پشتگیریی ئەو ڕۆحە مەزنەوە،
بە ترس و دڵەڕاوکەی کەمترەوە، ملی ڕێمان گرت. (١٢٦)
هەردووکیان لە پێشەوە ڕۆیشتن و من شوێنیان کەوتم
گوێم دایە گفتوگۆی نێوانیان.
وانەیەک بوو بۆ من لە شیعرناسیدا، (١٢٩)
بەڵام هەر زوو، دیمەنی درەختێ قسەی خۆشی پێ بڕین.[39]
لە چەقی ڕێگە ڕوابوو،
پڕ سێوی گەورە و بۆنخۆش بوو. (١٣٢)
چۆن دار کاژ، تا بەرزتر دەبێتەوە
لق بە لق باریکتر دەبێتەوە،
ئەم درەختە بەرەوخوار باریک دەبووەوە، تا کەس نەتوانێ سەرکەوێ.[40] (١٣٥)
لەو لایەوە کە ڕێگەکەمان دادەخرا،
ئاوێکی زوڵاڵ لە شاخی بەرز دەڕژایە خوارێ و
بەسەر گەڵاکانی درەختەکەدا دەپرژا. (١٣٨)
دوو شاعیرەکە لە درەختەکە نزیککەوتنەوە،
دەنگێ لەناو چڵ و گەڵاکانەوە هاواری کرد:

(ئێوە ئەم میوەیە ناخۆن!) (١٤١)
ئینجا گوتی: (مەریەم کە ئێستا باوەگۆتان دەداتەوە،[٤١]
زیاتر بیری لای ڕەنگینکردن و ڕازاندنەوەی سفرەی زەماوەندە
تا پێویستیی زاری خۆی. (١٤٤)
ژنە دێرینەکانی ڕۆما لەباتی هەموو شتێ
تەنیا ئاویان دەخواردەوە.
(دانیال)[٤٢] گوێی بە خواردن نەدا و بوو بە خودان حیکمەت. (١٤٧)
چاخی یەکەم جوان دەتگوت زێڕە.[٤٣]
بە برسێتی بەڕووی کردبوو بە خۆشترین خواردن و
بە تینوێتی ئاوی هەموو جێگەیەکی کردبوو بە کەوسەر٤٤. (١٥٠)
کوللە و هەنگوین لە بیاباندا گۆشتبوون
بۆ یوحەنناى ئاوەمۆرکەر.
بۆیە ئەم شانازییەی دەستکەوت و ئەو پایەی بەرکەوت (١٥٣)
کە لە کتێبی پیرۆزدا باسی کراوە. (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستودووەم

١. ئەم سرووده تەواوکەری سروودەکانی پێشووه.

٢. ئەم فریشتەیە، فریشتەی دادپەروەرییە.

٣. دانتی هەرجارەی نیشانەی گوناهێکی لە نێوچەوان بسڕێتەوە، هەست دەکا کێشی کەمتر دەبێ و لەشی سووکتر.

٤. واتە: ئەگەر عیشق ڕاستەقینە بێ و لە دڵەوە هاتبێ، هەر هێندە دەربکەوێ، عیشق لە دڵی مەعشووقەوە پەیدا دەکا. ئەم بۆچوونە جارێکی تر لە سروودی پێنجەمی دۆزەخدا هاتووە (دۆزەخ، س٥،د١٠٣).

٥. جیۆڤینالی(٤٧ – ١٣٠ Ducius – Junius – Juvenalis) شاعیرێکی ڕۆمانیی هاوچەرخی ستاتسیۆ بوو. شاعیری داشۆرین بوو.

٦. واتە ستاتسیۆ سزای قرچۆکان دەدرێ بۆ ئەوەی لە گوناهی دەستبڵاوی پاکببێتەوە.

٧. مەبەست ڤێرجیلیۆی دانەری سروودی شوانکارەیە Bucolica کە یەکێکە لە سێ شاکاری ڤێرجیلیۆ: ئانیوس Aeneis و جۆرجیا Geordica و بوکۆلیکا Bucolica. شایەنی باسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەموو شێوازێکی ئەدەبیان بەپێی شێوازی ئەم سێ بەرهەمە پۆلین دەکرد بۆ شێوازی بەرز و شێوازی ناوەنجی و شێوازی نزم و چەرخێکیان بۆ دانابوو بە ناوی چەرخی شێوازی ڤێرجیلیۆ.

٨. ئاماژەیە بۆ ئەفسانەی (ئۆدیب)ی ناسراو، کە ئۆدیب (لابیوس)ی باوکی ڕاستەقینەی خۆی کوشت (بێ ئەوەی بزانێ ئەمە باوکیەتی) و زەماوەندی لەگەڵ دایکی خۆی جۆکاستا Jocasta کرد (بێ ئەوەی بزانێ ئەمە دایکی خۆیەتی). دوو کوڕی لە دایکی خۆی بوو: (ئیتۆکلیس eteocles و پۆلینیسیس polynices). پاشان کە دەرکەوت ئۆدیب باوکی خۆی کوشتوە و دایکی خۆی هێناوە، خەریکبوو هەموویان شێت بن و هەریەکە تووشی گرفتارییەکی سەخت بوو.

٩. کلیۆ clio. لە ئەفسانەی یۆنانیدا یەکێکە لە نۆ پەری و فریشتەی ئیلهامبەخش (muse). پێیان دەگوتن پەری، یان خودانبابووی مێژوو. چاودێریی بەرهەمی هونەریی ئەو کەسانەی دەکرد کە باسی ژیانی قارەمان و پاڵەوانانیان دەنووسی. ستاتسیۆ سەرەتای سروودی (تیبی)ی خۆی بە پاڕانەوە لەو خودانبانووە دەست پێکردووە بۆ ئەوەی ئیلهامی شیعری پێ ببەخشێ.

١٠. یانی لە (تیبی)ە و دەردەکەوی تۆ، ئەی ستاتسیۆ، نەچوویتە سەر ئایینی مەسیحی و ئەگەر یەکێ ئەو دینەی نەبێ، هەرچەندە چاکەکەریش بێ، پێی بە بەرزەک و بەهەشت ناکەوێ. (دۆزەخ، س،د٣٥).

١١. مەبەست لە ماسیگر پیر پیترۆسە.

١٢. پارنازۆ. پارناسوس Parnassus چیایەکی بەناوبانگی یۆنانییە. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، جێگەی ئەپۆلۆی خودانی هونەر و پەریی ئیلهامبەخشە. کانی کاستالیا Castaliaی لێیە. هەر کەسێ ئاوی ئەو کانییە بخواتەوە، دەبێ بە شاعیر.

١٣. دەڵێ شاعیر وەکو کەسێکە شەو لەبەر تاریکی دەڕوا، بەڵام ڕێگە بۆ ئەوەی دوای خۆی ڕووناک دەکاتەوە.

١٤. مەبەست یاوەرانی عیسایە کە دوای مەرگی مەسیح، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی بەملا و بەولای دونیادا بڵاوبوونەوە.

١٥ تیتوس فلاڤیوس دۆمیتیانوس Titus Flavius Domitianus لە ٨١ تا ٩٦ ئیمپراتۆری ڕۆمانی بوو. ستاتسیۆ یەکێ بوو لە پیاوە نزیکەکانی ئەو ئیمپراتورە. دەڵێن لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری مەسیحییانی داوە.

١٦. دوو ڕووباری (تیبی) ئاماژەیە بۆ ڕووباری ئیسمینوس (Isminus) و ڕووباری ئازۆپۆ Asopo.

١٧. پوبلیوس تیرینتیوس ئافیر (١٩٥ – ١٩٥ پ ز Publius Terentius Afer) تیرینتسیوس شاعیرێکی لاتینی بوو. دوو سەدە پێش ئاستیوس و ڤیرچیلۆ ژیاوە. لە قرتاجە لە دایک بووە و لە یۆنان مردووە. بەندەیەکی ئازادکراو بوو. لە بەرهەمەکانی (هیکیرا) و (خەساو) و (ئەدیلفی).

شێوازێکی سادە و ڕوونی هەبوو.

١٨ چیچیلیۆ (بە لاتینی کاسیلیوس) (٢١٩ – ١٦٦ پ ز) شاعیرێکی لاتینی بوو. لە میلانۆ لە دایک بووە و لە ڕۆما ژیاوە. کۆمێدی و درامانووس بوو.

١٩. (تیتۆس ماکیۆس پلاوتوس (٢٥٤ – ١٨٤پ ز Titus Maccius Plautus) شاعیرێکی لاتینی بوو. کۆمیدینووس بوو.

٢٠. لوکیوس ڤاریوس ڕوفوس Lucius Varius: برادەری ڤیرجیلۆ و هۆراس بوو. تراجیدیای (تیسیس)ی نووسیوە کە لە سەردەمی ئۆگستس پێشکەش کراوە.

٢١. پێرسیۆ (٣٤ – ٦٢ ئاولوس پێرسیوس فلاکوس Aulus Persuis Flaccus) شاعیرێکی لاتینی بوو. شیعری داشۆرینی دەنووسی.

٢٢. ئاماژەیە بۆ هۆمیروس شاعیری گەورەی یۆنانی، خاوەنی ئیلیادە و ئۆدیسە.

٢٣. پارناسوس جێگەی خودانەکانی شیعر و هونەر بوو.

٢٤. یوریپیدی (بە یۆنانی یورپیدیس Euripides) شاعیرێکی تراجیدیی یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش زاین بوو.

٢٥. ئانتیفۆنتی (٤٣٠ – ٣٦٧ پ ز Antiphome) شاعیرێکی تراجیدیی یۆنانی بوو. لە بارەگای دیونیسوسی یەکەمی پاشای سیراکوزا دەژیا.

٢٦. سیمۆنیدی. سیمونیدیس (٥٥٦ – ٤٦٨ پ ز) شاعیرێکی غەزەلخوانی گریکی بوو. لە چالیا و ئەسیتا ژیاوە و لە سیراکوزە مردووە.

٢٧. ئاگاتونا Agatona (488 – 400 پ ز بە یۆنانی ئاگاتوس). شاعیرێکی تراجیدیی یۆنانی بوو. لە مەکدۆنیا ژیاوە.

٢٨. یانی زۆر شاعیری یۆنانی تاجەگوڵینەیان لەسەر نرا، چونکە شاعیری چاک بوون.

٢٩. ئانتیگۆنی Antigone: کچی ئۆدیپ بوو لە جۆکاستیا. پاش ئاشکرابوونی نەهامەتییەکە، کە ئۆدیپ چاوی خۆی دەرهێنا، ئانتیگۆنیی کچی تا مرد لەگەڵیدا بوو. کە گەڕایەوە تیبی، کریۆن پاشا بەندی کرد و لە بەندیخانەدا مرد.

٣٠. دیفیلی (Defilie) (بە یۆنانی Deiplilae) کچی ئەدراستۆسی پاشای ئارگوس و ژنی تیدیوس بوو کە یەکێ بوو لەو حەوتەی چوونە شەڕی تیبی. دایکی دیومید بوو.

٣١. ئارجیا Argia خوشکی دیفیلی و ژنی پۆلسیس بوو.

٣٢. ئیسمینی Ismene کچی ئۆدیب و خوشکی ئانتیگۆنی بوو. لەناوچوونی هەموو خزم و کەسوکاری خۆی بینی، لەوانە خۆکوشتنی دایکی و دەزگیرانی. (کریۆن) لەگەڵ ئانتیگۆنیی خوشکی حوکمی مردنی بەسەردا دا.

٣٣. ئەو ژنە ئاماژەیە بۆ ئیزیفیلی (بە یۆنانی هیپسیپلی Hypsipilae) کە کاتی حەفت پاشاکە تیبییان ئابڵووقە دا، خەریکبوو لەبەر تینوویەتی هەموو لەناو بچن، ئەو ژنەکانی لانجیای نیشاندان.

٣٤. لانجیا Langia: کانییەک بوو لە نیمیا، نزیک شاری تیبی لە پلۆپۆنیز.

٣٥. تیریزیا (بە لاتینی تریسیاس Teresias) یەکێ بوو لە قارەمانەکانی تیبی. کچەکەی ناوی مانتۆی غەیبگۆ بوو. پاش مردنی باوکی، سەری هەڵگرت و چەند شار و دیاری بڕی و گەیشتە باکووری ئیتالیا و شاری مانتوای دروستکرد.

٣٦. تیتی Teti (بە یۆنانی Tetis) خودانبانووی دەریا و ژنی ئاخیل.

٣٧. دێیدامیا Deidamia، کچی لیکۆمیدی پاشای سکیرۆس بوو. ماشوقەی ئاخیل بوو. لەسەر ئەو کچە بوو ئاخیل ماوەیەک خۆی لە شەڕ کێشایەوە.

٣٨. دانتی بەم شێوازە باسی کات دەکا. پێشینان باوەڕیان وا بوو کە سەعاتەکانی کات پەری، یان قەرەواشی خۆرن گالیسکەکەی بۆ داژۆن. لێرەدا وا دەگەیەنی چوار سەعات بەسەر ڕۆژهەلاتدا (سەعات شەش) تێپەڕیوە، واتە سەعات دەی بەیانییە.

٣٩. ئەمە درەختی ژیانە و لە کۆتایی ئەڵقەکەدا درەختی چاکە و خراپە هەیە.

٤٠. واتە هیچ لە درەختی ژیان ناخۆن.

٤١. واتە مریەم لە خودا دەپاڕێتەوە لەوانە خۆش بێ!

٤٢. دانیال Daniel خواردنی نەبوخودنەسری پاشای بابلی ڕەتکردەوە.

٤٣. ئاوەمۆرکەر درکەیە لە یوحەننا کە جلی لە تووکی وشتری لە بەر دەکرد و کەمەربەندی چەرمی لە پشت دەبەست و خواردنی کوللە و هەنگوینی دەشتودەر بوو.

٤٤. واتە برسێتی و تینوێتیی خواردن و خواردنەوە بە نرخ دەکەن. تا برسی نەبی، نرخی خواردن نازانی و تا تینوویش نەبی، نرخی ئاو نازانی.

***

# سروودی بیستوسێیەم ١

## ئەڵقەی شەشەم


## زگۆنییان

دانتی تەماشای درەختە سەوزەکەی کرد کە ڕەمزی ژیانە. ڤیرجیلیۆ هانی دا بڕوا. دانتی ڕۆیشت و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوێی لە گریان و دوعای تامەزرۆکان گرت. هەستی کرد کۆمەڵە ڕۆحێک بە کپی و ملکەچی دەڕۆن. لە دوای سێ شاعیرەکە هاتن و پێشیان کەوتن و بە سەرسامی تەماشایان کردن. زۆر لەڕولاواز بوون. قەپێلکی چاویان وەکو ئەموستیلەیەک بوو نگینەکەی دەرهێنرابێ. دانتی ڕۆحێکی شێواوی بینی، هەندێ قسەی کرد. بە دەنگیدا ناسییەوە. فۆریزی دوناتی فلۆرەنسیی برادەری خۆی بوو. فۆریزی لە دانتیی پرسی کێیە و ئەو دوو ڕۆحە کێن لەگەڵیدان. دانتی یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو یەکەم جار لە ئەحواڵی پرسی. فۆریزی گوتی ئەوانەی کەوتوونەتە دوای ئارەزووی خواردن سزایان ئەوەیە لەڕولاواز دەبن و بە برسێتی و تینوێتی پاکدەبنەوە کە میوە و پرژەی سەر درەختەکە زیاتر دەیانورووژێنێ. هەرچەندە لە سووڕانەوەیاندا بە لای میوە و پرژەکەدا برۆن، ئەشکەنجەیان زیاتر دەبێ. دانتی لە فۆریزی پرسی چۆن سەرکەوت بۆ سەر ئەم ڕەوەزەی شەشەم؟ دەبوایە ماوەیەکی زۆرتر لەگەڵ تەمبەڵەکان لەبەر دەروازەی دۆزەخ بمێنێتەوە. فۆریزی وەڵامی دایەوە نیلای ژنی لە دونیادا بە گریان وای لێ کرد تۆبە بکا و بە دوعا و پاڕانەوە لە بەرزەک دەریهێنا. خوا خۆشی دەوێ و لە چاکەکردندا نموونەی نییە. بە دانتیی گوت پێشبینیی ئەو

یاسایانە دەکەم کە قەدەغە دەکەن ژنە فلۆرەنسی بە سنگ و مەمکی ڕووت بچنە دەرەوە. ئەگەر بزانن خوا چ سزایەکی بۆ داناون، دەگرین و لە گوناهەکانیان پەشیماندەبنەوە.

دانتی بە بیری هێنایەوە چۆن بە گەنجی بەیەکەوە دەژیان، هەروەها پێی گوت لەمێژ نییە ڤرجیلیۆ لە دونیا بوو بە ڕێبەری و بە جەستەی زیندووەوە بەناو دۆزەخدا هێنای و سەری خست بۆ سەر چیای بەرزەک و تا دەیگەیەنێتە دەست بیاتریچی، هەر لەگەڵیدا دەبێ. گوتی:

ئەوەی تریش واتە ستاتیۆس ئەوەیە کە پێش نەختێ پاکبووەوە و چیا بە پاکبوونەوەی لەرزی.



له کاتێکدا وەک یەکێ ژیانی خۆی
له ڕاوەباڵندەدا بەسەر دەبا،
ئاوها چاوم بڕیبووه گەڵا و چڵی سەوز،[٢]
ئەوەی بۆ من له باوک زیاتر بوو[٣]، پێی گوتم:
(کوڕم، ئێستا وەره ئێره!
پێویسته ئەو کاتەی هەمانه، باشتر بەسەری ببەین.)
ڕووم وەرگێرا و پێم هەڵێنا،
بۆ لای ئەو دوو دانایەی به جۆرێ دەدوان
ڕۆیشتنیان سووک و سانا دەکردم.
لەپڕ گوێم لێبوو، به گریان و پاڕانەوه دەیانگوت
(خودایه زارم بکەوه![٤])
دەنگەکه ئازار و شادیی بەیەکەوه تێدابوو.
دەستم پێکرد: (ئەی باوکی میهرەبان، ئەوه چییه دەیبیسم؟)
گوتی: (ئەمانه ڕۆحن، ڕەنگه بچن
ئەو قەرزەی لەسەریانه بیدەنەوه.)
وەکو ڕیوینگی نوقمی بیر و خەیاڵات
که له ڕێگەدا تووشی نەناسیاوان دەبێ
بێ ئەوەی بوەستن ئاوڕی لێ دەدەنەوه،
کۆمەڵه ڕۆحێکی کپ و ملکەچ
به هەنگاوی خێرا، له دوای ئێمەوه دەهاتن.
لێمان تێدەپەڕین و به سەرسامی چاویان تێدەبڕیین
هەموو چاویان تار و بەقووڵدا چووبوو.
ڕوو زەرد و بنساو و لاغرتەن بوون.
هەر ئێسک و پێستیان مابوو.
بڕوا ناکەم (ئیریزیتتونی)یش[٥] لەبەر برسێتی،
تەنانەت لەوپەڕی ترس و تۆقاندا
ئاوها چرمسابێ و بووبێ به ئێسک و پێست).[٦]
بەدەم بیرکردنەوه، له دڵی خۆمدا گوتم:

(ئەمانە ئەو کەسانەن کە ئۆرشەلیمیان لەدەست دا[7]
کاتێ مێرەم قەپی لە جەستەی کوڕەکەی دەدا.) (٣٠)
قەپێڵکی چاویان بووبوو بە ئەڵقەی بێ نگین.[8]
ئەوەی وشەی (OMO) لە ڕووی مرۆڤدا دەخوێنێتەوە،
لێرەدا بە ڕوونی (m)ی لێ دەردەکەوێ. (٣٣)
کێ، بێ ئەوەی هۆکەی بزانێ،[9] بڕوا دەکا
بۆنی سێو،[10] یان ئاو بە بزواندنی ئیشتیا
ئاوا مرۆڤ دەبزوێنێ! (٣٦)
بە مەندەهۆشی لە دڵی خۆمدا گوتم:
(چی وا برسی و کەسیرەی کردوون
هێشتا هۆی لاوازی و چورچبوونی پێستەی دزێوم نەدەزانین! (٣٩)
لەپڕ ڕۆحی، لە تەوقی سەری خۆیدا
چاوی بۆ لای من وەرگێڕا و مێزەی کردم و هاواری کرد:
(ئەوە چ نیعمەتێکە پێم دراوە!)(٤٢)
بە شکڵ و دەموچاو نەمناسییەوە
بەڵام دەنگی ئاشنابوو.
هەرچەندە سیمای شێوابوو، زانیم کێیە؟ (٤٥)
ئەم بڵێسەیە ئاشنایی منی بە ڕوخساری خۆی
داگیرساند و مێشکم برووسکەی دا.
(فۆریزی)م[11] ناسییەوە (٤٨)
بە پاڕانەوەوە گوتی: (سەیری ئەو توێژوە وشکە مەکە
کە ڕەنگی پێستەی بزرکاندووم.
سەیری لەشی لەڕولاوازم مەکە! (٥١)
ڕاستەقینەی خۆتم بۆ دەرخە و پێم بڵێ
ئەو دوو ڕۆحە کێن یاوەرییت دەکەن؟
بە کپ و بێدەنگی بەرامبەرم مەوەستە!) (٥٤)
وەڵامم دایەوە: (ڕووی تۆ، کە لە کاتی مردنتدا بۆی گریام
ئێستا لەو کاتە زیاتر ئازارم دەدا

که ئاوها به شێواوی دەیبینم گریانم بۆ دێ. (٥٧)
توخوا پێم بڵێ چ شتێ له گەڵا ڕووتی کردیتەوه.[12]
داوام لێ مەکه بەو سەرسامییه قسه بکەم
ئەوەی هەموو گیانی کەیلی ئارەزووی تر بێ، قسەی بۆ نایێ!)[13] (٦٠)
پێی گوتم: (بەرەکەتێک له کۆڕی جاویدانەوه
بەسەر ئاو و درەختی[14] دوامانەوه دادەڕژێ،
ئەوەیه، وا زار و زەعیفی کردووم. (٦٣)
ئەو هەموو خەڵکەی به گریان سروود دەچڕن،
هەر خەمی ورگی خۆیان لەبەر بوو.
ئێستا به تینوێتی و برسێتی لەو گوناهه پاکدەبنەوه. (٦٦)
بۆنی ئەو میوەی لەو پڕژەیەوه دێ
که بەسەر گەڵای سەوزدا دەڕژێ
ئارەزووی خواردن و خواردنەوەمان دادەگیرسێنێ. (٦٩)
که لەم ئەڵقەیه دەسوڕێینەوه،
تەنیا یەک جار و بەس ئازارمان تازەدەبێتەوه!
گوتم (ئازار)، دەبوایه بڵێم (لەززەت)! (٧٢)
کاتێ مەسیح به خوێنی خۆی ڕزگاری کردین
به چ ئارەزوویەک هاواری کرد: (ئێلی! – خودایه..[15])
هەر ئەو ئارەزووەیش بۆ ئەو درەختانەمان بەکێش دەکا. (٧٥)
پێم گوت: (ئەی فۆریزه، لەو ڕۆژەوه که تۆ
دونیات به ژیانێکی باشتر گۆڕییەوه،
هێشتا پێنج ساڵی پێنەچووه. (٧٨)
ئەگەر توانات نەمابێ چیدی گوناه بکەی
بەر لەوەی ئەو ساته بێ که ڕەنجی پیرۆز،
دووباره به خودا دەمانبەستێتەوه، (٨١)
چۆن وا خێرا هاتیته ئەو سەرەوه؟
وام دەزانی له خوارەوه دەتبینم
که کات له جێی کات دەدرێتەوه.[16]) (٨٤)

پێی گوتم: ((نێللا)ی[17] نازدارم بوو خێرا
بە لافاوی فرمێسکی خۆی منی هێنا
تا نۆشابەی شرینی ئەشکەنجە بنۆشم. (٨٧)
بە دوعای ملکەچانە و بە نزگرەی توند
لەو لێوارە دەریهێنام کە ڕۆحە پاکبووەوەکان چاوەڕێ دەکەن و
لە ئەڵقەکانی تر ڕزگاری کردم (٩٠)
بێوەژنە ئازیزەکەم، کە زۆرم خۆشدەویست،
خۆشەویست و بەڕێزە لای خودا،
چونکە لە چاکەکاریدا ئاوقەرانی نییە.[18] (٩٣)
(بارباجیا)ی[19] ساردینیا ژنەکانی زۆر بەحەیاترن
لەو (بارباجیا)یەی
بێوەژنەکەمم تێدا جێهێشت (٩٦)
ئەی برای شیرین، دەتەوێ چ بڵێم؟
لەبەر چاومە، کاتێ دێ
ئەوەندە لە ساتی ئێستا دوور نییە. (٩٩)
ژنی بێئابڕووی فلۆرەنسا، لەسەر مینبەر،
لێیان قەدەغە دەکرێ
بە سنگ و مەمک ڕووتی بچنە دەرەوە. (١٠٢)
چ هۆڤی و چ ژنێکی بێبڕوا هەبووە،
پێویستیی بە ڕێنمایی ڕۆحی و هی تر هەبێ،
بۆ ئەوەی بەحەیابێ و خۆی داپۆشێ؟! (١٠٥)
ئەگەر ئەو بێحەیایانە، بیانزانیبایە
ئاسمانی چوست و چاپووک چیی بۆ ئامادەکردوون،
ئێستا دەمیان بە هاوار بەشدەکردەوە. (١٠٨)
ئەگەر ئەو پێشبینییەی ئێستام بەهەڵەدا نەچێ
بەر لەوەی ئەو کۆرپانەی لەناو بێشکە لایلایەیان بۆ دەگوترێ،
ڕدێنیان بێ، ئەمانە تووشی ئەشکەنجە دەبن. [20](١١١)
تکایە، برا، هیچی خۆتم لێ مەشارەوە.

دەبینی، نەک تەنیا من، بەڵکو ئەو هەموو خەڵکە
سەیری ئەوە دەکەن کە بەری ڕۆژت گرتووە. (١١٤)
وەڵامم دایەوە: (ئەگەر بێنیتەوە یادت
تۆ چۆن بووی بۆ من و من چۆن بووم بۆ تۆ، (١١٧)
ئێستا ژیانمان ئازیزتر دەبوو. ئەوەی لە پێشمەوە دەڕوا،
پێش چەند ڕۆژێ، لە ژیان دەریهێنام،
کە دەستە خوشکەکەی تەواو خڕوپڕ بوو.[٢١] (١٢٠)
ئاماژەم بۆ خۆر کرد. بەناو شەوی تلی چاوی
مردووە ڕاستەقینەکاندا بردمی
بەو جەستە گۆشت و ئێسکەوە شوێنی کەوتووم.؟ (١٢٣)
بە هاندان لەوێوە هێنامییە سەرەوە.
بە دەوری ئەو چیایەدا سووڕایەوە و هەڵکشا
ئارەزووی دونیا خوارتان دەکاتەوە، ئەو ڕاستتان دەکاتەوە. (١٢٦)
دەڵێ تا دەگەمە لای (بیا تریچی)
لەگەڵمدا دەبێ
لەوێ، بەبێ ئەو دەمێنمەوە. (١٢٩)
ئەوەی وای پێ گوتم (ڤیرجیلیۆ)یە. نیشانم دا
ئەوەی تر[٢٢] ئەو ڕۆحەیەکە پێش نەختێ
کە هەموو وڵاتەکەت لەپێناویدا هەژا (١٣٢)
کاتێ تەکانی دایە خۆی و خۆی ڕزگار کرد. (١٣٣)

***

## پەراوێزەکانی سرروودی بیستوسێیەم

١. ئەمە سرروودی یەکەمی تایبەت بە زگۆنی و تامەزرۆکانە، تەواوکەری دوا سرروودی بەشی پێشەوەیە، پێی دەگوترێ سرروودی (فوریزی دۆناتی).

٢. دانتی سەیری چڵ و گەڵای درەختانی دەکرد بۆ ئەوەی، بەڵکو خاوەنی دەنگەکە ببینێ.

٣. مەبەست ڤیرجیلیۆیە.

٤. خودایە دەمم... لە زەبووریکی داود (ژمارە ٥١) وەرگیراوە. مەبەست ئەوەیە دەم تەنیا بۆ خواردن و خواردنەوە دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ سوپاس و ستایشیش، واتە زگۆنی و تامەزرۆکان کە دەم دەکەنەوە، ستایشی خودا دەکەن.

٥. ئیریزیتتۆنی (بە یۆنانی ئیریسکتۆن Erischton) کوڕی پاشای تسالۆنیا بوو لە یۆنان. بەڕوویەکی پیرۆزی لە دیمیتری خودانبابووی کشتوکاڵ دزی و خواردی. دیمیتری لێی لە ڕک ڕاچوو و تووشی برسێتییەکی هەمیشەیی کرد. هەرچی دەیخوارد تێر نەدەبوو. هەموو سامان و دارایی خۆی لە خواردن سەرف کرد، تەنانەت کچەکەی خۆی فرۆشت و خواردنی پێ کڕی، دیسان هەر تێر نەبوو. ئاخیری هەندێکی لە جەستەی خۆی خوارد.

٦. مەبەستی ئەوەیە تەنیا پێستەی مابوو و هیچی تر.

٧. ئاماژەیە بۆ ئابڵووقەی بەناوبانگی مێژوویی شاری قودس لە لایەن تیتۆسی فەرماندەی هێزی ڕۆمانییەوە لە ساڵی٧٠دا. لەو ساڵەدا، جوولەکە لە دژی ڕۆمانیا هەستان و هێزی ڕۆمانی ئابڵووقەی پایتەختی فەلەستینی دا و پاشان جوولەکەکانی فەلەستینی بەملا و بەولای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بڵاوکردەوە. لەوساوە ئاوارەیی جوولەکە دەستی پێکرد. لەو ئابلووقەیەدا بە جۆرێ تووشی گرانی و نەبوونی هاتن، خانمێکی نەجیبزادەی جوولەکە، ماریای ئەلیعازار Maria Eleazaro، لە برسان کوڕەکەی خۆی خوارد.

٨. واتە چاوەکان بە قووڵدا چووبوون دەتگوت ئەڵقەی بێ نگینن، ئاماژەیە بۆ ئەوە کە مامۆستایانی سەدەکانی ناوەڕاست شکڵی دەموچاوی مرۆڤیان بە ( OMO DEI) دەخوێندەوە) واتە: (ڕووی خوا). ئەوان وای بۆ دەچوون دەموچاوی هەموو کەس لەسەر شێوەی (OMO DEI) دروستکراوە: دوو (OO) دوو چاوەکەیە، (M)دوو برۆ و هێڵی لووتە، (D) گوێ و (E) دوو کونەلووت و (I) دەمە.

٩. واتە ئەو ڕۆحانە ئاوها لەڕولاواز بووبوون، چونکە برسی کرابوون و خواردنیان پێ نەدرابوو.

١خ. سێو: لێرە مەبەستی میوەیە بە گشتی (دۆزەخ، س٢، د٦).

١٠. فۆریزی دۆناتی (Forese Donati) یەکێ بوو لە بنەماڵەی دۆناتی، لە نەجیبزادەکانی فلۆرەنسا. برای (کورسۆ) و (پیکاردا) بوو. سەرکردەی پارتی گەلفە ڕەشەکانی فلۆرەنسا بوو. خزمی ژنی دانتی و دۆستێکی دڵسۆزی سەردەمی گەنجێتیی خۆی بوو. ساڵی ١٢٩٦ کۆچی دوایی کرد. جارێکیان لەگەڵ دانتیدا ناخۆشییان کەوتە بەین و بە شیعر جوێنیان بە یەکتر دا. دانتی فوریزی تاوانبار کرد کە زۆرخۆرە و مێردێکی بەدکارە و دزە و دوور نییە دەستی لەگەڵ براژنی خۆی تێکەڵ کردبێ. (دۆناتی)ش دانتیی تاوانبار کرد کە پیاوێکە لەناو گۆڕ حەسانەوەی نابێ، بە پارەی خەڵک دەژی، چونکە باوکی ڕبیدەی دەخوارد. ترسنۆکە و ئەوەی لێی بدا، برادەرایەتیی دەکا.

ئەم جۆرە جوێن بەیەکدانە لای گەلی فلۆرەنسا باوبوو. زۆر جار دوو کەس لەسەر قسەیەک نەدەگەیشتنە یەک و دەبوو بە گاڵەگاڵ و قیرە و هاوار و لێکدان، بەڵام پاش چەند سەعاتێ، یان چەند ڕۆژێ، یان چەند مانگێ ئاشتدەبوونەوە و هیچیان لە نێواندا نەدەما.

١٢. دانتی و فۆریزی هەردووکیان بە پەرۆشەوە بوون حاڵی یەکتر بزانن. فۆریزی پرسیار لە دانتی دەکا، بەڵام دانتی لەباتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، لە ئەحواڵی دەپرسێ.

١٣. یانی هەرجارەی بەناو دارستاندا دەگەڕێن و بە لای ئەو درەختەدا تێدەپەڕن، داغیان تازە دەبێتەوە.

١٤. مەبەست درەختی ژیانە کە لەبەر دەروازی ئەڵقەی شەشەمدایە.

١٥. ئاماژەیە بۆ دوا قسەی عیسا لەسەر خاچ: سەعات نۆ عیسا بە دەنگی بەرز گوتی: ئیلویی! ئیلویی! بۆچی پێشم کەوتی؟!

١٦. کەمتەرخەمەکان ماوەی چەند لە تۆبەکردن دواکەوتبن، ئەگەر دوعای سەر زەوی فریایان نەکەوێ، ئەوەندە لە دەروازەی بەرزەک دەمێننەوە.

١٧. نێلا Nella، ناوی خۆی جیۆڤینێلا Giovinella بوو. ژنی فۆریزی بوو.

١٨. واتە لە فلۆرەنسا، جگە لەو، هیچ ژنێکی تری باش و بەدین نادۆزیتەوە.

١٩. بارباجیا Barbagia ناوچەیەکی شاخاویی وشکە لەناو دوورگەی ساردینیا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەچەڵەکی خەڵکی ئەو ناوچەیان بە (ڤاندالی) دەدانا. دەڵێن ئەوانە وەکو کێوی دەژیان و ژنەکانیان بە ڕووتوقووتی دەسووڕانەوە. بارباجیا لێرەدا، درکەیە لە شاری فلۆرەنسا، واتە ژنەکانی فلۆرەنسا لە ژنەکانی بارباجیا زیاتر پێیان لێ هەڵبڕیوە.

۲۰. واتە: بەر لەوەی منداڵی شیرەخۆرە پێ ڕابگەن، ئەمانە تووشی خەم و خەفەت دەبن!. مەبەست ئەوەیە تا ساڵی ۱۳۱۵ فلۆرەنسایییەکان تووشی دەرد و نەهامەتی و کارەساتی گەورە دەبنەوە، وەکوو ناکۆکیی نێوان سپی و ڕەشەکان لە ۱۳۰۰ و هاتنی هێنریی حەفتەم بۆ ئیتالیا و ئابڵووقەدانی فلۆرەنسا لە ۱۳۱۲ و شکانی هێزی فلۆرەنسا بەرامبەر هێزەکانی لۆکا و پیزا بە سەرکردایەتیی ئوگۆچونی دێللا فاجۆلا لە شەڕی مۆنتکاتینی، ساڵی ۱۳۱۵.

۲۱. دەموچاو خڕ: واتە لە ۸ی نیسانی ۱۳۰۰، مانگ لە چواردەدا بوو.

۲۲. ئەوەی تر: مەبەست ستاتسیۆیە.

***

# سروودی بیستوچوارەم[1]

## ئەڵقەی شەشەم چڵێس و زگۆنییان

سێ شاعیرەکە ڕۆیشتن. فۆریزی دۆناتیشیان لەگەڵدا بوو. نە قسەکردن لە ڕۆیشتن دوای دەخستن و نە ڕۆیشتنیش قسەی پێ دەبڕین. دانتی زانیی پیککاردا دۆناتی لە بەهەشتدایە. فۆریزی باسی بۆناجیونتا و پاپا مارتینۆی چوارەمی کرد. دانتی دیتی ئوبالدینۆ دێللا پیلا لە برسان زاری بەتاڵی دەجوی. مارکیز دیلی ئەرجولیوزی بینی گوێی لە بوناجیونتا بوو بە چرپە ناوی جێنتوککای دەهێنا. بوناجیونتا گوتی: جێنتوککا کە هێشتا وای لێ نەهاتووە دەسرۆک لە سەر بنێ، لوکا شاد دەکا کاتێ دانتی دەچێتە سەردانی.

خەڵکەکە پەلەیان کرد لە ڕۆیشتن وەکو قورینگ کە دەیەوێ بۆ ڕابواردنی وەرزی زستان بچێتە وڵاتی نیل. فۆریزی لێیان بەپاش کەوت و پرسیاری لە دانتی کرد: کەی دووبارە دەیبینێتەوە؟

پێشبینیی ئەو کارەساتەی کرد کە بەسەر فلۆرەنسادا دێ.

فۆریزی گوتی: براکەم دەبینم لە دۆزەخ لە کلکی وڵاخێکیان بەستووە ئەشکەنجەی دەدەن. فۆریزی تێیتەقاند ڕۆیشت وەک سوارێک لە تاقمەکەی داببڕێ و بیەوێ پەلاماری دوژمن بدا و شەرەفی وەشاندنی زەبری یەکەمی پێ ببڕێ. دانتی لەگەڵ ڤیرجیلیۆ و ستاتسیۆ مایەوە.


کە ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، دانتی درەختێکی دیکەی بینی، بەرێکی زۆری گرتبوو. خەڵکانێکی لە بن دی هاواریان دەکرد و دەستیان بەرز دەکردەوە، وەک منداڵ کە دەست بۆ میوە درێژ دەکا و دەستی پێ ناگا.

دانتی گوێی لە هەندێ نموونەی تاوانی چڵێسی بوو. وەک ئەو کەنتۆسانەی سەرخۆش بوون و تیزیوس کوشتنی، یان وەک ئەو جوولەکانەی وەک سەگ ئاویان دەخواردەوە.

هەرسێکیان بەبێ قسە ڕۆیشتن. بیریان دەکردەوە.

دانتی گوێی لێ بوو فریشتەی میانڕۆیی لێی پرسین بۆچی بەم جۆرە بەدەم بیرکردنەوە دەڕۆن؟

دانتی هەستی کرد فریشتەکە بە دوو باڵەکانی نیشانەی گوناهی چڵێسیی لە تەوێڵی سڕییەوە.



نە بە ڕۆیشتن لە قسە و نە بە قسە لە ڕۆیشتن وەستاین.
بەدەم قسەکردنەوە هەنگاومان هەڵێنا.[2]
وەک کەشتییەک بای پاڵپشت پاڵی بدا. (٣)
ئەو ڕۆحانەی دەتگوت دوو جار بادەی مەرگیان نۆشیوە
کە دیتیان من زیندووم
سەرسامییان لە قووڵایی چاو دەرکەوت.[3] (٦)
لە قسەکەم بەردەوام بووم و گوتم:
(ئەو ڕۆحە[4]، ڕەنگە بە هۆی ڕۆحی ترەوە بێ،
لە توانای خۆی هێدیتر سەردەکەوێ. (٩)
ئەگەر دەزانی پێم بڵێ: (پیککاردا)[5] لە کوێیە؟
پێم بڵێ ئاخۆ ئەوانەی ئاوها مێزەم دەکەن
پیاوێکی سەنگین و ماقووڵیان تێدایە؟) (١٢)
یەکەم جار گوتی: (خوشکم، کە نازانم
جوانیی زیاتر بوو، یان چاکە،
ئێستا لەسەر ئۆلیمپۆ[6]ی بەرز، تاجی شادیی لەسەرە. (١٥)
ئینجا گوتی: لێرەدا لاریی نییە هەر کەسە و
بە ناوی خۆی بانگ بکەی، چونکە
برسێتی سیمای تەواو گۆڕیوین.) (١٨)
ئینجا بە پەنجە ئاماژەی کرد و گوتی:
(ئەوە (بۆنا جیونتا)یە[7]، بۆنا جیونتای لوکایی.
ئەوەی دوای ئەویش کە لە هاوڕێکانی لەڕترە[8]، (٢١)
کڵێسەی پیرۆزی لە باوەش بوو. خەڵکی تورسۆ بوو.
بە برسێتی لە ماسی گۆلی (بۆلسینا) و[9]
شەرابی (ڤیرناچیا)[10] خۆی پاک دەکاتەوە. (٢٤)
یەک یەک ناوی زۆری تری بۆ هێنام.
هەموویان بە هێنانی ناویان شادبوون،
چونکە نەمدی هیچێکیان ڕووی گرژ و تار بێ (٢٧)
دیم (ئوبالدینۆ دی پیلا بۆنیفاتسیۆ)[11] لە برسان زاری بەتاڵی دەجوی و[12]

(بۆ نیفاتسیۆ)[١٣] زۆر کەسی
بە داروە کازەکەی[١٤] دەبردە لەوەڕ. (٣٠)
جەنابی (مارکیز)م[١٥] بینی ڕۆژی، بێ ئەوەی زۆر تینوو بێ،
بۆی لوا لە (فۆرلی) بخواتەوە،
بەڵام تینووی شەراب بوو. قەت لیی تێر نەدەبوو. (٣٣)
وەک یەکێ چاو بگێڕێ و یەکێ لەوانەی دی پەسندتر بکا
سەیری ئەو لوکاییەم[١٦] کرد.
کە دیاربوو لە هەموویان باشتر دەیناسیم. (٣٦)
منگەمنگی بوو. شتێکی وەکو (جێنتوکا)م[١٧] کەوتە بەر گوێ.
لە بەینی لێوەکانی دەهاتە دەرەوە
هەستی برینی دادپەروەریی بوو وای لێدەکرد. (٣٩)
گوتم: (ئەی ڕۆح، کە هێندە پەرۆشی قسەم لەگەڵ بکەی،
کارێکی وا بکە تێت بگەم و
بە جۆرێ قسە بکە هەردووکمان دڵنیا بکا.) (٤٢)
دەستی پێکرد: (کەنیشکێک لە دایک بووە
هێشتا دەسرۆکی لەسەر نەناوە
وا دەکا حەز لە شاری من بکەی، هەرچەندە گازاندەیشی لێ بکەن. (٤٥)
تۆ بەم پێشبینییە بڕۆ لای و ئەگەر ورتەورتی من
هەڵەیەکی بۆ تۆ تێدا بوو
ڕووداوی ڕاستەقینە بۆت ڕاست و ڕۆشن دەکاتەوە، (٤٨)
بەڵام پێم بڵێ ئایا ئەوەی بەرامبەرم
ئەو کەسەیە شیعری تازەی[١٨] داهێناوە؟ دەڵێ:
- (ئەی ژنینە، ئێوە کە لە گەوهەری خۆشەویستی دەگەن!) (٥١)
پێم گوت: (من ئەو کەسەم عیشق چی ئیلهامم بکا
ئەوە دەنووسم و دڵم چۆنی بوێ
بەو شێوازە دەنووسم.) (٥٤)
گوتی: (برا، ئێستا ئەو گرێیە دەبینم
کە (نۆتارۆ) و (گویتونی)[١٩] و من بە یەکەوە گرێ دەدا،

دوور لەو شێوازە شیرین و نوێیەی دەیبیسم. (٥٧)
ئێستا دەبینم چۆن پێنووسی ئێوە[٢٠]
ملکەچە بۆ ئەو دەنگەی فەرمانی پێ دەکا.
بێ شک شتی وا بۆ پێنووسی ئێمە نەبووە. (٦٠)
ئەوەی بیەوێ لەوە زیاتر تێ بگا
جیاوازی لە نێوان دوو شێوازەکەدا دەبینێ.
جا وەک ئەوەی قەناعەتی هێنابێ، بێدەنگ بوو. (٦٣)
وەک ئەو قورینگانەی زستان لەسەر کەناری نیل بەسەر دەبەن[٢١].
هەندێ جار لە هەوادا ڕەوەیەک پێکدێنن.
ئینجا خێرا دەفڕن و بە ڕیز دەڕۆن. (٦٦)
بەم جۆرە ئەوانەی لەوێ بوون پێیان هەڵگرت
ڕوویان لە ئێمە وەرگێرا.
بە لاوازی و پەرۆشیی خۆیانەوە خێرا ڕایان کرد. (٦٩)
وەک یەکێ لە ڕاکردن شەکەت بووبێ و لێ بگەڕێ هاوڕێکانی بڕۆن
هێدی دەڕوا تا هێنکەهێنکی سینگی دەنیشێتەوە
(فۆریزی)ش ئاوها لێ گەڕا ئەو کۆمە پیرۆزە بڕۆن و (٧٢)
لەگەڵ من لە دواوە ڕۆیشت و گوتی:
(کەی دێم بتبینمەوە؟)(٧٥)
وەڵامم دایەوە: (نازانم چەندی تر دەژیم،
بەڵام هاتنەوەم بۆ ئێرە وا زوو نییە
بە پەرۆشەوە ئارەزووی سەر کەنار دەکەم. (٧٨)
ئەو شوێنەی داندراوە لێی بژیم
ڕۆژ بە ڕۆژ لە چاکە بەتاڵتر دەبێ.
دیارە وێرانی و کلۆلیی لە چارەنووسدایە.) (٨١)
گوتی: (ئێستا بڕۆ، چونکە دەبینم
ئەوەی گوناهی لە هەموو کەس زیاترە[٢٢] لە کلکی لاورێک بەستراوەتەوە
بۆ ئەو دۆڵەی ڕادەکێشێ، هەرگیز گوناهی تێدا پاک نابێتەوە. (٨٤)
لاورەکە هەنگاو بە هەنگاو خێراتر ڕادەکا

تا بە لووشکە هەپڕوون بە هەپڕوونی دەکا و
لاشەی شێواوی پارچەپارچە فڕێ دەدا.)[٢٣] (٨٧)
ئینجا چاوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و گوتی:
(ئەم چەرخە ئەوەندە زۆر ناخولێتەوە
ئەوەی من ناتوانم دەری ببڕم، ئاشکرا دەبێ (٩٠)
ئێستا جێت دێلم، چونکە لەم وڵاتەدا
کات زۆر بەنرخە و ئەگەر هێدی هێدی
شان بە شانی تۆ بڕۆم، کاتێکی زۆرم لەدەست دەچێ.) (٩٣)
چۆن سوارێک بە غار، لەناو سەلەفی سواران
دەردەچێ و ئەسپی لنگ دەدا
تا شەرەفی یەکەم لێدانی دوژمنی بەر بکەوێ، (٩٦)
ئەویش ئاوها بە هەنگاوی خێرا دوورکەوتەوە.
لە ڕێگەدا لەگەڵ ئەو دوو کەسە مامەوە
کە لە دونیادا مامۆستا و سەرمەشقی شکۆدار بوون. (٩٩)
ماوەیەکی زۆر پێشمان کەوت
چاوم شوێن ڕاکردنی کەوت و
مێشکم هەر لای قسەکانی بوو. (١٠٢)
لقی سەوز و سەنگینی دارسێوێکی ترم[٢٤] لێ دەرکەوت
زۆر لێمانەوە دوور نەبوو.
ئەو کاتە سووڕابوومەوە و کەوتبوومە بەرامبەری. (١٠٥)
لە بن دارەکە، خەڵکانێکم دی دەستیان بۆ لقەکان
بەرزکردبووەوە و هاوارێکیان دەکرد نازانم چ بوو،
دەتگوت منداڵی تامەزرۆن و هیچیان لەدەست نایێ. (١٠٨)
دەپاڕانەوە و ئەوەی لێی دەپاڕانەوە، وەڵامی نەدەدانەوە
بۆ ئەوەی گڕی مەراقیان خۆشتر بکا
ئەوەی عەوداڵی بوون بڵندی دەکرد، بەڵام نەیدەشاردەوە. (١١١)
ڕۆیشتن وەک ئەوەی تەفرە نەدرابن،
ئێمەیش گەیشتینە ئەو درەختە کەتەیەی

گاڵتەی بەو هەموو تکا و فرمێسکە دەکرد. (١١٤)
(بە ڕێی خۆتاندا بڕۆن و لەم درەختە نزیک مەکەونەوە.
درەختێکی تر لە سەرەوە هەیە، حەوا لە بەرەکەی خواردووە.[٢٥]
ئەم درەختە لەوەوە ڕواوە.) (١١٧)
نازانم کێ بوو لەناو چڵ و گەڵاکاندا وای گوت و
من و ڤیرجیلیۆ و ستاتیوس، بە قەرەپەستە
بەو لایەدا ڕۆیشتین کە لێوارەکە بەرز بووبووەوە.[٢٦] (١٢٠)
گوتی: (ڕۆحە نەفرەتییەکانی هەورتان[٢٧] لە بیر بێ
کە بە مەستی و بە سنگی دوو چەندان[٢٨]
لەگەڵ (تیزیۆ) کەوتنە شەڕ. (١٢٣)
جوولەکەکانتان لە بیر بێ ئەوەندە تامەزرۆی خواردنەوە بوون،
(جیدیۆن)٢٩، کاتێ لە سەر تەپە هاتە خوارەوە بۆ میدیانۆ
ڕازی نەبوو بیانکا بە هاوڕێی خۆی (١٢٦)
بەم جۆرە بە بن لێوارێکدا تێپەڕین
گوێمان لە ناڵەی گوناهی چڵێسی و زگپەرستی بوو.
بەری تاڵ و خراپی بەدوادا دەهات. (١٢٩)
ئینجا کەوتینە سەر ڕێگەیەکی چۆڵ
هەزار هەنگاو زیاتر ڕۆیشتین
بێ ئەوەی متەقمان لێوە بێ، بیرمان دەکردەوە. (١٣٢)
(ئەو سێیە بۆچی بەدەم بیرکردنەوە دەڕۆن؟)
دەنگێ [٢٩] کتوپڕ وای گوت
من وەکو بێچووە جانەوەری تۆقاو ڕاچڵەکیم. (١٣٥)
سەرم بڵند کرد بزانم کێ بوو قسەی کرد.
هیچ شووشە و ئاسنێک لەناو کوورەدا،
ئاوا گەش و سوور نەبووە. (١٣٨)
وەک ئەو کەسەی من دیم و گوتی:
(ئەگەر حەز دەکەن ژێهەڵ بڕۆن، دەبێ لێرە
بسووڕێنەوە، ئەوەی ئاشتیی بوێ بێرەدا دەڕوا.) (١٤١)

بە دیتنی، بینابیم نەما
گەڕامەوە دواوە بۆ لای دوو مامۆستاکەم.
وەک یەکێ کە تەنیا بە یارمەتیی بیستن، هەنگاو دەنێ. (١٤٤)
وەک چۆن شنەی بەهاری مزگێنیدەری بەیانی،
دێ و بۆنی خۆش بڵاو دەکاتەوە
کە پڕە لە بۆنی گوڵ و گیا، (١٤٧)
هەستم کرد شنەیەک ئاوها بە هەنیەم کەوت و
هەستم بە باڵەفڕەیەک کرد لە هەوادا[٣٠].
بۆنێکی یەزدانیی لێ دەهات (١٥٠)
گوێم لە دەنگێ بوو گوتی:
(خۆش بە حاڵی ئەوانەی خوا لوتف و نووری پێ بەخشیون
مگێزی خواردن نایانکا بە دیلی زێدەڕەوی و (١٥٣)
هەمیشە تا ڕادەی خۆی برسی دەبن. (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوچوارەم

١. ئەمە سروودی دووەم و کۆتایی تایبەت بە تامەزرۆکانە. پێی دەگوترێ سروودی (بۆناجیونتا ئۆربیچیانا).

٢. دانتی بە گرانی و سەختی دەڕۆیشت، چونکە لە جەستەی خۆیدا بوو، کەچی ڤیرجیلیۆ و ستاتیۆس بە سووکی، بەبێ ماندووبوون، دەڕۆیشتن، چونکە هەر تەنیا ڕۆح بوون.

٣. ڕۆحەکان واقیان وڕما کە دیتیان دانتی زیندووە.

٤. واتە ڕۆحی ستاتیۆس.

٥. پیککاردا Piccarda خوشکی فۆریزی دوناتی بوو. کچێکی زۆر جوان بوو. یەکێ بوو لە خوشکە تەرکەدونیاکانی دێری (سانتا کیارا) لە (مۆنتیچلی)ی نزیک فلۆرەنسا، بەلام کۆرسۆ دوناتی برای بە زۆر لە دێرەکە دەریهێنا و بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی بە شوو دای بە (ڕوسلیتۆ دێلا تۆزا).

٦. ئۆلیمپۆ Olimpo (بە یۆنانی: ئۆلیمپوس Olympus). وەکو پێشتر باس کرا، چیایەک بوو لە یۆنان. یۆنانییەکان بە بارەگای خودانەکانی خۆیان دەزانی، بە تایبەتی خودانی شیعر و هونەر و مۆسیقا. ئۆلیمپۆی بالا: ئاماژەیە بۆ ئاسمان.

٧. بۆناجیونتا ئۆربیچیانا دێلی ئۆڤیرادی Bonagiunta Orbicciana degli Overadi شاعیرێکی ئیتالی بوو، خەڵکی لوککا Lucca بوو. ساڵی ١٢٦٩ کۆچی دوایی کرد. یەکێ بوو لە پەیڕەوکەرانی شێوازی شیعری پرۆڤانسی. بە نەوسنی و دەستبلاوی و مەیخۆری بەناوبانگ بوو.

٨. ئاماژەیە بۆ پاپا مارتینۆی چوارەم (١٢٨١ – ١٢٨٥) Martino). لە ماوەی ١٢٨١ – ١٢٨٥ پاپا بوو. ماوەیەک خەزنەداری کاتدرائییەی شاری تۆرسۆ (توور) بوو لە باشووری فرەنسا. ناویان نابوو (تووری). پیاوێکی زۆر نەوسن و زۆرخۆر بوو.

٩. مارتینۆی چوارەم ئەوەندەی ماسیی دەریاچەی (بۆلسینا Bolsena)ی ناوەڕاستی ئیتالیا خوارد، تا پێی مرد.

١٠. ڤێرناچیا Vemaccia: شەرابێکی سپی بوو، تایبەت بوو بە دوورگەی ساردینیا. لە شەرابە ناسراوەکانی ئیتالیا بوو. پاپا مارتینۆی چوارەم، بۆ ئەوەی تامێکی خۆش بە ماسی بدا، دەستووری دابوو، ماسیی لە دەریاچەی بۆلسینا بگرن و لەباتی ئەوەی لەسەر زەویی دابنێن، لە ناو قەڕابە شەرابی ڤێرناچیا هەڵیبگرن.

١١. ئۆبالدینۆ داللا پیا ubadino dalla Pia: نەجیبزادەیەکی فلۆرەنسایی نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەم بوو. برای کاردینال ئۆتاڤیانۆ دێلی ئوبالدینی (دۆزەخ، س١٠، د١٢٠) و (ئوگۆلینۆ داتسۆ) و ڕۆجیێری دێلی ئوبالدینی ئوسقوفی پیزا (دۆزەخ، س٣٣، د١٣) بوو. بە تامەزرۆ و زۆرخۆر ناسرابوو.

١٢. ئەم ڕستەیە لە کتێبی شەشەمی (داگەڕان)ی ئۆڤید وەرگیراوە کە لە بارەی ئیریزیتتونی جادووکەرەوە دەڵێ: ددانی لە پارووی خەیاڵی دەدا و دەچووە سەر خوانی ئاووهەوا!

١٣. بۆنیفاچیۆ دی فیسکی: بە ڕەچەڵەک خەڵکی جەنەوابوو. ساڵی ١٢٧٤ بوو بە ئوسقوفی ڕاڤێنا و ساڵی ١٢٩٤ کۆچی دوایی کرد. سیاسەتمەدار بوو زیاتر لەوەی پیاوی ئایین بێ. بە پارە کۆکردنەوە ناسراو بوو، بەڵام نەزانراوە نەوسن و بخۆر بووبێ.

١٤. داروەکاز: مەبەست داروەکازی ئوسقوفی ڕاڤنایە کە دەسکەکەی لەسەر شێوەی تابلۆی شەترەنج بوو.

١٥. مارکیزی: Marchese olegli Arqogli osi نەجیبزادەیەکی شاری فۆرلی بوو. ساڵی ١٢٩٦ بوو بە سەرۆکی شاری فانیتسا. زۆر شەرابی دەخواردەوە. دەڵێن ڕۆژێ لە لێپرسراوی شتکڕینی خۆی پرسی خەڵک چی دەربارەی دەڵێن؟ گوتی: جەناب، خەڵک دەڵێن تۆ هەمیشە خەریکی شەرابخواردنەوەی. بە سەرسامی وەڵامی دایەوە: ئەی بۆچی ناڵێن من هەمیشە تینووم؟!

١٦. ئاماژەیە بۆ بۆناجۆنتا دا لوکا.

١٧. جێنتوککا Gentucca. توێژەروان ڕای جیاوازیان لە بارەی ئەم ژنەوە هەیە. زۆربەیان دەڵێن ئەمە خەڵکی لوکایە و نازناوی (مۆرتا)یە. ئەوە بوو کە شووی بە بۆناککۆرسی فۆندۆرا Bonaccorse Fondora کرد. هەندێ دەڵێن مەبەست جێنتوککا ئالاجیای کچی برای پاپا ئەدریانۆی پێنجەمە. هەندێ جێنتوککا بە ناوێکی گشتی دەزانن. ئەوەندە مسۆگەرە دانتی ئەو ژنەی لە لوکا ناسیوە، کاتێ زستانی ١٣١٤ – بە هاری ١٣١٦ لەو شارە بووە. دانتی و ئەو ژنە خۆشەویستییەکی ناسک و هێمنیان لە نێواندا بووە.

١٨. ڕێبازی شیعری نوێ کە دانتی خۆی یەکێ بوو لە دامەزرێنەرەکانی. ڕێبازەکەی ئەو، دوای ڕێبازەکانی پێشوو هاتووە، وەکو شیعری ئایینی و شیعری قوتابخانەی سەقلیە و شیعری قوتابخانەی بۆلۆنیا. ئەمە سەرەتای هۆنراوەی یەکەمە لە (ژیانی نوێ)دا. کە دانتی خۆشەویستیی لە دڵدا جووڵا، ڕووی کردە ئەو ژنانەی

مانای خۆشەویستی دەزانن. لە شیعرەکەدا باسی (بیاتریچی) دەکا کە هەر پیاوێ چاوی پێ بکەوێ دەبێ بە نەجیبزادە و نیعمەت و بەرەکی خودای بەسەردا دەڕژێ.

١٩. گویتتۆنی داریتسۆ (١٢٣٠ – ١٢٩٤ Guittone darizzo). ڕابەری ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی بوو. یەکێ بوو لە (برایانی خۆشگوزەران)، هەروەها یەکی بوو لە شاعیرانی قوتابخانەی بۆلۆنیا کە قۆناغی ناوەڕاستی ڕێبازی شیعری قوتابخانەی سەقلیە و شیعری قوتابخانەی تۆسکانا بوو لە سەدەی ١٢دا.

٢٠. ئێوە: ئاماژەیە بۆ دانتی و شاعیرانی قوتابخانەی نوێ.

٢١. ئاماژەیە بۆ قازوقورینگ کە زستان لە باکووری ئەورووپاوە گەشت دەکەن بۆ کەناری گەرمی نیل.

٢٢. ئاماژەیە بۆ کۆرسۆ دۆنانی Corso Donatiی برای فۆریزی کە سەرۆکی دەستەی گەلفە ڕەشەکان بوو لە فلۆرەنسا. دانتی بە هۆی بەدبەختیی شاری خۆی دەزانی، چونکە ساڵی ١٣٠١ گەلفە سپییەکانی لە فلۆرەنسا دەرپەڕاند. دوای ئەوە دانتیش ئەفەرۆز کرا. دوای ئەوە، گەلفە ڕەشەکان خۆشیان ناکۆکییان کەوتە بەین و بوون بە دوو دەستە. دەستەی کۆرسۆ، کە نەجیبزادە و هەژارەکانی تێدا بوو، دەستەی ڕۆسۆ دێلا تۆزا، کە لە چینی ناوەنجی بورجوازی پێک هاتبوو. کۆرسۆ پلانێکی گەورەی دانایەوە بۆ ئەوەی ناحەزەکانی لەناو ببا و دەسەلاتێکی ڕەها بەدەست بێنێ، بەڵام پلانەکەی سەری نەگرت. بە ناساغی لە شاری فلۆرەنسا ڕایکرد و ڕووی کردە دێری (سان سالویا). لە نزیک ئەوێوە لە ئەسپەکەی گلا و ئەسپەکە چەند لەقەیەکی لێدا. لەو کاتەدا چەند کەتالۆنییەک گەیشتنە سەری و کوشتیان. دانتی لێرەدا بە ئەنقەست ڕووداوەکەی بە جۆرێکی تر گێڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەشکەنجە و مردنی کۆرسۆ سەختتر پیشان بدا.

٢٣. دەڵێن کۆرسۆ زەبری بە گەروو و تەرۆکی کەوتبوو.

٢٤. درەختی یەکەم، مەبەست درەختی ژیانە لە سەرەتای ئەڵقەی شەشەمدا.

٢٥. ئەو درەختەی حەوا بەرەکەی خوارد. داری چاکە و خراپەیە. کە حەوا بەرەکەی خوارد و ئادەمیشی تەفرە دا بیخوا، ئەوەبوو لە بەهەشت دەرکران.

٢٦. ئاماژەیە بۆ بەهەشتی زەمینی کە لەسەر ترۆپکی چیای بەرزەکدایە. لێرەدا باسی دوو درەخت دەکا. لای ئەم درەختەی ئێرە ناوی حەوا دێ و لە ژێر درەختی پێشوو، ناوی مریەم هات. بە لای دانتییەوە ئەمانە دوو خاڵی بەرامبەر یەکترن: یەکەم نموونەی چاکە و دووەم نموونەی خراپەیە.

٢٧. ئاماژەیە بۆ (کەنتور)ەکان کە نیوەی لەشیان مرۆڤ و نیوەیان ئەسپ بوو (دۆزەخ، س١٢، د ٢١٠). لە ئەفسانەی یۆنانیدا، چیرۆکی پەیدابوونی کەنتورەکان بەم جۆرە هاتووە:

لیکسیۆنی پاشای لاپیتی یۆنان چاکەیەکی لەگەڵ زیۆس کرد و ئەویش بەرامبەر بەمە داوەتی کرد بۆ ئاهەنگی خودانەکان. لەوێ چاو چاوانەی لەگەڵ (هیرا)ی ژنی زیۆس کرد و زیۆس لێی تووڕە بوو. لە چەرخێکی ئاگری بەست و فڕێی دایە سەر زەوی. ئەو پاشایە لەگەڵ پەریی هەور (نیفیلای Nephelae) زەماوەندی کرد و ئەو کەنتورانەی لێ کەوتەوە.

هەر لە ئەفسانەدا هاتووە: ئەم کەنتورانە لە ئاهەنگی زەماوەندی (هیپۆدامیا) و (پیریتۆیۆس)دا ئامادەبوون. مەست بوون و ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەر بووکی تازە، تیزیۆسی پاڵەوانی ئەفسانەیی لێیان ڕاپەڕی و لەگەڵیان کەوتە جەنگ و بۆڕی دان.

٢٨. سینگی دوو چەندان: ئاماژەیە بۆ سینگی مرۆڤ و سینگی ئەسپ، کە لەم کەنتورانەدا تێکەڵی یەک بوون.

٢٩. ئاماژەیە بۆ شکانی لەشکری میدیانییەکان بە دەستی جیدیۆن. لە پەیمانی کۆندا، بەم جۆرە هاتووە (دادوەران، بەشی حەفتەم):

بەیانی زوو، جێروب بەعل (واتە: جیدۆن) و هەموو لە شکرەکەی لەسەر کانیی (حارۆد) خیوەتیان هەڵدا. ئۆردووی میدیانییەکان لە دۆڵی هەوراز ئەوانەوە، لە نزیک گردی (مۆرە) بوون. خودان بە جیدیونی گوت: تۆ لەشکرێکی زۆرت هێناوە، پاشان ئیسرائیلی شانازی دەکەن گوایە بە هێزی خۆیان دوژمنیان شکاندووە. پێیان بڵێ هەر کەسە دەترسێ با بگەڕێتەوە. بەمەوە، بیستودوو هەزار کەس ڕۆیشتن، تەنیا دە هەزار کەس مانەوە. خودان بە جیدیۆنی گوت: هێشتا زۆر ماون. بیانبە سەر ئاو، لەوێ لە بێژنگیان دە. هەر کەسێ وەکو سەگ دەمی بە ئاوەوە نا، بە ڕێی کە با بڕوا لەگەڵ تۆ نەیێ، هەر کەسێ داهاتەوە و بە گوڵمی دەست ئاوی خواردەوە، لای خۆت گلی بدەوە. بەمەوە تەنیا سێسەد کەس مانەوە.

شەو خودان بە جیدیۆنی گوت: هەستە، بڕۆ دەوروبەری ئۆردووی دوژمن. ئەگەر دەترسی، لەگەڵ (پورە)ی خزمەتکارت بڕۆ. گوێ بگرە بزانە چ دەڵێن. جیدیۆن و پوورە چوونە نزیک ئۆردووی میدیانییەکان. دیتیان لە شکرێکی ئەوەندە زۆرە دەڵێی کوللەیە و وشتریان ئەوەندە زۆرە دەڵێی قومی کەناری دەریایە. کە جیدیۆن گەیشتە ئەوێ، گوێی لێ بوو یەکێ خەونی دی بوو، خەونەکەی بۆ برادەرێکی دەگێڕایەوە. دەیگوت لە خەودا دیم نانێکی خڕی جۆ هات کەوتە ناو

ئۆردووی میدیانییەکان. ئەوەندە توند بە خێوەتێک کەوت، سەراوژێری کرد. برادەرەکەی گوتی: ئەم نانە جۆیە شمشێری جیدیۆنی کوڕی (یۆواش)ی ئیسرائیلییە. خودان هەموو لەشکری میدیانییەکانی تەسلیم دەکا. کاتی جیدیۆن ئەمەی بیست، سوپاسی خودای کرد و گەڕایەوە ناو ئۆردووی ئیسرائیلییەکان و بانگی ڕاهێشت گوتی خودان سەرکەوتنی پێ بەخشیوین. ئینجا سێسەد کەسەکەی کردە سێ دەستە، هەر دەستەی سەد کەس. یەکەو کەڕەنا و جەڕەیەکی دانێ، جەڕەکە چراوگێکی تێدا بوو. گوتی ئێستا دەچینە دەوری ئۆردووی دوژمن. من چیم کرد، ئێوەش وا بکەن. کە من فووم لە کەڕەنا کرد، ئێوەیش هەموو فوو لە کەڕەنا بکەن و جەڕەکە بشکێنن و چراوگی ناوی بە دەستەوە بگرن و هاوار بکەن: (بۆ خودان و جیدیۆن). چیی گوتبوو، وایان کرد. دوژمن بە پرەپڕ هەڵاتن و جیدیۆن سەرکەوت.

٣٠. بەم جۆرە فریشتەکە نیشانەی گوناهی چڵێسیی لە تەوێڵی دانتی سڕییەوە.

***

# سروودی بیستوپێنجەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەم

## خۆپەرستان

سێ شاعیرەکە بەسەر ئەو پلیکانەیە کەوتن کە دەچووە ڕەوەزی حەوتەم. ڕەوەزی ئاڵۆشیی جەستە. دانتی ویستی قسە بکا، نەیتوانی. وەکو بێچووە باڵندەیەک وا بوو بێهوودە هەوڵ بدا بفڕێ. ڤیرجیلیۆ هانی دا قسە بکا. دانتی پرسیی: ڕۆح چۆن لاواز دەبێ کە پێویستی بە خواردن نییە؟ ڤیرجیلیۆ هەوڵی دا بۆی ڕوون بکاتەوە. نموونەیەکی بە ملیاگرۆ هێنایەوە و نموونەیەکی بەوە هێنایەوە کە وێنەی مرۆڤ لە ناو ئاوێنەدا دەجووڵێتەوە، ئینجا ستاتیۆس گوتی: ئاوی پاکی پیاو (نوتفە) لە ناو دڵدا هێزێک پەیدا دەکا. بەو هێزە ئەندامەکانی مرۆڤ دروست دەکا و هەریەکە خاسیەتی خۆی پێ دەدا. گوتی: خوێنی پیاو تێکەڵ خوێنی ژن دەبێ. خوێنە تێکەڵەکە دەمەیی و ژیانی دەچێتە بەر و بوونەوەرەکە لە گیاندارەوە دەبێ بە مرۆڤ، بە ڕێگەیەکی وا فەیلەسووفەکانیش دەرکی پێ ناکەن، ئینجا خوا ڕۆح فوو دەکاتە ئاوڵەمەکە و دەیکا بە مرۆڤێکی تەواو.

هەروەها گوتی: کە تەمەنی مرۆڤ تەواو دەبێ، هێزی مرۆڤانەی کپ دەبێتەوە، بەڵام ئاوەزی نامرێ. بگرە لە کارەکانیدا درەوشەدارتر دەبێ و دەچێتە سەر کەناری ئاکیرۆنتی، یان ڕێژگاوی تیبیر. دەبێ بە تارمایی یان

شەبەنگێکی بەرچاو. لەبەر ئەوەیە تارمایی یان شەبەنگ قسەدەکا و پێدەکەنێ و دەگری و هەنسکدەدا.

سێ شاعیرەکە گەیشتنە جێگەیەک چیا ئاگری فرێدەدایە سەر رێگە، بەرامبەر بەوەیش بایەک دەهات ئاگرەکەی لەسەر رێگە دووردەخستەوە.

دانتی گوێی لە دوعا و پاڕانەوەی ئەوانە بوو کە خۆیان لە گوناهی جەستە پاکدەکردەوە. هەندێ رۆحی بینی لەناو ئاگر دەڕۆیشتن، ئینجا سرووودێکی لە مریەمی پاکیزە و سرووودێکی لە دیانا و هیلیس بیست. رۆحەکان بەم جۆرە لە گوناە پاکدەبوونەوە.



ئەو ساتە هات دەبوایە بێ سستی سەرکەوین
خۆر بازنەی نیوەڕۆی بۆ بورجی (گا) و[٢]
شەو بۆ بورجی (دووپشکی)ی[٣] جێهێشتبوو. (٣)
وەک یەکێ کە هیچ نەوەستێ،
هەرچی تەگەرەی بێتە پێش، ئەو هەر بڕوا،
ئەگەر ئەنگیزەی پێویستییەک دنەی بدا، (٦)
ئێمەیش بەم جۆرە، یەک لە دوای ئەوەی تر[٤] بۆ سەر پلیکانەکە،
کەوتینە سەر ئەو باریکەڕێیە تەنگەی
لەبەر تەسکیی ڕێدارەکانی لە یەک جیادەکردەوە. (٩)
وەک بێچووە لەقلەقێ کە حەز دەکا بفڕێ و باڵی لێک دەکاتەوە،
بەڵام ناوێرێ هێلانە جێبێلێ،
دووبارە باڵی شۆڕدەکاتەوە، (١٢)
منیش وام لێ هات لە پەرۆشیی پرسیارێ کە
وەکو ئاگر لە دەروونمدا گڕی دەگرت و دادەمرکایەوە،
لێوم جووڵاند وەک یەکێ بیەوێ قسە بکا. (١٥)
هەرچەندە خێرا دەڕۆیشتن، باوکی ئازیزم
لە قسە نەدەوەستا، گوتی: (کەوانی قسەت ڕەها کە،
کە تا نووکی تیرەکەت ڕاتکێشاوە). (١٨)
ئەوسا بە دڵنیایی زارم کردەوە و گوتم:
(ڕۆح چۆن لەڕولاواز دەبێ
کە پێویستیی بە خواردن نییە.) (٢١)
گوتی: (ئەگەر بە بیرت بێ چۆن
(میلیاگرۆ)[٥] مینا ڕوومردنەوەی پەنگرە ئاگر، دامرکایەوە،
دەرککردنی ئەمەت بەلاوە زەحمەت نەدەبوو. (٢٤)
یان ئەگەر بیر بکەیتەوە چۆن لە گۆڕ هەر جووڵەیەکی خێراتدا
وێنەکەت لەناو ئاوێنەدا دەجووڵێتەوە،
ئەوەی پێت زەحمەتە، بە ئاسانی تێی دەگەیشتی. (٢٧)
بەڵام بۆ ئەوەی دڵت دابکەوێ لەوەی بۆی پەرۆشی،

سەیری (ستاتسیۆ) بکە. بانگی دەکەم و داوای لێ دەکەم
هەر ئێستا برینەکانت سارێژ بکا.) (٣٠)
(ستاتسیۆ) وەڵامی دایەوە:
(ئەگەر لە حزوور تۆدا، ڕاستەقینەی ئەبەدیی بۆ ئاشکرا بکەم،
بیانووم ئەوەیە ناتوانم داوای تۆ ڕەت بکەمەوە.) (٣٣)
ئینجا گوتی: (کوڕم، ئەگەر مێشکت قسەکانم وەربگرێ و
هەڵیان بگرێ، قسەکانم پرسیارەکەت
بە چاکی ڕوون دەکەنەوە.[٦] (٣٦)
ئەو خوێنە پاکەی[٧] خوێنبەری هەمیشە تینوو هەڵینامژێ و
وەک بەرماوی خواردن جێدەمێنێ[٨]
کە دەبێ لەسەر خوان هەڵبگیرێ. (٣٩)
لەناو دڵدا هێزێک پەیدا دەکا خەسیەتی تایبەتی
بە هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ دەدا و خوێنەکەی تر
کە بەناو دەمارەکاندا دەڕوا و ئەندامەکان دروست دەکا.[٩] (٤٢)
کە تەواو پاکدەبێتەوە[١٠]، دادەبەزێتە شوێنێ
بێدەنگی لە قسەکردن جوانترە.
ئینجا لەناو دەفری تایبەتی خۆیدا، دەچکێتە سەر خوێنی یەکێکی تر[١١]. (٤٥)
لەوێ تێکەڵ بە یەکتر دەبن.[١٢]
یەکێ بە سروشت سست و
ئەوەی تر بەپێی ئەو شوێنە کامڵەی لێی هەڵدەقوڵێ چالاکە.
کە ئەمەیان تێکەڵ ئەو دەبێ
دەست بە کاری خۆی دەکا و سەرەتا خوێنەکە دەمەیێنێ[١٣]
ئینجا ژیان بەوە دەبەخشێ کە لە مەیینی خوێنەکە پەیدابووە[١٤]. (٥١)
ئەو هێزە چالکە دەبێ بە ڕۆحێکی وەکو ڕۆحی ڕووەک[١٥].
جیاوازیی ئەوەیە ئەو هێشتا ڕێگەی لە بەردەمدایە بیبڕێ
کەچی ڕۆحی ڕووەک گەیشتووەتە کۆتایی خۆی. (٥٤)
لە گەشەکردندا بەردەوام دەبێ. وەک قارچکی دەریا[١٦]
دەجووڵێتەوە و هەست دەکا، ئینجا ئەندام بۆ

ئەو هێزانە دروست دەکا کە توون بۆ خۆی. (٥٧)
ئینجا کورم، ئەو هێزە چالکەی لە دڵی باوەکەوە هەڵقوڵاوە
لەو شوێنەی سروشت بۆ دروستکردنی ئەندامەکان دیاریی کردووە،
نەشونما دەکا و بڵاو دەبێتەوە. (٦٠)
بەڵام تۆ هێشتا نازانی چۆن لە لاورییەوە دەبێ بە بوونەوەری ئاقڵ[١٧]
ئەمەیش مەسەلەیەکە هی لە تۆ زاناتری
گومڕا کردووە و تەفرەی داوە. (٦٣)
بە لێکدانەوەی خۆی، ڕۆح و ئەقڵی چالاکی لەیەک جیاکردەوە،
چونکە هیچ ئەندامێکی نەدۆزییەوە
بۆ خۆی دیاری کردبێ.(٦٦)
ئێستا دڵت بۆ ئەم ڕاستییە بکەوە
بزانە، کاتێ پێکهاتەی مێشک
لە ئاولەمەدا تەواو دەبێ، (٦٩)
(بزوێنەری یەکەم)[١٨] ڕووی تێدەکا،
شادە بەم دەستکردەی سروشت و
فووی ڕۆحێکی تازەی پڕ چالاکی پێدا دەکا[١٩]. (٧٢)
چی لەوێ چالاک بێ بۆ کرۆکی خۆی ڕایدەکێشێ و
بوونەوەرێکی لێ دروست دەکا
دەژی و هەست دەکا و خۆی بەسەر خۆیدا دەخولێتەوە.[٢٠] (٧٥)
بۆ ئەوەی ئەوەندە لە قسەکەم سەرسام نەبی،
سەیری گەرمایی خۆر بکە چۆن دەبێ بە شەراب
کاتێ تێکەڵ ئەو شیلەیە دەبێ کە لە ڕەزەوە هەڵدەڕژێ. (٧٨)
کە (لاکیزیس) کەلەفی کەتانی[٢١] نامێنێ،
ڕۆح لە جەستە جودا دەبێتەوە و هەردوو هێز لەگەڵ خۆی دەبا:
هێزی مرۆیی و[٢٢] هێزی یەزدانی٢٣. (٨١)
هەموو هێزە هەستەوەرەکانی دی لە کار دەکەون،
کەچی زەین و خواست و دەرککردن
لە کارکردندا لە جاران چالاکتر و تەواوتر دەبن. (٨٤)

ئەوسا، ڕۆح، لە خۆوە و بێ دواکەوتن،
بە سەیری، بەردەبێتەوە سەر کەناری یەکێ لە دوو
ڕووبار و[24] یەکسەر دەزانێ کامە ڕێگەی خۆیەتی (٨٧)
کە شوێنی گونجاوی خۆی دەیگرێتە خۆی
هێزی پێکهێنەر بە هەمان شکڵ و قەبارەی
لە ئەندامە زیندووەکانیدا هەبوو
دەدرەوشێتەوە و تیشک بڵاو دەکاتەوە. (٩٠)
چۆن کاتێ هەوا خەست و تێرهەڵم دەبێ،
بەو تیشکەی لە هی ترەوە دەشکێتەوە سەری
بە ڕەنگی جۆراوجۆر دەڕازێتەوە[25]. (٩٣)
ئاوهایش هەوای دەوروبەرمان
دەکەوێتە سەر ئەو شکڵەی ڕۆح مۆری خۆی لێ دەدا.
بەو هێزە مت و نادیارەی تێیدایە. (٩٦)
ئینجا وێنە تازەکە شوێن ڕۆح دەکەوێ
وەک چۆن بڵێسە ئاگر بچێتە هەر شوێنێ،
بڵێسەکەی شوێنی دەکەوێ. (٩٩)
لەبەر ئەوەی بەمەوە دەکەوێتە بەر چاو
پێی دەگوترێ تارمایی و ئینجا ئەندام
بۆ هەموو هەستەکان دروست دەکا، تا هەستی بیناییش! (١٠٢)
بەمەوە دەدوێین و بەمەوە پێدەکەنین،
بەمەوە فرمێسک دەڕێژین و هەنسک هەڵدەکێشین
کە دەتتوانی لەقەد چیا گوێت لێ بێ. (١٠٥)
بەپێی ئامانجی ئارەزووو هەستەکانی ترمان
تارماییەکە دروست دەبێ و شکڵی خۆی وەردەگرێ.
هۆی سەرسامیی تۆ بۆ ئەوە دەچێتەوە.) (١٠٨)
ئەو کاتە گەیشتبووینە دوا ئەڵقەی ئەشکەنجە.
بەسەر ملی ڕاستەدا ئاوڕمان دایەوە
مەسەلەیەکی دی سەرنجی ڕاکێشاین. (١١١)

لێرە، قەدی شاخ ئاگرێکی سووتێنەر فڕێدەداتە دەرەوە،
ڕەوەزەکە بایەک هەڵداتە سەرەوە
ئاگرەکە دەبا و دووری دەخاتەوە. (١١٤)
ئیتر دەبوو، یەک لە دوای یەک،
بەسەر قەدپاڵی کراوەدا بڕۆین.
لە لایەک ترسی ئاگر و لە لایەک ترسی هەڵدێران. (١١٧)
ڕابەرەکەم گوتی: (نابێ لەم شوێنەدا
جڵەوی چاو بەربدەین،
چونکە زۆر نزیکە پێمان بخلیسکێ.) (١٢٠)
ئەوسا لەناو نێرینەی ئاگرەکە، گوێم لە دوعایەک بوو:
(ئای خودایە! کە ڕەحم و بەرەکەتت بێپایانە)![٢٦]
وای لێ کردم سووربم بچمە لایەوە. (١٢٣)
هەندێ ڕۆحم بینی لەناو هالاوی ئاگر دەڕۆیشتن،
سەیری ڕۆحەکان و سەیری هەنگاوی خۆمم دەکرد
جارێ سەیری ئەم و گاوێ سەیری ئەو (١٢٦)
کە لە خوێندنەوەی دوعاکە بوونەوە، هاواریان کرد:
(هیچ پیاوم نەناسیوە)[٢٧]
ئینجا بە دەنگێکی نزم دەستیان بە دوعا کردەوە. (١٢٩)
کە لە دوعا بوونەوە، دووبارە هاواریان کرد:
(دیانا)[٢٨] لە جەنگەڵ مایەوە و (ئیلیچی)
کە ژەهری کوشندەی (ڤینیری)ی[٢٩] چەشت، دەرکرا. (١٣٢)
ئەوسا دەستیان بە دوعا کردەوە و
ناوی ئەو خانم و مێردانەیان هێنا کە بەپێی
داوێنپاکی و هاوسەرێتی، بە پاکیزەیی ژیان. (١٣٥)
وا بزانم، بە درێژیی ئەو ماوەیەی بە ئاگر دەسووتێن
وا بەم شێوازە بەردەوام دەبن،
بەم چارەسەر و بەم خواردنەیش. (١٣٨)
ئاخیری برینیان سارێژ دەبێ. (١٣٩)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوپێنجەم

١. ئەمە یەکەم سروودی ئاڵوشیی جەستەیە. پێی دەگوترێ سروودی زاوزێی مرۆڤ.

٢. واتە دەوری سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو. لە بەرزەک، خۆر لە بورجی کاوڕدا بوو، ئینجا بەرەوخوارەوە چوو، بورجی گا لەباتی خۆر لای سەرەوەی گرت.

٣. لە هەمان کاتدا لە نیوەگۆی باکووری زەویدا، بورجی تەرازوو –نیوە شەو– بزووت و بورجی دووپشک جێگەی گرتەوە. لەبەر ئەوەی هەر قۆناغێکی جووڵەی دوازدە بورجەکە بە دوو سەعات دەبێ، مانای وایە لە بەرزەک دەوری سەعات دووی پاشنیوەڕۆ و لە (بیت المقدس) دەوری سەعات دووی بەیانی بوو.

٤. پلیکانەکە تەسک بوو، هەرسێ شاعیر نەیاندەتوانی شانبەشانی یەکتر بڕۆن بۆیە لە دوای یەکتر دەڕۆیشتن.

٥. میلیاگرۆ Meleagro کوڕی ئەنیۆسی پاشای کالیدۆنیا بوو. کاتێ لە دایک بوو، سێ فریشتەی ژیان هاتنە خوارەوە، دارێکیان پێشانی (ئێلیتا)ی دایکی دا. دارەکە لەناو ئاگر ڕاکرابوو، گوتیان عومری کوڕەکەت لەگەڵ ئەم دارەدایە. کە ئەم دارە سووتا، کوڕەکەت دەمرێ و تا دارەکە نەسووتێ، کوڕەکەت نامرێ. دایکە پڕی دایە دارەکە. دەریهێنا و لە جێگەیەکی باش تەقەتی کرد. میلیاگرۆ پێ ڕاگەیشت و بوو بە گەنجێکی دلاوەر. ئەشقی ئاتلانتا بوو، ورچێکی کالیدۆنی کوشت و کەوڵەکەی پێشکەش کرد. خاڵەکانی حەسوودییان پێ هات و کەوڵەکەیان ڕفاند، میلیاگرۆ خاڵەکانی خۆی کوشت. کە دایکی دیتی میلیاگرۆ براکانی کوشت، تووڕە بوو، هەر ڕایکرد داری عومری میلیاگرۆی هێنا و فڕێی دایە ناو ئاگر. دارەکە سووتا و میلیاگرۆ مرد. (ئۆڤید، دەگەڕان، ٨).

٦. لێرە بەدواوە دانتی بە دووروودرێژی باسی بۆچوونی خۆی دەکا بەرامبەر ژیان و لەش و ڕۆح و پەیدابوونی مرۆڤ.

٧. خوێنی تەواو: مەبەست ئاوی پیاوە. پاک و تەواوە، چونکە ڕەنگی سووری نەگرتووە. خوێنبەر ئەم خوێنە پاکە ناخواتەوە کە برسی و تینووە، چونکە خواردن بە ئەندامەکانی لەش دەدا.

٨. خوێنە پاکەکە وەکو خواردنێکی سەر سفرە وایە بێ ئەوەی دەستی لێ بدرێ و هەڵبگیرێ، واتە ببرێ بۆ شوێنی تایبەتی خۆی.

٩. واتە خوێنەکە هێز لە دڵەوە وەردەگرێ بۆ دروستکردنی ئەندامەکانی لەش و خاسیەتی تایبەتی خۆیان پێ دەدا.

١٠. پاش پاكبوونەوەی تەواو: واتە دوای هەرس و گۆڕان و هەڵمژین و پاڵدان لە گەدە و جگەر و دڵەوە، خوێنە پاكەكە دەچێتە ناو خانەكان.

١١. یانی ئاوەكە دەچێتە ناو زێ، یان زاماڵی ڕەگەزی مێ.

١٢. واتە خوێنی ژن تێكەڵ خوێنی پیاو دەبێ.

١٣. ئەوسا خوێنەكە دەمەیی و ڕۆحی دەچێتە بەر.

١٤. ڕۆح لەو تێكەڵەیەدا، لە خوێنی ژن و پیاو پەیدا دەبێ. ئەمە ڕۆحی نەشونما كردووە.

١٥. یانی ڕۆحی ئاوەكە وەكو ئەو ڕۆحەی لێ دێ كە ڕووەک دەخاتە جووڵە (جووڵەی نەشونما).

١٦. جووڵەی یەكەمی ئاوڵەمە وەكو جووڵەی سادە و سەرەتایی قارچک و مەرجان و كەوزی دەریا وایە. دوای ئەوە، هەستەكان لە ناوەوە و دەرەوە گەلاڵە دەبن.

١٧. ئەم ئاوڵەمەیە لە سكی دایكیدا وردەوردە دەبێ بە مرۆڤ.

١٨. مەبەست خوایە.

١٩. واتە ئەم هێزە خولقێنەرە، ڕۆحی ڕووەک و ڕۆحی گیاندار لە ئاوڵەمەكە دەردێنێ و تێكەڵ خۆی دەكا، لەمەوە ڕۆحی تایبەتی مرۆڤ پێک دێ كە خۆی جیلوەگای خۆیەتی.

٢٠. یانی خودا ڕۆحێک دروست دەكا ڕەگەزی ڕۆحی نەشونما و ڕۆحی هەست و ڕۆحی ئەقڵی تێدایە.

٢١. یانی هەر كاتێ ئەو داوە كەتانە تەواو بوو، كە لاكیزیی خودانی چارەنووس بۆی چنیوە، دەمرێ. (بەرزەک، س٢١، د٢٥).

٢٢. هێزی مرۆیی: هێزی نەشونەما و هێزی هەستكردنە.

٢٣. هێزی یەزدانیی هێزی ئەقڵە.

٢٤. دوو ڕووبارەكە مەبەست ڕووباری ئاكیرۆنتی (دۆزەخ، س٣، د٧٠، ١٣٢) و ڕووباری تیڤیرییە (بەرزەک، س١١، د١٠٠ – ١٠٥). ڕۆحی گوناهكار دەكەوێتە سەر كەناری ئاكیرۆنتی و ڕۆحی پاک و بێگوناە دەچێتە ڕێژگاوی ڕووباری تیڤیری.

٢٥. ڕەنگی جیاجیا: پەلكەزێڕینە.

٢٦. ڕستەكە بە لاتینی هاتووە:

Summae Deus elementiae!

ئەم ڕستەیە کە سەرەتای سروودێکی ڕێبازی کاتۆلیکییە، بەیانیی ڕۆژی شەممە دەخوێندرێتەوە. لە خوا دەپاڕێنەوە بەندەکانی لە هەواوهەوەسی جەستەیی و ئالۆشیی دەروونی بپارێزێ.

٢٧. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە:

Virum non cognosco

(هیچ پیاوم نەناسیوە). ئەمە قسەی حەزرەتی مریەمە لە وەڵامی جبرائیل کە هات و مژدەی دایێ کوڕێکی دەبێ

٢٨. دیانا Dianaی خودانبابووی ڕاووشکار لای ڕۆمانەکان (هیلیس Helice)، یان کالیستۆ –Callisto)ی لە جەنگەڵ دەرکرد. کالیستۆ یەکێ بوو لە حوورییەکانی خۆی، بۆیە دەری کرد، چونکە لە ژیانی داوێنپاکیی چووبووە دەرەوە و منداڵێکی لە (جۆپیتەر) بووبوو.

٢٩. ژەهری ڤینۆس ژەهری تایبەتە بە خۆشەویستیی ناڕەوا. ئەمە داوایەکی ترە بۆ ژیانی داوێنپاکی. (ئۆڤید، داگەڕان، ٢).

***

# سروودی بیستوشەشەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەم

## خۆپەرستان

سێ شاعیرەکە یەک لەدوای یەک ڕۆیشتن. سێبەری دانتی لەسەر ئاگرەکە دەرکەوت و گەشتری کرد. ڕۆحەکان سەریان لەم دیاردە سەیرەیە سورما. ڕوویان کردە لای دانتی، بەڵام سووربوون لەناو چوارچێوەی ئاگرەکەدا بمێننەوە. گویدۆ گوینتزلی بە دانتیی گوت خۆی و برادەرەکانی حەز دەکەن بزانن هۆی چییە سێبەری لەسەر ئاگر شکاوەتەوە. دانتی نەیتوانی وەڵام بداتەوە، چونکە کۆمەڵە ڕۆحێکی تری بینی بە ئاراستەی پێچەوانە بە ناو ئاگردا دەڕۆیشتن. ڕۆحەکانی هەردوو کۆمەڵەکە بە خێرایی یەکتریان ماچ دەکرد، وەک مێروو کاتێ دەگەنە یەک لموزیان لە یەک دەسوون. کۆمەڵەی دووەم نێرباز بوون، هاواری سەدووم و عەموورەیان دەکرد. کۆمەڵەی یەکەم زناعکەر بوون، هاواریان دەکرد پاسیفی چیی لەگەڵ گاکە کرد. دوو کۆمەڵەکە لە یەک دابڕان و دەستیان بە سروود و گریان و هاوار کرد.

دانتی گوتی: بە نیعمەت و بەرەکەتی خوا بە جەستەی زیندوو هاتوومەتە بەرزەک. قسەی لەگەڵ یەکێ دەکرد. لێی پرسی چ کەسە؟ ڕۆحەکە خۆی پێ ناساند کە گویدۆ گوینتزلییە و گوناهی دوو کۆمەڵەکەی بۆ ڕوونکردەوە.

دانتی ڕووی تێکرد و بە باوکی خۆی و شاعیرانی تری قوتابخانەی نوێی فلۆرەنسی دانا. دانتی ئامادەیی خۆی پێشان دا هەموو خزمەتێکی بکا. پێی

گوت بۆیە حەز دەکا قسەی لەگەڵ بکا، چونکە تا زمانەکەیان مابێ ئەو مەرەکەبەی شیعرەکانی پێ نووسیوە بە پیرۆزی دەمێنێتەوە.

گویزینتزلی باسی ئارنۆ دانیێلی شاعیری تروبادۆری پروڤانسی کرد. گوتی لە شیعری دڵداریدا لە هەموو شاعیرەکانی تێپەڕاندووە. داوای لە دانتی کرد لە بەردەم مەسیحدا دوعای بۆ بکا. ئینجا ماسی چۆن لە ناو ئاودا بزر دەبێ، ئاوها لە ناو ئاگردا بزر بوو.

ئینجا دانتی ئارنۆی بینی دەگریا. ئارنۆ بە دانتیی گوت: بۆ گوناهی خۆم دەگریم و دوارۆژ چاوم لە بەختەوەرییە، ئینجا تکای لە دانتی کرد دوعای خێری بۆ بکا و ئەویش لە ناو ئاگردا بزر بوو.



کاتێ ئاوها، یەک لەدوای یەک، لە لێواری
ئەڵقەکە دەڕۆیشتین، مامۆستای خاسم
چەند جار پێی گوتم: (وریا بە، ئامۆژگارییەکەم لەگوێ بگرە.) (٣)
خۆر لە شانی ڕاستەی دەدام و[٢]
بە تیشکی خۆی، سەراپای لای ڕۆژئاوای،
لە لازوەردییەوە دەکرد بە سپی.[٣] (٦)
بە سێبەری خۆم، بڵێسەی ئاگرەکەم
لەبەر چاو گەش و سوورتر[٤] کرد و زۆر ڕۆحم بینی
دەڕۆیشتن و سەرنجیان لەو دیاردە بچووکە دەدا. (٩)
ئەمە وای کرد لەبارەی منەوە بدوێن.
یەک بەوەی تری دەگوت:
(ئەمە وێناچێ تارمایی ڕۆح بێ.)[٥] (١٢)
هەندێکیان، بە پێی توانا لە من نزیککەوتنەوە،
هەمیشە وریابوون ئەو شوێنە جێنەهێڵن[٦]
کە بڵێسەی ئاگر دەیسووتاندن. (١٥)
(تۆ، کە نەک لەبەر سستی، بەڵکو بۆ ڕێزگرتن[٧]
لە دوای هاوڕێکانت دەڕۆی، وەڵامم بدەرەوە
کە لەناو ئاگردام. لە تینوان و[٨] بە گڕی ئاگر دەسووتێم. (١٨)
هەر تەنیا من عەودالی وەلامی تۆ نیم.
هیندی و حەبەشی چەند تینووی ئاون[٩]
ئەمانەیش هەموو ئەوەندە تینووی وەلامی تۆن. (٢١)
پێمان بڵێ چۆن خۆت کردووە بە لەمپەر
بەرامبەر بە خۆر،
دەڵێی هێشتا بە تۆڕی مەرگەوە نەبووی!) (٢٤)
یەکێکیان وای پێ گوتم، ویستم خۆم بناسێنم، بەڵام
دیمەنێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام
کە ئەوکاتە لێم دەرکەوت. (٢٧)
خەڵکانێک بە ناو ڕێگەی گڕگرتوودا دەهاتن

ڕوویان کردبووه ئەمانە
ناچار وەستام و لێیان وردبوومەوە. (٣٠)
دیتم لە هەردوو لاوە، هەر ڕۆح بوو
بێ وەستان و بە پەلە ڕۆحی تری ماچ دەکرد و[١٠]
هەموو شادبوون بەو ئاهەنگە کورتە. (٣٣)
مێروویش لە خیزەر بەستنی ڕەش و تاریان
ئاوها لمووز لە یەک دەسوون
ڕەنگە بۆ ئەوەی ڕێگە، یان بەختی خۆیان بدۆزنەوە. (٣٠)
کە چاک و چۆنیی گەرمیان تەواو بوو،
بەر لەوەی یەکەم هەنگا و ببزوون،
هەریەکە بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری دەکرد. (٣٩)
ئەوانەی تازە هاتبوون هاواریان دەکرد: (سۆددۆما) و[١١] (گۆمۆڕڕا)[١٢]!
ئەوانەی تر دەیانگوت: (پاسیفی)[١٣] دەچێتە ناو ورگی مانگا
بۆ ئەوەی جوانەگا بێ و ئالۆشیی دابمرکێنێتەوە. (٤٢)
ئینجا وەک قورینگ کە لە شەققەی باڵ دەدەن
هەندێ بۆ چیاکانی (ڕیفی) و[١٤] هەندێ بەرەو قومی بیابان
ئەوان لەبەر سەرمای بەستەڵەک هەڵدێن و ئەمان لەبەر قومی گەرم[١٥]! (٤٥)
بەم چەشنە تاقمێک دەڕۆیشتن و تاقمێکی تر دەهاتن
بە گریان، دەستیان بە سروود و هاوار دەکردەوە
کە لەگەڵ بارودۆخیان دەگونجا. (٤٨)
ئەو ڕۆحانەی پێشتر پرسیاریان لێکردم
لێم نزیککەوتنەوە، لە چاویانەوە دیاربوو
بە تاسە و پەرۆشەوەن گوێم لێ بگرن. (٥١)
من، کە دووجار پەرۆشیی ئەوانم دی بوو، گوتم:
(ئەی ڕۆحینە، کە بڕوای تەواوتان هەیە
ڕۆژێ دێ و دەکەونە ئاشتی! (٥٤)
ئەندامەکانی جەستەم، نە بە کاڵی و نە بە پوختەیی،
لەولا جێ نەماون! ئەوەتان بە هەموو

خوێن و جومگە و ئێسقانەوە لەگەڵمان. (٥٧)
بەم ڕێگەیەدا هەڵدەکشێم بۆ ئەوەی پەردە لەسەر چاوم لابدەم.
لەو بەرزاییە خانمێک[١٦] هەیە بەرەکەتی بەسەردا ڕشتووم
بەو بەرەکەتە جەستەی مردەنیی خۆمم هێناوەتە دونیای ئێوە. (٦٠)
یاخوا، زوو گەورەترین ئارەزووتان بێتە دی
یاخوا ئاسمانی پڕ میهر و خۆشەویستی[١٧]
کە هەموو کنیاتی پڕ کردووە، ڕووتان بداتێ. (٦٣)
پێم بڵێ تۆ کێی، بۆ ئەوەی لە لاپەڕەکانمدا بینووسم؟
ئێوە کێن و ئەو تاقمە کێن
پشتیان لە ئێوە کردووە و لێتان دووردەکەونەوە؟) (٦٦)
چۆن مرۆڤی چیایی سەری دەسووڕێ و دەنگی دەنووسێ
کاتێ بە سروشتی وشک و کێویی خۆیەوە
دەچێ بە ناوشاردا دەگەڕێ، (٦٩)
هەموو ڕۆحەکان ئاوها حەپەسابوون.
بەڵام کاتێ سەرساممییان ڕەوییەوە
کە هەر زوو لە دڵی گەورەدا دادەمرکێتەوە. (٧٢)
ئەو ڕۆحەی یەکەم جار پرسیاری لێکردم، گوتی:
(خۆشی لە خۆت! کە بۆ ئەوەی مردنێکی چاک بمری،
بۆ تاقیکردنەوە بە دونیای ئێمەدا دەگەڕێی. (٧٥)
ئەوانەی ڕێگەی ئێمە نەگرن، دەخلیسکێن
ئەو گوناهە دەکەن کە قراڵ[١٨] کردی و
بە (شاژن) کەوتە سەر زاری خەڵک. (٧٨)
ئەمانە لامان دەڕۆن و سەرکۆنەی خۆیان دەکەن و
هاوار دەکەن: (سۆددۆما) وەکو خۆت بیستت و
بە شوورەیی خۆیان گڕی ئاگرەکە خۆشتر دەکەن. (٨١)
تاوانی ئێمە تاوانی (هیرمافرۆدیتی)[١٩] بوو
بەڵام لەبەر ئەوەی پەیڕەوی یاسای مرۆڤمان نەکرد و
وەک جانەوەری کێوی کەوتینە شوێن ئاڵووشەکانمان (٨٤)

ئیتر کە دەڕۆین، بۆ شەرمەزارکردنی خۆمان
ناوی ئەو ژنە دێنین کە لە جەستەی مانگایەکی داردا
خۆی کرد بە گیاندار.[٢٠] (٨٧)
ئێستا زانیت چیمان کردووە و گوناهمان چییە؟
ئەگەر بتەوێ هەموومان بە ناو بناسی،
نە کاتم هەیە پێت بڵێم و نە دەشتوانم (٩٠)
بەڵام لەبارەی خۆمەوە ئارەزووت دێنمە دی
من (گویدۆ گوینیتسیللی)م[٢١]. خەریکی خۆ پاککردنەوەم،
چونکە تا نەگەیشتمە گیانەڵا تۆبەم نەکرد. (٩٣)
ئەو دوو کوڕە چییان بەسەر هات
کە دایکی خۆیان لە بەردەم ڕقی (لیگرگۆ)دا٢٢ بینی،
منیش وام لێ هات، بەڵام وەک ئەوان ئازا نەبووم. (٩٦)
کاتێ گوێم لێ بوو باوکم ناوی ئەو کەسەی دەهێنا
کە باوکی هەموو ئەوانە بوو لە هۆنینەوەی شیعر و غەزەلی شیریندا
لە من باشتر و لە پێشتر بوون.[٢٣] (٩٩)
ماوەیەکی زۆر بە دەم بیرکردنەوەوە ڕۆیشتم
بێ ئەوەی گوێ لە هیچ دەنگێ بگرم، یان هیچ قسەیێ بکەم،
تەماشام کرد، بەڵام ئاگر ڕێی نەدا زیاتر بچمە پێش. (١٠٢)
کە تێروپڕ تەماشام کرد،
پێشنیارم کرد لەخزمەتیدا بم
سوێندێکم لەسەر خوارد ئۆخژن بە دڵ ببەخشێ. (١٠٥)
پێی گوتم: (بەو قسەیەتا کارێکی وا قووڵ و ئاشکرا
لە دڵ و دەروونم دەکەی بە ئاوی (لیتی)ش [٢٤]
ناسڕێتەوە و لەناوناچێ.) (١٠٨)
باشە ئەگەر ئەو سوێندەت بەڕاست بێ،
پێم بڵێ هۆی چییە بە زمان و بە نیگا
ئاوها دڵسۆزیی خۆتم بۆ دەردەبڕی؟) (١١١)
منیش پێم گوت: (لەبەر شیعرە شیرینەکانتە،

که تا زمانی ئێستامان مابێ،[٢٥]
مەرەکەبەکەی هەر ئازیز و بەهادارە!) (١١٤)
گوتی: (ئەوە دەبینی کە بە پەنجە پێشانی تۆی دەدەم)
ئاماژەی بۆ ڕۆحێ کرد لە پێشمانەوە،
(لە زمانی زگماکماندا، بەهرەمەندێکی لە من بالاتر بوو. (١١٧)
لە غەزەلی عاشقانە و لە چیرۆکە پەخشاندا
لە هەموو کەسی تێپەڕاندبوو. با ئەو گەوجانەی دەڵێن
(لیمۆزی) لەو بالاتربوو، هەر وڕێنە بکەن. (١٢٠)
خەڵکی زیاتر گوێ بە دمگۆ دەدەن، تا ڕاستی[٢٦]
بەر لەوەی گوێ لە دەنگی ئاوەز و هونەر بگرن
ڕایەک بۆ خۆیان دادەڕێژن. (١٢٣)
زۆر لە پێشینانمان کەوتنە ژێر کاریگەریی (گویتتۆنی)[٢٧]
بەم زمان و بەو زمان پێیان هەڵگوت
لای زۆر کەس بە جۆرێکی تر دەرکەوت. (١٢٦)
ئێستا ئەگەر تۆ ئەو خەسیەتە بەرزەت هەبێ
بتوانی سەرکەوی بۆ ئەو دێرەی
مەسیح سەرۆکی کۆڕەکەیەتی (١٢٩)
لەباتی من، لە بەردەمیدا (ئەی باوکمان...)... بخوێنەوە،
ئێمەی خەڵکی ئەم دونیایە زۆر پێویستمان پێیە
کە ئیتر ناتوانین گوناهی تێدا بکەین.) (١٣٢)
ئینجا، وەکو ماسییەک لەناو ئاودا نقووم ببێ،
لەناو ئاگردا بزر بوو، ڕەنگە بۆ ئەوەی
دەرفەت بە یەکێکی تر بدا کە لە نزیکییەوە بوو. (١٣٥)
نەختێ لەوە نزیک کەوتمەوە کە
بۆیان دەستنیشان کردم و پێم گوت:
حەز دەکەم بە گەرمی پێشوازی لە ناوەکەت بکەم.) (١٣٨)
بە خاتر جەمیی گوتی: (دڵم بەو داوا ناسکەت خۆش دەبێ.
هەست دەکەم ناتوانم و حەزیش ناکەم

خۆمت لێ بشارمەوە. (١٤١)
من (ئارنۆ)م[٢٨]، بە گریان و بە گۆرانی دەڕۆم
بە کەسەرەوە سەیری شێتاتی ڕابردووم دەکەم و
بە شادومانی چاوەڕێی ڕۆژگاری بەردەمم دەکەم. (١٤٤)
تکات لێ دەکەم، بە ناوی ئەو چاکەیەی
دەتباتە ترۆپکی پلیکانە،
لە کاتی شیاوی خۆیدا، ئازاری منت لە بیر بێ).[٢٩] (١٤٧)
ئینجا لە ناو ئەو ئاگرە بزر بوو کە پاکی دەکردنەوە. (١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوشەشەم

١. ئەمە سروودی گوناهبارانی حەسوودییە. پێی دەگوترێ سروودی (گویدۆ گوینتسیێللی).

٢. واتە خۆر دەچووە خوارێ بۆ سەر ئاوابوون، بۆیە تیشکی خۆر لە شانی ڕاستەی دانتی دەدا.

٣. واتە سەعات لە نێوان چوار و پێنجی دواینیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٠٠ بوو، بۆیە ڕەنگی ئاسمان گۆڕابوو.

٤. واتە بڵێسەی ئاگر لەبەر تیشکی خۆر لە ڕاستەقینەی خۆی کاڵتری دەنواند، بەڵام لەو شوێنەی دانتی وەستابوو، لەشی دانتی تیشکی خۆری دەگێڕایەوە، بۆیە شوێنی سێبەرەکەی سوورتری دەنواند.

٥. واتە ڕۆحەکان زانییان دانتی مرۆڤێکی زیندووە. (بەرزەک، س٢٥، د ٩٤)

٦. هەندێ لە ڕۆحەکان هەوڵیان دا لە دانتی نزیک بکەونەوە بێ ئەوەی لەناو ئاگر بێنە دەرەوە، چونکە سووربوون بە زووترین کات ماوەی پاکبوونەوەی خۆیان تەواو بکەن.

٧. ئەوەی قسە دەکا شاعیر گویدۆ گوینتسیێللییە.

٨. مەبەست لە تینوێتی ئەوەیە مەراقی بوو دانتی بناسێ و بزانێ چۆن هێشتا زیندووە و هاتووەتە ئەو شوێنە.

٩. ئەم ڕۆحە تینوێتی بۆ زانین لەگەڵ تینوێتیی هیندی و حەبەشەیی بۆ ئاوی سازگار بەراورد دەکا، کە ئەمانە دوو وڵاتی گەرمن.

١٠. کۆمەڵەی یەکەم، بە خێرایی، کۆمەڵەی دووەمیان ماچکرد. ئەم ماچکردنە وەکو ئاهەنگێک بوو بە چاوترووکانێک تێبپەڕێ.

١١. سەدووم Soddoma شارێکی کۆنی فەڵەستین بوو.

١٢. عەمووره –Gomorra شارێکی کۆنی فەڵەستین بوو.

وەکو لە پەیمانی کۆندا هاتووە: خەڵکی ئەم دوو شارە نێربازییان دەکرد، خودا غەزەبی لێ گرتن و بارانی ئاگری بەسەردا باراندن و هەردوو شاری بە هەموو دانیشتوانەوە کردە خۆڵەمێش.

١٣. پاسیفی (بە یۆنانی پاسیفای Pasiphae) لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ژنی مینۆسی پاشای کریت بوو. ویستی گایەکی کێوی سواری خۆی بکا. بۆ ئەم مەبەستە مانگایەکی لە دار دروست کرد و چووە ناویەوە و بەم جۆرە گاکەی سواری خۆی

کرد. ئەنجامی ئەم جووتبوونە (مینۆتاوروس)ی لێ کەوتەوە کە دانتی کردوویەتی بە پاسداری ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ. (دۆزەخ، س١٢، د١٣).

١٤. ڕیفی (بە یۆنانی Riphae) زنجیرەچیایەکە یۆنانییەکان وایاندەزانی دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ئەورووپا، نزیک ناوچەی ڕووباری دۆن لە تەوەری باکوور.

لە سەدەی ناوەڕاستدا ڕەمزی شوێنی زۆر ساردی باکووری ئاسیا و ئەورووپا بوو.

١٥. مەبەست لە قوم. بیابانی گەرمی لیبیایە، لە باکووری ئەفریقیا. ئەمە ئاماژەیە بۆ کۆچکردنی هاوینە و زستانەی باڵندەی کۆچەر لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان و بە پێچەوانەوەیش.

قازوقورنیگ، لە یەک کاتدا، هەندێکیان بۆ باکوور و هەندێکیان بۆ باشوور کۆچ ناکەن. هەموو بە یەکەوە کۆچ دەکەن. بەهاران بەرەو باکوور کۆچ دەکەن، بۆ ئەوەی لە گەرمای هاوین دووربکەونەوە و پایزان بەرەو باشوور دەچن، بۆ ئەوەی سەرمای زستانیان لێ نەدا، بەڵام دانتی لە خەیاڵی خۆیدا وێنەکەی بەم جۆرە کێشاوە.

١٦. زۆربەی تۆژەرەوان دەڵێن ئەمە خاتوو (بیاتریچی)یە، بەڵام هەندێ دەڵێن ئەمە مریەمی پاکیزەیە.

١٧. واتە ئاسمانی ئاسمانان. ئاماژەیە بۆ دوا ئەڵقەی بەهەشت کە فراوانترین ئاسمانە و هەرچی تێیدایە هەمووی ئەشق و خۆشەویستییە. دانتی ئارەزووی گەیشتنە عیشقی پاک و نەمر بۆ ئەو کەسانە دەخوازێ کە لە ژیاندا دیلی عەشقی پیس بوون.

١٨. قڕاڵ، سەرکردە و دیکتاتۆری ناسراوی ڕۆحی. بە گەنجی، نیکۆمیدیس Nicomedesی پاشای بیتینیا Bithynia ئیشی خۆی لەگەڵ کرد. نیکۆمیدیس بەوە ناسرابوو عیشقبازیی لەگەڵ منداڵی لووسکە دەکرد. خەڵکی ڕۆما ئاگاداری ئەم ڕابردووەی قڕاڵ بوون. ڕۆژێ، کاتێ قڕاڵ لە یەکێ لە مەیدانەکانی شەڕ دەگەڕایەوە، لە جادەکانی ڕۆما گالیسکە جەنگییەکەیان ڕاگرت و هاواریان کرد: بژی شاژن! وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندیی جنسیی قڕاڵ لەگەڵ پاشای بیتینیا.

١٩. لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا هاتووە: هیرمافرۆدیتوس – Hermaphroditusی کوڕی هورمز (عەتارد) و ئەفرۆدیت (ڤینۆس) جوانییە بێوێنەکەی لە دایبابی بۆ مابووەوە. سالماچی، کە پەرییەک بوو، لەسەر کانی سلامیس، نزیک هالیکارناسوس ئەشقی بوو. زۆر هەوڵی دا تەفرەی بدا، سوودی نەبوو. جا لەبەر ئەوەی زۆر عەشقی بوو. خۆی پێ نەگیرا، لەناو ئاوی کانییەکە و لە حانی مەلەوانیدا گرتییە باوەش و لە خوا پاڕایەوە جەستەیان پێکەوە جۆش بدا و

بیانکا بە یەک. خودا دوعای قبووڵ کرد. هەردووکیان بوون بە یەک جەستە کە هەردوو لایەنی نێر و مێی تێدا بوو.

٢٠. ئاماژەیە بۆ پاسیفی.

٢١. گویدۆ گوینتسیلی (١٢٧٦ - ١٣٢٠ Guido Guinizelli) نەجیبزادەیەکی پرینچیپی Principi ناوچەی بۆلۆنیا بوو. ساڵی ١٢٧٤ لەگەڵ گبیبللینییەکانی تردا لە وڵات دەرکرا و لە ئاوارەییدا مرد. یەکێ بوو لە شاعیرە هەرە گەورەکانی ئیتالیا پێش دانتی. سەر بە قوتابخانەی بۆلۆنی بوو. بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری فلۆرەنسیی نوێ دادەنرێ. شیعری ناسک و پڕ سۆزی هەیە. دانتی لە کۆمیدیا و بانگێشت و دەستووری خۆشخوانیدا، بە ستایشەوە یادی دەکاتەوە.

٢٢. هیپسیپلی Hypspile شاژنی لیمنۆس بوو. جەردەی دەریا بە دیل گرتیان و فرۆشتیانە لیکورگوس Lycurgusی پاشای نیمیا، ئەویش منداڵێکی هەبوو، کردی بە لەلە و سەرپەرشتیکەری منداڵەکەی. ئەزقەزا منداڵەکە مار پێیەوە دا و مرد. پاشا فەرمانی مەرگی بەسەردا دا. لە کاتێکدا کە دەیانبرد لە سەری بدەن، دوو کوڕی جمکی لە جاسۆن هەبوو، کوڕەکان دیتیان و ناسییانەوە ئەمە دایکی خۆیانە بۆ بەر سێدارەی دەبەن، چوون گرتیانە باوەش و فەرمانی لێخۆشبوونیان لای لیکورگوس بۆ هێنا و ڕزگاریان کرد. (دوزەخ، س١٨، د ٩١ - ٩٥).

٢٣. ئاماژەیە بۆ گویدۆ گوینتسیلی کە دانتی بە ڕابەر و مامۆستای خۆی و پەیڕەوکەرەکانی تری قوتابخانەی شیعری نوێی دادەنێ.

٢٤. لیتی Lete ڕووباری لەبیرکردنە. دانتی لە سرووودی بیستوهەشتەمی بەرزەکدا دەگاتە ئەو ڕووبارە (بەرزەک، س٢٨، د٩/ س٣١، د٩١/ س٣٣/د٩١.

٢٥. زمانی نوێمان: ئاماژەیە بۆ زاری فلۆرەنسا، یان تۆسکانا کە بوو بە زمانی یەکگرتووی ئیتالی.

٢٦. لیمۆزی Limosi، (بە فرەنسی Limoges). (جیرۆ دی بۆرنێی - Girauld de Borneil) شاعیرێکی پرۆڤانسی کۆتایی سەدەی دوازدەم و سەرەتای سەدەی سێزدەم بوو. لە ناوچەی لیمۆزی، لە پرۆڤانسی فرەنسادا لە دایک بووە. دەوری ١٢٢٠ کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیری تروبادۆری سەدەی سێزدەم.

٢٧. گویتۆنی داریتسۆ Guittone darizzo. شاعیرێ بوو خەڵکی ئارنۆ بوو. ساڵی ١٢٢٠ لە دایک بووە و ١٢٩٤ کۆچی دوایی کردووە. یەکەم جار لەسەر قوتابخانەی پرۆڤانسی دەڕۆیشت، بەڵام پاشان بوو بە یەکێ لە شاعیرانی

قوتابخانەی بۆلۆنیا کە دەکەویتە نێوان قوتابخانەی سەقلیە و قوتابخانەی فلۆرەنسا. (بەرزەک، س٢٤، د٥٦).

٢٨. ئارنۆ دانێیل یەکێ بوو لە شاعیرە تروبادورە پرۆفانسییەکان. شیعرەکانی لە ماوەی ١١٨٠ – ١٢٠٠ دەرکەوت. سەر بە بنەماڵەی نەجیبزادەی ڕیبیراکی ناوچەی بیریجۆرد بوو لە ناوچەی دۆردۆنی ئێستا. ماوەیەک لە دەرباری ڕیچاردی شێردڵی پاشای ئینگلتەرە ژیا. پێی دەگوت پاشای دۆڤیر، ئینجا چووە پاریس و لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی ئاگستۆس ئامادەبوو. سەردانی ئەسپانیایشی کرد.

٢٩. ئەم پارچەیە بە زمانی پرۆڤانسی نووسراوە، کە زمانی شیعری پێش دانتی بوو. ئەگەر دانتی کۆمیدیای بە زمانی تۆسکانی نەنووسیبایە، زۆر لەگوێن بوو ئەم زمانە ببێ بە زمانی یەکگرتووی ئیتالی. ئەم زمانە لە زمانی فرەنسی و ئیتالی تێکەڵە. ئێستایش لە باشووری فرەنسا ماوە. فریدریک میسترالدی شاعیری گەورەی فرەنسی، کە پاداشتی نوبلی وەرگرت و ساڵی ١٩١٤ کۆچی دوایی کرد، بەزۆری شیعرەکانی بەو زمانە دەنووسی.

***

# سروودی بیستوحەفتەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەم


## خۆپەرستان

ڕۆژ چووبووە سەر ئاوابوون کە دانتی گوێی لێ بوو فریشتەی پاکی و پاکیزەیی پاسەوانی ڕەوەزی حەفتەم سروودی بۆ پیرۆزیی دڵپاکەکان دەگوت. سێ شاعیرەکە بە پێویستیان زانی لە ناوچەی ئاگر بپەڕنەوە. دانتی ترسی لێ نیشت. ڤیرجیلیۆ پێی گوت ئەم ئاگرە ڕەنگە ئازاری بدا، بەڵام نایکوژێ. هەندێ مەترسیی پێشووی بە بیر هێنایەوە کە لێیان ڕزگار بووبوو. دڵنیای کردەوە ئاگر یەک تاڵە قژی ناسووتێنێ و داوای لێ کرد بەبێ ترس بچێتە ناو ئاگرەکەوە، بەڵام دانتی بە پەشۆکاوی وەستا. ڤیرجیلیۆ پێی گوت تەنیا ئەو ئاگرە ماوە بگاتە بیاتریچی. دانتی کە ئەمەی بیست ترسی نەما. ڤیرجیلیۆ پێشکەوت و دانتی لە دوایەوە و دوای ئەویش ستاتسیۆ. دانتی هەستی بە سفتوسۆی ئاگرەکە کرد، بەڵام ڤیرجیلیۆ هەر باسی بیاتریچی بۆ دەکرد بۆ ئەوەی ورەی بەرزبکاتەوە بتوانێ بەرگەی ئاگرەکە بگرێ.

سێ شاعیرەکە گوێیان لە فریشتەی پاسەوانی پلیکانەی بەهەشتی زەمینی بوو، هەندێ سروودی دەخوێندەوە. کە گوێیان لە دەنگی بوو لەناو ئاگرەکە هاتنە دەرەوە. کە ڕۆژ ئاوابوو هەرسێکیان بەسەر پایەکانی پلیکانەکە کەوتن و هەریەکە لەسەر پایەیەک خەوت. شەو دانتی وەکو بزنێ بوو دوو شوان پاسەوانیی بکەن. بەدەم بیرکردنەوە و سەیرکردنی ئەستێرانەوە خەوی لێکەوت. پێش بەیانیی ڕۆژی چوارشەممەی ١٣ی

نیسانی ۱۳۰۰، له خەودا (لیا)ی بینی گۆرانیی دەچڕی و دەیگوت تاجەگوڵینەیەک بۆ خۆم دروست دەکەم. ڕاحیلی خوشکیشم سوورە لە ئاوێنەدا تەماشای چاوە جوانەکانی خۆی بکا.

لەگەڵ گەزەنگی ڕۆژێ، سێ شاعیرەکە بە خەبەر هاتن. دانتی بە پەلە دەستی بە سەرکەوتن کردەوە. ڤیرجیلیۆ ماڵاوایی لێ کرد بێ ئەوەی وا بکا هەست پێبکا. گوتی ئەوە تا ئێرەم هێنای و ئێستا پاکبوویتەوە و ئیتر پێویستت بە من نەما. بیاتریچی دێتە لات. ئینجا گوتی تۆ ئێستا ئازادی. خۆت گەورەی خۆتی.



چۆن کاتێ خۆر یەکەمین تیشکی لەو شوێنە دەدا[2]
کە دروستکەرەکەی خوێنی خۆی لەسەر زەوی ڕشت و[3]
کاتێ ڕووباری (ئیبیرۆ)[4] بە ژێر تەرازووی بڵندا[5] دەڕوا. (٣)
کاتێ گەرمای نیوەڕۆ ئاوی (گەنجە)[6] دەکوڵێنێ.
ئاوا ڕۆژ لە بنکەی خۆیدا بوو. ڕۆژگار خەریکبوو بەسەر بچێ
کە فریشتەی شادیی[7] خودامان لێ دەرکەوت. (٦)
لە دەرەوەی ئاگر و لەسەر لێوارەکە وەستابوو.
سروودی: (خۆشی لە دڵپاکان!)ی دەچڕی،
بە دەنگێکی زۆر تیژتر لە دەنگی بنیادەم. (٩)
کە لێی نزیککەوتینەوە، پێی گوتین:
(ئەی ڕۆحی پیرۆزینە، ئێوە ناکارن لێرە زیاتر بڕۆن،
بێ ئەوەی بەم ئاگرە بسووتێن. جا ملی پێوەنێن!(١٢)
گوێ لە سروودی ئەولا کەڕ مەکەن.)
کە گوێم لێ بوو وەک یەکێکم لێهات
بە زیندوویی لەناو گۆڕی بنێن.[8] (١٥)
هەردوو دەستم لەسەر سینگم دانا و داهاتمەوە بۆ پێشەوە.
چاوم بڕییە بڵێسەی ئاگرەکە و جەستەی ئەو مرۆڤانەم
هاتە بەرچاو کە پێشتر دیم بە ئاگر دەسووتان.[9] (١٨)
دوو ڕابەرە دڵسۆزەکەم ڕوویان تێ کردم
فیرجیلیۆ پێی گوتم:
(ڕۆڵە، ڕەنگە لێرە ئەشکەنجە بخۆی، بەڵام ناگاتە مردن. (٢١)
لە بیرت بێ، لە بیرت بێ، من
بە سواری پشتی (جیریۆن)[10] تۆم بە سەلامەتی گەیاندە ئێرە،
ئێستا چیت لێ بکەم کە لە نزیک بارەگای خواین؟ (٢٤)
یەقینت بێ یەقین ئەگەر هەزارساڵی تەواو
لەناو ئەم ئاگرەدا بیت،
یەک تاڵە مووی سەرت ناسووتێ! (٢٧)
ئەگەر وا هەست دەکەی تەفرەت دەدەم،

برۆ پێش و خۆت تاقی بکەوە،
شاقەلی کەواکەت بە دەستەوە بگرە! (٣٠)
ئێستا هەموو ترسێ لە خۆت بتەکێنە، بتەکێنە،
ڕوو بکە ئێرە! وەرە، بە خاترجەمی وەرە ناویەوە.)
بەڵام من بە پێچەوانەی هاندانی ویژدانم، لە جێی خۆم چەقیم. (٣٣)
کە دیتی ڕەق و بێ جوولە وەستاوم
نەختێ پەشۆکا و گوتی: (کوڕم، ئێستا بزانە
تەنیا ئەم دیوارە لە نێوان تۆ و (بیاتریچی)دا ماوە.) (٣٦)
چۆن (پیرامۆ)[11] لە گیانەلادا، لەگەڵ ناوی (تیسبی)
چاوی کردەوە و تەماشای کرد
کاتێ کە توو ڕەنگی خوێنی بە خۆیەوە گرتبوو، (٣٩)
منیش ئاوها سەرسەختیم گەڕا بە نەرمی
کاتێ سەیری ڕابەری دانام کرد و زرنگەی
ئەو ناوەم لێ بیست کە قەت لە مێشکم دەرناچێ.[12] (٤٢)
ئەوسا سەری بادا و گوتی: (ئەمە یانی چی؟
ئایا هەر لەم لایە بمێنینەوە؟)
ئینجا بزەی هاتێ وەک یەکێ بە سێوێ دڵی منداڵێ ڕابکێشێ. (٤٥)
پێش من کەوت، چووە ناو ئاگرەکە و
داوای لە (ستاتسیۆ) کرد لە دوامانەوە بێ.[13]
کە لەو ڕێگە دوورەدا لێمان دوورکەوتبووەوە. (٤٨)
کە گەیشتمە ناو ئاگرەکە، خۆزگەم خواست
فڕێم دەنە ناو شووشەیەکی کوڵاو تا ساردببمەوە،
ئاگرەکە لە هەموو قەوامێک دەرچووبوو. (٥١)
باوکی خۆشەویستم، بۆ ئەوەی دڵم بداتەوە،
بەدەم ڕۆیشتنەوە هەر باسی (بیاریچی)ی دەکرد.[14]
گوتی: (هەست دەکەم لە بەردەممدایە و چاوەکانی دەبینم.) (٥٤)
دەنگێ ڕێنمایی کردین لەولاوە سروودی دەچڕی.[15]
لەوە بەلاوە گوێمان لە هیچی دی نەبوو.

لەو شوێنە هاتینە دەرەوە کە پلیکانەی سەرکەوتن دەستی پێ دەکرد. (٥٧)
(ئێوە وەرن کە باوکم پیرۆزی کردوون!)
ئەم وشانە لەناو تیشکێکی ئەوەندە گەشەوە زرنگانەوە،
سۆمایی چاوی بردم و نەمتوانی سەیری بکەم. (٦٠)
ئینجا دەنگەکە گوتی: (وا خۆر ئاوا دەبێ و شەو دادێ
مەوەستن، پێ هەڵێنن و بڕۆن
تا ڕۆژ ئاوا نەبووە و دونیا تاریک دانەهاتووە.) (٦٣)
ڕێگەکە ڕاستەوخۆ بۆ لایەکی سەر شاخ هەڵدەکشا
تیشکی خۆرم لە پێش خۆم دەگێڕایەوە
کە تەواو چووبووە سەر ئاوابوون. (٦٦)
چەند پایەیەک سەرکەوتبووین، من و دوو داناکەم[١٦]
هەستمان کرد خۆر لە پشتمانەوە ئاوابووە،
چونکە من سێبەرم نەما[١٧]. (٦٩)
بەر لەوەی ئاسۆ لە هەموو لایەکەوە
ببێ بە یەک ڕەنگ و لە هەموو شوێنێکەوە شەو دابێ، (٧٢)
هەریەکەمان پایەیەکمان کرد بە پێخەف[١٨]
چونکە سروشتی شاخ هەم هێزی لێ بڕین و
هەم چێژی سەرکەوتنی نەهێشتین! (٧٥)
وەکو بزن چۆن بە ئارامی دەوەستێ و کاوێژ دەکا
کەچی بەر لەوەی تێرلەوەڕ ببێ،
بە بزۆزی لەسەر تیشە شاخان ڕادەکا. (٧٨)
کە ڕۆژ دەیجۆشێنێ، لەبەر سێبەر مۆڵ دەبێ
شوانیش خۆی بەسەر گاڵۆکەکەیدا دەدا و چاوەدێریی دەکا.
چاوەدێرییان دەکا و دەیانپارێزێ (٨١)
وەک گاوان کە لە دەشتودەردا
شەو بە هێمنی لای گاڕانەکەی دەباتە سەر و
لە پەلاماری جانەوەری دڕندە دەیپارێزێ، (٨٤)
ئێمەیش هەرسێکمان بەو جۆرە بووین

من وەک بزن و ئەوان وەک دوو شوان
ئەملا و ئەولامان شاخی سەرکەش بوو. (٨٧)
تەنیا کەمێ دونیای دەوروبەرمان دەبینی
بەڵام بەم کەمە، ئەستێرەکانم
لە ئاسایی گەشتر و گەورەتر دەبینی. (٩٠)
کاتێ ئاوها سەیری ئەستێرانم کرد و لێیان وردبوومەوە،
خەوم لێکەوت، ئەو خەوەی
پێش ئەوەی شتێ ڕووبدا، پێت ڕادەگەیەنێ. (٩٣)
پێم وایە کاتی (چیتیریا)[١٩]، کە هەمیشە بە گڕی خۆشەویستی داگیرساوە،
یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتەوە تیشکی لە چیادا، (٩٦)
لە خەودا دیم، کچێکی جوان و جحێڵ
لە مێرغوزارێک دەڕۆیشت، گوڵی دەچنی و
بە گۆرانی دەیگوت: (٩٩)
(هەر کەسێ لە ناوی من دەپرسێ، با بزانێ
من (لیا)م[٢٠]، دەڕۆم و دەستی جوانم لە دەورم دەگێڕم
بۆ ئەوەی چەپکەگوڵێک بۆ خۆم بچنم. (١٠٢)
لەباتی بەردەم ئاوێنە، لێرە بە شادی خۆم دەڕازێنمەوە
بەڵام (ڕاکیل)ی خوشکم قەت لە بەردەم ئاوێنەکەی دوور ناکەوێتەوە،
بە درێژایی ڕۆژ بەرامبەری دادەنیشێ. (١٠٥)
مەراقی سەیرکردنی چاوەکانی خۆیەتی.
وەک من کە مەراقمە بە دەستی خۆم، خۆم بڕازێنمەوە.
خۆشیی ئەو لە بینین و خۆشیی من لە کردەوەدایە.) (١٠٨)
ئەو گەزەنگە دەرکەوت کە پێش بەیانی لە ڕێبواران دەدا
ئەو ڕێبوارانەی بەرەو ماڵ دەبنەوە و
تا لە ماڵەوە نزیکتر دەبنەوە، دڵیان شادتر دەبێ. (١١١)
تاریکی لە هەموو لایەکەوە کشایەوە
منیش لەگەڵ نەمانی تاریکیدا خەوم نەما.[٢١]
ڕابووم و دیم دوو مامۆستا مەزنەکەم پێش من لە خەو هەستاون. (١١٤)

(ئەمڕۆ، ئەو میوە خۆشە تێرت دەکا
کە خەڵک لەناو ئەو هەموو گەڵا و چڵی درەختەدا
بەدوایدا دەگەڕێن.) (١١٧)
ڤیرجیلیۆ ئەم قسانەی بۆ کردم
هیچ دیارییەک نەبوو بەقەد ئەم قسەیە
دڵم شاد و بەختەوەر بکا. (١٢٠)
ئارەزوو لەدوای ئارەزووم بەسەردا دەباری
هانی دەدام بۆ سەرکەوتن. هەر هەنگاوێکم دەنا
هەستم دەکرد دوو باڵم لێ ڕواوە.[٢٢] (١٢٣)
کە هەموو پایەکانی پلیکانەکەمان بڕی و
گەیشتینە ترۆپکە و دواپلە
ڤیرجیلیۆ چاوی لە دوڕ چاوم بڕی. (١٢٦)
گوتی: کوڕم، ئاگری کەمخایەن و ئاگری جاویدانت دی
ئێستا گەیشتوویتە شوێنێ
من خۆم لەوە بەولاوەتر نابینم. (١٢٩)
بە زانست و هونەری خۆم، تۆم گەیاندە ئێرە
لەمەودوا شەوق و شادیی خۆت بکە بە بەرابەر
تازە لە پێچ و دەور و لە بەروار و بزنەڕێ دەرچووی. (١٣٢)
سەیری خۆر بکە لە تەوێڵت دەدا،
سەیری گیای ورد و گوڵ و دار و دەوەن بکە،
کە خۆڕسک لەم خاکە دەڕوێ. (١٣٥)
تا ئەو دوو چاوە گەش و جوان و پڕ نیعمەتە[٢٣] دێن
کە بە گریان وایان لە من کرد بێمە لات.
دەتوانی لێرە دانیشی، یان بەناو گوڵاندا بگەڕێی. (١٣٨)
چیدی چاوەڕێی قسە و ئاماژە لە من مەکە
ئێستا ئیرادەیەکی ڕاست و ئازاد و پاکت هەیە
ئەگەر ئیلهامی لێ وەرنەگری، دەکەویتە هەڵە. (١٤١)
ئەوەتا تاجت دەنێمە سەر و داروەکازت[٢٤] دەدەمە دەست. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوحەفتەم

١. ئەمە تەواوکەری سروودی پێشووە. پێی دەگوترێ سروودی (لیتی).

٢. واتە: ئەوکاتە لەوێ دەوری سەعات شەشی بەیانی بوو.

٣. مەبەست خودایە.

٤. ئیبیرۆ Ibero: ڕووباری ئیبریا لە نیمچە دوورگەی ئیبریا لە ئەسپانیا. لە سەردەمی دانتیدا بە سنووری ڕۆژاوای ئاوەدانی دونیایان دەزانی.

٥. تەرازووی بڵند: ئاماژەیە بۆ بورجی تەرازوو کە لەناو بورجەکانەوە، دروست بەرامبەر بورجی کاوڕ دەوەستێ. لەم وەرزەدا، خۆر لە بورجی کاوڕدایە. ئەم بورجە ڕەمزی شەوە.

٦. گەنجەGange. ڕووباری گەنجە لە هیند. لەو سەردەمەدا ڕووباری گەنجەیان بە سنووری ئاوەدانی ڕۆژهەلاتی زەوی دەزانی، واتە کاتێ لە (بيت المقدس) سەعات شەشی بەیانییە، لە هیند نیوەڕۆیە. مانای ئەم دوو بەندە، بەسەر یەکەوە، بەم جۆرەی لێدێ: لە (بيت المقدس)، خۆر تازە هەڵدەهات و لە خاڵی بەرامبەری، واتە لە بەرزەک، خۆر تازە ئاوا دەبوو. لەو کاتەدا، لە هیند نیوەڕۆ و لە ئەسپانیا نیوەشەو بوو.

٧. ئەمە فریشتەی داوێنپاکی و پاسەوانی ئەڵقەی حەوتەمە.

٨. ئاماژەیە بۆ ئەوانەی زیندەبەگۆڕیان دەکەن.

٩. مەبەست ئەو کەسانەیە کە جادووکەر و زندیق بوون و کڵێسە حوکمی دەدان بە زیندووی چاوان بیانسووتێنن.

١٠. جیریۆن Gerion عیفرتێک بوو دەموچاوی وەکو بنیادەم و لەشی وەکو مار وا بوو. (دۆزەخ، س٢٩، د١١/ س٣٠، د٧٥).

١١. پیرامۆ Piramo (بە یۆنانی Pyramus) بەپێی ئەفسانەی یۆنانی: ئەمە گەنجێ بوو لەگەڵ کچێ بە ناوی تیسبی Tisbe حەزیان لە یەک دەکرد. دایک و باوکیان ڕازی نەبوون بۆ یەک ببن، ئەوانیش بڕیاریان دا ڕابکەن و جێژوانیان لە ژێر دارتوویەک دانا. یەکەم جار تسبی چوو، بەڵام لە ترسی بەچکە شێرێک ناچار بوو خۆی بشارێتەوە، پاشان پیرامۆس چوو، دیتی تیسبی لەوێ نییە، بەڵام دەسرۆکەکەی لەوێ کەوتووە، بە خوێنە. وایزانی تیسبی کوژراوە، ئەویش زەبرێکی لە خۆی دا بۆ ئەوەی خۆی بکوژێ، چونکە نەیویست دوای تیسبی بژی. هێشتا ڕۆحی نەدابوو، تیسبی هاتەوە، دیتی پیرامۆ لە دواهەناسە دایە. قیژاندی و بانگی کرد. پیرامۆ هەر هێندەی پێ کرا یەک جار چاوی کردەوە و نوقاندییەوە. هەر ئەو نوقاندنە بوو مرد و

جارێکی تر نەیکردەوە. تیسبی، کە دیتی خۆشەویستەکەی مرد، ئەویش هەر لەوێ خۆی کوشت. بەری دارتووەکە بە ڕەنگی ئەو دوو ئاشقە سوورهەڵگەڕا و بوو بە شاتوو.

١٢. مەبەستی ناوی (بیاتریچی)یە کە هەمیشە لە مێشکیدایە.

١٣. ڕۆیشتنی سێ شاعیرەکە، یەک لەدوای یەک، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ. ستاتسیۆ یەکەم جار لە سروودی بیستودووەمدا دەردەکەوێ، ڤیرجیلیۆ لە پێشەوە و ستاتسیۆ لە ناوەڕاست و دانتی لە دواوە دەڕوا. لێرەدا ڤیرجیلیۆ لە پێشەوە و دانتی لە ناوەڕاست و ستاتسیۆ لە دواوە دەڕوا، بەڵام لە بەهەشتی زەمینیدا، دانتی لە پێشەوە و ڤیرجیلیۆ لە ناوەڕاست و ستاتسیۆ لە دواوە دەڕوا.

١٤. ڤیرجیلیۆ بەردەوام ناوی بیاتریچی لای دانتی دێنێ بۆ ئەوەی هانی بدا بەرگەی ئاگرەکە بگرێ و وەری نەڕووخێ.

١٥. ئەمە دەنگی فریشتەی پاسەوانی سەر ئەو پلیکانەیە کە دەچێتە بەهەشتی زەمینی.

١٦. ڕوویان لە ڕۆژهەڵات بووە، چونکە تیشکی خۆر لەسەر ئاوابوونە و لە پشتی دانتی دەدا.

١٧. دانتی سێبەری لەسەر شاخ نەما، واتە خۆر ئاوابوو.

١٨. یاسای بەرزەک ڕێ نادا شەو بڕۆن، بۆیە لەسەر پلیکانە و هەریەکە لەسەر پایەیەک پاڵی دایەوە.

١٩. چیتریا Citerea مەبەست ئەستێرەی زوهرەیە (ڤینۆس). ناوی دوورگەیەکە دەکەوێتە نزیک لاکۆنیا، لە باشووری یۆنان. لە ئەفسانەدا هاتووە: ئەم ئەستێرەیە لە شوێنێکی نزیک ئەو دوورگەیە هاتووەتە دەرەوە و چووەتە ئاسمان. ئەو حەلە زوهرە لە بورجی نەهەنگ و دوای ئەو، خۆر لە بورجی کاوڕ بوو. مەبەست ئەوەیە کات پێش بەیانی بوو کە دەڵێن خەونی ئەوکاتەی شەو ڕاستە.

٢٠. لیا –Lia: کچە گەورەی لابان و یەکەم ژنی یاقووب بوو. چاوی کز بوو. لیا ڕەمزی ژیانی چالاکە. چیرۆکەکە دەڵێ:

یاقووب هات گەیشتە خاکی ڕۆژهەڵات. بیرێکی دی سەری گیرابوو. شوان دەهاتن بەردەکەیان لا دەدا و پەزی خۆیان ئاو دەدا. ڕاحیلی کچی لابان، کە ڕەمزی بیرکردنەوەیە لە خوا، مێگەلەکەی هێنا. یاقووب پرسیی ئەمە کێیە؟ گوتیان ئەمە ڕاحیلی کچی لابانە. یاقووب گەشایەوە و گوتی لابان خاڵی خۆمە، واتە ئەمە کچی خاڵمە. چوو بەردەکەی بۆ لا دا و ڕاحیل مەڕی خۆی ئاو دا و چووەوە بۆ باوکی گێڕایەوە. باوکی هات یاقووبی بردە لای خۆی و لەگەڵیدا ڕێککەوت حەوت ساڵ

شوانەتیی بۆ بکا، ڕاحیلی دەداتێ. کە حەفت ساڵەکە تەواو بوو، لابان، لە باتی ڕاحیل، کە کچی گچکە بوو، (لیا)ی دایە یاقووب، کە کچی گەورە بوو. یاقووب کە بەمەی زانی، نارەزایی دەربڕی. لابان گوتی ئێمە رەوشتمان رێ نادا کچی بچووک پێش کچی گەورە بە شوو بدەین. مادەم تۆ حەزت لە ڕاحیلە، کە حەفتەیەک بەسەر بووک و زاوایەتیی تۆ و لیادا تێپەڕی، ڕاحیلیشت لێ مارە دەکەم. بە مەرجێ حەفت ساڵیش بەرامبەر بە ڕاحیل شوانەتیم بۆ بکەی. یاقووب ڕازی بوو. بەمەوە یاقووب بوو بە خاوەنی دوو ژن: لیا و ڕاحیل. لە لیا دە کوڕ و لە ڕاحیل دوو کوڕی بوو: (یوسف و بنیامین).

٢١. ئەمە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممەی ١٣ی نیسانی (١٣٠٠)ە.

٢٢. دانتێ، کە لە هەموو گوناهەکان پاکبووەوە. هەستی دەکرد ئەوەندە سووک بووە، وەختە بفڕێ.

٢٣. مەبەست لە چاوجوان بیاریچێیە کە لە سرووودی یەکەمی دۆزەخدا، بە گریان داوا لە ڤێرجیلیۆ دەکا بگاتە فریای دانتێ.

٢٤. واتە: تۆ لەمەودوا خاوەنی سەربەخۆی جەستە و ڕۆحی خۆتی (داروەکاز و تاج) و چیتر پێویستت بە ڕێنمایی من نییە. لێرەدا ڤێرجیلیۆ لە دانتێ جیادەبێتەوە.

***

# سروودی بیستوهەشتەم[1]


## بەهەشتی زەمینی

دانتی بە شێنەیی بەناو بەهەشتی زەمینیدا گەڕا. هەستی کرد کزەبایەکی فێنک لە ناوچەوانیدا لقی درەختەکانی دەهەژاندەوە، بێ ئەوەی بێچووە باڵندە لەناو هێلانەی سەر لقی درەختەکان سەخڵەت بکا. دەنگی با وەکو زایەڵەی چریکەی باڵندەکان وا بوو. دیمەنەکە لە لێڕی دارکاژی سەر کەناری کیاستی نزیک ڕاڤێنای دەکرد. دانتی داکشایە ناو جەنگەڵی پیرۆز. ڕووباری لیتی بینی کەنارەکانی پڕ بوو لە گیاوگوڵ. دانتی لەوبەری ڕووبارەکە چیمەنێکی تەڕ و سەوزی بینی. خانمێکی جوان لەناو چیمەنەکە بوو گۆرانیی دەگوت و ڕێ و ڕێ گوڵی دەچنی. دانتی داوای لێکرد لەولاوە نزیک بکەوێتەوە بۆ ئەوەی گوێی لە گۆرانییەکەی ببێ. خانمەکە ماتێلدا بوو. هات دەتگوت لەسەر گوڵ سەما دەکا. دانتی گوێی لە گۆرانی خۆشی بوو. خانمەکە لە گۆرانی و گوڵچنین بەردەوام بوو.

ماتێلدا بە سێ شاعیرەکەی گوت ئێوە یەکەم جارە دێنە ئێرە. ئامادەیی خۆی دەربڕی، چی بیانەوێ بۆیان ڕوون بکاتەوە. گوتی: خوا ئەم شوێنەی بۆ ئاکنجی بوونی مرۆڤ داناوە، بەڵام مرۆڤ بە گوناە بەختەوەریی خۆی دەکا بە ئەشکەنجە و ئازار، هەروەها گوتی: چیای بەرزەک، دوای دەروازەی ڕاستەقینەی، زیاتر لە ئاسمان نزیک دەکەوێتەوە. وای لێ دێ لەژێر کاریگەریی هەڵمی دونیادا نامێنێ، بەڵام خولانەوەی ئاسمان بایەک لە سەرەوەی بەرزەک پەیدا دەکا تۆوی ڕووەک بە هەموو شوێنێدا بڵاو

دەکاتەوە. پڕ دەبێ لە میوەی بێوێنە، هەروەها ماتێلدا گوتی: لێرە، ئاو بە کاری خوا دەردەبێ و لە ڕووباری لیتی دەکاتەوە کە هەموو گوناهێک دەشواتەوە، هەروەها لە ڕووباری ئینوی دەکاتەوە کە کاری چاک بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە. شاعیرانی دێرین بەم شوێنەیان هەڵگوتووە. لە بەهەشتی زەمینیدا، هەمیشە بەهارە.

دانتی تەماشای ڤێرجیلیۆ و ستاتیۆسی کرد، دیتی خەندەی ڕەزامەندییان بە لێوەوەیە، ئینجا ڕووی بۆ لای ماتێلدا وەرگێڕا.



پەرۆش بووم بۆ پشکنینی ناوەوە و دەوروبەری
ئەو جەنگەڵە سەوز و چڕ و[2] یەزدانییە
کە ڕووناکیی ڕۆژگاری تازەی لە چاوەکانم کاڵدەکردەوە[3] (٣)
بێ ئەوەی چیدی چاوەڕێ بکەم، قەد چیام جێهێشت و
وردەوردە بەناو ئەو مێرغوزارەدا[4] ڕۆیشتم
کە زەوی بۆنی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە. (٦)
بایەکی سازگار لە ناوچەوانی دەدام
کە هەرگیز سروشتی نەدەگۆڕا.
وەکو کزەبایەکی ناسک و فێنک (٩)
هەموو لقە دارە ملکەچ و لەرزانەکانی
بەرەو ئەو لایە لار دەکردەوە
کە چیای پیرۆز یەکەم سێبەری خستبووە سەر. (١٢)
بەڵام لقەکانی ئەوەندە لار نەدەبوونەوە
کە بێچووە باڵندەی سەر چڵەپۆپەیان
دەستبەرداری هونەری خۆیان بن. (١٥)
لەناو گەڵاوگردڵدا بە شادی گۆرانییان بۆ پێشوازیی
یەکەم سروەی شێبا دەچڕی و
خشەخشی چڵەکان گۆرانییان بۆ دەگێڕانەوە. (١٨)
وەکو ئاوازی ئەو خشەخشی گەڵایانەی چڵاوچڵ
بەناو دارکاژەکانی کەناری (کیاسسی)دا[5] دەڕۆیشت
کاتێ (ئییۆلۆ)[6] جڵەوی بای سیرۆکۆ[7] بەردەدا (٢١)
ئەوسا بە هەنگاوی سست داکشامە
ناو قووڵایی جەنگەڵی دێرین
خۆیشم نەمدەزانی لە کوێوە هاتووم و لە کوێم. (٢٤)
ڕووبارێک[8] ڕێی ڕۆیشتنی گرتم
بە شەپۆلی وردی گیای سەر کەنارەکانی
بۆ لای چەپ لار دەکردەوە. (٢٧)
هەرچی ئاوی کەنار هەیە

لەچاو ئەم ئاوە زوڵاڵە شێلو و بە خڵتە
ئەمە هیچ لیلی و کودووراتی تێدا نییە. (٣٠)
بە تیروتاری و بە لەمەلەم
بەژێر سێبەری جاویداندا دەڕوا
کە هیچ تیشکی ڕۆژ، یان تریفەی مانگی ناگاتێ. (٣٣)
پێم چەقاند و چاوم بڕییە ئەوبەری ڕووبارەکە
سەیری ڕەنگی جۆراوجۆری
لقە داری تەڕوپڕ و نوقمی شکۆفەی بەهارم کرد. (٣٦)
وەکو چۆن لەناکاو شتێکمان لێ دەردەکەوێ
بە جۆرێ سەرسام و مەندەهۆشمان دەکا
هەموو بیر و خەیاڵێکی ترمان لە دڵ دەردەکا، (٣٩)
وەسا خانمێکم[٩] بینی بە تەنیا دەڕۆیشت
بەدەم ئاوازی گۆرانییەوە کوڵووکی دەچنی
لەدەم ڕێگە، کە پڕ بوو لە گوڵ و کوڵووک. (٤٢)
پێم گوت: (ئەی خانمی جوان، کە بە ئاگری ئەوین دەبرژێی
ئەگەر متمانە بە ڕوخسارت بکەم
کە باشترین بەڵگەیە بۆ هەستی ناو دڵ، (٤٥)
بەڵکو لوتف بکەی لەم ڕووبارە نزیک بیتەوە
بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانم
لەو گۆرانییە بە جۆشوخرۆشەت بگەم. (٤٨)
تۆ بیرم دەخەیتەوە
(پرۆزێرپینا)[١٠] چۆن بوو و لە کوێ بوو،
کاتێ دایکی ئەمی لە دەست دا و ئەمیش گوڵی بەهار!) (٥١)
وەک خانمێ کە بەدەم سەماوە دەسووڕێ و
پانییەکانی جووت دەکا و لەسەر زەوی دەیچەقێنێ
هیچ پێیەک پێش پێکەی تر ناخا، (٥٤)
ئاوها بە سەر گوڵی سوور و گوڵی زەرددا ڕووی کردە من.
لە خانمێکی حەلیم و پاکیزەی دەکرد

که چاوی خومار و خەواڵووی بەردەداتەوە. (٥٧)
داواکەی هێنامە جێ، ئەوەند نزیککەوتەوە
گوێم لە ئاوازی دڵبزوێنی بوو.
لە مانای بەرزی وشەکانی گەیشتم. (٦٠)
کە گەیشتە ئەو شوێنەی
گیا بە شەپۆلی ڕووباری جوان تەڕ بووبوو،
کەرەمی لەگەڵ کردم و چاوی بۆ هەڵبڕیم. (٦٣)
باوەڕ ناکەم تیشکی وا گەش
لەژێر پێلوی ڤینیری ئاورینگی هاویشتبێ،
کاتی کوڕەکەی بە نائاسایی ئەنگاوتی.[١١] (٦٦)
لەسەر کەناری ئەوبەر وەستا و بۆم گرنژی،
گوڵێکی زۆری بە دەستەکانی چنی
کە بێ تۆووەشاندن لەو چیایانە دەڕوێن. (٦٩)
ڕووبارەکە سێ هەنگاو[١٢] لێکی دوور خستبووینەوە
بەڵام (ئیلێسپۆنتۆ)[١٣] کە خشایار شا لێی پەڕییەوە و
ئێستایش لەمپەرێکە لە بەردەم بوغرایی هەموو مرۆڤ، (٧٢)
بە شەپۆلی هەڵچووی نێوان (سێستو) و (ئەبیدۆ)
ئەوەندە ڕقی (لیاندرۆ)ی[١٤] نەبزواند، کە ئەم ڕووبارە
ڕقی منی ورووژاند، چونکە ئەوسا ئاوەکە شەقی نەبرد. (٧٥)
گوتی: ئێوە تازە هاتوون و لێرە بیانین
ڕەنگە من لەبەر ئەوەی لێرە بزە دەمگرێ
کە کراوە بە ئاشیانەی مرۆڤ، (٧٨)
گومان سەرسامیتان لا دەورووژێنێ
بەڵام زەبووری: (تۆ شادیی منی) ڕووناکییەک دەدا
دەشێ تەمی ئاوەزتان برەوێنێتەوە. (٨١)
تۆ، کە بۆ پێشەوە دەڕۆی و[١٥] پرسیارت لێ کردووم
بڵێ ئەگەر لەوە زیاترت دەوێ.
من هاتووم بەپێی پێویست وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە.) (٨٤)

گوتم: (خوڕەی ئاو و ئاوازی جەنگەڵ
ئەو باوەڕەم لا دەلەقێنن کە بەم دواییە پێی گەیشتووم
دەرهەق مەسەلەیەک بیستوومە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەمەیە.) (٨٧)
وەڵامی دامەوە: (ئێستا بۆت باس دەکەم
هۆی چییە ئاوها سەرسام بووی و
تەمومژی سەر چاوت دەڕەوێنمەوە. (٩٠)
(چاکی باڵا)[١٦] کە تەنیا خۆی مایەی ڕەزامەندیی خۆیەتی،
مرۆڤی بە چاکە و لەپێناوی چاکەدا گرواند.
ئێرەی وەکو سیگۆرتەی ئاشتیی جاویدان پێ بەخشی. (٩٣)
بەڵام ئەو، بەو گوناهەی کردی، تەنیا کەمێ لێرە مایەوە
ئەو گوناهەی بزەی پاک و چێژی گەوارای
گۆڕی بە گریان و ئەشکەنجە. (٩٦)
بۆ ئەوەی مرۆڤ هەرگیز زیانی پێ نەگا
بەو گەردا‌و و باهۆزەی
ئاو و وشکاتی لە خوارەوە هەڵیدەکەنن و (٩٩)
بە هۆی گەرماوە، بەپێی توانای بەرز دەبێتەوە،
ئەم چیایە زیاتر بەرەو ئاسمان هەڵکشا[١٧]
لەو شوێنەی دەروازەی دادەخرێ، هەڵم و دووی نەما. (١٠٢)
ئێستایش کە هەموو باکە لەگەڵ بزوێنەری یەکەمدا[١٨]
لە بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە،
ئەگەر چێوەکەی لە هیچ شوێنێ نەپچڕێ، (١٠٥)
ئەم بایە لەسەر ئەم ترۆپکە ئازاد و پڕ درەختە هەڵدەکا
کە هەمووی هەوای پاک و بێگەردە و
جەنگەڵی چڕ بەقەد چڕیی درەختەکانی دەخاتە خشەخش. (١٠٨)
درەختێ هەژاوە توانای زۆری هەیە
هەوا پڕ دەکا لە خەسیەتی خاسی خۆی و

لەگەڵ سووڕانەوەی بە دەوری خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە. (١١١)
زەوییەکەی تریش[١٩]، دەپیتێ و بەپێی خەسیەتی خۆی،
یان بەپێی ئاووهەوا، ڕووەکی جۆراوجۆری
خاوەن سیما و خەسیەتی جیاجیای لێ دەڕوێ. (١١٤)
ئەگەر ئەمەتان لا ڕوون بێ، ئیتر جێی سەرسوڕمان نییە
کە لە دونیادا هەندێ ڕووەک بەبێ تووی بەرچاو[٢٠]
ڕەگ دادەکوتێ و چووزەرە دەردەکا. (١١٧)
دەبێ بزانی ئەو زەوییە پیرۆزەی تۆی تێدای
پڕە لە هەموو جۆرە تووێک
میوەی وا دەگرێ لە دونیادا بەرهەم نایێ، (١٢٠)
ئەو ئاوەی لێرەدا دەیبینی لە کانییەک هەڵناقوڵێ[٢١]
ئاوەکەی لە هەڵمی خەستبووەوەی ساردییەوە هاتبێ
وەک ئەو ئاوەی تەوژمی ڕووبار زیاد و کەم دەکا. (١٢٣)
بەڵکو لە کانییەکی مسۆگەر و بەردەوام هەڵدەقوڵێ
چی لە هەردوو کەنارەوە لەسەری دەڕژێتەوە
بە کاری خوا جێگەی پڕ دەبێتەوە. (١٢٦)
ئاوی ئەملایە هێزێکی تێدایە یادی گوناهی
خەڵک دەسڕێتەوە.
ئاوی ئەولا کارە چاکەکانی خۆیان بیر دەخاتەوە. (١٢٩)
لێرە پێی دەگوترێ ڕووباری (لیتی) و[٢٢] لەولا ڕووباری (ئینوی)[٢٣].
تا لە هەردوو لای نەچێژی
کاریگەریی دەرناکەوێ. [٢٤](١٣٢)
تامی لە هەموو تامێک خۆشترە
بێ ئەوەی زیاتر بۆت ڕوون بکەمەوە.
ڕەنگە ئێستا تینووت شکابێ.
لەگەڵ ئەوەشدا وەکو چاکەیەک زیاتر بۆت ڕوون دەکەمەوە

باوەڕ ناکەم قسەکەمت بەلاوە بێبایەخ بێ
ئەگەر لەوەندەی بەڵێنم پێ دابووی، زیاتر ببێ. (١٣٨)
ئەوانەی، لە زەمانی کۆن، گۆرانییان بە چاخی زێڕین و
سەردەمی بەختەوەری هەڵدەگوت، کە دەچوونە سەر (پرنازۆ)
ڕەنگە خەونیان بەم شوێنەوە دیبێ. (١٤١)
ڕەچەڵەکی مرۆڤ، لێرە، لەوپەڕی بێتاوانیدا بوو[٢٥]
ئێرە جێی هەمیشە بەهارە و هەموو فیقییەکە.
شیلەیەکی تێدایە ناوی لەسەر زاری هەموو کەسێکە.[٢٦] (١٤٤)
لەپڕ ئاوڕم لەدوو شاعیرەکەم دایەوە.
دیم گوێیان دابووە قسەکانی دواوەم و
خەندەیەکی ناسکیان بە لێوەوە بوو. (١٤٧)
ئینجا ڕووم بۆ لای خانمی جوان وەرگێڕا. (١٤٨)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوهەشتەم

١. ئەمە سروودی بەهەشتی زەمینی و ماتێلدایە. پێی دەگوترێ سروودی (سروشتیی بەختەوەر).

٢. جەنگەڵی چڕ و ئاسمانی ئێرە بەرامبەر جەنگەڵی چڕ و ترسناکی سەرەتای دۆزەخ دەوەستێ.

٣. واتە درەختی چڕی جەنگەڵەکە تیشکی خۆری کەم کردبووەوە.

٤. واتە سەرکۆسپی دەروازەی بەهەشتی زەمینی.

٥. مەبەست لە کەناری کیاسسی Chiassi، کەناری ئەدریاتیکە لە ڕاڤێنا. کیاسسی، یان کیاسیس بەندەری کۆنی ڕاڤێنای سەردەمی ئۆگستۆسە کە ساڵی ٧٢٨، لۆمبارد کاولی کرد. ئێستا شوێنەکە پێی دەگوترێ کلاسی. جەنگەڵێکی دارکاژی گەورەی لێ بوو تا ماوەیەکی زۆر لە باکوور و باشووری ڕاڤێنا درێژ بووبووەوە. دانتی، کاتێ لای گویدۆ نۆڤلۆ بوو، هەموو جارێ لەناو سێبەری ئەو جەنگەڵە پیاسەی دەکرد. ئەم جەنگەڵە تا ئەم دواییە هەر مابوو. لە دوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا زیانێکی زۆری پێ کەوت.

(٦) ئێیۆلۆ Eeolo (بە لاتینی ئایۆلوس) خودانی (با) بوو. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە. ئەم خودانە هەموو (با)یەکانی لە ئەشکەوتێک بەند کردبوو. هەر کاتێ حەزی بکردایە، (با)یەکی ئازاد دەکرد و بۆ لایەکی دەنارد.

٧. بای باکووری ڕۆژهەلات، هاوینان لە ئیتالیا هەڵدەکا.

٨. ئەمە ڕووباری لیتییە.

٩. ئەو خانمە جوانە ماتێلدایە Mateldaیە. زۆر لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ئەو خانمە کراوە. ئایا ئەو خانمە لە دونیادا، کێ بوو؟ لە بەهەشتی زەمینی چ دەکا؟ لە ڕووی ڕەمزییەوە چ دەگەیەنێ؟ ئایا ئەم خانمە، وەکو چۆن (کاتۆنی) پاسەوانی بەرزەک بوو، ئاوها پاسەوانی زەوییە؟ ئایا هەمیشە لە بەهەشتدایە؟ یان هەر بە بۆنەی گەشتی دانتییەوە ڕەوانەی ئەوێ کراوە تا ڕێنمایی دانتی بکا.

هەندێ دەڵێن ئەمە کونتیسە (ماتێلدەی تۆسکانا Matilde di Toscona)یە کە کچی (بۆنیفاچۆ)ی کۆنتی ناوچەی تۆسکان و ژنی خانەدانێکی ئەڵمانی (سوابیا) بوو. دەوری ساڵی ١١١٥ مردووە. ئەو خانمە دۆست و لایەنگری پاپا گریگۆری حەفتەم بوو. هەموو سامان و دارایی خۆی، لەپێناوی مەسیحییەتدا، پێشکەش کڵێسە کرد. هەندێکی تر ئەو خانمە بە ماتێلدە فن ماگدبۆرک دەزانن کە تەرکەدونیا بوو و دەوری ساڵی ١٢٩٠ مرد. هەندێکی تر بە (ماتێلدە فن هاکبورن)ی دادەنێن. ئەویش هەر

دێرنشین بوو و ساڵی ١٢٩٨ مرد. هەندێکی تریش باوەڕیان وایە ئەم (ماتێلدە)یە یەکێ بوو لە ماشووقەکانی دانتی کە بە ئاماژە ناوی لە (ژیانی نوێ)ی دانتیدا هاتووە. جگە لەمانەیش هەندێ بڕوایان وایە یەکێ بوو لە دەستەخوشکە هەرە دڵسۆز و نزیکەکانی (بیاتریچی).

لە ڕووی مانای ڕەمزیی ئەو خانمەوە، بیروڕای جیاجیان لەناو توێژەرەواندا هەیە. هەندێ دەڵێن ڕەمزی ژیانی چالاکە، چونکە لە (لیا)ی سرووودی پێشوو دەکا. هەندێکی تر بە ڕەمزی مانای جۆراوجۆر و جیاوازی دەزانن، وەکو ڕەمزی عیشق و خۆشەویستیی کڵێسە، ڕەمزی داوێنپاکیی سەرەتایی ئادەم و حەوا، ڕەمزی بەختەوەریی سەر زەوی، ڕەمزی نیعمەتی خوا، ڕەمزی هونەر و دانایی، ڕەمزی سۆفیگەری، ڕەمزی یەککگرتنی فەلسەفە و خواناسی، ڕەمزی بنچینەی دەسەڵات.

(١٠) پرۆزێرپینا Proserpina. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، پرۆزیرپنیا کچی سیریری (بە یۆنانی دمیتیر)ی خودانی کشتوکاڵ بوو. کچێکی زۆر جوان بوو. پلۆتۆن (بە یۆنانی هادیس)ی خودانی دۆزەخ ئاشقی بوو. ڕۆژێ ئەو کچە لە سەقلیە، لەناو باخێکدا، بێ خەم و خەیاڵ، گوڵی دەچنی، زەوی شەقی برد و هادیس هاتە دەرەوە و پرۆزیرپنیای سواری گالیسکەی خۆی کرد و بردییە دونیای خوارەوە و کردی بە شاژن، بەڵام لە دیداری گوڵ و بەهار بێبەشی کرد. سیریریی دایکی، زۆر بەدوایدا گەڕا، نەیدۆزەییەوە، بەڵام جۆپیتەر چوو بۆ دایکی هێنایەوە، بەڵام بە مەرجێ هەموو ساڵێ، سێیەکی ساڵەکە لای هادیس، لە دونیای خوارەوە بباتە سەر.

١١. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتوو: ئافرۆدیتی (زوهرە)ی خودانبابووی عیشق، کوڕێکی هەبوو بە ناوی کیوپید یان کیوپیدۆن. تیردانێکی لە پشت و کەوانێکی بە دەستەوە بوو. کە زوهرە بڕیاری بدایە دوو کەس ئەشقی یەکتر ببن، ئەو کوڕە، بە فەرمانی زوهرە تیری لە دڵی دەدان و ئاشقی یەکتر دەبوون. ڕۆژێ ئەو کوڕە، ئایا لە نەزانی بوو، ئایا لە چەتوونی، تیرێکی لە دایکی خۆی گرت و زوهرە ئاشقی ڕاوچییەکی گەنج بوو بە ناوی ئەدۆنیس کە ئەو حەلە لەناو جەنگەڵدا دەچووە ڕاو.

(١٢) سێ هەنگاو. زۆر نزیکە مانایەکی ڕەمزیی هەبێ، ڕەنگە وەکو سێ پایەکەی تەک دەروازەی بەرزەک (سرووودی٩) ڕەمزی پەشیمانی و ددان پێدانان و ڕەحەتیی ویژدان بێ.

١٣. تەنگەی دەردەنیل هێلیسپۆنت (Hellespont) ئاسیا و ئەورووپا لێک جودا دەکاتەوە. درێژیی دەوری ٤٠ میل و پانایی لە نێوان یەک میل و چوار میلدایە. ساڵی ٤١٠پ.ز. خشایارشای شاهنشای فارس پردێکی بە بەلەم لە تەنگترین شوێنی، لە (ئابیدۆس)ی سەرکەناری ئاسیایی بۆ (سیستۆس)ی سەرکەناری ئەورووپی دروست

کرد، بۆ پەڕینەوەی لەشکرەکەی بۆ شەڕی یۆنان. هەرچەندە خشایارشا، لە بەژ و وشکاتیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لە دەریادا، لە نزیک سالامین شکا. ئەم مێژووە بیرێکی ئەفسانەیی تێکەڵ بووە، دەڵێ کە خشایارشا پردەکەی بە بەلەم دروست کرد و لە شکرەکەی ویستی بپەڕێتەوە، لەناکاو گەردلولێک هەڵیکرد و دەریا هاروهاچ بوو. خشایارشا تووڕەبوو، دەستووری دا سێسەد قامچی لە ئاوی هێلیسپۆنت بدەن. کە قامچییان لە ئاوەکە دا، خودانی دەریا تووڕە بوو و کەشتیی فارسەکانی لە سالامین تووشی شکست کرد.

١٤. لییاندرۆ Leandro (بە لاتینی Leander) گەنجێکی خەڵکی سیستۆ (سیستۆس) بوو کە دەکەوێتە سەر کەناری ئەورووپی تەنگەی دەردەنیل. ئەو گەنجە لەگەڵ ژنێک حەزیان لە یەک دەکرد. ژنەکە ناوی Ero (هیرۆ) بوو، کاهینەی پەرستگەی زوهرە بوو لە ئابیدۆ (ئابیدۆس) کە لەسەر کەناری ئاسیایی دەردەنیل بوو، بەرامبەر سیستۆس. ئەو گەنجە هەموو شەوێ، بە مەلەوانی لە تەنگەی دەردەنیل دەپەڕییەوە و دەچووە لای گراوییەکەی و تا بەیانی لە لای دەمایەوە. شەوێکیان ئەوەندە زێدەڕەویی لە عیشقبازیی کرد، لە گەڕانەوەدا هێزی گەیشتنەوە بەندەرەکەی خۆیانی تێدا نەما، لە ڕێگەدا شەپۆل لوولی دا و خنکا. (هیرۆ) کە بەمەی زانی، ئەوەندە سووی لە خۆشەویستەکەی بووەوە، دونیای لە بەرچاو کەوت، خۆی بە ئاوی دەریادا دا و ئەویش دوای خۆشەویستەکەی خنکا.

١٥. دەمی قسە لە دانتیدایە. دانتی لێرەدا بە پێچەوانەی ئەڵقەکانی پێشوو لە پێش دووەکەی تر دەڕوا. ئەمە نیشانەی متمانە پەیداکردن و باوەڕ بەخۆبوونە کە پاش ماوەیەکی کەم بە تەنیا دەگاتە لای بیاتریچی.

١٦. مەبەست خودایە.

١٧. بەپێی ئەستێرەناسیی بتلمیۆسی سەدەکانی ناوەڕاست، زەوی لە چەقی گەردووندایە و لە شوێنی خۆی وەستاوە، خۆر و هەسارەکانی تر بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.

١٨. مەبەست لە بزوێنەری یەکەم ئاسمانی بلوورینە، دووریش نییە مەبەستی ئاسمان بە گشتی بێ کە هەموو شتێ لەگەڵ خۆی دەسووڕێنێ و (با)یش لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەجووڵێنێ.

١٩. زەویی تر، زەوی ئێمە کە لە زەویی بەهەشت جیایە.

٢٠. لێرەدا دیارە، کۆنینەکان بڕوایان وا بووە ڕووەک بێ تۆویش لەسەر زەوی دەڕوێ. دانتی لەسەر زمانی ماتێلدادا ڕوونی دەکاتەوە تۆوی ئەم جۆرە ڕووەکە لە بەهەشتەوە دێ.

٢١. واته ئاوی ئێره وەکو ئاوی هیچ ڕووباری نییە، بەپێی باران و سەرچاوەوە، یان بەپێی ئاو لەبەر ڕۆیشتنییەوە، کەم و زیاد بکا.

٢٢. ئەمە ڕووباری لیتییە (لەبیرکردن). ڕووباری لیتی. بە یۆنانی یانی (لەبیرکردن). لای یۆنانەکان، ئەم ڕووبارە لە گۆلی قووڵی (ئیڤرنوس)ی نزیک پۆتۆلییەوە دێ و دەچێتە دونیای خوارەوە. لای ڕۆمانەکان ڕووبارێکە لە دۆزەخ و دانتی بردوویەتییە بەهەشتی زەمینی. لە لای دەستەچەپی دانتییەوە شۆڕدەبێتەوە خواری بۆ لای باشوور.

٢٣. ڕووباری ینۆویی (هۆش و زەین). ڕووباری ینۆی -Eunoe بە یۆنانی یانی یادی چاکە و هۆش و زەین. بەرامبەر ڕووباری لیتی دەوەستێ، واتە ئەم ڕووبارە بەرەو باکوور دەڕوا.

٢٤. مرۆڤ دەبێ ئاوی هەردوو ڕووبار بخواتەوە بۆ ئەوەی گوناهی نەمێنێ و کاری چاکەی بێتەوە بیر و هۆش.

٢٥. واتە ئادەم و حەوا لە بەهەشتی زەمینیدا بێگوناه بوون.

٢٦. ئیکسیر Nettare (بە یۆنانی Nectar) شەرابی خودانەکان بوو، ژیان و گەنجێتیی هەمیشەیی دەبەخشی. نووسەرانی یۆنان و ڕۆمان هەمیشە ئاماژەیان بۆ کردووە.

***

# سروودی بیستونۆیەم [1]

## بەهەشتی زەمینی

ماتیلدا لە گورانی بەردەوام بوو و بە پێچەوانەی ڕۆیشتنی لیتی ڕۆیشت. دانتی شوێن هەنگاوەکانی هەڵگرت. ڕووبارەکە سووڕایەوە تا ڕووی کەوتە ڕۆژهەلات. ماتیلدا سەرنجی دانتیی بۆ تیشکێکی گەش ڕاکێشا، کتوپڕ لەناو جەنگەڵ بلاچەی دا. یەکەم جار نەیزانی چییە.

دانتی گوێی لە هەندێ ئاوازی خۆش بوو وای کرد سەرزەنشتی حەوا بکا لەسەر هەڵەشەیی و ئەو گوناهەی کردی و بوو بە مایەی بێبەشبوونی لە بەهەشتی زەمینی. دوای نەختێ دیتی ئاگرێک لە ژێر لقە دارەکان داگیرسا. گوێی لە دەنگی سروود و دوعا بوو. هانای وەبەر خێوبانوانی شیعر برد بۆ ئەوەی بتوانێ باسی ئەو شتانە بکا کە بینی و بیستی. وردەوردە بۆی دەرکەوت بلێسەکان هی چەند چراوگێکن. ئینجا گوێی لێ بوو دەیانگوت: (هوشەعنا!!) کۆرەوەکە لە مانگی چواردەی نیوەشەوی ساماڵ جوانتر دەدرەوەشایەوە.

ماتیلدا بە دانتیی گوت تەماشای ئەودیو تیشکەکان بکا. دانتی خەڵکانێکی دی دەهاتن جلی سپییان لە بەر بوو. کە کۆرەوەکە گەیشتە بەرامبەری، دانتی وەستا بۆ ئەوەی باشتر ببینێ. دیتی تیشکی چراوگەکان وەکو پەلکەزێڕینە لە هەوادا دەرکەوتبوو. بیستوچوار پیرەمێردی بینی. ئەمانە ڕەمزی بیستوچوار بەشی تەورات بوون. هەندێ ڕستەی کتێبی پیرۆزیان دەخوێندەوە. ئینجا چوار گیانداری بینی هەریەکە شەش باڵی هەبوو و پەڕ و تووکی پڕبوو لە چاو. ئەمانە ڕەمزی چوار ئینجیل، یان دانەری چوار ئینجیل بوون.


دانتی گالیسکەی سەرکەوتنی بینی کە ڕەمزی کڵێسەی سەرکەوتووە گریفونی ڕایدەکێشا کە ڕەمزی مەسیحە. ئەندامەکانی لەشی ئەندامی هەڵۆ و شێر بوون. ئینجا حەفت خاتوون هاتن دەستیان بە سەما کرد. سێیانیان ڕەمزی چاکە و ئومێد و باوەڕ بوون و چوارەکەیش ڕەمزی چوار چاکەی سەرەکین: هێز و دادپەروەری و میانڕۆیی و وردەکاری.

دانتی، پیر لۆقا و پیر پۆلسی بینی. دانەرانی چوار نامەکانی کڵێسەی بینی. یوحەننای خاوەن خەونی بینی بە تەنیا دەهات.

حەفت پیرەکە تاجی گوڵەباخ و سۆرگوڵیان لە سەر بوو.

دانتی گوێی لە گرمەی هەورەتریشقە بوو و کۆڕەوەکە لە ڕۆیشتن وەستا.

***



ماتێلدا لە کۆتایی قسەکانیدا، وەکو خانمێکی شەیدا
بەدەم گۆرانیچڕینەوە گوتی:
(خۆشی لەوانەی گوناهیان سڕاوەتەوە!)[٢]. (٣)
وەک ئەو پەرییانەی، لە ناوجەرگەی جەنگەڵی
سایە خەستدا، بە تەنیایی دەڕۆن،
هەندێ مەیلی دیتنی خۆر دەکەن و هەندێ لێی هەڵدێن. (٦)
وێ بەدەم ڕووبار و بە پێچەوانەی تەوژمی ئاو دەڕۆیشت.
منیش هەنگاوەکانم لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەو یەکخست.
وەکو ئەو بە هەنگاوی ورد ڕۆیشتم. (٩)
هێشتا سەد هەنگاو نەڕۆیشتبووین،
هەردوو کەناری ڕووبارەکەم دی سووڕانەوە بۆ لایەک و
دیم ڕووم کەوتووەتە لای ڕۆژهەڵات. (١٢)
هێژ ماوەیەکی زۆر ڕێگەمان نەبڕیبوو،
خانمەکە ڕووی کردە من و گوتی:
(برا، سەیر کە و گوێ بگرە!) (١٥)
لەپڕ تیشکێکم بینی سەراپای جەنگەڵی گەورەی داتگرت
بە جۆرێ بریسکایەوە وای بۆ چووم
ڕەنگە ئەمە برووسک و چەخماخە بێ. (١٨)
برووسکە دێ و یەکسەر دەبڕێتەوە
کەچی ئەم تیشکە مایەوە و هەر زیادی کرد و زیادی کرد.
لە دڵی خۆمدا گوتم: (دەبێ ئەمە چی بێ؟!) (٢١)
ئاوازێکی خۆش لەناو هەوای ڕۆشندا دەهات
بە ڕقی پیرۆزی خۆمەوە سەرکۆنەی حەوام کرد
بۆچی کارێکی وا هەڵەشەی کرد؟ (٢٤)
چونکە لە کاتێکدا کە زەوی و ئاسمان فەرمانبەردار بوون
ژنێکی تەنیا و تازە گرواو
بەرگەی نەگرت لەژێر هیچ ڕووبەندێکدا بێ (٢٧)
ئەگەر بە ملکەچی لەژێر ڕووبەند بمایە وەک پێشتر

بۆ ماوەیەکی زۆر چێژم لەو خۆشییە وەردەگرت کە باس ناکرێ. (٣٠)
کە بە سەرسامی دەڕۆیشتم
لەگەڵ یەکەم بەرهەمی ئەم خۆشییە ئەبەدییەدا،
هێشتا تاسەی خۆشیی زیاترم دەکرد، (٣٣)
هەوای بەردەممان، لەژێر چڵوچێوی تەڕ و سەوزدا
دەتگوت گڕی ئاگری گرتووە و
ئاوازێکی خۆشم لە گۆرانییەکی سەنگینەوە بۆ هات. (٣٦)
ئەی پەریی پیرۆزینە[3]، من لەپێناوی ئێوەدا
زۆرم سەرما و برسێتی و شەونخوونی دی،
ئەنگێزەیەکی بەهێز دنەم دەدا، داوای یارمەتیتان لێ بکەم. (٣٩)
ئێستا دەبێ کانی (ئیلیکۆنا)[4] ئاوی سازگاری خۆیم بەسەردا بڕێژێ و
(ئورانیی)[5] بە ئۆرکستراکەی هاوکاریم بکا
تا شیعرێ بهۆنمەوە نووسینی سەخت و دژوار بێ. (٤٢)
نەختێ دوورتر، حەفت درەختم بینی[6]
لە ژێر دروست کرابوون. لەبەر دووریی نێوانمان
بە شێوەی ڕاستەقینە دەرنەدەکەوتن٧ (٤٥)
بەڵام کاتێ لێی نزیکتر کەوتمەوە
دیم وێنەی گشتی، کە هەست تەفرە دەدا
هیچ خەسیەتی نەگۆڕی بوو.. (٤٨)
ئەو بەهرەیەی قسە بۆ ئاوەز دابین دەکا
لە شێوەیان تێگەیشت ئەمانە چراوگن و
بۆی دەرکەوت دەنگەکان (ئۆساننا)[8] دەڵێنەوە. (٥١)
کۆڕەوێکی جوان لە سەرەوە دەدرەوشایەوە
لە جوانیدا لە مانگی چواردەی نیوەشەوێکی سافی
تێپەڕاندبوو. (٥٤)
زۆر بە سەرسامی ڕووم کردە ڤیرجیلیۆی خاس.
ئەویش بە ڕەنگ و ڕوویەکی وا وەڵامی دامەوە
سەرسامیی لە من کەمتر نەبوو. (٥٧)

ئەوسا چاوم بڕییە ئەو بوونەوەرە بەرزانەی
بە هەنگاوی سست و بە شێنەیی بەرەو لامان دەهاتن.
بووکی تازە لە ڕەفت و ڕۆیندا پێیان نەدەگەیشت.(٦٠)
خانمەکە هاواری کردە من و گوتی:
(بۆچی ئەوەندە پەرۆشی بۆ بینینی ئەو تیشکە گەشە
کەچی چاو نادەیتە ئەوەی دوای تیشکەکە.) (٦٣)
ئەوسا خەڵکانێکی بەرگ سپیم بینی
لێرە[9] هەرگیز شتی سپیی وامان نەدیوە.
وەک شوێن ڕابەرێ کەوتبن، لە دوای تیشکەکەوە دەهاتن.(٦٦)
ڕووی ئاو لە لای دەستەچەپ[10] دەچریسکایەوە
کە تەماشام کرد، وەکو ئاوێنە،
لاتەنیشتی چەپەی منی لەسەر دەدرەوشایەوە. (٦٩)
کە لەسەر کەناری ڕووبار جێگەی خۆم گرت،
نێوانمان تەنیا ڕووبار بوو. لەوانی جیادەکردمەوە.
پێم چەقاند و وەستام تا باشتر بیانبینم. (٧٢)
هەندێ بڵێسەی ئاگرم بینی دەهاتنە پێش.
لە دوای خۆیانەوە دونیایان دەڕەنگاند.
دەتگوت نیگارە و بە پەڕ کێشراوە. (٧٥)
هەوای سەرەوەیان بە حەفت خیتی ڕەنگ نەخشاندبوو.
لەو ڕەنگانەی کە خۆر پەلکەزێڕینە و
(دیلیا)[11] کەمەربەندی خۆی لێ دروست دەکا. (٧٨)
لە دواوە تا چاوم بڕی دەکرد هەر بەیداخ بوو!
بەپێی بۆچوونی خۆم
ئەملا و ئەولا بەینیان دە هەنگاو[12] دەبوو. (٨١)
لەژێر ئەم ئاسمانە جوانەی باسم کرد
بیستوچوار پیرەمێرد[13]، دوو دوو دەهاتن
هەریەکە تاجێکی گوڵەمێلاقەی[14] لە سەر بوو. (٨٤)
هەموو بە سروود دەیانگوت:

(موبارەک بیت لەناو هەموو کچانی ئادەم![15]
وێنەی جوانت هەتا هەتایە موبارەک بێ!) (٨٧)
کە ئەم کۆڕەوە دەستەبژێرە
لەسەر کەناری ئەوبەر و لە بەرامبەرمان،
لەسەر گوڵ و گیای تەڕ و ناسک تێپەڕین، (٩٠)
وەک چۆن لە ئاسماندا ئەستێرەیەک جێی ئەستێرەیەک دەگرێتەوە
چوار جانەوەر[16] لە دوایانەوە هاتن و شوێنیان گرتنەوە.
هەریەکە تاجێکی چلی سەوزی لە سەر بوو. (٩٣)
هەریەکە شەش پەڕوباڵ و[17] ڕوویەکی پڕ چاوی[18] هەبوو
ئەگەر چاوەکانی (ئارگۆ) لە ژیاندا مابان،
هەر بەم شێوەیە دەبوون. (٩٦)
ئەی خوێنەر، شیعری زیاتر بۆ باسی
شکڵی ئەمانە بەکار ناهێنم.
ئەرکێکی ترم لە پێشە. ناتوانم نەیکەم. (٩٩)
تۆ ئیزیکیێل[20] بخوێنەوە، کاتێ کە دیتی
بەدەم گەردەلوول و هەور و ئاگرەوە، لە ناوچەی
ساردەوە دێن، وێنەی کێشان. (١٠٢)
تۆ لەسەر پەڕەکانی ئەودا، چۆن دەیانبینی
لێرە، ئاوها بوون، تەنیا پەڕوباڵەکان نەبێ،
لەمەدا، جیۆڤاننی لەگەڵ مندایە و لەگەڵ ئەو جیایە[21]. (١٠٥)
گالیسکەیەکی سەرکەوتنی[22] دووپێچکە
لە نێوان هەرچواریان بوو.
(گریفۆن)[23] بە ئەستۆ ڕایدەکێشا و دەیهێنا. (١٠٨)
دوو باڵەکانی[24] لە نێوان کۆمەڵەی ناوەڕاست و
دوو تاقمە سێ سێکەی بەرزکردبووەوە
بە جۆرێ، کە باڵی لێک دەدا، ئازاری بە کەس نەدەگەیاند. (١١١)
باڵندەکان ئەوەندە بەرزبوونەوە، نەدەبینران،
ئەندامە باڵندەییەکانی زێڕ بوون و[25]

ئەوەی تر سپییەکی ئاماڵ سوور بوو. (١١٤)
وا نییە هەر ڕۆما بە گالیسکەیەکی وا جوان
ئافریکانۆ و[٢٦] ئاوگوستۆی[٢٧] شکۆدار نەکردبێ،
بگرە فیتونەیش٢٨ لەچاو ئەمە پوورِ و هەژار بوو. (١١٧)
کە (جیۆڤی) حوکمی دادپەروەرانەی خۆی دەرکرد. (١٢٠)
فیتونە لە ڕێچکەی خۆی لاڕێ بوو.
بە دوعا و پاڕانەوەی زەوی سووتا.
سێ خانم[٢٩] لە لای ڕاستەی گالیسکەکەوە
بە ئەڵقە سەمایان دەکرد و دەهاتن.
یەکێ ئەوەندە سووربوو، بە ئاستەم لەناو ئاگردا دیاربوو. (١٢٣)
دووەم دەتگوت ئێسک و گۆشت و پێستەی
لە زمڕووت دروستکراوە
سێیەم دەتگوت بەفرێکە و تازە باریوە. (١٢٦)
دیاربوو، گاوێ سپییەکە پێشیان دەکەوت و
تاوێ سوورەکە و ئەوانەی دی لەسەر ئاوای ئەمانە،
سەمای خۆیان خاو و خێرا دەکرد. (١٢٩)
چوار خانمی تر[٣٠] لە لای دەستەچەپ
بە بەرگی ئەرخەوانی[٣١] سەمایان دەکرد
شوێن هەنگاوی یەکێ دەکەوتن، سێ چاوی لە تەوێڵ بوو. (١٣٢)
دوای ئەو هەموو تاقمانەی باسم کردن
دوو پیرەمێردم[٣٢] بینی جلیان جیابوو
بەڵام لە سیما و ڕووەتی خاکی و سەنگیندا وەکو یەک بوون. (١٣٥)
یەکێکیان[٢٣] خۆی دەرخست کە هاوڕێی ئیپۆکراتی[٢٤] مەزنە
سروشت بۆ ئەو کنیاتەی خۆی
خەڵقی کردووە کە زۆر شانازییان پێوە دەکا. (١٣٨)
ئەوەی تر،[٢٥] وێدەچوو کار و پیشەیەکی تری هەبێ
شیرێکی بڕندە و بریقەداری لە کەمەر بوو
لەم لایەی ڕووبارەکەوە دڵی لەرزاندم. (١٤١)

ئینجا چوار پیاوم[٣٦] بینی سیمای خاکییان پێوە دیاربوو
لە دوای هەموویانەوە، پیرەمێردێکی تەنیام[٣٧] بینی
خەواڵوو بوو، بەڵام ڕوویەکی ترشی هەبوو. (١٤٤)
ئەم حەفتە[٣٨] جلیان وەکو جلی تاقمی یەکەم بوو.
بەڵام وەکو ئەوان تاج و ئەڵقەی گوڵەمێلاقەیان
لەسەر سەر و لە مل نەبوو. (١٤٧)
بە گوڵەباخ و گوڵی سوور ڕازابوونەوە.
ئەوەی لە نزیکەوە بیدیبان
سوێندی دەخوارد هەموو سەروچاویان بڵێسەی ئاگرە. (١٥٠)
کاتێ گالیسکەکە گەیشتە بەرامبەر من
هەورەتریشقە بڵاچەی دا و[٣٩] ئەو تاقمە سەنگینە
ڕێیان نەدرا زیاتر بڕۆن. (١٥٣)
لەگەڵ بەیداخەکانی[٤٠] پێشەوە، وەستان. (١٥٤)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستونۆیەم

١. ئەمە سروودی دووەمە لە بەهەشتی زەمینی، پێی دەگوترێ سروودی (کڵێسەی زاڵ).

٢. دانتی ئەم ڕستەیەی بە دەقە خۆی لە گویدۆ کاڤالکانتی وەرگرتووە.

٣. پەری nimfe (بە یۆنانی nymphaea) کچی جوان و ناسک بوون. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، خودانی نمرە دوو بوون. بۆ پەریی ڕووبار و پەریی دەریا دابەش کرابوون. ئەو پەریانە هەموویان جوان و هەموویان عاشق بوون.

٤. ئیلیکۆنا (بە یۆنانی هیلیکۆن Helicon) چیایەکە لە بیوسیا، لە یۆنان، بە شوێنی پیرۆزی نۆ پەرییەکە دادەنرێ. دوو کانیی تێدایە: ئەجانیپی و هیپۆکرینی.

٥. ئورانیا Urania. خودای ئەستێرەناسی و کاروباری ئاسمانە.

٦. چراوگە داگیرساوەکان ڕەمزن بۆ حەفت ڕۆح: دانایی و هۆش و شیرەت و هێز و زانست و میهرەبانی و لە خوا ترسان.

٧. هەر هەستێک تایبەتە بە شتێک: بینین – ڕووناکی، بیستن – دەنگ. هەست، ئەگەر ساغ بێ و هیچ ئاستەنگی نەیەتە پێش، بە هەڵەدا ناچێ – بەڵام شت هەیە دوو هەست بەشداریی دەرککردنی دەکەن، مرۆڤ بۆی هەیە لەمانە تووشی هەڵە ببێ.

٨. ئۆسانّا Osanna (بە عیبری هۆشیعانا) یانی سوپاس و ستایش و پاکانەکردن.

٩. لێرە: واتە لەسەر زەوی.

١٠. واتە: دانتی هێشتا لە ڕووباری لیتی نەپەڕیوەتەوە. ڕووبارەکە هێشتا لە لای دەستە چەپییەتی.

١١. دیلیا Delia نازناوی دیانا Dianaیە، (بە یۆنانی ئارتیمیس Arthemis) لە ئەفسانەی یۆنانیدا خودانی ڕاو و شکار بوو. لە دوورگەی دیلۆس هاتبووە دونیا، بۆیە نازناوی دیلیا بوو. دیلیا خودانابووی مانگ بوو. دەستەواژەی (کەمەربەندی دیلیا) لای یۆنانییەکان بۆ خەرمانەی دەوری مانگ بەکار دەهات، کەواتە ئەم بەندە ئاماژەیە بۆ پەلکەزێڕینەی خۆر و خەرمانەی دەوری مانگ.

١٢. واتە: ماوەی نێوان ئاڵای هەرەپێشەوە و ئاڵای هەرەدواوە، (دە) هەنگاو بوو. بێشک ئەم (دە)یە مانای ڕەمزیی خۆی هەیە و زۆربەی تۆژەرەوەکان ئەمە بە (دە) یاساکەی خوا دەزانن. (دە تابلۆ) کە دەبێ پەیڕەو بکرێن بۆ ئەوەی (روح القدس) بێتە خوارەوە. بە لای هەندێکی ترەوە ژمارە (دە)، کە نیشانەی تەواوییە، لێرەدا ڕەمزی تەواوەتیی لوتفی خودایە.

١٣. ئەو پیرەمێردانەی دەوری عەرشی خودا٢٤ پیرەمێردن. ئەمە ڕەمزە بۆ بیستوچوار بەشی پەیمانی کۆن.

١٤. گوڵەمێلاقە ڕەمزە بۆ پاکیی باوەڕ و بڕواهێنان بە مەسیح.

١٥. سروودی ئاینی ناسراو Ava Maria بۆ مێرەم دەگوترێ.

١٦. چوار جانەوەر، ڕەمزە بۆ چوار ئینجیل: مەتتی و مەرقس و لوقا و یوحەننا. هەندێکیش دەڵێن ڕەمزە بۆ نووسەرەکانی چوار ئینجیلەکە: یەکەم لە شێر دەکا و دووەم بە گوێرەکە دەچێ و سێیەم دەموچاوی مرۆڤی هەیە و چوارەم وەکو هەڵۆ وایە.

١٧. ئەم باڵانە لە خەونی حزقیال و یوحەننادا ڕەمزن بۆ حیکمەتی خودا. هەندێ تۆژەرەوە ڕایان وایە ڕەمزن بۆ خێرایی بڵاوبوونەوەی کتێبی پیرۆز بە دونیادا.

١٨. چاوی زۆر ڕەمزە بۆ بینینی ڕابردوو و ئێستا.

١٩. ئارگۆ Argo (ئارگوس Argus ) لە ئەفسانەی یۆنانیدا، دێوێکی سەد چاو بوو. زیۆس کردبووی بە پاسەوانی (یۆ Io)ی کچی ئیناکس پاشا. ڕۆژێ هورمز بە ئاوازی مۆسیقا، هەر سەد چاوی خستە خەوەوە و کوشتی.

٢٠. حزقیال پێغەمبەر. یەکێکە لەو چوار پێغەمبەرەی بە گەورەترین پێغەمبەری جوولەکە دادەنرێن. لە سەدەی شەشەمی پ.زدا ژیاوە.

٢١. دەربارەی چوار جانەوەرەکە، کە لە کتێبی حزقیال پێغەمبەر، لە پەیمانی کۆن و لە موکاشەفەی یوحەننای نێراو هاتووە. ئەو دووە تەنیا ئەو جیاوازییەیان هەیە، حزقیال ژمارەی باڵەکانیان بە چوار باڵ و یوحەننا ژمارەیان بە شەش باڵ دەزانێ.

٢٢. پێچکە، یان گالیسکە Carro ڕەمزی کلێسەیە.

٢٣. گریفۆنی Grifone گیاندارێکی ئەفسانەیی یۆنانییە. سەر و دووباڵی هەڵۆیە، لەشی شێرە، سم و بڕیی ئەسپە و پوولەکەی ماسیی هەیە. بە گشتی بە لێکدراوی شێر و هەڵۆ دادەنرێ. ڕەخنەگران دەڵێن گریفۆنی ڕەمزە بۆ مەسیحی خودان و مرۆڤ —لای مەسیحییەکان- ئیزۆدۆری ئەشبیلی لە سەدەی سێزدەدا، دەڵێ: مەسیح لەبەر ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیەتی، شێرە و لەبەر ئەوەی چووەتە ئاسمان، هەڵۆیە. مارکۆ پۆلۆ لە سەدەی چواردەدا باسی دەکا لە دوورگەی مەدغەشقەر گوێی لە باسی گریفۆنی بووە کە وەکو هەڵۆیەکی زەبەللاح وایە. یۆنانییەکان ئەو گیاندارە ئەفسانەییەیان لە ئاشووری و فینیقییەکان وەرگرتووە. ئەمە هەمان شێری باڵدارە کە وێنەی لەسەر تەختی جەمشید هەیە.

٢٤. دوو باڵ، ڕەمزە بۆ خۆشەویستی و دادپەروەریی خوایی.

٢٥. سەرو باڵەکانی زێڕ بوو (ڕەمزی سروشتی خوایی) و ئەندامەکانی تری سپیی سوورباو بوو (ڕەمزی سروشتی بنیادەم). سپی و سوور ڕەنگی گۆشتە.

٢٦. ئەفریقی: ئاماژەیە بۆ شیپیۆنە Seipiono. سەرکردەیەکی ڕۆمانیی بەناوبانگ بوو. ساڵی ٢٨٥ پ. ز، لە جەنگی (زاما)دا، لە باکووری ئەفریقیا، (ئانیبال)ی شکاند.

٢٧. ئۆگستۆی قراڵ، ئیمپراتۆری گەورەی ڕۆمانیا لە سەدەی یەکەمی زایینی.

٢٨. فیتونی phetone. بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی: فیتون کوڕی ئەپۆلۆن (فۆبۆس)ی خودانی خۆر بوو. داوای لە باوکی کرد ڕۆژێ گالیسکەی گەردوونی بداتە دەست. لە ڕێگەدا جڵەوی ئەسپەکانی گالیسکەکەی لە دەست بەربوو و بۆ ئەوەی ئاسمان هەمووی نەسووتێ، زیۆس چەخمانەی تێگرت و گالیسکەکە و ئەسپەکانی سووتاند.

٢٩. سێ خانم: ڕەمزی سێ چاکەیە لە زانستی لاهوتدا. چاکە (ڕەنگی ئاگرین)، ئومێد (ڕەنگی سەوز)، باوەڕ (ڕەنگی سپی). لێرەدا دانتی ڕەنگی ئاگرینی بۆ سوور و زمڕووتی بۆ سەوز و بەفری بۆ سپی هێناوە.

٣٠. چوار خانم، ڕەمزی چوار چاکەی سەرەکین: هێز و دادپەروەری و میانڕۆیی و وردەکاری.

٣١. ڕەنگی ئەرخەوانی، ڕەمزی چاکە و خۆشەویستییە.

٣٢. دوو پیرەمێرد مەبەست لۆقا و پۆلسە کە دوو یاوەری عیسا بوون. لۆقا کردەوەی شاندەکانی نووسیوە و پۆلس نامەکانی داناوە. لەوانەیشە دوو پیرەمێردەکە ڕەمز بێ بۆ دوو بەرهەمەکە: کردەوەی شاندەکان و نامەکان.

٣٣. لۆقا لە بنەڕەتدا دکتۆر بوو، ئاشنای کارەکانی بوقراتی پزیشکی گەورەی یۆنانی سەدەی پێنجەم و چوارەمی پ. ز هەبوو.

٣٤. هیپۆکراتیس Hippocrates پزیشکی گەورەی یۆنانی سەدەی پێنجەم و چوارەمی پ.ز.

٣٥. ئەوەی تر، مەبەست پۆلسە کە بیری دەق پێچەوانەی لۆقای هەیە. شمشێرێکی بە دەستەوەیە کە ڕەمزی بریندارکردنە، نەک تیمارکردن. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پۆلس بەر لەوەی ببێ بە مەسیحی، لە دەسەڵاتدارانی جوولەکە بوو و بوو بە هۆی کوژرانی زۆر مەسیحی.

٣٦. ڕەمزە بۆ نووسەرانی چوارنامەکەی پەیمانی نوێ: یاقووب و پیترۆس و یوحەننا و یەهوودا، کەچی هەندێ کەس بە ڕەمزی چوارنامەکەی دادەنێن.

٣٧. مەبەست یوحەننای خاوەنی خەونەکەیە.

٣٨. حەفتی دواوە و بیستوچواری پێشوو: حەفتەکە ئاماژەیە بۆ حەفت کتێبەکەی دوای پەیمانی نوێ: (کاری شاندەکان، نامەی یەکەم و دووەمی پۆلس، نامەی پیترۆس، نامەی یوحەننا، نامەی یەهوودا، موکاشەفەی یوحەننا) و بیستوچوارەکەی پێشوو ئاماژەیە بۆ بیستوچوار کتێبی پەیمانی کۆن (تەوراتْ).

٣٩. گرمەی هەورەتریشقە نیشانەی ڕووداوێکی چاوەڕێنەکراوە. لێرەدا مەبەست وەستانی کۆڕەوەکەیە.

٤٠. بەیداخەکانی پێشەوە، ئاماژەیە بۆ حەفت چرادان (حەفت دیاریی ڕۆحی پیرۆز).

***

# سروودی سییەم[1]

## بەهەشتی زەمینی


که حەفت چراوگەکە وەستان، ئەو پیرەمێردانەی لە نێوان گریفونی و چراوگەکان دەڕۆیشتن سەیری گالیسکەی پیرۆزیان کرد. سلێمانی دانا و پیرەمێردەکان سروودیان خوێند و دوعایان کرد بیاتریچی بێ. ئەوسا فریشتەیەکی زۆر بەسەر گالیسەکە کەوتن و پیرۆزباییان لێ کرد و گوڵیان بەسەر سەری خۆیان و بە دەوروبەریان وەرکرد. خاتوونێک لەناو پەردەی چڕی گوڵەکاندا دەرکەوت، چڵەزەیتوونێکی لە سەری دابوو. ڕووبەندێکی سپیی پۆشی بوو. کراسێکی سوور و کەوایەکی سەوزی لەبەر بوو. دانتی بێ ئەوەی ببینێ، دڵی پڕ بوو لە هێزی خۆشەویستیی دێرین. ئاوڕی لە ڤیرجیلیۆ دایەوە، بۆ ئەوەی پێی بڵێ ئەمە نیشانەی چراوگی کۆنە، بەڵام ڤیرجیلیۆ نەمابوو. دانتی زۆری خەفەت بۆ ڕۆیشتنی کتوپڕی ڤیرجیلیۆ خوارد.

بیاتریچی بە ناو، بانگی دانتیی کرد. پێی گوت خەفەت نەخوا، چونکە دەبێ خەفەت بۆ شتێکی تر بخوا.

بیاتریچی وەکو شاژنی دەریا وا بوو کە چاو لە کەشتی دەگێڕێ. خۆی ناساند و لە دانتیی پرسی چۆن زاتی کردووە بە سەر چیای بەرزەک بکەوێ. دانتی هەستی بە شەرم و شەرمەزاری کرد. فریشتە دوعایان بۆ کرد. دانتی کە بینیی فریشتەکان سۆزیان بۆ هەیە، دڵی فەڕاح بووەوە و خەفەتی دڵی لە چاو و دەمی سەری کرد و هاتە دەرەوە.

بیاتریچی بە فریشتەکانی گوت دانتی بە کەرەمی خوا زۆر بەهرەی چاکی هەبوو، هەروەها گوتی من لە ژیاندا پشتم گرت و خستمە سەر ڕێگەی ڕاست، بەڵام کە من چوومەوە هەقان، ئەو کەوتە شوێن ژنی تر و ڕێگەی خلیسکی گرتە بەر. ئەوەندەی بە ناوی ئیلهامی یەزدانی بانگم کرد، سوودی نەبوو. ڕووخا و کەوتە تەپانی بنی. ڕزگاری تەنیا لەوەدا بوو جەفاکێشەکان ببینێ، بۆیە چوومە خوارەوە بۆ دۆزەخ و بە گریان و پاڕانەوە وام کرد ڤیرجیلیۆ لە مەترسی نەجاتی بدا.

بیاتریچی گوتی ئەگەر دانتی ئاوی ڕووباری لیتی بخواتەوە و پەشێمان نەبێتەوە و تۆبە لە گوناهەکانی نەکا، دەستووری خوا دەشکێ.



کاتێ (ورچی گەورە)[٢] لە ئاسمانی یەکەم[٣] وەستا
نەیدەزانی هەڵاتن و ئاوابوون و تەمومژ چییە[٤]
تەنیا تەمی گوناە نەبێ (٣)
وای کرد ئەوانەی ئەوێ هەموو وریای ئەرکی خۆیان بن[٥]
وەک (ورچی بچووک) وا لەگەڵ ئەوانەدا دەکا
کە سوکانی کەشتی بۆ لای بەندەر دەسوورێن. (٦)
ئەوسا ئەو تاقمە ڕاستگۆیە[٦] ڕوویان کردە گالیسکەکە[٧]
کە پێشتر لە نێوان گریفونی و حەفت چراوگەکەوە هاتن
بەدوای ئاشتی و ئارامیدا دەگەڕان. (٩)
یەکێکیان٨ دەتگوت پەیکە و لە ئاسمانەوە هاتووە
سێ جار بە گۆرانی گوتی: (بووکە خان، لە لوبنانەوە وەرە!)[٩]
ئەوانی تر هەموو لە دوویان گێڕایەوە. (١٢)
وەک چۆن ڕۆحی پیر و پیاوچاکان، لەگەڵ دوا فووی کەڕەنا دا،
لەناو گۆڕ قیت دەبنەوە و دەچنەوە ناو جەستەی خۆیان و
هاوار دەکەن: (هەلیللوویا!)[١٠] (١٥)
بەم جۆرە، سەد خزمەتکار و پەیامنێری ژیانی ئەبەدی
لەگەڵ دەنگی ئەو پیرەمێردە مەزنە
لەسەر گالیسکەی خودایی دەرکەوتن و (١٨)
هەموو گوتیان: (پیرۆز بێ ئەوەی دێ!)[١١]
گوڵیان بەسەر سەر و بە دەوری خۆیاندا وەرکرد و
گوتیان: (پڕ بە دەست گوڵەمێلاقە بڵاو کەنەوە!)[١٢] (٢١)
پێشتر دیومە لەگەڵ گەزەنگی بەیانی،
بەری ڕۆژهەڵات ڕەنگی گوڵ دەگرێ و
لاکانی تری ئاسمان بە ڕەنگێکی شین دەڕازێنەوە. (٢٤)
تەماشای خۆرم کرد لە پشت پەردەوە هەڵدەهات،
مژو مۆران و هەڵمدوو تیشکی کز کردبوو

چاوم تا ماوەیەکی زۆر بەرگەی سەیرکردنی گرت. (٢٧)
وام کەوتە بەر چاو، لە ناو هەوری گوڵاندا،
کە لە دەستی فریشتان بەرز دەبووەوە و
بەردەبووەوە ناوەوە و دەرەوەی گالیسکەکە، (٣٠)
خانمێکم بینی[١٣]، چڵی زەیتوونی لە سەر و
ڕووبەندی سپیی پۆشیبوو.
کراسێکی ئاگربارانی لە ژێر کەوای سەوز لە بەر کردبوو. (٣٣)
لەمێژبوو[١٤]، ڕۆحم تووشی ئەو موچڕک و ڕاچەنینە نەبووبوو
کە لە بەردەم ئەودا هەستی پێ دەکرد. (٣٦)
بەر لەوەی بە چاو ببینم،
بەو سیحرە نهێنییەی لێی دەڕژایەوە
هەستم بە دەسەڵاتی باڵای عەشقی دێرینی کرد. (٣٩)
کە ئەو هێزە توند و درەخشانەم بە چاو کەوت،
کە بەر لەوەی لە دەوری منداڵی تێبپەڕم،
بە تیری خۆی ئەنگاوتمی، (٤٢)
بە متمانەی زاڕۆیەکی بچووک، کە کاتێ ترس و خەفەت
زۆری بۆ دێنێ، ڕادەکا بۆ لای دایکی،
ئاوها ڕووم کردە لای دەستەچەپ (٤٥)
بۆ ئەوەی بە ڤیرجیلۆ بڵێم: (هیچ دڵۆپە خوێنێکم لە لەشدا نەماوە
نەکەوتبێتە جۆشوخرۆش
گڕی ئاگری کۆنم تێدا زیندوو بووەتەوە.) (٤٨)
بەڵام ڤیرجیلیۆ جێی هێشتبووین. بێکەسی کردبووین.
ڤیرجیلیۆی باوکی هەرە ئازیز،
ڤیرجیلیۆ، کە بە هیوای ڕزگاری، خۆمم ڕادەست کردبوو. (٥١)
ئەوەی دایکی دێرینمان لە دەستی دابوو،
نەیتوانی ڕێ لە گۆنای بە شەونم شۆراوەم بگرێ

به گریانی من ڕەنگی ئەسمەری وەربگرێتەوە. (٥٤)
(مەگری دانتی[١٥]، مەگری کە ڤیرجیلیۆ جێی هێشتی
لەوە زیاتر ڕۆندک مەڕێژە
تۆ دەبێ لە سۆنگەی برینێکی ترەوە بگریی.) (٥٧)
وەکو دەریا سالار، کە لەمسەر و ئەوسەری
کەشتی، دێ و دەچێ، تا چاوەدێریی پیاوەکانی
سەر کەشتییەکانی تر بکا و هانیان بدا باش ئیش بکەن، (٦٠)
ئەوها، لەگەڵ بیستنی ناوی خۆم، ئاوڕم دایەوە
ئەوەم بینی کە دەبێ لێرە تۆماری بکەم
لە لای دەستەچەپی گالیسکەکە (٦٣)
ئەو خانمەم بینی[١٦]، کە پێشتر لە بن نیقابی گوڵی فریشتان
دیبووم، چاوی بڕیبووە من
لەسەر ئەم کەنارەی ڕووبار. (٦٦)
ئەو ڕووبەندی بەسەر سەریدا دابوو و
ئەڵقەی چڵ و گەڵای (منێرڤا)ی[١٧] بە سەرەوە بوو
ڕێی نەدا سیمای بە چاکی ببینم. (٦٩)
بە سیمای بەرزی شاژنانە، بە شکۆمەندیی بەردەوام بوو،
وەک یەکێ قسە بکا، بەڵام قسەی ڕەق و دڵشەواتی
بۆ دواسات هەڵبگرێ: (٧٢)
(باش سەیرم کە! بەڕاستی، هەر بەڕاستی (بیاتریچی)م.
چۆن زاتت کرد بەسەر ئەم چیایە کەوتی و خۆت بە شایەنی ئێرە زانی؟
نازانی ئێرە دالدەی بەختەوەر و سەرفرازانە؟)(٧٥)
چاوم بەردایەوە سەر ئاوی زوڵاڵی کانی
کە وێنەی خۆمم تێدا دی، چاوم خستە سەر چەمەن
لە شەرم و شەرمەزارییان هەنیەم گران بووبوو. (٧٨)
چۆن منداڵ دایکی خۆی لە بەرچاو توند و دڵڕەقە

(بیاتریچی) بە لای منەوە ئاوها بوو.
ئاخر، بەزەیی تێکەڵ بە دڵڕەقیی خەفەتێکی تاڵ و گرانە. (٨١)
وێ بێدەنگ بوو، بەڵام لەپڕ، فریشتەکان
تێیان هەڵکردە گۆرانی: (خودایە، ئومێدم هەر بە تۆیە...)
بەڵام لە وشەی (... پێم) زیاتر نەڕۆیشتن. (٨٤)
چۆن بەفر، لەسەر درەختی سەوزی[١٨]
سەر گازەرای پشتی ئیتالیا[١٩]
دەکەوێتە بەر بای (سلافی) و[٢٠] دەیبەستێ، (٨٧)
کاتێ با لەو لایەوە هەڵدەکا، کە نازانێ سێبەر چییە.٢١
ئەو شەختەیە دەتوێتەوە و تک تک دادەڕژێ
وەک مۆمێ لەبەر گەرما بحەلێ[٢٢]. (٩٠)
منیش ئاوها بێ فرمێسک و هەنسک و کزگری مام
تا چریکەی سروودی ئەوانە بەرزبووەوە
کە ئاوازی خۆیان لەگەڵ چەرخی گەردوونی جاویدان یەکدەخەن. (٩٣)
بەڵام کاتێ لە ئاوازی خۆشیانەوە
دیم بەزەییمان بۆ من لەوە زیاترە کە بڵێن:
(خانم، بۆچی وا شەکەت و شەرمەزاری دەکەی!) (٩٦)
ئەو بەفرەی دڵی داگرتبووم، بوو بە ئاه و ئەسرین و
لەگەڵ داخ و خەفەت لە ڕێگەی زار و چاوەکانمەوە،
لە سندووقی سینەم هاتە دەرەوە. (٩٩)
هێشتا هەمان لای گالیسکەکە وەستابوو
بەو وتانە دەمی قسەکانی کردە
گەوهەرە بە سۆزەکان و گوتی: (١٠٢)
(ئێوە لە ڕۆژی کۆتاییدا، بە هۆشیاری دەمێننەوە.
نە شەو و نە خەو یەک هەنگاوتان لێ ناشارێتەوە
کە مرۆڤ لە ڕێگەی خۆیدا هەڵیدێنی. (١٠٥)

مەبەست لە وەلامی من ئەوەیە
ئەو کەسە تێم بگا کە لەوبەرەوە دەگری و
تا بزانێ هەر گوناهێک سزای تایبەتی خۆی هەیە.[٢٣] (١٠٨)
کە هەر تووێک بەرەو ئامانجێک دەچێ[٢٤]
ئەمە تەنیا بە هۆی بازنە گەورەکانەوە نییە،
بەپێی ئەو ئەستێرانەی لەگەڵیدان [٢٥](١١١)
بەڵکو لە سایەی نیعمەت و بەرەکەتی خوا
کە بارینی بۆ هەڵمی زۆر بەرز دەچێتەوە
کە لە مەودای چاومان دەچێتە دەرەوە. (١١٤)
ئەو پیاوەیش لە ژیانی تازەیدا ئاوها
ئەوەندەی بەهرە هەبوو، ئەگەر مەیلی چاکی لەگەڵدا بوایە
بەرهەمی بەرز و بەنرخی دەدا. (١١٧)
بەلام زەوی تا بەپیت و بەرەکەت بێ،
بە تۆوی خراپ و نەکێلان
خراپتر و بێبەرهەمتر دەبێ. (١٢٠)
ماوەیەک بە سیمای خۆم پشتگیریم کرد و
دوو چاوە نەشمیلەکانی[٢٦] خۆمم نیشان دا و
خستمە سەر ڕێگەی ڕاست. (١٢٣)
بەلام کاتێ گەیشتمە سەر ئاستانەی دووەمی[٢٧] تەمەنم و
کنجی ژیانی زەمینیم داکەند،
ئەو پیاوەی منی جێهێشت و کەوتە شوێن ژنانی تر. (١٢٦)
کاتێ لە ژیانی جەستەییەوە هەڵکشام بۆ ژیانی ڕۆحی و٢٨
جوانی و چاکەم تێدا زیاد بوو،
خۆشەویستیم کەمتر و ڕێزم نزمتر بوو لای ئەو. (١٢٩)
هەنگاوی بەرەو ڕێگەی خلیسک و گوناهکاریی نا
کەوتە شوێن نەخشی درەوینی چاکەکاری

که هیچ بەڵێنی خۆی ناهێنێته دی. (١٣٢)
هەموو کۆششێکم بێسوود بوو که
له ڕێگەی ئیلهامەوە، له خەو و بێداریدا،
بانگی بکەم بۆ ڕێگەی ڕاستی، چونکه دەربەستی شتی وا نەبوو. (١٣٥)
بەربووەوە تەپانی بنی، ئێستا به هیچ شتێ ڕزگاری نابێ
تەنیا ئەوە نەبێ حاڵی
جەفاکێشەکانی دۆزەخی پێشان بدرێ. (١٣٨)
ئیتر چوومه سەردانی قاپی مردووان و
به گریان و پاڕانەوە چوومه لای
ئەو کەسەی ڕێنمایی کرد و هێنای بۆ ئەم شوێنه بەرزە. (١٤١)
یاسای بەرزی یەزدانی دەشکێ
ئەگەر له ڕووباری لیتی بپەڕێتەوە و ئەم خواردنه بخوا
بەبێ ئەوەی سزاکەی ببژێرێ (١٤٤)
که تۆبەکردن و فرمێسک باراندنه. (١٤٥)

* * *

## پەراوێزەکانی سروودی سییەم

١. ئەمە سروودی بزربوونی ڤیرجیلۆ و دەرکەوتنی بیاتریچییە.

٢. دانتی ورچی گەورەی بەکار هێناوە کە لە حەفت ئەستێرە پێک دێ و ڕەمزی حەفت چراوگە کە لە ئاسمانی یەکەمەوە، شوێنی خوا و فریشتەکان، بۆ بەهەشتی زەمینی هاتوون بۆ ئەوەی یارمەتیی ڕۆحەکان بدەن بۆ پاکبوونەوە و هەڵکشان بەرەو لای خوا.

٣. ئاسمانی یەکەم: عەرشی باڵا.

٤. واتە ئەو حەفتەوانەیە -حەفت چراوگ- دەرکەوتن و بزربوونیان نییە.

٥. واتە: ئەو حەفت چراوگە ڕێنمایی خەڵک دەکەن بۆ ڕێگەی ڕاست و ڕزگاری.

٦. بیستوچوار پیرەمێرد، مەبەست بیستوچوار کتێبی پەیمانی کۆنە.

٧. گالیسکەی پیرۆز: مەبەست کڵێسەیە.

٨. سلێمانی دانای پاشای ئیسرائیل (٩٧٤ – ٩٣٧ پ.ز).

٩. سلێمان بە سروودەکەی بانگی بیاتریچی دەکا بۆ ئەوەی بێ. ئەمە لە کتێبی پیرۆز وەرگیراوە.

١٠. وشەی پیرۆزی جوولەکان: (هەلیللویا)یە.

١١. ڕستەکە بە لاتینی هاتووە: (Ad vocum tanti senis) ئاماژەیە بۆ غەزەلی غەزەلانی سلێمان.

١٢. ڕستەکە بە لاتینی هاتووە: (Manibus o date lilia plenis).

١٣. لێرەدا بیاتریچی بۆ یەکەمجار دەردەکەوێ. سەوز و سوور و سپی ڕەنگی کەوا و کراس و پێچەی بیاتریچین. سێ ڕەنگە بنەڕەتییەکەی (سێ چاکە)ن، واتە نیشانەی چاکە و ئومێد و باوەڕن.

١٤. ئاماژەیە بۆ دە ساڵ ماوەی نێوان مردنی بیاتریچی لە ٨ی حوزێرانی ١٢٩٠ و گەشتەکەی دانتی بۆ بەرزەک لە ١٣ی نیسانی ١٣٠٠دا.

١٥. لە سەرانسەری کۆمیدیادا ئەمە یەکەم جارە کە دانتی ناوی خۆی دێنێ.

١٦. مەبەست بیاتریچییە.

١٧. گەڵای منێرڤا: ئاماژەیە بۆ ئەو چڵەزەیتوونەی بیاتریچی لەسەری خۆی دابوو. زەیتون، لە یۆنانی کۆندا، درەختێکی پیرۆزی (ئاتنا)ی خودانابووی هۆش و ئاوەز بوو. سەرپەرشتیاری شاری ئەسینا بوو. بە ڕۆمانی پێی دەگوترێ منێرڤا. تاجی زەیتوون لای یۆنان و ڕۆمانەکان نیشانەی شانازی بوو.

١٨. درەختی سەوز، یان بەردار: مەبەست دارکاژی چیای (ئیپینین)ە.

١٩. گازەرای پشتی ئیتالیا: مەبەست زنجیرەچیای ئاپیننینۆیەکە لە باکوورەوە بۆ باشوور، بە ناوەڕاستی ئیتالیادا دەڕوا.

٢٠. بای سلاڤی. ئەو بایە ساردەیە کە لە باکووری ڕۆژهەلاتەوە، لە سلاڤۆنیا Slavonia، یان سکیاڤۆنیاوە دێ. لە سەدەی چواردەدا، ئەم ناوە بۆ ناوچەی نێوان دلْماشیا و ڕووباری دراڤ بەکار دەهات، دووریش نییە مەبەستی لە سلاڤۆنیا ڕووسیا و خاکی باکوور بێ.

٢١. ئەو خاکەی سێبەری تێدا نامێنێ: ئاماژەیە بۆ ئەفریقیا. لە ناوچەی ئیستیوایی ئەفریقیادا، سالْێ دوو جار (کە شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن) سێبەری شت لە هێلی ئیستیوادا نامێنێ.

٢٢. مەبەست ئەوەیە (با)ی گەرمی ئەفریقیا وەکو ئاگر، مۆم دەتوێنێتەوە.

٢٣. بیاتریچی، مەبەستی ئەوەیە دانتی دەبێ بەقەدەر گوناهەکەی ئازار بخوا، چونکە وا نەبێ نە تۆبەی قبوولْ دەبێ و نە بوردنی بۆ هەیە.

٢٤. بیاتریچی مەبەستی لە (تۆو)، بینادەمە.

٢٥. واتە مرۆڤ تەنیا بەپێی ئەستێرە ئیش ناکا. مەبەست لە ئەستێرە، ئەستێرەی بورجەکانە کە مرۆڤ لە چ بورجێک هاتووەتە دونیا.

٢٦. چاوجوان، ئاماژەیە بۆ جوانیی بیاتریچی.

٢٧. واتە کاتێ بیاتریچی لە تەمەنی بیستوپێنج سالْی تێپەڕی. دانتی تەمەنی مرۆڤی دابەش چوار قۆناغ کردووە.

٢٨. واتە: کاتێ بیاتریچی ژیانی سەرزەویی جێهێشت و ڕووی کردە ژیانی ئاسمان.

***

# سروودی سیویەکەم[1]


## بەهەشتی زەمینی

بیاتریچی لە سەرکۆنەکردنی دانتی بەردەوام بوو. داوای لێکرد ددان بە گوناهەکانیدا بنێ. دانتی هەستی بە ترس و پەشۆکان کرد. لەپڕمەی گریانی دا و هەنسکێکی قووڵی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو. بیاتریچی لێی پرسی چ ئاستەنگ و دڵکێشییەک لە دونیادا گومڕای کرد؟ دانتی گوتی. کە تۆ لە دونیا نەمای، چێژی پووچ گومڕای کردم و خلیسکی پێ بردم. بیاتریچی داوای لە دانتی کرد واز لە گریان و خەفەتخواردن بێنێ. گوتی: ئەو لەشولارەی من لە دونیادا هەمبوو، چێژێکی وای بۆ تۆ هەبوو، هیچ چێژی سروشت و هونەر پێی ناگەن. نەدەبوو چێژ و ڕابواردن باڵت پێ شۆڕ بکا، چونکە داو دانانەوە و تیرگرتنە باڵندەی گەورە سوودی نییە.

دانتی شەرم دایگرت و سەری دانەواند و بێدەنگ بوو. بیاتریچی داوای لە دانتی کرد سەری بڵند بکا بۆ ئەوەی بە تەماشاکردن وێ زیاتر ئازار بخوا. دانتی بینیی فریشتەکان وازیان لە بڵاوکرنەوەی گوڵ هێنا. دانتی بیاتریچیی بینی سەیری گریفونی دەکرد کە دوو سروشتی هەیە و ڕەمزی مەسیحە. بیاتریچی ئەو کاتە لە بەرچاوی دانتی لەو کاتە جوانتر بوو کە هێشتا لە دونیادا بوو. دانتی هەستی بە پەشیمانی کرد. بووڕایەوە و بەربووەوە.

دانتی کە هاتەوە هۆش خۆی، دیتی ماتێلدا لەسەر سەری وەستاوە و داوای لێ دەکا دەستی بگرێ. ماتێلدا دانتی تا گەردن لە ئاوی ڕووباری لیتی نقووم کرد. دانتی هەندێ ئاوی خواردەوە. ماتێلدا دانتیی لە ئاو دەرهێنا و لە کەناری ئەوبەر خستییە ناو چوار پەری، خەریکی سەماکردن بوون. دانتی تەماشای چاوی بیاتریچیی کرد کە بڕیبوویە گریفونی. سێ خاتوونەکەی تر داوایان لە بیاتریچی کرد تەماشای دانتی بکا کە ئەو هەموو ڕێگەیەی بڕیوە بۆ ئەوەی ئەو ببینێ.

داوایان لە بیاتریچی کرد ڕووبەندی لابدا و دەمی نیشانی دانتی بدا کە دووەمین شوێنی جوانییەتی. دانتی کە ئەو جوانییە بێوێنەیەی بیاتریچیی بینی، تاسا و نەیتوانی لە جێی خۆی بجوولێتەوە.



(ئەی ئەوەی لەوبەری ڕووباری پیرۆز وەستاوی)
ئەوها نووکە ڕمی قسەی[٢] ئاراستەکردم
کە پەیکانێکی تاڵی هەبوو (٣)
بێ دواکەوتن لە قسەکەی بەردەوام بوو:
(بڵێ، بڵێ، داخۆ ئەوەی دەیڵێم ڕاستە، یان نا!
ئەم تاوانبارکردنە گەورەیە دەبێ ددانپێدانانی خۆتی لەگەڵدا بێ) (٦)
تووشی پەشۆکانێکی سەخت هاتم
کە ویستم قسە بکەم، گەرووم گیرا،
بەر لەوەی ئەندامی ئاخاوتنم بکەوێتە کار. (٩)
نەختێ سەنگرایەوە، ئینجا گوتی:
(بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بێژە من
ئەم ئاوە هێشتا بیرەوەریی غەمگینیی لە مێشکت نەسڕیوەتەوە. (١٢)
ترس و حەپەسان، بەیەکەوە،
وشەی (ئا)یان لە دەمم دەرکێشا
بە جۆرێ دەبوو چاوم لەگەڵ بسووڕێنم تا تێم بگەن. (١٥)
وەک کەوانێ لە ڕادەی خۆی زیاتر ڕایبکێشین
لەناکاو ژێ و کەوان دەپسێن و
ئەو تیرەی دەرچووە باش نیشان ناپێکێ (١٨)
منیش ئاوها لەژێر باری گراندا تەقیمەوە
فرمێسکم باراند و ئاخینکم هەڵکێشا و
دەنگم لە گەروودا گیرا. (٢١)
ئەوسا پێی گوتم: (لەو هەست و شەوقەی لام بزواندی
کە وای کرد چاکەی یەزدانیت خۆش بوێ
کە مرۆڤ لەوە زیاتر هیچ ئومێدی نییە. (٢٤)
چ بیرازێکت هاتە پێش، یان چ زنجیرێکت تووش بوو
تا ئاوها ورەت بڕووخی و دەست لە خۆت بەربدەیت و

هیوای بەردەوامبوونت نەمێنێ؟ (٢٧)
چ فریوو چ سوودێکت
لە ناوچەوانی ئەوانی تردا دی
ڕووی خۆشت دانێ و کەوتیتە لاواندنەوەیان؟) (٣٠)
ئاخێکی تاڵم هەڵکێشا و بە زەحمەت
دەنگم لێوە هات تا وەڵامی بدەمەوە و
زۆر تێکۆشام تا لێوم بە وشە بکرێتەوە. (٣٣)
بە گریان گوتم: (کە ڕووی تۆم لێ بزربوو
شتە قەڵپەکانی بەردەمم بە چێژ و لەزەتی خۆیانەوە
گومڕایان کردم و بۆ لای خۆیان بەکێش کردم.) (٣٦)
گوتی: (ئەگەر بێدەنگ بای، یان
حاشات لەوە کردبا کە ئێستا ددانت پێدا نا
گوناهت بزر نەدەبوو، چونکە (دادوەری گەورە) هەموو شتێ دەزانێ. (٣٩)
بەڵام کە تاوانبارکردن بە تۆمەت لە زاری تۆمەتبار
خۆیەوە دێتە دەرێ، لە دادگاکانماندا
بڕبەند بە پێچەوانەی دەمی شیری بڕندە دەخولێتەوە. (٤٢)
لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی بە هۆی گوناهی خۆتەوە
سوور هەڵگەڕێیت و ئەگەر جارێکی تر گوێت لە گۆرانیی
پەریی دەریایی٣ بوو، توند و پتەوتر بیت، (٤٥)
واز لە گریان بێنە و گوێ لە من بگرە:
(دەزانی جەستەی ناو گۆڕم
دەبوایە بە ڕێگەیەکی جیاوازتدا ببا. (٤٨)
هەرگیز سروشت و هونەر، چێژێکی
وەکو چێژی جەستەی منیان پێ نەبەخشیوی
کە ئێستا بووەتە خۆڵ و بەسەر زەویدا بڵاوبووەتەوە. (٥١)
ئەگەر تۆ، بە مەرگی من،

لەم چیژە گەورەیە بێبەش بووی، چ شتێکی مردۆخ
ئارەزووی بزواندی و بۆ خۆی ڕاکێشایت؟[٤] (٥٤)
ڕاستی، کە یەکەم تیرت لە شتی خاپینۆکەوە پێکەوت
دەبوایە بە فڕین بێیتە لای من
کە نازانم خاپاندن چییە. (٥٧)
خانمێکی جحێڵ، یان چێژێکی پووچی کەمخایەن[٥]
نەدەبوو پەڕوباڵت پێ شۆڕ بکا
بۆ ئەوەی زەبری گرانتر حەواڵە بکا٦. (٦٠)
زەرنەقووتە[٧] دوو سێ تیریشی تێ بگری، خۆی سەخڵەت ناکا.
بەڵام باڵندەی پەڕوباڵ تەواو
بێهوودەیە داوی لێ دابنێیتەوە، یان تیربارانی بکەی[٨]! (٦٣)
چۆن کەنیلە[٩] بە شەرمەوە دەوەستن، هیچ دەنگ ناکەن،
چاو دەبڕنە عەرد و گوێ ڕادەگرن،
ددان بە گوناهی خۆیاندا دەنێن و پەشیمانی دەردەبڕن. (٦٦)
منیش ئاوها ڕاوەستام. گوتی: مادەم خەفەت لە
قسەکانم دەخۆی. ڕیشت[١٠] بلند کە
بە سەیرکردنی من خەفەتت زیاتر دەبێ.) (٦٩)
ڕیشەکێشکردنی داربەڕووی کەتە و زل
بە بای خۆمان، یان بە بای وڵاتی (یاربا)[١١]
هێزێکی لەوە کەمتری دەوێ (٧٢)
کە من بە فەرمانی ئەو چەنەگەم بلند بکەم
کە گوتی (ڕیش) و نەیگوت (چاو)
زۆر باش لە ژەهری لۆمەی وشەکە گەیشتم. (٧٥)
کە سەرم هەڵبری، بە چاو دیم
ئەوانی پێشوو،[١٢]
دەستیان لە بڵاوکردنەوەی گوڵ هەڵگرتبوو. (٧٨)

به دوو چاوی گوماناویم دیم
(بیاتریچی)م بینی ڕووی کرده ئەو جانەوەرەی
یەک جەستە و دوو سروشت بوو.[١٣] (٨١)
لەوبەری ڕووبارەوە، لە ژێر ڕووبەندەوە دیم
لە جاران، کە لەناو ئێمەدا بوو، زۆر جوانتر بوو،
لە جوانیدا لە هەموو ژنانی ئێرەی تێپەڕاندبوو. (٨٤)
چقڵی پەشیمانیم بە جۆرێ تێ چەقی
ئەوەی لە هەموو شتێکم خۆشتر دەویست
لە هەموو شت زیاتر ڕقم لێ بووەوە. (٨٧)
پەشیمانیی قەپێکی وای لە دڵ گرتم،
بوورامەوە و بەربوومەوە.
هەر ئەوەی وای لێ کردم، دەزانێ چیم بەسەرهات. (٩٠)
کە دڵم گوڕی هاتەوە بەر و هەستم بە دەوروبەرم کرد،[١٤]
ئەو خانمەم بینی کە بە تەنیا دیبووم
لەسەر سەرم وەستابوو، دەیگوت: (دەستم بگرە، دەستم بگرە!) (٩٣)
تا گەردنم لە ئاوی ڕووبارەکەدا نوقمی کردم و
لەدوای خۆیەوە ڕایکێشام
سووک وەک بەلەمێکی بچووک. (٩٦)
کە لە کەناری پیرۆز نزیککەوتمەوە،
ئەوەندە بە ناسکی گوێم لە ئاوازی (پاکم بکەوە)[١٥] بوو،
ئێستا نە وەبیرم دێتەوە و نە دەتوانم باسی بکەم. (٩٩)
خانمی نازدار هەردوو بازووی بۆ کردمەوە
سەری گرتم و بە جۆرێ لە ڕووبارەکە نوقمی کردم
ناچاربووم هەندێ ئاو قووت بدەم. (١٠٢)
ئینجا ڕایکێشام و بە تەڕی بردمیە
کۆڕی سەمای چوار خانمی[١٦] جوان

هەموویان باوەشیان پێدا کردم. (١٠٥)
(ئێمە لێرە پەری و لە ئاسمان ئەستێرەین.[١٧]
بەر لەوەی (بیاتریچی) دابەزێتە خوارێ بۆ سەر دونیا
بووین بە قەرەواشی ئەو[١٨]. (١٠٨)
ئێمە دەتبەینە بەر چاوی ئەو و سێکەی تری
ئەولا کە چاویان تیژە، چاوت تیژ دەکەن
تا بەرگەی بریقەی چاوەکانی ئەو بگری. (١١١)
دەستیان بە گۆرانی کرد و
لەگەڵ خۆیان بردمیانە سەر سینگی (گریفۆنی)
(بیاتریچی)، لەوێ ڕوو لە ئێمە وەستابوو. (١١٤)
گوتیان: (تا پێت دەکرێ بە چاو تەماشا کە
ئەوەتا لە بەردەم دوو زمرووت دامانناوی
کاتی خۆی خوشەویستی لەوێوە تیربارانی کردی.) (١١٧)
بە هەزار ئارەزووی لە گوڕی ئاگر گەرمتر
چاوم بە چاوە بریقەدارەکانی بەسترایەوە
کە تەنیا سەیری (گریفۆنی)یان دەکرد. (١٢٠)
چۆن خۆر لە ئاوێنەدا دەدرەوشێتەوە،
جانەوەری دووگانە ئاوها لە چاوەکانی دەدرەوشایەوە
چەلێ بەم سروشت و هەلێ بەو سروشت. (١٢٣)
ئەی خوێنەر، بیری لێ بکەوە، چەند سەرسام بووم
کە دیم شتەکە خۆی چەسپابوو نەدەگۆڕا
بەڵام وێنەکەی لە گوڕاندا بوو. (١٢٦)
کاتێ ڕۆحی پڕ شادی و مەندەهۆشیم
ئەو خواردنەوەی دەخوارد کە
هەم تێرت دەکا و هەم ئێشتیای خواردنت زیاد دەکا، (١٢٩)
سێکەی تر[١٩]، کە وایان دەنواند لە توخمێکی بەرزترن،

لەسەر ئاوازی فریشتەیی خۆیان سەمایان دەکرد و
بەرەو ڕوومان دەهاتن. (١٣٢)
بە گۆرانی دەیانگوت: ((بیاتریچی)، سەیر کە!
چاوی پیرۆزت لەو دڵسۆزەت ببڕە
کە ئەم هەموو ماوەی لە پێناوی تۆدا بڕیوە. (١٣٥)
بە لوتفی خۆت ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکە
پەردە لەسەر دەمت لادە
بۆ ئەوەی پەرتوی جوانیی دووەمت ببینێ کە لێت شاردووەتەوە.) (١٣٨)
ئەی شکۆی بریقەداری تیشکی پرشنگداری ئەبەدی،
کێ هەیە لە سێبەری (پارنازۆ)دا[٢٠] ڕەنگی بزڕکا بێ
یان ئاوی کانییەکەی[٢١] نۆشی بێ (١٤١)
مێشکی ڕاناوەستێ کە بیەوێ وەسفت بکا
وەک ئەوەی بۆ من دەرکەوتی
ئاسمان بە تاجەگوڵێنەی بۆندار وێنەی کێشاوی، (١٤٤)
کە لەبەر تیشکی ڕووناکیدا پەردەت لە ڕوو لادا[٢٢]. (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سێیەکەم

١. ئەمە سروودی ددانانانی دانتییە بە گوناهی خۆی
٢. مەبەست قسەی ڕەقی (بیاتریچی)یە لە سروودی پێشوودا.
٣. واتە دەنگم ئەوەندە کز و بێهێز بوو، ئەگەر لێوەکانم نەجوولاندایەوە، کەس نەیدەزانی چ دەڵێم..
٣. پەریی دەریایی، لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کچی جوان بوون لە دەریادا دەژیان. نیوەی سەرەوەی لەشیان ژن و نیوەی خوارەوەیان ماسی بوو. دەنگ و ئاوازێکی خۆشیان هەبوو. هەر کەسێ گوێی لێ بوایە، بێ دەستی خۆی، بەرەو لایان دەکشا و لە ئاودا نقووم دەبوو. لێرەدا چێژی درۆی ژیان بە دەنگ و گۆرانیی ئەو پەرییانە چوێنراوە.
٤. بیاتریچی گلەیی لە دانتی دەکا دەڵێ تۆ کە بینیت من بەم هەموو جوانییە چوومە ژێر خاک و ئەو جوانییەم هەمووی ڕۆیشت و نەما، کە هۆیەکی گەورە بوو بۆ تەفرەدان، چۆن دەرست وەرنەگرت و دوای من کەوتیتە دوای خەڵکانی تر.
٥. مەبەست چێژی دونیایە کە زوو دەپووکێتەوە و دەوام ناکا.
٦. واتە نەدەبوایە چێژ و ڕابواردن وا لە دانتی بکا گوناهی گەورە بکا تووشی ئەشکەنجەی زیاتر ببێ.
٧. بێچووی زەرنەقووتەی باڵندە لە کاتی مەترسیدا ڕاناکا، چونکە هێشتا هێزی ڕۆیشتن و فڕینی نییە.
٨. دانتیش وەکو بێچووەباڵندە ئازاری لە ڕاوکەرانەوە پێ ناگا.
٩. Porgoletta: کەنیلە. تۆژەرەوان زۆر بۆچوونی جیاجیایان هەیە کە ئەم کەنیلەیە کێیە ئاماژەی بۆ کراوە: هەندێ، ئەو کەنیلەیە بەو خانمە خاسە دەزانن کە دانتی لە (ژیانی نوێ)دا، ئاماژەی بۆ دەکا. هەندێ بەو کچۆڵە چیاییەی دەزانن کە دانتی چەندین جار ئاماژەی بۆ کردووە. هەندێکی تر لەناو ماشووقەکانی دانتی گەڕاون و چەند کەسێکیان دەستنیشان کردووە کە بەو کچۆڵەیە دەچن، وەکو لیزتا و یۆلتا و پیترا و... پیترۆی کوڕی دانتی، کە یەکێ بوو لە تۆژەرەوانی کۆمیدیا، پێی وایە ئەمە کچێکی تایبەتی نییە بەڵکو بە ڕەمزی شیعر و زانست و هونەری کۆڕ و دانیشتنانی دەزانی، هەندێکیش دەڵێن ئەم کچۆڵەیە ڕەمزە بۆ ژن بە گشتی.
١٠. ڕیش: بیاتریچی، لێرەدا بە ئەنقەس وشەی ڕیشی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی لە دانتی بگەیەنێ کە دانتی ئیتر منداڵ نییە، ئەوەتا ڕیشی هاتووە و بووەتە پیاو و کاتی ئەوە هاتووە شەرم لە خۆی بکاتەوە و بەرامبەر خراپە لە خۆی تەریقبێتەوە.

١١. ياربا: (بە لاتینی یارباس Jarbas). مەبەست بای گەرمی ئەفریقایە.

١٢. مەبەست فریشتەیە.

١٣. ئەمە گریفۆنییە کە لە هەڵۆ و شێر (سروشتی مرۆیی و خوایی) پێکهاتووە.

١٤. واتە کاتێ پاش بوورانەوە، وەهۆش خۆی هاتەوە.

١٥. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە: (Asperges me) واتە (پاکم بکەرەوە!). ئەمە لە زەبوورێکی داود وەرگیراوە.

١٦. ئەم چوار کچە جوانە، ڕەمزی چوار چاکەی سەرەکین.

١٧. لە بەهەشتی زەمینیدا، بە شێوەی پەری و لە ئاسماندا بە شێوەی ئەستێرە دەردەکەون و ڕێگە بۆ خەڵکی سەر ڕووی زەوی ڕووناک دەکەنەوە.

١٨. واتە: بیاتریچی سەرتۆپی هەرچوار چاکەکەیە (دۆزەخ، س٢، ٧٦).

١٩. ئەو سێ خانمەی لای دەستەڕاستی گالیسکەکەن ڕەمزی چاکەی لاهووتین: چاکە و ئومێد و باوەڕ کە تەنیا ئەوان دەتوانن ڕێنمایی دانتی بکەن بۆ لای خودا.

٢٠. پارناسۆ، چیای پارناسۆ، بارەگای خودانی هونەر و پەریی ئیلهامبەخش.

٢١. واتە: لە کانیی کاستالیا Castalia. (کانی قەستەل).

٢٢. واتە: بیاتریچی ڕووبەندی لادا و ئەو هەموو جوانییەی دەرکەوت. دانتی لە دیار ئەو جوانییە تاسا و توون بووەوە، نەیتوانی وەسفی بکا.

***


# سروودی سیودووەم[1]

## بەهەشتی زەمینی

دانتی تێر تەماشای بیاتریچی کرد بۆ ئەوەی تینوێتیی چەند ساڵەی بشکێنێ. ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەما. چاوی لەبەر دیمەنی بیاتریچی ڕەشکەوپێشکەی کرد و ماوەیەک هیچی نەبینی، پاشان وردەوردە کۆڕەوی پیرۆزی بینی بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشت. ماتێلدا و ستاتسیۆ و دانتی لە دوای گالیسکەی پیرۆزەوە ڕۆیشتن. بیاتریچی لە گالیسکەکە هاتە خوارێ و هەموو بە چرپە ناوی ئادەمیان هێنا کە مرۆڤایەتیی لە بەهەشتی زەمینی بێبەش کرد. هەموو دەوریان لە درەختی چاکە و خراپە دا. پیرەمێردەکان پیرۆزباییان لە گریفونی ڕەمزی مەسیح کرد کە گالیسکەکەی ڕادەکێشا و بردی لە قەدی ڕووتی بێ گەڵای بەستەوە کە ڕەمزی ئیمپراتۆرییەتە. کە ئەم دووە بە یەک گەیشتن، درەختەکە بووژایەوە و ڕەنگێکی سووری کاڵتر لە گوڵ و شینتر لە وەنەوشەی گرت.

دانتی نەختێ بۆرڕاو لە بانگی ماتێلدا بەخەبەر هات. داوای لێکرد سەیری ئەم دیمەنە تازەیە بکا. بەخەبەرهاتنی دانتی وەکو بەخەبەرهاتنی پیترۆس و یوحەننا و یاقووب وا بوو کاتێ مەسیح خۆی نیشان دان. دانتی لە شوێنی بیاتریچیی پرسی. دیتی لە بن درەختە پیرۆزەکە دانیشتووە. بیاتریچی داوای لە دانتی کرد تەماشای گالیسکەکە بکا. دانتی هەڵۆیەکی بینی کە ڕەمزی چەوسێنەرەکانی کڵێسەیە پەلاماری درەختەکەی دا و زەبرێکی لە گالیسکەکە دا.

دانتی دەڵەڕێوییەکی بینی کە ڕەمزی وەرگەڕانە لە ئایین پەلاماری گالیسکەکەی دا. ئینجا ئەژدەهایەکی بینی کە ڕەمزی شەیتان یان چاوچنۆکیی مرۆڤە پارچەیەکی لە گالیسکەکە کردەوە. دانتی بینیی ئەوەندەی لە گالیسکەکە مابووەوە کەوتە ژێر پەڕ و تووک کە ڕەمزی باروبووی قوستەنتینە. ئینجا گالیسکەکە بوو بە جانەوەرێکی چەند سەر. هەندێ لە سەرەکان دوو شاخ و هەندێکی تر یەک شاخیان هەبوو. شاخ ڕەمزی گوناهە، پاشان ئافرەتێکی جندەی بینی کە ڕەمزی کڵێسەی هەڵوەشاوەیە لەسەر جانەوەرەکە دانیشتبوو و لەندەهۆرێکی لە تەک بوو کە ڕەمزی پاشای فرەنسای لایەنگری پاپایە. کە جندەکە بە دوو چاوی پڕئاڵۆش سەیری دانتی کرد، جانەوەرەکە بە قامچییان لێی دا. لەندەهۆرەکە گالیسکەکەی لە درەختەکە کردەوە و ڕایکێشا بۆ ناو جەنگەڵ تا لە بەرچاوی دانتی بزر بوو. ئەمە ڕەمزی گیرخواردنی پاپایە لە ئەڤنیون.



چاوەکانم، بۆ شکاندنی تینووی دە ساڵەیان،
ئەوەندە بە وردی مێزەیان کرد[٢]
هەموو هەستەکانی ترم ڕوومردنەوە[٣].   (٣)
دیواری تەمسەریی هەردوو لای گرتبوون.
خەندەی پیرۆز
بە تۆڕی دێرین بۆ لای خۆی ڕاکێشان. (٦)
لەو کاتەدا، ئەو خودانبانووانە[٤] ناچاریان کردم
ئاوڕ لە لای چەپە بدەمەوە، گوێم لێ بوو دەیانگوت:
(بە وردی چاوی تێببڕە!) (٩)
چۆن چاو بە تەماشاکردنی بریقەی خۆر
تێکدەچێ و ڕەشکەوپێشکە دەکا.
ئاوها ماوەیەک سۆمای چاو و هێزی بینینم نەما.[٥] (١٢)
کە چاوم لەو ڕووناکییە کزە ڕاهات.
کز لە چاو ئەو بریقە هەرە گەشەی
بێ دەستی خۆم لێی گەڕامەوە. (١٥)
دیم کۆڕەوی شکۆمەند ڕووی کردە دەستەڕاست
سەیرم کرد گەڕایەوە و کەوتە بەرامبەر
خۆر و هەر حەفت چراوگەکە. (١٨)
چۆن دەستە سەربازێک، خۆیان لە ژێر
زرێبەندا دەپارێزن و بە ئاڵاوە دەگەڕێنەوە،
بەر لەوەی ڕێگەی خۆیان بگۆڕن. (٢١)
بەم جۆرە، ئەم هەموو تاقمە سەربازەی وڵاتی ئاسمان
کە لە پێشەوە دەڕۆیشتن، بە بەردەمماندا ڕەتبوون
بەر لەوەی گالیسکەکە ڕێڕەوی کەژاوەکەی بگۆڕێ. (٢٤)
ئەوسا خانمەکان گەڕانەوە لای دوو ڕێچکەکە و
(گریفۆنی) باری پیرۆزی خۆی ڕاکێشا[٦]
بێ ئەوەی بەمە یەک پەڕی بلەرزێ. (٢٧)
ئەو خانمەی[7] لە ڕووبارەکە پەڕاندمیەوە و (ستاتسیۆ)و[٨] منیش

کەوتینە شوێن گالیسکەکە
کە خولگەیەکی بە تاقی هەرە بچووک دروست کردبوو. (٣٠)
هەنگاومان لەگەڵ ئاوازی فریشتان ڕێکخست
کاتێ بەناو دارستانی باڵادا تێپەڕیین
کە لەبەر تاوانی ئەو ژنەی[٩] تەفرەی بە مار[١٠] خوارد، چۆڵ بووبوو. (٣٣)
تیرێک سێ جار یەک لەدوای یەک باوێ
نزیکەی ئەوەندە ماوەمان بڕی
ئەوسا (بیاتریچی) لە گالیسکەکە دابەزی. (٣٦)
گوێم لێ بوو هەموو بە چپەدوو ناوی (ئادەم)[١١]یان دەهێنا!
ئینجا لە دەوری درەختێکی بێ گەڵا کۆبوونەوە
هەموو چڵەکانی بێ چرۆ و پشکۆژە بوو.[١٢] (٣٩)
چڵەپۆپەی، کە تا بەرزتر دەبووەوە، پانوپۆڕتر[١٣] دەبوو،
هیندییەکان لە ناو جەنگەڵی خۆیاندا
سەریان لە بڵندی و سەرکەشیی سوڕ دەما[١٤]. (٤٢)
خەنی لە خۆت! ئەی گریفۆنی، کە بە دەنووک
هیچ لەم درەختە تام خۆشە ناخۆی
ورگ هەمیشە بەو خۆراکە تووشی ژان و ژوور دەبێ.) (٤٥)
هەموو شەماتەی [١٥] دەوری ئەو درەختە کەتەیە
ئاوها هاواریان دەکرد و[١٦] جانەوەری دووگانەیش دەیگوت:
(تووی هەموو چاکەیەک ئاوها دەپارێزرێ!) (٤٨)
ئەوسا ئاوڕی لەو کەژاوەیە دایەوە کە ڕایدەکێشا
بردییە ژێر درەختە بێ چڵ و گەڵاکە و[١٧]
بە شواڕێکی دارەکە بەستییەوە و جێی،هێشت[١٨]. (٥١)
وەکو درەختی سەر دونیا، کاتێ دوای بورجی نەهەنگ [١٩]
تیشکی گەشیی[٢٠] تێکەڵ بە تیشکی ئەستێرە گەڕۆکەکان دەبێ
کە لەسەرڕا بۆی دێ و نەشونما دەکا. (٥٤)
ئینجا بەر لەوەی خۆر ئەسپەکانی بگەیەنێتە
ژێر بورجێکی تر

هەموو درەختەکان ڕەنگیان تازە دەکەنەوە.(٥٧)
ئەو درەختەیش ئاوها، کە تا ئەوسا
تەواو ڕووت و بێ بەرگ و گەڵا بوو
ڕەنگێکی لە سوور کاڵتر و لە مۆر تۆختری گرت. (٦٠)
لەو سروودە نەگەیشتم کە ئەو خەڵکە دەیانچڕی
شتی وا لەسەر دونیا ناچڕێ و
منیش نەمتوانی گوێ لە سەراپای ئاوازەکە بگرم. (٦٣)
ئەگەر بمتوانیایە ڕێنەی ئەو چاوە پیسانە بکێشم
کە بە گوێدانە چیرۆکی (سیرینگا)، نووستن[٢١]
ئەو چاوانەی تەنیا بینینیان بە نرخێکی زۆر وەستا، (٦٦)
وەک نیگارکێشێ نیگار لەسەر مۆدێل بکێشێ
وێنەی خۆمم دەکێشا، چۆن وێژینگم دا و نووستم
بەڵام کێ دەتوانێ بە وردی باس بکا چۆن وێژینگ دەدەین. (٦٩)
دێمە سەر ئەو ساتەی بەخەبەر هاتم و دەڵێم
تیشکێکی گەش[٢٢] پەردەی خەوی دڕیم و
بانگێک هات: (ڕابە سەرخۆ! تۆ لێرە چ دەکەی؟) (٧٢)
چۆن پیترۆس و یوحەننا و یاقووب،[٢٣] بە بێهۆشی،
چوون بۆ ئەوەی گوڵی دارسێو ببینن
کە تامەزرۆی فریشتە بۆ بەرەکەی دەبزوێنێ و (٧٥)
زەماوەندێکی هەمیشەیی لە ئاسمان ساز دەدا،
ئینجا ئەمانە هاتنەوە هۆش خۆیان
بەو وشەیەی خەوێکی قووڵتر پچڕی، (٧٨)
دیتیان دەستەکەیان مۆیزێ و ئیلیای تێدا نەماوە
سەرنجیان دا دیتیان
مامۆستاکەیان جلی بەری گۆڕاوە. (٨١)
منیش بەم جۆرە هاتمەوە هۆش خۆم
ئەو خانمە میهرەبانەم[٢٤] لەتەک خۆمدا بینی
کە لە ڕووبارەکەدا ڕێنمایی کردم. (٨٤)

به پەشۆکاوی و دڕدۆنگی پرسیم: (کوا بیاتریچی؟)
وەڵامی دامەوە: سەیر کە لەسەر ڕەگی ئەو درەختە و
لەبەر سێبەری گەڵا و چڵی سەوزی دانیشتووە.[25] (٨٧)
تەماشای ئەو حەشیمەتە بکە دەوریان داوە.[26]
ئەوانەی تریش ئەوەتا بە دوای (گریفۆنی)دا سەردەکەون.
بە ئاوازی خۆش و ناسک گۆرانی دەچڕن. (٩٠)
نازانم لەوە زیاتری گوت، یان نا؟
چونکە ئەو خانمەم لە بەرچاو دەرکەوت
کە هەموو بیر و ئەندێشەیەکی لێ دوورخستمەوە (٩٣)
بە تەنیا لەسەر زەویی ڕووت[27] دانیشتبوو
بۆ ئەوەی پاسەوانیی گالیسکەکە بکا
کە دیم جانەوەرە دووڕەگەکە بەستییەوە[28]. (٩٦)
حەفت پەرییەکە٢٩ ئەڵقەیەکیان لە دەوری دروست کرد.
چراوگی گەشیان بە دەستەوە بوو
چراوگەکان ترسی (ئاکویلۆنی) و (ئاوسترۆ)[30]یان نەبوو. (٩٩)
(تۆ زۆر لەناو ئەمە جەنگەڵەدا نامێنیتەوە،
لەگەڵ مندا دەبێ بە هاووڵاتییەکی هەمیشەیی ڕۆما[31]
مەسیحیش یەکێکە لە هاووڵاتییەکانی ڕۆمانیا. (١٠٢)
بۆ بەرژەوەندیی ئەو دونیایەی مرۆڤی تێدا دەژی
باش چاو ببڕە ئەم گالیسکەیە و چی دەبینی
کە گەڕایتەوە ئەوێ تۆماری بکە.[32]) (١٠٥)
(بیاتریچی) بوو وای گوت و منیش کە بە ملکەچی و فەرانبەرداری
بەرامبەر ئامۆژگارییەکانی وەستابووم
زەین و چاوم خستە سەر ئەو. (١٠٨)
هەرگیز هەورەتریشقەیەکی وا کتوپڕ و تیژ
لە هەوری ڕەش و تاری نەهاتووەتە خوارێ،
کە لە شوێنێکی دوور دوورەوە[33] دەیهاوێ، (١١١)
وەک دیم باڵندەی جیۆڤی[34] بە تیژی کووزەی کرد و دای لە درەختەکە.

درەختەکەی شەق کرد و شیلەی[٣٥] پژاند و
گەلا و چرۆی سەوزی[٣٦] تازەی وەراند. (١١٤)
ئەوەندە بە توندی لە گالیسکەکەی دا
گالیسکەکە وەک کەشتیی بەردەم گەرداو سوورِا
بەدەم شەپۆلەوە، بە لای ڕاستە و چەپەدا، دەلا هات[٣٧] (١١٧)
ئینجا دەلەڕێوییەکی لەڕم[٣٨] بینی
کە دەتگوت قەت خواردنی چاکی نەخواردووە
خۆی هەلدایە ناو گالیسکەی سەرکەوتن. (١٢٠)
خانمەکەم، لەسەر گوناهەکانی، تێی ڕاخوڕی و هەلیبڕی.
ئەویش تا لە توانای ئێسکی بێگۆشتیدا بوو
تێیتەقاند و هەلات.[٣٩] (١٢٣)
ئینجا هەلۆکە[٤٠]، یەکەم جار لە کوێوە هات،
دیم لەوێوە دابەزییە ناو گالیسکەکە و
نوقمی پەڕ و تووکی خۆی کرد و جێی هێشت. (١٢٦)
وەک دەنگێ لە دلێکی ماتەمزەدەوە بێ،
دەنگێکی وا لە ئاسمانەوە هات و گوتی:
(ئای بەلەمی بچکۆلەم، بارێکی چەند خراپت لێیە!)[٤١] (١٢٩)
ئەوسا وام کەوتە بەرچاو زەوی لە بەینی دوو پێچکەکە
شەقی برد و ئەژدیهایەکی[٤٢] لێ هاتە دەرەوە،
کلکی قیتی لە گالیسکەکە گیر کرد. (١٣٢)
ئەو حەلە وەک زەرگەتەیێ کە چزووی خۆی دەربێنێ
کلکی پیسی دەرهێنا و لە بنی گالیسکەکەی دا و هەندێکی لێ پچڕاند و
بە لارەلار و سەرمەستی ڕۆیشت.(١٣٥)
چۆن گیا زەویی بەپیت دادەپۆشێ
پەڕ و تووک بەو جۆرە گالیسکەکەی داپۆشی.
ڕەنگە بە نیازێکی پاک و بە دلسۆزی وای کردبێ[٤٣].(١٣٨)
دووبارە پەڕ و تووک کەژاوە و دوو پێچکەکەی داپۆشی
بە ماوەیەکی کەمتر

لەوەی مرۆڤ دەمی لەگەڵ هەنسک دەکریتەوە. (١٤١)
کاتێ گالیسکەی پیرۆز ئاوهای لێهات،
لە هەموو لایەکەوە چەند سەرێکی لێ دەرهات:[٤٤]
سێ سەر لەسەر کەژاوەکە و هەر گۆشەیەکیش سەرێک. (١٤٤)
سەرەکانی یەکەم یەک و دوو شاخی وەکو گایان هەبوو
چوارەکەی تر یەک و یەک شاخیان لە تەوێڵ بوو.
تا ئێستا کەس جانەوەری وای نەدیوە. (١٤٧)
وەکو قەڵایەکی سەنگینی سەر ترۆپکی چیا
دیم جندەیەکی نیمچەڕووت[٤٥] لەسەر جانەوەرەکە دانیشتبوو،
چاوی زەقی بە دەوری خۆیدا دەگێڕا. (١٥٠)
دیم لەندەهۆڕێکی لە تەک وەستابوو
بۆ ئەوەی کەس لە جانەوەرەکەی نەڕفێنێ
ناو بە ناو یەکتریان ماچ دەکرد. (١٥٣)
بەڵام کاتێ جندەکە چاوی بێئۆقرە و پڕ ئاڵۆشی
بۆ لای من وەرسووڕاند، ئەو ئاشقە بەدکارە
لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی دایگرتە بەر قامچی. (١٥٦)
ئینجا لەندەهۆرەکە دڵ پڕ ئیرەیی و شێتگیر لە ڕقان،
پەتی لە جانەوەرەکە کردەوە و ڕایکێشایە ناو جەرگەی جەنگەڵ و
کردی بە دێوجامەیەک[٤٦](١٥٩)
لە جندە و جانەوەرەکەی شاردمەوە. ٤٧(١٦٠)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سیودووەم

١. ئەمە پێنجەمین سروودی بەهەشتی زەمینییە. پێی دەگوترێ سروودی (درەختی باڵا) و (گالیسکەی کڵێسە).

٢. ئاماژەیە بۆ تاسە و ئارەزووی دیداری بیاتریچی کە دە ساڵە دانتی نەیدیوە. بیاتریچی ساڵی ١٢٩٠ کۆچی دوایی کرد و ئێستا ساڵی (١٣٠٠)ە.

٣. واتە: دانتی لە بیاتریچی بەولاوە هیچی نەدەدی و هەستی بە هیچ نەدەکرد، وەکو ئەوەی دیوارێکی لە دەورە کرابێ وا بوو.

٤. سێ خانم: ڕەمزی سێ چاکەی یەزدانییە.

٥. ئاماژەیە بۆ وڕ و گێژبوونی مرۆڤ بەرامبەر دەرکەوتنی ڕاستەقینەی هەق و هەقیقەت کە لێرەدا لە ڕوخساری بیاتریچیدا بە خۆر چوێنراوە.

٦. ئاماژەیە بۆ چراوگەکانی پێش گالیسکەکە. گالیسکەکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا. سەعات (دە)ی بەیانیی ڕۆژی چوارشەممەی ١٣ی نیسانی (١٣٠٠)یە.

٧. مەبەست ماتیلدایە.

٨. دانتی دەیتوانی ستاتسیۆ لە ئەڵقەی نۆیەم جێبێڵێ بۆ ئەوەی تۆبە و پاکبوونەوەی خۆی تەواو بکا. لەوانەیە بۆیە تا ئێرە هێنابێتی تا نیشانی بدا خواردنەوەی ئاوی (لیتی) و (ئونوی) شتێکی پێویستە بۆ پاکبوونەوە لە گوناه، لەوانەیشە مەبەستی ئەوە بووبێ ستاتیۆس بیاتریچی ببینێ و لە ڕوخساری بیاتریچیدا سەیری نووری خودا بکا.

٩. ئەو ژنە: مەبەست حەوایە کە بە شەیتان تەفرەی خوارد و بابادەمی تەفرە دا.

١٠. ئەوسا ماوەی نێوان دوو شوێن بە تیراوێژ (ئەو ماوەیەی تیر دەیبڕێ) دەپێورا.

١١. ئادەمی بابەگەورەی مرۆڤ کە بە حەوا هەڵخەڵەتا و لە بەهەشت دەرکرا.

١٢. درەختی (چاکە و خراپە)یە کە خوا خواردنی بەرەکەی لە ئادەم و حەوا قەدەغە کرد، بەڵام حەوا و ئادەم ئەو قەدەغەیەیان شکاند و بەری درەختەکەیان خوارد. کە خواردیان چاو و گوێیان کرایەوە و چاکە و خراپەیان لە یەک کردەوە و هەردووکیان لە بەهەشت دەرکران. دوای ئەوەی حەوا و ئادەم بەری درەختی چاکە و خراپەیان خوارد، درەختەکە هەموو گەڵا و چڵی هەڵوەرا و ڕووتبووەوە. لە بارەی مانای ڕەمزیی ڕووت بوونەوەی درەختەکە، لێکدانەوەی جیا جیا هەیە: زۆر کەس ئەم درەختە بە گوێڕایەڵیی فەرمانی خوا دەزانن کە ئادەم لەم بارەیەوە خراپەیەکی وای کرد لێبووردنی نەبوو، کەچی عیسا تا کۆتایی بە وەفاداری بۆ درەختەکە مایەوە، لەبەر ئەوەیە درەختەکە دوای ئادەم، وشک دەبێ، کەچی کە

گالیسکەی مەسیحییەتی پێدەکەوێ، دووبارە گەڵا و چڵ دەردەکا. لێکدانەوەی تریش بۆ ئەم دیاردەیە کراوە. بە ڕەمزی خاچ و کڵێسە و ڕەوشت و ئیمپراتۆری ڕۆمانیا دانراوە، دووریش نییە ڕەمزی ئادەم و مرۆڤایەتی و ئەقڵ و ئیرادە بێ.

١٣. مەبەست لە هەڵکشان و بڵاوبوونەوەی درەختەکە، زیادبوونی زانیارییە کە هیچ سنووری بۆ نییە. درەختەکە ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، مرۆڤ چڵەپۆپەی نابێنێ، واتە زانیاریی سنوور و کۆتایی نییە.

١٣. ئاماژەیە بۆ ئەو تاقمە هیندییە کە درەختی بەرز بە داڵدەی ڕۆحی پیرۆز دەزانن.

١٥. واتە: بیستوچوار پیرەمێردەکە.

١٦. سروودیان بە گریفۆنی هەڵدەگوت –ڕەمزی مەسیح– کە لە قسەی خوا دەرنەچوو و هەرگیز لە درەختی قەدەغە نزیکنەکەوتەوە. ئەو قسەیەی گریفۆنی دەیکا، قسەی مەسیحە.

١٧. شەیتان مرۆڤی تەفرە دا بۆ ئەوەی لە خودا و لە فەرمانی خودا یاخی ببێ و بەری درەختی قەدەغە بخوا، کەچی گریفۆنی -ڕەمزی مەسیح- مرۆڤی بە گوێڕایەڵی هێنایەوە بەر قاپیی خودا.

١٨. گریفۆنی بە شواڕێکی دارەکە گالیسکەکەی لە دارەکە بەستەوە و لەوێ جێی هێشت و ڕۆیشت. بەستنەوەی گالیسکەکە بە شواڕێکی درەختەکە، ئاماژەیە بۆ ئەو ئەفسانەیە گوایە ئەو تەختەدارەی عیسای لەسەر لە خاچ درا –بە ڕای مەسیحییەکان– لە درەختێک بڕابووەوە، لە بنچینەدا لەم درەختەوە هاتبوو.

١٩. واتە: بەرلەوەی خۆر بچێتە بورجی (گا)، ئەم درەختانە گەڵا و چڵی تازە دەپۆشن و گوڵی قورمزی و سوورباو و شین دەردەکەن. ئەمە ڕەمزە بۆ خوێنی مەسیح –لای مەسیحییەکان– مەسیح بۆ ئەوە خوێنی خۆی ڕشت تا مرۆڤ لەگەڵ خودا یەک بگرێتەوە. هەروەکو ڕەمزی ئیمپراتۆریشە.

٢٠. تیشکی گەورە: ڕەمزە بۆ خۆر. ئەو تیشکەی بەدوای ماسییانی ئاسماندا ڕادەکا، ئاماژەیە بۆ چریسکانەوەی ئەستێرەکانی بورجی کاوڕ کە دەکەوێتە دوای بورجی نەهەنگ (ماسی).

٢١. ئەمە ئاماژەیە بۆ چۆنیەتیی کوژرانی ئارگۆس. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: زیۆس، هورمزی (مێرکوری) خودانی شوانی و گەشت و تەتەری ڕاسپارد ئارگۆسە دێو بکوژێ کە سەد چاوی هەبوو و پاسداری (یۆ) بوو. هورمز چوو چیرۆکی دڵداریی سیرینگا، (بە ڕۆمانی سیرینکس)ی بۆ گێڕایەوە و ئارگۆس هەر سەد چاوی نووست و هورمز سەری بڕی. چیرۆکی دڵداریی سیرینگا ئەوە بوو:

سیرینگا پەرییەکی جوانی ئارکادیا بوو، (پان)ی خودانی جەنگەڵ ئەشقی بوو. ڕاوی نا بۆ ئەوەی بیگرێ، سیرینگا ڕایکرد و (پان) خۆی فرێ دایە ناو ڕووباری (لادۆن) و بوو بە بنەقامیشێک. (پان) لقێکی لەو قامیشە کردەوە، بڕییەوە و کردی بە نای.

٢٢. ئەو تیشکە گەشە تیشکی گەڕانەوەی کورەوەکەیە بۆ ئاسمان و دەنگەکە دەنگی ماتێلدایە.

٢٣. مەسیح، پیتروس و یوحەننا و یاقووبی بردە چیای تابوور. ئەمانە کاتێ تەجللی مەسیحیان بینی، بوورانەوە. لە کاتی تەجللی مەسیحدا، مووسا و ئیلیاس لە تەکییەوە بوون و لەپڕ بزر بوون.

٢٤. مەبەست لەو خانمە ماتێلدایە.

٢٥. واتە: بیاتریچی، ئیدی ڕەمزی کڵێسە نییە، جێگەی گریفۆنی گرتووەتەوە – ڕەمزی مەسیحە– و لەژێر درەختەکە دانیشتووە کە ڕەمزی ڕۆمانیا و ئیمپراتۆریەتە.

٢٦. ئەوانەی دەوریان داوە: ڕەمزە بۆ حەفت پەرییەکە کە چرای گەشیان بەدەستەوەیە، یان ڕەمزە بۆ حەفت چاکە: چوار چاکەی سەرەکی و سێ چاکەی ناسەرەکی. ئەمانە لای بیاتریچی مانەوە، کەچی ئەوانی تر خۆی و گالیسکەکەیان جێهێشت.

٢٧. زەویی ڕاستی: واتە زەویی بەهەشتی زەمینی کە گوێڕایەڵە بۆ خودا، یان زەویی ڕووت، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پیاوە کۆنەکانی کڵێسە هەموو بێفیز بوون و لەبارەی جلوبەرگەوە، ڕووتوڕەجاڵ بوون.

٢٨. مەبەست گریفۆنی ڕەمزی مەسیحە.

٢٩. نیمفی nimfe (بە یۆنانی nymphae) پەریی جوانی یەزدانی. وەکو پێشتر باس کرا دابەشی سێ دەستە دەکرێن: پەریی کانی و پەریی ڕووبار و پەریی جەنگەڵ.

لێرەدا مەبەست لە حەفت پەری: حەفت چاکەیە.

٣٠. ئاکویلۆنی Aquilone: بای ساردی باکوور کە لە باکووری ئەورووپاوە دێ و بای ئاوسترۆ (Austro)ی گەرم کە لە لیبیا هەڵدەکا و بەسەر باشووری ئەورووپادا دێ.

٣١. ئاماژەیە بۆ بەهەشت. ڕۆمای گەورە، واتە: شاری خودا (ئاسمان). دانتی، مەسیحی کردووە بە هاوولاتییەکی ڕۆمانی لە ڕۆمانیای خوایی و ئاسمانیدا، ئەمە لە لایەکەوە، نزیککردنەوەی پەیوەندیی نیوان خوا و بەندەیە و لە لایەکی ترەوە، نزیککردنەوەی و زەوی و ئاسمانە.

٣٢. (بیاتریچی) بە ئاشکرا دانتی ڕادەسپێرێ کە گەڕایەوە سەر زەوی، ڕووداوی گەشتەکەی خۆی بۆ زیندووەکانی سەر زەوی بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی دەرسی لێ

وەربگرن. دانتی لەم بەندەدا، بە ئاشکرا مەبەستی خۆی لە دانانی ئەم کتێبە ڕوون دەکاتەوە.

٣٣. دوورترین سنووری ئاسمان: ئاماژەیە بۆ نزیکترین بەشی ئاسمان لە (تۆپەڵەی) ئاگر کە پێشینان بڕوایان وا بوو سنووری نێوان ئاسمانی خوارەوە و مانگە و هەورەتریشقە لەوێوە دێ.

٣٤. مەبەست هەڵۆیە. لێرەدا ڕەمزی ئیمپراتۆری ڕۆمانییە لە سەردەمی ئەشکەنجەدانی مەسیحییان. ئەمە یەکەمین هێرشی یەک لەدوای یەکی لەمەودایە بۆ سەر گالیسکەکە. ڕەمزی ئەو زەبرە توندانەیە کە بە درێژایی ئەوەندە ساڵە لە مەسیحییەت دراوە. یەکەم هێرشی هەڵۆ بووە (واتە: ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانیا کە دروشمی ئاڵاکەیان هەڵۆی زێڕین بوو).

٣٥. شیلە: ڕەمزی چەسپان و خۆراگریی قدیسەکانە.

٣٦. گەڵای سەوزی تازە، ڕەمزی کردەوەی قدیس و پیاوچاکانە.

٣٧. پەلاماردان و تێکشکاندنی کەشتی، ڕەمزە بۆ ئەو نەهامەتی و کارەساتەی ئیمپراتۆرەکان بەسەر کڵێسەیان هێناوە، لە نیرۆنەوە بگرە تا دقلدیانوس (٦٤ – ٣١٤).

٣٨. ڕێوی: ڕەمزی فێڵ و بێبڕواییە کە کڵێسەی نیگەران کردبوو، بە تایبەتی ڕێبازی (ئاریۆس) کە بڕوای بە مەسیح نەبوو وەکو مەسیحی تر. ئەمە دووەمین مەترسی و دووەمین زەبر بوو بە مەسیحییەت کەوت.

٣٩. ئەمە ڕەمزی سەرکەوتنی کڵێسەیە بەسەر بێبڕوایاندا، ئەو بڕیارەیش دەگرێتەوە کە کۆڕی نیکیا، ساڵی ٣٢٥ دژی ڕێبازی ئاریۆس دەری کرد.

٤٠. هەڵۆ ڕەمزی ئیمپراتۆرە. ڕەمزی سێیەمین هێرشی ترسناکە بۆ سەر مەسیحییەت. هەڵۆ نیشانەی ئیمپراتۆرە و ئیمپراتۆرە کە لێرە قوستەنتینە کە سامانێکی باشی بە کڵێسە بەخشی و کڵێسە بوو بە خاوەنی زەویوزارێکی زۆر و ئەمەیش بە لای دانتییەوە هۆی سەرەکیی گەندەڵیی ڕۆحی بوو (دۆزەخ، س١٩، د١١٥) (بەهەشت، س٢٠، د ٥٥).

٤١. ئاماژەیە بۆ ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست: دوای ئەوەی ئیمپراتۆر قوستەنتین (بەخشیشنامە)کەی مۆر کرد، دەنگێ لە ئاسمانەوە هات: (لەمڕۆوە ڕەگەزی کڵێسایی خودا بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە.)

٤٢. ئەژدیها (تنین) سیفەتی خشۆک و باڵندەی تێدایە. ڕەمزی شەیتانە کە کڵێسەی گەندەڵ کرد، یان ڕەمزی چاوچنۆکیی مرۆڤە بۆ ماڵی دونیا. ئەمە ڕەمزی چوارەمین هێرشە بۆ سەر کەشتی، واتە چوارەمین زەبر و مەترسییە لە مێژووی مەسیحییەتدا.

٤٣. ئاماژەیە بۆ دیاری و بەخششی ئیمپراتۆر قوستەنتین کە ڕەنگە بە نیازی چاک کردبێتی، بەڵام بە خراپ بەسەر کڵێسەدا شکایەوە.

٤٤. ئەو حەفت سەرە، کە دوای داپۆشرانی گالیسکەکە بە پەڕی هەڵۆ، زەقبوونەوە و دەرکەوتن، ڕەمزی حەفت گوناهی گەورەن کە دوای ئەوەی کڵێسە بوو بە خاوەن موڵک و ماڵی دونیا، لەناو دامودەزگای ڕابەرایەتیی دونیای مەسیحییەتدا پەیدابوون. ئەو گوناهە گەورانە، بەپێی گرنگی، دابەشی دوو دەستە دەبن: سێ تایی و چوار تایی. سێ تاییەکە یەکە و دوو شاخیان هەیە و چوارتاییەکە یەکە و یەک شاخیان هەیە، سێ سەرە دوو شاخەکە، ڕەمزی سێ گوناهی فیز و حەسوودی و قینن. هەریەکە لەو سێ سەرە، دوو شاخی هەیە، شاخەکان ڕەمزن بۆ ئەوە کە گوناهەکان بەرامبەر خودا و بەرامبەر بنیادەم کراون. چوار سەرە تەک شاخەکەیش ڕەمزی چوار گوناهی تەماع و تامەزرۆیی و تەوەزەلی و ئالۆشیی جەستەن. هەر سەرەو یەک شاخی هەیە، چونکە گوناهەکە تەنیا بەرامبەر مرۆڤ کراوە. هەندێ توێژەرەوەی کۆمیدیا بۆچوونی تریان بۆ لێکدانەوەی مانای ڕەمزیی ئەو سەرانە هەیە. ئەم حەفت سەر و دە شاخە بە سەر و شاخی ئەو دڕندەیە دەزانن کە ژنێکی جندە سواری پشتی بووە، وەک لە خەونی یوحەننا (بەشی١٧)دا هاتووە، ڕەنگە ئەمە لە ڕاستییەوە نزیکتر بێ، چونکە لە بەندی دوای ئەم بەندەدا، ناوی ئەو ئافرەتە جندەیە دێ کە لە خەونی یوحەننادا سواری دڕندەکە بووە.

٤٥. ئەمە ڕەمزی کڵێسەی گەندەڵ و پووکاوەیە لە سەردەمی بۆنیفاچۆی هەشتەم و کلیمەنتۆی پێنجەمدا.

٤٦. مانای ڕەمزی ئەم وشانە بەم جۆرەیە: گریفۆنی (ڕەمزی مەسیح)، گالیسکە (ڕەمزی کڵێسە)ی لە قەدی درەخت (ڕەمزی ئیمپراتۆریەت) بەستەوە. ئەم مارە (ڕەمزە بۆ پاشای فرەنسا) هات و ئازادی کرد و گالیسکەکە بوو بە دڕەندەیەکی چاوچنۆک.

(٥٨) ئەمە ڕەمزی گوازرانەوەی بارەگای پاپایە بۆ (ئەڤینون)، لە باشووری فرەنسا پاش هەڵبژاردنی کلیمەنتۆی پێنجەم.

٤٧. واتە دڕندەکە -گالیسکەکە- نەما و ژنە جندەکە لەناو جەنگەڵدا بزربوو و دانتی نەیتوانی چیدی بیانبینێ. بەم جۆرە دانتی پەیوەندیی کڵێسە و ئیمپراتۆریەت پیشان دەدا. گەندەڵیی کلێسە لەو سەردەمەدا ڕوون دەکاتەوە. ئەمە هەمووی بە ڕەمز و بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبیی بەرز.

# سروودی سیوسێیەم[1]

## بەهەشتی زەمینی

## کۆتایی گەشتی بەرزەک

خانمەکان بە شینوشەپۆڕ دەستیان بە سەردوولکە گوتن کرد بۆ چارەنووسی ڕەشی کڵێسە. بیاتریچیش بەشداریی خەم و ئازاری کردن، بەڵام پێشبینیی کرد کە گەندەڵی و بەدکاری لەناو دەچێ. ئاماژەی پێدان لەگەڵ دانتی و ماتێلدا و ستاتسیۆدا بڕۆن. ئینجا ئاوڕی لە دانتی دایەوە و داوای لێکرد بچێتە تەنیشتی بۆ ئەوەی دانتی باشتر گوێی لە قسەکانی بێ. هانی دا ترس و شەرم لە خۆی بتەکێنێ.

بیاتریچی گوتی: ئیمپراتۆریەت هەر بێ میراتگر نامێنێتەوە. ڕۆژێ دێ خوا یەکێ دەنێرێ خراپە لەناودەبا و دانتی هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەبێتەوە.


بیاتریچی داوای لە دانتی کرد لە مێشکی خۆیدا لە حاڵی درەختەکە (ڕەمزی ئیمپراتۆرییەت) وردبێتەوە و تێی بگا. بزانێ چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە سەر دونیا باسی بکا. بیاتریچی گوتی هەزاران ساڵ بوو ئادەم چاوەڕێی مەسیحی دەکرد کە لەسەر گوناهی ئادەم سزای خۆی دا. گوتی: ڕۆژێ دێ دانتی تێدەگا بۆچی خوا خواردنی بەری ئەو دارەی قەدەغە کردووە.

دانتی لە بیاتریچیی پرسی: بۆچی قسەکانت لە ئاستێکی وا بەرزن و من تێیان ناگەم؟ بیاتریچی گوتی من بە ئەنقەس وا دەکەم بۆ ئەوەی تۆ تێبگەی ئەو فەلسەفەیەی تۆ لەسەری دەڕۆیشتی لە ڕێگەی خوا دوورە و بۆ

تێگەیشتنی ئەم مەسەلانە دادت نادا. دانتی گوتی بە بیرم نایێ لەو ڕێگەیە دوورکەوتبمەوە. بیاتریچی گوتی لەبەر خواردنەوەی ئاوی لیتی بە بیرت نایێ.

کات نیوەڕۆ بوو، خەڵکەکە لەبەر سێبەرێکی خەست وەستان. دانتی هەستی کرد دوو ڕووبار دەبینێ وەک دیجلە و فورات لە یەک سەروچاوەوە هەڵدەقوڵێن و وەک دوو برادەر لە یەک دادەبڕێن. دانتی بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری لە بارەی ئەم دیاردەیەوە کرد. ماتێلدا گوتی من پێشتر هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردیتەوە. ماتێلدا دانتی و ستاتسیۆی بردە سەر ئاوی ڕووباری (ئینو وی) کە کردەوەی چاک بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە. دانتی ئەو ئاوە سازگارەی خواردەوە کە هەرگیز لێی تێر نەدەبوو.

بەم جۆرە دانتی وای لێهات وەک ئەوەی تازە لە دایک بووبێ. پاکبووەوە و ئامادەبوو بۆ ئەوەی هەڵکشێ بۆ لای ئەستێرەکان.



(خودایە میللەتان هاتنە ناو میراتی تۆ!)[٢]
خانمەکان سێ سێ و چوار چوار بە گریان و بە نۆرە[٣]
ئەم زەبوورە ناسکەیان بە یەک نەوا دەچڕی. (٣)
(بیاتریچی) بە هەنسک و ئاخهەڵکێشان
گوێی لێ گرتبوون، ئەوەندە تێکچووبوو
مریەم لەژێر چەلیپادا لەو زیاتر تێک نەچووبوو. (٦)
کە پاکیزەکان ڕێگەیان دا قسە بکا
ڤیت هەستایەوە سەر پێ و بە ڕوویەکی
سوور وەک ئاگر. وەڵامی دایەوە: (٩)
(ئای خوشکە خۆشەویستەکانم،
پاش کەمێکی تر نامبینن[٤]
ئینجا دوای کەمێکی تر دووبارە دەمبیننەوە.)[٥] (١٢)
ئەوسا حەوت خانمەکەی لە پێش خۆی وەلا نا و
بە سەرلەقاندن داوای لە ئێمە کرد شوێنی کەوین
من و خانم و[٦] ئەو دانایەی[٧] لەگەڵماندا مابووەوە. (١٥)
بەم جۆرە، بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت
وا بزانم دە[٨] شەقاوی لەسەر زەوی ڕانەنابوو
بریقەیەکی چاوەکانی لەناو چاوم درەوشایەوە. (١٨)
بە ڕوویەکی هێمن، پێی گوتم:
زیاتر پێ هەڵێنە، بۆ ئەوەی بگەیتە شوێنێ
ئەگەر قسەت لەگەڵ بکەم، بتوانی بە ئاسانی تێم بگەی. (٢١)
کە بەپێی فەرمایشی خۆی، چوومە تەنیشتی
پێی گوتم: (برا، بۆچی زات ناکەی پرسیارم لێ بکەی
کە ئێستا لە تەکما دەڕۆی؟) (٢٤)
وەک ئەوانەی بەرامبەر هی لە خۆیان گەورەتر
ئەوەندە بە ڕێز و ڕووەت قسە دەکەن
دەنگیان دەگیرێ و لە لێویان دوورتر ناڕوا، (٢٧)
منیش وام بەسەر هات. بە دەنگێکی پچڕپچڕ گوتم:

(خاتوونەکەم، خۆت دەزانی من پێویستم بە چییە و
بە چ شتێ دێتە دێ.) (٣٠)
پێی گوتم: (دەمەوێ ئێستا
ترس و شەرمی نابەجێ لە خۆت دەربکەی
بۆ ئەوەی وەک ئەو کەسە نەدوێی کە خەون دەبینێ. (٣٣)
ئەوەیش بزانە ئەو گالیسکەیەی[٩] ئەژدیهاکە تێکی شکاند
پێشتر هەبوو و ئێستا نەماوە.[١٠]
با تاوانبارەکان بزانن تۆڵەی یەزدانی باکی بە (شۆربا)[١١] نییە. (٣٦)
ئەو هەڵۆیە هەتاهەتایە وجاغکوێر و بێ میراتگر نابێ[١٢]
کە پەڕ و تووکی خۆی هاویشتە سەر گالیسکەکە.
گالیسکەکە بوو بە جانەوەر و ئینجا بە نێچیر. (٣٩)
بە دڵنیاییەوە دەبینم و دەڵێم
ئەستێرەکان دوور لە هەموو ئاستەنگ و لەمپەرێک
نزیکدەکەونەوە و ڕۆژگارێک دادێ (٤٢)
ئەوەی حیسابی پێنجسەد و پازدەیە[١٣]
یەکێکە خوا ڕەوانەی دەکا هەم جندەکە و
هەم لەندەهۆری هاوبەشی تاوانی، دەکوژێ. (٤٥)
ڕەنگە قسەی من قەناعەتت پێ نەهێنێ
کە وەک بەسەرهاتی (تیمی) و[١٤] (سفینجی)[١٥] ئاڵۆزە،
چونکە وەکو ئەوانە مێشکت تاروتیر دەکا. (٤٨)
بەڵام هەر زوو، ئەوەی ڕوودەدا دەبێ بە (نایادی)[١٦] و
بێ ئەوەی زیانی بۆ دەغڵ و پەز هەبێ[١٧]
ئەم مەتەڵە سەخت و دژوارە حەل دەکا (٥١)
ئەوەی بیستت، باشت لە بیر بێ، چونکە منم
ئەم قسانەت پێ دەڵێم. قسەکە چۆنە ئاوها بۆ زیندووانی ببەوە
کە ژیانیان پێشبڕکێیە بەرەو مردن. (٥٤)
کە نووسیت، لە بیرت بێ ئەوە نەشاریتەوە
چۆن خۆت درەختەکەت بینی

ئێستا و ئا لێرەدا، دووجار گەڵای هەڵوەرا، (٥٧)
چونکە هەر کەسێ دەستی دزی، یان تاراج
بۆ ئەو درەختە درێژ بکا، کفر و سووکایەتیی بە خوا کردووە
کە درەختەکەی بە پیرۆزی و تەنیا بۆ مەبەستی خۆی دروست کردووە. (٦٠)
ڕۆحی یەکەم[١٨]، لەبەر ئەوەی لێی خوارد، پێنج هەزار ساڵ و زیاتر
بە تاسە و پەرۆشەوە بوو بۆ ئەو کەسەی
لە سۆنگەی ئەو قەپە خۆی سزا دا.(٦٣)
دیارە هۆشت لە سەردا نەماوە. ئەگەر نەزانی
ئەم درەختە لەبەر یەک هۆ ئاوا بەرزبووەتەوە و
لە سەرەوە ئاوها پانوپۆڕ و بەر بڵاوبووە[١٩]. (٦٦)
ئەگەر بیر و ئەندێشەی پووچت لە سەردا
وەکو ئاوی (ئیلسا)[٢٠] نەبا و شادیت ئەو کارەی لێ نەکردبا
کە (پیرامۆ)[٢١] لەبەری دارتووی کرد، (٦٩)
ئەم دوو خەسیەتەت بەس بوو بۆ ئەوەی
لە ڕووی ڕەوشتپەروەرییەوە، لە چەمکی
دادپەروەریی خودایی بگەی لە قەدەغەکردنی ئەم درەختە بەرزەدا، (٧٢)
بەڵام دەبینم مێشکت بووەتە شاخ و
هۆش و بیرت وەک بەرد ڕەقبووە و ڕۆحت تاریک بووە،
بە جۆرێ، بە تیشکی من واقت وڕدەمێنێ و تووشی سەرەگێژە دەبی، (٧٥)
هیوادارم خۆت تێی بگەی و وەری بگری
ئەگەر بە نووسینیش نەبێ، لانی کەم بە هێڵکاری،
لەبەر ئەو هۆیەی کە حاجی دێتەوە،
داروەکازەکەی چڵی دارخورمای پێوەیە[٢٢]. (٧٨)
گوتم: (ئێستا وشەکانی تۆم لە مێشک چاپ بوو
وەک مۆمی سەر مۆرم کە هەرگیز
وێنەی کێشراوی سەری ناگۆڕێ. (٨٠)

بەڵام بۆچی وشەکانت، کە من ئەوەندە بۆیان پەرۆشم
لە مەودای دەرککردنی من بەرزتر دەبنەوە و[٢٣]
تا زیاتر خۆمیان بۆ هەڵدەکوتم، ئەوان دوورتر دەکەونەوە.) (٨٤)
گوتی: (ئەمە لەبەر ئەوەیە تا بزانی شوێن کام
قوتابخانە کەوتووی و بزانی چۆن ڕێنماییەکانی تۆ
شوێن وشەکانی من دەکەون. (٨٧)
بۆ ئەوەیە تا تێبگەی ڕێگەی تۆ بەقەد دووریی زەوی لە ئاسمان[٢٤]
کە بە گوڕ لە خولگە بەرزی خۆیدا دەخولێتەوە،
لە ڕێگەی خوا دوورە.) (٩٠)
وەڵامم دایەوە: (قەت بە بیرم نایێ هەرگیز
خۆم لە تۆ نەبان و نائاشنا کردبێ،
بۆیە هەرگیز هەست بە ئازاری ویجدان ناکەم.) (٩٣)
بە زەردەخەنە وەڵامی دامەوە: (ئەگەر ناتوانی تێبگەی
وەبیر خۆت بێنەوە چۆن
ئەمڕۆ ئاوی (لیتی)ت خواردەوە.)[٢٥](٩٦)
ئەگەر دووکەڵ نیشانەی ئاگر بێ
ئەم لە بیرکردنەت بە ئاشکرا بەڵگەیە کە
نیازت، بە ڕوو کردنە لایەکی تر، تووشی گوناه هاتووە، (٩٩)
بەڵام ئێستا وشەکانم، بەپێی پێویست،
پەردەیان لەسەر لا دەکەوێ
بۆ ئەوەی چاوی کتوکوێرت بیانبینێ.) (١٠٢)
خۆر بە بریقەیەکی گەشتر و بە هەنگاوی خاوتر [٢٦]
لەسەر بازنەی نیوەڕۆ سەقامی گرت.
کە بەپێی نۆڕینگی جیاواز شوێنی دەگۆڕێ. (١٠٥)
چۆن یەکێ ڕابەری دەستەیەک بێ و پێشیان بکەوێ
کە شتێکی نامۆ، یان نیشانەیەک دەبینێ،

هەڵوەستەیەک دەکا و دەسەنگرێتەوە، (١٠٨)
حەفت خانمەکە لە تەک سێبەرێکی ناسک و وەستان
وەک ئەو سێبەرەی چیای ئەلپ دەیخاتە
سەر ڕووباری وەک زەنگوڵی ژێر گەڵای سەوز و چڵی تار. (١١١)
وام کەوتە بەرچاو لە پێش ئەوانەوە دیجلە و فوراتم[٢٧] بینی
لە یەک کانی دەردەبوون و
وەک دوو برادەری دڵسۆز بە شێنەیی لێک دادەبڕان. (١١٤)
(ئەی تیشکی گەش، ئەی شکۆی مرۆڤایەتی،
ئەو ئاوانە چین لە یەک کانی هەڵدەقوڵێن و
لە یەک جیادەبنەوە؟) (١١٧)
بەرامبەر بەم تکایە، پێی گوتم:
(داوا لە (ماتیڵدا) بکە، با پێت بڵێ!)
خانمی جوان وەک یەکێ لۆمە لەسەر خۆی لاببا، (١٢٠)
وەڵامی دایەوە: (باسی ئەمە و باسی شتی تریشم بۆ کردووە.
دڵنیام ئاوی (لیتی) نییە
شتەکانی لە بیر بردووەتەوە!) (١٢٣)
(بیاتریچی) گوتی: (دەشێ مەسەلەیەکی گرنگتر
چاوی هۆشی تاری کردبێ،
کە زۆر جار مرۆڤ لە زەین و یادەوەری بێبەش دەکا. (١٢٦)
سەیری ڕووباری (ئوینی) بکە لەولاوە دەڕوا
بیبە سەر ئەو ئاوە و یادەوەریی
نیمچە کوژاوەی زیند بکەوە، کە خۆت پسپۆری شتی وای.) (١٢٩)
وەکو ڕۆحێکی ناسک، کە بیانوو ناهێنێتەوە،
بەپێی ویستی خەڵک، ویستی خۆی پێک دێنێ،
کە بە ئاماژەیەکی دەرەکی پێشان دەدرێ، (١٣٢)
ئاوها خانمی نازدار ڕۆیشت و لەگەڵ خۆی بردم

به (ستاتسیۆ)یشی گوت: (تۆیش لەگەڵمان وەرە!)
ئەمەی بە شێوەیەکی ناسکی ژنانە گوت. (١٣٥)
ئەی خوێنەر، ئەگەر ماوەی نووسینم زیاتر هەبوایە
نەختێ بەو ئاوە زوڵاڵەم هەڵدەگوت
کە هەرگیز لێی تێر نەدەبووم. (١٣٨)
وەلێ لەبەر ئەوەی لاپەڕە تایبەتییەکانی ئەم بەشی دووەمینە
هەمووی پڕ بووەتەوە، جڵەوی هونەرەکەم
ڕێم نادا لەوە زیاتر بهۆنمەوە. (١٤١)
لە ناو ئەم شەپۆلە هەرە پیرۆزانەدا هاتوومەتەوە
وەک ئەوەی تازە لە دایک بووبم
وەک نەمامی تازە، کە بە دەرکردنی چرۆ و پشکۆژە، تازە دەبێتەوە. (١٤٤)
پاکبوومەوە و[٢٨] ئامادەبووم سەرکەوم بۆ لای ئەستێرەکان.[٢٩] (١٤٥)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سیوسێیەم

١. ئەمە سروودی پێشبینیی (بیاتریچی)یە.

٢. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە. ئەمە سەرەتای زەبووری (٧٢)ی داود پێغەمبەرە: (Deus, venerunt gentes)

٣. مەبەست ئەوەیە حەفت خانمەکە بۆ کڵێسە گریان کە تووشی ئەو دەرد و بەڵایە هاتووە. سێیان ڕەمزن بۆ چاکەی لاهووتی و چواریان ڕەمزن بۆ چاکەی سەرەکی، وەکو پێشتر باسکراوە.

٤. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە: ( Modicum et non videbitis me et iterum) ئەمە ئەو قسەیەیە کە مەسیح بە یاوەرەکانی خۆی گوت و بەمەوە ئاگاداری کردنەوە کە مەرگی نزیکبووەتەوە: (پاش ماوەیەکی کەم، ئیتر نامبینن، پاش ماوەیەکی کەم، دیسان نامبینن، چونکە دەچمەوە لای باوک.)

٥. ئەم ڕستەیە بە لاتینی هاتووە: (Modicum et vos videbitis me) ئەمە بەردەوامیی قسەکەی پێشووی مەسیحە.

٦. واتە ماتێلدا.

٧. واتە ستاتسیۆ (ستاسیۆس) ماوەتەوە و لەگەڵ ڤێرجیلیۆدا نەڕۆیشتووە.

٨. (دە) شەقاو. مانای ڕەمزیی هەیە، ڕەنگە ڕەمز بێ بۆ دە ئامۆژگاری، یان ڕەمز بێ بۆ ئەوە کە بارەگای پاپا پێش دە ساڵی تر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆما.

٩. ئاماژەیە بۆ کڵێسە.

١٠. واتە کڵێسە کاتی خۆی هەبوو، بەڵام بە گوازرانەوەی بارەگای پاپا بۆ ئەڤینون لە ١٣٠٩دا، وەکو هەر نەبێ، وای لێ هاتووە.

١١. شۆربا –Suppa: ئاماژەیە بۆ ڕەوشتێکی سەردەمی یۆنانی کۆن. گوایە ماوەیەکە لە فلۆرەنسایش باو بووە: ئەگەر یەکێ یەکێکی تری بکوشتایە، بەپێی ڕەوشتی خوێنکردنەوە، کەسوکاری کوژراوەکە هەقیان بوو، هەر کاتێ بۆیان هەڵکەوت، بکوژەکە بکوژنەوە و خوێنی خۆیان بکەنەوە، بەڵام ئەگەر بکوژەکە بیتوانیایە نۆ ڕۆژی یەکەم لەسەر یەک بچێتە سەر گۆڕی کوژراوەکە و شۆربای لەسەر بخواتەوە، کەسوکاری کوژراوەکە هەقی خوێنکردنەوەیان نەدەما. بۆیە ڕەوشت وا بوو، ئەگەر یەکێ بکوژرایە، کەسوکاری نۆ ڕۆژ نۆبەتیان لەسەر گۆڕەکەی دەگرت، نەوەک بکوژەکەی بچێ و شۆربای لەسەر بخواتەوە. مانای ئەم بەندە وا دەکەوێتەوە: پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم، کە پایەی خیلافەتی مەسیحییانی

زەوت کردووە، با باش بزانێ تۆڵەی خودایی، شۆربا و مۆربا نازانێ. خودا تۆڵەی هەر لێ دەکاتەوە.

هەندێ تۆژەرەوە بە جۆرێکی تر وشەی (Suppa) لێک دەدەنەوە، دەڵێن: وشەی (suppa) لە وشەی uppaلوە هاتووە کە لە سەدەی دوازدەدا، لە زمانی لاتینیدا، بەکار دەهات و لە زاری تۆسکانا بووە بە giuppa و پاشان وردەوردە لە زارەکانی باکووری ئیتالیادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (Subba, zubba, zuppa) کە جۆرە زڕێیەکە. ئەمە لەگەڵ تۆڵەکردنەوەی خودا، بە شمشێر، دەگونجێ، واتە تۆڵەی خودایی لە زرێ ناگەڕێتەوە.)

١٢. بە وجاغکوێری نامێنێتەوە: واتە حکوومەتی ئیمپراتۆری کە لە ساڵی مەرگی فریدریکی دووەمەوە (١٢٥٠) تا تاج لەسەرنانی هێنریی حەفتەم، (١٣٠٨)، لە میلان دەسەڵاتی ئیتالیای نەگرتووەتەوە دەست. ئەو ماوەیە وەکو نەزۆرک بووبێ وا بووە.

١٣. پێنجسەد و دە و پێنج، یەکێکە لە مەتەڵە ئاڵۆزەکانی کۆمیدیا. (بیاتریچی) کە ئەم قسەیەی کردووە، لە بەندی دوای ئەوەدا، دەڵێ گوایە قسەکەی ئاڵوزە. یەکێ لە لێکدانەوەکان ئەوەیە: ژمارە (٥١٥) بە ژمارەی ڕۆمانی بەم جۆرە دەنووسرێ: (DXV)، ئەمە بە پاش و پێشکردنی دوو پیتی دواوە، بەم جۆرەی لێ دێ: (DVX) و لەبەر ئەوەی بە لاتینی، بە زۆری (u) بە (v) دەنووسرێ، دەشێ وشەکە بەم جۆرە بێ (Dux) کە مانای ڕابەر دەدا. ئەمە هەر ئەو وشەیەیە کە لە ئیتالی کۆندا، بە شێوەی (duca) هەبوو. جێی سەرنجە، کاتێ خۆی مۆسۆلینی ئەم نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، مانای بەندەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

بەم زووانە ڕابەر و پێشەوایەک دەردەکەوێ، مەسیحییەت لە بەلای گەندەڵیی کڵێسە و ڕابەری خوسەپێنەری نەجات دەدا.

هەندێکی تر ژمارەکە بەم جۆرە لێکدەدەنەوە، دەڵێن: ئەم ژمارەیە بەپێی ئەبجەدی عیبری لە ناوی (ئاڕریگۆArrigo)وە هاتووە: A=1، R=200، R=200، I=100، G= 4 کە هەمووی بەسەر یەکەوە دەکاتە ٥١٥. بەم پێیە ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ هێنری (ئاڕریگۆ).

١٤. تیمی Temi (بە یۆنانی Themis) لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کچی ئاسمان و زەوی بوو. خودانی پێشبینی بوو لە پەرستگەی دەلفیدا.

١٥. سفینجی. فینیکس (ام الهول) (Sphynx) دێوێکی باڵدار بوو. کچی (کیمایرا) بوو. خودانی خەون و مۆتەکە بوو. سەری ژن و باڵی هەڵۆ و پەنجەی شێر بوو. جێگەی سەر چیای (فینۆ) بوو، لە (تیبی). هەر کەسێ بە لای تێپەڕیایە پرسیارێکی لێ دەکرد، ئەگەر نەیزانیایە دەیکوشت. پرسیارەکە ئەوە بوو: ئەوە چییە بەیانی لەسەر

چوار پێ و نیوەڕۆ لەسەر دوو پێ و ئێواری لەسەر سێ پێ دەڕوا. کە دەوری منداڵی و گەنجیتی و پیریتیی مرۆڤە. ئەوەبوو ئۆدیبی کوڕی (لایۆ) ڕێی کەوتە ئەوێ و وەڵامەکەی زانی و فینیکس لە ڕقان خۆی کوشت. پەیکەری گەورە و ناسراوی میسری، کە لە بەرامبەر هەرەمی خوفۆیە، بەم بۆنەیەوە، لە لایەن یۆنانییەکانەوە، ئەم ناوەی لێ نراوە.

١٦. (نایادی Naiades) لە ئەفسانەی یۆنانیدا پەریی کانی و ڕووبار و گۆماوبوون. هەمیشە لەناو ئاو دەژیان، بەڵام کەس بە چاو نەیدەبینین، هەر کەسێ چاوی پێ کەوتبان، کوێر دەبوو. لێرەدا دانتی بە زانینی مەتەڵ و چارەسەرکردنی گرفت باسیان دەکا. دیارە دانتی ئەمەی لە ئۆڤید (داگەڕان) وەرگرتووە و لە باتی Laiades (لایاد)، بە (نایاد)ی وەرگرتووە. (لایاد) ئۆدیبە کە مەتەڵە گەورەکەی فینیکسی زانی.

١٧. کە فینیکس خۆی کوشت، (تیمی) تووڕە بوو و دڕەندەیەکی نارد مەڕوماڵات و دەغڵ و بەروبوومی کشتوکاڵی لەناو بردن.

١٨. بە بڕوای مەسیحیان، ئادەم دەوری پێنج هەزار ساڵ پێش مەسیح هاتووەتە دونیا.

١٩. واتە: دانتی نابێ ئەوە بشارێتەوە درەختەکە چەند بەرزبوو و چۆن گەڵای هەڵوەرا و پاشان کە گالیسکەکەی لێ بەسرایەوە، چۆن گەڵای دەرکردەوە.

٢٠. ڕووباری ئیلسا Elsa دەکەوێتە نێوان فلۆرەنسا و پیزا، لە ئیتالیا و لە نزیک ئیمپۆلی، لە ڕووباری گەورەی ئارنۆ دەکاتەوە. ئەم ڕووبارە لە ناوچەی (کۆلی)، زۆری ئۆکسیدی کاربۆن و کەربۆناتی کالیسیۆم تێدایە، بۆیە هەر شتێ بکەوێتە ناو ئەو ئاوە، پەردەیەکی جیری لەسەر دەنیشێ، شکڵی ئەسلی دەگۆڕێ.

٢١. پیرامۆ Piramo (بە یۆنانی پیراموس: pyamus) ئەوە بوو حەزی لە تیسپی دەکرد. ژوانیان لە بن دارتوویەک دانا. تیسپی زووتر گەیشتە جێژوان و لە ترسی بەچکە شێرێک خۆی شاردەوە. کە پیرامۆ هات دەسرۆکی خوێناویی لەو ناوە دی، وایزانی تیسپی کوژراوە و خۆی کوشت. ئینجا کە تیسپی هات وایزانی پیرامۆ خۆی کوشتووە، ئەویش خۆی کوشت و بەری توووەکە بە خوێنی ئەو دوو دڵدارە سووربوو.

٢٢. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، حاجی کە لە (بیت المقدس)، دەهاتەوە، چلە دارخورمایەکی لەسەری داروەکازەکەی دەبەست تا خەڵک بزانێ چووەتە حەج. ئەمە دوای جەنگی یەکەمی خاچپەرەوەران باوی سەند. ئەمە وەکو کەشیدە لەسەرنانی

حاجییانه لای موسڵمانان. که دەچنه حەج و دێنەوە، کەشیدە لەسەر دەنێن بۆ ئەوەی خەڵک بزانێ چوونەتە حەج.

٢٣. مەبەست ئەوەیە (بیاتریچی) بە ئاستێکی ئەوەندە بەرز قسە دەکا، دانتی هەرچەندە هەوڵ بدا، ناتوانێ تێبیگا.

٢٤. واتە ئاسمانی بزوێنەری یەکەم کە تیژڕۆترین ئاسمانە.

٢٥. دانتی لە بیری چوو بوو ئاوی لیتی خواردووەتەوە، (بیاتریچی) بە بیری هێنایەوە.

٢٦. خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو، واتە گەیشتبووە نیوەی گەشتەکەی. لە کاتی نیوەڕۆدا، خۆر زۆر گەرمە، لە هەمان کاتدا ڕۆیشتنی هێواشتر دیارە. ئەو ڕۆژە، نیوەڕۆی چوارشەممەی ١٣ی نیسانی ١٣٠٠ بوو. ئەمە دواجارە دانتی بە سەعات و ڕۆژ کات دیاری دەکا، لەوە بە دواوە، واتە لە بەهەشت، کات بە تەواوی لەناودەچێ و هیچ ئاماژە بە کات ناکرێ.

٢٧. فورات Eufrate (بە لاتینی Euphrates) و دیجلە Figri (بە لاتینی Tigris) دوو ڕووباری گەورەی ناوچەی (ناوزێیان)ن. لە بەرچاوی دانتییەوە، لە یەک سەرچاوەوە دێن. لە پەیمانی کۆندا، دیجلە و فورات دوو ڕووبارن لە چوار ڕووباری سەرەکی و گەورەی بەهەشتی زەمینی: یەکەم ناوی (فیشون) و دووەم ناوی (جیحون) و سێیەم ناوی حەوقەل (دیجلە) و چوارەم (فورات)ە. ڕاستی فورات لە ئەرمینیا و دیجلە لە کوردستان ئاو کۆ دەکاتەوە و لە نزیک بەسرە تێکدەکەنەوە و شەتولعەرەب پێکدێنن و لە کەنداوی بەسرە دەکەنەوە.

٢٨. بەم جۆرە دانتی خۆی دەبینێ پاکبووەتەوە و ئامادەیە بەرەو ئاسمان هەڵبکشێ.

٢٩. دوادێڕی بەرزەکیش وەکو دوادێڕی دۆزەخ بە وشەی (ئەستێران) کۆتایی هاتووە. ئەستێرە ڕەمزی ئومێد و متمانەیە. دوا دێڕی بەهەشتیش هەر بەم وشەیە کۆتایی دێ.

***

کۆمیدیا یەکێکە لە داستانە شیعرییە بەناوبانگەکانی نەک تەنیا ئەدەبی ئیتاڵی، بەڵکو ئەدەبی جیهان بەگشتی. ئەم داستانە شیعرییە لە نووسینی شاعیر و نووسەری مەزن "دانتی ئەلیگیێری"یە و گەشتێکی خەیاڵییە بۆ ئاخیرەت، بەو شێوەیەی ئایینی مەسیحی خستوویەتییە ڕوو، بەڵام بەجۆرێکی تر کە فەلسەفە و ڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاست لەخۆی دەگرێت.

ئەم کتێبە لە سێ بەرگی جیادا نووسراوە و سێ گەشتی درێژە بۆ دۆزەخ، بەرزەك و بەهەشت. هەریەکێ لەو بەشانە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك سروود و گێڕانەوەی شیعری لە دیدی دانتی-ی شاعیرەوە.




دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House

2015